- خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

- سەرنووسەر


**ئازاد عەبدولواحید**

- بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

- مۆتیف و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**

# ١١٥

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ سالّی یازدە/ کانوونی یەکەم ٢٠٠٦**


**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەرۆکی


● **سەروتار**

– دەبێ لەبەردەم ئەم هەموو فەرهەنگ دانانە ڕابوەستین/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

– وەک جاران بۆ ئێوەو نیشتمان گۆرانی ئەخوێنم/ جەلال مەلەکشا/ 5
– وەک ئاوێکی تەنک سادە/ کەریم دەشتی/ 7
– کۆچا ڕەشێلەیان/ عیرفان ئامیدا/ 11
– پرد/ ئازاد دلزار/ 12
– چەند شیعرێکی عەلی باباچاهی/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 14
– ژنێک دەزووەکەی پچڕاند/ چنوور سەعیدی/ 16
– کنجێن ژیانا پینەکری/ ئەدیب پۆلات/ 19
– ڕازاو و زەریا/ نەجیبە ئەبووبەکر/ 22
– کەمپی هیندییەکان/ لە ئینگلیزییەوە: شاهۆ حەسەنپوور/ 25
– خوازبێنی/ لە ئینگلیزییەوە/ ئەنوەر سوڵتانی/ 28

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ محەمەد ڕەزا ئیرشاد سەبارەت بە نیتشێ/ لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی/ 37
– دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند (ئاژوان کرماشانی)/ ئا: خەبات ڕەسوڵی/ 52

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– خاڵبەندی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا/د. مارف خەزنەدار/57
– خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ ڕۆمانی «دەربار»/ ئەحمەد قادر سەعید/ 66
– ماسییەکان بۆ هەڵم پێدەکەنن، زەنگی کۆرپایەتی شیعرەکان دەمەیێن/ هەندرێن/ 77
– کاریگەریی دەقی (وێرانە خاک) بەسەر دەقی (سترانی نێرگز)دا/ سامان دزەیی/ 84

● **تیۆری ئەدەبی**

– بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا/ د. کەمال مەعرووف/ 90

● **وتار**

– فەلسەفەی ئەڵمانی پاش هایدگەر/ ئازاد خدر/ 99
– دنیای نوێ و پرسیار لە بایەخی ئەدەب/ زیاد ڕەشاد قادر/ 103
– بۆ دەنووسین؟/ ڕەحیم لوقمانی/ 107
– بینای ڕووداو لە چیرۆکدا/محەمەد ئەحمەد حەسەن/110

● **زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**

– جیهانگەرایی میدیا (چەمک و سروشتەکەی)/ لە عەرەبییەوە: تاریق کارێزی/ 115

● **هزر و فەلسەفە**

– ئیگزیستێنتیالیزم پشت کردنە زانست و بێنازبوون لە فەلسەفە/ د. حەمید عەزیز/ 125
– تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت پارسۆنز/ ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف/ 136
– چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لەنێوان فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاواو../ لە عەرەبییەوە: ڕەشید ئیبراهیم ئاغا/ 146

● **مێژوو - کەلەپوور**

– لیوای سلێمانی/ ئازاد عەبدولواحید کردوویە بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە/ 155
– پاڵەوان لە ئەفسانە و حیکایەتی میللیدا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 164

● **هونەر**

– شانۆی بووکەشووشەی ئاو لە ڤێتنام/ دانا ڕەووف/ 171
– مێژووی گۆرانی و موزیکی کۆیە لە ڕوانگەی مامۆستا (تایەر ئەحمەد حەوێزی)یەوە/ وریا ئەحمەد/ 184
– چەند ڕێگایەک بۆ پێشخستنی وێنەی دیمەنە ڕەش و سپییەکانت/ فارس سەعدی/ 191

● **خوێندنەوەی کتێب**

– کچەی پرتەقاڵ و چاوی گەردوون/ هاشم سەڕاج/ 193
– خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ڕۆمانی: لەگەڵ «با»دا ڕۆیشت/ چنوور نامیق حەسەن/ 199

● **ئێستێک**

– بەهرە و مەعریفە و عیشق/ زانا خەلیل/ 208

سەروتار

له پەراوێزی کولتوورەوە

# دەبێ لەبەردەم ئەم هەموو فەرهەنگ دانانە ڕابوەستین

سەرنووسەر

* زۆرکەس پێی وایە میللەتێک ئەگەر باوەڕی بە (پیرۆزییەکان- مقدسات) هەبێ پێشناکەوێ، ئەو جۆرە کەسانە پیرۆزیی بەڕێگری بەردەمی پێشکەوتن دادەنێن، بۆیە ئەوڕۆکە هەندێ نووسەر دەبینین شەلم کوێرم هیچ نابوێرم بە پێخواسی بەناو کەوتوون، بەبێ گوێدان و لەبەرچاوگرتنی پیرۆزییەکانی نەتەوە و پارێزگاری کردن لە کۆڵەگەکانی، قەڵەم ڕادەوەشێنن. ئەوانە بە قسە و بۆچوونی خۆیان ئەو پیرۆزیانەیان کە ڕامالّی ئەوە ئازادییان زیاتر بۆ دەستەبەر دەبێ و هیچ بەربەستێک لەبەردەمیاندا نامێنێ بۆ قەڵەمبازدان بەرەو لوتکەی پێشکەوتن و ئازادی و شکاندنی بتی دواکەوتوویی و کۆت و پێوەندەکانی!

* ئەگەر ڕامالّینی ئەو پیرۆزیانە لەلایەن هەندێ نووسەر بە پێشکەوتن و ئازادی ڕەها بزاندرێ، ئەوە ئاسان کردن (استسهال) و سووک تەماشاکردنی هەندێ لە کارە جدی و گرنگەکانیش لەلایان لایەکی دیکەی هاوکێشەی زووتر گەیشتنە بەپێشکەوتن. بۆ وێنە پەلاماردانی بابەتی فیکری و فەلسەفی یان وەرگێڕانی کتێبی قورس و پڕکێشی کردن لە فەرهەنگ دانان، یان نووسینی تێزێکی ماستەر، یان دکتۆرا بە چەقەنەیەک. ئەمانە هەڵپەی زووتر گەیشتنیانە بە مەرامەکانیان کە یەکێکیان ناووناوبانگ پەیداکردنی خێرایە، با لەسەر حیسابی پێشێل کردنی پیرۆزییەکانی نەتەوەش بێ کە ستوونێکی گرنگی پاراستنی زمان و خزمەت کردنیەتی.

* ئەوەی من لێرەدا لەسەری دەگیرسێمەوە و دەبێ باسی لێوەبکرێ مەسەلەی (فەرهەنگ دانان)ـە کە ئەمڕۆکە ئەوەی هەڵدەستێ فەرهەنگێک دادەنێ و دەست بۆ گرنگترین و حەساسترین بواری دانان دەبەن، تەنانەت کەسانی وا هەن لە ژیانیاندا وتارێکیان نەنووسیوە، یان ناتوانن بەکوردییەتی ڕەوان و بێ گرێ و گوڵ وتارێک بنووسن، کەچی پەلاماری کاری فەرهەنگ دانان دەدەن، کە ئەم کارەش کاری هەر ناشی و ناکارە و فەریکە نووسەرێک نییە، بگرە ئەوانەی نووسەری خاوەن دەسەڵات و ئەزموونیشن هەر دیسان مافی ئەوەیان نییە هەروا بەئاسانی پەنا بۆ بەر پرۆژەی فەرهەنگ دانان ببەن.

* ئەوانەی لە ڕابردوودا لەناو میللەتانی غەیرە کورد بە کاری فەرهەنگ دانانەوە خەریک بوون هەمیشە ئەو کارەیان بە لیژنەیەک یان کۆمەڵێک زاناو لێهاتووی ئەو بوارە سپاردووە، ئەوانیش دوای ساڵانێکی دووروودرێژ و وردبوونەوە و پشکنین و گەڕان و سۆراغی زۆر بەدوای وشە و ڕەگوڕیشەکەی، ئینجا بەخۆیان ڕاپەڕموە خۆیان لەقەرەی کارێکی وابدەن، سەرەڕای ئەوەش لە ئەنجامی نەسرەوتن و کنەو پشکنینی بەردەوامیان، لە چاپی نوێ و ساڵانەی ئەو فەرهەنگانەیاندا هەمیشە لێیان پوختە و بژار و زیاد و کەم

کردووه.

* لەناو ئێمەی کوردیشدا ئەوانەی لەو بوارەدا چاکی مەردانەیان لێ کردووە بەلادا کەسانی خاوەن ئەزموون و نووسەری دڵسۆز و ژێهاتی و پشوو درێژ ئەو کارەیان بەهەستێکی نەتەوەیی قووڵ و بەرپرسیارانە کردووە، یەکێ لەناو ئەوانە مامۆستا گیوی موکریانی-یە کە هەموو عومری خۆی بۆ دانانی فەرهەنگی (مەهاباد) و (کۆلکەزێڕینە) و (کوردستان)، پێشتر (نۆبەرە) داناوە کە دابوویە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا. وەک خۆی بۆی باس دەکردم زیاتر لە (٦٠) ساڵی تەمەنی خۆی بۆ ئەو کارانە تەرخان کردووە و هەموو شارو شارۆچکە و گوندو دێهاتی کوردستانی بۆیان کێومالٚ کردووە. ئەمە جگە لەو هەموو ئاستەنگانەی هاتوونەتە سەرڕێی بۆ لە چاپدانی ئەو فەرهەنگانە، بەتایبەتی فەرهەنگی (نۆبەرە)کەی کە وەختی خۆی منی بردە ماڵەوە بۆ بینینی ڕەشنووسی دەستنووسەکەی تا شایەدی حاڵی ئەو ڕەنجەی بم، نەوەک لە داهاتوودا فەرهەنگەکەی لێ داڵ قووت بکرێ و تووشی چارەنووسێکی نەخوازراو بێ.

* مام هەژاری ڕەحمەتی کە ئەویش بە هەوڵ و تەقالای تاکەکەسی خۆی زیاتر لەنیو سەدەی بۆ (هەنبانە بۆرینە) تەرخان کرد تا بەچاپ گەیشت، بەم هەموو ئەزموون و زانین و شارەزاییەی لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی هەیبوو، لەگەڵ ئەو هەموو گەڕانەی بەناو شارو گوندو دێهاتەکانی کوردستانی گەورەدا ئەوجا توانی فەرهەنگێک پێبگەیەنێ و ساز بکات کە ئێستاش وێڕای ساڵانێکی دوور و درێژی خۆ بۆ تەرخان کردن و ماندووبوونە هێشتا لە کەموکوڕی بەدەر نییە، چونکە ئەو هەولانە بناغەو دەستپێشکەرین بۆ کارێکی نەتەوەیی گەورەتری کوردی - کوردی فەرهەنگ دانان.

* (١٦) بەرگەکەی زەبیحی کە ئەویش شاکارێکی گەورەبوو لە بواری خۆیدا کاتێ خۆی لەژیاندا بوو دوو بەرگی لێ چاپ کرد، بەرگەکانی دیکەی وەک خۆی بەدەستی داوودەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس لە بەغدا سەرنگوون کران، ئەوەش یەکێکە لەو زەرەرو زیانانەی هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە. خەسڵەتێکی جوانی ئەو فەرهەنگەش لەوەدایە وشەکانی لەناو ڕستەدا بەکارهێناوە و نموونەیان بۆ دەهێنێتەوە. یان سێ بەرگی فەرهەنگی خاڵ کە زانای گەورە شێخ محەمەدی خاڵ ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کرد، ئەمانە چەند کۆششێکی تاکەکەسیی ئەو چەند زانایەن.

* ئەمڕۆ کەسانێک هەن لەجیاتی گەڕان و کێومالٚ کردنی شارو گوند و دەڤەر و ناوچەکانی کوردستان بۆ پەیدۆزی و کۆکردنەوەی وشەگەلی ئەو ناوچانە، دەکەونە خوێندنەوەی کۆمەڵە کتێبێکی نووسراو بە زمانی کوردی و دەست دەکەن بە دەرهێنانی وشەکانی نێو ئەو کتێب و نامیلکە و سیپارانە و بە حسێوی خۆیان گۆیا فەرهەنگ دادەنێن و لەسەر کوتە کاغەز و پارچە کارتۆن، بەپێی پیتی ئەبجەدی تۆماریان دەکەن و فەرهەنگی لێ دەسازێنن!


* ئێمە لەم سەردەمەدا وەک ئەوسا چیتر ناچار نین لە کاری نەتەوەیی وا ناسک و گرنگدا بەتەنیا کەسێک مل لەبەر ملی پرۆژەی وا ستراتیژیانە بنێ و کارەکەش بەم شێوەیە ئاسان بگیرێ. ئەمڕۆکە سەر بە هەر کتێبخانەیەکدا دەگرین لە بواری فەرهەنگ دانانداا چەندین ناوونیشانمان بەرچاودەکەوێ، کە بەو فەرهەنگانە دادەچیتەوە و تاوتوویان دەکەین دەبینین ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە ساکارترین هەلومەرجی فەرهەنگ نووسینی تێدا نییە. لەوانەیە لە ڕوانگەی خزمەت و دڵسۆزی ئەم کارەی کردبێ، بەڵام هەرگیز بە (دڵسۆزی) و نیەتی (خزمەت کردن)ی ڕووت ئامانج ناهێتە دی، چونکە ئەوکارە جاری وا هەیە پێچەوانە دەکەوێتەوە، واتا لەجیاتی ئەوەی خزمەتێ بکات، زەرەر و زیانی زیاتر بە زمانەکەمان دەگەیەنێ، بە تایبەتی ئەگەر بە پشوویەکی درێژ و لێزانانە پرۆژەکە جێبەجێ نەکرابێ.

* داخەکەم ئەو بوارەش وێنەی زۆر بوار و کایەی نووسینی دیکەی کوردیمان وەک بەهەستی بەرپرسیاریی ئەنجام نادرێ، ڕەخنەیەکی وردو جدی و قووڵ و بەردەوامیش بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی ئەو کارانەی لەو بوارەدا دەخرێنە بازاڕ و دەبنە ڕووکاری کتێبخانەکان بەدی ناکرێ. بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کارانە جوانترو تۆکمەتر بکرێن، لەلایەک لەبەر ئەوەی پێوەندیی بە زمانی نەتەوەکەمانەوە هەیە پیشانی بالاترین دەزگای ئەکادیمی بدرێ کە کۆڕی زانیاری کوردستانە، تا بەڕەزامەندی و پەسندکردنی ئەوان نەبێ ڕێگە نەدرێ ئەو جۆرە کارانە لە چاپ بدرێن، لەلایەکی تریشەوە هانی ڕەخنە و بەدواداچوون و تاوتووکردنی ئەو فەرهەنگانە بدرێ و لەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەرگایان بۆ بخرێتە سەرپشت، چونکە مەسەلەی (فەرهەنگ دانان) کاری هەر کەسێک نییە دەستی بۆ ببات تا کەی ویستی و چۆنی ویست بە ئارەزووی خۆی بکەوێتە فەرهەنگ سازکردن!

# وەک جاران، بۆ ئێوەو نیشتمان گۆرانی ئەخوێنم

جەلال مەلەکشا
(سنە)

که هاتم...
کانی و دار و بەرد ئەگریان
خاک قاچی ئەگرتم!
ئەیانوت: هەر تەنیا تۆمان بوو
لە وەختی سووتمان و ماتەما
دڵمانت ئەداوە.
تۆیش برۆی
لەم وەحشەتستانە، ئیتر کێ
مزگێنی هاتنەوەی بەهارمان پێدەداو
ئیتر کێ بە شیعر
بێدەنگی دەشکێنێ
لەمەودوا بەولاوە
وتم: ها.. بڕوانن
سەگانی یانیگر
نزیک و نزیکتر دەبنەوە
بۆ دڵ و بۆ مێشک و بۆ هەستم دەگەڕێن
تکایە با برۆم
بڕوانن، نزیک و نزیکتر دەبنەوە
ئیتر لەم بنارە مانەوەم مەرگێکی فەجیعی بەدواوە!
دار هات و سەر ڕێگەی لێگرتم
نا، مەڕۆ...
تۆ برۆی ئیتر کام شیعری چەک بەشان و
خەنجەری کام وشە
دێتە ژێر سێبەرم
کاتێکیش هەڕەشەی مشارم لێدەکەن
ئەبێتە سەنگەرم!
کانی هات و وتی تۆ برۆی
ئاو ڕۆشەن کەرەوەی وشەیشت دەڕۆن و
لێڵ دەبم
ڕێگەی چۆم ون دەکەم
وێڵ دەبم!
خاک وتی:
تۆ برۆی کام شاعیر زات ئەکا
ناوی شاخ، تفەنگ و پێشمەرگە
بە گوێما بخوێنێ
کام شاعیر، بەشیعر پەرژینم ئەکات و
لە دڵما تووی هیوا دەروێنێ!
وتم نا، بەجێتان ناهێڵم



ئەو شاخە بەرزانە دەبینن
دەڕۆم و وەک هەڵۆ، لەو بانە
ئەشکەوتێ ئەکەم بەهێلانە
هەر چاوم لێتانەو وەک جاران
بۆ ئێوە و نیشتمان گۆرانی دەخوێنم!
دوژمنیش دەزانێ
ئەو شاخە بەرزانە، هەر بەردی تیا نییە
دەزانێ زۆر بەور و پەڵەنگی بەجەرگی تێدایە
دەزانێ جەنگەڵی داربەڕوو
حەشارگەی شێرانە
هەموویان چاویان لە بنار و پێدەشتە
گەر گەڵای درەختێ داوەرێ
گەر گوڵێ بژاکێ
گەر کانیی بنارێ لێڵ ببێ
گەر تەورێ بۆ دارێ هێرش کا
ئیتر هەر هەموویان
دەبن بە تفەنگ و
دەبن بە خەنجەر و
بنار و پێدەشت و سەرانسەر ئەم خاکە
بۆ دوژمن ئەکەن بە گۆڕستان!
نا، نا، نا... من ناڕۆم، بەجێتان ناهێڵم
من هەر بە ئازارو خەمی ئەم وڵاتە
ئەم دڵە عاشقەم ئەکێڵم
زوو دەگەڕێمەوە
لە تەک ئەو بەورانە
لەگەڵ ئەو بورکانە وا شاخی خستوەتە گرموهۆڕ
دێمەوە

**تفەنگێ بۆ سبەی**

لە گۆڕەپانی شارێکا،
جەللادەکان داریان هەڵخست
جاڕیان کێشا
ئەوەی ویستیان،
بە تەشییە کۆنەکەی خۆیان
بۆ خەڵکیان ڕست!
وتیان تاوانی ئیعدامی
شێواندنی خەونی شارە
سزای ئەوەش
لە قانوونی ئەساسیدا
بۆ چاوترسی خەڵکی دارە!
وتیان تاوانی ئیعدامی
وورووژانی بورکانە دامرکاوەکان
بۆ تەکان و بوومەلەرزە و ئاژاوەیە
هێنانەوەی دەنگی کوێستان
بۆ شڵەژانی ئاسایشی ئەم وڵاتە ڕازاوەیە!

* * *

نیوەشەو بوو
لە قاوەشی زیندانێکا
ئیعدامییە تاوانبارەکە!
بیری لە کازێوە ئەکرد
لە ژوورێکی پڕ خەیاڵی شاری خەما
ژنێ بیرەوەرییەکانی
دەنک دەنک، وەک ملوانک
بۆ گەردنی کۆرپە هێشتا نەهاتووەکەی پێوە ئەکرد!

* * *

لە گۆڕەپانی سامناکا
سەگ و پۆلیس ئەیانلووران
لە ژووری دادگای شارا
کاربەدەستان بۆ ئیعدامی
خەڵاتیی مەرگیان ئەدووران!
کاتژمێرە فیگرتووەکەی–
– کاکی تاوانباریش بەلەز
شەوی ئەشکان!

* * *

هاتن، هاتن...
قازی، مەلا، پۆلیس و میرغەزەب هاتن!
وتیان هانێ، ئەوە پێنووس
وەسیەتنامەکەت بنووسە
وتی ئەبێ سڵاو بنێرم بۆ کوێستان!
وتیان نابێ
ئەویش لە وەسیەتنامەدا
تفەنگەکەی دا بە سبەینێ!

* * *

دارەکەیان لەخەو هەڵسان
وەنەوزی گۆڕەپان شکا.
ئاڵقەی تەناف زریکاندی
تاوانبار چوو بەرەو ئاسمان
هەورەکانی کوێستان جمان
ژنی ژانگرتوو قیژاندی
ڕۆڵەی سبەینێ هاتە جیهان!

# وەک ئاوێکی تەنک سادە

کەریم دەشتی

بۆ: سەرکەوت وەلی
گوڵێک لە هەموو گوڵەکان گوڵتر



١
عاشقەکان دڵیان رێک وەک شووشە وایە
کە شکا یەک ناگرێتەوە

٢
بۆ ئەوەی ئازاد بم دەبێ ئەو دڵەم فرێدەم
بەڵام تۆ وای لەناو دڵما
سەرسامم
تۆ هەڵبژێرم یا ئازادی

٣
من و تۆ زۆر لە پرووشەی بەفر دەچین
کە دەبارین سپی سپی دەچینەوە
کە دەتوێینەوە دەبین بە ئاو
کە بووین بە ئاو
چاوەڕوانی شەوقی مانگ دەکەین لێمان بداو
بگەڕێینەوە ناو دڵی گەرمی هەتاو

٤
ئەوەندە ئاشکرای هەر دەڵێی رۆژی
لێت نزیک ببمەوە دەسووتێم
کە دوور دەکەومەوە دەخنکێم
لەنێوان خنکان و سووتان
چی بکەم باشە؟

٥
تۆ خۆرێکی هێجگار گەشی
منیش چاوێکی هێجگار کز

٦

من و تۆ لە شینایی گەڵا دەچین
کە هەڵدەوەرین
ورد ورد شۆڕدەبینەوە ناو زەوی
دەچینە بەر زیوی تابان
کە خاک و خۆڵ لوولمان دەدا
چاوەڕوانی بایێ دەکەین بمانباتەوە بۆ ئاسمان

٧

وەرە با بڕۆین هەتا دەتوانین
کە بەیەکەوە بین کەون بەرینە
کە لە یەک دوور کەوینەوە
کەون وەک گوێزێکی لێدێ

٨

ئەو کاتەی تۆ لە دەمارەکانی خوێنم
کوورەی ئاگر دەکەیتەوە
من وەکو بەفرێکی تەنک دەتوێمەوە
کاتێکیش کە خامۆش دەبی
من وەک ئاگر دادەگیرسێم

٩

زۆر جار هاوارەکانی خۆم دەبینم
چۆن دەگەڕێنەوە سینە
پارچە پارچە گەوهەری تۆیان لێ دەباری
دەچوونەوە ئەو ڕێیانەی
من و تۆیان دەشاردەوە

١٠

تۆ لەیەک چاو ترووکاندا
سەدان جار وێنەت دەگۆڕێ
تەنهایت و هەزار شێوەت هەیە
ڕۆژێ دێت لەنێو ئەو وێنانە
شێت دەبم

١١

من و تۆ دوو هاوڕێی جیاوازین
کە تۆ لە بەرزی ئاسمان بیت
من لە قووڵایی زەویم
کە تۆ دەکەویتە بەرزایی
من پابەندم بە نزمایی
من و تۆ دوو هاوڕێی مەحاڵین

١٢

جیاوازی من و تۆ وەک جۆگەلە و دەریا وایە
تۆ بە من گەورە دەبی و
منیش بە تۆوە ون دەبم

١٣

من و تۆ وەک شەیتان و فریشتە واین
بەبێ یەکتری هەڵناکەین

١٤

جەستەی تۆ وەک تەمێکی تەنک وایە
لە دوور دوورەوە
لە نێو درەختی خوێن و ئێسقانتا دڵت دەبینم
ئاخ دڵی تۆش وەک ڕۆحی من
لە هەزار شوێندا شکاوە

١٥

داستانی ئەڤینی من و تۆ
سەدای پەڕیوەتە ماڵان
کە هێشتا یەکتریمان نەبینیوە

١٦

من و تۆ دوو قەفتەی خەنجەرین
بەسەر یەکا هەڵکێشراوین
من و تۆ دوو خوێنی ڕژاوین
بەناو یەکترا ڕژاوین

١٧

تۆ دۆستێکی سەختەندازی
بۆوەی بە باڵات هەڵگەڕێم
پێویستم بە عومر هەیە
عومرێ درێژتر لە سەدە

١٨

ئەوەی من و تۆی ناسیبێ
لە مانای ئاگر تێدەگا
ئەوەی بە مانای ئاگر بزانێ
من و تۆ دەناسێ

١٩

من و تۆ وەک خەون واین
شەوان تێکەڵ یەکتر دەبین
ڕۆژیش یەکتری ناناسین

٢٠

خوایە دڵی من بۆ ئاوا توندە
دەڵێی شەونمە وا بەستوویەتی
کە تۆش جار جارە وەکو برووسکێ
بە نێو ئەندێشەی منا هەڵدەکەی ورد ورد دەتوێمەوە

٢١

من و تۆ پەڵە هەورێکی سپی هاوینانین
بە حەسرەتی بارین دەسووتێین

٢٢

من و تۆ لە شەبەیخوونێکی دژوارین
زەحمەتە جارێکی تر
ئاوا یەکتر لەباوەش کەین

٢٣

تۆ ئەگەرچی لەمێژە لە من ئاوابووی
بەڵام من هەمیشە سپێدان
لەناو زەنوێرە دوورەکان
بۆ تۆ گزنگ دەدەم

٢٤

چیرۆکی ئەڤینی من لەگەڵ تۆدا
گوزارشت لە مەحاڵ دەکا
کە پێت دەگەم دەکوژێیتەوە
کە لێت دوور بم دادەگیرسێی

٢٥

تۆ هێندە لە من دووری
خەریکە چەمکت نامێنێ
من هێندە لە تۆ نزیکم
خەریکە چەمکم نامێنێ

٢٦

من تۆم لە خەونە شەوێکی منا ڵی دی
وەک بڵێی ئێستابێ وایە
بەڵام کە ئێستا دەتبینم
زەینم وەک گەڵا هەڵدەوەرێ
دەڵێی کای بەر ڕەشەبایە

٢٧

نهێنیی تۆم لە دڵما کوشت
تا ئاشکرایی نەبینێ
وامدەزانی شەوقێ لە تۆ خامۆش دەکا
یا مینایەک لە هەیبەتی تۆ دەشکێنێ
یا خوڕڕەیەک لە ڕووبارتا شێڵوو دەکا
یا دانەیەک مرواری ڕۆحت دەشکێنێ

٢٨

من و تۆ لە وەتەی هەین
کتێبێ دەخوێنینەوە
یەکەم پەڕەی ئەوینە و
کۆتاییشی سووتان و برینە

٢٩

لە پەنا پارچە مانگێکی تازە شکاوا
هەستم کرد وەک پەڕی باڵی تاووس
کە تازە تازە وەرییێ
یا وەک دڵۆپە خوێنێ
لە تەوێڵی ئاسک پەڕییێ
ئاوا لە بەرزایەکی دوور
بەرەو بناران دەچمەوە

٣٠

تۆ کێشەیەکی ئاڵۆزی
کە دەتگرم ڕەها دەبی
ڕەهات دەکەم لە ڕۆحم گیر دەبی

٣١

تۆ ئەوەندە بێدەنگی
وا هەست دەکەم دنیا هەمووی کشوماتە

٣٢

تۆم بینی ریسە گیایەکی سەوز بووی
لەگەڵ با دەشنایتەوە
ئێستاش بەسەر گۆڕەکانەوە
سەمای ئەبەدی دەکەی

٣٣

هەردووکمان گیرۆدەی داوێکین
من داوی تۆ و
تۆش داوی من

٣٤

ئێمە یەک قوم ئاوی ئەوینمان خواردەوە
یەک دەریا فرمێسکمان هەڵڕشت

٣٥

خۆشەویستی من و تۆ وەکو ڕێحان
تا زیاتر وشک هەڵگەڕێ
بۆنی خۆشتر دەبێ

٣٦

تۆ چەند دووری
ئەی دڵۆپەی  خوێنی باران
کەچی هەموو سپێدەیەک کە لەخەو ڕادەبم
لە سینەما دێیتە خوارەوە
دەچیتەوە شوێنی جاران

٣٧

درەنگ یا زوو من بەسەر دەچم
بۆیە بێ پەروا زمان دەگێڕم
چی بەسەر زاری قەڵەمم دادێ
هەڵیدەڕێژم
تەنیا یەک وشە بۆ خۆم دێڵمەوە
لەسەرەمەرگا من دەیدرکێنم

# کۆچا رەشێلەیان

**عیرفان ئامیدا**
**(مێردین)**

**تەلقین تێن خوەندن**
**ل باسکێن کەڤۆکان**
**دقولکێن کەلا ئاسیێ دە**

**ل سکاکا بەری رۆنی**
**ئەشکەرە مرار دچە باژار**
**ل پێش چاڤێن من**
**تەڤ نالڤن**
**ژ نوو ڤە خانیکان دوەلدن**

**ب نەمریا من گۆن دخون میتۆس**
**خوەدایان دئافرینم**
**ژ ئاڤکەک ئارکاییک**
**گڕ دئاڤێژم ئاسیکێن خوە**
**و جنۆیی دبم**
**دپەرپتم**

**ژبیرێن نەسەقایی**
**قیرینێن قژکی دەرتێن**
**ب دەولێن چیرڤیری**
**یێن ژ داگران مایی**
**لێ هێ ژی قیمێن مێشنی دزێم داوا خوە**
**و دل دبژینم وەرزا**
**کۆچا رەشێلەیێن ژ عێلێ مایی**

**ژسەر زنێ رادبم**
**سبەهان**
**ل قونجکان**
**ب خوە رە**
**سێرێن نەدیتی راست دکم ل خوە**
**تاڤ.**
**دجزرە جوونتیەکە سەوسۆیی**
**ل بیبکان دکەمدە**
**و ل فابلەکە غەریب**
**دبم تەیرەکی کوردی**
**ب باکوور دجەبرینم باسکێن خوە**

**ب جزبێ دکەڤە ئیڤار**
**دچەنگا من دە**
**باژار ڤەدرەشە نکلێ تیلڤیکەکێ**
**هلدفرە با خوەدایەکی مەخموور**
**کەون دسەکنن**
**میتۆس بەر داڤێن**
**نفران دادقورتینم لالیتی**
**بەرام دچم**

عیرفان ئامیدا د سالا (١٩٦٨)ێ دە، ل باژارێ مێردینێ ژ دایکبوویە.

خوەندنا خوە ل قەسرێیا گوندێ مێردینێ. قۆسەر. دربێسییێ و زانینگەها ئامەدێ- پارا پەروەردەهییێ کوتاکریە.

هەلبەستێن خوە د رۆژنامە و گۆڤاران دە بەلاڤکرینە وەکو: ئازادیا وەلات، ژیانا رەوشەن، مەهنامە، کولینا کولیلکان....

دیوانا خوە یا یەکەمین ب ناڤێ (دیمەنێن دەرزی) چاپکرییە، کو ل وەشانخانەیا (سی) ل ستەنبۆلێ ب هەژمارا (٩)ێ دەرکەتییە.

ئەڤ هەلبەستا سلال (کۆچا رەشێلەیان) مە ژ ئەوێ دیوانێ هەلبژارتییە، کو ل سەر رووپەلێن (٣٥-٣٦) دە جێ خوە گرتبوو. و ژ رێنووسا لاتینی ئانییە سەر رێنووسا عەرەبی.

**«ئەحمەد قەرەنی»**



# پرد

ئازاد دڵزار

له پشت ئەو کەلەوە
ڕۆشناییەکی گەشم بینی
نەمزانی نەتۆبووی نەمانگ.
هەر ئەوەندە دەزانم
ڕیشەیەکی تری دڵم پچڕا....
لەوەتەی هەم
لەبەربارانەدا هاوتەریب لەگەڵ چەمێکی
بێ پێ بازو بێ بواردا ڕێ دەکەم
هێندە تەڕبووم
نەحەوجە بەچەترم و نە بەکەپەنەک
بەڵام ئەو دڵۆپە شۆڕەکانەی
بەو دیودا بۆ ناخم شۆڕدەبنەوە
دەمێکە جگەریان کوناودەر کردووم...
هێندە تەڕبووم
نەحەوجە بەچەترم و نەبەکەپەنەک
دڵنیاشم بەسەر هیچ پردێکدا ناپەڕمەوە
ئەوەتان پردەکان
یەکەیەکە دێنە سەر ڕێم و
پاسەوانان دەستم بۆ هەڵدەبڕن
که بپەڕمەوەو خۆم بە ئاگردانی
ئەواندا بگرم.
بەسواری ماینێکی کەحێل
بەناو دەستەی پەریاندا ڕاپەڕم و
بە (قەفی گاڵۆک)ێ
لێیان هەڵاوێرم
بەڵام بیری من هەر لای تۆیە لای تۆ
ئای بۆ ئەو دەمانەی
توولە مێوێکی لاسک کەسک کەسک بووی

وەک زمانی مار
ڕێواسەت بۆ گەردنم هەڵداویشت و
قەد قەد تێم دەئاڵای
لە جەنگەی هاوینێدا
دەنگی زەردە زیڕەی ژێر سێبەری گەڵاکانت
کارەبای ئەشقێکی سەوزو فێنکی
تێکەڵ بەخوێنم دەکرد
سینگت هێشووە بەرسیلەی
تازە فەریکی پێدا شۆڕ ببوونەوە
هەر جارێک کە پێیانمدا هەڵدەڕوانین
دەمم دەبوو بە ئاوەزێ.
بەر لەوەی ببن بە لیوانی تژی لەو شەڕابەی
مەستی ئەبەدیم کەن
لە هیکەوە لە باغی مندا هەڵکەندرای
هەر ئەوەندە دەزانم
ریشەیەکی تری دڵم پچڕا
چەند بانگم کردی:- هۆ هۆ (...)
چیاکان تێکڕا وەڵامیان دایەوە
بەڵام هەردەنگدانەوەی دەنگی خۆم بوو
دەنگی خۆم...
ئەوەتا بەردەوام لەبەرباراندا ڕێ دەکەم
ڕێگایەکی چۆل چۆل
نازانم نەمن برادەرەکانی خۆم ون کردن
نە ئەوان خۆیان لێ دزیمەوەو
بەسەرپردە ڕەنگاڵەییەکاندا
بەسانایی پەڕینەوە؟!
ئێستە لە ڕێگادا
هەر تووشی ئەو دایکە ڕەشپۆش و
باخەڵ شۆڕو ڕەنگ دووکەڵاویانە دەبم
کە بۆنی جگەری خاوبرژیان لێدێ!.
ئەوەندە تەڕبووم
نەحەوجە بە چەترم و نە بەکەپەنەک
ئەوەتا بەبێ ئاوڕدانەوەو بەبێ پەشیمانی
لەهەموو پردەکان ڕەت بووم
(زەرک، سۆرک، شینک، کەسک)
تابووم بە عاجباتی و بە نەعلەتی و بێز لێکراو.
ئێستە بۆ شوێنێک دەگەڕێم
سەری خۆمی تێدا بنێمەوە
بۆنی کارگ و بۆنی پوونگ و
بۆنی خاکی بەر یەکەم بارانی پاییزی لێبێ.
هەموو ئێواران وەک مەلێکی باڵکراو
بە دڵی شکست و
بە جەستەی تێکشکاوەوە
خۆم دەگەیەنمەوە بەرسواندەی
(ماڵی شیعر) و هەڵدەکورمێم
بەفەندەکی دڵم
ئاگرێکی بەنێڵە نێڵ دادەگیرسێنم
تاکزر دەبم خۆم دەدەمە بەر هاڵاوی شیعرو
بەدوو بەیتییەکانی (باباتایەری عوریان)
ڕۆحی کەسیرەو قەسریوی خۆم
دادەپۆشم و گەرم دەبمەوە!

١٠/ ٦/ ٢٠٠٦

# چەند شیعرێکی عەلی باباچاهی

لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



### تا نەگەیشتن

مەزڵی ئێمە بەڵام قەت نەگەیشتن بوو
ئەگەر چی لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا
دەستپێکردنی گوڵێکیش کەوا هێشتا
ناوی ڕاستەقینەی نەبوو
ئەگەر چی لە سەرەتاوە،
بەرەو کۆتایی هەرچی خاڵی ڕەنگینە
هەرچی کە سووری بۆنخۆشە
بزۆزیمان لە ڕادە تێپەڕاند ئێمە
لەسەر تەرمەکان و
قوڕگە بڕاوەکان
وەک خوێ/ ڕسکاین
لەسەر گۆڕە تازەکانیشەوە/ بەرەو بێشکە گەڕاینەوە
بامان نەدا سەری شووشە گوڵاوەکان
هێندە بە پێکەنینەوە لەسەر زەوی
پووکاینەوە.
نەشمان بیست سوورایی پەڕوباڵێکی لە خوێنا شەلاڵ
هێندە لە تۆ بۆ ئاوێنەکان زوڵاڵ و بێ غەور بووم
هێندە لە من بۆ کۆترەکانی خودا، دانت ڕۆ کرد
بزۆزیمان لە ڕادە تێپەڕاند ئێمە
هەتا نەگەیشتن/ کە مەزڵی ئێمە بوو
باسێ لە کاکەشان نەبوو
هێڵی سپی پەڕینەوە لە شەقاممان
وەک جێگا پێی گوڵاڵەی یاس هاتە بەرچاو
مەخابن لە وێستگەیەکدا
لەژێر سێبەری هەورێکی سپی و سۆڵا
هەڵنەقووڵی،
کانیاوێکی ڕووناک و شیرین لە زەوی
ئەگەرچی لەو کانیاوە
ئەگەر تێرمان نۆشیبایە
یان ڕەنگە ببوایەین بە بەرد
یان دوو کۆتر
لەسەر تەرمەکان و قوڕگە بڕاوەکان.
گوڵاڵە سوورەیەک لەو سەری دنیایە
بەسە

تا بەهیوای نەگەیشتن
بەرەو شوێنی سەرەتا بگەڕێینەوە.

بەڵام بەو شەرتەی لە هەموو مەودای ڕێدا
لە نێوانی تەرمەکان و گۆڕە تەڕ و تازەکاندا
سێبەری یەکتریمان لێ بزر نەبێ.

## پایزی ئێمە

ئاوێنەکان تێکڕا دەشکێن
لەبەر شۆق و درەوشانەوەی پایزمان
وەختێ کە چەندین کاتژمێر
لەبەر لێزمەی بارانا بریقەیان دێ.
ساف و ساکارتریشین لە هەموو ڕەشەباکان
خۆ تازە لە دایک نەبووین/ کە وێنەی تۆ
بەدوای گەڵاکاندا بڕۆین،
تووشی برووسکەی هەورەکان ببین
یان بە شوێن باڵندەیەکی باڵ خووساو و کەسیرەدا
ئەوەندە ئاسمان ببڕین
بەر لە ئێوارە
لە دەرگای ماڵێک بدەین
دەنا هەتاکو بەیانی.
بەڵام بەیانی ئەدگاری خۆت بە هەورێکی ڕەش و تاڵ
دادەپۆشی
بەیانی تاکو ئێوارە
ئاسۆ باران نەدیوەکان دەتخووسێنن
گێژی شەقام کە شکڵە بە ڕواڵەت کاڵ بۆوەکانی
ئەو شکڵانە کە سەرەتای کۆڵان و هەنگاوی تۆیە
ئێمە هەروا سووک و سانا واز لە هەنگاوەکانی خۆمان
ناهێنین
لە دوو ڕیزە بیرەوەری سڕ و خووساو ڕادەمێنین
لە ڕیزی شمشادەکان و
لە ئامێزی بادەکان.
ئێمە کە هاوڕێی باران و چڵ و گەڵاین
وێنەی تۆ لە زۆربەی کاتان
هەڵدەبڕێین
تاکو نەک هەر بە شوێن باڵندەیەکی خووساوا
بەدوای ڕەگ و ڕنجی ونبوودا دەگەڕێین
بەڵام لەپاڵ ئەم گەڵا وەریوانەدا
ئێمە کە هاوڕێی باران و چڵ و گەڵاین
ئاوێنە هەقیان بە دەستە
ئێمە نابێ لە بارانیش ڕوون و درەوشاوەتر بین
هەتاکو ژنێکی شەیتان کە لە هەموو لایەکەوە ئاگاداری
بارانەیە و
چاوەدێری لە حاڵی ئاوێنە دەکا
ئێمە پیشان تەواوی شتەکان بدا
پاشان پێبکەنێ و
لە پڕ...

## فەرقی چییە

تۆ مرۆڤی وەنەوشە سپییەکانی
لەسەرەتای خولّقانەوە بسکت ڕەشە
وردە وردەش دەبییە پیرە پیاوێکی لاو
کە چەن لقی چارە چەقیلە بۆ ڕۆژی تەنگانە وەلا
خستووە
تاوانی کێیە ئەوەی تۆ هەر جارێ بەڕەنگێکەوە
لەگەڵ ئاسمانێک کە شینە و
هێندێ جاریش خۆڵەمێشین
لەگەڵ هەور و ئەو بەڵێنانەی وا لەگەڵ سپی و ڕەشدا
مەعلووم نییە چەتری سەوزی چ تاووسێک
لە کامە سووچی دنیاوە
بە خەونەکانی تۆوە تەعبیر کراوە
زۆربەی کات دەمەو ئێواران
ڕەنگ دەگۆڕێ
لە داخی ئەو ڕەنگەی کەوا لە ئاکامدا لە دڵتا ما.
ئێمەش جگە لەوەی لە پشت سەری تۆوە
ڕەنگ دەگۆڕین
لەگەڵ ئاسمان کە شینە و
دەریا کە سەوز دەنوێنێ
کاری ئێمەش جگە لەوەی ڕەنگی دەمەو ئێواران و
هێندێ جاریش
لەژێر نسێی نارنجیدا
لە تۆ دەدوێین.
چیت لێ وەشێرم، ئەو کاتەی
سیحری هەرچی کاڵتەی خۆڵەمێشینە لەگیانتدا بوو
چەن دڵۆپە بارانە و دوو سێ پەپوولەش
لە دەوروبەری مەدرەسە
باسی خۆڵەمێشینێکی وریا و زیتەڵەیان دەکرد
چیت لێ وەشێرم ئەو کاتە
ئێتر چ فەرقێکی هەیە
شین و بنەوش
سوور و سپی
کاتێ بڕیار نییە کەسێک لەجیاتی ڕەنگی ڕەش بگری
کاتێ تۆ لە نێو ئەم هەموو ڕەنگەی دەمەو ئێواراندا
تەنیا چەن لق چارە چەقیلە دەبینی.

* چارەچەقیلە: گوڵە خاشخاشک، شقایق.

سەرچاوە: نم نم بارانم، علی باباچاهی، تهران، نشر دارینوش، چاپ اول، ۱۳۷۵.

# ژنێک دەزووەکەی پچڕاند

چنوور سەعیدی
(سنە)



«-پێم سەیر نییە ئەگەر نەمناسی. ماوەیەکە لەو ڕۆژانە تێپەڕیوە، بەڵام لە یاد ناکەم کە تۆ منت خولّقاند. پێت خۆش بوو هەموو شتە جوانەکانی ئەم جیهانە لە منا کۆکەیتەوە و نێومت نا (نوونوو).

لەبیرت دێت لە بەرانبەرمەوە وەستایت و گوتت: ئێستا من نوونووم یان تۆ؟

من گوتم: تۆ.

تۆ گوتت: نا پێکەوە، بەڵام من تارام و تۆ مایتەوە، ئەو نوونووە تارا کە خولّقاندبووت نەک ئەو نوونووە کە خولّقابوو.»

من سەرم سوڕماوە وەکو فیلمێکی بڕکە بڕکە بیرەوەرییەکانی منداڵی، ئەوکاتە وا قەت لە بیرم نەمابوو، لە ژێر خاک و خۆڵدا زیندوو ئەکاتەوە و ئەینێتە داوێنم. من تەنانەت نێوی چکۆلەی خۆشم لە بیر نەمابوو.

توند توند پێڵوو ئەترووکێنێ و چارم لێ هەڵناگرێ:
«- چەند گۆڕاوی خانم!»

ڕاکشاوەتە سەر لوولەی دووکەڵکێشەکەوە و ڕێگای فڕینی دووکەڵەکانی بەستووە، هەندێکیان لە نێو قژەکانیا خۆیان دەرباز ئەکەن و هێور هێور... نیگام ئەکەوێتە شوێنی ئەو قژانە هەر لەسەر لوولەکەوە تا زەوین.

«- تۆ چنوور خانم... نا بۆ من هێشتا نوونوویت، چاوەکانت نەگۆڕاون، تەنانەت ئەو پەڵە بێ هێز و بچووکەش وا جێگایەکی چکۆلەی لە سپێنەی چاوانت داگیر کردووە و کەس بە وردی نایبینێ- ئێستا ژنێکیت!»

کە ئەڵێت نوونوو، دڵم دائەخورپێ و کچێکی چکۆلە

دێتەوە بیرم: چاو هەنگوینی بە کراسێکی کورت تا بان ئەژنۆی و بێ قـۆڵ بە ڕۆژان ئەوەندە لە نێـو حـەوش و کـۆڵانەکـاندا یاری ئەکـرد تا باڵ و قـاچە سـپـیـیـەکـانی ڕەنگیـان ئەگـۆڕا و قژەکـانی و پشـتە ملی بۆنی هەتاو و عارەقیان ئەدا.

ئەو کچە وا هەمـوو شـەوێک بەم خولیـاوە چاوی لێک ئەنا ڕۆژێک بڕواتە بەر دەرگـای مـاڵی خـودا تا بزانێ مـاڵەکانی چەند پلەی هەیە، چەندە کچ و کچەکـانیـشی چەندە بووکەڵە؟!

«لە بیرت دێ نوونوو چەند بێزار بوویت لە قژی شۆڕ، بەڵام شۆڕترین قژی بەرزە حەوایلەکانت بۆ دروست کردم؟ لەم ساڵانە لە هەر کوێ دائەبەزیم قژەکانم دەئاڵانە دەوری شتەکانا و بە ئاستەم دەرباز ئەبووم.»

قاقا پێ ئەکەنێ هێشتا وەکو جاران، ئەڵێت پێکەنینی من گۆڕاوە، دڵەڕاوکێمە دەنگمان لە دووکەڵ کێشەکەوە نەگـاتە گـوێی منداڵـەکـان و پیـاوێک کـە دەزانم ئێـسـتـا دووکـەڵە یەخـسـیـر بووەکـان نیـشـتـوونەتە سـەر دەست و ڕوومەتی و ئەو ساوێوبەتە هەموو مەلافەکانا.

«دوای ئەم هەمـوو سـاڵە، بۆ لەم زسـتـانە، لەسـەربان ماڵی ئێمە، لە سەر ڕێگای دووکەڵەکاندا دابەزیوی؟»

دەنگی دووری پیـاوێک لە لوولەکەوە دێتە سـەر لەنێـو قـژەکـانیـا دەرباز ئەبێ، وەکـو هۆرەیەک کـە با بیـهـێنێ: «توانیت بزانی چی قەوماوە چنوور؟»

من هێـواش لە ئامـێـزی دەگـرم و دایئـەبەزێنم وەکـو ئەوکـــاتە وا تـازە دروست کـــردبوو، وریا بووم نەکـــا ئێسکەکانی لێکەوە بێ.

«کە لەبەر مـاڵی خودا ئەهاتمەوە بەهاریش خەریک بوو ئەهات.»

دووکەڵەکان بەرەو ئاسمان هێرش دێنن، پیاوێک تەقە تەق زۆپاکـە دروست ئەکـاتەوە، بێگومـان ئێـسـتـا هەمـوو شـوێنێک هەمـوو شـتـێکی ڕەش کـردووە و لە دواییـدا ئەڵێ: «زۆپاکەم بۆت دروست کردەوە!» «بڕوات دەکرد لە ڕۆژێکا بەرزە حەوایلەیەکی یاخی بێتەوە و بیهەوێ...»

کچێک دێتەوە بیرم تا حەوتەیەک هەموو دەزووەکانی مـــاڵ خـــۆبانی کـــۆ کـــردەوە و ویســـــتی بەرزترین بەرزەحـەوایلەی جیـهـان بنێرێ بۆ ئاسـمـان تاکـو بگاتە بەرمـاڵی خـودا و ئەم سکاڵایەی بۆ ببـات کـە هەمـیـشـە بڕیار ئەدات بڕوات بۆ مـاڵی ئەو کـچـە و قـەت ناڕوات. من ئەمە ئەڵێم و ئەو قاقا پێئەکەنێ. بێگومان منداڵەکان وائەزانن خـەریکم لەگەڵ قـالاوەکـان یان گـورگە شـەوێیـا ئەدوێم.

«من خـەریک بووم هەمـوو ڕۆژێک مـاڵم گـەسک ئەدا، چێشتم لێئەنا و شەوانە...»

ویسـتم ئەمـەش بڵـێم کـە تۆ هاتی، هەمـوو ژیانی من ڕەش بوو. هەموو قاڵییەکان، پەردەکان و...

«بۆ ئەو دەزووەت پچڕی؟ بۆ هەڵفڕیت؟ دوای ڕۆیشتنی تۆ ئیـتر بە هیچ بەرزەحەوایلەیەک و هیچ دەزوویەک بڕوام نەکـرد هەسـتـم ئەکـرد ئەگـەڕێیـتـەوە، ئەمـزانی بەرزە حەوایلەکان هەرگیز دایکی خۆیان لە یاد ناکەن. ئێستاش شەوانە بەسەرهاتی تۆ و بیرەوەرییەکانی تۆ بۆ منداڵەکانم ئەگـێڕمـەوە. ڕۆیشـتنی بێگەڕانەوەی بەرزەحـەوایلەیەکی بەختەوەر کە هەمیشە پێئەکەنێ و بزەیەکی هەتا هەتایی تەنیشتی لێوەکانی تا لای گوێی کشابوو.»

«بەڵام باوان ئەو دەزووە تا لای مـاڵی خـودا زۆر بێ گیان بوو.»

«ئەوە درێژتریـن دەزوویـەک بـوو کـــە تـا ئەو کـــاتە دیبووم.»

منداڵێک دێتە حەوش و هاوار ئەکا:

«دایە وەرە خـوارەوە بابە زۆپاکـەی دروست کـردۆتەوە، برسیمانە.»

لە بان مـاڵەوە سەرئەکێشم، منداڵێک بە کـراسێکی کـورت تـا بان ئەژنۆی و... قـژەکـانی و پشـتـەملی بۆنی عـارەق و هەتاوی لێ دێ، هەستی پێ ئەکەم. وائەزانێ نەمبیستووە، توندتر هاوار ئەکات: «برسیمانە!»

بچووکـتر لە هەمـیـشـە ئەیبینم وەکو ئەوکـاتە وا منداڵ بووم و وامـئـەزانی کـە دێمە بان مـاڵ مرۆڤـەکـان بچووک ئەبنەوە و کاتێ کە ئەڕۆمە خوار، گەورە.

ئەویش دەستەکانی، جلەکانی ڕەش کردووە، ئاه.

«لە بیـرت دێت شـەوانە بیـانووی بووکـەڵەکـانی کـچی خـــودات لێـــدەگـــرتم؟ من بڕیـارم دابـوو هەمـــوو ئەو بووکەڵانەت یەکە یەکە بۆ بژمێرم.»

بێشک ئێـستـا دەستە ڕەشەکانی ئەساوێتە قاڵییەکە و لە دواییدا ئەڵێ: «زۆپاکەم بۆت دروست کردەوە!»

«- تۆش بڕیارت دابوو بڕۆیت و یەکێ لەو بووکـەڵانەم

بۆ بێنی، بەڵام کە ئاسمانت دی یاخی بوویت.»
«ئێستا هاتوومەتەوە پێت بڵێم خودا ئەو بووکەڵە تەنیا بە دەستی خۆت ئەسپێری و هیچ کەسی دی.»
دیسان دڵم دائەخورپێ ڕەسمە ڕەنگ بە ڕەنگەکانی کچە چاوهەنگوێنییەکە یەکە یەکە لە ژێر خاکەوە سەر هەڵدێن، منداڵەکانی خودا هێندە زۆر بوون کە هەموو ئاسمانیان داگیر کردبوو ماشێن و بووکەڵەکانیان هەمووی جیهان.
کچەکە بڕوای نەئەکرد خودا لەنێو ئەم قەرەباڵغییە هێندە تەنیا بێ.
«من ڕێگاکە ئەزانم، دەزووەکەم بگرە پێکەوە هەڵدێین.»
پیاوێک هاوار ئەکات:
«ئەوە چی ئەکەی لەو بان ماڵە و لەگەڵ کێیا ئەدوێی؟ وەرە هەموو شتێکم دروست کردۆتەوە، منداڵەکان برسیانە.»
داوێنەکەم ئەخەمە نێو پانتۆڵەکەم، نەکا لە هەورەکان گیر کات دەڕۆین و سەرم گێژ ئەخوات. پیاوێک تووڕە بە کراس و دەستی ڕەشەوە لە پەیژەوە دێتە سەربان تا بزانێ لەگەڵ کێیا ئەدوێم و پێئەکەنم؟ خۆزگە مەلافە شۆردووکانم دەق کردایە، ئەو ئەڕوات و کچێک چاو هەنگوێنی توند دەزووەکەی چنگ لێداوە، خۆزگە ژێر چێشتەکەم دەکوژاندەوە، سییەکانم پڕ دەکەم لە هەوا، هەوای تازە، خۆزگە نانم بدایەتە منداڵەکان.
بێگومان پێش لەوە بگەینە بەرماڵی خودا، لە نێو کۆڵانەکاندا، نێوان ژنەکان، مرۆڤەکانی سەرزەوین قوو دائەکەوێ: نیوەڕۆیەکی ئاخری زستان ژنێک دەزووەکەی پچڕاند.

**بەهاری ١٣٨٣ (٢٠٠٤ز)**

# کنجێن ژیانا پینەکری

ئەدیب پۆلات *
(ئامەد)



سبەهێ من، ئاڤا باجانێن سۆر کو دیبیا من پارچەیەک نانێ تەنوورێ پێ سەیاندبوو دا بەر گەزا. هەر گەزەک من، مینا کێلێن پینەیێن سەر چۆکا من شۆپا درانان دنان دە دهشت. ب هەر گەزەکی رە سەرێ پۆزێ من و دۆرا لێڤێن من ب خوینەکە هشک دبرقی. نە تەنێ ب ڕەنگێ خوە، لێ ب بێهنا خوە ژی ئاڤا باجانان دشبییا خوینا کەڤن. و لۆ ترش و سۆر...

دبستانا سەرەتایی ژ مالا مە نە گەلەکی دوور بوو. بەری دەرکەڤم دەر، من کنجێن خوە یێن کو ئێدی ژ پینەیان بوو بوو مینا خالیچا هەفترەنگی ل خوە کر و بۆنا تو کەس ب وێ ڕەوشێ من ل رێ نەبینە و حەنەکێن خوە ب قورسێن سەر شال و ئیشلکێن من نەکە، من د کۆلانان دە جڤان دا خوە و لەزاند. گاڤا خوەندەکارەکی راهشت زەنگل و ل دۆرا دبستانێ دۆژ بوو، من ژی بەری هەرکەسی دپۆلێ دە جهێ خوە گرت. ویزە ویزا زارۆکان مینا هەجهەجیکێن کۆشکا کالکێ من کو ڕۆژێن چلە دەما بەرف چۆکەکی دکەت ژ سڤیرنەکێن بانی هیچ خالی نەدبوون دهات. ب هاتنا مامۆستا رە ئەڤ دەنگ، ژنشکاڤە هات برین.

«زارۆکنۆ! نها دێ مدوور وەرە پۆلێ. بێدەنگ بن، ئەو دێ ژ وەرە تشتێن گرنگ ببێژە!»

هێژا گۆتن د دەڤێ مامۆستە دە، مرۆڤەکی سەرکەچەل کەت هوندور. ئەز ل سەفا دووەمین ل پشت قیزکان- نزانم چما د هەموو پۆلان دە قیز ل سەفا پێش بوون- دانشبوون. «کی ژ وە ئێتیم بە ئان ژ مالباتەک گەلەکی خزان بە، بلا تلیا خوە هلدە!» ئەم ژ ڤی دەنگێ قوبە یێ مدوور رە نەبیانی بوون.

گاڤا ئەم ب هەڤالێن خوە رە ل پشت داشرێ ب

کرمانجی دئاخڤین، ئەو ب دزیکا دهات و گوهدارییا مە دکر، ژنشکا ڤە دقێرییا، دگۆت «کورتچە قونشما» دوو رە ب جەدڤەلیێ ل دەستێ مەددا.

مدوور گاڤا وها ئاخفی، بالا خوە دا کنجێن من. بێدلیێ خوە، مینا مرۆڤ بەری دزییێ ژ ئالییێ خوەدییێ مالیێ ڤە وەرە دیتن ب نێرینەکە چاڤزەغەلی من ژی تلییا خوە هلدا. ئەو گاڤ دپۆلیێ دە نەهـ کەسێن مینا من جهێ کرن. ئەو بوون چار جۆت و ئەز ل داوی مامە فەر. مینا لەشکەران ب گاڤێن تەکووز، ئەم هەیانی بەر دەرییێ عەمبارا کنجان مەشییان. ل ور، هەر یەک ژ مە قاتەک کنج ل خوە کر. مە د ێزێ دە ل هەڤ نهێری؛ قاتێن کنجێن نوهـ و ئوتیکری هەمان رەنگ و هەمان جورە بوون.

ئەو شەڤ ژ کێفا خەو نەکەت چاڤێ من. ئەز ل دۆرا دەستا جلا رادبوون لۆتکا. من چندک ددا خوە، گەهـ دچووم وی سەری گەهـ دهاتم ڤی سەری. ب کێف و جۆشەکە بێهەمپا، مینا رۆژێن جەژنێ کو مە شەکرێ قولۆقولۆ ب بەن ڤە دکر و داڤێت ستوویێ خوە، مینا رۆژێن کو ئەم ب کاپان دلەیستن و ئەز ب وی «دەقێ» خوە یێ سۆر و بزریچ بسەرکەتم، مینا رۆژێن کو ل بەر جامییا گوند ئەم خار و مەشان دلەیستن؛ من ب خارا خوە یا ژ کەڤرێ بەر هەسنێ ترێنێ چێکری و ب دوویێ کایێ کزراندی و هنەکری زۆرا هەڤالێن خوە دبر و ئەز ب خشەخشا بەریکا خوە یا تژی دراڤێن هوور دزڤریم مالیێ، مینا وان رۆژێن بهارێ کو ئەم دچوون سەر بێندەران، مە ب برێ دلەیست، ل دوو هەڤ باز ددا، مینا وان رۆژان ئەز بەختەوار بووم.

من جارنا ئەو ل خوە دکر، لێ بەلێ تافلێ ئەز پۆشمام دبووم، بۆنا ئوتییا وی خرابە نەبە من دیسا ئەو ژ خوە دکر. من ب فیتکان لێ ددا. تۆزا سەر پاقژ دکر.

رۆژەک، دو رۆژ من خوارن ژی نەخوار و من قێمیش نەکر وی «قاتلخ»ی ل خوە بکم؛ دلۆپەک ڕوون بنقوتییان سەر ئان ئەو ل میخەکی بکەتانا، باوەڕ بکم کو ئەز دێ ل سەر بگریاما. لێ بەس هەڤالێن من یێن دبستانێ ل کنجێن پینەکری، مینا کو بێژن «ئەڤ چ نە؟ کا قاتا جلێن نوهـ؟ تو چما هێژا ب ڤان پەرتالان دگەڕی؟ دنهێڕین. من رۆژەکێ بڕیار دا، ب پۆزێ شەقەکێ رە شیاربووم، من ئەو ل خوە کر و بەرێ خوە دا دبستانێ.

بۆنا هەر کەس من ببینە ب مەشەکە قوڕە هێدی هێدی د کۆلانان دە بوهوریم. گاڤا زەنگل لێکەت، ل بەر دەرییێ پۆلیێ مینا کو بەرێ قەولیێ خوە دانیبن هەموو خوەندەکاران ب جارەکێ رە ل من نێهێرین.

دوو رە، د هندورێ پۆلیێ دە بالا خوە دان هەر هەیشت زارۆکێن کنجنوهـ. وان ئاورێن بەرکەتی دلیێ من کزراند، جۆشا دلیێ من ڤەمراند. ئەم نەهـ کەس، مینا لژنەیەک لەشکەر ل رەخ هەڤ راوەستییان، دوو رە ب رەوشەکە فەدیکار چوون ل جهێ خوە روونشتن.

دناڤا بیست و پێنج خوەندەکاران دە، کەسێن خوەدی کنجێن نوهـ و یەکرەنگی ل رەخ هەڤ بنجهـ بوون. پۆل بوو دو بڕ؛ بڕەک ئەم و یەک ئەو.

دی وان رۆژێن چلە دە، سبەهێ شیرێ ئەمەریکا و پاستە ل مە بەلاڤ دکرن. گاڤا ئەم دکەتن ریزا شیر، خوەندەکارێن دن ل مە، ئانگۆ ل «کنجنوهان» تادێ دکرن؛ گە مە داف ددان و گە دۆرا شیر ژ مە دستاندن، دکەتن سەفا پێشی گەر مە دەنگ بکرانا، دگۆتن «ئێتیمێن حەرام! دە ور دە هەرن! هون چ زانن کنجێن نوو ل خوە بکن؟» جارنان زارۆک ل من دهاتن هەڤ، ل دۆرا من جۆش دبوون و ب یەک دەنگەکی رە وها دگۆتن:

«سێوییێ ل دەرییا
پەرە دیت ل بەرییا
عاقل چوو ژ سەرییا
رابوو سەر تەرییا!»

ئەڤ چ بوو؟ مانایا ڤێ چارینێ چ بوو گەلۆ؟ ئەڤ پەیڤا مەزنان بوو، نە یا زارۆکان. ئەشکەرە بوو، دێ و باڤێ وان ئەو عەلماندبوون.

رۆژەکێ، پشتی تلییا خوە یا فەدییۆک مامۆستا ئەز دەرخستم تەختە. ب دەرکەتنا من رە بوو پستەپستا زارۆکان و هرەهرا کەنێن وان. دەنگن هاتن گوهێن من: «ئەڤ چ زانە ماتەماتیکێ؟ باڤێ وی نینە، قەی دییا وی ل مالیێ قورسێ ددە کێ؟».

ئێڤارێ، دەما ئەز گهشتم مالیێ، من ئەو کنجانا ژ خوە کر و ئاڤێتە ناڤا شەکالان. ژ هێرسان، ئەز ب سەر دییا خوە دە قێریام: «ئەز کنجێن ئێتیمان ل خوە ناکم، کنجێن فەقیران ل خوە ناکم!».

دۆرترا رۆژێ، من کنجێن خوە یێن بەرێ ژ پینجێ ئەیوانێ هلانی و ل خوەکر. بێهنا سابوونێ، بێهنا پاقژییێ ژ وان دفوورییا. و هەلبەت بێهنا فەقیرییێ ژی! مینا کو مرۆڤ بێرییا هەڤالەکی خوە بکە، مینا رۆژێن بەرێ ئەم ل

هەڤ بانیـیـان، بێـهنا مـە دیسـا کـەتە ناڤا هەڤ؛ من خـوێدانێ دا وان، وان ژی بێـــهنا ســابوونا شین. وان خزانییێ دا من، من ژی دلەکی بەختەوار.

ئەز ب وان کنجـان چووم دبسـتـانێ مـینا رۆژێن بەرێ کەسەکی ل روویێ من نەنێـهێری. د قەلیشتەکێن بەر پینەیان دە جانێ من دخویا؛ رۆژێن سار و سەقەمی، ب دەرباسی ناڤا جانێ من دبوو، ئەز درجفیم. ل مالێ من دیسـا بەرێ خـوە دا دیـیـا خـوە یا کـو هەردەم هەڤـپـارێ دەردێ من بوو:

«دایێ! دایکا فـەقـیـرییا بێـحەمدی! دایکا تونەبوونا بیـیـانی! کـا حەلا رێـیـەکێ نیشـانی کورێ خوە بدە، ئەز کیژان کنجی ل خوە بکم؟ یێ خزانییێ ئان یێ ئێتیمیێ؟ رابە، کنجێن من یێن زیڤـال زیڤـالی دیسـا پینە بکە و دگەل ژیانا منا قەتیایی ژی ب سەر ڤە بدروونە.»

*** ئەڤ کـورتە چیـرۆکـە ژ پەرتـووکـا «شـۆربەو فـەدی خەلاوغەبیدی» هاتیە وەرگرتن کو کۆمەکا کورتە چیرۆکان ب خوە ڤـە گـرتیـە و ل سـالا (٢٠٠٥) ل سـتـەنیـولێ چاپبـوویە، وەکـو ئاگادارم ئەڤ پەرتووکا وێ یا هەفتێ یە کو گهایە چاپێ و بەری وێ ژی ئەڤ شەش پەرتووکە چاپکرینە:**

**- راستیا دیار بەکر (وەشانێن باشاک- ١٩٨٨)**

**- بەربانگێن نەورۆزێ (وەشانێن باشاک- ١٩٩٠**

**- د زمانێ زانستی دە کورد (وەشانێن ئەڤرەنسەل- ٢٠٠٤)**

**- سیکەتنێن ژ وەلاتێ بێدەوێل (وەشانێن پەلێسۆر- ١٩٩٢)**

**- «زناکار» (وەشانێن پێری- ١٩٩٩)**

**- ئەڤینا مرنا بێحەزکرن (وەشانێن سیس- ١٩٩٨)**

**هەژی یە بێـژین کو ئەدیب پۆلات ژ باژارێ ئامەدێ یە. خـوەندنا خـوە هەر ل ڤی باژاری کـوتـاکـرییـە. دەرچوویێ زانکۆیا دیجلەیە فـاکـولتـەیا فـەن- ئەدەبیـاتێ بەشـا بیـۆلۆژیێ. چەند سـالان مامۆستاتی کریە.**

**نڤـسکار و مـامـۆسـتـا ئەدیب پولات هەیانها ئەڤ خـەلاتە ژی وەرگرتینە:**

**- خـــەلاتا ئازادییـــا رامـــانێ یا (Human Right Watch) ١٩٩٤.**

**- خـەلاتا ئامـەریکان پێن یا ئازادییـا نڤـیـسێ- باربارا گولدسمیس ١٩٩٤.**

# ڕازاو و زەریا

نەجیبە ئەبوبەکر

دەبێ تاکەی بەدەست ئەم ئازارانەوە ڕۆژگاری تەمەنم بەرمەسەر، دەڵێی بوومەتە دیلی هەتاهەتایی ئەم ڕۆژ و شەوانە و هەردەبێ تاسەر لێواری مەرگ پێکەوەبین.

ئەو ڕۆژانەی جاران خەونی ڕەنگاوڕەنگم بە باڵایاندا دەدووری، ئەو شەوانەی دامنابوون حەکایەتی هەزار و یەک شەوەیان بۆ بڵێم، لەگەڵ یەکەم قووقەی کەڵەشێر و دەرکەوتنی سپێدەدا شەو لە ئاستماندا چۆکدادا. ئێستاش من بوومەتە دیلیان.

ئەی ئەو قوتابخانەو خوێندنەی کە بەڕاستی مەبەستم بوو؟ من تەنها لەو خوێندنەدا هەستم دەکرد بەشتێک دەگەم. ئەی خەونی دامەزراندنی ئەو ماڵە خنجیلانەیەی کە وەک هێلانەی پەڕەسێلکە لەلام دڵگیربوو، بەباڵی ئەندێشەکانم هەموو جیهانم تەی دەکرد و تەنها لە گۆشەیەکی ئەو ماڵە بێناونیشانەدا هەستم بە ئارامی و حەسانەوە دەکرد. ئەی ئەو شتانەی کە لە دوورەوە بچووک و لە ئەسڵدا گەورە لە ئاسۆوە بۆم دەدرەوشانەوە.. هەموو ئەوانە لە ڕۆژێکا، بگرە لە چرکەیەکدا، سووک و ئاسان کۆتاییان پێهات. ئەو ڕووداوە خەونەکانمی لە گوڵدانی ژیاندا ڕفاند و، لە ژێر ڕەهێڵەی ناو تاریکستاندا ونی کرد، ساڵانی تەمەنی لەناو پریاسکەیەکی ڕەشدا گرێداو بەرەو سەفەرێکی نادیار ڕاپێچی کرد، لە وڵاتی قەزاو قەدەردا چارەنووسمی دایەدەست نەهاتەوە، ملی بەهەورازێکی ئەوەندە سەختەوە نام کە هەرگیز لەو بڕوایەدانەبم، بتوانم هەنگاوی سەرکەوتن بنێم وای لێکردم سەرەنجی بەزەیی خەڵک ببێتە قۆچی گاو هێرشم بۆبێنێ، ڕقم لەسەردانی ماڵە خزم و کەس بێ، حەزنەکەم نەبیانبینم نەمبینن. ناخۆشترین کاتم لەگەڵیاندا جەژنەکانە، نازانم بۆچی لەو کاتانەدا زیاتر هەست بە ماڵوێرانی و دابڕانی خۆم دەکەم..

من ئێستا ئەو کچە جوان و زیرەکەی جاران نیم کە جێی سەرەنجی «ئەنجام» و مامۆستای کوردی و بیرکاری



بووم. ئەم «ڕازاو»ەی ئێستا قەت جارێکی تر وەک جارانی لێنایەتەوە، چیتر بۆم نییە لەناوگۆشەیەکی پەنهانی ڕووحمدا نیگای کەسێک تیشکێکی وا لەسەرەنجەکانما بخوولقێنێ هەموو دنیا لەژێر ڕووناکییەکەیدا بدرەوشێتەوە، ئیتر لەشاری دڵمدا حەز لە سەنگەردا ناوەستێ و خەباتێک ناکات هەموو کەس وابزانێ تیایدا دۆڕاوە. ئەو ڕووداوە کت و پڕە ئاڵای سپی بەحەزی ناوسەنگەر هەڵکرد و مەدالیای سەرکەوتنیشی لە بەرۆکی چاودێرەکان دا. بڕیارێک لەلایەن «ئەنجام»ەوە دەرکرا و بۆ تاهەتا من تیایدا سرامەوە.

قەت باوەڕناکەم ناخم لەگەڵ ئەم ژانە پڕ سوێییەدا ڕابێ، ژانێک لە هەموو چرکەیەکدا وەک ئەوەی گووللەی ئاگردار بەزامەکەیدا ئاودیوبێ سەرلەنوێ قەتماغەکەی هەڵدەتەکێنێ، کە ئاودیویش دەبێ لەژێر ڕووناکیەکەیدا ژیان دەبینم و تەماشای دەکەم، ژیلەمۆی سەرزامەکان داخی ئەو خۆزگەیە بەدڵمەوە دەنێن کە لەو ژیانە هاوبەش بوومایە نەک بینەر.

- ڕازاو، کچم دەبێ شوکربی، هەن زۆر لەتۆ ناخۆشتریان بەسەرهاتووە.

نازانم دایکم مەبەستی کێیە لەمن ناخۆشتری بەسەرهاتبێ؟!

لە تەمەنی هەژدەساڵیدا وەک من ئومێد بڕاو بووبێ، لە تەمەنێکدا واقیع تێکەڵ بەخەیاڵ ببوو.. لەوە ناخۆشتر چی هەیە شوورەیەکی ئاسنینی هەمیشەیی لەنێوان ئەندێشەکانم و ژیانە سەختەکەمدا بنیات بنرێ.

من دەزانم لێرە کچ دوو شتی گەورە دوارۆژی دیاری دەکەن، ئەو دوو شتەش شووکردن و خوێندن تەواوکردنە. من هەردووکم لەدەست چووە.

جوانی سەرمایەیەکی گەورەی کچە بۆ من ئەویشیان بە تاڵان برد. سۆز و هەستمیان لەناو شەرم و خۆبەکەمزانیندا تواندەوە، هەستی خۆشەویستی لەلام بە چەشنێک لەگەڵ ڕقدا تێکەڵ بووە ئەستەمە لێک جوودابکرێنەوە.

شتێک نادۆزمەوە وەک جاران بۆ چەند ساتێک مەستم بکات، ساتەکانی مەستبوون لەماڵ و خاوەندەکەیان تۆراون. ئەو ساتانە دنیا لەبەرچاوما لە ڕەنگ و بەرگی ئاسای خۆی دەردەچوو، منیش لەگەڵیا دەگەڕامەوە سەر شتە هەرە جوانەکانی ناخم، ئەو ساتانە شەرم دەبووە شانازی و ڕێزێک بۆ سەرتاپای جەستەم، خۆبەکەم زانین پەی نەدەبرد بەدەست و پەنجە، لاقەکانم، سەرەنجەکانم، بیری ماندوو و شپرزەم، هەوڵی بێوچانم بۆ خۆجوانکردن و گۆڕینی سیمام نەدەدا..

ئێستا سینگێک کە دڵێکی پڕ لە سۆزی لەخۆگرتبێ لە کوێ بێنم ئەم ڕوومەتە زەرد هەڵگەڕاوە ناوەختەی خۆمی بەسەرەوە بنووسێنم، دەست و پەنجەیەک لەکوێ بێنم وەک شنەبای پاش گەردەلوول پەرچەمی تێک ئاڵۆسکاوم نەرم نەرم بۆ وەلانێ، ئەشکە تینووەکانم بۆ بسڕێ، بە ئەفسوونی چرپەکانی گریانە قووڵەکەم ژیرکاتەوە، بەلایلایەیەکی خوایی بمخەوێنێ.. خۆمن لەهەموو تەمەنما تەنها جارێکم لەبیرە زۆر نەخۆش بووم باوکم دەستی بە سەرما هێنا و نێوچوانی ماچ کردم، ئەوەندە بەلامەوە سەیربوو شەرم دایگرتم.. دایکیشم تەنها جەژن و جەژن یەک یەک من و خوشک و براکانمی ماچێکی سارد و سوڕدەکرد، بۆیە هەمیشە لە ناوەوەی مندا بۆشاییەک هەیە و ئەو بۆشاییەش پاش ڕووداوەکە مەوداکەی دەیان جار گەورەتربووە وەک نێرگزێکی سیس تینووی دڵۆپێ بارانم، وەک ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە حەز بەتریفەی مانگ دەکەم، وەک درەختێک لەکاتی چرۆکردندا پێویستم بەگەزەنگی خۆری تازەیە، وەک پەپوولە هەڵوەدای هەڵاوی هەناسەی گوڵێکم.. من خەڵکی شاری دڵ ڕەقەکانم، نازانم سۆز لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و لەچیدا بەرجەستە دەبێ. لێرە سۆز لەناو ڕووحێکی شاراوەدایە، لە مەکانێک دەگەڕێ، لە دڵێکی بچکۆلە دەگەڕێ تیایدا بروێ لەگەڕەکی پڕ لە ژن و منداڵی بەردەرگادا گەورە بوومە و زۆر بەکەمی سۆز ڕێی کەوتۆتێ، لەناو خێزانێکی دە نەفەریدا دەژیم کە تێیدا هاوار و ڕق و تووڕەیی و زۆرەملێ شوێنێکیان بۆ سۆز نەهێشتۆتەوە.

خودایە من چیم کردبوو تۆ لەو ڕۆژە شوومەدا منت نەپاراست، بەقودرەتی بێ سنوورت فریشتەیەکی خۆت نەنارد ئاگری ڕق ڕاگرێ، باڵی ئارامی بەسەر دڵی تۆقیوی منداادا، بەدەستی پڕ لە تینی دەستی لەرزیوم بگرێ، بەتیشکی ڕووناکی سیمای لەنووردا غەرقبووی جەستەی بێتاوانم بپارێزێ. ئەو فریشتەیە نەهات، ئای خوایە گیان نازانم بۆ نەهات، نەهات و من وامەزانی نزیکە و نایەوێ خۆیم لێ بەدەرخا، بۆیە لە گەرمەی ڕووداوەکەدا لێی دەگەڕام، هانام بۆ دەبرد، لەناو ڕووحێکی بەستەزمانەوە هاوارێکی وام بۆدەکرد کە دنیا بێدار بکاتەوە، هاوارێ وەک پریشکی ئاگری بوورکانێک لە زارمەوە دەرپەڕێ و خۆشم لەگەڵیا بۆ جێگایەکی دوور لە ماڵی خۆمان و کەسەکانم تووڕهەڵدا.. حەزم لە دوورکەوتنەوەبوو، دەمویست هێزێک، ترووسکەیەک، یان بوومەلەرزەیەکی خوایی نەک هەر زەمین، ئاسمانیش شەق بکات و منیش لەناو دوو توێی ئەو ئاسمانەوە بارانی ڕق بەسەر هەموویاندا ببارێنم، بارانێک حەسرەت و زووخاوی من بێ، لە ساڵی هەرە گرانی و قات و قڕیدا بەسەر کێڵگەو باخچەکاندا ببارێ، لە جیاتی چرۆکردن لە

ڕەگەوە وشکیان بکات، چاوی کانیەکان پڕ لە خوێن بێ و جارێکی تر لە کانگاوە هەڵنەقوولێن..

پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا هێشتا دەڵێم ئەو ڕووداوە کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، شتێک نییە بتوانم لە بیری بکەم..

«ئەنجام» هەر پاش ڕووداوەکە بە هەفتەیەک دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ماڵەوەیان و بڕیاری لەبیرکردنی منی دا، ئەو کات بۆم دەرکەوت ئەو تەنها جەستەمی خۆشویستبوو، لەنێوان ڕاستی و ڕووکەشدا تەنها ڕووکەشی هەڵبژاردبوو، کرۆکی پەیوەندی ئەو لەگەڵ مندا لەسەر تەنکە توێژێک وەستابوو، بەکەلبوونی توێژەکە سەرتاپای پەیوەندییەکەش لەبارێک هەڵوەشایەوە. سەرەنجەکانی نەیانتوانیبوو بستێک لە جەستەم دوورتر تێپەڕن، هەرگیز وێنەی ڕاستەقینەی منی نەبینیبوو، وێنەیەک بەدەر لە پەیوەندی زەمان و شوێن، وێنەیەک ڕەنگەکانی لە ڕەنگی تابلۆیەکی گەردوونی دەچوو، وێنەیەک گەر مەبەستی بوایە دەیتوانی لێیرابمێنێ، بیری لێ بکاتەوە.. زانیم گەر بۆیەکیش بووبنایە تا مانگێ پاش ژیانی هاوسەریەتی منی شێتانە خۆشدەویست، پاشان چاوی بەسەر سینگ و لەش و لاری کچانی تردا دەگێڕا، ئیتر لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕایەوە، نەیدەزانی شتێکی مەزن و گەورە لە دەرەوەی بازنەکەدا هەیە، گەر بتوانێ ببینێ لە چوارچێوەی بازنەکە دەردەچێ، کەسی ئەو دیو پەردەی لێدەردەکەوێ..

زۆر جار لە خەونمدا دەمرم، لەگەڵ مردووەکاندا هەناسەی ئاسوودەیی و دڵنیایی هەڵدەکێشم، لەگەڵ ئەواندا بەرنامەی خەون و ئاواتی چەندین ساڵەی بابردوومان سەر لەنوێ دادەڕێژینەوە.. گفت و گۆ لەگەڵ ئەواندا دەست پێکردنەوەیەکی نوێیە بۆ ژیان، ژیانێک جیا لەم ژیانەی ئێستام، ژیانێک ئاوازێکی ئاشنا بەرووحم مێژووەکەیەتی، حەقیقەتێکی بەدەر لەهەموو پێچ و پەنا و پەردەیەک ناونیشانەکەیەتی، ئازادییەکی ڕەها خۆرەکەیەتی.. ئازادییەک وەها لەگەڵ تیشکی ڕووناکیەکەیدا تێکەڵ دەبم کە ئیتر لێک جوداکردنەوەمان مەحاڵ بێت. گورزەیەک لە تیشکی ڕووناکییەکە دەگرم و جۆلانێ دەکەم، سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەم کە بەحیسابی خۆیان زیندوون. هەموومان دەستە بەدەستە لەگەڵ تیشکەکاندا تێکەڵ بووینە، پێکەوە هەموو بووین بەخۆر..

ئەو خەونانە خۆشترین شتن لە ژیانی مندا. ژیانێک هەمیشە کە دێم هەناسەیەکی ئارامی تێدا هەڵبکێشم، لە ناکاو دەنگێکی ئێجگار ترسناک دەمهەژێنێ. نازانم دەنگی دێوە، هەورە تریشقەیە، گوللەیە.. ئەوەندە دەزانم لەناو جەرگەی تاریکییەوە دێ.. هەر لەو دەنگە دەچێ کە لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا هات و وەک گەردەلوول منی بۆلای خۆی ڕاپێچ کرد..

کە لەگەڵ دایکما چووینە ناو بژی هەردوو براکەم، قەت لەو بڕوایە نەبووم «هەردی» دەستداتە چەک، کە «هەرێز» ڕاوینایە ژووری وامانزانی دەرگا لەسەر خۆی دادەخا، کەچی بەخێرایەکی لە ئەندازەبەدەر پەلاماری کلاشینکۆفی دا، فیشەکەکانی ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی «هەرێز» و ئێمەش کە لە نزیکی وەستابووین تەقاند.. گوللەکان لەبری ئەو منیان پێکا. خوێن بەبالامدا جۆگەی بەست و کەوتم.. ئەویش بەخۆی و چەکەکەیەوە دەرپەڕییە دەرەوە و ڕای کرد. پاش پێنج ڕۆژ مانەوەم لە نەخۆشخانە پێی ڕاستەم وردە وردە شین هەڵدەگەڕا.. دوکتۆر بڕیاری بڕینەوەی قاچی ڕاستیدام لەسەر چۆکمەوە. قاچی چەپیشم دوو نەشتەرگەری بۆ کراو خواربوو..

براکەم سێ ڕۆژ لە بەندیخانە بوو، باوکم بەبێ ئاگاداری من بەری دا، وەک جاران گەڕایەوە ماڵەوە.. بەمن بێ کوێربم بەس نەیبینم.. دایک و باوکم شوکری خودا دەکەن بەدەست کوڕی خۆیان وام لێهاتووە، گەر بەدەستی خەڵک بوایە تووشی دوژمنداری دەبوون! وەک بەرزەکی بانان دەسووڕێتەوە، دیارە بە حیسابی ئەوان کارێکی وای نەکردووە جێی لێپرسینەوەبێ.

– خۆزگە کچم تۆ زەعیفەی لە جیاتی تۆ من بوومایە، چی بکەم، چانییە برای خۆتە و خەڵک نییە.

ڕۆژانی سەختی نەخۆشخانەم بە تاوێ بێهۆشی و تاوێ خەوی پاش چەندین دەرزی و حەبی ئازار و خەو، تاوێکیش وڕێنە بەسەردەبرد. دایکم شەو و ڕۆژ لە دیارم بوو دەیگوت لە زۆربەی وڕێنەکانمدا باسی کەشتی و دەریا و ماسی قرش و دارستانم دەکرد.. ئەو نەیدەزانی من ئەو کاتانە وێنەی کەشتییەک دەهاتە بەرچاوم شەپۆلەکان وردە وردە نوقمی ژێر دەریایان دەکرد. منیش لەگەڵ سەرنشینەکاندابووم. هەر کە نوقمی ژێر دەریا بووین کۆمەڵێ ماسی قرش هێرشیان بۆ دەهێناین.. پەلاماری نەفەرەکانیان دەدا و دەیانکردن بەکەلاک.. خوێن و دەریا بەسەر جەستەی ئینسانەکانەوە تێکەڵ ببوون. یەکێک لەو قرشانە پەلاماری پێی منی دا و لەبنەوە لێی کردەوە، منش باوەڕم نەدەکرد ئەوها لە چرکەیەکدا قاچم نەمێنێ، بێئاگا لەخۆم دەمویست بە هەڵدداوان بۆ لای ڕیش سپی و خواوەندی دەریا بڕۆم و داوابکەم چاوێک بەدادپەروەری ناو دەریادا بخشێننەوە، جۆری گوزەرانی نێوان ماسی گەورەو ماسی بچووک و دڕندەیی قرشەکان بگۆڕن.

# کەمپی هیندییەکان

**ئەرنست هەمەنگوای**
**لە ئینگلیزییەوە: شاهۆ حەسەنپوور**



لە کـەنار دەریا قـەیاقـێکی دیکە ئامادە کـرابوو، دوو هیندی وەسـتـا بوون و چاوەڕێیـان دەکـرد. نیـک و باوکی چوونە بەشـی پشـتـەوەی قـایەقـەکەوەو ئەوجـار دوو کـابرا هیندییـەکە پاڵیـان بە قـایەقەکەوە نا و دانەیەکـیـان خـۆی هاویشــتــە نێــوی و دەســتــی کــرد بە ســەوڵ لێــدان. مــام (جۆرج)یش لە پشتەوەی قایەقێکی دیکە دانیشت.

هیـندییــەکــەی دیکە کــە کــوڕێکی لاو بوو، پاڵـی بەو قـایەقـەوە نـا کـە مـام جـۆرجی تێـدا بوو و پاشـان خـۆی هاویشتە نێوی. ئەویش دەستی کرد بە سەوڵ لێدان.

دوو قـایەقـەکە لە تاریکیـدا وەڕێ کەوتن. نیـک گـوێی لە دەنگی شلّـپـەی سەوڵی قـایەقـەکەی دیکە دەبوو کە لە دوورەوە لەم تەمەدا بەگوێ دەگەیشت. هیندییـەکـان بەتاو و قـەوەوە سـەوڵیـان لێـدەدا. نیـک پاڵی وە بـاوکـیـیـەوە دابوو و بـاوکی لە ئامـێـزی خـۆی گـرتـبـوو. هەوای سـەر ئاوەکـە سـارد بوو و ئەو هیندییـەی قـایەقـەکـەی وانی داژووت، هەمـــوو هێـــزو قـــەوەتی بەکـــاردێنا، بەڵام قـایەقەکەی دیکە لەم تەمەدا هەر زۆرتر و زۆرتری بەجێ دەهێشت.

نیـک پرسیاری کرد: «دەچینە کوێ باوکە؟»

– «بۆ کەمپی هیندییەکان لەوبەر ئاو.» «ژنێکی لێیە گەلێ نەخۆشە.»

نیـک وتی: «ئەها.»

لەوبەر ئاوەکـە لە بەندەر قـایەقـەکـەی دیکەیان دیت کە لە کـەنار ئاوەکـە ڕاگـیـرابوو. مـام جـۆرج لە تاریکیـدا سیگاری دەکێشا. هیندییە لاوەکە پاڵی بە قایەقەکەوە نا بۆ کەنار ئاوەکە. مام جۆرج سەرو سیگاری بە هەردووک هیندییەکەدا.

لە کـەنار دەریاوە بەدوای ئەو هیندییـە لاوەدا ڕۆیشتن کە فانۆسێکی پێبوو. ئەوان بەنێو مێرگێکدا ڕۆیشتن کە بەهۆی ئەو شەونمەی لەسەری کەوتبوو، تەڕببوو.

پاشـان چوونە نێـو دارسـتـان و ڕێگەیەکـیـان گـرتەبەر کە بەنێـــو داری بڕدراودا تێـــپـــەڕ دەبوو و دەچووە پشـــتـــی تەپۆلکەیەک. ئەو ڕێگەیەی کـە بەنێـو مـورەدارەکـاندا تێپەڕ دەبوو گەلێ ڕووناکتر بوو، چونکە دارەکانی ئەوبەر

ئەوبەری ڕێگاکە بردرابوون.

هیندییە لاوەکە ڕاوەستا و فووی بە فانۆسەکەدا کرد و کوژاندییەوە؛ ئەوجار هەموویان درێژەیان بە ڕۆشتنەکەیان دا.

کە گەیشتنە سەر پێچێک، سەگێک بۆیان هات و پێیان وەڕی. لە بەرامبەریان ڕووناکی ئەو کووخانە دەرکەوت کە جێگەی حەوانەوە و کاری هیندییەکان بوون.

کۆمەڵە سەگێک شالاّویان بۆ هێنان. هیندییەکان لە لای کووخەکانیان کردنەوە.

چرایەک لە دەلاقەی کووخێکی نزیک ڕێگەکە دایسا. پیرێژنێک لەبەردەم دەرگایەکی کراوەدا ڕاوەستابوو و فانۆسکی بە دەستەوە بوو.

لە ژوورەوە ژنێکی گەنجی هیندی لەسەر تەختێکی دار پاڵ کەوتبوو. ماوەی دوو شەو و ڕۆژ بوو ئازار و دەردی کێشابوو هەتا منداڵی ببێ. هەموو ژنە بەتەمەنەکانی کەمپەکە یارمەتیان دابوو، بەلاّم چیان لە دەست نەهاتبوو. پیاوان لەو ناوە هاتوچۆیان کردبوو و لەتاریکیدا دانیشتبوون و سیگاریان کێشا بوو، لە کاتێکدا ژنەکە بەدەم ئازارەوە هاواری کردبوو. هەر کە نیک و دوو پیاوەکە بە دوای باوکی و مام جۆرجدا چووبوونە ژوورەوە، ژنەکە قیژاندبووی. ژنەکە لە تەختی ژێرەوەدا بەو جەستە زلەیەوە لەژێر لێفەیەکدا لەسەر لا ڕاکشابوو. لە تەختی سەرەوەی ژنەکەدا مێردی ژنەکە پاڵ کەوتبوو. سێ ڕۆژ لەوەپێش کابرا لاقی خۆی بە سەختی بریندارکردبوو. ئەو هەنووکە پیپی پێبوو و مژی لێدەدا. بۆنی هۆدەکە ناخۆش بوو.

باوکی نیک داوای کرد هێندێ ئاو بخەنە سەر کوورەکە. هەتا ئاوەکە وەکوڵ هات باوکی نیک دەگەڵ نیک دوا.

باوکی نیک وتی: «ئەم ژنە منداڵی دەبێ.»

نیک وتی: «دەزانم».

باوکی وتی: «تۆ لەوانەیە باش نەزانی.»

– «گوێم لێ بگرە ئەوەی ئێستا ئەو پێیەوەتی، پێی دەڵێن ژانی منداڵ بوون.

منداڵەکە دەیهەوێ لە دایک ببێ و ژنەکەش دەیهەوێ منداڵەکە ببێ. هەر بۆیە ئاوا هاوار دەکا و دەقیژێنێ.»

– «حاڵی بووم»، نیک وتی.

هەر لەو دەمەدا ژنەکە قیژاندی.

– «ئۆف، باوکە ناتوانی شتێکی پێ بدەی چی دیکە وا هاوار نەکا؟» نیک وتی.

باوکی وتی: «دەرمانی سڕکەرم پێ نییە، بەلاّم هاوارەکانی ئەوەندە گرنگ نین. زۆر گرینگ نییە، چونکە ئەمە شتێکی ئاساییە.»

مێردی ژنەکە لەسەر تەختەکەی سەرەوەدا وەرسووڕاو ڕووی لە دیوار کرد. ئەو ژنەی لە چێشتخانەکە بوو ئاماژەی کرد کە ئاوەکە وەکوڵ هات. باوکی نیک چووە چێشتخانەکە و نیوەی ئاوی کترییەکەی کردە تەشتێکەوە؛ پاشان دەسرەیەک کە گرێدرابوو دەری هێنا و گرێکەی کردەوەو ئەو شتانەی تێدا بوون کردیە ئاوی کترییەکەوە.

پاش کردنی ئەمە وتی: «ئەمانە دەبێ لە ئاوەکەدا بکوڵێن «ئەمجار دەستی لەنێو ئاوەگەرمەکەدا بەو سەلکە سابوونەی شووشتن کە لە کەمپەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی.

نیک سەیری دەستی باوکی دەکرد کە چۆن سابوونەکەیان لێکتری دەخشاند. لە کاتێکدا باوکی بەوردی و بەجوانی خەریکی شتنی دەستەکانی بوو، دەگەڵ نیک دوا.

– دەزانی نیک، بەشێوەی ئاسایی و سروشتی کاتێ منداڵ لە دایک دەبێ لە پێشدا سەری دێ. بەلاّم هێندێ جار وانابێ.

– ئەگەر وا نەبێ، کۆمەڵێک کێشەو گرفت دێنە بەرەوە.

– لەوانەیە پێویست بێ ئەم خانمە نەشتەرگەری بکەم. هەتا هێندێکی تر ئەمەمان بۆ دەردەکەوێ.

ئەوکاتە کە دکتۆر بەتەواوی لەوە ڕازی بوو کە دەستەکانی بە جوانی خاوێن بوونەوە، چووە ژوورەوە و دەستی بەکارکرد.

دکتۆر وتی: «دەتوانی ئەم لێفەیە لادەی، جۆرج؟»

– «پێم باشە دەستم بەری نەکەوێ.» جۆرج وتی. مام جۆرج و سێ هیندییەکە ژنەکەیان گرت و دکتۆر دەستی بە نەشتەرگەرییەکە کرد. لەم کاتەدا ژنەکە لە تاوان گازی لە دەستی مام جۆرج گرت و ئەویش لە تاوان هاواری کردو وتی: «بەرم دە ماڵوێران!» ئەو هیندییەی لاوەی کە قایەقەکەی مام جۆرجی لێ خوڕیبوو، بە مام جۆرج پێکەنی. نیک تەشتەکەی بۆ باوکی گرتبوو. ماوەیەکی زۆری خایاند هەتا منداڵەکە لە دایک بوو. باوکی نیک منداڵەکەی بەرز کردەوە و بە بەری دەستی لە پشتی دا بۆ ئەوەی هەناسە بکێشێ. پاش ئەمە دکتۆر منداڵەکەی دایە دەستی ئەو پیرێژنەی لەوێ بوو.

ئەمجار باوکی نیک بە کوڕەکەی وت: «ئەمەش منداڵەکە!» دوایی درێژەی دا و وتی: ئەم کارەت بەلاوە چۆنە؟»

نیک وتی: «باشە» ئەوسا ڕووی لەو لا کردبوو بۆ ئەوەی چاوی بەوە نەکەوێ باوکی چی دەکا.

باوکی وتی: «زۆر باشە ئێستا ئیتر تەواو بووین.» دواتر شتێکی خستە نێو تەشتەکەوە، نیک سەیری

نەکرد.

باوکی وتی. «ئێستا کاتی ئەوەیە چەند دانە تەقەڵ لەو جێگایە بدەم کە بڕیومە. ئەگەر حەزت لێ بێ دەتوانی سەیری بکەی.»

نیک سەیری نەکرد. حەزی سەیر کردنی تێدا نەما.

باوکی تەواو بوو و هەستایە سەرپێ. مام جۆرج و سێ پیاوەکەش هەستانە سەر پێ. نیک تەشتەکەی بردەوە چێشتخانەکە. مام جۆرج سەیری دەستی کرد. هیندییە لاوەکە بزەی هاتێ.

دکتۆر وتی: «هێندێ پیرۆکسیدت بۆ لێدەدەم.» پاشان هەستی لە ژنەکە ڕاگرت.

ژنەکە ئێستا ئارام بوو و چاوی لێک نابوون. ئەو گەلێ ڕەنگی پەڕیبوو. ئاگای نە لە منداڵەکەی ما نە لە خۆی.

دکتۆر هەستا سەر پێ و وتی بەیانی دەگەڕێمەوە پەرستارەکە دەبێ هەتا لای نیوەڕۆ لە St. Tagnace وە بگاتە ئێرەو هەرچی پێویستمان بێ، ئەو دەگەڵ خۆی دەیهێنێ.

دکتۆر هەستی بە شانازی دەکرد و هاوکات هەستی دەکرد وەک ئەو یاریزانانەی کە لە ژووری جل گۆڕین، لە ڕادەبەدەر زۆر بلێیی کردووە.

باوکی نیک ڕووی لە مام جۆرج کرد و وتی: «بەڵام جۆرج ئەمەیان لەمەڕ کاری پزیشکی بوو.»

نەشتەرگەری سزاریان بە چەقۆ و لێدانی نۆ تەقەڵ بە دریژی نۆ فووت بە دەرزی و چەرمی ڕیخۆڵە، ئەنجام دا.

مام جۆرج پاڵی وە دیوارەوە دابوو و سەیری دەستی دەکرد.

دکتۆر وتی: «دەباشە دەزانین پیاوێکی خاسی.»

پاشان وتی: «با ئێستا سەیرێکی ئەم باوکە سەر بڵندە بکەین، ئەوان لە دۆخی وادا گەلێ ئازار دەکێشن.» قسەی تێدا نییە ئەم کابرایە زۆر لە سەرەخۆ بوو.

دکتۆر پەتووەکەی لەسەر سەری کابرا لابرد. دەستەکانی تەڕ بوون. بۆوەی بزانی چی ڕوویداوە چووە سەر قەراغی تەختەکەی خوارەوە و بەو چرایەی بە دەستییەوە بوو، خۆی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی سەیری کابرا بکا. باوکی منداڵە تازە لە دایک بووەکە، ڕووەو دیوار کەوتبوو و ملی لە گوێوە بۆ گوێ بڕدرابوو. خوێن فیچقەی کردبوو و لەو جێگایەی جەستەی لەسەر تەختەکە قوڵی دروست کردبوو خوێن گۆمیلکەی بەستبوو. کابرا سەری لەسەر دەستی چەپێ بوو. تیغێک کە دەرهاتبوو و دەمەکەی ڕووەو سەر بوو لەسەر لێفەکە کەوتبوو.

دکتۆر بە جۆرجی وت: «نیک بەرە دەرەوە.»

پێویستی نەدەکرد. نیک لەبەردەگای چێشتخانەکە وەستابوو و لەوێوە ڕوانگەیەکی باشی بەسەر تەختەکەدا هەبوو کە پیاوە مردووە هیندییەکەی لەسەر بوو. لەبەر شۆقی ئەو چرایەی بەدەستی باوکییەوە بوو، ملی کابرای بینی کە باوکی بەدەستی خواری کردەوە.

ئەوەندەی نەمابوو ڕۆژ هەڵبێ. لەکاتی گەڕانەوەیان بەنێو دارەکاندا بەرەو دەریا، باوکی بە نیکی وت: «داوای لێبووردنت لێ دەکەم لەبەر ئەوەی تۆم هێنایە ئێرە. ئەمە بۆ تۆ دۆخێکی گەلێ ناخۆش بوو.»

دکتۆر بەدەم وتنی ئەم قسانەوە هەموو ئەو هەستی سەر بڵندییەی پاش نەشتەرگەرییەکە هەی بوو نەما.

نیک پرسیاری کرد: «هەموو ژنان ئاوا بە زەحمەت منداڵیان دەبێ؟»

– «نا ئەمەیان زۆر تایبەت بوو.»
– «باوکە! بۆ خۆی کوشت؟»
– «نازانم نیک، بە گومانم تەحەمولی وەزعەکەی بۆ نەکرابوو.»
– «باوکە پیاوان زۆر خۆ دەکوژن؟»
– «ئەوەندە نا.»
– «ژنانیش ئەمە دەکەن.»
– «بە دەگمەن.»
– «هەرگیز ئەمە ناکەن؟»
– «با جار جار وادەکەن.»
– «باوکە!»
– «بەڵێ.»
– «مام جۆرج بۆ کوێ چوو؟»
– «ئێستا پەیدا دەبێتەوە.»
– «باوکە مردن گرانە؟»
– «نا نیک، پێم وایە ئاسانە. پێوەندیشی هەیە.»

لە نێو قایەقەکەدا دانیشتن، نیک لە پشتەوە دانیشتبوو و باوکی سەوڵی لێدەدا.

هەتاو لە پشت گردەکانەوە وەدەرکەوتبوو. ماسییەک لە ئاوەکە پەڕییە دەرەوەو بازنەیەکی لەسەر ئاوەکە دروست کرد. نیک دەستی خستە ناو ئاوەکە. ئەو هەستی بە گەرمی دەکرد لەو بەرە بەیانە ساردەدا. لەو بەرە بەیانە زووەدا لە کاتێکدا باوکی نیک لە بەشی پشتەوەی قایەقەکەدا دانیشتبوو و سەوڵی لێدابوو، نیک ئەو هەستەی تێدا دروست ببوو کە هەرگیز نامرێ.

**سەرچاوە:**

**لە کۆمەڵە چیرۆکی In our Times وەرگیراوە.**

# خوازبێنی (١)

## کۆمیدیایەک لە یەک پەردەدا

**ئەنتۆن چیخەف(٢)**
**لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی**
**(بەریتانیا)**



**کەسەکان:**

- ستێفان چوبوکۆڤ(٣)، خاوەن زەوییەک
- ناتاشا(٤)، کچی ستێفان، ٢٥ ساڵان
- ئیڤان لۆمۆڤ(٥)، خاوەن زەوی، دراوسێی چوبوکۆڤ، قەڵەو، زۆرخۆر، بەڵام ماخولیا

چیرۆکەکە لە ژووری میوان لە هەوارە ماڵی چوبوکۆڤەکان ڕوودەدات.

**پەردەی یەکەم**

[چوبوکۆڤ لە ژوورەکەدایە. لۆمۆڤ دواتر دێتە ژوورەوە. جلوبەرگی شەونشینی(٦) لەبەردایە و جووتێ دەستکێشی سپی لەدەست کردووە.]

**چوبوکۆڤ [بەرەو پیری دەچێت]:** باشە، ئەوە ئیڤان لۆمۆڤە یان چاوم ڕەشکێنە و پشکێنە دەکات، کوڕە پیرە! خۆشحاڵم [دەست ومشتاق دەکەن.] دەڵێم، هاوڕێی کۆن ئەوە شتێکی سەیرە! کەیفت چۆنە؟

**لۆمۆڤ:** گەلێک باشم، سپاس بۆ تۆ، خۆت چلۆنی؟

**چوبوکۆڤ:** خراپ نیم کوڕە باشەکە! سپاست دەکەم حاڵم دەپرسی و شتی وا، ئێستاش فەرموو دابنیشە. قەت دراوسێکەت لەبیرمەکە، هاوڕێی کۆن- چی؟ بەڵام بۆچی وا بە ڕەسمی هاتووی، کوڕە پیرە- فراک(٧)، دەستکیش و شتی تر؟ خۆ بۆ هیچ کوێیەک نەدەچووی، دۆستی بەڕێز؟

**لۆمۆڤ:** نەخێر تەنیا هەر بۆ ئێرە هاتم، چوبوکۆڤی خۆشەویست.

**چوبوکۆڤ:** دەی باشە، ئەو فراک لەبەر کردنەت بۆچی بوو، هاوڕێی بەڕێز؟ بۆچی خۆت وا زەحمەت داوە؟

**لۆمۆڤ:** باشە، بڕوانە، مەسەلە ئەوەیە- [قۆڵی

دەگریێت] هاتم تکای چاکەیەکت لێ بکەم، چوبوکۆڤی خۆشەویستم، ئەگەر زۆری بە زەحمەت نەزانی، من پێشتریش هەر توانیومە یارمەتیت لێ بخوازم، جاریکیش نا چەندان جار، تۆش هەموو جار، بەدەنگمەوە هاتووی، بەلاَم ببووره من زۆر لەسەرخۆنیم. هەندێ ئاو دەخۆمەوە. چوبوکۆڤی خۆشەویستم. [ئاو دەخواتەوە].

**چوبوکۆڤ [دەچێتە ئەولاترەوە]:** هاتووە پارەم لێ بخوازێ. نابێ فلسێکی بدەیێ! [رووەدەکاتە ئەو]: باشە، چییە دۆستی ئازیز؟

**لۆمۆڤ:** بروانە چوبوکۆڤی خۆشەویست! تکایە لە خەتام ببووری. وەک دەبینی لەسەرخۆنیم و قسەکانم باش بۆ نایەت. هەر بەراستی تەنیا تۆی دەتوانی کارەکەم رابپەرێنی. گەرچی من خزمەتێکی وام نەکردووە شایانی یارمەتی بم. خۆ دیارە، هێن، مافی ئەوەش بەخۆم نادەم حیساب لەسەر لوتفت بکەم!

**چوبوکۆڤ:** تکا دەکەم قسەکە زۆر کێش پێ نەدەی هاوڕێی پیر! ڕاست و ڕەوان بلێ بزانم چت دەوێ! باشە.

**لومۆڤ:** بەلێ باشە هەر ئێستاکە عەرزت دەکەم. کورت و کرمانجی هاتووم داوای ناتاشای کچت بکەم.

**چوبوکۆڤ [بەشادییەوە]:** لومۆڤ گیانم، تکایە دووپاتەی بکەیەوە، زۆرباش بەرگوێم نەکەوت.

**لومۆڤ:** بە شانازییەوە داوای–

**چوبوکۆڤ [قسەکەی پێ دەبڕێت]:** کوڕە پیرەی خۆشەویستم! چ خۆشحالم و شتی تر. بەلێ بەڕاست– هێن، چی؟ [لە باوەشی دەگرێت و ماچی دەکات.] لەمێژ ساڵە چاوەنواڕی ئا ئەم ڕۆژەم! ئەی ئاواتی لەمێژینەم! [دەنکێک فرمێسک بەچاویدا دێتە خوارەوە.] هەموو کاتێ وەک کوڕی خۆم خۆشم ویستووی– بەختەوەربن بۆ هەمیشە– هێن. من هەمیشە بەتەمابووم– بەلاَم بەڕاست بۆچی من لێرە وەک یاساوڵ ڕاوەستاوم! لەخۆشییان شاگەشکەبووم. هەر بە ڕاستی گێژو وڕبووم. بەگیان و دڵ– دەبێ بچم بانگی ناتاشای کچم بکەم و شتی تر.

**لۆمۆڤ:** زۆر خۆشحالم چوبوکۆڤ گیان! پێت وایە جوابی چ دەبێ؟ هیوادارىم؟

**چوبوکۆڤ:** تۆ یەکی بەو جوان چاکییە بداتە دواوە؟ گونجاونییە! مەرج بێت هەر بۆت شێتیش دەبێ و هێن.

## پەردەی دووەم
## [لۆمۆڤ بە تەنیایی]

**لومۆڤ:** من سەرمامە، وەک گەلایەک دەلەرزم. بڕیار بدە! ئەوە کارێکی گرنگە، ئەگەر مەسەلەکە زۆر بجووی، ژن هێنانیش لێت دەچێتە سەر پشتی شێر، هەردوو دڵ بی و هەر باسی لێوە بکەی و تەمای ئەوینی ڕاستت بێت، ئیتر ناتوانی هەرگیز ژن بهێنی. هێن.. سەرمامە. ناتاشا ژنی ماڵە، باشە ناحەزیش نییە و خوێندەوارە، ئەی لەوە زیاتر چیت دەوێ؟ بەلاَم من زۆر پەلە دەکەم، گوێچکەم دەزرینگێتەوە [ئاو دەخواتەوە]. ئیتر پێویستە ژن بهێنم. یەکەم، تەمەنم سی و پێنج ساڵە، تەمەنێکی گرنگە. دووەم، پێویستە ژیانێکی ڕێکوپێک بۆ خۆم دابین بکەم. وا ماوەیەکە ئازاری دڵم تووش بووە و بەردەوام... وەک بێچووە پشیلە تووڕەم. خۆم زۆر چاک بۆ ڕاناگیرێت، خەریکە لێوم دەلەرزێ، پێڵووی چاوی ڕاستیشم دەپەرێ، بەلاَم لە هەمووان خراپتر کاتی شەوە. هەر چوومە ناو جێگاکەوە خەوم لێ کەوت و نەکەوت، ئەم پەراسووەی لای چەپم زیرەیەکی تێ دەوەستێ دەلێی بە خەنجەرێکی تیژ دەیئەنجنن. پاشان ئێشەکە دەکشێ بۆسەرشانم تا دەگاتە تەپلی سەرم. ئینجا وەک شێت ڕادەپەڕم، پیاسەیەکی بۆ دەکەم و هەمیسان ڕادەکشێمەوە، بەلاَم هەر ئەوەندەی وەنەوزێکم دا، زیرەی گۆڕین دەگەڕێتەوە ناوگیانم، جارێکیش نا شەوی زیاد لە بیست جار.

## پەردەی سێیەم
## [ناتاشا و لومۆڤ]

**ناتاشا [دێتە ژوورەوە]:** ئای ئەوە تۆی؟ سەیرە. باوکم گوتی مشتەرییەکمان بۆ هاتووە دەیەوێ کەرەسەیەک، شتێک بکرێت. بەیانیت باش جەنابی لۆمۆڤ!

**لومۆڤ:** بەیانی تۆش باش، خاتوو چوبوکۆڤی خۆشەویستم.

**ناتاشا:** لێم ببورە. بۆچی وا بەم بەرهەڵبێنەیەوە هاتوومە ژوورێ؟ جل و بەرگم بۆ هاتنی میوان نەگۆڕیوە. خەریکین پاقلە هەڵدەخەین وشکیان بکەینەوە لەمێژە سەرت نەداوین، تکایە فەرموو دابنیشە [هەردووکیان دادەنیشن]. نانی نیوەڕۆت خواردووە؟

**لومۆڤ:** سپاست دەکەم، خواردوومە.

**ناتاشا:** جگەرەچی؟ ئەوەش شەمچە. ئەمڕۆ هەوا چەندە خۆشە! بەلاَم دوێنێ هێندە باران باری، پیاوەکان ئیشیان بۆ نەکرا. وا هەیە چەند باقەیەک وێنجەتان درووبێتەوە؟ من هەندێک لە چەریم کرد، چووم هەموو وێنجەی خۆم درووەوە، ئەوا ئێستا پەشیمانم، دەترسم

هەمـووم لێ بڕزێن. باشـتـر وابوو هەندێک دەسـتـی لێ ڕابگرم، بەڵام ڕاوەستە بزانم، ئەوانە چین؟ وەک جلوبەرگ شـــەونشـــینی دەچن، ئەوەش ســـەیرە. بۆشـــایی و هەڵپەڕکێیەک یا شتێکی وا دەچی؟ بەو جلوبەرگەوە زۆر جوان دەنوێنێ. بەڕاست بۆچی خۆت لە کۆڵ داوە؟

**لۆمۆڤ [بەترس و لەرزەوە]:** دەزانی خاتوو چوبوکۆڤ، ڕاستییـەکـەی هاتووم داوات لێ بکەم گوێ بۆ قسەکانم ڕابگری. ڕەنگە بەســـەیری بزانی یان تووڕەبی، بەڵام ئەمن... [دەچێتە ئەولاترەوە]: هەست بەسەرما دەکەم.

**ناتاشـــا**: دەی باشـە بابزانین چییـە؟ [سـەبرێک دەگرێت]، باشە چییە؟

**لومۆڤ**: هەوڵ دەدەم، لە کورتی بیبڕمەوە.. هەروەک بۆ خـۆت ئاگـاداری خـاتوو چوبوکـۆڤ، من لـەمـێـژ ســاڵە بەناسـینی بنەمـاڵەی گـەورەی ئێـوە سـەرفـرازبووم. لەڕاستیـدا هەر لەمنداڵییەوە پووری خوالێخۆشبووم و مـــێـــردەکـــەی ڕێزی زۆریـان بۆ باوکت و دایکە بە هەشتیـەکەت هەبووە، هەر ئەو پوورەی وا، وەک دەزانی، مڵکەکەی بەمن بڕا. بنەماڵەی لومۆڤ و چوبوکۆڤ هەتا بووە هەر بەدۆسـتـایەتی یەکـتـر شـادبوون. واهەیە بڵێی ئێمـە زۆر خـۆمـانەین. لەوەش زیـاتر، وەک خـۆت دەزانی ئێمە مەزرامان لێک دەگەڕێتەوە. وا هەیە لەبیرت بێت کـە زەویەکـەی من لە «مـەزرای ئۆکس پێن» (٨) ڕاست کەوتۆتە تەنیشت دارستانەکەی ئێوەوە.

**ناتاشـــا**: ببووره لێم وا قسـەکـەت پێ دەبڕم، گـوتت «مـەزرای ئۆکس پێنی من»! بێ گـومـان ئەو قـسـەیەت بەجددی نەکرد.

**لومۆڤ**: بەڵێ خاتوون، بەجیددیم بوو.

**ناتاشا**: بەخوا جوانە! مەزرای ئۆکس پێن هی ئێمەیە و هی تۆ نییە!

**لومـۆڤ**: هەڵەیە خـاتوو چوبوکـۆڤی بەڕێز، هی منە و بەس!

**ناتاشـــا**: ئەوا من تازەی دەبیـسـم، ئەمـە چۆن بـوو بە موڵکی تۆ؟

**لومۆڤ**: چۆن یانی چۆن؟ من باسی مەزرای ئۆکس پێن دەکەم، ئەوەی هەر وەکو هۆرەیەک چۆتە نێوان دارسـتـانی ئێوەو زەلکە سووتاوەکە.

**ناتاشا**: جا ئەوەی وا تۆ باست کرد هی ئێمەیە!

**لومـــۆڤ**: بە هەڵەچووی خـاتوو چوبوکـۆڤی بـەڕێز، هی منە و بەس!

**ناتاشـــا**: ئۆف، وازی لێ بهـێنە جـەنابی لومـۆڤ لە کەنگێوە بۆتە هی تۆ؟

**لۆمـــۆڤ**: لەکـەنگێـوە؟ لەوەتی گـوێم لێ ڕواوە هی ئێمەیە!

**ناتاشا**: دەڵێم ئەمە بەڕاستی هەندێک تیژڕەوییە.

**لومـــۆڤ**: بەڵام دەبێ چاو بە قـەباڵەکـەیدا بخشـێنی خاتوو چوبوکۆفی بەڕێز، سەردەمێک مەزرای ئۆکس پێن بوو بەهۆی کێشە و مشـتـومڕ، بەڵام ئێستاکە، دڵنیات دەکەم هی منە، هەموو عـالەم دەزانێ و کێشە و هەراشی پێویست نییـە. ئیـجـازە بدە بۆتی ڕوون بکەمـەوە، باوە گـەورەی پوورم مەزراکەی بە بەلاش دا بە ڕەعـیـەتی باوە گـەورەت بۆ ئەوەی لەپاداشتی ئەرکی خشت پێژاندا بۆ مـاوەیەکی دیاری نەکـراو کـەڵکی لێ وەربگرن. وا ٤٠ ساڵێک دەبێت کـە ڕەعـیـەتی باوە گەورەت مـەزراکـەیان بەبێ پارە بە دەسـتـەوەیە و وەک مـوڵکی خـۆیانی سـەیر دەکەن. ئینجا کاتێ کە یاسای حکوومی بۆ دیاری کردنی زەوی هاتەکایەوە-

**ناتاشـا**: نەخێر، ئەوانە هەمـووی هەڵەن. باوە گـەورە و باوکی باوەگەورەشم زەویەکـەیان تا دەگاتە زەلکە سووتاو بەهی خۆیان زانیوەو بەم پێیە، مەزرای ئۆکس پێنیش هی ئێمە بووە. چەلە حانێی بۆ چییە؟ من وای دەبینم. ئەوە شێواندنی مەسەلەکە نەبێ هیچ نییە.

**لۆمــــــۆڤ**: من قـەباڵەکـانت نیـشـان دەدەم، خـاتوو چوبوکۆڤ.

**ناتاشا**: ئۆف، وێدەچی گاڵتەبکەی یاخود منت کردبێتە گـاڵتـەجاڕ. ئەوە شـتـێکی سـەمـەرەیە! سێ سـەد سـاڵە خـاوەنی زەوییـەکی و ئێـسـتـا کـەسێک ڕاست بۆتەوە و دەڵێ هی تۆ نییـە! ببووره لێم جەنابی لۆمـۆڤ، من هەر باوەڕ بە گـوێچکەی خۆم ناکـەم. زەویەکـە تەنیـا جێگەی ١٢ دۆنمە و لە ٣٠٠ ڕوبلیش زیاتر ناهێنێ، بەڵام ئەوە دادپەروەرانە نیـــیـــە و- هەربۆیەش ئازارم دەدات. من بێـدادیم پێ قـەبووڵ ناکـرێت، گـوێشم لێ نیـیـە تۆ چ دەبێژی.

**لومـــۆڤ**: گوێت لەمن بێت. لەگەڵ ڕێزمدا، ڕەعـیـەتی باوە گـەورەت خـشـتـی سـووریان بۆ باوەگـەورەی پوورم ئامـادە کـردووە. باوە گـەورەی پووریشم پێی خـۆش بووە یارمەتییان بدات-

**ناتاشـــا**: باوە گـەورە، دایە گـەورە، پوور. ئەم قـسـانە واتایان چییە؟ مەزرای ئێمەیە و چوو بڕایەوە!

**لۆمۆڤ**: هی منە.

**ناتاشـــا**: هی ئێـمـەیە! ئەوەندەی لێ بڵێ تا گـاڕان

دەگەڕێتەوە ماڵ! ئەگەر دوازدە بەرگی ڕەسمیش لەبەر بکەی گوێم لێ نییە. مەزرا هی ئێمەیە، هیّ ئێمەیە، هی ئێمەیە! من مولّکی تۆم ناوێ، بەلاّم مولّکی خۆشم نابەخشم، بۆم گرنگ نییە تۆ چۆنی بۆ دەچی!

**لومۆڤ**: خاتوو چوبوکۆڤی خۆشەویست، مەسەلە ئەوە نییە کە من پێویستم بەو مەزرایە هەبێت، مەسەلەی ئوسوولە. ئەگەر دەتەوێ ئەوا وەک پێشکەشییەک دام بەتۆ.

**ناتاشا**: بەلاّم هی منە و ئەگەر بمەوێ، من دەیدەم بەتۆ- مولّکی منە. زۆر شتێکی سەمەرەیە خۆ ئەگەر لەوەخراپتریش نەبێت! ئێمە تۆمان وەک دراوسێ و دۆستێکی باش سەیر دەکرد، جەنابی لۆمۆڤ هەر ساڵی پار جەنجەڕی خۆمان بۆ ناردی ئیشەکەی خۆمان ڕاوەستاند و هەتا مانگی سەرماوەز جەنجەڕمان بۆ نەکرا. وا وێدەچێ ئێمە قەرەج بین کە تۆ وامان لەگەڵ دەبزوویەوە. خەریکی مولّکی خۆم پێشکەش بەخۆم دەکەیەوە. ببوورە لێم ئەوە هەڵسوکەوتی دراوسێیانە نییە تۆ دەیکەی. ئەگەر لەمن بپرسی ئەوە ملهوڕییەکی تەواوە.

**لومۆڤ**: کەوابێ من مولّکی خەڵکانی تر داگیردەکەم، بەلاّم کەس ئەوەت بۆ ناسەلمێنێت [بەخێرایی دەچێت بۆ لای تونگەی ئاوەکە و ئاو دەخواتەوە]. مەزرای ئۆکس پێن هی منە.

**ناتاشا**: ئەوە درۆیە، هی ئێمەیە.

**لومۆڤ**: هی منە.

**ناتاشا**: ئەوە درۆیە و من بۆ خۆمی دەهێڵمەوە. پیاوەکانم دەنێرم هەر ئەمڕۆ بچن بیدروونەوە.

**لومۆڤ**: چیت گوت؟

**ناتاشا**: پیاوەکانم ئەمڕۆ لەسەر مەزراکە دەبن!

**لۆمۆڤ**: باشە بابچین، بەلاّم لەوێ دەردەکرێن و گوێچکەشیان دێتە دەرێ!

**ناتاشا**: هەرگیز ناوێری.

**لومۆڤ [دەست بەدڵیەوە دەگرێت]**: مەزرای ئۆکس پێن هی منە. گوێت لێیە؟ هی من!

**ناتاشا**: تکایە نەڕە نەڕ نەکەی. لەماڵی خۆتدا خۆت سوورو شین بکەوە، بەلاّم مەمنوون دەبم لەم ماڵەدا زمانی مەدەنیت هەبێت.

**لومۆڤ**: خاتوون! ئەگەر لەبەر ئەو ئازارەی دڵم نەبوایە و ژانەسەر لێم بگەڕایە، پێویست بوولەو تێگەیشتنەی خۆم بەشێکم پێ بدایەی [دەنەڕێنێت]: مەزرای ئۆکس پێن هی منە.

**ناتاشا**: واتە دەڵێی هی ئێمەیە!

**لومۆڤ**: هی منە!

**ناتاشا**: هی ئێمەیە

**لومۆڤ**: هی من.

## پەردەی چوارەم

## [ئەوانەی سەرەوە و چوبوکۆڤ]

**چوبوکۆڤ [دێتە ژوورەوە]**: ئەوە چ قەوماوە؟ بۆچی وادەکەن؟

**ناتاشا**: باوکە، مەزرای ئۆکس پێن هی کێیە؟ بێ زەحمەت بەم جەنابە بڵێ هی ئەوە، یان هی ئێمەیە؟

**چوبوکۆڤ [بەلومۆڤ دەڵێ]**: هی ئێمەیە، کوڕە پیرە!

**لومۆڤ**: بڕوانە چوبوکۆڤ: چۆن شتی وا دەبێ؟ لانی کەم دەبێ تێگەیشتنێکت هەبێ! دایە گەورەی پوورم مەزرای بەشێوەیەکی کاتی و بەبێ کرێ دایە کرێکارەکانی مەزرای باوکت. ئەو گوندییانەش بۆ ماوەی چل ساڵ کەڵکیان لێ وەرگرت تا وای لێهات کە وابزانرێ گوایە مولّکی ئەوان بێت، بەلاّم کاتێ یاسای حکوومەتی هاتەپێشێ-

**چوبوکۆڤ**: ڕاوەستە بزانم پیاوی باش، تۆشتێکت لەبیرچوو. ئەو مەزرایە هەتا ئەمڕۆش هەرجێگەی مشتومڕبووە. هەربۆیە بوو کە گوندییەکان کرێیان نەدەدایە دایە گەورەت و شتی وا، بەلاّم ئێستا هی منە و سەگی ناوچەکەش ئەوە دەزانن. چی؟ تۆ نەخشەکانت نەبینیوە؟

**لومۆڤ**: هی منە و دەیسەلمێنم.

**چوبوکۆڤ**: ئۆف نا، کوڕە باشەکە، ناتوانی.

**لومۆڤ**: ئۆف با، دەتوانم.

**چوبوکۆڤ**: پێویست بەنەڕەو گوڕەناکات. نەڕاندن هیچ ناسەلمێنێ. چی؟ من چاوم لە زەوی تۆ نییە، بەلاّم ناشمەوێ هی خۆم لەدەستم بچێت. بۆ دەبێ کاری وابکەم؟ ئەگەر وای لێ بێت سوسیە کۆنە، کە بێی و کێشەی مەزراو شتی وا بهێنیە گۆڕێ، مەزراکە دەدەم بەڕەعیەت و نایدەمە تۆ! فەرموو.

**لومۆڤ**: تێناگەم چۆن مولّکی خەڵکی تر دەبەخشی! ئەمە هیچ واتایەکی بۆم نییە.

**چوبوکۆڤ**: ڕێم پێ بدە داوەرێکی باشی کارەکە بم ئێستا بڕوانە ئێرە، هاوڕێ گەنجەکەم- من عادەتم نییە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکرێت. چی! من دوو تەمەنی تۆم هەیە کوڕەکە! زۆرت مەمنوون دەبم ئەگەر وا

بەتووڕەیی قسەم لەگەڵدا نەکەی و شتی وا.

**لۆمۆڤ**: ئۆف، بەڕاست؟ دەبێ بە شێتم بزانی، ئەزیەتم دەدەی، دەڵێی زەوییەکە هی تۆیە و چاوەڕوانیشی تووڕە نەبم و بەهێمنی بدوێم. من تەواو ئەم شتە بەکارێکی نا هاوسێیی سەیردەکەم، چوبوکۆڤ! ئێوە دراوسێ نین، نەهەنگن!

**چوبوکۆڤ**: ببوورە لێم، چیت گوت؟

**ناتاشا**: پیاوەکان بنێرە دەرەوە بابچن خێرا مەزراکە بدوورنەوە!

**چوبوکۆڤ**: [بەلومۆڤ]: چیت گوت، ئەفەندم؟

**ناتاشا**: مەزرای ئۆکس پێن هی ئێمەیە و دەستی لێ هەڵناگرم، هەڵناگرم، هەڵناگرم!

**لومۆڤ**: باشە، دەیبینین! یاساتان لەسەردەکەم!

**چوبوکۆڤ**: دەیکەی. وانییە؟ کەوابوو ڕاست بۆی بچۆ جەناب و شتی تر. بچۆ شکاتمان لێ بکە جەناب! ئۆف، دەزانم چ جسناتێکی، دەشزانم خەریکی چ فێڵێکی و شتی وا، وانییە؟ شکاتی دادگا، چی؟ تۆ هەڵۆی دادگای،وانییە؟ هەموو خێزانتان شێتی شکات کردنن، هەر هەمووتان!

**لومۆڤ**: باش وایە سووکایەتی بە کەس و کارم نەکەی. ئێمەی لومۆڤ هەمیشە دروستکار بووین،هیچ کام لە ئێمە، کێشە و هەرای نەویستووە، وەک مامە بەرێزەکەی تۆ دەیویست!

**چوبوکۆڤ**: خانەدانی لومۆڤ هەمیشە هەر شێت بوون، ڕاست وەک ئەوانەی دەست دەوەشێنن.

**ناتاشا**: بەڵێ، هەر هەمووتان! شێتن!

**چوبوکۆڤ**: باوە گەورەت وەک چۆن ماسی ئاو دەخواتەوە، ئەویش عارەقی دەخواردەوە، پوور گەنجترەکەشت، ناوی چ بوو- ناستازیا- ڕەدووی میعمارێک کەوت و شتی وا.

**لومۆڤ**: دایکی تۆش گێربوو. [دەست بە دڵییەوە دەگرێت.] ئای زیرەکەوتەوە پەراسووم، سەرم لە گێژەوە دێت. خوایە هاوار. ئاوم بدەنێ!

**چوبوکۆڤ**: باوکت قوماربازبوو و بە قەدرایی بەرازێکی دەخوارد.

**ناتاشا**: پوورت خۆی لە هەمووشت هەڵدقورتاند!.

**لومۆڤ**: لاقی چەپم تەزیوە. ئێوەش بەهیچ شێوەیەک جێگەی متمانەنین. ئۆف دڵم! هەمووکەسیش دەزانێ کە ئێوە لەکاتی هەڵبژاردنەکەدا بەرتیل.... ئای، ئەستێرە بەچاودەکەم. کڵاوەکەم لەکوێیە؟

**ناتاشا**: چ قسەیەکی قۆڕ و بێ تام و بێ واتا!

**چوبوکۆڤ**: تۆ کەسێکی چەپەڵ و نالەبارو فێڵبازی!

چی؟ بەڵێ، جەناب!

**لومۆڤ**: ئاخ ئەوەتا کڵاوەکەم. دڵم- بەکوێدا بڕۆم. دەرگا لەکوێوەیە؟

ئۆف، لام وایە دەمرم. بە زەحمەت لاقم بەدوومدا دێت [بەرەو دەرگا دەچێت] چوبوکۆڤ [بەدوایدا دەچێت]. پێویست ناکات جارێکی تر هیچ کام لەو لاقانەت بخەیەوە ناو ماڵی من، جەناب!

**ناتاشا**: برۆ شکاتمان لێ بکە! بزانین چ دەبێت.

[لومۆڤ بەڕاکێش ڕاکێش دەڕواتە دەرەوە]

## پەردەی پێنجەم
## [چوبوکۆڤ و ناتاشا]

**چوبوکۆڤ**: ئۆف، چ شتێکی سەمەرەیە [بە حاڵەتێکی پەرێشان سەرو خواری ژوورەکە دەکات]

**ناتاشا**: هەی بێ تامی بێ ئەدەب! جا ئەو هەموو بەڵایەت بەسەربێت بۆ ئەوەی بڕوا بە دراوسێ خۆشەویستت دەکەی!

**چوبوکۆڤ**: هەی بەرازی لاهەڵدڕاو!

**ناتاشا**: دێوە زمەیەکی تەواوە! زەویت لێ داگیر دەکات و ئینجا دەوێرێ جنێویشت پێ بدات!

**چوبوکۆڤ**: ئەو گڵاوە، ئەو بێ عەقڵە، بێ کەڵکە، ئەوەندە ڕووداوە کە دەتوانێ بێتە ئێرە بۆخوازبێنی و شتی وا. چی؟ خوازبێنی! تۆ پێم بڵێ!

**ناتاشا**: خوازبێنی؟ وات گوت؟

**چوبوکۆڤ**: من نیوەشیم نەگوت! هاتبووە ئێرە خوازبێنی تۆ بکات!

**ناتاشا**: خوازبێنی؟ خوازبێنی من؟ ئەی بۆ پێشتر پێت نەگوتم؟

**چوبوکۆڤ**: هەربۆیەش خۆی لەو جلوبەرگەدا لە کۆڵدابوو. درۆزنی لەعنەتی!

**ناتاشا**: من؟ خوازبێنی من؟ ئۆف: [دەکەوێتە ناو کورسییەکی دەسکدارەوە بێ حاڵ دەبێت: بیهێننە دواوە، بیهێننە دواوە، و بیهێننەوە؟ دەڵێم بیهێننەوە!

**چوبوکۆڤ**: کێ بهێنینەوە؟

**ناتاشا**: زووبن، دەست و بردکەن! وا لە هۆش دەچم. بیهێننەوە [تووشی سەرسامی دەبێت.]

**چوبوکۆڤ**: ئەوە چییە؟ چیت دەوێ؟ [سەری خۆی دەگرێت.] ئەی چارە ڕەشی! دەبێ سەری خۆم لە دیوار

بدەم. بێزاربووم لێیان!

**ناتاشا**: وادەمرم. بیهێننەوە!

**چوبوکــۆف**: هۆ هۆ! دەی باشـە. پێـویست بە نەڕاندن ناکات [بەڕاکردن دەچێتە دەرەوە.]

**ناتاشــا**: [بەتەنیـایی. دەناڵێنێ]. ئای چیـمان کرد؟ بیهێنن، بیهێنن، بیهێننە دواوە!

**چوبوکۆف**: [بەهەڵاتن دێتە ژوورەوە]. پاش چرکەیەک دێتــە ژوورەوە و شــتی وا، لەعنەتی لێ بێت! هۆهۆ! تۆ قسەی لەگەڵدابکە- من پێم خۆش نییە. چی؟

**ناتاشا [دەنەڕێنێ]**: وا دێتەوە. پێت دەڵێم.

**«چارەنووسم، ئەی خودایان، زۆر خراپە**
**بۆ کچێکی قەیرە بوومەتە بابە!»**

ملی خـۆم هەڵدەبڕم. بەڵێ دەیکەم! ئێـمـە کـابرامـان جنێـوباران کـرد، سـووکـمـان کـرد، تێـهـەڵدەبڕۆمـان کـرد. هەمووش هەر کاری تۆ بوو.

**ناتاشا**: نەخێر، وانەبوو، تۆ بووی.

**چوبوکۆف**: کەوابێ خەتای من بوو، چی؟

[لۆمۆڤ لەبەر دەرگا دەردەکەوێت]

**چوبوکـۆف**: باشە، ئێستا تۆ لەگەڵیدا بدوێ. [دەچێتە دەرەوە].

## پەردەی شەشەم
## [ناتاشا و لومۆڤ]

**لومـۆڤ [دێتـە ژوورەوە. نارەحـەتە]**: دڵـم تـوند لـێ دەدات، لاقم لەدووم نایەت، ئێـــشی کـــەلەکـــەشم گەڕاوەتەوە.

**ناتاشــا**: بەداخەوەم کە هەندێک هەڵچووین، جەنابی لومۆڤ. من هەر ئێسـتـا وەبیرم هاتەوە- مـەزرای ئۆکس پێن بەڕاست هی ئێوەیە.

**لومـۆڤ**: دڵەتەپێیەکی توندمە. مەزراکە هی منە. هەر دووچاوم دەپەڕن.

**نـاتاشـــا**: مـەزراکـە بەدڵـنیـایی هی تۆیە. دانیـشـە [هەردووکیان دادەنیشن]. ئێمە هەڵە بووین.

**لومـــۆڤ**: ئەوە مـەسەلەی ئوسـوولـێـیـەتە. زەوییـەکـە شتێک نییە من هەر گوێم لێ بێت، ئەوە ئوسـوولـێـیـەتی مەسەلەکەیە گرنگە.

**نـاتاشـــا**: وایە، ئوسـوولـێـیـەت، ئێسـتـا لێگەڕێ با بابەتەکە بگۆڕین.

**لۆمــۆڤ**: بە تایبـەت کـە من دەتوانم بیسـەلمێنم. باوە گەورەی پوورم، بە ڕەعییەتی باوە گەورەی باوکتی...

**ناتاشا**: باشە. هەمووی وایە. [دەچێتە ئەولاتر] نازانم چۆنی دەست پێ بکەم.

[ڕوودەکـاتـە ئەو]: ئایا هیـچ لەبیـری ئەوەدا هەی بەم زووانە بچیە ڕاو؟

**لومۆڤ**: بەڵێ، خاتوو چوبوکۆڤی خۆشەویستم، لەبیری ئەوەدام دوای حـاسڵ بچـمـە ڕاوی کەڵەشێـری جەنگەڵی بەڵام، دەڵێم، بیستووتە؟ کەم بەختیـەکی زۆرم بۆ هاتۆتە پێشێ. سەگەکەم گۆپاڵ(٩) دەناسی؟ ئێستا دەشەلێ.

**ناتاشا**: ئۆف، بەداخەوەم. چۆن وای لێهات؟

**لومۆڤ**: نازانم. دەبێ لاقی ڕەگ بەڕەگ بووبێت یاخود سەگێکی تر گازی لێ گرتبێت.

[ئاخ هەڵدەکشێ.] سەگە خاسەکەم، باسی ئەوەناکەم چۆن دوای خـسـتم. دەزانی؟ سەدو بیـست و پێنج ڕۆبلم بۆدا بە میرۆنۆڤ(١٠)؟

**ناتاشا**: گرانت کڕیوە، جەنابی لومۆڤ.

**لۆمۆڤ**: لەمن دەپرسی زۆریشم هەرزان کڕی. سەگێکی گەلێک باشە.

**نـاتاشــــا**: باوکم تەنیـا هەشـتـا و پێنج ڕۆبلی دا بۆ قەپاڵ(١١). دیارە قـەپاڵیش گەلێک لەگۆپاڵ باشـترە و تۆش ئەوە دەزانی.

**لـومــــۆڤ**: قـەپاڵ لەگـۆپاڵ باشـتـر بێت! ئۆف، دەست هەڵبگرە! [پێـدەکـەنێت]. قـەپاڵ سـەگێکی باشـتـر بێت لەگۆپاڵ؟

**ناتاشا**: دیارە باشترە. قەپاڵ گەنجترە. ڕاستە و هێشتا تەواویش پێ نەگەیشتووە. خۆ ئەگەر هەموو کولانە سەگی ئەم وڵاتە بگەڕێی هیچ سـەگـێک نـادۆزییـەوە لەو باشـتـر قەپاڵ بگرێت.

**لـومـــۆڤ**: بەداخـەوەم خـاتوو چوبوکـۆڤ، بەڵام لەبیـرت چووە کە، شەویلکەی خوارەوەی کورتە و سەگێکی ئەوتۆ ناتوانێ قەپاڵی باش بگرێت.

**ناتاشا**: ئۆف، شتی وا نابێت! ئەوە شتێکی نوێیە بۆم!

**لومۆڤ**: چەنەی کورتە و دەتوانی باوەڕم پێ بکەی.

**ناتاشا**: بۆچی، مەگەر ئەندازەت گرتووە؟

**لـومــۆڤ**: بەڵێ، گرتوومە. بەشێوەی سروشتی بۆ ڕاو باشە، بەڵام کاتێ دێیە سەر مەسەلەی هێنانەوەی ڕاوەکە، ئیتر حیکایەتێکی جیاوازە.

**ناتاشا**: یەکەم، قەپاڵ تووکێکی جوانی هەیە و ڕەسەن نامــەکــەی بەقــەدرایی باسکی تۆ درێژە. ســەبارەت بە ڕەنگی خـۆڵەمـێـشی پێـسـتی، لە چاو ڕەنگی ئەبڵـەقی سەگەکەی تۆ، دیارە ئەو زۆر لەپێشـترە و هەمووکـەسیش

ئەوە دەزانێ کە ئەو زۆر جیاوازە لەسەگەکەی تۆ کە دەڵێی ئەسپی داشقە شکاوە.

**لومۆڤ**: وا هەیە پیر بێت، بەڵام بەشەش قەپاڵی تۆی نادەم- بێ گومان نایدەم!

گۆپاڵ سەگێکی بەڕاست سەگەو قەپاڵ- بۆچی، بۆ مشتومڕ نابێت. هەموو کولانە سەگێک پڕە لە قەپاڵ، بە بیست و پێنج ڕۆبلیش بیکڕێ هەر گرانت کڕیوە.

**ناتاشا**: لەوە دەچێ ئەمڕۆ شەیتان لە کلێشەی دابێتی، جەنابی لۆمۆڤ! سەرەتا بڕیار دەدەی کە مەزرای ئێمە هی تۆیە، وائێستاش دەڵێی گۆپاڵ لە قەپاڵ باشترە. من ئەوکەسانەم خۆش ناوێت وا بە لێزانییەوە قسە ناکەن. ئێستا، تۆ بە باشی دەزانی قەپاڵ هەزارجار لەگۆپاڵی کەر باشترە. ئەی بۆچی بەراوەژوو قسە دەکەی؟

**لومۆڤ**: لام وایە بە کوێرو بێ عەقڵم دەزانی، خاتوو چوبوکۆڤ، باشە، ئەوە بەرە ناو مێشکتەوە کە قەپاڵ چەنەیەکی لاوازی هەیە.

**ناتاشا**: ئەوە ڕاست نییە.

**لومۆڤ**: ئۆف، ڕاستە!

**ناتاشا**: [دەنەڕێنێ]: هۆ هۆ، نەخێر وانییە!

**لومۆڤ**: دەنگت بەسەرمندا بەرزمەکەوە، خانم!

**ناتاشا**: کەوابوو، تۆش قسەی وابێ تام مەکە! ئۆف ئەوە مێشکم دەشێوێنێ! ئێستا کاتی ئەوەیە گۆپاڵی بێ نرخی تۆ لە چارە ڕەشی خۆی ڕزگاری بێت- تۆش وەرە و لەگەڵ قەپاڵدا بەراوردی بکە!

**لومۆڤ**: بەداخەوە ناتوانم درێژە بە چەلەخانێ بدەم- دڵم.

**ناتاشا**: سەرنجم داوەتێ، ئەوانەی وا زۆر دەمەقڕێ لەسەر وەرزش دەکەن، خراپترین وەرزشکارن!

**لومۆڤ**: تکایە دەتوانی کۆتایی بە فێڵبازییەکەت بهێنی، خانم؟- دڵم وا دەبێ بە دوو کوتەوە. [دەنەڕێنی]: ئەی بێدەنگ نابی؟

**ناتاشا**: نابم! هەتا دانی پێدانەنێی کە قەپاڵ لەگۆپاڵ باشترە!

**لومۆڤ**: سەدجار خراپتر بلێم، وێچووترە! قەپاڵ هەر بۆ تۆپین باشە! ئۆف، سەرم، چاوم، شانم-

**ناتاشا**: ئەو گۆپاڵە خەرە فاوە پێویست بە تۆپین ناکات لەبەر ئەوەی هەر ئێستا جەنازەیەکە بەرێگەدا دەڕوات.

**لومۆڤ [چاوی خۆی دەسڕێت]**: بیبرەوە، خەریکە دڵم دەوەستێت.

**ناتاشا**: نایبڕمەوە!

### پەردەی حەوتەم
### [ئەو دوو کەسە و چوبوکۆڤ]

**چوبوکۆڤ [دێتە ژوورەوە]**: ئەم جار چ قەوماوە؟

**ناتاشا**: باوکە، من وەلامێکی ڕاستم دەوێت. لە گۆپاڵ و قەپاڵ کامیان سەگێکی باشترن؟

**لومۆڤ**: تکایە میهرەبان بیت و تاقەیەک شتمان پێ بلێی. چوبوکۆڤ ئایا قەپاڵ چەنەی لاوازە، یان نا؟ ئەرێ، یان نا؟

**چوبوکۆڤ**: جا ئەگەر وابێت چ دەبێت؟ بە تایبەت کە دەزانین قەپاڵ چاکترین سەگی ئەم ولاتەیە و شتی تر.

**لومۆڤ**: گۆپاڵ باشترە و تۆش دەیناسی! ڕاستگۆبە!

**چوبوکۆڤ**: لەسەرخۆبە، پیاو! ئێستا بڕوانە. گۆپاڵ هەندێ خەسلەتی باشی هەیە، چی؟ سەگێکی ڕەسەنە. چنگی بەهێزە و پاشووی تەواوە و شتی وا، بەلام ئەگەر دەتەوێ بزانی، سەگێکە دوو عەیبی جددی هەیە، کوڕە پیرە، پیرە و لووتیشی پانە.

**لومۆڤ**: بە داخەوەم- ئای دڵم! تکایە، با سەیری ڕاستییەکان بکەین و هیچی تر. وا هەیە لەبیرت بیت کە لە باخچەی ماروسکینۆ (١٢) گۆپاڵ شان بەشانی «قەرتاڵ» (١٣)ی کۆنت(١٤) دەچووە پێشەوە، لەکاتێکدا کە قەپاڵ نیو میلی تەواو لەدوایانەوە بوو.

**چوبوکۆڤ**: بۆیە کەوتە دواوە کە سەگەوانی کۆنت بە قامچی لێی دابوو.

**لومۆڤ**: بۆی ڕاست بکەوە! لەکاتێکدا هەموو سەگەکان تەماڵی ڕێوییان هەلگرتبوو، قەپاڵ مرخی لەمەڕێک خۆش کردبوو!

**چوبوکۆڤ**: ئەوە ڕاست نییە، جەناب. من زوو هەلدەچم، هاوڕێ! ڕاستییەکەی ئەوەیە... تکایە لێ بگەڕێ با مشتوڕ نەکەین، چی؟.. ئەو بۆیە بە قامچی لێی دا کە هیچ کەس چاوی نییە سەگی کەسی تر ببینێ. ئا، وایە. نایانەوێ! تۆش لەوان جیاوازنی، جەناب! هەر ئەوەندەی هەستت کرد سەگێک لە گۆپاڵە هەژارەکەی تۆ چاکترە، ئیتر هەوڵ دەدەیت شتێک بدۆزیەوە، هێن، هەروا-چی؟ من لەبیرم ناچێت، دەزانی؟

**لومۆڤ**: منیش هەروەها، جەناب!

**چوبوکۆڤ [لاسایی دەکاتەوە]**: "منیش هەروەها، جەناب"! چیت لەبیرناچێت؟

**لومۆڤ**: دڵم! لاقم لە دووم نایەن! ناتوانم درێژەی پێ

بدەم.

**ناتاشا [لاسایی دەکاتەوە]:** دڵم! بەخۆت بڵێ وەرزشکار! تۆ دەبێ لەسەر کوانووی مەتبەخ پاڵ بکەوی و قالۆنچە ڕەشە پان بکەیەوە، نەک بچیە ڕاوە ڕێوی. ئای دڵی!

**چوبوکۆڤ:** دەبێ بڵێم عەجەب وەرزشکارێک! بەو دڵەتەوە دەبێ لەماڵەوە دابنیشی نەک لەسەرزین بێی و بچی؟ خۆ ئەگەر ڕاوێکی باشت بکردایە هەر قەیدی نەدەکرد، بەڵام تۆ بۆیە دەردەکەوی کە سوارکار و ڕاوچییان برەنجێنی و شتی وا. من زوو هەڵدەچم، کەوابوو با بابەتەکە بگۆڕین. تۆ هەر وەرزشکارنیت، جەناب- چی؟

**لومۆڤ:** باشە، ئەی بۆچی باسی خۆت ناکەی؟ تۆش تەنیا بۆیە دەردەکەوێ کە ناوت بچیتە دەفتەرە باشەکانی کۆنتەوە و خەڵک هەڵبخەڵەتێنی ئاخ، دڵم! تۆ جێگەی متمانە نیت، جەناب.

**چوبوکۆڤ:** یانی چی، جەناب؟ ئۆف، من هەم. وایە؟ [دەنەڕێنێ]: ئاگات لە زمانت بێت!

**لومۆڤ:** تۆی پیرە فێڵبازی بە مەکر!

**چوبوکۆڤ:** تۆ چی، هەی تووتکە گەنجەکە!

**لومۆڤ:** هەی بێ دەست و پێی پیری چەپەڵ! دەغەڵی لاڵە پەتە!

**چوبوکۆڤ:** بێ دەنگ بە، دەنا وەک کەوی سوورو سپی دەتخەمە ناو مەنجەڵەوە.

تفەنگێکی شت لێ خەسار دەکەم، هەی درۆزنی بێ قیمەت!

**لومۆڤ:** هەموو کەس دەزانێ کە- ئای، دڵم- تۆ جاران ژنەکەت لێی دەدای ئای لاقم! سەرم! ئەستێرە نابینم! ناتوانم بەپێوە بوەستم!

**چوبوکۆڤ:** ئەی کە بیانووەکەی خۆت، هیچ دەتتوانی لەدەستی دەرچی؟

**لومۆڤ:** ئای، ئای! وادڵم دەتەقێت، شانم دێتە دەرەوە- شتەکە لەکوێیە؟ خەریکم دەمرم [دەکەوێتە ناو کورسییەکی دەسکدارەوە].

دوکتۆرێک بێنن [دڵی لەخۆی دەبێتەوە]!

**چوبوکۆڤ:** بۆچی،تۆی بێ مێشکی گەنج! بازرگانی هەوای گەرم! لام وایە دڵم لەخۆی دەبێتەوە [ئاو دەخواتەوە.] حاڵم باش نییە.

**ناتاشا:** بەخۆی دەڵێ وەزرشکار و ناشتوانێ تەنانەت سواری ئەسپ بێت!

[ڕوودەکاتە باوکی]: باوکە، چییەتی؟ باوکە، سەیرێکی بکە [دەقیژێنێت] جەنابی لومۆڤ! مردووە!

**چوبوکۆڤ:** هەست دەکەم دڵم لە خۆم دەبێتەوە ناتوانم نەفەس بکێشم! هەوام بگەیەننێ!

**ناتاشا:** مردووە [قۆڵی لومۆڤ دەکێشێ] جەنابی لومۆڤ، جەنابی لومۆڤ! ئێمە چیمان کرد؟ کابرا مرد [دەکەوێتە ناو کورسییەکی دەسکدارەوە] دکتۆر بێنن، دکتۆر! [تووشی سەرسامی دەبێت].

**چوبوکۆڤ:** ئۆف، چ قەوماوە؟ چ باسە؟

**ناتاشا [بەسرتە]:** مردووە، مردوو!

**چوبوکۆڤ:** کێ مردووە؟ [سەیری لومۆڤ دەکات.] خواگیان! تۆ ڕاست دەکەی! ئاوبێنن! دکتۆرێک! [گلاسێک ئاو بۆ دەمی لومۆڤ دەبات.] بخۆوە! نا، ناخواتەوە. دەبێ مردبێت و شتی وا. ئای چارە ڕەشی، چارەڕەشی! بۆچی گوللەیەکم بەمێشکی خۆمەوە نەنا؟ بۆچی لەبیری ئەوەدانەبووم گەرووی خۆم هەڵبڕم؟ چاوەڕوانی چیم؟ چەقۆیەکم بدەنێ! دەمانچەیەک! [لومۆڤ دەجوولێتەوە]. لام وایە دێتەوە هۆش. کەمێک ئاو بخۆوە! باشە.

**لومۆڤ:** ئەستێرە دەبینم! چەشنە تەمومژێک بەچاودەکەم. من لەکوێم؟

**چوبوکۆڤ:** خێرابە و مارەی بکە. ئۆف، بچۆ بۆ دۆزەخ! ناتاشا ڕازییە [دەستی پێکەوە دەنێت.] ئەو دەڵێ باشە و...دوعای خێری من لەگەڵتانە و... هەرلێم بگەڕێن لە ئاشتیدا بژیم و هیچی تر.

**لومۆڤ:** ئەهـ! چی؟ (هەڵدەستێت) کێ؟

**چوبوکۆڤ:** دەڵێ باشە. دەی چیتان دەوێ؟ یەکتر ماچ بکەن و- ئەهـ، بڕۆن بۆ جەهەننەم!

**ناتاشا [بەسرتە]:** زیندووە. بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ! من ڕازیم.

**چوبوکۆڤ:** وەرە، ماچی بکە!

**لۆمۆڤ:** ئەهـ؟ کێ؟ [ناتاشا ماچ دەکات.] زۆریش جوانە. دەڵێم ئەوانە لەسەر چی بوو؟ ئۆف، تێدەگەم- ئای دڵم! ئەستێران دەبینم! خاتوو چوبوکۆڤ، من گەلێک شادمانم [دەستی ڕادەمووسێت.] لاقم سڕبووە.

**ناتاشا:** من، هێن، منیش شادمانم.

**چوبوکۆڤ:** ئۆف، بارێکم لەسەرشان هەڵگیرا، ئاسوودە بووم.

**ناتاشا:** ئێستاش دەبێ هەر قەبووڵی بکەی گۆپاڵ لەقەپاڵ چاکتر نییە.

**لۆمۆف:** نەخێر، چاکترە!

**چوبوکـــۆف:** وەک دەبینین ئەو جووتە بۆ هەمیـشـە بە شادی و خۆشی پێکەوە دەژین! شامپاین بێنن!

**لۆمۆف:** ئەو باشترە

**ناتاشا:** خراپترە، خراپترە، خراپترە!

**چوبوکۆف [هەوڵ دەدات دەنگیـان ببـڕێت]:** شامپـاین، شامپاین، شامپاین!

پەردە

**پەراوێزەکان:**

1- The Proposal.
2- Anton Chekhov.
3- Stephen Chubukov.
4- Natasha.
5- Ivan Lomov.
6- Evening dress.
7- Tail.
8- Oxpen field.

٩- لە دەقی ئینگلیـزیدا ناوی سـەگەکـە Tracker نووسراوە. ئەم ناوە لە دەقی ڕووسی و تەرجەمەی هەندێ زمـانی دیکەدا ئەوە نین. واتە وەرگـێـڕانی جـیـاجـیـای چیـرۆکـەکـە بەگـوێرەی خـەسـڵـەتی زمـانی خـۆیان ناوی جـیــاوازیان بۆ ئەم سـەگـە داناوە. منیش نـاوی کـوردی «گۆپاڵ گۆپاڵ»م بۆ هەڵبژارد. (وەرگێڕ)

10- Mironov.

١١- بە هەمـان شێوەی سەرەوە ناوی «قـەپاڵ قـەپاڵ»م لەجـیـاتی Rover دانا، کە لە تەرجەمەی ئینگلیزیدا هاتووە.

12- Maruskina.

١٣- «قەرتاڵ»یشم لەجیاتی Swingerی ئینگلیزی داناوە کە بۆ ناوی سەگی کۆنت دانرابوو.

14- Count.

**تێبینی وەرگێڕ:**

چیـخەف بۆ خوێنەری کورد ڕوخسـارێکی ناسراوە و وا هەیە «خـوازبێنی»ش ناسـیـاوی زۆرێکمـان بێت. ئەوەی دنەی منی دا بۆ وەرگێڕانی چیرۆکەکە، ئەو ڕاستییە بوو کە چیـخەف لێرەدا خوو و خدەی فیـۆدالی خسـتۆتە ژێر قـامـچـیـیـەکی بێ بەزەییـانەی ڕەخنە و بێ بایەخ بوونی پڕەنسیپە کۆنباوەکانی دەرخستووە، ئەو «بایەخ»ە کۆنانە ئەگەر ئەمڕۆ لە ڕووسیای چێخەف-دا نەمابێتن، بەداخەوە تا ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان درێژە بەژیان دەدەن و گـەرچی ژێرخـانە ئابووریـیـەکـەیان فـەوتاوە، بەڵام سەرخانی کولتووری واتە باوەڕوبۆچوون و دابونەریتەکانی هەر زینـدوون و زۆربەیان بە هەمـــان ڕادەی ئـەودەمی ڕووسـیـا جێگەی لۆمەو تەوسن. ئێـمـە لە کـوردسـتـانی ئەمـڕۆش «چەکـمـە ڕەق»مـان کـەم نین کـە پرەنسـیب و شێوازە کەم بایەخەکان ملۆزی بەرژەوەندی ژیانی ئەمڕۆ و دوارۆژیانە، چوونە جـەنگی ئەو «بـایەخ»ە کـەم بایەخـانە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە.

دەقی سـەرەتایی تەرجـەمـەکـەی من کـێـشـدار، واتە مـسـجع بوو. بەم کـارە دەمـویست ئەزمـوون کـارییـەکم کردبێت بۆ «شیعرە شانۆ» یان «شانۆ شیعر» و بزانم ئایا چیرۆکە شیعرێکی خانی یان خانای قوبادی یان بەیتێکی وەک «لەشکری»مان بۆ دەکرێتـە شـانۆنامـە و ئایا دەقـە کـێـشـدارەکـان لەسـەرزمـانی ئەکـتـەری سـەر شـانۆ چۆن دێنەگوتن، بەڵام دواتر هەستم کرد ئەم چیرۆکە تایبەتە بۆ ئامانجێکی ئەوتۆ گونجـاویی کەمە و دەبێ ئەزمـوونەکەم لەسەر دەقێکی دیکە بەڕێوە ببەم.

دواقسە: من چیرۆکەکەم لەبەر تەرجەمەی ئینگلیزییەوە کـردۆتە کـوردی. تەرجـەمـە لەبەر دەقی تەرجـەمـە کـراو هەرگـیـز باش دەرنایەت، بەڵام من کارەکـەم نزیک بە ١٣ ساڵ پێش ئێستا کردووە و کورد گوتەنی لە پلم دەرچووە. ئیتر ئەستەمە جارێکی تر بەسەر هەڵەیەکی وادا بکەوم.



# محەمەد ڕەزا ئیرشاد: نیتشەی فەیلەسووفی ژیان بە کوتکی ڕەخنەوە دەچێتە سەروسۆراغی بوتە فەلسەفییەکانەوە

د. محەمەد زەیەران
لە فارسییەوە: یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

* هەروەک دەزانین بەر لە نیتشە چەند فەیلەسووفێکی وەک کانت، هیگڵ، دیکارت و... ئەندێشە و قووڵ بوونەوە فەلسەفییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی پتەو و لێک گرێدراو و دەوامەدار خستەڕوو. توێژکاران، نیتشە بە یەکەم فەیلەسووفێک دەزانن کە بەپێچەوانەی پێشینییەکانی خۆی، قەت بە شوێن سازکردنی دەزگایەکی فەلسەفییەوە نەبووە، یەکەمین پرسیاری من ئەوەیە کە نیتشە بە پێی چ ڕوانگەیەک ڕووی کردە ئەو شێوازە؟

– نیتشە بیرمەندێکی دردۆنگی هەڵایسێن و دژە سامانە، کە نووسراوەکانی بەردەوام خوێنەران و لێکۆڵەران دادەچڵەکێنن. سەد ساڵێ زیاترە کە لە پانتایی کولتوور و بیری فەلسەفیدا کەسایەتییەکی گێرەشێوێن و شەڕانییە و لە بەرابەر سوننەت و سیستەمی بەرهەمهێنی زاڵدا ڕاوەستاوە. هایدگەر دەڵێ: لە ساتەوەختی ئێستادا هەر کەسێ کە بە ئەندێشەوە خەریک بێ، بەردەوام بە شوێن سێبەر و تاپۆی نیتشەوە خۆی سەرقاڵی ئەندێشە و بیرکردنەوە دەکا. ئەو فەیلەسووفی ناسیاری، حەقیقەت، بایەخەکان و مێژوو نییە، بەڵکو دەبێ ئەو بە فەیلەسووفی ژیان بزانین و هەروەها وێرانکاری و پێکهاتە هەڵوەشێنی بە یەکێ لە تایبەتمەندییە بنەماییەکانی ئەندێشەی ئەو بێتە ئەژمار. ئەو تێکڕای سیستەمەکانی بیرکردنەوەی وەک هەستیناسی، زانیاریناسی و ئاکاری ڕووبەڕووی کێشە کردەوە و هێنانە ئارای بایەخە نوێیەکانی خستە بەرباس. ئەو لەسەرەتای کاری فەلسەفی خۆیەوە بەکارتێکەری و شوێن وەرگرتن لە ئەندێشە ئوستوورییەکانی کەسانێکی وەک هومێر، کولتوور و ئاکاری مێگەلی و بەشێوەیەکی گشتی سیستەمە هاوشێوە خواز و خۆبەدەستەوە دەرەکانی خستە بەر پەلاماری خۆی. ئەو سیستەمی بایەخی مامناوەندییەکانی خۆش ناوێ، نیتشە لە ئاست یۆنانییەکان فەیلەسووفێکی ڕابردوو خواز و نۆستالۆژیک نییە، بەڵکو ئەو لە ڕابردوو ورد دەبێتەوە تا بە جوانی بیدۆزێتەوە و هۆکارەکانی هەرەس هێنانی هیچ باوەڕی خۆیا بکا. ئەو فەیلەسووفێکی بە تەواوی داهاتوو بینە هەر بەو هۆیەشەوە لە کتێبی «وەهای گوت زەردەشت»دا ڕایگەیاند کە هەرچییەکی هەرەس هێن و ناسەقامگیرە، دەبێ تێکی بشکێنێ. نووسراوەکانی ئەو ڕووبەری فێڵێکی وێرانکارانە و بناخە هەڵوەشێنییان لە هەناوی خۆیاندا شاردۆتەوە. نیتشە زۆر هۆگری پێش وێژی بوو، دوو دانە لە پێش وێژییەکانی وەڕاست گەڕان، ئەو گوتی کە سەدەی بیستەم، چاخی شەڕ و پێکدادانی، زراو تۆقێنە و هەروەها پێش وێژی کرد کە نێوی ئەو لەگەڵ شەڕ و شۆڕ و کارەسات لێک دەبەستریتەوە. «جێنی تایشمەن» دەڵێ: خوشکی نیتشە «ئێلیزابێت» چووە ڕیزی نازییە توند و تیژەکانەوە و بەردەوام هەوڵی دەدا ئەوە بسەلمێنێ ئەگەر براکەی نیتشە زیندوو بوایە بێ شک و دردۆنگی دەبووە یەکێ لە ڕێبەرانی حزبی نازی، کەواتە ئەگەر مابایە، ناوی ئەو لەگەڵ شەڕو کارەسات دەزرا و لێک دەبەسترا.

**دەبێ فەیلەسووف تەمی سەر بنەما و سەرەتاکانی ئاکاری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا بڕەوێنێ و ڕوخساری بیرە نالەبارەکان وەدەرخا و لێیان لە قاو بدا**

بەشێوەیەکی گشتی نیتشە فەلسەفەی ڕۆژئاوای کە لەسەر بناخەی دوو سیستەمی بەرچاوی وەک «هزر باوەڕی» و «ئەزموون باوەڕی» دامەزرابوو سەنگ و سووک کرد. هەر لەبەر ئەوەشە کە وەک دیکارت و کانت بەشوێن دامەزراندنی سیستەمی فەلسەفییەوە نییە، بەڵکو بە قەولی خۆی بە کوتکی ڕەخنەوە دەچێتە سەر و سۆراغی بوتە فەلسەفییەکان. نیتشە لە کتێبی «ئەودیوی چاکە و خراپە»دا تەواوی سیستەمە ئاکارییەکان بە دوو ڕووبەری ئاکاری مێگەلی و ئاکاری ماقوولان دابەش دەکا و دەڵێ جاری وایە لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا لەگەڵ تێکەڵاوێکی ئەو دوو سیستەمە ڕووبەڕوو دەبینەوە. بە بڕوای ئەو ئاکاری ماقوولان و گەورە پیاوان(خواکان) لەسەر بناغەی متمانە بەخۆیی و خۆبەشت زانین دامەزراوە و ئەوانە سلاو ئاراستەی ژیان دەکەن، بەلام بەپێچەوانەوە ئاکاری مێگەل لە بێزاری و ناهومێدی و دڵ مردوویی و ویستی تۆڵەسەندنەوە و کینەدا ڕەگاژۆی کردووە. ئەو بەجێی ئەوەی خۆی خەریکی سیستەم سازی و خستنەڕووی سامانێکی فەلسەفی بکا، «ڕەخنەی کولتوور» دەکاتە شێواز و فێڵی سەرەکی فەلسەفی خۆی. ئەو دەڵێ فەیلەسووف دەبێ تەمی سەر بنەما و سەرەتاکانی ئاکاری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا بڕەوێنێ و

ڕوخساری بیره ناڵەبارەکان وەدەرخا و لێیان لەقاودا. ئەو بە دابوڕەسمی کۆمەڵگاکانی ئەوروپاوە خەریک دەبێ و پێوانە زاڵەکانی ئەوێ بەفێڵی ڕەچەڵەکناسانە و بنەچەکدۆزانەی خۆی دەداتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

* نیتشە بە چ شێوەیەک فێڵی بنەچەکدۆزانە بۆ ڕەخنەی کولتوورو بە تایبەت سیستەمە ئاکارییەکانی ڕۆژئاوا دەکار دەکا؟

– ڕەچەڵەکناسی یان بنەچەکدۆزی لە واتای باویدا بریتییە لەخوێندنەوەی شەجەرە و تۆرەمە و بنەچەی تایبەتی دیاردەیەک. نیتشە ڕەچەڵەکناسی و بنەچەکدۆزی بە مەبەستی [خوێندنەوەی] شوێنی سەرهەڵدانی سەرچاوەکان یان بنچەکی بایەخەکانی ئاکاری، ئایینی ئاراستەکانی سیاسی و بەگشتی جوانیناسی و هونەر لەکار کردووە. ئەو شێوەیەی نیتشە لە بەرابەر سامانسازی و پێکهێنانی دەزگای دێرینی فەلسەفی ڕادەوەستێ. ئەو لە چوارچێوەی ئاراستەکەی خۆیدا بۆ پێشینەی دیاردەکانی کولتووری، ناواخنی ئەندێشەکانی خۆی واتە ویستی دەسەڵات یا «ئیرادەی ڕووە و دەسەڵات»ی دۆزیوە.

* ئاماژەت بە یەکێک لە سەرەکیترین و گرینگترین زاراوە فەلسەفییەکانی نیتشە کرد. واتە ویستی، دەسەڵات، ئەگەرچی ئەو زاراوەیە بەردەوام یەکێک لە گرفتەکانی ڕۆچوون لە ئەندێشەکانی نیتشە بووە و وا دەردەکەوێ کە هیچ چەشنە پێکهاتن و یەکگرتوویییەک لەسەر تێگەیشتن و وەرگرتنی [ئەو زاراوەیە] لە ئارادا نییە. مەبەستی نیتشە لە ویستی دەسەڵات چییە؟

– دەبێ عەرزتان بکەم کە زاراوەی ویستی دەسەڵات (Wille zur macht) وشەیەکی زۆر دژوارە و لە شیکردنەوەیدا بۆچوونێکی تاقانە بوونی نییە، بەڵام بە کورتی دەبێ بڵێم نیتشە بناخەی هەستی، ناسیاری، بایەخ، هونەر و ئایین بە ویستی دەسەڵات یا «ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات» دەزانێ. ئەو ئەم بابەتەی لە کتێبی «وەهای گوت زەردەشت»دا بەشێوەیەکی تەمسیلی خستۆتە ڕوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر دوای مەرگی، کۆی نووسراوەکانی ئەو لەسەر ئەو بابەتە لە کتێبێکی تەسەڵدا چاپ کرا. ئەو بەگشتی ژیار و کولتووری بە ئاکامی کێشە و پێکدادانێکی هیراکلیتی دەزانی و پێشی وابوو کە دەبێ هۆکاری ئەو پێکدادان و کێشەیە لە ئیرادە و ویستی مرۆڤ بۆ دەسەڵات و سەرکەوتندا ببینینەوە. بەگشتی بناخەی تێکڕای بایەخەکان لەو واتایەدا شاراوەن. ئەو دەیگوت تێکڕای شانازییەکانی نەتەوەیەک دەبێ وەک نیشانەی ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات بێنینە ئەژمار. زانست و زانیاریش لایەن گەلێکی تری ئەو ئیرادەی ڕووەو دەسەڵاتەن، تەنانەت وجوودی هەستیش دەتوانین لەژێر سێبەری ئەو ئیرادەیەدا شی بکەینەوە. بە بڕوای نیتشە زاڵ بوونی دەسەڵاتداران بەسەر بێ دەسەڵاتەکانیشدا. هەر یاسای ئیرادەی ڕووەو دەسەڵاتە. ئەو بابەتە هەم لە سروشت و هەم لە کۆمەڵگادا لە گەڕدایە. بەبڕوای نیتشە کۆمەڵگایەک کە خۆی ئەوەندە بە تواناو دەسەڵات بزانێ کە ئەو یاسایە وەبەر چاو نەگرێ، لە ڕاستیدا خۆی لاواز و بێ دەسەڵات دەکا. هەڵبەت تاقمێک ئەو بۆچوونەی ئەو بە بنەمای فاشیزم دەزانن. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو بە پێچەوانەی مامۆستاکەی واتە شوپنهاوەر، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە نابێ بۆچوونێکی بە بایەخی لە ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات بەدەستەوە بدەین. بەڕای ئەو کاتێ مرۆڤ ئیرادەی ڕوو لە دەسەڵاتی سەلماند، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوە جۆراوجۆرەکاندا تووشی سەرسوڕمان نابێ. بەگوتەی مارتین نیوهاوس، ئیرادەی ڕوو لە دەسەڵات بەقەد یاسای فیزیکی ئانتروپی (entropy) حاشاهەڵنەگر و دوورەبایەخە. هەڵبەت ناتوانین ویستی دەسەڵات لە هیچ قاڵبێکی تەکووزی فەلسەفیدا جێ بکەینەوە، بەڵکو دەبێ لە ڕێی هەستەوە پێوەندی پێوە بکەین و تێبگەین،. لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ لەنێو کەلێن و قوژبنی گوتەکانی نیتشەدا بە قووڵایی بۆچوون و ئاراستەکەی لەسەر ئەو واتایە بگەین. لە ڕاستیدا ئیرادەی ڕوو لە دەسەڵات وەسف هەڵگر نییە، واتە لە وەسفدا ناگونجێ.

* دوای وردبوونەوەیەکی زۆر لەسەر زاراوەی فەلسەفی ئیرادەی ڕوو لە دەسەڵات یا ویستی دەسەڵات، دەگەینە بۆچوونێکی تری نیتشە، ئەویش بابەتی ژیان یان حەیاتە، چونکە وێدەچێ ویستی دەسەڵات لەو جێیەی کە بریتی بێ لە مەیل و هۆگری بە ژیان. ئەوە بۆ هێنانە بەرباس لەبار بێ، هەروەک پێشتر لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتت، نیتشە لە پەسەندی ئاکاری سالاران یان مەزنان لە بەرابەر ئاکاری مێگەلدا ئەو خاڵە زەق

دەکاتەوە کە[ئاکاری مەزنان] داگەڕانی هەیە بەرەو ژیان و هەروەها ئەو ئاکارە ستایشی ژیان دەکا، لە کاتێکدا بە بڕوای ئەو ئاکاری مێگەل لەژیان هەڵدێ و تۆوی بێزاری و ناهومێدی دەوەشێنێ، هەر لەبەر ئەوەیە کە نیتشەیان بە ڕاستی نێو ناوە فەیلەسووفی ژیان، جۆرە ڕوانین و ئاراستەی ئەو بۆ مەسەلەی ژیان چۆن بووە؟

– نیتشە لە کتێبی «حیکمەتی شادان»دا دوایین گوتەکانی سوقراتی بیرهێناوە کە گوتبووی: «کریتۆن! من کەڵەبابێک بە ئاسکلپیوس قەرزدارم» هەروەک دەزانین ئاسکلپیوس لە ئوستوورەکانی یۆنانیدا خوای دەرمانکەری بووە و خەڵکی یۆنان کاتێ ساخی و سلامەتییان وەدەست دێناوە و شیفایان بۆ دەهات، لە بەرابەریدا قوربانییان پێشکەش دەکرد. ئەو ڕستەیەی سوقرات وا دەنوێنێ کە ئەو تەنانەت لەکاتی گیاندانیشدا ژیان بە جۆرە نەخۆشییەک دەزانێ و لە کتێبی «فایدون»دا بە ئاشکرایی ڕادەگەیەنێ کە ژیان لەدوای مەرگ، مانادارە. نیتشە پێی وایە کە سوقرات فەلسەفەی «دژە ژیانی» بۆ یەکەم جار لە ڕۆژئاوا برەو پێدا. ئەو حەقیقەت و ناسیاری بە بەراورد لەگەڵ ژیان– بە گەورەتر دەزانی، نیتشە کێشەی سوقراتی لە کتێبی«ئاوابوونی بوتەکان»دا خستەڕوو. ئەو سوقرات لە ڕیزی ئەو کەسانە دادەنێ کە دەنگێکی پڕ لە خەمۆکی و ماندوویی لە ژیان و بەگشتی دەنگێکی دژە ژیان هەڵدەبڕن و [لە ئاکامدا] هەمووی ئەوانەش بەشکست خواردوو دەزانێ. نیتشە لە کتێبی «لە دایک بوونی تراژیدیا»شدا سوقرات بەسەر باشقەی تەواو و کەماڵی– لاڕێی– و شکست خواردوویی و هەرەس هێنان دەناسێنێ، چونکە لەگەڵ ژیان هەنگامە و کێشەی هەیە. ئەو لە تێکڕای ژیانی لێکۆڵینەوەیی خۆیدا هەوڵی دا ئەم خاڵە بسەلمێنێ کەدوای کۆتایی هاتن بە کولتووری تراژیکی یۆنان و سەرهەڵدانی سوقرات خوازی، ژیان لە قەسابخانەی حەقیقەت (ڕاستەقینە) و ناسیاری (معرفت)دا قوربانی کرا.

نیتشە فەیلەسوفێکە کەتێدەکۆشێ لەوپەڕی حەقیقەتەوە ڕاست وێژی و سەداقەت لەمەڕ ژیانەوە ڕەچاو بکاو پێیان پێبەند بێ. نیتشە و سوقرات و ئەفلاتوون و هەموو فەیلووسەفەکانی دوای ئەوان، تا دەگاتە چاخی ئێستا بەوە تاوانبار دەکا کە ڕاستی و ڕاستۆکییان لە پێش بارەگای ڕاستەقینە و ناسیاریدا قوربانی کردووە، هەر لەو ڕووەوە بە بڕوای ئەو فەیلەسووفەکان یارمەتی خرانەڕووی ئاکاری کۆیلەکانیان داوە. ئەو دەڵێ بایەخی ڕاستەقینە و ناسیاری لەگەڵ بۆچوونێکی پووچ و بۆش بەرابەرە. بە بڕوای ئەو لە ناخی ڕاستەقینە و ناسیاریدا جۆرێک ویستی حاشاکردن لەژیان خۆی مەڵاس داوە. لە ڕوانگەی نیتشەوە لەمابەین ژیان و ناسیاریدا بە ڕواڵەت جۆرە تێکهەڵچوونێک بەدی دەکرێ، بەڵام جاری وایە دەبینین کە ڕاستەقینە وەک بۆشاییەک دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ کە مرۆڤەکان بێ پاڵپشتی ئەو ناتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن. کەواتە ڕاستەقینە وەک پاڵپشتێک بۆ درێژەی ژیان دێتەکایەوە.

**نیتشە فەیلەسووفێکە تێدەکۆشێ لەوپەڕی حەقیقەتەوە ڕاست وێژی و سەداقەت لەمەڕ ژیانەوە ڕەچاو بکا و پێیان پێبەندە**

ئێستاکە دەبێ ئەو پرسە بێنینە گۆڕێ کە مەبەستی نیتشە لە ژیان و حەیات چییە؟ وێدەچێ ئەو بڕوای وابێ کە ژیان پێناسە ناکرێ، چونکە ئێمە بە پێناسەکردنی ژیان، عەقڵ کە خزمەتکاری ژیانە دەکەینە سەروەری ژیان و ئەوە ڕاست ئەو کارەیە کە سوقرات کردوویە، بە بڕوای ئەو ناتوانین ژیان پێناسە بکەین، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەگەر ژیان نەبێ نە زانیاری بوونی دەبێ نە ڕاستەقینە و نە بایەخە ئاکارییەکان. لەوەها بارودۆخێکدا دەبێ بڵێین تێکڕای شتەکان و بۆ وێنە ناسیاری و حەقیقەت و ئاکار بە پێوەندی لەگەڵ ژیانەوە مانا بەخۆوە دەگرن، واتە دەبێ هەموو ئەو بابەتانە لە پێوەندییان لەگەڵ ژیان و لەژێر سێبەری ئەودا هەڵبسەنگێندرێن. لەو ڕووەوە هەموو مەبەست و ئامانجێک بۆ وێنە گەیشتن بە زانیاری و حەقیقەت و بایەخ، بە تێکڕایی بە ژیانەوە بەستراونەتەوە. ئەو هەڵەیەی کە سوقرات، ئەفلاتوون، دیکارت و کانت لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا تووشی بوون بریتییە لە بەراوەژوو کردنەوەی پێوەندی نێوان ژیان، ناسیاری و حەقیقەت و لە ڕێی ئەوانەشەوە ئەخلاق. نیتشە لەبەر ئەوەیە کە خۆی بە فەیلەسووفی ژیان دەزانێ.

* نیـتـشـە، سـوقـڕات و ئـەفـلاتوون بە سـووک کـردن و تەفـروتوونا کـردنی ئـەندێشـە تاوانبـار دەکـا، بـەڵام لە ڕەخنەی ئـەوان و بەتایبـەت فـەیلەسـووفـە مـۆدێرنەکـاندا، ڕوو دەکاتە ئەندێشەی فەیلەسووفە پێش سوقڕاتییەکان و تراژیدیا بە هەلێکی لەبار لە مـێـژوو و کـولتـوور دەناسێنێ، تەنانەت گوتوویانە نیـتشە هۆگری سەرلەنوێ سازکردنەوە و بنیاتنانی بارودۆخی سەرهەڵدانی تراژیدیا لە ئاڵمانی ڕۆژگاری خۆی بووە. بە بڕوای ئێوە هۆیەکانی سەرنجدانی [ئەو] بە هەڵکەوتەکانی پێش سوقڕاتی و تراژیدی لەچیدایە؟

– داگەڕانی نیـتشـە بۆ فـەیلەسـووفـە سـوقـڕاتیـیـەکـان هەویرێکە ئاو زۆر دەبا. من لە کـتـێـبـەکـەی خـۆم لەمـەڕ نیـتـشـەوە لە دوو بەشـدا ئەو بابەتەم خسـتـۆتە بەرباس. لێرەدا دەبێ بە کورتی بڵێم، نیتشە لە پەیامێکی ناسراو بە «کـێـشـە و ڕووبەڕووبوونەوەی نێـوان زانیـاری و حیکمەت»دا لەمەڕ کولتووری یۆنانییەوە بە ئاشکرایی ڕایگەیاند کـە یۆنانیـیـەکـان بە خـێـرایـیـەکی سەرسـوڕهێنەرەوە بە پێشکەوتە فکرییـەکان گـەیشتن، بەڵام بە خێـراییـەکی زیاتریشـەوە ڕێگای لەناوچوونیـان گـرتەبەر. کـاتێ هەڵکەوتەیی هێلێنی بە لووتکەی خۆی گـەیشت بەخـێـرایـیـەکی ترسـێنەرەوە هەڵدێردرا. ژیار و کـــولـتـــووری یـۆنـانی هـەر ڕاست وەک تـراژیدیـا، چارەنووسێکی پڕ لە بەزەیی و پەژارەی بەرەو ڕوو بۆوە. دەتوانین سوقڕات بە سەرچاوەی ئەو لێک هەڵوەشانەوەیە بزانین. ئەگەرچی ڕووبەڕووبوونەوەی [نیـتـشـە] لەگـەڵ کەسایەتییەکی وەک سـوقڕات زۆر ئاڵۆز و تەماوی و پڕ لە دژوارییە، بەڵام لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا و بە تایبەت لە کـتـێـبی «ئاوابوونی بوتەکـان» لە بەشی ناسـراو بە «گرفتی سوقڕات»دا دەستی کردووە بە ڕەخنەی کولتووری سوقڕاتی و گوتوویە کە سوقڕات ژیان بە نەبەگە و نەخۆش و ناخـۆش دەزانێ و بۆ یـەکـەم جـار «ویسـتـی حـاشـاکـردن لەژیان» لە فـەلسـەفـەکـەیدا دەخـاتەڕوو. تەنانەت لە بەشی سـێـیـەمی ئەو پەیامەدا بەشـێـوەیەکی تەنزاوی لە یۆنانی بوونی سـوقـڕات دڕدۆنگی دەکـا، لە کـتـێـبی «ئـاوابوونی بوتەکـــان»دا لە بەشی نـاســـراو بە «ئەوەی کـــە مـن بـە کۆنینەکان قەرزدارم» وێڕای ڕەخنەگرتن لە ئەندێشەکانی سـوقـڕات و ئەفـلاتوون و بە گـەندەڵ زانینی ئەوان بەهۆی ڕوو وەرگـێـڕان لە ویسـتی ژیان و حـەیات، کـولتـووری دیونۆسـوسی بەر لە سـوقـڕاتی زەق دەکـاتەوە و دەڵێ: تێگەیشتن لە ئیشتیای کۆنی هێلێنی هەر ئەو شتەیە کە بواری بەرزبوونەوەی ڕۆحی یۆنانیـیـەکـان خـۆش کـرد و ئەوانی گەیاندە ئەوپەڕی لووتکەکانی کولتوور و هونەر. نیـتـشـە هەروەها لەسـەر ئەو بڕوایەیە کـە لە کـولتـووری یۆنانیـدا دیونۆسـوس مـاکـەیەکـە کـە هەلی بۆ جـموجـۆڵ و توانایی ئەوان ڕەخـسـانـدووە. بەداخـەوە توێژکـارانێکی وەک لـوبـک (leBeek) ئەو مـاکـەیەیان بەشێـوەیەکی پەراوێزی و بێ بایەخ خـسـتـۆتە بەرباس و سـەرنجێکی ئەوتۆیان نەداوەتێ. نیـتـشـە دەڵێ تەنانەت گـۆتەش بە چاوپۆشی لە ڕۆحی دیونۆسوسی یۆنانییەکان [بۆتە هۆی ئەوەی] بەشـێـوەیەکی قـووڵ لە کـولتـووری ئەوان نەگـا، چونکە ئەویش وەک بیرمەندانی دیکەی سەدەی نۆزدەیەم ڕێچکەی فـەلسـەفی سوقڕات و ئەفـلاتوونی وەک ڕێگای سـەرەکی ژیانی یۆنانیـیـەکـان کـردۆتە بناخـەی داوەری کردنی خۆی.

* کەواتە ئایا بە بڕوای نیـتشـە ڕەگەزی دیونۆسـوسی، هەڵگری واتا و گەوهەری ژیانە؟

– بەڵێ دیونۆسوس گەوهەری ژیان،سەرمەستی، خۆشی و شادمانی لەخۆیدا حەشار داوە و ئەوەش ئەو شتەیە کە لەسـەردەمی سـوقـڕات و ئەفـلاتوون بەدواوە کـەوتە بەر تەوژمی لەبیربردنەوە و بێ مەیلی. شایانی باسە نیتشە لە کتێبی «لە دایکبوونی تراژیدی»دا وێنەیەکی لە ژیانی یۆنانییـەکانی کەونارا بەدەستـەوە داوە، کە ئەو وێنەیە دژی ئەو بیرۆکە باوەیە کە لەنێو زانستگاییەکانی سەدەی نۆزدەی ئەورووپادا بووە. بەگـشـتی زۆربەی توێژکـارانی یۆنانی لەسـەر بنەمـانی ژیانی سـوقـڕات و ئەفـلاتوون و ئەرەسـتـوو ژیانی لەسـەرخـۆ و هزرمـەندانە و بەدوور لە توندوتیـژیـیـان لەنێـوان یۆنانیـیـەکـاندا ڕەسم دەکـرد،بەڵام نیتشە لە بەرابەر ئەو بڕاڤە بەهێزە توێژکارییەدا، کتێبی لە دایکبوونی تراژیدیای نووسی و گـوتی یۆنانیـیـەکـان جەماوەرێکی لەسەرخۆ نەبوون، بەڵکو خەڵکێکی تووڕە و تەژی لە بەخـیـلی و تینووی دەسـەڵات و بەجـمـوجـۆڵ بوون، خـەڵکێک کـە ویسـتی بێ سنوور بۆ هەر چەشنە خۆنواندن و ڕقەبەرایەتییەک لەواندا کەلاو دەکا. ئەوان بۆ وەدەسـتـهـێنانی دەسـەڵات بەردەوام دەسـتـە و یەخـەی کێشـەیەکی لە بڕان نەهاتوو بوون.تراژیدی یۆنانی نوێنەر و نیـشـاندەری تەواوی ئەو چەشنە ژیانەیە. لە تراژیدیدا

دوو هەوێنی ڕەقیب واتە ماکەی ئاپۆلۆنی و ماکەی دیونۆسوسی لە ململانێدا بوون. ئاپۆلۆن ئەوانی بەرەو هەرێمی هاوسەنگ بوون، سامان و تەکووزی و هزرمەندی و بیچم گرتن پاڵ پێوەدەنا و دنەی دەدان، بەڵام بە پێچەوانە دیونۆسوس وەک دەسەڵاتێکی دژە هزر و سەرکێش مرۆڤەکانی بەرەو لای پشێوی و سەرمەستی و بێ خەبەری پاڵ پێوەدەنا. لە ڕاستیدا تراژیدی لە یۆناندا دەلاقەیەک بوو کە یۆنانییەکانی بەرەو ژیان ڕادەکێشا. نیتشە لە دەستپێکی کتێبی حیکمەتی شادماندا گوتی: یۆنانییەکان دەیانزانی کە چۆن بژین، چونکە ئەوان ڕێزیان بۆ خودای شەڕاب و سەرمەستی و شادی واتە دیونۆسوس دادەنا. هەر لەبەر ئەو هۆیەش لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کە بۆ ئەو(واتە دیونۆسوس) بەڕێوە دەچوو و ناوی ئۆرگیا بوو بەشدارییان دەکرد. لە ڕاستیدا یۆنانییەکان بە تێکەڵاوی و نوقم بوون لەجیهانی خواردنەوە و هزر سڕینەوەدا، ویستی ژیانیان لە وجوودی خۆیاندا بەهێز دەکرد. نیتشە دەڵێ زۆربەی بیرمەندان واتە هیگڵ و گۆتە ماکەی ئۆرگیایان پشتگوێ خست، چونکە بەپێی کارتێکەری بیروڕاکانی ئەفلاتوون و هاوڕێیانی، ئەو ئەزموونە بۆ پاساو نەدەبوو. یۆنانییەکانی کەونارا بە ڕۆچوون بەناخی ئۆرگیادا ویستی هەرمانیان لەخۆیاندا دەگەشاندەوە. لەکاتی ئۆرگیادا ئەوان تێکەڵاوییە چێژ و وروژێنەکانی لەشولاریان زۆر بە مەزن دەزانی و دەنرخاند. لە ڕاستیدا ئەوان لە سایەی ئۆرگیاوە ئەزموونی بوونیان دەچەشت. هەر ئەو لێکدانەوە و بۆچوونە بووە هۆی ئەوەی کاربەدەستانی زانستگایی دژە کردەوەیەکی نەرێنی لە ئاست ئەو بەرهەمە لەخۆیان بنوێنن.

بیرمەندانی سوقڕاتی سەدەی نۆزدەیەم چاخی دیونۆسوسییان پێ بابەتێکی پەراوێزی و لاوەکی و بێ بایەخ بوو. هەروەها پێیان وابوو عەقڵ دەتوانێ ئاسوودەیی و هێمنی بۆ ژیان دابین بکاو بیگەڕێنێتەوە. نیتشە بە پێچەوانە پێی وابوو سوقڕات بە وەلانانی ماکەی دیونۆسوسی، تراژیدی تووشی تەفروتوونا بوون کردووە. ئەوەش جێی باسەکە نیتشە لەکۆتایی کتێبی لەدایکبوونی تراژیدیدا وتووێژێکی خەیاڵی لەنێوان مرۆیەکی مۆدێرنی ئەوڕۆیی و کەسێکی سەر بە یۆنانییەکانی کەونارا هێناوەتە ئارا. کاتێ کە بوێرێکی مۆدێرن دەنگ هەڵدەبڕێ و دەست دەکا بە پێداهەڵگوتنی جوانی هونەری یۆنانییەکان، هاووڵاتییەکەی ئاتێن لە قەڵافەتی ئایسخۆلوسدا بە ترس و هەیبەتەوە تێی دەڕوانێ و دەڵێ هۆ مرۆی نامۆ و ناشنا، دان بەوەشدا بنێ کە یۆنانییەکان چیهایان چەرمەسەری بۆ وەدەست هێنانی ئەو جوانییە کێشاوە.

* کەواتە دەتوانین بڵێین کە بە بڕوای نیتشە مرۆڤی مۆدێرن بەدەست بەردان لە ڕۆحی دیونۆسی کە هەڵگری جەوهەری ژیانە و بە خەریک بوون بەبیری ئاپۆلۆنییەوە، خۆی تووشی یەک لانەبینی کردووە؟

– دەبێ بڵێم کە بەبڕوای نیتشە پێوەندییەکی زۆر نزیک لەمابەین ژیانی یۆنانی و واتای تراژیدیدا بوونی هەیە. یۆنانییەکان لەژێر تیرێژی دەوای شەفادەری تراژیدیدا، لەنێوان هێزی سەرکەشی دیونۆسوسی و ماکەی هاوسەنگی بەخشی ئاپۆلۆنی جۆرێک هاوئاهەنگییان دامەزراند و دەبێ تراژیدی بە هێما و نیشانەی ئەو هاوسەنگییە بزانین. سەرەڕای ئەوەش ئەو هاوسەنگی و بەرابەرییە پێویستی بە ئوستوورەیەکی کولتووری هەیە. لە ڕاستیدا لە ڕێی ئوستوورەی ئاپۆلۆنییەوە ڕۆحی مۆسیقایی دیونۆسوسی هێور دەکرایەوە. لەسەر ئەو بنەمایە ئوستوورەی تراژیک بریتی بوو لە فرەزانی و مەزنی دیونۆسوسی کە لە سایەی فێڵ و شێوەکانی ئاپۆلۆنییەوە وەڕاست دەگەڕا. هەر بەو پێیە بە بێ چاوەدێری ئاپۆلۆنی هێزە داهێنەرەکان تووشی سەرلێشێواوی و شڵەژاوی دەهاتن، بەڵام بەسەرهەڵدانی مرۆڤی سوقڕاتی تراژیدی و ئوستوورە بەرە بەرە لەناوچوون و تەنیا ماکەی نیتشە بەخشی ئاپۆلۆنی سوقڕات مایەوە. هەر لەبەر ئەوەش داهێنەرێتی وئافرینەری هونەری تووشی نوشوستی بوون و قەیرانی

**لە هەر شوێنێکدا هونەر لە فەلسەفە هەڵبڕابێ، ئیعتیبار و بایەخی خۆی ڕووبەڕووی پرسیار کردووەتەوە، هەر کاتێکیش هونەر خۆی لەگەڵ فەلسەفە ڕێک خستبێ و لەگەڵی تەبا بووبێ، شان و شکۆی خۆی پێ زیاد کردووە**

هەنووکەی مرۆڤی مۆدێرن و ئەوەی مرۆی ئەورۆی تووشی لەخــۆ نامــۆ بوون و پووچی کـــردووە، هەر ڕاست لە شارانەوەی ئوستوورەی یەکێتی بەخشدایە.

* نیـتـشـە لە درێژەی ڕەخنە لە بیـرۆکـەی فـەلسـەفی سوقرات و ئەفلاتووندا دەستی کردووە بە ڕەخنەیەکی بێ ڕەحـمـانە و تەسلی مـۆدێرنیــتـە، ڕەخنەی نیــتـشــە لە مـۆدێرنیــتـە، لە چ گـۆشـەنیگایەکـەوە دەتوانین بـخـەینە بەرباس؟

– باس و هەڵسـەنگاندنی مـۆدێرنیــتـە لە ڕۆژگـاری ئێمەدا بەشێوەگەلێکی جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو. تاقمێ لەبیـرمـەندان ئەزمـوونی مـۆدێرنیــتـەیان لە ڕوانگەی کۆمەڵناسەکی، ئابووری، سیاسەت و ئەخلاقەوە خستۆتە بەرباس. ڕەنگە نیــتـشــە لە پێـشـەنگەکـانی ڕەخنەی فەلسەفی لە مۆدێرنیتە بێ. شایانی باسە کە نیـتشـە مــۆدێرنیــتــە بە دابڕان و لێک هەڵـپـچــڕانی نەریتی ئیــسکولاسـتـیک نازانێ، بەڵکو پێی وابوو کـە هاتنە کایەی مۆدێرنیتە لە ڕۆژئاوادا ڕەگ و ڕیشەی لە ئەندێشە فـەلسـەفـیـیـەکـانی سوقرات و ئەفلاتووندایە. نیـتـشـە بەگشتی لەباسی مۆدێرنیتەدا دوو ئەزمـوون بەگرینگ و بنەمـایی دەزانێ؛ یەکـیــان ئەزمــوونی ئەفــلاتوونی و دووەمــیــان مــەســیــحــیــیــەتی ڕەسـمی. تەنانەت ئەو مەسیحییەتیش بە ئەفلاتوون بڕوایی ڕەشۆکی دەزانێ. بە گـوتەی ئەو تێکڕای دامـەزراوە مـۆدێرنەکـان و بۆ وێنە زانستی نوێ، سیاسەتی لیبراڵ دیموکراسی، ڕۆمانتیسم، مرۆڤخوازی و سۆسیـالیزم، لە بنەڕەتدا مـەسیـحین. ئەو دەڵێ: بۆ دۆزینەوەی ســەرچاوەی ئەو دیاردانە دەبێ لە مەسیحییەتدا بگەڕێی. دەتوانین هێما و سەمبولەکانی مەسیحییەت لەخوو و ڕەوشتێکی وەک سۆفیلکەبازی، زوهد، بێـزاری و زەبوونی و زەبنیـیـەتی عـەبدایەتیـدا بە ئاشکرایی ببـینینەوە. بە گـوتەیەکی تر ئەو داگـەڕانانە دەبێ بە ئاکـامی ئاراسـتـەیەک بزانین کـەنیــتـشــە لە دەسـتـەواژەی ویسـتـی ڕاسـتـەقـینە یان ویسـتـی ڕووەو حەقیقەتدا گردوکۆی کردۆتەوە.

دەتوانین بلـێین سێ ڕووداوی مـێـژوویی کـۆمـەڵگای نوێی ڕۆژئاوایان لەسەر دامـەزراوە؛ یەکـیـان ڕۆشنگەری بەپاڵـپشتی هزر و زانستی نوێ، دووەم شۆڕشی فەڕانسە کە بەرگری لە ئازادی و بەرابەری خەڵکی کۆمـەڵگای بە دیاری هێناوە، سـێـیــەم شـۆڕشی پیـشـەسـازی کـە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی تووشی گۆڕانکاری قووڵ و بنەڕەتی کردووە. نیـتشـە دەڵێ مـرۆڤی مـۆدێرن بۆ خـۆی بارودۆخێکی بەدی هێناوە کە هەر ئەو بارودۆخە ئەویان لەگـەڵ قـەیرانگەلێکی چاوەڕوان نەکـراو دەسـتـەویەخـە کــردووە. بە بڕوای ئەو هەر ئامــانجـــە زاهیــدانە و سۆفـیلکانەیە کـە مـرۆڤی تووشی نەشیـاوی گـەلێکی بنەڕەتی کـردووە. ئەو ئارمـانانە هەمـوویان بوونەتە هۆی ڕەتکردنەوەی ژیان بەواتای ڕاست و دروسـتی خـۆی. بۆ وێنە لەژێر ناوی فـۆڕمـە مـەعـقـوولەکـان یا ئایدیا ئەفـلاتوونیـیـەکـان یا (واجب الوجـود) و یان هەبوونی حەقیـقـەتدا ژیان کەوتۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە و هەر کـام لەو دیاردە و واتایانە وەک نیـشـانەیەک لە ئیـرادەی ڕووەو دەسـەڵات، مـرۆڤـەکـان لە تێگەیشـتـنی واتای ڕاسـتی ژیان دوور دەخـەنەوە و دەبنە لەمـپـەریان. بەگشتی لەسەردەمی سوقرات و ئەفلاتوون بەدوا ویسـتی ڕووەو دەسـەڵات لە چوارچێـوەی ویسـتی حـەقـیـقـەت و زانایيدا، بەردەوام بووەتە هۆی حاشاکردن و ڕەتکردنەوەی ژیان و ئەو پڕۆسـەیە لە چاخی خـۆیابوون و دەسـەڵاتداری زانســتی نوێیــدا، بەتایبـەت لە چاخی ڕۆشنگەرییــەوە گەیشـتە چڵەپۆپەی خۆی. زانستی نوێ بووە هۆی مەرگی خــودا (حــەقــیــقــەت)، هەروەها لە بری لەناوچوونی ئامانجەکانی پێشوو، ئامانج و مەبەستێکی نوێی نەکردە جێگری ئامـانجـەکـانی ڕابردوو، هەر ئەو بابەتەش بووە هۆی سـەرهەڵدانی هیچ بڕوایی. بە بڕوای نیــتـشــە ئەو ڕاستییانەی بەروبووی بارودۆخی نوێن و بەهۆی هەڵدانی پەرە ئەسـتـاندنی دنیـای پیشـەسازی، پەرە ئەسـتـاندنی دیموکـراسی مـۆدێرن و ئابووری دراوییـەوە بەدی هاتوون، بوونە هۆی نەخـۆشی ئەخـلاقی و کـەمـایەسی و زەبوونی هاووڵاتیـیـان و برەوپێدانی ئاکـاری مێگەلی و ناعـیـلاج کەمتەرخـەمی سیاسی و وەندا بوونی کـولتوور. لە وەها بارودۆخێکدا کۆمەڵگا بایەخی کولتوور لەبیر دەباتەوە و پێشوازی لە چەشنە بێ کولتوورییەک دەکا.

کـۆمـەڵگا [لەوەها کـەشێکدا] دوایین ئاکـامی مـرۆڤی «وەهای گـوت زەردەشت» وەدەست دێنێ. کـەشـێـک کـە تێــیــدا حـەسـانەوە و زەنگینی مـاددی جێ بە بایەخـە بەرزەکـان لێـژدەکا و شـوێنیـان دەگـرێـتـەوە و مـرۆڤـەکـان لەوەها دۆخـێکدا ژیانی پڕ لە داهێنراوی و لەخـۆنامـۆیی سەرەتی دەدەن، بەسـەر خۆ خسـتنە ناو بارێکی نابار و

مەترسیدارەوە.

* ئێوە گوتتان نیتشە لە ڕەخنەی دامەزراوەکان و بناخەکانی ئەندێشەی مۆدێرندا لەسەر ئەخلاقی نەریتی پێدادەگرێ و لێی ورد دەبێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو بناخەی مۆدێرنیتە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە [بناخەیەکی] مەسیحی دەزانێ. نیتشە بەچ هۆیەک ڕێی ئەوەی بەخۆی دەدا ئەخلاقی مەسیحی بخاتە بەر ڕەخنە و ڕەخنەکاری و [ڕەخنەکەشی] ئاراستەی کام لایەنی ئەخلاقی مەسیحی دەکا؟

– نیتشە لە کتێبی ڕەچەڵەکناسی خۆیدا واتاگەلی جۆراوجۆری باش و خراپ و جەزرەبەی شرۆڤە کردووە و هەمووو ئەوانەش بە نموونەگەلێک لە ویستی ڕووەو دەسەڵات یا ویستی دەسەڵات دەزانێ. بەگشتی دوو پێکهاتەی ئەخلاقی لە قۆناخەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی کولتوور و ژیاری ڕۆژئاوایی خستۆتەڕوو. سیستەم و پێکهاتەی یەکەم، کە ئەو بە ئەخلاقی مەزنانی ناودێر دەکا، سەر بەو گرووپ و دەستانەیە کە بایەخە بەرزەکانی مەزنی و بەهێز بوونیان، وەک گەورەیی و فەزیلەتی مەزنیخوازی دەناسی. مەزن و ماقووڵان خاڵی بەهێز و مەزنایەتی خۆیان بە باشە و چاکە دەزانی و تایبەتمەندییەکانی زەبوون و گەندەپیاوانیان بە خراپ و نالەبار دەهێنایە ئەژمار. لە ڕاستیدا ئەخلاقی مەزنان بۆ خۆی لەسەر بناخەی تامەزرۆیی بۆ ژیان دامەزرابوو. وێنەی ئاشکرای ئەو کەسایەتییە دەتوانین لە پاڵەوانی حەماسەکانی ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمێردا ببینینەوە. بەرە بەرە ژێردەستەکان و کەسانی زەبوون و گەند، وێڕای ئەوەی دوژمنایەتی مەزنانیان دەکرد، ئەخلاقی ئەوانیشیان بەراوەژوو کرد و ئەوەی ئەوان باشیان دەزانی، ئەمان بە دژە ئەخلاق و ناکارامە و گەندەڵیان لە قەڵەم دا. لەو سەردەمەوە بوو کە بە سیستەمی ئەخلاقی دووەم بەناوی ئەخلاقی کۆیلەکان بەدی هات. کۆیلەکان یان مێگەل بە شوێن ئەوەوە بوون کە بوێری و دلێری لە ترس و بێزاریدا و کۆست کەوتەیی لە ژیاندا بدۆزنەوە. نیتشە ژیانی مەزنان بە شیاوی هەڵۆ تیژباڵەکان و ئەخلاقی کۆیلەکانی بە ڕەوشتی مێگەل شوبهاندووە. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدا لاوازی و زەبوونی وەک بایەخێکی بەرز نرخێندراو پێیدا هەڵگوترا. نیتشە دەڵێ لەنێوان ئەو دوو چەشنە سیستەمی بایەخییە بەردەوام ململانێیەکی بێ کۆتا لە ئارادا بووە. ئەو لە کتێبی لە دایکبوونی تراژیدیدا کێشەی دوو هێزی ئاپۆلۆنی و دیونۆسوسی دەخاتە بەرباس. نیتشە دەڵێ ئەو شێوە ڕووبەڕووبوونەوەیە هەرگیز تەبایی و هاوسەنگییەکی زیندووی لێ نەکەوتەوە، بەڵکو سەرکەوتنی ئاکاری مێگەلی بەدواوە بووە. خۆبابوونی مەسیحییەت دەبێ هەر لەو بازنەیەدا سەرنجی بدرێتێ، کاتێ عیسای مەسیح لە مەوعیزەکەی خۆیدا، لەسەر لووتکەی شاخ ڕایگەیاند کە بێ دەسەڵاتەکان دەبنە میراتگری زەوین ئەو گوتەیە ئاماژەیەکە هەر بۆ ئەو مەبەستە. بە واتایەکی تر دەڵێن مەسیحییەت سەرچاوەی سەرکەوتنی ئاکاری مێگەل بەسەر مەزناندایە. بەو واتایە کە حاشای لە ویستی ڕوو لە ژیان کردووە و لەژێر ئاڵای ئاکاری زاهیدانەدا، ویستی ڕوو لە مەرگ و نەمانی برەو پێداوە. نیتشە مەسیحییەت بە بەربووی حاڵەتی تۆڵە ئەستێنانەی زەبوونەکان و ویستی ئەوان بۆ زاڵبوون بەسەر جیهان دەزانێ. ڕوون و ئاشکرایە کە نیتشە ئەو زاڵ بوونە بە گەورەترین کارەساتی مێژوویی ژیار دەزانێ. بە بڕوای ئەو مەسیحییەت ڕێچکەی ئاسایی هاندەرە سروشتییەکانی مرۆڤ کە لە ئەخلاقی مەزناندا خۆی دەنواند و بەشێوەی بوێری، حەماسە و شەڕکەری پاڵەوانە ئوستوورەییەکان دەردەکەوت دەگەڕێنێتەوە ناخ و دەبێتە هۆی داڕووشان و شێوانی دەروونی مرۆڤەکان. بە بڕوای ئەو نەخۆشی ویژدانی مرۆڤ هەر لە بە دەروونی بوونی هانە سروشتییەکاندایە و ئەو ژانی ویژدانە بەرەبەرە ویژدانی نەخۆشی مرۆڤی بەدی هێنا. ئەو لەکتێبی ئاوابوونی بوتەکاندا لە توێژینەوەیەکدا بەناوی «ئەخلاق لە ململانێی لەگەڵ سروشتدا» بە ڕاشکاوی دەڵێ ئەخلاق بەو شێوەی تا ئێستا تێی گەیشتوون و بەو جۆرەی کە شوێنهاوەر وێنای کردووە، بریتییە لە حاشا کردن و ڕەتکردنەوەی ویستی ژیان.

* بەر لەوەی بچینە سەر باسی چۆنەتی و هۆکاری هیچ بڕوایی لە ڕوانگەی نیتشەوە، باشتر وایە بپەرژێینە سەر لایەنێکی دیکەی ڕەخنەکاری نیتشە لە ئاست بیری مۆدێرن، ئەویش ڕەخنەی ئەوە لەسەر هزرباوەڕی (rationalism) مۆدێرن. هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی نیتشە لە هزر بڕوایی مۆدێرن لە چ بەرژەوەندێکەوە دەتوانین بخەینە بەرباس و توێژینەوە؟

– نیـتـشـه له تێکڕای بەرهەمـەکـانیـدا هزر بڕوایی فەلسەفی بەشێوەگەلی جۆراوجۆر خستۆتە بەر تیشکی ڕەخنە، بەڵام بە تایبـــەت لـه ئاوابوونی بوتەکـــاندا توێژینەوەیەکی بۆ هەڵســـەنگانی هزر له پانتـــایی و فـەلسـەفـە تەرخان کردووە. ئەو لە ڕەخنەی هزر بڕواییـدا دەڵێ: فەیلەسووفەکان تێگەیشتنی مێژوویییان نییه و له مـانای ئەزمـوونی بوون بێـزارن. ئەوان له سـایەی هزر بڕواییـدا دەست دەکـەن به جـۆرێک له مـێـوگـرتن و مـۆمـیـاییگەری، واته تێکڕای دیارده زیندوو و ڕوو له گەشەکانی هەستی لەژێر باڵی هزری فەلسەفیدا مۆمیایی دەکەن. هیچ شـتـێکی ڕاستی لەژێر دەستی ئەوانەوە به زیندوویی دەرباز نابێ. ئەوان مامۆستایانی بوتپەرستی ئەندێشەن. فـەیلەسووفەکان کاتێ ستایشی بابەتەکان، ئەو شـتـانە لە ناو دەبەن و هەمـوو ئەو شـتـانە لە ڕێی هەستەوە وەردەگیرێن و بڕوایان پێدەکرێ، ڕەت دەکەنەوە. لە ڕاستیدا نیتشه هزر بڕوایان بە ئەو کەسانه دەشوبهێنی که خەریکی مۆمیایی کردنن. ئەوان سووکایەتی دەکەن به هەرچییەکی که به دیاردەوەیە. نیتشـه فەیلەسووفەکانی ئیلیـایی به دامەزرێنەری ئەو پرۆسەیە دەناسێنێ. ئەوان بوون کـە هزریان کـرده ئامـرازێک بۆ تێکدانی هەست، نیتشه لێرەدا ستایشی هراکلیتوس دەکا و دەڵێ ئەوە ئەو بوو که ئەزمـوونی بوونی پەسند کرد، ئەزمـوونی بوون که ڕووداوەکانی جیهان نیشانه و مەزهەری ئەون.

ئەو گـوتی تەنیـا جـیـهـانی دیار و لەبەرچاوە کـه ڕەسەنایەتی هەیە و جیهانی بوت تەنیا فریوێکە. ئەوان جیـهـانیـان به دوو هەرێمی ڕاستەقینە و ناڕاسـتـەقینە دابەش کرد و گوتیان کـه جیـهـانی ڕاسـتـەقینە ئێـستـا وەڕاست ناگەڕێ، بەڵکو دەتوانین مزگێنی ئەو جیهانە بە زانایان بدەین. هەر ئەو بۆچوونەیە کـــه ئـامـــانجی سۆفیلکانە و زاهیدانەی لە ژیاری ڕۆژئاوایی پێک هێناو شێوەی نوێی ئەو ئامانجە لە قاڵبی ئەندێشەکانی کانتدا خـۆی نواند. نیـــتـــشـــە دەڵێ کـــانت زۆربەی بابەتە پێچەڵاوپووچەکانی فەلسەفی به دەکارکردنی «فێڵێکی لۆژیکی» ناسراو بە حـوکـمی ئاوێتـەیی پێـشـینی وەڵام داوەتەوە.

لە ڕاستیدا ئەو بە فێڵە عەقڵییەوە هەوڵی دا هەتا لە ڕێی «بەسەلماو زانینی مەبەستی بەرباس» هەمـوو بابەتە دژوار و ئاڵۆزەکـان وەڵام داتەوە. به بڕوای نیـتـشـه بڕوا کردن بە حوکمی ئاوێتەی پێشینی ڕاست وەک ئەوە وایە کـه سـاتێ پرسـیـار لـه چۆنەتی شـتـێکی وەک تلیـاک «ئەفـیـوون» بکرێ، ئێمە تەنیا ئاماژە به خەوهێنەری ئەو مـادەیە بکەین و لەبەر ئەو تایبـەتمەندییـەش پێی بڵـێین مـادەی سـڕکـەر. واتە ئێـمـە لە باس و دەمـەتەقـەدا ئەو شتەی که پێویستی به سەلماندن هەیە به شتێکی سەلماوو ئاشکرا بزانین. حوکمی ئاوێتەی پێشینی وەک ئەوە وایە مـەبەسـتی بەرباس بە سـەلماو بزانی و هزر بڕوایی بە پاڵپـشـتی ئەو حـوکـمـانەوە، هەندێ بابەت بە سـەلما و ئاشکرا وەردەگرێ و گریمانە دەکا، که خودی ئەو بابەتانە پێـویـسـتـیـان بە سـەلماندن و بەڵگە هێنانەوە هەیە. ئەگەرچی کانت ئەو حوکمانەی پێ ڕاستی نییـه، بەڵام جەخت لەسەر پێویستی ئەو حوکمانە بۆ ژیان دەکا. جگە لەوە کـانت وێڕای ڕەخنە گـرتن لە ڕسـتـەی «من بیـر دەکـەمـەوە کـەواتە هەم» دەڵێ: ئەگـەرچی دیکارت «من بیـر دەکـەمـەوە»ی بە بابەتێکی ڕوون و ئاشکرا دەزانی، بەڵام ڕوون نییە ئەو «من»ەی کە بیردەکاتەوە چییە؟ ئەو دەڵی کـە ئەو «من»ە بە هیچ چەشنێ نابێ تەنیـا وەک چەمکێکی فـەلسـەفی بدرێتـه بەر سـەرنج، بەڵکو دەبێ ئەوە بزانین ئەو «من»ە زیاتر لە ڕێزمـانەوە سـەرچاوەی گـرتووە، چونکە لە گـوزارە دەستـوورییـەکـاندا، زۆربەی کـاتەکـان دەبێ مـوبتـەدا یان بکەرێک بوونی هەبێ تا هەواڵ یا موسنەد مانا بەخۆوە بگرێ. کەواتە ئەنجامدان و بەرپرسیـارێتی و هاوڕێی لە بە ئاکام گەیاندنی کارێکدا یا لە پرینگانەوە لە کـارێک، خـاوەنی ڕیشــەیەکی ڕێزمـانییـە، بە بڕوای نیـتـشـە تێکڕای حوکـمـەکـان و ئەندێشە فەلسـەفییـەکانی ئێمـە نابێ لەو دیوی یەکەی «زمـانی کـولتـووری» کـۆمـەڵگاوە بکەوێتـە بەرباس و سەرنجەوە. بەو واتایەی که لەنێوان چوارچێوەکانی زمانی و ڕێزمـانی و ئەندێشـەکـانی فـەلسـەفی، پێـوەندییـەکی نزیک لە گۆڕێدایە. نیتشە دەڵێ: بایەخەکـان و زمان و فـەلسەفـە بەگشتی پێوەندییـەکی دوو لایەنەیان هەیە و هەمووان بەباروودۆخی کۆمەڵایەتییەوە بەستراونەتەوە.

* ڕەنگە لە کـۆی ڕەخنەکـانی نیـتـشـە لە ئاکـاری مـەسـیـحی لەلایەک و ڕەخنە لە هزربڕوایی مـۆدێرن لەلایەکی دیکەوە بتـوانین پەی بە ڕەخنەی توند و تیـژ و ڕادیکاڵی نیتشە لە خەڵک سەروەری ببەین، چونکە بە بڕوای نیـتـشـه، خـەڵک سـەروەری ڕیشـەی لە ئاکـاری

مێگەل و هزربڕوایی مۆدێرندایە. ئایا دەتوانین لە دوو ڕەخنەی پێشوویەوە بە ڕەخنەی ئەو لەسەر خەڵک سەروەری بگەین؟

– دەبێ عەرزتان بکەم کە نیتشە دیموکراسی یا خەڵک سەروەری بە لایەنی سیاسی مۆدێرنیتە دەزانێ و پێی وایە کە ئەو سیستەمە خۆی وەک پارێزەری کولتووری ئەوڕۆیی دێتە ئەژمار. بە بڕوای ئەو نەتەوەخوازی و سۆسیالیزم بە دوو شێوەی مەترسیداری ئاراستەی سیاسی هاوچەرخ دێنە ئاژمار. لە ڕوانگەی نیتشەوە ئەو دوو بابەتە، بوار بە دەسەڵاتداری و پەرەستاندنی ئارمانجگەلی سۆفیانە بە شێوەیەکی نەرێنی خۆش دەکەن و بە گشتی دەبنە هۆی پتەوی حکوومەتی مێگەل. نیتشە دەڵێ: ئێمە مرۆڤە مۆدێرنەکان لە ئاست وەرگرتنی ئەو ڕاستییە مل بادەدەین کە بنەمای کولتوور لەسەر بناخەی مێگەل دامەزراوە. ئەمڕۆکە سۆسیالیزم خەریکە بێزران و دووری لەو ڕاستییە بڵاو دەکاتەوە و پەرەی پێ دەدا. نیتشە دەڵێ: ئەگەر بنەماکانی کولتوور لەسەر بناخەی ویستی خەڵک دامەزرابێ، لەو حاڵەتەدا ویستی بەرانبەری لە دەرد و ڕەنج و تەواوی ئەندێشەکانی دیکە دەخاتە ژێر کایگەری خۆیەوە. ئەگەر یۆنانییەکان بەهۆی سیستەمی کۆیلەدارییەوە لەناوچوون، ئێمە مرۆڤە مۆدێرنەکان بەهۆی نەبوونی ئەو سیستەمە ناومان لەسەر ڕووی هەستی پاک دەبێتەوە. لە ڕاستیدا بەهۆی غیاب و نەبوونی ڕێکوپێکی سیاسی بەتوانا کە لەسەر بنەمای پلەبەندییەکی لەبار دامەزرابێ، بناخەکانی ئاکاری و مافی کۆمەڵگا تێک دەتەپێ. بەبڕوای نیتشە دەوڵەت ئامرازی بەڕێوەبردنی تەکووزی و ڕێکوپێکی سیاسییە و بەگشتی بە بێ هەبوونی دامودەزگایەکی پتەوی دەوڵەتی ناتوانین «تاک» بکەینە حەیوانێکی سیاسی. دەوڵەت بە چێژی خوێن و بەتامی توندوتیژییەوە پێی گرتووە، چونکە ئەوە تایبەتمەندی دەسەڵاتە. بە بڕوای نیتشە ئەوانەی کە بڕوایەکی جیا لەوەیان هەیە لە هەڵە دان و پێویستە ئەوە بزانن هیچ مافێک نییە لە کۆمەڵدا کە لەسەر بنەمای دەستدرێژی، داگیرکاری و توندوتیژی دانەمەزرابێ. دەوڵەتی یۆنان هونەر و فەرهەنگی بەدوائامانجی خۆی دەزانی، بەڵام دەوڵەتەکانی هەنووکە ئەو مەبەستەیان لەبیر بردۆتەوە و تەنیا وەک کەرەسەیەکیان لێهاتووە بۆ بەرەو پێش بردنی ئارەزوو و ویستەکانی تاکی خۆ خوازو خۆ بڕوا. نابێ ئەوەش لەبیر بەرینەوە کە نیتشە ژیان و سیستەمی سیاسی یۆنانی پێش سوقڕاتی بە پێکهاتەیەکی ئایدیال دەزانی و پێی وابوو یۆنانییەکان هونەرمەندانە دەژیان، بەڵام ئەمڕۆکە بە شوێن وەرگرتن لەو دنە و هاندانەی ئارمانجە سۆفیلکانەکان دەیدەڵێن، تووشی هیچ بڕوایی بووین، کە وایە سیستەمگەلێکی وەک دیموکراسی لیبراڵ خۆیان ڕووبەرگەلێکی ئەو هیچ بڕواییە مۆدێرنەن و دەبێ بە سەریاندا زاڵ بین. ژیانێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای دیموکراسی لیبڕاڵ خۆی گرتبێ لە ژیانێکی تراژیک کە خواست و ئاواتی نیتشە بوو، زۆر دوور بوو. بەگشتی ئەو بە پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەکانی خەڵکی ڕەشۆکی، دژی سیاسەت و دەسەڵات بوو، ئەو سیاسەتی بە ئامرازێک بۆ پەرەدان بە فەرهەنگ و هونەر و گەورەیی مرۆڤ دەزانی.

* ئێستا دەچینە سەر باسی ڕوانگەی نیتشە و بۆچوونی ئەو لەمەڕ هیچ بڕوایی، بەپێی گوتەکانی ئێوە تا ئێرە لە ڕەخنەکانی نیتشە لەمەڕ سوننەت و مۆدێرنیتە (ئاکاری مەسیحی و ئەندێشەی مۆدێرن) گەیشتووین. کەواتە جێی هیچ شک و دڕدۆنگییەک نامێنێ کە نیتشە هیچ بڕوایی بە بەشێک لە زات و گەوهەری مۆدێرنیتە دەزانێ. ئایا ئەم بۆچوونە ڕاستە؟

– بەگشتی دەستەواژەی هیچ بڕوایی لە ئەندێشەکانی نیتشەدا، وەک شمشێرێکی دوودەم خاوەنی دوو ڕەهەند و واتای دژ بەیەکن. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ڕووسەکان بۆ یەکەم جار ئەو زاراوەیان دەکار کرد. ئەو زاراوەیە لەلایەکەوە بۆ ڕەفز کردنەوەی بڕواکانی ئاکاری و ئایینی دەکار کرا، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەگشتی بە ڕەشبینی و ناهومێدی لە ئاست هەستی و زانیاری دەگوترا. نیتشەش هەر ڕاست ئەو ئیلهام و دوو ڕەهەندییەی پەرە پێدا کە لەو زاراوەیەدا بوو. زاراوەی نهێلیسم بە بۆچوونی نیتشە بە هیچ چەشنێ دەلالەت ناکا بەسەر عەدەم و نەبوون لە بەرابەر وجوود و بووندا، بەڵکو ئەو زاراوەیە بەبایەخی «عەدەم و نەبوون» دەگوترێ. بەو واتایە کە کاتێ ژین کەوتە بەر تیشکی حاشا لێکردن و گومانەوە، لەو حاڵەدا بایەخی سەلبی بەخۆیەوە دەگرێ. بە کەم گرتنی ژیان خۆی پێویستی بە بڕوا و بە جۆرێک لە ئوستوورەیە، ئێمە لە سایەی ئوستوورەوەیە کە ڕاستییەکان دادەمەزرێنین و

بایەخەکان ڕوون دەکەینەوە، یان هەر لەو ڕێیەوەیە کە تاقمێ لە بایەخەکان ڕەت دەکەینەوە. لە چوارچێوەی ئەو ڕوانگەیەدایە کە جیهانی ڕاوەستاو و ڕووداوەکان یان بە گوتەی پێشینیان جیهانی بەرچاو و زووتێپەڕ و نابەردەوام و ئەلبەل بێ بایەخ دەناسرێ و بایەخی سەلبی بەخۆوە دەگرێ. بۆچوونی ئیجابی لە جیهانی سەرووی هەست و سەرووی سروشتی، یان بە گوتەی پێشینیان جیهانی لاهووت، خۆی هەڵگری ڕەتکردنەوەی جیهانی بەرامبەری، واتە جیهانی سروشتییە. نیتشە دەڵێ: حاشا کردن لەو جیهانەو بەگشتی حاشا لە دیاردە زەوینییەکان پشت ئەستووره بە ویستێکی ڕوو لە ڕەتکردنەوە. ئەو ویستی حاشاو ڕەتکردنەوەیە، خۆی لە ویستی وێرانی و هەرەس هێنان و لەناوچووندا خۆیا دەبێ و دەردەکەوێ. نیتشە دەڵێ: نەفی و ڕەتکردنەوە لێرەدا وەک وەسفی زاتی ئیرادەی ڕووەو دەسەڵات تیشک دەهاوێژێ و خۆ دەردەخا. مەبەستی نیتشە لە ڕەتکردنەوە و نەفی لەنهێلیسمدا ڕەتکردنەوەی بایەخی ژیانە لەژێر چارشێوی واتاگەلێکی وەک عالەمی جەبەڕووت و عالەمی عوقوول و عالەمی غەیب و شتی تری لەو بابەتە.

نیتشە پێی وایە کە هیچ بڕوایی وێڕای حاشا کردن لە ژیانی «ئەم جیهانی»دا، لە ڕاستیدا بواری بۆ نەخۆشی کولتووری ئەورووپایی خۆش کرد. ئەو پێی وایە فەلسەفەی سوقرات و ئەفلاتوون ڕێگایان بۆ سەرهەڵدانی ئەو شێوە بیرکردنەوانە بیراز کردووە، نیتشە بێ گرێ و گۆڵ ڕادەگەیەنێ کە کۆمەڵگای ئەورووپایی ئەو ئیمانەی تێک شکاند کە بناخەی پێکهاتە کولتوورییەکەی خۆی لەسەر دامەزرابوو. هەر بەو جۆرەی کە «شێتەپیاو» لە تەمسیلە بەناوبانگەکەی «حیکمەتی شادمان»دا گوتی: «خوا لەکوێیە؟ من پێتان ڕادەگەیەنم ئێمە کوشتوومانە، ئێوە و من! ئەو لە ڕاستیدا هیچ بڕوایی بە موحتاجی ویستی لەمێژینەی ئەورووپییەکان بۆ واتای «ڕەها» دەزانێ.

کاتێ ئەورووپییەکان هێزێکی سەرووتر لە هێزی مرۆڤیان بۆ پاساو و شیکردنەوە و لێکدانەوەی «هەستی» لەبەرچاو گرت و لە ئاکامدا هەر بۆ خۆشیان قۆڵیان بۆ کوشتنی ئەو هێز و سەرچاوە دەرەکییە هەڵماڵی، بایەخە جیهان داگرەکان کەوتنە مەترسی لێک بڵاوبوون و تێداچوون. لەو چاخە بەدوا مرۆڤەکان دەستیان کرد بە ڕەتکردنەوەی هێزە سەروو سروشتییەکان و گوتیان هیچ شتێ لە پشت پەردەی ڕاز و نهێنییەوە بوونی نییە، هەر بەو واتایەشە کە مرۆڤی هیچ بڕوا ڕاستەقینە و بایەخە بەرزەکانی وەلانا و ڕەتی کردنەوە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، عەدەم و نەبوون و تێداچوون بوونە خاوەن بایەخ. کەواتە لە خولی یەکەمدا ژیان لە لووتکەی بەرزی بایەخەکانی میتافیزیکی کێشرایە خوارێ و سووکایەتی پێکرا و چکۆلەکراوە، کەچی لەخولی دووەمدا ژیان و حەیات جەختی لەسەر کراوە، بەڵام ئاکامەکەی بە چەشنێ کە لە سیستەمی میتافیزیکیدا بەرچاو دەکەوێ، ئیعتبارێکی بە دواوە نەبوو. لە هەنگاوی یەکەمدا بناخەی نهێلیزم لەسەر خواستی حاشاکردن لە دیاردەکان وەک دەرکەوتە بەرچاوەکانی «ناسووت» دامەزرا و سەری هەڵدا، لە هەنگاوی دووەمدا نهێلیزم لەنگەری خۆی نەک لە دنیای سەروو سروشتی پێشوو، بەڵکو هەر لەو جیهانی دیاردە و بەرچاوەدا دۆزییەوەو بەرە بەبەرە خواستی خۆی لە حاشاکردن و ڕەتکردنەوەدا دیتەوە چونکە لەنگەرو پاڵپشتی پتەوی سەرەتای لەناوچوو بوو، لە جیهانی بەرچاو و دیاردەدا، شتێکی جێی متمانە و پاڵەپشتێکی لەبار جێگای نەگرتبۆوە. هەر بەو هۆیە مرۆڤ لە بەرزەخی هیچ بڕواییدا نوقم بوو و لە ڕاستیدا لەسەردەمی نوێدا ویژدانی نەخۆشی ئەورووپایی کردە جێگری خۆشەویستی و دڵدانەوە. بیرهێنانەوەی بیرەوەرییە تاڵەکان بەشێوەی نوێ ڕەنگ و ڕووی تازەی خۆیەوە وەک تووڕەیی شۆڕشگێڕانەی مۆدێرن خۆ دەردەخا. بەگشتی ویستی ڕوو لە ڕەتکردنەوە و هیچی، وەک هێما و نوێنەری سەرکەوتن و داسەپانی هێزە ناکارامەکان لەچاخی نوێیدا، بواری بۆ ڕاپەڕینەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆش کرد. ئەوە پوختەی ئەو شتەیە کە جەوهەری سەرەکی مۆدێرنیتە لە چرکەساتی حازریدا پاساو دەداتەوە.

هەر لەو ڕووەوەیە کە ڕەنگە زۆر سەیر نەبێ ئەگەر ئێمە لە نهێلیسمدا بە شوێن جەوهەری مۆدێرنیتەدا بگەڕێین. بەگشتی تەسەلترین جێیەک کە نیتشە باسی پێوەندی مۆدێرنیتە و نهێلیسمی کردبێ، بەشی سەرەتای ویستی ڕووە و دەسەڵاتە.

* نیتشە ڕێگای دەرباز بوون لە قەیرانی هیچ بڕوایی

لەچیدا دەبینێتەوە؟

– نیتشە یەکێ لە ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هیچ بڕوایی بە داهێنان و ئافراندنی هونەری دەزانێ. بە گشتی کتێبی لە دایک بوونی تراژیدی سەرتاپا خوار باسی هونەر و هونەرمەندە. لەو کتێبەدا نیتشە تەنیا باسی تراژیدی یۆنانی نەکردووە، بەڵکو بارودۆخی هونەری لەسەردەمی نوێشدا داوەتە بەر سەرنج و باسەوە. ئەو دەڵێ هونەرمەند بە پێچەوانەی فەیلەسووفی ئەفلاتوون بڕوا بە ڕووی ژیان و تێکڕای دەرکەوتەکانی ژیاندا پێدەکەنێ و ئەرێیان پێدەڵێ. لە ڕاستیدا هونەرمەند هەڵپە و خۆشی دیۆنوسوسی کە تژی لە بوون و ژینە، لەبەرهەمی هونەری خۆیدا زیندوو دەکاتەوە.

ئەو لەگەڵ خودایانی خۆشەویستی هاوەدەنگ دەبێ و فێرمان دەکا کە لەویستی ژیان و هانە و بۆنەکانی ژیان نەپرینگێینەوە. ڕوون و ئاشکرایە کە نیتشە هونەر بە بەرزترین و بەنرخترین ڕووبەری ویستی ڕوو لە دەسەڵات دەزانێ. واتە هەرچی لەجیهاندا بوونی هەیە، بە بڕوای وی ڕووبەرێکە لەو ویستە. تەنانەت هەر لەژێر ڕۆشنایی تیرێژی هونەر دایە کە واتای ئیرادەی ڕوو لە دەسەڵات خۆ بەدەستەوە دەدا، هەر بەو هۆیە دەبێ هونەر بە بزووتنەوەیەکی بناخە هەڵوەشێن لە بەرابەر هیچ بڕوایی بێنینە حیساب.

* گۆیا هەر بەسەرنجدان بەو پێوەندەی نێوان هونەر و نهێلیزم بوو کە نیتشە دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن لە ئەندێشە فەلسەفییەکانی ئەفلاتوون لە مەڕ هونەر، بیرۆکەی هونەری ئەفلاتوون چ بووە و دژکردەوەی نیتشە بەو بیرۆکەیە لەسەر چ بنەمایەک دامەزراوە و خۆی گرتووە؟

– لە ڕاستیدا ڕەخنەی نیتشە لە ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونی ئەو لە پێوەندی نێوان هونەر و ڕاستەقینە. بۆ شیکردنەوەی زیاتر دەبێ بڵێم: سوقرات و ئەفلاتوونی قوتابی، یەکەم فەیلەسووفانێکن کە پێوەندییان لە نێوان ناسیاری و حەقیقەتدا هەڵبەست و گوتیان ئەوەی لە ڕێی تێگەیشتنی هەستەوە بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەبێ، لە ڕاستیدا پێوەندی بەجیهانی بەرهەست و دوکساوە هەیە و بە شێوەیەکی گشتی لە جیهانی مەعقوولدا مرۆڤ دەتوانێ دەستی بە حەقیقەت ڕابگا.

هونەر بە گشتی لە جیهانی بەرهەستدا دەستەبەر دەبێ و لەگەڵ سێبەر و نسێکان سەروکاری هەیە.

ئەفلاتوون بۆ ڕوونترکردنەوەی مەبەستی خۆی لە کتێبی دووەمی کۆماردا بۆ نیشاندانی چییەتی هونەر لە میسالێکدا ئاماژە بۆ سێ جۆر تەخت دەکا. چییەتی تەخت کە سروشتی شتەکان و دەستکردی خودایانە، تەختێکی تر کە دەسکردی دارتاشە و تەختێکیش کە شێوەکار لە ڕووی تەختی دارتاشەوە دەیکێشێتەوە، سێ هونەرمەند ئەو سێ تەختەیان چێ کردووە: یەکەمیان خودایان، دووەمیان دارتاش و سێیەمینیش شێوەکار بەدی هێناوە. هەر بەو پێیە ئەگەر تەختی یەکەم بە ئەسڵ بزانین، تەختی سێیەم کە کاری شێوەکارە، سێ پلە لە ڕاستەقینە و حەقیقەت دوورە، لێرەدا مەبەستی ئەفلاتوون بەراوردی کاری هونەرمەندان لەگەڵ فەیلەسووفەکانە. هونەرمەندەکان خۆیان بە نسێ و سێبەر و تابۆکانەوە خەریک دەکەن و لە ڕوخساری پەتی ڕاستەقینە دوور دەکەونەوە. ئەو شێوە دەلیل هێنانەوەی ئەفلاتوون بەردەوام بابەتی باس و لێدوانی فەیلەسووف و هونەرمەندەکان بووە.

لەسەردەمی ئەفلاتوون بەدوا، لەنێوان حەقیقەت و هونەر قەڵشتێکی هەراو بەدی هات. ئەو قەڵشتە لە دوای دەستەویەخە بوونی ئەفلاتوون لەگەڵ شیعرەکانی هومێر دەستی پێکرد و بەشاربەدەر کردن و ڕەتاندنی شاعیران و بەگشتی هونەرمەندان لە ئارمانشار دەوامی پەیدا کرد. بە گوتەی ئارتۆر دانتێر شاربەدەر کردنی فەلسەفی هونەر، کردەوەیەکی سیاسی بوو، چونکە دەسەڵاتداری بەسەر ئەندێشەی هاووڵاتیان لە سایەی فەلسەفەدا، بۆ خۆی پێویستی بە ڕەتکردنەوەی تێکڕای ئەو چالاکیانە بوو کە بنەما و یاسا و ڕێساکانیان لەگەڵ بیرکردنەوەی فەلسەفی دژایەتی هەبوو. هونەریش بە یەکێ لەو چالاکیانە لە قەڵەم درا و هەر بەو هۆیەش وەک چالاکیەکی مەترسیدار ناسراو ئەو ئاراستەیە تا کاتی ئێستاش هەر درێژە و دەوامی هەیە، بەڵام نیتشە ئەو داگەڕانەی ئەفلاتوونی بەهۆی سەرەکی قوربانی بوونی تراژیدیا لە قەسابخانەی فەلسەفی زانی و گوتی مێژووی ئەندێشەی ڕۆژئاوا گۆڕەپانی ململانێی فەلسەفە و هونەر بووە، لەهەر شوێنێکدا کە هونەر لە فەلسەفە هەڵبڕابێ، ئیعتبار و بایەخی خۆی ڕووبەڕووی پرسیارکردۆتەوە و هەر کاتێکیش هونەر خۆی لەگەڵ فەلسەفە ڕێکخستبێ و

لەگەڵی تەبا بووبێ، شان و شکۆی خۆی پێ زیاد کردووە. نیتشە لە تەواوی بەرهەم و ئەندێشەکانی خۆیدا بەردەوام هەوڵی دەدا هەتا ئەو هاوکێشەیە- ئاوەژووکاتەوە، هەر بەو هۆیەوە بوو کە وەبیر هەمووانی هێناوە کە حەقیقەتی فەلسەفی جگە لە نهێلیزم و حاشاکردن لە ژیان بەهیچ کوێ ناگا و تەنیا بە سەرلەنوێ ژیاندنەوەی کولتووری هونەری و بەتایبەت پانتایی تراژیک دەتوانین لەداوی ئەو نهێلیزمە رزگار بین.

* بۆمان دەرکەوت کە نیتشە لە ڕەخنەی بیری مۆدێرندا، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هیچ بڕوایی سروشت و گەوهەری زاتی و ناخەکی مۆدێرنیتەیە و هەروەها لەوەش ئاگادار بووین کە نیتشە هونەری وەک پاڵنەر و بزوێنەرێک لە بەرانبەر هیچ بڕوایی خستۆتەڕوو. ئەو هونەرە بە هۆکارێکی شوێندانەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەکارانە لەگەڵ هیچ بڕوایی دەزانێ. واتایەکی تر لە بیری نیتشەدا کە هەر ڕاست دەبێ لێرەدا ئاشێرەی پێ بکەین، واتای «کەڵەمرۆڤ»ە. (ubermensch) ئایا نیتشە بەخستنەڕووی ئەو واتا ئارمانییە لە مرۆڤ، چاوی لەلایەنە ڕزگاری دەرەکانی ئەو مرۆڤەیە بۆ دەربازبوون لە هیچ بڕوایی؟

- نیتشە بە خستنەڕووی واتای «کەڵەمرۆڤ» دەیەوێ جۆرێ مرۆڤی تایبەت کە لە باری دەروونییەوە شەریفتر و مەزنتر لە مرۆی خۆخواز و بەرچاوتەنگ و مادەپەرست، نیشان بدا.

کەڵە مرۆڤی ئەو لەو دیوی چاکە و خراپە ئاکارییەکانەوە ڕاوەستاوە. ئەو سەر بە داهاتووە. داهاتوویەک کە نیتشە مزگێنی دەدا. ئەو مرۆیەکی ڕاستەقینەی ڕزگاریدەر نییە، ئەو مەبەست و ئارمانجی مرۆڤە. یەکێ لە واتاکانی کەڵە مرۆڤ ئەوەیە کە بە شوێن مرۆڤ دادێ. تێکڕای بوونەوەران بە گوتەی ئەو تا ئێستا شتێکی سەرووتر لەخۆیان ئافراندووە. بۆ وێنە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ مەیموون چییە؟ مرۆڤیش لە بەراورد لەگەڵ کەڵەمرۆڤ ئاوا چاوی لێدەکرێ.

سەروو مرۆڤ ئەو کەسەیە کە بە تێپەڕین لە پانتایی مینەوی تەنیا ئەویینداری زەوینە. بە گوتەی نیتشە لە کتێبی وەهای گوت زەردەشتدا: «سەروومرۆ» هەر ڕاست بەواتای خودای زەوینە و بە گوتەی ئەوانەی کە سەروو زەوینی دەدوێن، بڕوامەکەن. نیتشە لەپێش گوتاری وەهای گوت زەردەشتدا دەڵێ کە واتای هەستی و بوونی مرۆڤەکان شتێ نییە بێجگە لە کەڵەمرۆڤ. لە ڕاستیدا کەڵەمرۆڤ چەخماخەیەکە لە قووڵایی هەوری ڕەشی مرۆڤدا.

* ئایا نیتشە بەخستنەڕووی کەسایەتی زەردەشت، بە تایبەت لەکتێبی وەهای گوت زەردەشتدا، وێنە و سیمای کەڵە مرۆڤ یا مرۆڤی ئارمانی دارشتووە؟

- بە بڕوای نیتشە مرۆڤ تەنیا پردێکە نەک مەبەست. واتە مرۆڤ، گوریسێکە سەرێکی بە حەیوانەوە بەستراوەتەوە و سەرێکیشی بە کەڵەمرۆڤەوە. گوریسێک کە لەسەر هەڵدێرێک هەڵبەستراوە و لەتردان و تێپەڕین بەسەر ئەو گوریسەدا پڕمەترسی و خۆفە. لە ڕاستیدا زەدەشت مزگێنییە، بەڵام نەک وەکو مووسا و عیسا و بوودا، ئەو یاسادانەر و شەریعەتپەروەر نییە.زەردەشت لە ئەندێشەی نیتشەدا تانەو و تەشەر لە یاسادانەر و شەریعەتپەروەر دەدا و دەیانداتە بەر تیغی ڕەخنە. لەو شوێنەدا کە خەڵک دەیانەوێ لەبەرابەر ئەودا بەچۆک دابێن و سوژدەی بەرنێ و پێیدا هەڵبڵێن، ئیتر ئەو ڕێبەرایەتی و سەرچاوەبوونی خۆی پاشەکشە پێ دەکاو ڕوویان لێ وەردەگێڕێ. یاسای پێغەمبەر و فەیلەسووفەکان ئەوەیە کە شەریعەتی خۆیان وەک ڕەحمەت و بەرەکەتی مەزن بخەنە ڕوو، بەڵام زەردەشت هەموو ئەو یاسایانەی خستە ژێر پێ و گوێی نەدانێ. ئەو لە دژ بە سوقرات و ئەفلاتوون، عیسا، بوودا ڕادەوەستێ. زەردەشت ڕێگاچارە، جیهانی و مێژووییەکان وەلادەنێ و وەک سەماکەرێک کە سەرەڕای هەبوونی ترسێنەرترین دنیابینییەکان لەمەڕ ڕاستییەوە، نە تەنیا لە بەرامبەر ژیاندا هەڵوێست ناگرێ و پێیدا هەڵناشاخێ، بەڵکو ستایشی ژیان دەکا. ئەو گیانلەبەرێکە خۆیا دەبێ دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ:

مرۆڤ شتێکە کە دەبێ دەستی بەسەرداگری و لێیەوە تێپەڕی. زەردەشتی نیتشە کەسێکە کە دەتوانێ مرۆڤەکان بۆ ئەودیوی مەرگی خودا ڕێبەرایەتی بکاو لە چنگ هیچ بڕوایی دەستەوەستان ڕزگارمان بکا. ڕوونیشە کە زەردەشت شوانی مێگەل نییە، بەڵکو تەنیا پاینجەیەکە کەڵەمرۆ نیشان مرۆڤەکان دەدا.

* تاقمێ گوتوویانە کە ئەندێشەکانی نیتشە بەتایبەت لەمەڕ کەڵەمرۆڤەوە بواری بۆ سەرهەڵدان و

پەرەئەستاندنی بیرۆکەی نازیسم خۆش کردووە، ڕای ئێوە چییە؟

– لەسەدەی ئێستادا ئەندێشەکانی نیتشە زۆرجار بوونەتە هۆی زاوزێی ڕاڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر. کتێب و توێژینەوەی یەکجار زۆر لەسەر ئەندێشەکانی نیتشە چاپ کراون. ڤۆلتێر کافمەن توێژکارێکە کە هەوڵی داوە ئەندێشەکانی نیتشە لە چنگ هەڵمەتی ئایدۆلۆژیکی نازی ڕزگار بکا. لە سەردەمی دەسەڵاتداری نازیسم، ئەندێشەکانی نیتشە بەو جۆرەی کەخوشکەکەی بڵاوی کردۆتەوە، کەوتە بەردەستی سیاسەتوانانی سیستەمی فاشیستی و کەڵکی خراپی لێ وەرگیرا، بەڵام توێژەرانی نوێ جەختیان لەسەر ئەو خاڵە کرد کە نیتشە بیرمەندێکە کە کەڵکەڵە سەرەکییەکەی چارەنووسی سیاسەتە لە جیهانی مۆدێرندا. چاوخشاندنێک بەسەر نووسراوەکانیدا بۆمان دەردەخا کە ئەو بەشوێن دۆزینەوەی هۆکارەکانی قەیرانی ژیاری ڕۆژئاواییی لە چوارچێوەی ئەندێشەی مۆدێرندا بووە. هەر بەو هۆیە لە کەڵکەڵەی ئاژاوەگێڕانی یۆنانییەوە دەستی پێ کردووە و ڕەچەڵەکی سامانی و پێکهاتەی بایەخی ڕۆژئاوایی لەسەردەمی سوقراتەوە بەوردی داوەتە بەر سەرنج و هەوڵی داوە هۆکارەکانی هیچ بڕوایی مۆدێرنی ڕۆژئاوا بناسێ و ڕێگای دەربازبوون لەو گرفتە بخاتە بەرباس. دەبێ بڵێم کە نازییەکان بە هاریکاری ئێلیزابێت لە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی میلیتاریستی ئاڵمانیدا، سوودێکی زۆریان لە بۆچوونەکانی نیتشە وەرگرت و تەنانەت هەندێ لە گوزارشتەکان باسی ئەوە دەکەن کە سەربازە نازییەکان کاتێ دەچوونە بەرەکانی شەڕ، لە گیرفانێکیان «کتێبی پیرۆز» و لە گیرفانەکەی تریاندا گوڵبژێری ئەندێشە و تێفکرینەکانی نیتشەیان هەڵدەگرت، تەنانەت فەیلەسووفە نازییەکانی وەک بۆیلمێر و ئاڵفرێد ڕۆزینبێرگ ئەندێشەکانی نیتشەیان وەک بیری پێشەنگی نازیسم بڵاو دەکردەوە. بۆیلمێر کتێبێکی بەناوی «نیتشەی فەیلەسووف و سیاسەتوان» نووسی و لەو کتێبەدا ئەو واتایەی بە خەڵک ڕایگەیاندبوو کە نیتشە فەیلەسووفی ڕەگەزی سپی و چاوی شینە. ڕوون و ئاشکراشە کە نیتشە لە هیچ کام لە نووسراوەکانی خۆیدا مرۆڤی بەپێی هۆکارە ڕەگەزی و ژیوییەکان هەڵنەسەنگاندووە و باسی لێوەنەکردووە. زۆر کەسی وەک ژۆرژ باتای، ژاک دریدا، میشێل فوکو و بە تایبەت ژیل دولۆز تێکۆشان ئەو تێگەیشتنە هەڵە و نالەبارانە لە بارەی نیتشەوە لە قاو بدەن. هەندێ بابەت لە نووسراوەکانی نیتشەدا هەن کە تۆمەتی نازی بوونی لێ دەسڕنەوە، بۆ وێنە ڕەخنەگرتنی ئەو لە نەتەوەخوازی و ئەورووپا تەوەری دەتوانین ناودێرکەین. هەروەها پێبەندبوونی بە کولتووری ئینسانی بە نیشاندانی دژایەتی لەگەڵ سیاسەت و کێشەی ئەو لە ئاست دەوڵەتی بۆرۆکراتیکی مۆدێرن لەو بابەتانەن تۆمەتی نازی بوون لەو دوور دەخەنەوە.

کەواتە تاوانبار کردنی نیتشە بەنازیسم و فاشیسم، یان لە ویست و داگەڕانێکی سیاسی تایبەتەوە هەڵدەقوڵێ، یان لە ڕواڵەت بینی و ساویلکەیی و بێ ئینسافییەوە دزە دەکا.

* مەبەستی نیتشە لە «گەڕانەوەی هەرمانی ئەو» چییە و بۆچی بێ نێوبڕ و لە زۆر شوێنی کتێبی وەهای گوت زەردەشتدا دووپاتی دەکاتەوە؟

– پێویستە بڵێم کە نیتشە لەمەڕ ژیانەوە، بڕوای بە ئاراستەیەکی تراژیکە. لە خستنەڕووی ئەزموونی دیۆنۆسوسیشدا سەرنجی تایبەت دەدا بەو تایبەتمەندی و خەسڵەتە تراژیکە و دەڵێ:

دژوارترین ژیانیش بەشکۆیە. دەبێ بیر لە بێ سنووری ژیان بکەینەوە و پێیدا هەڵبڵێین، لە ژیاندا ئەزموونی بوون وجوودی هەیە و دەبێ لەودیوی هەر چەشنە ترس و بەزەییەکەوە بیر لە هەرمان بکەینەوە و سەرخۆش بین. واتای گەڕانەوەی هەرمانی ئەو لە ڕاستیدا ئاماژە بە ژیان دەکا. ژیان بە تێکڕای جوانییە سەرسووڕهێنەر و ترسێنەرەکەیەوە کە بەبێ هیچ فەرق و جوداییەک بەردەوام و لەسەر یەک دووپات دەبێتەوە. ژیان وەک وزەیەکی هەرماو هەم ئافرێنەرە و هەم وێرانکەر. هەردووک هێزەکە لەودا شاراوەن. پێکهاتی ژیان وەک مردن و لەناوچوون، گۆڕان و تەفروتوونا بوونی هەمووان لە کۆیەک و پرۆسەیەکدا وەدی دێن، ئەوەیە مەتەڵی گەڕانەوەی هەرمان. نیتشە لە کتێبی زانستی شادماندا بە ڕاوێژێکی کە بۆنی گاڵتەشی لێدێ، دەڵێ: چ دەبێ ئەگەر ڕۆژێک، یان شەوێک شەیتان بە دزییەوە بخزێتە بێدەنگی و تەنیاییتەوە و پێت بڵێ: ئەو ژیانەی تۆ ڕایدەبوێری ناچاری جارێک و دووجار و تەنانەت

لەرادەبەدەر جار دووپاتی کەیەوە و هیچ شتێکی تازەشی تێدا پەیدا نابێ، بەڵکو هەموو ژان و ئەندێشە و چێژ و چەوسانەوەیەک و هەموو شتێکی یەکجار گەورە زۆر چکۆلەشی هەر بەو شێوە و شکڵەوە دەگەڕێتەوە و هەر بەو نۆبەیەی جارانیش؟ ئەوە ڕاست ئەو واتایەیە کە نیتشە لە خستنەڕووی گەڕانەوەی هەرماندا مەبەستێتی.

**سەرچاوە:**

**دودمان پژوهی فلسفه، آخرین اندیشه های فلسفی در پایان هزارەی دوم، گفتگوی محمد رضا ارشاد با دکتر محمد ضیمران، تهران- هرمس، مرکز بین المللی گفتگوی تمدن ها- ۱۳۸۰.**

**فەرهەنگۆک:**

ئاکاری= اخلاقی
ئاکاری مێگەلی= اخلاق رمگان
ئاکاری ماقوولان= اخلاق فرزانگان
ئاوابوونی بوتەکان= شامگاه بت ها
ئابووری دراوی= اقتصاد پولی
ئەزموون بڕوایی= تجربه باوری
ئەفلاتوون بڕوایی= افلاطون باوری
ئەم جیهانی= این جهانی
ئەرێنی= مثبت
بناخە هەڵوەشێن= شالودەشکن
بنەچەک دۆزی= دودمان پژوهی
بایەخ دەرانە= ارزش گذارانه
بێ هەمێت= بی ارزش
بیچم گرتن= شکل گرفتن
پێش وێژی= پیشگویی
تۆڵەستێن= انتقام جو
تۆڵەستێنانە= انتقام جویانه
جیهان داگر= جهان شمول
حوکمی ئاوێتەی پێشینی= حکم ترکیبی پیشینی
خەمۆکی= افسردگی
خەڵک سەروەری= مردم سالاری
خۆخواز= خود خواه
خۆبڕوا= خودباور
خێو= خدا
داگەڕان= گرایش
دنەدان= تحریک کردن
دژەژیان= حیات ستیز
دژەئاکار= ضد اخلاق
دژەبایەخ= ضد ارزش
داهاتووبین = آیندەنگر
ڕابردووخواز= گذشتەگرا
ڕەخنەی کولتووری= نقد فرهنگی
ڕەچەڵەکناسی= تبارشناسی
ڕاستۆکی= صداقت
ڕەشۆکی= عامیانە
ڕواڵەت بینی= ظاهربینی
سوقڕات خوازی= سقر اط خواهی
شۆڕشی پیشەسازی= انقلاب صنعتی
سۆفیلکەبازی= پارسا منشی
سەروو سروشتی= فراطبیعی
عەبدایەتی= بندگی
فێڵی لۆژیکی= ترفند منطقی
کۆنینەناس= باستان شناس
کەڵەمرۆڤ= ابرمرد
گەڕانەوەی هەرمانی ئەو= بازگشت جاودانەی او
لاڕێی= انحراف
لەخۆنامۆ= ازخودبیگانه
لەخۆنامۆبوون= ازخود بیگانگی
مەزنی خواز= استعلایی
ناسیاری= معرفت
نەشیاوی= ناهنجاری
نەرێنی= منفی



زمانی هەر نەتەوەیەک بگرین لە چەند زاراوەیەک پێکدێ، یەکێک لە هەرە گرینگترین ناسنامەکانی نەتەوە و بەشێک لە شوناسی هەر تاکێک زمانە. ئەگەر تا پەنجا ساڵ لەوەپێش سنووره سروشتی و دەستکردەکان ببوونە لەمپەرێک بۆ هێرشی ڕاستەوخۆی زمانەکانی دیکە و سڕینەوەی زمانی کوردی، ئەمڕۆ شاڵاوی ڕاگەیاندن و دارشتنی بەرنامەیەک لەلایەن نەیارەکانی کوردەوە بۆ تێکدان و شێواندنی بنەماکانی نەتەوەییمان و شەپۆلی بەهێزی جیهانی بوون بەداخەوە چیدیکە ئەو دەرفەتەمان پێ نادا تەعریب و تەفریس و تەتریک بەشێوەیەکی نەپساوە بەڕێوە بچن. لەپاڵ ئەوانەش و سەرەڕای هەموو پەرش و بڵاوییەکانی هزروانان و هەڵکەوتووەکانی کورد دیاردەی لەخۆ نامۆبوون و ڕۆژئاوایی بوون بووەتە سەرباقی دەردان و جەستەی لاوازی کوردی شەکەتی خستۆتە بەر پەلاماری ئامانج خوازانەی خۆیەوە.

لەوەها دۆخێکی سستدا ئەرکی زیندوو ڕاگرتن و پاراستنی زمان و گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی و وشیاری و خۆشەویستی نەتەوە، قورستر بووە و بەجێ گەیاندنی ئەرکی سەرشان ناخۆشتر.

بەڵام کوردیش دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتووە و دۆش دانەماوە و هەر بە چەکی سەردەم و زمانی ڕاگەیاندن بەرەنگاری شاڵاوەکە بۆتەوە و بە ئەزموون کردنی ڕەهەندەکانی داهێنان خوێنێکی نوێی لە ناو دەمارەکانی نەتەوەدا بەگەڕ خستووە، بۆ ئەو مەبەستە دیمانەیەکمان لەگەڵ هونەرمەند ئاژوان کرماشانی سازکرد کە بە زاراوەی لوڕی گۆرانی دەبێژێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە خولیا هونەرییەکانی خۆیمان بۆ بدرکێنێ.

# ئاژوان کرماشانی:
# کاریگەریی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەسەر نەتەوەکانی دەوروبەرمان زۆرترە، دەبێ کلیپەکانیش لەگەڵ تێکستەکان یەکبگرنەوە

ئا: خەبات ڕەسوولی

* تکایە بە کورتی خۆت بناسێنە و باسی ژیانی هونەری خۆتمان بۆ بکە؟ ئاشنایەتیت لەگەڵ مۆسیقا لە چ بوارێکەوەیە و چۆن بووە؟

– من لە بنەماڵەیەکی مۆسیقاژەن و مۆسیقا دۆست لە دایک بووم. باوکم بەخۆی (نەی ژەن) بوو و ئێمە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ مۆسیقا و بەتایبەت مۆسیقای ناوچەکەی خۆمان ئاشنابووین کە مۆسیقای لوڕی و کەلهوڕییە و من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە گۆرانی گوتن بووە و جار جار گۆرانیم گوتووە.

دیارە ئەوکات کە منداڵ بووم، واتە چل ساڵ بەر لە ئێستا وەک هەنووکە نەبوو دەرفەتەکە بۆ گەشەکردن ڕەخسابێ. بنەماڵەکانیش بەشێوەیەکی جددی پشتیوانیان لە منداڵەکانیان نەدەکرد، زۆرتر هەوڵ و حەزی خۆمان هاندەری درێژەدانی توانایییەکانمان بوو. وەک ئێستا کە بەشێوازێکی ئەورووپایی کە هەر لە تەمەنی پێنج، شەش ساڵانەوە منداڵەکانیان بەپێی لێهاتوویی و توانایان، دەنێرنە بەر خوێندن و مامۆستای تایبەت، ئەوکات ئاوا نەبوو، ئێمە ئەوپەڕەکەی لە ماڵێ دادەنیشتین و سەنتوورمان لێدەدا و گۆرانیمان دەگوت، یان باوکم (نەی) دەژەنی و ئێمەش گۆرانیمان دەگوت.

ئەوکات لە ئێران کێبەرکێیەک لەنێوان مێرمنداڵەکاندا لەلایەن حکومەتەوە لەزۆر بواردا بەڕێوەدەچوو. من ئەوکات شازدە ساڵان بووم بەشداریم کرد و لەبەشی گۆرانی هەڵیان بژاردم بۆ ئۆردووگای ڕامسەر، لەوێ زۆر شت فێر بووم.

پاشان کە دیپلۆمم وەرگرت کەوتمە دۆخێکی دوور لە هونەر و مۆسیقا و تێکەڵاوی ئیش و کارکردن بووم و دواتر کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)دا وڵاتی گرتەوە و هەلومەرجی ئێران گۆڕاو جۆرە شێواوییەک هاتە پێش، منیش بەرەو دەرەوەی وڵات و بەرەو هەندەران کۆچم کرد.

لەدەرەوە ئیمکانات زۆرتر بوو، ئێمەش دەرفەتمان پتر هەبوو، منیش لەوێ چوار، پێنج ساڵێک چوومە کلاسی مۆسیقا، بەتایبەت پیانۆ و تاڕادەیەکیش مقاماتی کوردی فێربووم. مامۆستایەکی ئەرمەنی دەرسی پێدەگوتم، پاش ئەو دوو، سێ ساڵ لەگەڵ کاک ئیقباڵ حاجبی پرۆڤەم کرد. دوای ئەو مامۆستایەکی دیکەی ئەرمەنی بەناوی مامۆستا سرووش کە لە ئێراندا زۆر بەناوبانگە لەگەڵی ئاشنابووم و زۆری کاریگەری لەسەرم هەبوو. لە پاشان تەلەفزیۆنی کوردی میدیا بەڕێکەوت و من وەک یەکەمین کەسانێک لەو تەلەفزیۆنەدا بەشداریی هونەریم کرد و لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئەڵمانی کە سازی کوردییان بۆمان دەژەند بۆ جاری دووەم دەستم داوە گۆرانی گوتن و برێک باشتر هاتمە پێشێ و لەو دەمەوە تا ئێستا خەریکی کاری مۆسیقا و گۆرانیم. کارەکەشم زۆرتر حەزێکی دەروونییە بۆ ناساندنی ئەو زاراوەیە کە بەشێکی گرنگە لەزمانی کوردی و مەبەستیشم گەشەپێدان و ناساندنی ئەو زاراوەیە بە هەموو جیهان بەگشتی و کوردەکانی خۆمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی . کاتێک دەبینم لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بەشداریی دەکەم و خەڵک بەدیتن و بیستنی ئەو زاراوەیە خۆشحاڵ دەبن، شانازی بەخۆمەوە دەکەم.

* ئەی تا ئێستا بەرهەمەکانت کۆکردووەتەوە تا وەک (CD)یەک بڵاو ببێتەوە؟

– بەڵێ من تا ئێستا دوو (CD)م ئامادە کردووە، یەکیان لە ئەورووپادا بڵاوبۆتەوە، ئەوەی دیکەشیان دە مانگێک دەبێ ئامادەکراوە، بەڵام تا ئێستا بڵاونەبۆتەوە، دامنابوو کە گەڕامەوە کوردستان، لەوێ بڵاوی بکەمەوە. ئێستا لە ڕێگای دۆستانێکی وەک مامۆستا (وریا ئەحمەد) خەریکین بەڵکو بتوانین بەهۆی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە لە هەرێمی کوردستاندا بڵاوی بکەینەوە. بەداخەوە ئەمڕۆ پێیان گوتم ماوەی دوو هەفتەیە ئەو بەشە ڕاگیراوە.. نازانم بۆچی؟ بابزانین چۆن دەبێ، چونکە تەواوی هیواو ئاواتی من ئەوە بوو کە لێرە ئەو بەرهەمەم بڵاو بکەمەوە.

* مۆسیقای کوردی لە چ ئاستێکدا دەبینی و تا چەندە کاریگەریی مۆسیقای نەتەوەکانی دیکەی بەسەرەوە هەیە؟

– نەتەوەی ئێمە کۆنترین و ڕەسەنترین گەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و مۆسیقاکەشمان هەروا کۆن و ڕەسەنە و بە پێچەوانەی ڕواڵەت، ئێمە کاریگەریمان لەسەر نەتەوەکانی دیکە زۆرتر بووە تا ئەوان لەبواری مۆسیقا و گۆرانیدا لەسەر ئێمە هەیانبێ.

ماوەیەک لەوەوپێش، مامۆستا ئیسماعیل مەسقەتی لەلایەن میدیا تی ڤی-یەوە بانگهێشت کرابوو، لەوێدا مامۆستا باسی ئەوەی کرد کە پتر لە دە تا پازدە گۆرانی ئەو تا ئێستا لەلایەن فارسەکانەوە گوتراونەتەوە. سەیری گۆرانییەکانی تورکی دەکەی زۆربەیان گۆرانی کوردین کە پێشتر لەلایەن گۆرانی بێژەکانی ئێمەوە گوتراون و ئێستا ئەوان دووبارەی دەکەنەوە. من بەخۆم چەند گۆرانی

حەسەن زیرەکم بیستووە کە ویگن و دڵکەش بە فارسی گوتوویانەتەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێیم کە بە ڕاستی مۆسیقای کوردی زۆر دەوڵەمەندە و نەتەوەکانی دەوروبەرمان زۆر زیاتر لە ئێمە پێی کاریگەربوون تاکو ئێمە بە ئەوان کاریگەر بین.

* تایبەتمەندیی مۆسیقای لوڕی چییە و گۆرانی لوڕی زۆرتر ئیلهامی لەچی وەرگرتووە؟

– گۆرانی لوڕی پتر لەسەدا نەوەدی لە دەستگای ماهووردا دەگوترێ، ناوی دەستگاکە لەلای خۆمان (لوڕ)ە. هەروەک چۆن لە باکووری کوردستان هەموو گۆرانییەکان لە دەستگای (کورمانج)دا کە بە (شوور) ناسراوە دەگوترێ. لوڕیش هەروایە و لە ماهووردا دەگوترێ، ئینجا گۆشە جیاجیاکانی لەباری ئیلهامیشەوە زۆرتر سروشت و شەروانی، بوونەتە ئیلهامی گۆرانییەکان. گۆرانیبێژی بەناوبانگی زاراوەی لوڕیش حەسەن سەقاییە.

* ئەڤین و دڵداری چەندە لە مۆسیقای لوڕیدا ڕەنگی داوەتەوە؟

– لەسەدا سەد دڵداریش هەیە، بەڵام هەروەک گوتم زۆرتر لەژێر کاریگەریی سروشت و شەڕوانی دایە.

* مۆسیقای لوڕی زۆرتر لە چ ئامێرێک کەڵک وەردەگرێت؟ ئایا ئامێری تایبەت بەخۆی هەیە؟

– بەڵێ، لە مۆسیقای لوڕیدا زۆرتر دەهۆڵ و زەڕب و کەمانچە ڕۆڵ دەگێڕن، دیارە سازەکانی دیکەی کوردیش وەکو دووزەلەو زوڕناش هەر بوونیان هەیە.

* لەوڕۆدا کە دنیا بۆتە گوندێکی بچووک، مۆسیقای کوردی دەبێ لەگەڵ مۆسیقای ئەوروپایی و ڕۆژئاوایی چۆن هەڵسوکەوت بکات؟

– لەبەر ئەوەی سەردەمەکە گۆڕاوە، ئێمەش دەبێ بۆ هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کولتووری بەرنامە و پرۆگرامان هەبێ، ئێمە ناتوانین هەر بەو مۆسیقایەی خۆمانەوە بنووسێین و هەر لە جێی خۆماندا ڕاوەستین. دەبێ بەپێی شەپۆلەکە بگۆڕێین، بەڵام گۆڕانێک کە لەلایەن خۆمانەوە کۆنترۆڵ بکرێت و نەمانسڕێتەوە. گەنجی ئێمە دەتوانێت بە پشتیوانی موزیکی کلاسیکی کوردی لە دۆخی نوێدا داهێنان بکات و شتی نوێ بێنێتە پێشێ. شوکور بۆ خودا زۆرکەسی باشمان هەیە کە کاری زۆر جوان دەکەن، بە چەشنێک نەک هەر خۆمان، بەڵکو خەڵکانی دیکەش چێژی لێ وەردەگرن.

* نوێخوازی مۆسیقا و گۆرانی لەچیدا دەبینی و تا ئێستا کارەکانی خۆت زۆرتر بە چ ئاراستەیەکدا بردووە؟

– ئەگەر بمانەوێ نەتەوەکەمان گوێمان لێ بگرێت، دەبێ بزانین ئەوان چیان دەوێ. مۆسیقای کلاسیک ڕێزی لەسەر چاومانە، بەڵام دنیا ڕاناوەستێ، ئێستا گەنجەکانی ئێمە گوێ دەدەنە پاپ، بۆ وێنە تۆ کە وەکو کورد مۆسیقای پاپت هەبوو، ئەوە گوێگرەکەت ڕاکێشاوە، دەنا ئەو دەچێ گوێ دەداتە پاپی ئینگلیزی و بیانی دیکە. منیش تا ئێستا هەر بۆ ئەو ئامانجە کاردەکەم و هەوڵ دەدەم.

* کاریگەریی جیهانی بوون لەسەر مۆسیقا بەگشتی چۆن دەبینی؟

– بەڕای من مۆسیقا چەکێکە ئاشتی و خۆشەویستی دەتەقێنێ، کەم وا هەیە مۆسیقا لەخزمەت دیکتاتۆر و زاڵمەکاندا بووبێت. مۆسیقا هەستێکی مرۆڤانەیە و سنووری نییە، بۆیە بەر لەو پرۆسەیەش مۆسیقا جیهانی بووە، ئێمە و تەواوی خەڵکی جیهان یەکین، تەنیا لەوانەیە زمانمان یەک نەبێت، دەنا لە مرۆڤ بوون و هەستدا لەیەکتر دەچین.

* کەواتە دەتەوێ بڵێیی مۆسیقا ئەو چوارچێوەیەیە کە هەموومان لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە؟

– بەڵێ ڕێک وایە، مۆسیقا سنوور نازانێ، پێم وایە زۆر ئاساییە مۆسیقاژەنەکانی نەتەوە جیاجیاکان لە یەکتر ئیلهام وەرگرن و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبێت، تەنیا ئەوە هەیە کەسێک کە موزیکێک بەڕێوە دەبات هێندە ویژدانی هەبێت کە بۆ وێنە لە بەشێک لە کارەکەیدا کەڵکی لە موزیکی کەسێکی دیکەی وەکو (فراکسیناترال) وەرگرت بڵێ لەوم وەرگرتووە و بەناوی خۆی تۆماری نەکات.

* چ پێناسەیەکت بۆ هونەر هەیە؟

– بە باوەڕی من هونەر وەکو ئۆقیانووسە، پڕە لە گەورەیی و میهرەبانی. موزیکیش بەشێکە لەو ئۆقیانووسە، پڕە لە خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و شیرینی، جوانی و ناحەزی و دزێوی.

* مۆسیقای ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وەکو (موکریان، هەورامان، بادینان، لوڕی، کەلهوڕی، گەرمیان،....تاد) تا چەندە توانیویانە لە ڕاستای دەوڵەمەندتر کردنی یەکتردا هەنگاو بنێن؟

– بە بڕوای من دە، پازدە ساڵێک دەبێ بەهۆی ئەو تەلەفزیۆنە کوردیانەوە کورد توانی خۆی بە بەشە جیاجیاکانییەوە باشتر بناسێنێ. من تا پێش ئەوەی

برۆمە ئەورووپا، گوێم لە دەنگی زۆر لە گەورە هونەرمەندانی کورد نەبووە و نەمدەناسین. پێم وایە ئەو ڕەوتە هەر بەرەو باشی بەردەوام دەبێ و لەمەودوا زیاتر کەڵک لەیەکتر وەردەگرن. بۆ وێنە دەبینی شوانپەروەر دێت گۆرانی حەسەن زیرەک یان باوباوی کرماشانی دەڵێتەوە. یان ناسری ڕەزازی دێت گۆرانی کرمانجی و گۆرانی هەورامی و کەلهوڕی دەڵێتەوە، سنوورە ناوچەییەکان خەریکە دەبنە هەڵم و لەناودەچن. من وەک کرماشانییەک خۆم لە قامیشلوو و لە هەولێرو لە دیاربەکر بەغەریب نازانم، ئەوەش زۆر گرینگە یەکتر بناسین و ئەو سنوورە نەمێنێ.

* ئەو ئازادییەی لە باشووری کوردستاندا هەیە تا چەند توانیویەتی دەرفەت بۆ هونەرمەندانی کورد بەگشتی و هونەرمەندانی باشووری کوردستان بەتایبەتی بڕەخسێنێت؟

– جێگای شانازییە بۆ ئێمە کە بەشێک لە وڵاتەکەمان ڕزگار بووە، لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە هونەرمەندەکان ڕوو دەکەنە ئێرە و هیوایان بە ئێرەیە. دیارە مافی خۆیانە، چونکە ئێمە جارێ هەر لەژێر دەستی داگیرکەردایین، کە وایە دەبێ هیوامان بەو پارچە ئازاد کراوە هەبێ. لێرە کە دەبینی فیستیڤاڵێکی هونەری بەڕێوە دەچێ لە تەواوی چوار پارچەی کوردستانەوە هونەرمەند بانگهێشت دەکەن و دێنە ئێرە و یەکتری دەبینن و پێکەوە بەرنامە بەڕێوە دەبەن. بەڕاستی ئەوە جێگای خۆشحاڵییە و هیوادارم حکومەتی هەرێمیش پتر کار لەسەر ئەوە بکەن، چونکە ئەوە ڕێگایەکی باشە بۆ داهاتووی کورد و دەتوانین پتر دەنگی خۆمان بەدنیا بگەیەنین و هیوادارم پارچەکانی دیکەش بەو ئازادییە ڕەوایە بگەن و ئەرکی سەرشانی باشووری کوردستان بڕێک سووکتر بێت

* بەرهەمە نوێیەکەت چۆنە و پرۆژەی داهاتووت چییە؟

– من تا ئێستا دوو (CD)م دەرکردووە و یەکیان لە ئەورووپا بڵاوبۆتەوە و هی دووەمیش ئەگەر بتوانم بەتەمام لێرە بڵاوی بکەمەوە. ئەو (CD)یە سەرجەم (٢٢) گۆرانییە و تێکستەکانیش زۆریان ئی شاعیران: (هێمن و پیرەمێرد و کامەران موکری) و بەشێکی ئی خۆمە. لەگەڵ کوردەکانی باشوور کە لە ئەڵمان و لەهۆڵەندا دەژین کارمان کردووە و بۆ ئامادەکردنی کاری دیکە، ئەوە جارێ بەتەمام ئەو (CD)یەم بە ئەنجام بگات تا دڵگەرمتر بەدوای کاری دیکە بکەوم.

* داهاتووی مۆسیقای کوردی چۆن دەبینی؟

– داهاتووی مۆسیقای کوردی بەستراوەتەوە بەداهاتووی بارودۆخی کوردەوە، هەنووکە وەکو چل، پەنجا ساڵ لەوەو پێش نییە، ئێستا کورد لە بارودۆخێکی جیاوازدایە و وشیاریان سەبارەت بە بنەما بنەڕەتییەکان، بە تایبەت هونەر زۆرترە. کوردەکان لە ئەورووپا زۆر گرینگی بەهونەر بەتایبەت بە موزیک دەدەن. بۆ وێنە خۆم منداڵەکانم ناردۆتە کلاسی مۆسیقا و بۆم گرینگە بەشێوەیەکی زانستی فێربن، چونکە مۆسیقا دەروون ڕووناک دەکاتەوە. من داهاتووی کورد و داهاتووی مۆسیقا ڕوون دەبینم، چونکە پێم وایە کورد هەستی بە گرینگی ئیشەکە کردووە و خۆشم دوای (٤٠) ساڵ چوومەتە کلاسی موزیک.

* کلیپ دەتوانێ چ ڕۆڵێکی لەبەرەو پێشەوە بردنی گۆرانی کوردیدا هەبێ؟ بەتایبەت ئەو جۆرە کلیپەی کە ئێستا باوە و کەمتر خۆماڵییە و زۆرتر بیانییە؟

– ئەو جۆرە کلیپ و کارانە لەسەرێکەوە جوانن. وێنە تەواوکەری دەنگە، واتە تۆ ئەوکاتەی کە گوێ دەدەیتە گۆرانی، ئەگەر چاویشت لەوێنەکە بێت و وێنەکە بتوانێ ئەو هەستەی گۆرانییەکە پێتی دەدات تەواو و کامڵ بکات، ئەوە ئەوپەڕی ئامانجی هونەرە. دەبێ کلیپ و تێکست لێک دوور نەبن. ئێمە دە ساڵ لەوەوپێش شتی وامان نەبوو، ئەوە پێشکەوتنە، بەڵام دەبێ کلیپ لە کولتووری نەتەوەکەمانەوە دوور نەبێ، دەنا بە پێچەوانەوە کارێکی وێرانکەر دەبێ تا دامەزرێنەر. لاسایی کردنەوەی ڕووت لە ڕۆژئاواییەکانیش بۆ ئێمە نابێتە هونەر، ئەوانیش بەدیتنی کارەکانمان گاڵتەمان پێدەکەن، چونکە تۆ ئەوپەڕەکەی لە ئاستێکی نزمتر لاساییەکی خراپی ئەوان دەکەیتەوە.

* تا چەندە لەگەڵ بەرهەمی گۆرانیبێژانی گەورەی کورد ئاشنایەتیت هەیە؟ زۆرتر حەز بە دەنگی کامەیان دەکەی؟

– بەداخەوە من درەنگ گۆرانیبێژانی کوردم ناسی، دیارە هەلومەرجی ئەوکات وابوو. هیچ دەنگێک بە ئێمە نەدەگەیشت، بەڵام ئێستا سنوورەکان شکاون، تۆ کاتێک دەڵێی کامکارەکان ئێستا تەواوی دنیا دەیانناسێ. کاتێک دەڵێی شوانپەروەر، چوارپارچەی کوردستان دەزانن باسی کێ دەکەی. ئەوەش کە زۆر گرینگە دۆخەکە وەک جاران نەماوە. بەهەرحاڵ ئێستا لەگەڵ دەنگی زۆریان ئاشنایەتیم هەیە. من هەموویانم خۆش دەوێ، بەڵام زۆرتر حەزم لە دەنگی (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)یە.

* ئەی لە گۆرانیبێژانی لوڕ کامیانت بە دڵە؟

– له لوڕیشدا (حەسەن سەقایی)م بەدڵە.

* ئێستاکە باشووری کوردستان ئازاد بووە و دەرفەتێک بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان ڕەخساوە تاکو کوردەکان بێنەوە و خزمەت بە نیشتمانەکەیان بکەن، سەردانی کوردەکانی ئەورووپا بۆ کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی و گەڕانەوەی ئەو هەموو کوردە کە ئاوارەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بوون چۆن دەبینی؟

– بەڕاستی هەموو کوردێک دڵی بۆ کوردستان و شارو وڵاتی خۆی لێدەدا و ئاواتیان گەڕانەوەیە، پێشم وایە ئەگەر لە توانایییاندا بێ بەدڵنیاییەوە سەردانی کوردستان دەکەن، بەڵام لێرە دەبێ هەلومەرجێکی لەبار بڕەخسێ بۆ ئەوەی کوردە پسپۆڕەکان بەرەو خۆت ڕابکێشی، چونکە ئەو هاندەرە زۆر گرینگە، من دڵنیام ئەوساکە هەموویان حەز دەکەن بگەڕێنەوە و خزمەت بە زێدی خۆیان بکەن. پێویستە هەموو کوردەکان بگەڕێنەوە و ئەو ئەزموونەی ئێرەو ئەو گۆڕانکارییانە ببینن و شانازی بە پێشکەوتنەکان بکەن و هەوڵی خۆیان بۆ بەردەوامی ئەو دەسکەوتانە بە گەڕبخەن.

* ئێستا بە تەما نیت کلیپ بۆگۆرانییەکانت بکەی؟

– حەز دەکەم ئەو کارە بکەم و یەکێک لە ئامانجەکانی منیش بۆ گەڕانەوەم هەر ئەوەبووە، گۆرانییەکانم زۆریان باسی باژێڕەکانی کوردستان و سروشتی کوردستانە، بۆ ئەوەی کلیپەکەم لەگەڵ تێکستەکە یەک بگرێتەوە دەبێ لە کوردستان کلیپ بکەم، دەنا وەکو زۆر کار کە دەیبینین سەرکەوتوو نابێ. من کاتێک بەگۆرانی باسی کەرکووک و کرماشان دەکەم ناتوانم لە پاریس و لە لەندەن کلیپێک بکەم، دەبێ نزیک بێ لە دەقی گۆرانییەکەم. هیوادارم بتوانم ئەو کلیپانە لێرە جێبەجێ بکەم.

* وەک دوا وتە چ قسەیەکت هەیە بۆ خوێنەرانی ڕامان و گوێگرانی گۆرانییەکانی خۆت کە بە شێوەزاری لوڕی گۆرانیان بۆ دەڵێی؟

– هیوادارم بە هەمووومان بتوانین بە هەنگاوێکی بچووکیش بێ، خزمەتێکی ڕاستەقینە بە نەتەوەی کورد بکەین، خزمەتێک کە شیاوی ئەو نەتەوە هەژارە بێ. سەبارەت بە خۆشم ئەوەی لە دەستم هاتووە کردوومە و دەیکەم تاکو بتوانم هاوزمان و هاووڵاتییەکانم خۆشحاڵ بکەم.

* زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە.

– منیش سوپاسی ئێوە و گۆڤاری ڕامان–ی ئازیز دەکەم.

# خاڵبەندی
# لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

مارف خەزنەدار

لە سەرەتای ژیانی خوێندەواریمدا ماوەیەک خەریکی لێکۆڵینەوە بووم لەکێش و قافیە لە شیعری کوردیدا. کێش و ئاوازم بەدوو جەوهەری سەرەکی دانا بۆ شیعر. لە پاشانا کۆششی زانستیم تەرخان کرد بۆ مێژووی ئەدەب.

لەم دواییەدا کارگەرانی کۆواری «رامان» رووی رێزیان لێنام، ئارەزووی ئەوەیان هەبوو وتارێکیان بۆ بنووسم لەسەر خاڵبەندی، چونکە پێوەندی بە کێش و ئاوازی شیعرەوە هەیە. هەرچەندە خۆم بە پسپۆری ئەم مەیدانە نازانم، بەڵام نەمتوانی ئارەزوویان رەت بکەمەوە، ئەم بۆچوونانەم لەم لاو لەولای زانیاری خۆم لەم بابەتەوە کۆکردەوە و لێرەدا دەیانخەمە روو.

بریارو بۆچوونەکانی ئەم باسە وەک پرۆژەیەک خۆیان دەنوێنن و نەبوون بە تیۆر، لەبەر ئەوە باسەکە ئەوە هەڵدەگرێ گفتوگۆی زۆری لەسەر بکرێ.

## پێشەکی

لە سەرەتادا کە ئەلفوبێی عەرەبی پەیدابوو بۆ تۆمارکردنی قسە، لە هەموو جۆرە نووسینێکدا (شیعر و پەخشان) خاڵبەندی نەبووە. لە قورئاندا ئەو رستانەی مانای تەواویان گرتۆتەخۆ ناویان ناوە «ئایەت» و لە کۆتایی رستەکە ژمارەیان بۆ داناوە. بۆ ماوەیەکی زۆر نووسینی عەرەبی بێ خاڵبەندی بووە و رستەکان بەسەریەکەوە نووسراونەتەوە.

ئەو میللەتانەی بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە ئەلفوبێی زمانی عەرەبییان کرد بە ئەلفوبێی زمانی نەتەوەییان، دەبوو دەسکاری لە دەنگی تیپەکانی ئەلفوبێ عەرەبییەکە

بکەن و وێنەی هەندێ لە تیپەکان (دەنگدارو بێ دەنگەکان) بگۆڕن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دەنگانە بگونجێن، ئەوانەی لە ئەلفوبێی ئەو میللەتانەدا بەرچاو دەکەون و لە ئەلفوبێی عەرەبیدا وێنەیان نییە. ئەو میللەتە تازە موسوڵمانانەش وەکو عەرەب لەسەرەتادا خاڵبەندی لە نووسینیاندا نەبووە.

ئەوکاتەی خاڵبەندی لەناو نووسینی عەرەبی پەیدابوو، تەنیا پەخشانی گرتەوە، لە شیعردا بەکارنەدەهێنرا. مەبەست لێرەدا شیعری ستوونییە لەسەرکێشی بەحری عەرزووی و یەکێتی سەروا. ئەم جۆرە شیعرە لەدوای سەرهەڵدانی «شیعری نوێ» و تائێستاش خاڵبەندی تێدا بەکارناهێنرێ.

پێش ئەوەی دیاردەی نەبوونی خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس و بەتایبەتی کوردیش هەندێ ڕوون بکرێتەوە- چونکە مەبەستی بنچینەیی ئەم باسەیە- پێویستە چاوێک بخشێنرێ وەک نموونە بەشیعری کلاسیکی کێشی بەحرەکانی عەرزووز و یەکێتی سەروای ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی هەندێ لە نەتەوە موسوڵمانەکانی دیکە، بە تایبەتی هاوسێکانی کورد.

## شیعری عەرەبی

شیعری کلاسیکی عەرەبی، ئەوەی بەرچاوی ئێمە کەوتووە، خاڵبەندی لەچاپکردنیدا بەکارنەهێنراوە. بە دەگمەن ڤێرگول (،) و هەندێ جاریش نیشانەی پرسیار (؟) یان سەرسوڕمان (!) بەکارهێنراون. لێرەدا وەک نموونە باس لە دیوانی شیعری سێ شاعیری گەورە و ناودار دەکەین، لە ڕۆژگارانی جیاوازی مێژووی ڕۆشنبیری عەرەبیدا ژیاون.

١- دیوانی ئەبو تەمام (٧٨٨- ٨٤٥ز): ئەم دیوانە بریتییە لە ٩٧٦لاپەڕە. لە سەرانسەری ئەو دیوانە گەورەیەدا، چەند جارێک لە نیشانەکانی خاڵبەندی وەکو (،) و (:) و (؟) و (؟!) بەکارهێنراون.

٢- دیوانی ئەلموتەنەببی (٩١٥- ٩٦٥ز): لەم دیوانە چواربەرگییەدا کە لە ١٦٣٦ لاپەڕە پێک هاتووە، هیچ جۆرە خاڵبەندییەک لە چاپیدا بەکارنەهێنراوە.

٣- دیوانی مەعرووف ڕەسافی (١٨٧٧-١٩٤٥ز): لەم دیوانە چواربەرگییەدا کە لە ٦٨٩ لاپەڕە پێک هاتووە، هیچ جۆرە خاڵبەندییەک لە چاپیدا بەکارنەهێنراوە. بۆشایی نێوان وشەکان فراوانە، بڵاوکەرەوە (واوی عەتفی) بە وشەی پاش خۆیەوە نووساندووە.

## شیعری فارسی

شیعری کلاسیکی فارسی لەڕووی بەکارهێنانی خاڵبەندییەوە پێڕەوی شیعری عەرەبی کردووە و بەگشتی نیشانەکانی خاڵبەندی تێیدا بەکارنەهێنراوە. بۆ بەڵگە لەم ماوەیەدا باس لە تۆمار کردنی بەرهەمی شیعری دوو شاعیری ناسراوی فارس دەکەین لە ڕووی بەکارهێنانی خاڵبەندییەوە.

١- چیرۆکی شیعری شانامەی فیردەوسی (٩٦٠-١٠٢٥ز): لە سەرانسەی ئەم داستانە گەورەیەی لە چەند بەرگێک پێک هاتووە، هیچ جۆرە نیشانەیەکی خاڵبەندی تێیدا بەکارنەهێنراوە، وشەی ڕستەی شیعرەکان لەپاڵ یەکتریدا نووسراونەتەوە.

٢- بەرهەمە شیعرییەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣ز)

(آ) کوللییاتی دیوانی شەمسی تەبریزی: خاڵبەندی لەم دیوانەدا بەکار نەهاتووە، تاکو تەرا نیشانەی پرسیاری (؟) بەرچاو دەکەوێ، هەروەها لە هەندێ لە تەرسیعەکاندا (ترصیع، مرصّع) لە کەرت کردنی نیوە دێرە شیعرەکان کە وەستانیان تێدایە، بە ڤێرگول (،) جیاکراونەتەوە:

———، ——— ———، ———

———، ——— ———، ———

(ب) مەتنی کامیلی مەسنەوی مەعنەوی: بەهیچ جۆرێ لەم بەرهەمە شیعرییە گەورەیەدا خاڵبەندی بەکارنەهاتووە.

## شیعری تورکی عوسمانی

شیعری کلاسیکی تورکی عوسمانی لە دەستووری خاڵبەندی شیعری عەرەبی و فارسی نەچۆتە دەرەوە. بەم پێیە بەگشتی نووسەرانی دیوانی شیعر و هەموو بەرهەمێکی شیعری کلاسیکی بایەخیان بە خاڵبەندی نەداوە لە تۆمارکردنی بەرهەمەکانیاندا. لەم ماوەیەدا باس لە دوو بەرهەمی شیعری کلاسیکی دەکرێ کە لەسەر

کێشی بەحرەکانی عەرووز هۆنراونەتەوە، هەروەها باس لە بەرهەمێکی «شیعری نوێ»ش دەکرێ کە لە سەر کێشی سیلاب (پەنجە، برگە، کەرت) ڕێک خراون.

١- توحفەی وەهبی: دیوانێکی شیعرییە، پێشەکی و پاشەکییەکەی بریتییە لە دوو قەسیدەی درێژی مەسنەوی، لەنێوانیاندا شاعیر کۆمەڵێک غەزەل و قەسیدەی تۆمار کردووە. هەوڵی داوە سەروای هەموو دەنگی تیپەکانی ئەلفوبێی زمانی عەرەبی و زمانی تورکی عوسمانی لەناو دیوانەکەدا هەبن. لەم بەرهەمەدا خاڵبەندی بەکارنەهاتووە.

٢- سیپارەکانی موعەلیم ناجی ڕۆشنبیری ناوداری تورک، بریتییە لە نۆ کتێب، حەوتیان خۆی دایناون، دووانیان ئامادەی کردوون بۆ چاپ. کتێبەکان قوتابخانەیین، کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی کە شیعری و پەخشانیان تێدا بڵاوکراوەتەوە بە زمانانی تورکی عوسمانی و فارسی، وەک سەرچاوەیەک بۆ زانیاری پەیداکردن لە بابەت ئەدەبی تورکییەوە. شیعرە تورکی و فارسییەکان ستوونین و لەسەر کێشی بەحرەکانی عەرووز هۆنراونەتەوە. بە هیچ جۆرێ خاڵبەندییان تێدا بەکارنەهێنراوە.

٣- لەوکاتەی شیعری کلاسیکی تورکی عوسمانی لەخاڵبەندی دوورکەوتۆتەوە و نیشانەکانی بەکارنەهێناوە، لە «شیعری نوێ»ی تورکیدا خاڵبەندی بەکارهاتووە. بۆ بەڵگە کۆمەڵە شیعری «ربابی شکستە»ی تۆفیق فیکرت، وەک نموونەیەکی شیعری نوێ، زۆربەی نیشانەکانی خاڵبەندی بەکارهاتووە، وەکو ، ؛ . ... : ؟ ؟.. ! – « » ( )

**شیعری کوردی**

بە پێچەوانەی شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی، شیعری کلاسیکی ستوونی و عەرووزی کوردی لە دیالێکتی کرمانجی باکوور و باشووردا هەردوو سیستێمی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی خاڵبەندی دەکەوێتە بەرچاو. ئایا هەردوو سیستێمەکە ڕاستن؟ ئەگەر یەکێکیان ڕاست بێ، کامەیانە؟ بەکارهێنانی خاڵبەندی، یان بەکارنەهێنانی؟

پێویستە لێرەدا هەندێ ئەدگاری هەردوو سیستێمەکە ڕوون بکرێتەوە.

**بەکارنەهێنانی خاڵبەندی**

١- یەکێ لە چاپە زانستییەکانی دیوانی مەلای جزیری (١٥٦٧- ١٦٤٠ز) ئەوەیە کە تەحسین ئیبراهیم دۆسکی لە ڕووی ڕاست نووسین و ئیملاوە ئامادەی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە. لەم چاپی دیوانەدا بە هیچ جۆرێ خاڵبەندی بەکارنەهاتووە. بڵاوکەرەوە بۆ ئەوەی لە ڤێرگول ڕزگاری بێ، لە شیعرە مورەسسەعەکاندا، هەردوو لەتی دێرە شیعرەکانی بەو نیشانەیە جیانەکردۆتەوە وەک لە زۆربەی تۆماری شیعری کلاسیکی دەکەوێتە بەرچاو، بەڵکو تەواوی دێرە شیعرەکەی کردووە بە چوار لەت بۆ ئەوەی لەڤێرگول ڕزگاری بێ. وەکو لە نووسینی ئەم دێرە شیعرەدا دەردەکەوێ:

**ساقی کو دێ مەهوەش بتن   کاکول ژ شێڤا رەش بتن**
**قەرقەف بلا ئاتەش بتن   ئەم دی ب وێ دل کین علاج**

کەچی لە دیوانی مەلای جزیری و شیعرە ئاساییەکانی دیکەی شاعیرانی کورد، بەم جۆرە تۆمار کراوە:

**ساقی کو دێ مەهوەش بتن ، کاکول ژ شێڤارەش بتن**
**قەرقەف بلا ئاتەش بتن ، ئەم دی ب وێ دڵ کین علاج**

لەگەڵ ئەوەی وێنە ئەندازیارییەکەی دووەمیان لە ئەوەی تەحسین دۆسکی لە تۆمارکردنی ئەم جۆرە شیعرە باوترە، بەڵام هەردووکیان ڕاستن.

٢- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەوەی شوکور مستەفا ساغی کردۆتەوە، یەکێکە لە بڵاوکراوە چاکەکانی دیوانی ئەم شاعیرە لە ڕووی ڕاست نووسین و ئیملاوە کە تا ئێستاکە کەوتوونەتە دەست خوێنەر و خوێندەواری کوردەوە. بێ گومان بیروڕای ڕەخنەی زانستی بەگشتی لە هەموو لایەنی ساغ کردنەوەی دیوانی شیعری شێخ ڕەزا لە بابەت ئەم چاپەی شوکور مستەفاوە لەناوەوەیە، قسە لەسەر کەموکوڕی و هەڵە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی زۆرە و بە ڕوونی دیارە، بەڵام لە ڕووی ڕاست نووسینەوە یەکێکە لە چاکترین چاپە زۆرەکانی دیوانی شێخ ڕەزا.

ساغکەرەوە لەم چاپەدا خاڵبەندی بەکارنەهێناوە، ئەگەر تاکوتەرا نیشانەکانی خاڵبەندی بکەونە بەرچاو، کارێکی ئەوتۆیان نەکردۆتە سەرکێش و ڕیتمی شیعرەکە

و له ڕووی ئاوازیشەوە لەسەر شیعرایەتی خۆی ماوەتەوە.

٣- لەم ماوەیەدا باس لەو شیعرە کلاسیکییە زۆرانەی کوردی دەکرێ کە خاوەنی ئەم باسە بڵاوی کردوونەتەوە وەک بەڵگەیەک لە بابەت بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی خاڵبەندی لە شیعری کوردیدا.

(آ) لە کتێبی «لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە» (١٩٨٤ز) خاڵبەندی زۆر کەم بەکارهێنراوە، تاکوتەرا ڤیرگول (،) دەکەوێتە بەرچاو. لەویش کەمتر نیشانەکانی (:) و (؟) چەند جارێک بەکارهاتوون. لەو کتێبەدا لە شیعرە موورەسسەعەکاندا بەڤیرگول هەردوو نیوە دێرە شیعر لەت کراون و لەباتی دوونیوەدێر بوون بە چوار نیوەدێر. بەگشتی لە شیعری ناو ئەم کتێبەدا کەم ڕێک دەکەوێ لەنێوان ڕستەکاندا پشوویەک بدرێ، یان زەمەنێکی وەستان لەناوەوە هەبێ. ئەگەر ئەمە هەموو ئەوکاتە پێویستی بە ڤیرگول دەبێ، بەڵام بەمەرجێ چاو (وەرگری وتە لە وێنەی ئەندازیاری تیپ) زاڵ نەبێ بەسەرگوێ (وەرگری کێش و ئاوازو ترپە).

(ب) لە «دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی»دا (١٩٧٧ز) خاڵبەندی زۆر کەم بەکارهێنراوە. ئەو نیشانانەی بەرچاو دەکەون ئەمانەن: (، ! : ؟)، بە زۆریش ڤیرگول لە موورەسسەعەکاندا بەکارهێنراوە، بۆ نموونە لەم شیعرانەی نالی و هی دیکەدا:

**دووری لە من خستەوە، بێ سەبەبێ یاری من**
**باری خودایا کە تۆ، بگری سەبەبکاری من**

***

**سەربەردە بازی ڕێتە، تەن تەختە بەندی جێتە**
**دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕووح ماڵی خۆتە بیبە**

***

**سەودا سەرە کە زولفت، ئەزهاری لەکن پەشمە**
**دوور لەو گوڵە یەعنی ڕووت، گوڵزاری لەکن پەشمە**

***

**لەو وەختەوە بیستوومە، دیتن بە قەدەر چاوە**
**هەرمووم لەبەدەن یەکسەر، وەک عەینی فەنەرچاوە**

***

**بیستم لەهەموو لایە، مەیلی شەڕو دەعوایە**
**سەودا لەسەرم دایە، باکم چ لە غەوغایە**

***

**گەربازی نەزەر بازی، لەم ڕاووشکارەت چی**
**بۆ یاری یو دەسبازی، لەم دەست و نیگارەت چی**

لەوکاتەی ئەم ڤیرگولانەی خاڵبەندی نەبوونەتە هۆی ئەوەی دێرە شیعرەکان بەرەوانی نەیەنە ناو فیکر و گوێی خوێنەرەوە، هەر لەوکاتەدا بەلای ئێمەوە ئەگەر ئەو نیشانانە بەکاریش نەهێنرانایە، هیچی لە مەسەلەکە نەدەگۆڕی، بەپێی ئەو تیۆرییەی دەڵێ: «خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی عەرزووزی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئاسیای ناوەڕاست بەکارناهێنرێ».

(ج) لە «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا (حەوت بەرگ ٢٠٠١- ٢٠٠٦ز) بەگشتی خاڵبەندی بەکارنەهێنراوە، ئەگەر بەدەگمەن نیشانەیەک لەوانە لە شیعرەکاندا بەرچاو بکەوێ، زیانی بۆ خوێندنەوە نەبووە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، شیعری دە بڕگەیی کێشی خۆماڵی (سیلاب، پەنجە، برگە، کەرت) بە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی نموونەی یەکجار زۆرە لە ناو ئەم کتێبەدا.

ئەم جۆرە شیعرە لەوێ دوو بابەتە، هەندێکیان وەستانیان لەناوەڕاستیدایە (٥+٥)، بڕێکی دیکەیان وەستانیان تێدانییە، ئەوەی وەستانی تێدا هەیە، بە ڤیرگول جیاکراوەتەوە، واتە لەجێی وەستانەکە، ڤیرگول دانراوە، ئەویش وەنەبێ لە هەموو بەڵگەکاندا بێ.

ئەوەی جیانەکراوەتەوە:

**ووجوودت مایەی سەرفرازمان**
**گۆشت شنەوای ڕێز ڕازمان**

ئەوەی جیاکراوەتەوە:

**هەر وەقت باقیم وات، مەنزوورم تۆ بیت**
**نەپێچ نە پەنهان، پەنای دوو هۆبیت**

بە واتای:

**بوونت سەر بڵندی ئێمەیە**
**گوێت لە هەموو ڕاز و نیازێکمانە**

***

**کە دەڵێم باقی مەبەسم تۆیە**
**بە ئاشکراو نهێنی هەر تۆ هەی**

### بەکارهێنانی خاڵبەندی

بەگشتی هەموو دیوان و بڵاوکراوەکانی شیعری کوردی، بە تایبەتی شیعری کلاسیکی عەرووزی،

خاڵبەندی تێدا بەکارنەهێنراوە، ئەگەر بەدەگمەن و زۆر بەکەمی نیشانەی خاڵبەندی بەرچاو بکەوێ هیچ جۆرە گیروگرفتێک دروست ناکا.

ئەوەی ئێمە ئاگادارین، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی بایەخێکی زۆریان بە خاڵبەندی داوە کە دیوانی شیعر و چیرۆکە شیعرییەکانی مەسنەوی کوردییان بڵاوکردۆتەوە، لە هەموو بڵاوکراوەکانیاندا لەم ڕووەوە بایەخێکی زۆریان بە هەموو نیشانەکانی خاڵبەندی داوە.

ئێمە لێرەدا بۆ بەڵگە تەنیا دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی (١٩٧٦ز) دەوردەکەینەوە. بڵاوکەرەوەکانی دیوانی نالی لە بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی گەیشتوونەتە پلەیەک مامڵەی پەخشانیان لەگەڵ دێرە شیعرەکاندا کردووە. لەم لایەنەوە ئەم وێنانە دەکەونە بەرچاو:

١- ڤێرگولیان (،) بەبێ حسێب لە تێکستەکاندا بەکارهێناوە.

٢- لە زۆر جێگە ڤێرگولیان لە دوای واوی عەتف و لە کۆتایی نیوەدێری یەکەم داناوە، هەروەها نوختەیان لە کۆتایی نیوەدێری دووەم داناوە.

٣- لەدیوانی شیعری شاعیرانی کورد لە کۆنەوە کارێکی ئاسایی بووە نازناوی شاعیر بخرێتە ناو دوو کەوانەی گەورەوە (  )، کەچی ئەوان لە سەرانسەری دیوانی نالی خستوویانەتە ناو دوو کەوانەی بچووکەوە « »، ئەمەیان تازە بابەتە هاتۆتە ناوەوە. ئەوەی یەکەم بێ گومان سادە و ساکارترە و دەمێکیشە بۆنازناوی شاعیرانی کلاسیکی کورد بەکاردەهێنرێ.

٤- لە هەندێ جێگەدا دێری شیعر لەبەر قەڵەباڵغی خاڵبەندی لەڕیتم دەکەوێ:

**«گێل» ئەگەر تورکی، «تەعال» ئەر عەرەبی**
**«بێ» ئەگەر کوردی، ئەگەر فورسی «بیا»!**

لەپێش هەموو شتێکدا وشە تورکییەکە «گێل» نییە و «گەل»ە(١)، هەروەها وشە «فورسی»یەکەش پێویستە «فارس» بێ(٢). ئینجا تەماشای نیشانەی خاڵبەندییەکان بکەین، دەبینین ڤێرگول و کەوانەی بچووک و نیشانەی سەرسوڕمان لەم دێرە شیعرەدا یازدە جار بەکارهاتوون.

ئەگەر دێرە شیعری ناوبراو بەبێ خاڵبەندی بنووسینەوە:

**گەل ئەگەر تورکی تەعال ئەر عەرەبی**
**بێ ئەگەر کوردی ئەگەر فارسی بیا**

ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، بەبێ خاڵبەندی دێرە شیعرەکە لە خوێندنەوەدا دەتوانێ ڕەوانتر ئاوازی شیعرەکە بگوێزێتەوە بۆ گوێ. خۆ ئەگەر دوو ڤێرگولەکەش بنووسرێن، کێش و ئاوازی شیعرەکە تاڕادەیەک ناشێوێ، بەڵام باشتر ئەوەیە لەناوا نەبن بۆ نموونە لە شیعرێکی دیکەدا خاڵبەندی بەم جۆرە خۆی دەنوێنێ:

**خوسووسەن هیندووی خەتتی بەیازی ڕوویی (مەحموود)م**
**لەمولکی (ڕۆم)ەدا ئێستەش (خەلیفە)ی شاری (بەغدا)یە(٣)**

لەم دێرە شیعرەدا چوار وشە خراونەتە ناو دوو کەوانەی گەورەوە، واتە هەشت وێنەی نیشانەی خاڵبەندی بەکارهاتووە.

ئینجا شیعرەکە بەبێ خاڵبەندی و لەدوای ڕاست کردنەوەی دوو هەڵە ئیملاییەکە بەم جۆرە دەکەوێتە ڕوو:

**خوسووسەن هیندوویی خەتتی بەیازی ڕوویی مەحموودم**
**لە مولکی ڕۆم دا ئێستەش خەلیفەی شاری بەغدایە**
Romida

ئەگەر بەراورد لەنێوان ئەم دوو دێرە شیعرە بکرێ، یەکەمیان خاڵبەند کراوە، دووەمیان بەبێ ئەوە. ڕاستییەکمان بۆ ئاشکرا دەبێ، تێکستی یەکەم ڕیشکەوپێشکە بەچاو دەکا، ڕێگە لەوە دەگرێ دێرەکە لە ڕووی ڕیتمەوە ببێ بە شیعر، گوێ بۆی ناکرێ کێش و نەغەم وەکو دێرەکانیش پێش ئەو دێرە پارێزگاری خۆی بکا.

### خاڵبەندی لە شیعری هەندێ لە نەتەوەکانی ئەورووپا

لە شیعری کلاسیکی کۆنی نەتەوەکانی ئەورووپای پێش سەدەی بیستەم کە بە ئەلفوبێی لاتینی تۆمارکراون زۆرکەم خاڵبەندییان تێدا بەکارهاتووە. بەزۆری ڤێرگول (،) لە کۆتایی چەند دێرێک دادەنرێ تا مانای ڕستەکان تەواو دەبێ، ئەوجا لەکۆتایی دوا دێری شیعر نوختە (.)

دادەنرێ، واتە ڤێرگولەکان بۆ مەبەستی تەواو نەبوونی مانا دەکەونە بەرچاو و نوختەش بۆ تەواوبوونی ماناکان تۆماردەکرێ.

لەم ماوەیەدا چەند بەڵگەیەک دەخەینە ڕوو وەک نموونە بەگشتی بۆ خاڵبەندی لە شیعری نەتەوەکانی ئەوروپا. ئەو نموونانە گوزارشت لە شیعری ئیتالی و ئینگلیزی و ڕووسی دەکەن.

(١)

دانتی ئەلیجێری DANTE (١٢٦٥- ١٣٢١ز) لە داستانە ڕەندو گەورەکەی بەناوی «کۆمیدیای خودایی» (٤)، لە هەرسێ بەشیدا «دۆزەخ و خۆ پاک کردنەوە و بەهەشت» خاڵبەندی زۆر کەم بەکارهاتووە، بە تایبەتی لەناو ڕستەی تێکستی شیعرەکاندا. ئەوەی هەیە زۆری بە ڤێرگول و ئەو نیشانانەی لە دیالۆگ بەکاردەهێنرێن، یان ئەو ڕووداوانەی بە زمانی کەسێکی دیکە دەگێڕدرێنەوە. بە زۆری خاڵبەندی لەم یادگارە بەنرخەدا دەکەوێتە کۆتایی دێرە شیعرەکانەوە، لەو حاڵەتەدا هیچ جۆرە گیروگرفتێک لە ڕووی کێش و ڕیتمەوە بۆ خوێنەر دروست ناکا.

(٢)

ولیەم شەکسپیر SHAKSPEAR (١٥٦٤- ١٦١٦ز) لە هەرسێ بەرهەمە شیعرییە مەزنەکەی خاڵبەندی بەم جۆرە خۆی دەنوێنێ:

١- شانۆگەرییەکان: ئەم شانۆگەرییانەی شەکسپیر هەرچەندە بە شیعر هۆنراونەتەوە، بەڵام پێویستە لە زۆر شوێن حسێبی پەخشانیان لەگەڵدا بکرێ، چونکە ڕستەی شیعرەکان وەکو گوتە (قسە) لە دیالۆگدا لە دەمی ئەکتەرەکان دێنە دەرەوە، ئاوازیان پێوەندی بە ماناوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تا پلەیەک پێویستە کێش و ڕیتمیش بپارێزرێن، بە مەرجێک مانا نەشێوێنرێ، لەبەر ئەوەیە شەکسپیر بەپێی پێویست خاڵبەندی بەکارهێناوە.

٢- پۆێم و لیریکەکان (قەسیدە و غەزەل): لەم جۆرە شیعرانەیدا شاعیر کەم و زۆر ڤێرگولی (و) بەکارهێناوە، لەویش زۆر کەمتر ڤێرگولی خاڵدار (؛) بەرچاو دەکەوێ. دێرە شیعرەکان ئەگەرچی درێژن و برگەشیان زۆرە، بەڵام ناوە ناوە ئەو دوو نیشانەی بەکارهێناوە. هەرچی نیشانەکانی دیکەشن، ئەوانیش چوونەتە ناو ڕستەکانەوە، بەڵام هەموویان لەکۆتایی دێرە شیعرەکان دانراون، ئەمەش وەکو ئاشکرایە کار ناکاتە سەر تێکچوونی ڕیتم و شێوان و لەنگی کێشی شیعرەکە.

٣- سۆنێتەکان: شەکسپیر لەو ١٥٤ سۆنێتەی دایناوە، زۆر کەم خاڵبەندی بەکارهێناوە، ئەویشیان ڤێرگول و نوختەیە، زۆربەیان کەوتوونەتە کۆتایی دێرە شیعرەکانەوە. بەم جۆرە چەند دێرە شیعرێک بەڤێرگول کۆتایی هاتووە، ئینجا بە دێرە شیعرێک بە نوختە داخراوە. ئەمە مانای ئەوەیە دێرە شیعرەکانی ڤێرگولدار پێوەندییان بەیەکتریەوە هەیە، دێرە شیعرە خاڵدارەکە سەرجەم ئەو مانایەی شاعیر دەیەوێ بیخاتە ڕوو، تەواوی دەکا و دایدەخا.

لەم پیشاندانەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ شیعری کلاسیکی ئەدەبی ئینگلیزی بە تایبەتی شیعری شەکسپیر لە ڕووی خاڵبەندییەوە لە شیعری کلاسیکی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکە، چونکە لە یەکەمیاندا خاڵبەندی بەکارناهێنرێ و لە دووەمیاندا بەشێوەیەکی کەم بەکاردێ.

(٣)

میخائیل لێرمۆنتۆڤ LERMONTOV (١٨١٤- ١٨٤١ز) شاعیری ڕۆمانتیکی- سیمبۆلی ڕووس لە شیعریدا زۆر کەم خاڵبەندی بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری لە نیشانەکان لە شیعریدا بەرچاو دەکەون وەکو (.) (..) (...) (؛) (،) (-) (:) (؟) (!) (..!). بەشی زۆری ئەم نیشانانە دەکەونە کۆتایی دێرە شیعرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو ڕستەی دێرە شیعرەکانیش بەکاریان دێنێ، تا دەگاتە ئەوەی نوختە لەناو ڕستەی دێرە شیعردا بەرچاو دەکەوێ، لەبەرئەوە ناچار دەبێ وشەی پاش نوختەکە، واتە ڕستە تازەکەی دوای نوختەکە بەتیپی کاپیتال دەست پێ بکا.

بە هەموو جۆرێک بۆشایی نێوان وشەکانی ڕستەی دێرە شیعری ئەوروپاییەک ئەندازەی هەیە، تێک ناچێ، واتە بۆشاییەکان کورت و درێژییان نییە، چونکە مەرجی تۆمارکردنی شیعری ئەوروپایی ئەوەیە لەسەرەتای دێرە شیعرەکان ڕێک بێ و لەسەر ستوونێک بڕوا، لە کۆتاییدا دێری شیعر لەکوێ کۆتایی دێ با کۆتایی بێ، بە

پێچەوانەی شیعری ڕۆژهەڵاتی لەسەرەتا و کۆتاییدا پێویستە ڕێک و لەسەر ستوونێک بێ، لەبەر ئەوەیە ئەگەر نیوەدێرێک وشەی کەمی تێدابوو، پێویستە بۆشایی نێوان وشەکان فراوان بن بۆ ئەوەی کۆتایی نیوە دێرە دووەمەکانیش لەسەر ستوونێک بن.

لەم بابەتەوە نالی لە پارچەیەکیدا وەسفێکی جوانی شیعری خۆی کردووە لە ڕووی نەخشەی ئەندازیارییەوە کە لەسەر کاغەز دەنووسرێ، بە ڕاستی لەم لایەنەوە ئەم وەسفە بۆ هەموو شیعرێکی کلاسیکی ستوونی عەرووزی کوردی و هاوسێکانی کورد دەشێ. لە شیعرەکەدا نالی دەڵێ:

**وەرە سەیری خیابانی بەیازی دەفتەری نالی**
**کە سەف سەف مەسرەعی بەرجەستە ڕێزی سەروی مەوزوونە**

لە بابەت لێکدانەوەی ئەم دێرە شیعرەدا وتراوە «دێرە شیعر دەکرێ بە دوو نیوە دێرە شیعر لە دەفتەری بەیاز و دیوانی شیعردا، بەرێکوپێکی نیوە دێرە شیعرەکان بەرامبەر بە یەکتری دەنووسرێن، ئەوجا بەڕیز بەم جۆرە یەک لەدوای یەک نەخش دەکرێن لە ناوەڕاستدا شەقامێک دروست دەبێ» (٥).

## هەندێ بۆچوون و تێبینی لەبابەت شیعری کلاسیکی کوردییەوە

لە هەموو ئەو نموونانەی بۆ بەڵگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پیشان دراون لەبابەت خاڵبەندییەوە، ڕاستییەکمان بۆ ئاشکرا دەبێ، ئەویش ئەوەیە، خاڵبەندی لەکاری پەخشانی ئەدەبیدا ئەگەر جەوهەرێکی پێویست بێ، بەگشتی ئەو پێویستییە بۆ شیعر دەست نادا. ئێمە لێرەدا تەنیا مەبەستمان شیعری کلاسیکی کوردییە ئەوەی ستوونی پێ دەڵێن و لە ڕووی کێشەوە لەسەر بەحری عەرووز دەهۆنرێتەوە، بێ گومان زۆربەی ئەو جۆرە شیعرانە لەگەڵ کێشی سیلابی خۆماڵیش ڕێک دەکەون.

لەدوای گەشتێکی فراوان لەگێتی شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوت کە هەموو ئەوانەی دیوان و شیعری کوردییان تۆمارکردووە، یان ڕوونووسیان کردووە (دەستنووس و بەیاز)، هەروەها ئەوانەی چاپیشیان کردووە خاڵبەندییان بەکارنەهێناوە. ئەمانە ڕاستیان کردووە، کەسانێکی زۆر کەمیش خاڵبەندییان بەکارهێناوە، ئەمانە نالێم هەڵەیان کردووە، بەڵکو ساتمەیان کردووە، لەپێوەندی وشەکانی ڕستەی شیعر گەڕاون بۆتێگەیشتنی مانایان، لەبەر ئەوە خاڵبەندییان بەکارهێناوە، هەڵەی ئەمانە لەوەدایە مامڵەی پەخشانیان لەگەڵ شیعردا کردووە، ئەگەر شیعر بە پەخشان حسێب بکەین، ئەوان ڕاستن، بەڵام شیعر پەخشان نییە و شیعرە، لەبەر ئەوە پێویستە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا خاڵبەندی نەبێ، بۆ بەڕاست زانینی ئەم بڕیارە هەندێ بەڵگە دەخەمە ڕوو:

١- نیشانەکانی خاڵبەندی وەکو نەقشێکی(یان وێنە و ڕەمزێکی) ئەندازیاری نابن بەدەنگ، پێوەندییان بە کێش و ڕیتمەوە نییە، تەنیا تیپ و وشەکان پێوەندییان بە دەنگەوە هەیە، لەبەر ئەوە بێگانەن و دەنگەکان دەشێوێنن.

٢- ئەگەر نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان پێویست بێ، زیانیان نییە لەکاتێکدا بکەونە کۆتایی دێری شیعرەوە. بە زۆریش هەروا دەکەوێتەوە. لە پاشاندا ئەگەر کەوتنەبەر چاو، ئایا لە خوێندنەوەدا کاردەکەنە سەر ترپەی (نەبرەی) پرسیار و سەرسوڕمانەکە؟ زۆرجار نا، مەگەر لە شانۆگەرییەکانی چیرۆکی شیعری شەکسپیردا نەبێ.

٣- لەکۆک نەبوونی نێوان نیشانەکانی خاڵبەندی و دەنگی ئەو تیپانەی وشە و ڕستە پێک دێنن، پێویستە بەراوردێکی پراکتیکی دەست نیشان بکەین، بە مەبەستی دیاری کردنی تەفعیلە و بڕگەی شیعر (مقطع، کەرت)، لە حاڵەتی بەکارهێنانی خاڵبەندی و بەکارنەهێنانی لە مەسەلەی پێوەندی نیشانەکان بە تیپەکانەوە (دەنگەکانەوە).

نالی لە شیعرێکی خاڵبەندی کراودا دەڵێ:

**کوشتەی نیگاهی دیدەتە، گەرمەست، ئەگەر خەراب**
**بەستەی کەمەندی زولفتە، گەرشێخ، ئەگەر سوولووک**

ئەم شیعرە لەسەر (بەحری ئەخرەبی هەشت تەفعیلەی مەکفووفی مەقسوور)ە- مفعولُ فاعلاتُ مفاعیلُ فاعلان).

ئەگەر کەرتی بکەین بەم جۆرە خۆی دەنوێنێ:

کوشتەی نیـ/ـگاهی دیدە/تە،گەرمەست، ئە/گەر خەراب
مفعولُ فاعلاتُ مفاعیل فاعلان
--ب -ب ب ب ب- -ب -ب-

بۆ مەبەستی کەرت کردن وەکو دیارە خاڵبەندی جێی نابێتەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە قەوارەی دێرە شیعری ستوونی عەرووزی (مەبەست کێش و ڕیتمە) کورت و درێژی هەیە، دێری یەکەمی هەر شیعرێک ئەو قەوارەیە دیاری دەکا. واتە هەموو شیعرەکە لەسەر کێشی یەکەم دێرەوە بەڕێوەدەچێ. پارچە شیعرەکە لە ڕووی تەفعیلەو بڕگەوە هەموو دێرەکانی بەقەدەر یەکتری دەبن. نەغەمی شیعرەکە لە خوێندنەوەی دێری یەکەمەوە دەست پێ دەکا و ئاشکرا دەبێ، تەنیا دەنگی تیپەکان نرخیان هەیە. لە خوێندنەوەی دێری یەکەمەوە «زیهن» و «گوێ» ئامادە دەبن، پێویستە هەموو دێرەکانی دیکە پێڕەوی دێری یەکەمەکە بکەن لە ڕووی کێش و نەغەمەوە. هەر نیشانەیەکی بێگانەی بێ دەنگوسەنگ و بێ لایەنی وەک وێنەی نیشانەکانی خاڵبەندی سەر لە خوێنەر دەشێوێنن.

گریمان ئەگەر پێوەندی لەنێوان دەنگەکان و خاڵبەندی لەم بەڵگانەدا کردەوەیی نەبێ و تەنیا زیهنی بێ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ یەکتریدا کۆک نین، لەکاتی کەرت کردندا بەرامبەر بەڕووداوێکی سەیر دەوەستین و نیشانەکانی خاڵبەندی سەرمان لێ دەشێوێنن و هەموو شتێکمان لێ تێک دەدەن، وەکو لە پیشاندانی دێرە شیعرەکەی نالی کەوتەبەر چاومان.

لەکۆتاییدا دەڵێین پێوەندی تیپەکانی ناو ڕستەی شیعر لەگەڵ نیشانەکانی خاڵبەندی وەکو ئەو مستەمێوژ و قالۆنچەیە وایە ئەگەر هەردوولایان تێکەڵ بە یەکتری بکرێن و ڕۆبکرێنە سەر زەوی، قالۆنچەکان واتە نیشانەکان لەگۆڕەپانەکەدا لا دەکەون، چونکە پێیان هەیە. ئێمەش پێویستە ئەو نیشانانە لەناو شیعری کلاسیکیدا بخەینە لاوە. ئیعتیزاریش بۆ ئەو پیاوەیە کە قالۆنچەکە دەخوا و مێوژەکە بێ پێیە و بۆ خۆی دەمێنێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) گـــــلْ = gel بە مـــانای (وەرە) لە چاوگی (گَلْمَكْ)ی تورکی عوسمانی و (gelmek)ی تورکی تازەی لاتینیەوەیە. بزوێنی تیپی (گ) سەری عەرەبی (ـــُــ) و (e)ی لاتینی تورکییە، لەبەر ئەوە پێویستە (گـەل= گــلْ = gel) بنووسرێ. لەبەر ئەوە (گـێل) هەڵەیە.

(٢) نالی لەم شیعرەدا پەنجە بۆ کەسێکی تورک و عەرەب و کورد و فارس درێژ دەکا. وشەی «فورس» مانای میللەتی فارس دەگەیەنێ، بۆ کەسێک لەو میللەتە بێ «فارس»ی پێ دەوترێ نەک «فورس». لەلایەکی دیکەشەوە کێش و ڕیتمی شیعرەکە بە وشەی «فارس» تێک ناچێ، ئەوەی کێش و ڕیتمی شێواندووە ئەو دوو ڤیرگولەیە کە نیوە دێری یەکەم و نیوە دێری دووەمی دێرە شیعرەکەی لەت کردووە.

(٣) لەم دێرە شیعرەدا دوو هەڵەی ئیملایی هەیە، یەکەمیان وشەی «هیندرووی» ڕاست نییە، پێویستە وشەکە «هیندوویی» بێ، دووەمیان وشەی «ڕۆم ەدا= ڕۆمەدا» ڕاست نییە، پێویستە «ڕۆم دا» بێ، ئەگینا شیعرەکە لەنگ دەبێ. وشەی «ڕۆم دا» بە لاتینی «Romida»یە، سێ بڕگەیە (- -)، بزوێنی پاش میمەکە بە ئەلفوبێی عەرەبی نانووسرێ، لە لاتینیدا بە (i) دەنووسرێ، ئیتر بڵاوکەرەوەکانی دیوانی نالی دەنگی نێوان میم و دالی وشەی «ڕۆم دا» یان لە (i) لاتینییەوە کە لە ئەلفوبێی عەرەبی زمانی کوردیدا نانووسرێ گواستوویانەتەوە بۆ دەنگی «ـە، ە»ی ئەلفوبێی عەرەبی کە لەلاتینیدا وێنەی «e»ی وەرگرتووە.

(٤) لەم ماوەیەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە لەبەر نەبوونی یادگارەکەی دانتی بە زمانی خۆی ئیتالی (یاتۆسکانی) لەبەردەستدا، پەنامان بۆ وەرگێڕانە ڕووسییەکەی برد، لێرەدا لە ڕووی خاڵبەندییەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەسڵ و وەرگێڕدراوەکەدا نییە، چونکە لەزمانانی ئەوروپی بەتایبەتی شیعر لە هەر زمانێکەوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە، پارێزگاری خاڵبەندی ئەسڵەکە دەکرێ و وەک خۆی دەگوێزرێتەوە، زمانی دووەم.

(٥) مارف خەزنەدار، نالی لە دەفتەری نەمریدا، بەغدا، ١٩٨١، ل٤٦- ٤٧.

ئەم دێرە شیعرەی نالی دێری دوایی پارچەیەکە لە پێنج دێرە شیعر پێک هاتووە، لەسەر بەحری هەزەجی هەشتی

سالم (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) عەرووزی هۆنراوەتەوە.

### سەرچاوەکان:


#### کوردی

(١) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس و کوڕەکانی، بەغدا، ١٩٧٦.

(٢) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوەی مارف خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٧.

(٣) مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٤.

(٤) مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، حەوت بەرگ، هەولێر، ٢٠٠١- ٢٠٠٦.

(٥) دیوانا مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرن و ئەو ژاتنا تحسین ابراهیم دۆسکی، دهۆک، ٢٠٠٠.

(٦) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغ کردنەوە و شەرحی شوکور مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٠.

#### عەرەبی

(٧) شرح دیوان أبي تمام، إیلیا حاوي، دارالکتاب اللبناني، ط١، بیروت، ١٩٨٢ (٩٧٦ص).

(٨) شرح دیوان المتنبي، عبدالرحمن البرقوقي، ٤ أجزاء، ط٢، القاهرة، ١٩٣٨ (١٦٣٦ص).

(٩) دیوان معروف الرصافي، دارالکتاب اللبناني، ٤ أجزاء، ط٢، بیروت، ١٩٨١ (٦٨٩ص).

#### فارسی

(١٠) شانامە فردوسی، متن انتقادی، تحت نظر ی.ا. برتلس، ل. گوزلیان، م. عثمانوف، او. سحیرنوا، ع. طاهر جانوف، ع. نوشین، ر. علی یف، ع. آذر؛ ٨ جلد، مسکو، ١٩٦٠- ١٩٧٠.

(١١) مولانا جلال الدین رومی، کلیات دیوان شمس تبریزی، با مقدمە و تصحیح محمد عباس، تهران، ١٣٧٤/ ١٩٩٥ (١٥٦٠ص).

(١٢) مولانا جلال الدین رومی، متن کامل مثنوی معنوی، مطابق نسخەء مشهور و معتبر تصحیح نیکلسون، تهران، ١٣٧٨/ ١٩٩٩ (١٢٧٦ص).

#### تورکی عوسمانی

(١٣) تحفەء وهبی، لە ساڵانی ١٧٨٢- ١٧٩١ نووسراوە و لەساڵی ١٨٢٩ لە ئەستەمووڵ چاپ کراوە.

(١٤) معلم ناجی، نۆ کتێبی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵانی ١٨٨٣، ١٨٨٤، ١٨٨٥، ١٨٨٨، ١٨٨٩ لە ئەستەمووڵ چاپ کراون.

(١٥) تۆفیق فکرت، رباب شکستە، ایکنجی طبع، درسعادت (ئەستەموول)، ١٨٩٩.

#### بەزمانانی ئەورووپی

(16) The illustrated Stratbord SHAKESPEAR, Chancllor Press, London, 1982. (بەزمانی ئینگلیزی)

(١٧) دانتی ئەلیجیری، کۆمیدیای خودایی، گۆڕینی لەئیتالییەوە بۆ ڕووسی م. لۆزینسکی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیەی زانستی، مۆسکۆ، ١٩٦٧ (بەزمانی ڕووسی).

(١٨) هەڵبژاردە لە بەرهەمی م. یو، لێر مونتۆڤ، ٤ بەرگ، بڵاوکراوەی ئەکایمیەی زانستی، مۆسکۆ- لینینگراد (ئێستا سانت پیترسبورگ)، ١٩٦١ (بەزمانی ڕووسی).


**تێبینی:**

**مامۆستا مارف خەزنەدار بەڵێنی ئەوەی بە گۆڤارەکەمان دا لە دەرفەتێکی نزیک (خاڵبەندی لە شیعری نوێی کوردیدا)ش بنووسێ.**

**(ڕامان)**

# خوێندنەوەیەکی سوسیۆلۆژییانە بۆ ڕۆمانی «دەربار» (١)

ئەحمەد قادر سەعید
(سلێمانی)

«دەربار» ناوونیشانی ئەم ڕۆمانەیە کە ڕۆماننووس «خوسرەو جاف» لە دوو تویێی هەشت بەرگی قەبارە ناوەنجیدا نووسیویەتی و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بۆی بەچاپ گەیاندووە، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە بەژمارەی لاپەڕەکانی فەرهەنگۆکەکانییەوە خۆی لە «١٦٧٨» لاپەڕەی قەبارەی مام ناوەندی دەدا، کە لە کۆتایی هەر بەرگێکدا ڕاڤەی دەیان وشەی ناوازەو کوردی ڕەسەن، یان ئەو وشانەی کردووە کە بەگوێی شێوەزاری لای خۆمان، یان وردتر بڵێین خوێنەرانی ئەم دەڤەرەی ئێمە، پێی ئاشنانین. بەڕای من ئەگەر نووسینی ئەم ڕۆمانە چەند لە بایەخدا بە بەهابێت، بەشی فەرهەنگۆکەکانیشی گوژمێکی دیکەی هاویشتۆتە سەر بەنرخ بوونی نووسینەکان، چونکە نەک هەرخوێنەری لای خۆمان بگرە، هی دەوروبەریش، مەگەر تێکەڵاوی و هەڵس وکەوت، جۆرێک لە شارەزایی لەلا دروست کات، دەنا زۆربەی خوێندەوارانمان، بەتایبەتی گرۆی گەنجان و تازەپێگەیشتووان لەو سەبیقەیە بێ بەشن. بۆیە ئەم جۆرە لێکدانانەوەو ڕاڤەکردنەی وشەکان بەر لە ڕۆماننووس، کەڵکێکی زۆر بە خوێنەر دەگەیەنن، لە بەدەوڵەمەندکردنی زمانەکەشمان ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕن، کە پێم وایە ئەمە بۆ مامۆستا خوسرەو دەستمایە و سەرمایەیەکی بەنرخە و شیاوی شانازی پێکردنە.

ڕۆمانی دەربار ڕۆمانێکی چڕوپڕی لێوان لێوە، لە ڕووداوی هەمەچەشنەو گۆڕانکاری و دیدو تێڕوانینی زۆر و بیرو هزرو لێکدانەوەی فراوان و باس لە خوونەرێتی دەیان هۆزوعێڵ و سفتوسۆ کردنی شەوانی ناوشارو مانەوەی سەرمێزەکانی شەوانی وەنەوشەیی زۆرێک لە



خوسرەو جاف

دەست ڕۆیشتووانی سەردەمەکانی پیاوانی ئەم دیو و ئەو دیو «ئێــراق و ئێــران» جگە لە وەســفکردنێکی زۆر بەپێزوچڕوپڕ لە جەنگەڵی بیروکردەوەکانی پیاوانی سەردەمی ڕژێمی شای ئێران و ساڵانێکی سەردەمی بەعس و ئینجا بارودۆخی ناو زیندانەکانی هەردوو حکومەتی سەردەمی شاوکۆماری ئیسلامی ئێران و زۆرێک لەو شتانەی کە دەکرێت خوێنەر لە خوێندنەوەیاندا هەڵوەستەیان لەبەرامبەردا بکات و تێیان رامێنێ، واتە ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە هێندە بەرفراوانن، بۆیە وای لە ڕۆماننووس کردووە پێنج ساڵی ڕەبەق بەدیارنووسینەوەی شەوبکات ڕۆژو ڕۆژیش بخاتە سەر شەو.. {ئەم شەو بەرەبەیانی ٢٠٠٥/١٢/١٥ دوای پێنج ساڵ ژیان لەگەڵ قارەمانەکانی ئەم ڕۆمانەدا ژیانێکی تێکەڵاوی شەو و ڕۆژی وا بەرەو لەیەک دابڕن دەڕۆین.}

ڕۆمانێک تەمەنی نووسینی پێنج ساڵ بێت، دیارە دەبێت هێندە بێت خوێنەران بەتاسووقەوە بیخوێننەوەو بەدوای ڕووداوەکانیدا بچن و گیروگرفتەکانی تاوتوێ بکەن، ئەو خوێندنەوەی من دەچێتە ناو ئەو بازنەیەوەو بەهیواشم کەسانی زۆرتر لەمن، بەسەلیقەی جوانیان شتە نهێنییەکانیان ئاشکرا بکەن و لەسوودو پەندەکانی بەهرەمەندبن، چونکە کاک خوسرەو بەقووڵی لەگەڵ کەس و پاڵەوانە سەرەکی و لاوەکییەکانی کاتی بردۆتە سەر و پێکەوە ژیاون و دواندوونی و قسەی لەگەڵ کردوون و بەدوای کارو کردەوەکانیاندا چووەو لە ناخیاندا شتی سەیرو سەرسوڕهێنەری دەرهێناوەو بەشوێن پێی زۆربەی زۆری گرفتەکانیاندا چووەو هیوای هاتنەدی ئاواتەکانیانی خواستووەو گەشبین بووە، لە بەدیهاتنی خواستە باشەکان و هەردەمەش بەشوێن ئەو چارەسەرانەدا چووە، لێیەوە خۆزگە وانەکان لە دایک دەبن و حەزەکان گەشەدەکەن، ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، ڕووداوی پڕ لە کارەساتن و زۆربەیان لق و پۆپی زۆریان لێدەبێتەوە کە ئەمانەش ئاماژەن بەسەلیقەیی و شارەزایی کاک خوسرەو لە دابونەریت و خوو و خدەی هەموو ئەو شوێنانەی ڕووداوەکانی لێوە دەرهاویشتووە، چ هۆزو عێل و عەشیرەتەکانی ئەم دیوی کوردستان، یان ئەو دیو، دیارە هەر ئەم شارەزاییەی بۆ ئەو دەبنە مایەی سەرکەوتن و گەواهی دەستڕۆیشتوویی بۆ دەدەن.

لە دەستپێکدا ئەم ڕۆمانە لە دێی «کانی توو» کە دێیەکە بەلاپاڵی یەکێک لە لوتکە بەرزەکانی چیای داڵەهووەو سەرەتا بەکەسێکی سەرەکی بەناوی «سەی سەلمان»ی تەموورلێدەر دەست پێدەکات. لە بەراییدا بەشێک لە ژیانی ئەم پیاوە لەناو گونددا، لەگەڵ دۆست و هاوەڵانیدا دەگێڕێتەوە.

ڕووداوەکانیش سەرجەمیان تاموچێژی تایبەتییان هەیەو بۆ هەرکەسێک ئارەزوو بکات شتێک لەبارەی خوو و نەریتی ئەم ناوچانە بزانێ، دەتوانێ لەڕێی سەی سەلمان و ڕەحمانی کوڕی و ئاڵەمتاجی و دۆست و هاوەڵانییەوە، زۆربەی شتەکان بزانێ و لەم ڕووەوە پەنجە بۆ هەرچی درێژبکەی زۆر شارەزایانە ڕاڤەی لەسەر کراوە و یەکالا کراوەتەوە.

ئەرک و ئازارەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەر لەدێر زەمانەوە هێندە بە ئێش و ئازار بوون و زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوەکان ئەوەندە گران بوون، توانا پسێنن. ئەوەندە زۆربوون لە دەرقەت نەهاتوو، هەر ئەو لە سنوور بەدەری زوڵم و زۆرییە لە توانا بەدەرە، هێزی خەڵکەکە چەندێ بەتوانا بووبێ، لە ئاست ئەشکەنجەکان دەروەست نەهاتووەو بە جۆرێک لە جۆرەکانی سەرپێچی کردن بۆتە مایەی بەرەنگاریکردن، یان هەر نەبێ بۆ سەردەمێک بیرکردنەوە لە بەرەنگاریکردن و داماڵینی مۆتەکەی ترس و لە ئەنجامیشدا یاخی بوون و تۆڵە سەندنەوە.

پێداگری دەست و پێوەندەکانی ڕژێمەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لەسەر دەستەمۆکردن و هێنانە

ژێرباری خەڵکانی بندەستیان بەجۆرێک بوو، کەم کەس هەبوو توانیبێتی ئەو بارەگرانە هەڵگرێ و بێدەنگ بێ و مته‌ق نه‌کات و ئاوڕ لە کارەساتەکان نەداتەوە، لە بەشە پارچەکەی بن چەنگاڵی سەردەمی ڕژێمی ئێرانی زەمانی شادا «ڕۆژهەڵاتی کوردستان» (٢)، لە ئاستێکدا بوو، تاقەت پڕووکێن کەس لەسەرو ماڵی خۆی ئەمین نەبوو، بەهیچ جۆرێک متمانە لەنێوان کاربەدەستان و خەڵکیدا نەبوو، پیاوانی ژاندارمری هەرچۆن بۆیان بکرایە و بەهەر شێوازێک بۆیان لوابایە لاقی نامرۆییان لە ئەشکەنجەدانی گەلی کورد هەڵکردبوو، بەدەستیان با، نەیاندەهێشت هیچ کەسێک هەوایەکی پاکیش هەڵمژێت، ئەم کارەسات و دەرد و مەینەتییە، ڕێی بۆچەندان کەسی ناو گوندو شارەکان خۆش کرد تا بیر لە بەرەنگارکردنەوە بکاتەوە، جا ئەم بەرەنگاربوونەوەیە لە ڕێی یاخیبوونەوە بوویێت، یان جۆرێک لەبەگژداچوونەوە و هەڵمەت بۆ بردن و سەرنەوی نەکردن، یان هەتا ئەگەر کوشتنی مەئموورانی پادگانەکانیشی لێکەوتبێتەوە، دەیانگرتەبەر، کە ئەمانەش دەچوونە ناو بۆتەی ئەو ڕێ و شوێنانەی لە پێناو ڕزگاریدا پلانی بۆ دادەڕێژرا، ئەگەرچی لەسەرەتاشدا مۆرکی تاکەکەسیشی پێوەبوو.

حەمە ڕەزا شای ئێران کە دەیزانی وا خەریکە دەستی لە بنی هەمبانەکەوە دێتە دەرێ و خۆ قورتاربوونی مەحاڵەو بواری ئەوەی بۆ نەماوەتەوە خۆی لە باهۆزی ڕزگاری و بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ئێرانی ڕزگار بکات، دەیویست بەفێڵ و تەڵەکەبازی پەنا بۆ زۆر شێوازی دووبارە خۆسەپاندنەوە بەرێت، یەکێک لەوانە هێنانەکایەی شۆڕشی سپی و دروستکردنی حیزبی کارتۆنی ڕەستاخیز و چەندان شتی لەو جۆرە بوو، دیارە لە پێناو ئەوەی بتوانێ جڵەوی هەڵچوونەکان بگرێت، دامودەزگاکانی خۆی خستبووەکار، بەڵام زۆری نەبرد هەموو هەوڵەکانی لەو پێناوەدا بوونە بڵقی سەرئاو و گشت خەونەکانی لەبەردەم خۆڕاگری و مقاوەمەتی خەڵکی ئێراندا پووچەڵ بوونەوە تا سەرجەم، وڵات بەوجۆرە گۆڕا کە ئێستا کۆماری ئیسلامی جێی گرتۆتەوە و حەمەڕەزا شاش لە دوای دەربەدەری و وڵاتەو وڵاتکردن سەرەنجام بە ئاوارەیی لە میسر سەری نایەوەو وەک سەر کردەیەکی بەزیو خرایە ژێر خاک.

پیاوانی حەمە ڕەزا شا لە گوندو شارەکانی کوردستاندا بەگشتی و وەک نموونەش کەبەتایبەتی ئەو ناوچانەی لەناو ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە، بگرەو ببڕ بۆخۆیان بوون، هیچ کەس بۆی نەبوو پێیان بڵێ پشتی چاوتان برۆی پێوەیە. دامودەزگاکانی ساواک بەشێوەیەکی مەترسیدار ڕەفتاری ناشیرینیان لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد و لە ژێریشەوە لە ڕێگای پیاوان و ژنانی باوەڕپێکراوی خۆیانەوە، دزەیان کردبووە ناو کۆمەلانی خەڵک و هەرکەسەش کەموکەیەک شتێک، یان سروەیەکی سەرپێچیان لێ بەدی بکردایە، ئەوا زۆر زوو قۆڵبەستیان دەکرد و ڕەوانەی ناو زیندانە تاریکەکانی ساواک دەکرا، ئیدی هەر خوا دەیزانی جارێکی دی ئەوکەسە دەهاتەوە دەرەوە، یان سەری تێدا دەچوو. ئەم ڕەفتارە دزێوانە هانی دەیان کەسی دا بیر لە بەرەنگاریکردن بکەنەوە، یان ڕێگەی یاخیبوون بگرنە بەر و دۆڵ و نشێوو ڕەوەز و شاخ و کۆساران بکەنە جێ پەناگەو خۆیان لە چاوی دەست و پێوەندو پیاوانی ڕژێم ون کەن و لە هەر هەلێکدا کە بۆیان دەلوا، دەستیان لێبوەشێنن و بیانکوژن، کەسێک لەناو ئەو کەسانەی ئەم ڕێبازەی هەڵبژارد پیاوێک بوو بەناوی «ئەولکەریمی ڕەزا سەعید» کە دواجار بە «ئەوکە شامار» ناسرا. ئەو ئەوکەیە و چەند کەسێک خولەپیزە ئاسای سەردەمی پاشایەتی ناوچەی سلێمانی، خۆیان پرچەک کردو دوای ئەوەی زەینەدینی مواشیری کوژرا، دەستیان بەجۆرێک لەبەرگریکردن لەخۆیان کرد و لەناو ئاوایی و لەبەرچاوی پیاوانی ڕژێم ون بوون و خۆی و چەند کەسێک دەستیان بەکاری چەتەگری کردو لەهەر کوێیەک بۆیان لوابا دەستیان لە پیاوانی ڕژێم دەوەشاند، لە دەستپێکی ئەم دەست وەشاندنە کوشتنی زەینەدینی مواشیری جەنابی ئەمیر بوو، ئەم پیاوە بەو پێیەی لە ڕۆمانەکەدا باسی لێوەکراوە، بەرپرسی ئەمنییەتی ئەم ناوچانە بووە، و ببڕەو بکوژ بۆ خۆی بووە و کارەساتێکی زۆری بەسەر ناوچەو دانیشتوانەکەیدا هێناوە و هەرچی نەشیاوە پێی کردوون، ئەوەی ڕقی لێ هەستابێ ئەتکی کردووە، زیانی بە وڵاخ و گاو گۆتاڵەکانیان گەیاندووە، لەڕێی پیاوان و دەست و پێوەندەکانی ڕژێمەوە کلکی وڵاخەکانیانی بڕیوە، دەستی بۆسەر نامووس وشتە پیرۆزەکانیان درێژکردووە، بۆیە لە دەرفەتێکدا ئەو کە شامار هەڵدەکوتێتە سەری و دەیکوژێ. ئەم کوشتنە ڕێگەی بۆ ئەوە خۆش کرد تاوانەکە بخەنە پاڵ «سەی سەلمان و ڕەحمانی کوڕی» و دەستگیریان بکەن، لەگەڵ ئەوەدا کە سەی سەلمان و ڕەحمان لەو کوشتنە بێ

ئاگابوون، بەڵام دەوڵەت هەردووکیانی ڕاپێچی زیندان کردو هەریەکەیانی بە چەندین ساڵ زیندانی حوکم دا. تا لە ئەنجامدا سەی سەلمان لە زینداندا دەمرێ، بەڵام بەر لەو مردنە دەستوپێوەندەکانی ساواک ڕەحمان بۆ کوشتنی ئەوکە بەکار دەهێنن. ڕەحمان دوای مانەوەی چەندین ساڵەی لە زینداندا خۆی فێری بەرد تاشین و کاری هەڵکۆڵین کرد و تا ئەو کاتەی ڕژێم توانی کاری تێبکات و بۆ کوشتنی ئەوکە بەکاری بهێنێ، ئەو کارەی دەکردو سەلیقەیەکی چاکیشی تێدا پەیدا کردبوو، بەڵام ڕژێم دەیزانی کە کەسانی وەک ئەوکە بەکەسێکی وەک ڕەحمان نەبێ، لەناو ناچێ! بۆیە ئەوانیش پەیمانیان دایە، بەری بدەن و هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێنن کەواخۆی نیشان بدات کە لە زیندان ڕای کردووە و دەتوانێ خزمەت بە ئەوکە بکات و دڵخۆشی ئەوەشیان دایەوە، کە هەر ئەوکارەی ئەنجامدا، سەی سەلمانی باوکی بەربدەن و هەرچی ئەویش گەرەکیەتی بۆی ئەنجام بدەن و وەک کەسێکی نزیک لەخۆیان کاروبارەکانی جێبەجێ بکەن. دەزگاکانی ساواک ڕێی بۆ خۆش دەکەن لە زینداندا بێتە دەرێ و لەشوێنێکی دوورەدەست بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن ڕای کردووەو بڕی پێنج هەزار تمەنیشی یارمەتی دەدەنێ، بەرەڵای دەکەن، ئەویش لەماوەی چەند ڕۆژێکدا پێوەندی بە ئەوکەوە دەکات و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەبێتە جێی متمانەیی و هەر بەیەکیشەوە لە چەندین شەڕو پێکدادان و ڕووتکردنەوەی کاروانی قاچاخچیاندا بەشدار دەبن و چەند جارێکیش لەسەر لێواری مەرگ دەگەڕێتەوە. ڕەحمان لەگەڵ ئەوکەدا دەبێتە هاوەڵی گیانی بەگیانی و بۆ ساتێکیش لێی دوور ناکەوێتەوە و لە پێناو ئەوەی ڕۆژێک ئەوکە هەست بەهیچ شتێک نەکات و بۆ نزیک بوونەوەی زیاتر لێی گەلێک کاری سەرنجڕاکێشی بۆ ئەنجام دەدا.

هەموو ئەم ڕووداوانە، وەک لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێکراوە، سەرە داوەکانیان بۆ سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێنەوە، کە ئەوکاتەش شۆڕشی باشووری کوردستانیش تازە خەریکی چەکەرە کردنی بوو بەرەو کاری خۆ ڕێکخستن هەنگاوی هەڵدێنایەوەو هێزی چەکدار پەیدا بوو و پێشمەرگەی کوردستانیش چالاکی دەنواند، ئەوەش کە گەواهی لەسەر ئەوە دەدات کە ڕووداوەکان بۆ ئەو ساڵانە دەگەڕێنەوە، ناوهێنانی هەندێک کەسایەتین کە ئەوکاتانە ڕۆڵیان هەبوو، وەک «مامۆستا ئەنوەر مائی و مەلا مەحموود» و چەندین کەسایەتی دی، کە هەریەکەیان بگری لەو سەردەمەدا ڕۆڵی سەرەکیان لە ڕێکخستن و ئارایشتکردنی هێزی پێشمەرگەدا هەبوو و چەندین جاریش لەبەرژەوەندی شۆڕشی کوردستان ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئەوکەو کەسە نزیکەکانیان دەکرد، واتە پەلوپۆی کارەساتەکان لە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و ئێراق سەرهەڵدەدەن و لە دواجاریشدا لە ئەورووپادا کۆتایی بەزۆربەی شتەکان دێت.

ڕەحمان و ئەوکە دەبنە دووهاوەڵی گیانی بەگیانی، ڕەحمان واخۆی نیشانی ئەوکە دەدا، کە تا دوا دڵۆپ خوێن لەگەڵیدا دەجەنگێ و بەرگری لێدەکات و ئەوکەش بۆ پتەوکردنی ئەو متمانەیە پشتی بەڕەحمان دەبەست و بێدڵی نەدەکرد، ڕەحمان لە شەڕێکیدا بەسەختی بریندار بوو، ئەوکە ناردی بەشوێن عەلی تەبیبدا بۆ تیمار کردنی برینەکانی و چارەسەرکردنی و هەستانەوەی. هەر لە سۆنگەی هەمان متمانەوە بوو ئەوکە کچە شۆخەکەی «فەقێ ڕەشید» کە ناوی «سەبری» بوو لە جوانیدا بێ وێنەبوو، بۆی بخوازێت و ڕەحمانیش وەک وەفای ئەم کاتەی بۆ فەقێ ڕەشید، وازی لە ئایینزای شیعەیی هێناو خۆی کردە سوننە مەزهەب و چەند ژوورێکیشی لە نزیک ماڵی فەقێ ڕەشیدەوە بۆ دروست کرد.

دۆستایەتی و کارکردنی ئەوکە و ڕەحمان بۆ ماوەی



چەند ساڵێک بەرێوە چوو، هەتا لە دواجاردا ڕەحمان فرسەت لە ئەوکە دەهێنێ و لە دوای ئەوەی لە شەڕێک دەگەڕێنەوە، ئەوکارەی کە چەند ساڵێک بوو لە پێناویدا خۆی گەیاندبووە ئەوکە و دەبوو ئەنجامی بدات، ئەویش کوشتنی ئەوکە و لەناوبردنی بوو، جێبەجێ دەکات و ئەوکە شامار دەکوژێت و لاشەکەشی دەداتە دەست ساواک و خۆی دەداتەوە دەست دەوڵەت و واز لەیاخی بوون دەهێنێ و دەگەڕێتەوە ناو شارو لە کرماشان نیشتەجێ دەبێ و لەسەرەوە خۆی بەکاری بەرد تاشییەوە خەریک دەکات و لەبنەوەش دەبێتە یەک لە پیاوانی ساواک و لەگەڵ سەبریدا بەیەک دەگەنەوە، کە بەهۆی بارودۆخ و نالەباری کەش و هەوای مانەوەیان لە دەوروبەری گوندەکانی کوردستانی ئەم دیودا، بەیەک دەگەنەوەو ژیانیان ئاسایی ببێتەوەو ڕەحمان لەسەرکاری بەرد تاشینەکەی جاران کە لە زینداندا فێری ببوو دەستبەکار دەبێتەوەو تا ئەوکاتەی کوڕی ئەوکەی لێ پەیدا دەبێت و چەند فیشەکێکی پێوە دەنێت و دەیکوژێت و تۆڵەی باوکی لێدەکاتەوە.

ڕەحمان لەسەبری هاوسەری دووکوڕوکچێکی دەبێت، کوڕە گەورەکەی فەرهاد کە گەورە دەبێت کەسێکی ئاسایی لێدەرناچێت، سەرەتا لە ناو ئێراندا دەبێت بەسەرباز و دوای ماوەیەک ڕادەکات و لەگەڵ هاوەڵێکی لەخۆی چەتوونتر دێنە باشووری کوردستان و دەبن بەپێشمەرگەی بەرەی دژ بەئێران و لەدوای ماوەیەک واز لە پێشمەرگایەتی دەهێنن و پێوەندی بەدەزگا هەواڵگرییەکانی سەربەرژێمی ئێراقەوە دەکەن و دێنە سلێمانی و هەر ئەو فەرهادە لە ڕێگای تاقگەی پوورزایەوە کەماڵیان لە سلێمانی دەبێت، پێوەندی لەگەڵ کچێکی ماڵی حەمە ڕەسووڵاغاوە بەناوی «کوردە» کە خوێندکاری قۆناغی ماجستەر دەبێت لە ئەدەبی کوردیدا و لەبەغدا دەخوێنێ پەیدا دەکات و سەرەنجام پێوەندییەکە دەبێتە خۆشەویستی و دڵدارییەکی ڕاستەقینە و دوای چەندین ژوان و دانیشتن و ڕاگۆڕینەوە فەرهاد بڕیار دەدات کوردە بخوازێت و کوردەش بەو پێیەی کە گەڕاو دڵدارەکەی یەکێکە لە ئەندازیارانی پەیکەرتاشی لە خشتە دەبرێ و بەبێ ڕەزامەندی بنەماڵەکەی شوو بە فەرهاد دەکات، بەجۆرێک باوکی بەناچاری لە سلێمانی خانوویەکیان بۆ دەکڕێت و حاشا لە کچەکەی دەکات و ئەویش لەگەڵ ڕەحمان دەکەوێت و سەرەتا لە سلێمانی و ئینجا دوای دەکەوێت بۆ ئێران و لەدوای دەیان گیروگرفت و زیندانی و دەردەسەری و دەستبۆدرێژکردنی ناو زیندان لەیەکتری جیا دەبنەوەو کوردە خۆی ئەو کوڕەی لە زینداندا وەزگی دەکەوێت و بەهۆیەوە دووگیان دەبێت لە پاریس نیشتەجێ دەبێ و لە دواجاریشدا فەرهادو یەک دووهاوەڵی بەتۆمەتی بازرگانیکردن بەمەوادی بێهۆشکەرەوە دەستگیر دەکرێن و لەسێدارەدەدرێن.

ئەوانەی لێرەدا باس کران چەمکێکی زۆر کورتی ئەو ڕووداوانە بوون کە پێوەندییان بەسەی سەلمان و ڕەحمان و سەبری خێزانی و فەرهادی کوڕیەوە هەبوون. دیارە لەناو ئەم ڕووداوانەدا دەیان و بگرە سەدان ڕووداوی لاوەکی و نیمچە سەرەکی دێنە ناو بابەتەکانەوە و هەرکامەشیان بگرین سەربەچەندان ڕووداو کاری نهێنی و شتی پەنامەکیدا دەکات و ئەم بابەتانە شی دەکاتەوە کە پێوەندییان بەژیان و گوزەران و هەڵسوکەوتی زۆرێک لە خانەوادەی کەسایەتی ناودارو ژیانی خەڵکانی ناو گوندەکانی سەر سنوورو لەوێشەوە پەل دەکێشن بۆ شوێنە دوورەکانی دیکەو دەبنە هۆکارو هەوێنی ڕووداوەکانی تر.

* * *

بابەتێکی تر، یان ڕاستتر بڵێین کەسایەتییەکی تر کە لەناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت کچە قوتابییەکە بەناوی «یاسەمین»ە {ئەم یاسەمینە کچی یەکێک لە خۆشنووسەکانی شاری ئەسفەهان بوو، لەخێزانێک هاتبووە دنیاوە و چاوی هەڵێنابوو و پەروەردەی نێو دەرو دیوارێکی ڕەنگاوڕەنگ و وردەکاریی خەت و ختووتی جۆراوجۆرو نووسراوی پڕ لە ڕەنگ و ئامێزی سەرکاغەز و شووشەو چەرم و هەتا وەکو برۆنز و مس و زیویش دەناسرا باوکی لە هونەری خەت نووسینا بە مامۆستایەکی دیار دەناسرا.. ل٢٤ ب ١.}

ئەم کچە خوێندکارە سەرەنجام لەیەکێک لە کۆلیژەکانی تاران دەست بەکاری خوێندن دەکات، هەر زوو پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ کوڕێکی «ئەمیر ئینتیزام» بەناوی «فلامەرز» پەیدا دەکات و ئەم پێوەندی و دۆستایەتییە پەرە دەستێنێت تا دەگاتە ڕادەی عاشق بوون و بەبێ یەکتری ئیدارە نەکردن.

سەرەتا چەند جارێک فلامەرز داوای لێدەکات بیخوازێت تابن بە هاوسەری یەکتری ئەگەر چی دایکشی بەو پێیەی ئەوان خاوەن عەشیرەتی دیارن بەوکارە ڕازی

نەبوو، بەڵام بەهۆی پێـــوەندی «یاســـەمین»ەوە بە ڕێکخـراوێکی چەپی ئۆپۆزسیـۆنی ئێرانییـەوە و لەبەر کـاری ڕێکخـراوەیی، یاسـەمین ڕێگای پێنادات، بەڵام بەدەر لەبەرەسـمی بوونی هاوسـەرێتی ئەم دووکـەسـە لە ڕووی پێـوەندی سـۆزدارییـەوە هیچ جـۆرە بەربەسـتـێک لەنێـوانیـاندا نەمـا بوو و هەتا ئەوکـاتەی بەیەکـجـاری بەیەکەوە نیشتەجێ دەبن، لە دەیان ئاهەنگ و شەوانی پڕ لە ژوواندا و لە هاتوچۆو مانەوەی بەیەکەوە بوون ژیانیان بەیەکەوە دەبردەسەر و لەو پێناوەدا لەمپەرێکیان لەبەردەم نەبوو، لەناو ئەوپێـوەندە پڕ لە شـەوانی شـەرابییـەدا، فلامەرز پێوەندییەکی تر لەگەڵ ئافرەتێکی تری، خێزانی یەکێک لە باڵوێزەکانی ئێران بەناوی «لیلی خانم» پەیدا دەکـات، ئەم ژنە بەدڵ و گـیـان عـاشقی فلامـەرز بـوو و شـابانووی خـێـزانی شـای ئێـرانیش لەشـێـوازی پێوەندییـەکەیان ئاگاداربوو و دۆستـایەتییـەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کاتێک فـلامـەرز نزیک دەبێـتەوە لە تەواوکـردنی کـۆلیـژی ئەندازەیی لە پێـشـبـڕکـێـیـەکی نەخشـەسـازی یەکـێک لە تەلارەکـانی شـادا سەرکـەوتن بەدەست دەهێنێت و بەهۆیەوەو نزیک بوونەوەی لە (لیلی خانم) کە ئەویش بەشێک بوو لەم کارە، پێوەندی لەگەڵدا دروست دەکـات، ئەویش هەر زۆر زوو عـەشـقی ئەوین هۆشی لێـدەسـتـێنێ و دەبێـتە یەکـێک لە گـیـراوە هەرە نزیکەکـانی و لەسـەدان ئاهەنگ و شـەوانی مـانەوەی ناو کـەبارەکـانی تاراندا بەیەکـەوە کـات بەسـەردەبەن و هەوڵیشی بۆ دەدات لەکاری دەوڵەتی دابمەزرێنی و چاکتر لەخـۆی نزیک بکاتەوە. (لیلی خـانم) ئاگـاداری ئەوە نەبوو فلامەرز بەهۆی یاسەمینەوە لە ڕێکخراوێکی نەیار بەدەوڵەتی ئێـرانی ئەو سـەردەمـە کـاردەکـات، بەڵام یاسەمین بەهۆی کاری نەخشـەسازییـەکەی فلامەرزەوە، بەپێـوەندی نێـوان لیلی و فـلامـەرزی دەزانێ و پێوەندییەکەشیانی بەهێند وەرنەدەگرت و زۆر بایەخی پێ نەدەدا. فلامەرز بەهۆی بەشداریکردنی لەکاری لەناوبردن و کـوشـتنی یەک لە نەیارانی ناوخـۆی ڕێکخـراوەکـەی دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە و دوای ماوەیەک فـرمـانی لەسـێـدارەدانی بۆ دەردەچێت، بەڵام عـیـشق و ئەوینی (لیلی خانم) هێندە لە کوڵ دەبێت، کە بەو حاڵە دەزانێت هەوڵ دەدات لەڕێی شـابانووەوە فـرمـانی لێـبـووردەیی تایبـەتی شـایانەی بۆ دەرچێت و لە لەسـێـدارەدان ببـەخـشـرێت بەو مـەرجـەی ئێـران بەجێ بهێڵێت. فلامەرز ئەم کارە دەکات و لە دواجاریشدا بۆ برەودان بەهەمـان کـار دەگەڕێتـەوە ئێـران و لەسـەرکـاری ڕێکخراوەیی بەردەوام دەبێت. دیارە گێـڕانەوەو چوونەناو ڕووداوەکـانی ئەم هەمـوو هەڵوێسـتـە پڕ لە ئاڵۆزی و جەنجاڵییە، هێندە بە چڕوپڕی باسیان لێوە کراوە و هێندە بەوردی و دیقـقـەتەوە پێـیـانـدا ڕۆچووەو لە کـرۆکـی بابەتەکـانی داوە، ئەمـانە وا لە خوێنەر دەکـەن هەڵوەسـتە بکات و سەری لە وردەکارییەکان سوڕبمێنێ.

یاسـەمین دوای ئەوەی خـوێندن تەواو دەکـات لەکـاری دەوڵەتیـدا دانامـەزرێت، بەڵکو خـۆی بۆ کـاری ڕێکخراوەیی تەرخان دەکات، سەرەتا دێتە دەرەوەو ئینجا لە چەندین شـەڕو تێکهەڵچوون لەگەڵ سوپای ئێـراندا، چاوێکی لە دەست دەدات و لە ئەنجامـدا ئاوارەی ئێـراق دەبێت و لەناو ئێـراقـیـشـدا لەگـەڵ کـەسـێک بەناوی «دڵشـاد»ەوە کـەناوبراو زۆر پێی سـەرسـام دەبێت جـۆرە ئاشنایەتییەک پەیدا دەکات، ئەم ئاشنایەتییەی کوردێکی ئێراقی لەگەڵ ئافرەتێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ناو ئێراقدا، دەبێـتە جـێی گومـانی دامـودەزگاکـانی ڕژێمی بەعس و سەرەنجام دڵشاد دەگیرێ و لەناو ئەم تاوانە بەکۆمەڵێک تاوانی تر حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت لە سێدارە دەدرێت و لە دواجاریشدا یاسەمین دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و هەر لەناو ڕێکخراوەکەدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی دەبێتە بەرپرسی یەکەم و ئینجا گیران و ڕاکردنی لە زینداندا، لە دواجـاردا ڕێکخـراو بڕیار دەدات بچێـتە دەرەوەی ئێـران. ئینجا لەدوای دەیان هەڵەنگوتن و گیروگرفت و ناخۆشی و دەردەسەری هەمەجۆر لەگەڵ فلامەرز لە پاریس بەیەک دەگەنەوەو دەبنەوە عـاشق و مـەعـشـوقـەکـەی جـاران و بەهەردووکیان بەهۆی ئافرەتێکی ترەوە واتە بە پێتـاندنی «تۆوی فلامەرز لەگەڵ هێلکەکانی ژنەکەو هەڵگرتنی لە منداڵدانی یاسـەمـیندا، منداڵێک دروست دەکـەن و لە پاریس ژیانی داهاتوویان دەگوزەرێنن، شایەنی ئاماژەیە لەســـەردەمـی هەرەتی لاوەتیـــان جـــارێک بەهۆی تێکەڵاوبوونیـان یاسەمین سک پەیدا دەکات، بەڵام بەبێ ئەوە بهـێـڵـێت فـلامـەرز بزانێت لەبارخـۆی دەبات. لە قـۆناغـی ژیانی پاریسیـانـدا ڕۆژێک لەگـەڵ «کـوردە»ی هاوسەری فەرهاد لەیەکێک لە بازاڕەکان بەیەک دەگەن و بەهۆی منداڵە ناشـەرعـیـیـەکـانیـانەوە ئەم گـفـتـوگـۆیە لەنێوانیاندا ڕەت دەبێ!

+ { – دیارە کوردی

– من ناوم یاسەمینە و ئێرانیم و نیوە کوردم
– دایکت کوردە
– نەخێر لوڕم
– کەواتە لەمن کوردتری.. هەر نەبێ ئێمە پێمان وایە.. ل٢٣٤- ب٨}

دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ساواکی سەردەمی حەمەڕەزا شا، بۆ سەرشۆڕکردن وملی پێ کەچکردنی زۆرێک لەو کەسانەی مەبەستیان بوو چاوترسێنی بکەن. بێ پرینگانەوە لە هیچ پرەنسیپ و بەها کۆمەڵایەتی و نەرێتەکانی نێو بونیادە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، پەنایان بۆ شەرەف شکاندن و ئەتککردنی زۆرێک لە دانیشتوانی گوندو شارەکان دەبرد، لەوانەی لە دووتوێی ڕۆمانەکەدا ئەو کچە قوتابییە دەبینرێت کە ناوی «ژیلا»یە، ئەویش وەک هەر قوتابییەکی زانکۆو نزیک لە بەرەی نەیار بەدەسەڵات، کاروبارەکانی خوێندنی بەڕێ دەکرد، ئەوکچە نازدارە دەبێتە جێ سەرنجی دوو داوەڵی نەگریسی پیاوانی ڕژێم بەناوەکانی «میهرداد و ئەرژەنگ» ڕۆژێک، واتە ئەو ڕۆژەی کە دەیانەوێ ئەتکی بکەن، بە ئۆتۆمبێل دوای دەکەون، کە دەگەنە بەردەمی بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلی دەکەن و هەر لەوێدا بێهۆشی دەکەن و ئینجا بەرەو شوێنێک لەو شوێنە تایبەتیانەی بۆ فەسادکردنی خەڵکی بەکاری دەهێنن، ڕاپێچی دەکەن هەر زوو بەهەردوو لۆزەندەر ڕووتی دەکەنەوەو هەرچی ڕەوشت پێی ناخۆشبێ لەگەڵیدا دەکەن و بەدەیان جۆرو بەچەندین شێواز بەکامیرا وێنەی دەگرن، ئینجا بەر پرسەکەشیان هەمان کاری لەگەڵدا دووبارەو چەندبارە دەکاتەوە، دوای ئەوەی ژیلا هۆشی دێتەوە بەرو بەوشێوازە خۆی دەبینێ دەحەپەسێ و هیچی بۆ ناگوترێ و ئەوانیش دەی دەنە بەرباری هەڕەشەو گوڕەشەی زۆرو ناهێڵن دەم بکاتەوەو هیچ بڵێت، تا لە ئەنجامدا پەیمانی ئەوەی لێدەستێنن کە دەبێت هاوکاری دەزگاکانی ساواک بکات و بۆشی نییە هیچ جۆرە بەربەستییەک بنوێنێ.

* * *

ئەم گێڕانەوانە، گێڕانەوەکی زۆر کورتی ئەم ڕۆمانە پڕوچڕەی مامۆستای ئەندازیار خوسرەو جاف بوو، دیارە من کە لە خوێندنەوەی بوومەوە چەندین سەرنج وتێبینیم لەلا گەڵاڵە بوون و لێرەدا ئەوەندەی بۆم بکرێت برێک لەو سەرنج و پرسیارانە ڕادەنێم بەوهیوایەی زۆربەی زۆری خوێنەرانی ڕۆمان، ڕۆمانەکە بخوێننەوەو لەناو ڕووداوەکانیدا وانەی پەند ئامێز هەڵێنجن و سوود لە وشەو دەستەواژە تۆکمەکان وەربگرن، چونکە دەزانم ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە. گەلێک پرسیار هەڵدەگرن و چەندان گرفت دێننە ئاراوەو دەیان کێشە چارەسەردەکەن، بۆیە منیش لێرەدا مەبەستمە چەردێک لەو پرسیارانەی لەبیرمدا دەگەڕێن ئاراستەی کاک خوسرەو و خوێنەرانی بکەم و ئەوەندەش پێویست بە وەڵامدانەوە بکات، لە ئاست تێگەیشتنی خۆم وەڵامیان بدەمەوە و ئەوەش نەمتوانی، ئەوا بۆ ڕۆمانووس و خوێنەرانی بەجێ دەهێڵم، بەو هیوایەم بتوانم لە ڕووی دەروونی و هەستی کۆمەڵایەتیمان ئەم ڕۆمانەم خوێندبێتەوەو ڕاڤەم لەبیرو ئەندێشەکانی کردبێ..

دیارە ڕۆچوون بەناو باس و بابەتەکانی ڕۆمانی دەربار ویەکالاکردنەوەو شیکردنەوەی لێکدانەوەی گرێ و گۆڵەکانی کاتێکی زۆر و لە سەردوانێکی هەمەلایەنەی دەوێ و کارەکەش تا وەئەنجام دەگات زۆر دەخایەنێ، بۆیە من لەبەدوداچوونی ڕووداوەکان بەوەندە لێدەگەڕێم و لێرەو بەدواوە، هەندێک پرسیار ڕادەنێم و ئەوەندەش بۆم بلوێت و لەتێگەیشتنی منەوە نزیک بێت شتێکیان لەسەر دەدوێم و ئەوانەش دەمێننەوە، یان بیرم لە ئێستادا پەیان پێ نابات بۆ دوارۆژ یان ڕووبەڕووی ڕەخنەگرانی دەکەمەوە.

ئاشکرایە دەستەو دائیرەکانی سەردەمی ڕژێمی شا لە داپلۆسین و سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی گەلی زوڵم لێکراوی کورد هەتا ئەوکاتەی هەناسە لەگیانیدا مابوو دریغیان نەکرد. کوشتن و بڕین، ئەتککردن و سەربڕین نەویکردن، بێگاری و کاری نارەوا پێکردن و گەلێک کاری دزێوی تر پیشەی ڕۆژانەیان بوو، ئەم ڕەفتارە نەشیاوانە بوونە هەوێنی بەرەنگاربوونەوەو سەرپێچی کردن و نموونەی ئەم سەرپێچی کردنەش لە گوندی کانی تووەوە سەرهەڵدەداو بە کوشتن و لەناوبردنی زەینەدین دەست پێدەکات. ڕژێم بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئەم کارە گەلێک کاری نارەوای دژی دانیشتوانی ناوچەکە کردو هەر زووش کردەوەی کوشتنەکەی خستە ئەستۆی سەی سەلمان و ڕەحمانی کوڕی و دوای ئەوەی هەردووکیانی دەستگیر کردو هەر کامەشیانی بەچەندین ساڵ حوکم دا. بەڵام عادەتی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان هەر لە کۆنەوە وابووە، ئەگەر خۆی بەزەبری هێز نەیتوانی بێ هەر بزووتنەوەیەک لەناوبەرێ، ئەوا پەنای

بۆ فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندن بردووە و لە دواجاردا چەند کەسێکی بەکارهێناوەو لە پشتەوە نامەردانە گورزی کاریگەریان لە نەیارانی وەشاندووە. ئەم جارەش وەک زۆرێک لەو جارانە ڕژێم ویستی بە بەردێک دوونیشانە بپێکێ. لەدوای ئەوەی ڕەحمان زیندانی کرا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی لەخشتەی بردو هەڵیخەڵەتاند، بەوەی کە دەبێ بچێتە دەرەوەو ئەوکە شاماری دوژمنی سەرەکیان بکوژێ بگەڕێتەوە، ئەوا ئەوانیش لەبری ئەم چالاکییەی خۆشی و باوکی لەزیندان ئازاد دەکەن، دوای ڕێککەوتن لەگەڵ ڕەحماندا، بەریاندا و ئەویش خۆی گەیاندە لای ئەوکەو دوای ماوەیەکی کورت بوو بەیەکێک لە هاوەڵە هەرە نزیکەکانی، کەچی لە دواجاردا ئەو بەڵێنەی بەساواکیدابوو جێبەجێی کرد و ئەوکەی کوشت و لاشەکەشی دایە دەست ئەوان. من ئەم ڕووداوەم ڕێک وەک ئەم ڕووداوە دێتە بەرچاو کە لەسالآنی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەوکاتەی هێزی بەرگری خەڵکی کوردستان دژی ڕژێمی ئێران درێژەی هەبوو، لەناو هێزەکانی بەرگریکردندا، فەرماندەیەکی چالاک بەناو «کاوە» هەبوو، ئەویش لەشیرین خەودا بەدەستی یەکێک لە پاسەوانەکانی خۆی کوژرا، ناوبراویش هەر زوو لە سنووری پشدەرەوە خۆی گەیاندەوە ناوچەکانی بندەستی ڕژێم و خۆی بەدەستەوە دایەوە، کورد دەمێکە ڕاستی گوتووە کە دارپوازی لەخۆی نەبێ ناقەڵشێ. ئەوەتا ڕەحمانیش بۆ هاتنەدی چەند مەرامێکی پووچەڵی بێ نرخ، خیانەت لە هاوەڵەکەی خۆی دەکات دەکەوێتە سەرجێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی بەڕژێمی دابوو.

سەی سەلمان کە زیندانی کرا پیاوێکی بێ تاوان بوو، ڕەنگە تەنیا لەبەر ئەوەی نەیویستبێ نۆکەرایەتی ڕژێم بکات ئەو تاوانەیان خستە پاڵی و لە دوا دەمەکانیدا ژیان لە زینداندا بگوزەرێنێ، ڕەحمان دەیزانی تا ئەو تاوانی خیانەتەکەی ئەنجام دەدا باوکی لە زینداندا دەمرێت وەک دیتمان وابوو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا شەڕکردنی ئەوکە شامار و بزووتنەوەکەی چ جۆرێک بوو، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بوو، یا هەر کارێکی چەتەگەری و خەڵک ڕووتکردنەوەو ڕێگری و دەست وەشاندن لەخەڵک و جیاوازی نەکردن لەنێوان پیاوانی ڕژێم و کەسانی تردا؟ ئەوکە جارجارە چالاکی دەنواندو جاروبارەش دەهاتەوە ناو گوند و لەگەڵ کەسانی ناو گونددا دەدوا و وتووێژی لەگەڵدا دەکردن، ئایا لەوە نەدەترسا بۆسەی بۆ دابنرێت و جارێک پێوەبێ و لەناوببرێت؟ ڕەحمان کەسێکی شیعە مەزهەبی نەخوێندەواربوو و ئەوەندەش لەناو بۆتەی ڕووداوەکاندا قاڵ نەببۆوە، کەچی لە مناوەرەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا و هات و چۆی لەنێوان سنوورەکانی ئێران و ئێراقدا لەکەسێکی زۆر کارامەو چاپووک دەچێت کە ئەمەیان تا سنوورێک لەگەڵ بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا لاسەنگ دەردەچێت، ئایا نەدەکرا بەجۆرێکی تر ئەم هەڵوەستانە شی کرابانەوە؟ باشە کابرایەک بەتۆمەتی کوشتنی حوکمی بەسەردادرابێ، چۆن لە دیدی ئەوکەی جەربەزەدا، هەر وا ئاسان بوو بەجێی متمانە، یان چۆن ئەوکە باوەڕی بەوە هێنا کە بەڕاستی ڕەحمان لە زینداندا ڕای کردووە و لەکاتێکدا هەموونەفامێکیش دەیزانی کاری لەو جۆرە، ئەنجامدانی مەحاڵە. ئەمانە و چەندین تێڕامانی تر دەبنە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن.

ئەگەر لە ڕەحمان و سەی سەلمان و بنەماڵەکەیان و ئەوانەش کەڵێیانەوە نزیکن کە وەک تەوەری گوندنیشینان خۆی دەنوێنن و بچینە لای خێزانی ئەمیر ئینتیزام و فەلامەرزی کوڕی و لایەک بەلای یاسەمینی «بە ناشەرعی هاوسەری فەلامەرز و عاشق و گراوی» بکەینەوە. ڕووداوی ئەم دوو بنەماڵەیەش خۆی لەخۆیدا ڕۆمانێکی تاسنوورێک جیاوازە لەبەسەرهاتەکانی سەی سەلمان و ڕەحمان و ئەوکەدا. یاسەمین لەسەرەتای ژیانی زانکۆییدا، تێکەڵ بەکاری سیاسی چەپگەرانەی هێزی بەرگری خەڵکی ئێرانی سەردەمی شاو بەشێک لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ، لە سەرەتاشەوە لەگەڵ فلامەرز دەبنە هاوڕێ و لەوێشەوە دەبنە دڵخوازی یەکتر و عیشق و ئەوین لە نێوانیاندا پتەو دەبێت. یاسەمین لەگەڵ ئەوەدا بێ ئەندازە خۆشەویستی فلامەرز کاری تێدەکات و بە بەشێک لە ژیانی خۆی دەزانێ، بەڵام ڕێگە بەوە نادات داخوازی بکات و ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێن، ئەگەرچی لەناو بۆتەی ئەوینەکەیدا جووت دەبن و سکی پڕ دەبێت و منداڵەکەش لەبارخۆی دەبات.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، مەرام لە خۆشەویستی یاسەمین بۆ فلامەرز چی بوو؟ ئەگەر ئەوین و خۆشەویستییەکی ڕۆحی بووە، بۆچی نەک جارێک دەیان جار پێکەوە جووت بوون بەڕێگا نایاسایی لەگەڵ یەکتری کۆبوونەوە؟ ئەگەر ئەم پرسەش هێندە پڕ بایەخ نەبێ، ئەی بۆ وەک

کارێکی مرۆڤ دۆستی دوای سکبڕی ناهێڵێ سکەکەی گەورەبێ و لەباری دەباو دەیکوژێ؟

ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێدراوە، فلامەرز جگە لە یاسەمین پێوەندییەکی توندوتۆڵیشی لەگەڵ (لیلی خانم)دا هەبوو و بەیەکەوە عیشق و ئەوینیان دەگۆڕییەوەو هەرچی هەوەس بەیەکەوە ئارەزووی بکردبا دەیان کردو لە زۆربەی حاڵەتیشدا یاسەمین لە پێوەندییەکەیان ئاگادار بوو.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە یاسەمین وەک ڕەمزی بەرگری و پابەند بە پرەنسیپەکانی ڕێکخراوەکەیان، بۆ ئەوەندە بە قووڵی و بەو شێوازە پڕ لەنازو نووزە کەوتە داوی عەشقی فلامەرزەوە؟ ڕەنگە کاردانەوەی ئەم عیشق و ئەوینە زۆر کاریگەرتر بووایە ئەگەر لەگەڵ یەکتری هاوسەر بوونایە و هەر یەکەیان لە شوێنێک و بۆ هەر ڕاپەڕاندنی چالاکییەکیان هێندە جێ و ڕێیان جیاواز نەبوایە، دوور نییە لەناو بۆتەی ئەم شێوازی ژیانەیان، ئەوان وا لە خەڵکی بگەیەنن کە مەسەلەکانی هاوسەرگیری بەو جۆرە کلاسیکیەی خەڵکانی دەرەوەی بازنەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی، بەلای ئەوانەوە ئەم کارە تێپەڕیوە و پێوەندییەکەیان تا ئەو سنوورە داناوە و هێشتا بڕیاری بە هاوسەر بوونیان نەداوە. ڕەنگە ئەم دوو شۆڕە سوارەی باخی ئەوینە بڕیاریان نەدابێ بەهیچ شێوەیەک بەشێوەیەکی فەرمی ببنە هاوسەرو هاوڕازی یەکتری بۆیە لە دواجاریشدا، هەر بڕیاری ئەوە دەدەن لەهێلکەی ژنێکی دی تۆوی فلامەرز بپیتێندرێ و لەمنداڵدانی یاسەمیندا گەورە بکرێ، دەشێ تێگەیشتنەکان لەگەڵ دەوروبەردا لە یەکتری جیاوازبن ئەوان بیانەوێ لە سنووری نەریتە کۆنەکانی دەوروبەر و باب و باپیرانیان تێپەڕێن، هەروەک وابوو، ئەمە لایەنی فلامەرز و یاسەمین، دیوێکی تری ژیانی یاسەمین لە ئێراقدا دەبینرێت و لەویش کەسێک بەناو ئەندازیار دڵشادەوە دەناسێت و پێوەندی لەگەڵ دەبەستێت و زۆری نامێنێ پێوەندییەکە بگاتە ئاستی تێکەڵبوون و هاوسەرگیری کە دڵشاد دەگیرێ و بە تۆمەتی پێوەندی بەکەسانی ترەوە بە تایبەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و چەند تۆمەتێکی تر بەدەست ڕژێمی بەعسەوە لە سێدارە دەدرێت، کەدەبوو یاسەمین دوای ئەوەی لە ئێراندا جێی نەدەبۆوە، وەک بەرپرسێکی ڕێکخراوێکی چەپ هەستی بەم جۆرە مەترسییانە بکردایە کە ئەوکاتە ڕژێمی بەعس لە نووکە دەرزییەکی دەپرسییەوە.

ژیلای دۆست و هاوەڵی یاسەمین کە بەدەستی پیاوانی ساواک ئەتک کراو کچێنێتییەکەی شێوێندراو گەلێک سووکایەتی نارەوای پێکرا هەرچی شتی خۆشەویستی هەبوو لەدەستی دا، کە بەهۆیەوە ماوەیەک لەبەرچاوان ون بوو و لە ژیانێکی گەلێک دژواردا دەژیا، کەچی یاسەمین، لەهیچ بۆنەیەکدا ئاوڕی لێنەدەدایەوە و بەهانایەوە نەدەچوو و پرسیاری لێنەدەکرد، تا هەر نەبێ کەمێک لەو دەردو خەمانەی سووک بکات، ئەگەرچی دەکرا بهێنرێتەوە ژێر بارو دەشتوانرا لە دواجاردا بەهۆیەک لەهۆکارەکان پلان بۆ تۆڵە سەندنەوە و بەسزا گەیاندنی تاوانباران دابڕێژرایە.

ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لەبەر ئاڵۆزی و تێکگیراوییان سەربەسەر بابەتی فرە ڕەهەند دادەکەن و لە پاڵیاندا ڕێکەوتی سەیرو سەرسوڕهێنەر دێنە ئاراوە. دەبێ خوێنەر چی بە «کوردە»یەکی قوتابی خوێندنی باڵای پلەی ماجستێر لەسەر ئەدەبی کوردی و لە دوا قۆناغیدابێ، بڵێت،کە دەکەوێتە داوی ئەوینداری فەرهادی کوڕی ڕەحمانی سەی سەلمانەوە، ئەوە چی بوو وای لەو کیژە رووناکبیرە کرد، جڵەو بداتە دەست سۆز و ئاڵوودەی دڵداری کوڕێکی گەنجی نەناسیاوی نامۆ ببێت و هەموو بەها پیرۆزەکانی خۆی و خێزانی، کە بە گوتەی باوکی لەنەوەی حەمە ڕەسووڵ ئاغای گەورە بوو [بەخوا جوانە کچی من تالیبی نەوەی حەمە ڕەسوول ئاغای گەورەبێ، ببێ بەژنی هەتیوچەیەکی کەس نەناسی بێ باوک و دایک..] فەرامۆش بکات کە وەک خێزان لە پێناو گەیاندنی بە پلەی ماجستەر هەموو ڕێیەکیان لەبەردەم والا کردووە. بۆ ئەو کچە نەیتوانی جڵەوی سەرکێشیەکانی سۆزی ڕەشمە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە تاڤگەی پوورزای فەرهاد چەندین ڕاستی لە بارەی ژیانی ئەم کەسەوە پێراگەیاندبوو، بەلام ئەو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ بێ سێ و دوو بیدەن بە فەرهادو لەوێش زیاتر بە کەسی تر ڕازی نابێت. ئەگەر پێچەوانەی ڕایەکانی کوردە بیرکردنەوەیەکی کلاسیکی بێت و ئەوکیژەش ویستبێتی لە و بازنەیە خۆی دەرهاوێ، خۆ دەبوو بەهەمان بیرکردنەوە کە دەیزانی فەرهاد کەسێکی ئاسایی نییە، لە بەدڕەوشتیدا گەیاندوویەتییە ترۆپک دەبوو بە هەمان بیرکردنەوە، خۆی گەیاندبایەوە ماڵە باوانی و داوای لێبووردنی بکردایە و خۆی دووچاری ئەم

هەمـوو گـرفت و زیندانیکردن و دەسـتـدرێژیکرانە سـەر نامـووسی نەکـردبایە. ئاخـۆئەو ژنە چی وەڵامی خـۆی دەدایەوە کـە دەیدی کـەسـانی بەد، بەدڕەوشـتـی لەگـەڵ مـێـردەکـەی دەکـەن، یان کـە بەچاوی خـۆی بینی چۆن «کۆرش»ی برادەری فەرهاد سەرەڕای سووکایەتی کردن بەخۆی، سەبری دایکیشی کوشت و فەرهادیش هەر لێی نەپرسییەوە و گوێشی لێ خەواند. [کۆرش بەکردنەوەی گرێی پەتەوە خەریک بوو، سەبری سەرسامانە دەینواڕییە شەهباز و کابرایەکی سەروملی هەڵپیکاودا. کۆرش ماوە و مەودای سەبری نەداو چەقۆی لەگیـرفانی دەرهێناو تا مشتەکەی لەسنگیدا نقومی کرد و پەیتا پەیتا پیاماڵی، یەکەمین چەقـۆبەردڵی کەوت..] ئەگەرچی کوردە دوای ئەوەی ڕاسـتـییـەکـانی ژیانی ئەو کـەسـەی بۆ دەرکـەوت پەشـیـمـان بۆوە، بەڵام پەشیـمـان بوونەوەکەی هیچ دادی نەدا، چونکە وەک لە بیـری خـۆیدا ڕەنگی بۆ ڕشـتـبـوو، دەستی لەبن هەمبانەکەوە دەرچوو بوو، [ئەی خوا، پەنام بەتۆ ئەمنت خـەسـتـوتە نێـوان چ دێو و درنج و جانەوەرانێکەوە، ئایا سزاواری، ئاوا ئاکامێکم-]

من پێم وایە ئەوئامـاژانە تەسلیم بوونێکی یەکـجـار کـلاسیکین، بەرامـبـەر بەقـەدەرێک کـە خـۆی لە پێـشـدا شـۆڕشـێکی لەسـەر بەرپاکـرد و هەست و سـۆزی تەواوی بنەمـاڵەکـەی خسـتە ژێر پێ و هەر هەمـان پێداگری بوو بەهۆی ئەوەی بـاوکی دوچاری جـەڵتـەببێ و مـاوەیەکی باش لەنەخۆشخانەکاندا بمێنێتەوە. لەجێی خۆیدایە مرۆڤ لەکاری دزێو پەشیمان ببێتەوە، بەڵام لەجێی خۆیدا دەبوو ئەو پەشیـمان بوونەوە لە ڕێی بەرگریکردنێکی تۆکمە و ڕەنگ بۆ داڕێژراو بووایە، دەبوو مادام پەشیـمان ببۆوە، ئیرادەی خۆی نەدابایە دەست کەسانی نزیک فەرهاد، بە چەشنی ئەوەی ئەو هەمـــوو خــشـڵ و زێڕانەی دایکی لەکـاتی خـۆی دابوویە، نەیدابایەدەست شـیـرینی کـچی ڕەحمان، دەبوو ئەوەشی لێکدابایەوە ئەگەر شیرین دەستی بەسەر ئەو شتانەدا بگرتایە چی دەگوت یان چی پێدەکرا. دیارە ئەگەر باس لەو خشڵە بەنرخانە بکرێت کە کاتی خۆی دایکی بۆ ڕۆژی تەنگانە دانی بە کچەکەی کارێکی باشی کرد، هەرچەندە کاری لەم جۆرە زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکە و ڕەنگە لەنێو چیرۆکەکانی ئەفسانە ئامێزدا شتی وا وەگیر بکەون، کوردە دەبوو بەرامبەر ئەم دەستدرێژی کردنەی لە زینداندا کرایە سەری و بەهۆیەوە منداڵێکی ناشـەرعی نایەوە و سـەرەنجـام منداڵەش لە دایک بوو، دەبـوو ئەو وەک ژنێکی خـــوێندەوار لە بری ئەوەی لە دوورەوە نامە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بنێـرێ تا ئەوەندەی بۆی دەکـرا، منداڵەکـەشی دابایەوە دەست پیـاوانی ڕژێم و منداڵێکی پەروەردە نەکردایە کە نەزانێت باوکی کـێیـە و لە چ جـانەوەرێک پاشـەکـەوت بووە، ئەم شـێـوازی منداڵ نانەوە و بەخـێـوکـردنە هەتا ئەمـڕۆش بۆ ناو کوردەواری نامـۆ و کـارێکی دزێوە، خۆ ئەگەر ناوی خوێندەواری و پێشکەوتن و تەجاوز کردنیش بە بەر هەڵوێسـتـەکـانیـدا ببـڕێت، دەبوو بەرامـبـەر مـێردەکـەشی دڵی فراوانبـووایە و نامـەی بە گـرتدان و زیندانی کردنی لە بارەوە نەنووسیبایە، نەک لەبەر ئەوەی ئەو کاری خراپی بەرامبەر کردووە و هەڵیخەڵەتاندووە، بەڵکو لەڕووی دەروونییـەوە دەبوو ئەوە لەبەر چاوبگرێت کە فەرهاد کەسێک بووە، نەخۆش، یان خاوەنی جۆرێک لە لادەری (شـــزوزی) جنسی هەبووە و ئەوەش بۆ ئەو کەسە یاخی بووانە لەوە ئاسانتر تێدەپەڕێ بگاتە ئاستی بە گـژداچوونەوە، خـۆ ئەگـەر بە بارێکی تریشـدا کـاری منداڵ بوون و پەروەردەکردنی منداڵەکەی خۆیشی تاوتوێ بکرێت ئەویش بچێتە هەمان قالبەوە و ڕەنگە هێندەشی سەغڵەتی نەوێ، ئەی کوردەخان لەدواجاردا چی بەخۆی دەڵێت کەوا دەستی دەچێتە خوێنی کەسێک، کە ڕۆژێک لەڕۆژان گـراو و دڵداری بووە و بە ئارەزووی خۆی شـووی پێکردووە و لەگەڵیـدا ئاوارەی ئێران بووە و هەرچی بەها پیرۆزەکانی بنەماڵەکەی بوو، پێشێلی کردووە.

کـوردەخـان کـە لە فـەرەنسـا دەگـیـرسـێـتـەوە و خشـڵـە بەنرخـەکـەی کـە کـاتی خـۆی دایکی وەک دیاری و بەکـارهێنانی لە ڕۆژانی تەنگانەدا، پێـیـدەبەخـشـێت، دەفرۆشێت و کارو باری خۆی پێ ڕێک دەخات، بەڵام لەم حاڵەتەدا تێـڕامـان لەوە دەکرێت، کـە کـوردەخـان دەگـاتە فەرەنسا، لە کوێ دەگیرسێتەوە، لە پاریسدا چۆن جێ و ڕێ دابین دەکات، حکومەتی فـەرەنسـا بە چ شـێـوازێک وەری دەگـرێت، ئەگـەر شـێـوازی پەنابەری بێت چ جـۆرە پەنابەرییـەکـە و دەوڵەتی فـەرەنسـا چ حـسـابێکی بۆ دەکـات؟ ئەگـەر بۆ هەمـوو ئەو پرسـیـارانە وەڵامـدانەوە هەبن، ئەدی چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە کە کوردە دوای ئەم هەمـوو کـارەسـاتەی بەسـەریداهات، لەلایەن خـاوخێـزانی باوانیـەوە فەرامـۆش کرا، خۆ ئەگـەر باوکی لەبەر ئەوەی لەبەرەبابی حـەمـەی ڕەسـووڵ ئاغـا بوو، بە تەنگی دەزانی لە کچەکەی بپرسێتەوە، خۆ سۆزی دایک

زۆر لەوە بەتاوترە خۆی لەبەردەم ئەمجۆرە لەمپەرانە ڕاگرێ، واتە دەبوو کوردەخان بە شێوازێک لە شێوازەکانی پێوەندی گرتن، لای بەلای دایکیدا بکردایەتەوە و لە ژیان و گوزەرانی خۆی ئاگادار بکردایەتەوە، بەڵکو ئەویش بیتوانیایە هەستی سۆزی باوکی بجوولاندایە و پێوەندی باوک و فەرزەندییان کەوتبایەوە نێوان و ژنێکی نوێتر لەدنیای کوردەخاندا سەری هەڵدابایەوە، نەک بەهۆی کەسێک کە هەر خۆی هۆکاری سەرەکی بوو، دەست لەژیان بەربدات و لەتافی لاویەتیدا بکەوێتە داوی بێوەژن کۆشییەوە.

ئەمانە لاتەریبێکن لە بنچینەی ڕووداوێک، زۆر لەجێی خۆیدا دەبوو، کاک خوسرە و ڕۆڵێکی دیکەی دابایە کوردەخان و هانی دابا وەک ئافرەتێکی دەرچووی کۆلێژ و خاوەن بڕوانامەی ماجستەر، بەشێک لە یادەوەرییەکانی ژیانی خۆی بنووسیایەوە و هەر لە فەرەنسا، یان لە ئەوروپا پێوەندی لەگەڵ ئەنستیتۆکانی ئەو وڵاتانە ببەستایە و لەڕێی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکانیانەوە، بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی تۆمار بکردایە. ئەمانە چەردێکی کەمن لەم تێڕوانینانەی پێوەندییان بە کوردە خانمەوە هەبوون و خۆ ئەگەر سەرێکیش بەلای یاسەمین و ژیلای هاوڕێیدا لار بکەینەوە، ژیلاش یەکێک بوو لە قوربانیانی دەستی پیاوانی ساواک، دوای ئەوەی لەلایەن دووچەتاوڵی نەگریسەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر شەرەفی، ئیتر دوای ئەوە دوچاری چەندین گرفتی جەستەیی و دەروونی دێت و ڕووبەڕووی گەلێک سەرگەردانی دەبێتەوە و لە هەموو ئەو گرفتانەش کە دێنە سەر ڕێی، بێدەست و پا دێتە دەرەوە و هیچ جۆرە بەرگرییەکی پێ لەخۆی ناکرێت. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە و پێویستە هەڵوەستەی لە بەرامبەردا بکرێت ئەوەیە کە یاسەمین و هەتا فلامەرزیش کە دۆستی زۆر نزیکی ئەو ئافرەتە شۆخە بوون، تا ئەوکاتەی لە ئێراندا مابوون، تەنیا یەک دوو جار نەبێ، ئەویش بە ڕێکەوت، لایەکی زۆرکەمیان لەو ئافرەتە نازدارە کردەوە و ئەویش بەقەدەر ئەوەنا فەرامۆشییەک بەجەستە و دەروونی ئەو کیژە ببەخشێت، بەڵکو هەر لالێکردنەوەیەکی سەرپێیانە و هیچی تر، کە دەبوو ئەوانیش ئەویان هێندە ڕام بکردایە بیتوانیبا خۆی لەگەڵ ژیانی دوای کارەساتەکانی ڕابهێنێتەوە و کەمێک ئاشنایەتی لەگەڵ ژیاندا پەیدا بکردایەتەوە، بۆ ئەوەی بیتوانیایە خۆی لەبازنەی دەستەو دائیرەکانی ڕژێم و ئەوانەش کە سووکایەتیان پێکردووە دەرهاوێ و هێندە نەکەوێتە ناوداوی خۆ خواردنەوە و بیرکردنەوەی لابەلا، نەبادا کارەساتەکان هێندە باری دەروونی گران کەن خۆی بهاوێتە ناو هەڵدێرێکی دیکەی نەخوازراوەوە.

بەهەرحاڵ ڕۆمانی «دەربار» کە وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا سەر بەسەدان لایەندا دەکات، زۆرێک لە گرفتەکان شی دەکاتەوە و زۆر گرێ کوێرەش دێنێتە بەردەم ڕووداوەکان و هەر لەسەرەتاوە، کە مێژووی ڕووداوەکانی بۆ زیاتر لە چل و پێنج ساڵ دەگەڕێنەوە و بە وردی بەدوایاندا دەچێت تا ئەم سەردەمەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران و ئینجا ئەوروپا بەدوا وێستگە نیشانەدەکات. ئەگەرچی ئەم ڕووداوانە هێندە بەچڕو پڕی لەناو ڕۆمانەکەدا کۆنەکرابانەوە. ڕەنگە پەل و پۆی تریشی بهاویشتبا، بەڵام من وەک خوێنەرێکی ڕۆمانی دەربار ئافەرین بۆ سەلیقەیی و بەدواداچوونی و تۆکمەکارییەکانی ڕۆماننووس دەنێرم، کە بە ڕاستی زۆر ئازایانە توانییەتی ئارایشتی سەرجەم ڕووداوەکان بکات و بەوشێوە پڕ لە سۆز و ناسکییە نووسینەکەی بهێنێتەدی و بەرهەمێکی زۆر بەپێز بخاتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە. بۆیە من زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە پێویستە خوێنەری کورد ئەم ڕۆمانە پڕ لە چێژو هەستە ڕۆمانسییە بخوێنێتەوە و بەتایبەتی توێژی گەنجان و ئەدەب دۆستانی وڵاتەکەم هان دەدەم بۆ سوود وەرگرتن لەو هەموو ڕووداو و کارەسات و بیرو هزرە جوانانە هەوڵ بدەن بەدوای ڕووداوەکانیدا بچن و ئاستی تێگەیشتنیان بە وشە و و فەرهەنگەکەی بالاتر بکەن ئەوەش من لێرەدا ئاماژەم بۆ کرد، تەنیا خوێندنەوە یەکە و بەهیوام توانیبێتم تا سنوورێک لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە مەڵۆیەکم خستبێتە سەرشاری خەرمانی ڕۆمانی دەربار و سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**ئابی- ٢٠٠٦**

**«١» نووسینی ناوکەوانەکان هەڵێنجراوی ناو نووسینی ڕۆمانەکەیە.**

**«٢» من کوردستان بە وڵاتێک دەزانم، بۆیە باکوور و باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕاستتر دەزانم لەوەی بڵێم کوردستانی باشوور، یان باکوور...تاد. و لەم بارەیەشەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی قسەی خۆم کردووە.**

# ماسییەکان بۆ هەڵم پێدەکەنن
# زەنگی کۆرپایەتی شیعرەکان دەمەیێن

هەندرێن
(سوێد)

**«بشێ من فریو درابم؟ ئاخۆ دەبێ بۆ من خۆشویستن!
خوشکی مەرگ بێت؟
هەرچۆنێ بێت. من داوای پاکژبوونەوە دەکەم، چونکە
من بە درۆ فرچکدرام.
دەبا بەڕێکەوین.
بەڵام دەستی ئاشنایەک نییە! لە کوێ دەست بەهانایێ
دەگا؟»**

**رامبۆ**

(فوئاد سورخی) شیعر، بە پەڕین و ئاوێتەبوونی ئاوەڵەمەکان، بێ ئەوەی تا ئێستا بزانێ بۆ، کەوتە ناو قورگی نادیاریی؛ بێ ئەوەی بخوازێت کە ببێتە ئەم بوونەوەرە «هەتیمە» ، سێوئاسا کەوتە بەردەم «نیوتن»ی شیعر و کەوتە بزوان. شیعریش تۆوی غەریزە و کلۆڵی و پەرێشانییەکانی پشکنییەوە، خۆشی لە زگماکییەکەوە کەژ و هەوایەکی بەپیت بوو بۆ فراژۆبوونی چرۆسانی شیعر.

بەم جۆرە شیعر دەبێتە دایەی هەتیمێک؛ (بە واتای سارتر، مرۆڤ کە لە دایک بوو، هەتیمە). بەم جۆرە پەرێشانی سۆز و هەستە لە دەستچوو و نەبانەکانی دەگرێتە خۆیەوە؛ ئەو پەرێشانی سۆز و هەستانەی کە لە بنەڕەتدا لەناو پزدانی دایکیدا بە زیزی بە جێماون.

سورخی وەک بارستایی و وەک لە شیعرەکانیشدا دەبینین «لێرە» لەم دنیایەدا خۆی نییە، بەڵکو لە ورێنەی شیعرەکانیدا خۆی «لەوێدا» وەک هەبوو دەبینێتەوە، بۆیە بێ پەروا دەکۆشێ بگەڕێتەوە «ئەوێ» و ئاوێتەی

ئاوەڵەمەکان ببێتەوە، لەناو سۆز و لەزەتە پاک و وەهمییەکانی «ئەویٚ» خپ ببیٚ و تامە ڕاستینەکان بکات، کەچی بەئاگاییە ناوەکییەکەی دەزانیٚ کە ناتوانێت.

ئەوەتا کە سێبەری تەنراوی لە دایک دابڕان دەیتەنێتەوە لە بەرانبەر هەوڵەکان، خەونەکان، دەگلیٚ، تەنگەتاو دەبیٚ. بە تەرزە سکاڵا و خۆزیایەکی نزا ئامێزی گرینۆکانەوە بە پەرێشانی دایکی کەینوونەوە دەنووسێتەوە و دەڵیٚ:

**«کیٚ بیٚ بۆ لای تۆم بگەڕێنێتەوە؟**
**یا خۆت بە ملما هەڵواسە**
**با لەگەڵ خۆمدا بتبەم...**
**لەم دنیای گەورەبوون متمانە بەکەس ناکەم.»**

دنیای گەورەبوون سێبەرێکی دڕە گەمارۆی جەستەی دابڕاو لە کەینوونەی نەرم و نیانی دایکی دەدات، مەشخەڵانی غەریزەکانی پڕ دەبن و ترس ئارامی لێدەبڕیٚ. هۆشی نائاگایی کۆرپایەتییەکەی لە زمانی هەست ڕەمەکی و زگماکییەکانی دەئاخڤیٚ، هۆشی ئاگاییە دەرەکییەکەشی لە خشتەی دەبا، کە خودی خۆی لەوە نائاگایە. پاڵەپەستۆی غەریزە سێکسییە کپ بووەکانی پاکانەی کۆرپایەتییەکەی گوماناوی دەکەن. جا لەبری ئەوە، دەیەوێت دایکی لەگەڵ خۆیدا ببات، تا هەستە گوماناوییەکەی مەحف بکاتەوە.

ئەمەش لە دیدی فرۆیدەوە «گرێی دایک»، یان «گرێی ئۆدیپ» دەگەیەنێت، لە هەستی ئاگایانەی «سورخی»شدا، پاڵنەرەکەی هەست و سۆز و پەرێشانییەکی لە دەستچووی پاکانییە بۆ دایکی!

ئەم هەستەی سورخی شاعیر، لە دنیایەکی تر و بە جیاوازییەکی ترەوە بۆدلێرمان بەیاد دێنێتەوە. بۆدلێر بۆ دایکی دەنووسیٚ:

**«لە تۆدا زیندوو بووم و بۆ خۆم بە تەنیا**
**هاوکات کۆیلە و هاوڕیٚ بووم**
**ئای بۆ ئەو حەشارگە بووتەکە بێگەردەی خود**
**لەگەڵ خود حەشارگەیە، دڵ بووە ئاوێنەکان.»**

بەڵام «بۆدلێر» ئەم حەشارگەیە دەخاتە سەر کاغەز تا ببێتە هەڵم و دەڵیٚ:

**«منی برین و چەقۆ و قوربانی جەلاد»**

شاعیری «ماسیەکان پێدەکەنن»مان، هەرچەندە هەراشتر دەبێت، ئەوەند زێتر هەستی لە دەستدان و دوورکەوتنەوە لە کۆرپایەتییەکەی تەنگی پێهەڵدەچنیٚ و هەگبەی زاکیرەی پەرێشانییەکانی کۆرپایەتی دەورووژێن و ڕۆحیشی دەبێتە باوێشکەیەکی درێژ:

**«کات ئێسکێکی فڕێدراوە**
**شوێن سەگێکی دڕی نووستووە»**

یان:

**«لە سیمای سادەترین شت**
**شەڕ دەبینم.»**

ڕابردووی کۆرپایەتی، وەک خەونێکی بیٚ کۆتایی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشیٚ. خۆڕسکی کۆرپایەتییەکەشی، دنیایەکی پڕ لە بیٚ بەشی کۆرپایەتی و شەرم و چاوشکانە؛ تابلۆیەکی وێرانە. لەوێوە وێڕای ڕسکانی ئاگایی، نامۆیی، بێزاریی، سەرگەردانی و ئاڵۆزییەکان لە دەروونیدا قووڵ دەبنەوە.

کەواتە، نە ئێستا دەتوانیٚ غەریزە و هەوەس و ماخولیایە پەنگخواردووەکانی بۆ دابین بکات، نە کۆرپایەتیش ئەوە بووە تاکو سێبووری پیٚ بێتەوە. ئێستای سورخی باوێشکێکە و تەواو نابێت. لەم ناوەڕاستە وەهمگر و خەون و کەڵکەڵە زڕاوە نەدا، سورخی هەست بە بیژۆکی جەستەی هەراشی بەرهەستی دەکات. ئاگایی بۆ ناو خەون و خولیای خواستە زگماکییەکانی کۆرپاتی پەلکێشی دەکا و بەخۆشی لەزەت لەو فریوە وەردەگریٚ:

**«دەستم لە قژی «بەیان» دەئاڵاند**
**ئەستێرەیەک لەسەر سینگم بوو**
**یاری بەگوێم دەکرد.»**

ئەوەتا دەبینین جەستەی هەراش و ئاوەزی دەرەکی لەودا کاریگەری نییە، هەر ئاگاییە ناوەکیەکەیەتی وای لێدەکات ئاوا بە ڕەمەکەکی و زگماکانە جۆگەلەی وشەکان بڕژێن و بە «بوو»ی ڕابردوو، شتە جوان و ناسک و

سۆزاوییەکان تامیان هەیە. لە سەرجەمی شیعرەکانیدا «دەبێ»، وەک «بوو» پاک و زگماک و تامدار نییە، ئێستای شاعیر ئێستایەکی پڕ لە کەمییە، بۆیە دەزانێ ئەستێرەش بەو کلۆلییەی ئێستاکەی ڕازی نییە، «گەندەموو»ش هێمای ساوایی و گوناح و کەمۆیی دەنوێنێت. «بەیان» هاوەڵی منداڵییەتییەکەیەتی. وێدەچێ، شاعیر نە ئەو کات و نە ئێستاش «لێوی بە گەندەمووی گۆنا» نەهێناوە، بەڵام دەبینین شیعر بۆشایی ئەو حەزەی بۆ پڕ دەکاتەوە. بۆیە دەبینین بە فێڵ و لاساریی منداڵانەیی دەیەوێ ئەو حەزە سادەیە پراوە بکات:

**«من نێوچەوانی بەردێکی ڕەشم**
**چەندەها جار لەبەر تریفەی مانگەشەودا**
**لێوم بۆ گەندەمووی گۆنات هێناوە.»**

کەچی دەزانێ کە ئەو هی ئەوە نەبووە و نییە، بۆیە نائاگایانەی شیعرییەت وای لێدەکات بڵێ:

**«هاتووم گیانی بچکۆلانەم لەلات بشارمەوە،»**

وێڕای ئەمەش، هەستی نەزڤرینەوەی کۆرپایەتییەکەی هەر بەهۆی نائاگایی هۆشەکییەکەیەوە تووشی بێهوودەیی و لێکدژی و نیگەرانییەکی ئاڵۆزکاوی دەکات. هەموو شتەکان پێوەندییان بەیەکەوە نییە، شتە پاک، ڕەسەن و بێگەردەکان هیچیان لە شوێنی خۆیان نەماون/ نین، ئەو ناتوانێ، یان ئاوەزە ناوەکییەکەی دەرفەت نادات ئاوەزە دەرەکییەکەی دیاردە، هەراوزەناکانی ئەم دنیا و ژیانە پیربووە، بەیەکەوە ببەستێتەوە و لەگەڵیان ڕابێت.

هەرچەند دەکارێ، بەڵام زمانی شیعریی هەر لە ڕابردوودا دەئاخڤێ:

**«ئەڕۆیشتم و هەستم بە زیادبوون دەکرد**
**من بچووکتر دەبم و**
**تۆ گەورەتر و گەورتر دەبێ.»**

ئاگای لەم ناتەباییە نییە لە شیعردا، چونکی شیعر زمانحاڵی ڕاستەقینەی ناوەوەیەتی ئەو «بچووکتر دەبم»ی ئەو، هەست بە کەمیەکەیەتی، نەک بچووکی تەمەن، بەڵام دەیەوێ دڵی خۆی بداتەوەو هاوکێشەی ماخولیاکانی هاوسەنگ بکات.

ئەو ڕابردووە (کۆرپایەتییە)، وەک کرمێکی ئاوریشمە هەموو غەریزەکانی ئەڤین، شەڕەنگێزی و جوانی خۆشییە ڕاستینەکانی تەونچن دەکا و ئێستای بەردەوامی فەرامۆش دەکات، بۆیە ئێستای وی بەهۆی کەڵکەڵە و خەونەکانەوە «لەوێ»ی ئاوریشمینە، واتە شاعیری ئەو شیعرە «لەوێوە» بۆ «ئامادە» و داهاتوو» نابزوێ، بەڵکە هەرچەندە یاسای ژیان و دیالەکتیک، جەستە و شتە جووڵەدارەکانی دەوروبەری دەگۆڕێت، کەچی ئەو «لێرە» هەڵدێت و «لەوێ»دا گۆشەنشین دەبێتەوە. ڕابردووی کۆرپایەتی، وادەیەکی خۆڕسک و ڕەسەنی بێگەردە، ئەڤینیش لەناو ئەو کەینونەدا، وەک ئەو هەستی پێدەکات، لەوێدا مانای هەیە:

**«دوو منداڵ بووین**
**تۆ بە چەترە شکاوەکەی دەستت و**
**منیش بە ئەسپە دارینەکەم**
**لەژێر چەترەکانا باران لێی داین.»**

سەیر بکەن، چۆن کەڵکەڵەی کۆرپایەتییە کپ بووە پەنگ خواردووەکەی مەگێز و ڕۆحی ختووکە دەدا و ژیان و ئەشکەوتی تەمەنناکانی بۆ لە پەلکەزێڕینە دەچنێتەوە: هەر دەڵێی دنیا باخچۆکەیەکی خۆڵەپۆکییە و چەند بووکەشووشە، ئەسپەدارینە، جۆلانە و هەڵماتێی تێدایە و هیچی تر نا. «چەترەکەش» شکاوە، بارە دەروونییە تێکشاوەکەی «ئێستا»، بەهۆی پاڵنەری نائاگاییەکی ئەو «شکانە». دەشکێنێ، یان تاکو سروشتی ئەڤینەکەش بە سیمای منداڵانەیی بنەخشێنێ، «چونکە خۆشی دەزانێ کە لە منداڵیەتیدا چەتری منداڵانەی نەبینیوە.» ڤێجا دەرەوەی ئەو باخچۆکەیەش، لەلای ئەو نە هاڤرکێ، نە تاوانکاری، نە شەڕ و شۆڕ و کوشتن و بڕینی گەورانیشە، بەڵکو هەر دەڵێی لە چەند باخچۆکەیەکی تری وەک هی ئەم و ئەو پێکهاتووە. ئاسمانیش بارانی لێ دەتکێ، تا بۆنی زەوی بێ و ئەویش بە فێڵی بارانەکە بچێتە ژێر چەتری گچکۆلەی گراوی و بۆنی پرچی باراناوی بکات. وێڕای ئەو دنیابینییە کۆرپایەتییە ڕەمەکییە، ئاسمانی

کەڵکەڵەشی وەک باران پەیڤە کۆرپایەتی ئاساکەی بۆ دەچۆڕێنێتەوە ناو گەرووی زمان و دەستەواژەو وێنە و هێماو بیرڕۆیی (تداعي) و دنیای هەستەکانی وەک ملوانکە بۆ دەهۆنێتەوە.

هەر دەڵێی زمانی شیعرییەت تازووکانە لە منداڵدانی زمانترووکاوە و زەخیرەی ڕۆشنبیری و ئەزموونی خوێندنەوە پەی پێ نەبردوون. هەر بۆیە زمانە شیعرییەکەی لە وڕێنەو ڕەمەکییەت دەچێت. سورخی وەک چۆن ناتوانێ لە دنیای خەون و کەڵکەڵە و غەریزە حەشاردراوەکانی کۆرپایەتییەکەی ڕزگاربێت، هاوکات ناشتوانێ لەم سادەیی و ڕەمەکییەتییە و زگماکیەی زمانی ڕزگار بێت، چونکە زمانی کۆرپایەتی هەر خۆی لە خۆیدا بەو تەرزە شێوەیە، سروشتی ئەو شێوە زمان. وێنە، هەست، بیرڕۆیی و کەڵکەڵانەی شاعیرمان وامان لێدەکات لەبەرامبەر یاسا و لۆژیکی زمانەوانی بیبەخشین. هەروا بەمەش ئەو ڕواڵەتە لاسار و بزێویانەی کە سیمای شیعرە منداڵ ئاساکانی پۆشیون، ڕۆح سووکی بنوێنن. ئەرێ، ئەم لایەنانە بوون ڕۆحی قەڵەمەکەیان فریودام، کە ناچاربم ئەو وڕێنە شیعریانە بخوێنمەوە.

لەم ڕۆژگارەدا، کەڵەکەڵەبوونی ڕۆشنبیری و کەرەسە ئاڵۆزەکانی ژیان و بە ئامێزکردنی جوانییەکانی سروشت و ئەزموونی خوێندنەوە، زمانە زگماکییەکەی ڕۆحی منداڵیمانی شەپڵەدار کردووە. دەنگوباسی دوورەدەستی ئەزموونە لە قوتووکراوەکان (معلب) ئاوەڕۆی جۆگەلەی هەست و خوستە ڕەمەکییەکانی قەوزەگرتوو کردووین، ئەم دیاردەیەش بەتایبەتی جیهانی شیعری ئەمڕۆی کوردی گرتۆتەوە. ئێمەش بەناوی «تازەگەریی»ەوە خۆمان فریو دەدەین.

هەڵبەتە، لەو نێوانەدا، داهێنەری تر هەن کە بەئاگایانە و بەدیقەت بەو ئەزموون و زەخیرە ڕۆشنبیریانەوە بەهرە و جەستەی ئەفراندنیان فرچک دەدەن، کەچی سەکۆی ڕۆژگار، ڕووداو و ناوە بەهەرمێنەکان، لەمپەری بێهەرمێنیان هەڵچنیوە. هەروا ڕۆژگاری «سەرۆکایەتی» و «پشت مێز»، کە دیاردەی ڕۆژگارێکی تاڵن، دەرفەتەکانی دەنگ ناسینەوەیان کونبڕ کردووە. ئەفراندنیش خۆی لە خۆیدا، لە ئاخیرەتدا، ئەم «سەر» و «سەرانە» بۆ شوێن و ڕۆژگارێکی سنووردار بەجێ دەهێڵێت. بەهەمەحاڵ، ئێرە جێی قەڵەم هەڵزەلین نییە.

کە شیعر دنیا خۆڕسک و ڕاستگۆیەکەی لە دەست دا و بە کاریگەری زۆرەملێی ئەو ڕۆشنبیرییە کەڵەکە کراوانە نووسرا، دەبێتە بەرهەمێکی ڕۆشنبیریی، نەک شیعر.

ئەو کاتەی کە ترپە، نەوا و شەوبایە زەنگدارەکان بەناو پەنا و پێچی چرۆستانی ڕۆح و مەملەکەتی دەروونـدا سەفەر دەکەن، ئاسمانی ڕۆح هەورێکی وەنەوشەیی دەپۆشێ، ڤێجا بارانێکی نەرم و دژوار شیرازەی وەرزەکان ڕادەپسکێنێ و دەڕژێتە سەر پێدەشتی ڕۆح، کە هەموو تاموبۆی هزر و ڕامان و ڕۆشنبیرییەکانی لەگەڵ خۆیدا ئاوێتە کردووە. بەم شێوەیە دەبینین شیعرێکی ڕەنگ گەنمی، خۆڵەمێشی، یان شیعرێک بە ئاوێتەی هەموو ڕەنگەکان لە دایک دەبێت.

لەو کاتەی هەموو شتەکانی ئەم دنیایە ڕەنگی پیری دەنوێنێ و ڕۆحمان کەنەفت دەکا، سروشتی ئەم چەشنە شیعرە ڕامان دەچڵەکێنێ و بەرامبەر چرپەی پرسیارە نادیارەکانی بوون و گەردوون واقوڕماومان دەکات. لەو کاتەی کەوا هەست دەکەین هەموو مەتەڵ و پرسیار و تامی شتەکان بێ مانا دەبن، ئەو شیعرە بزێوە لە گومانمان دەگرێ. لەو کاتەی ئەم واقیعەی کە فێڵی سیاسەتی دەسەڵاتخوازان کرماوی کردووە، ئەو شیعرە بە سەفەر بەرەو دنیایەکمان دەبات کە خەونە مەزنەکانی مرۆڤایەتی لێ جێنشینە.

شیعر زمانحاڵی واقیعێکە کە «ئێرە»ی سواو نییە، بەڵکو «ئەوێ»ی مەحاڵستانێکە کە هەرگیز دەستمان پێی ڕاناگات. شیعر بەرهەمی غەریزە، خەون و حەزەکانی ئەم مرۆڤەیە کە کۆتاییەکی نییە.

کەواتە لە ڕاستگۆیی شاعیردا، شیعری ڕاستگۆ بەرهەم دێت، بەلای منەوە ئەم ڕاستگۆییە لە شاعیر و شیعردا، گرنگترین پێودانگی ئەفراندنە.

ئەرێ، بای ژیان وەک پەڕەمووچە تەمەنی جەستەییانەی سورخی دەبا و ئەویش ئاوڕی سەرنجەکانی لە دنیای زاوزێی جاڵجاڵۆکەی ئەم گەردوونە و ئەڤینداری پەپوولە، چۆلەکە و باڵەفڕە کەمۆکانی ئەم وەحشەتەی بوون هەڵناگرێ. ئەم نەخۆشییە دەروونیانە و ئەم کڵۆڵییەی بێ ئاگا دەکەینە پێشمەرگە، وا دەزانێ دەتوانێت ئەو نەخۆشیانە چارە بکات. کەچی هەموو شتەکان بەدوایدا دەڕۆن و لێی جیانابنەوە. لەناو دنیای چەکدا، چۆلەکەکان هێلانەیان دەسووتێنرێ و تۆپەکان

بووکـه شـووشـه و بەروانکه و خـانـی چۆلەکـان سـێـوی دەکەن. شـیـعـری شـاعـیـران (زۆربەیان) بۆنی بارووتی لێـدێت، شـیـعـری سـورخی بۆنی ژێربالّی چۆلەکـه و پەپوولەی لێدێت. تامی فرمـێـسک و شـیـری مـەمکی ڕژاوی دەم منداڵان دەدات:

**«تۆشم دەدی**
**قاپێک کە شیری لێ دەڕژا بۆ خۆرت درێژ دەکرد**
**بانگت دەکرد و دەگریای.»**
یان:
**«ئەمشەو**
**مانگ باوەنۆێلە و کراسە سوورەکەی**
**منی لەبەر کردووە.»**

گەمـه و خەونـه منداڵانەییـەکان وەک گـوڵئەسـتـێـره لە دەشـتی تاریکسـتـانی دەروون و ڕۆحی وەڕسی شـیـعـری شـاعـیـر باڵەفـڕێ دەکـەن و برووسکه دەدەن. ئاوەزی زانیـاری و ڕەوانبـێـژی گـەرووی ترسـێکی سـامناکـه، دادگـایەکی مـەحـەفکارە، ئەگـەر خـۆی دایە دەست ڕاسـتـییـەکـان دەبێ بۆ نەمـان ملکەچ بێت، بۆیە بە ئانقەست لەناو ئاپۆرەی پرسیارەکان ڕادەکا و تەرمی ڕۆح بۆ ناو کۆشی ژیانی سادەیی سروشت دەبات:

**«لە چەرخی بۆری سێیەمدا بوو**
**تەرمی خۆم بەرەو ئاوەدانیەکی**
**پێنج ماڵی دەئاژوا.»**

لەناو هەراو زەنای خـەڵک و ئاڵۆزییـەکـانی مـرۆڤی سەردەمی خاوەن سەدان شێوە و نەریتەکاندا، جێی خەونە کێوییەکان و ئاکارە ناسروشتییەکانی تەرزە شیعرێکی وای تێدا نابێتەوە. پرسیارەکان گەمارۆی شاعیر دەدەن، کـەچی بەرلەوەی گـەمـارۆ بدرێ هەڵدێ. هەمـوو وەڵامـە قورسەکان دەخاتە ئەستۆی قەدەر و یاساکانی بوون. ئەو هەر لەوێ ڕۆژێوە خۆی نەیوستووە بێتە «ئەمرۆ».

**«لەبەر سکم نان دەخۆم**
**لەبەر پێڵاوەکانم پیاسە دەکەم.»**

کە پیاسە دەکا و نان دەخوا، کەواتە دەژی، کە ژیاش، گەورە دەبێ، کە گەورەش بوو، غـەریزەکـان لە داخوازی خـۆیان واز ناهێنن. شـاعـیـر دەیەوێ بۆ بەرتەکی ئەم ئاڵۆزکاریانە پەنا بباتە بەر پەڕەندە گوناهەکانی سروشت و گـیـانە سـپـیـیـە پاکـانەکـان. بەوە دەیەوێ لەم «خودە» هەڵبێ، کەچی لەسەرەنجامدا هەر دەگەڕێتەوە ناو «خود» و لەوێدا خـۆی پەنا دەداتەوە. شـەڕی «خـود» شـەڕێکی نەزۆک و بێ ئەنجـامـە، بۆیە شاعـیـر لەبەرانبـەر هەمـوو جـووڵە و شـتـەکـانی ئەم بوونە بێ نموود و لاوازە، ئەو هەسـتـانە لە «نەبوونێکی» لە خـۆڕای «بوون»ی هەڵدەکێشن. دەبوایە ئەم بارە کلۆڵییە شاعیری بەرەو خـۆکـوشتن ببـات. بەڵام ئەو دەیەوێ خـۆکـوشتن، ئەو بکوژێ، بۆ مـەرگـیش شـاعـیـر لە چۆلەکـەیەکـیش فەقیرۆکەترە. بۆیە مەرگیش دڵی نایێ ڕووی تێبکات:

**«هەموو ڕۆژێک مەرگ دەبینم و**
**پێم پێدەکەنێ.»**
یان:
**«مردن لە پشت دیوارەکاندا،**
**قاچە سەوزەکانی دەشوا.»**

ئەوەتا ئەو خۆشی هەست بەوە دەکات کە لەبەر دەستی مـەرگ نێـچـیـرێکی مـاڵـیـیـە، چ وەخت بخـوازێ ڕاوی دەکات. مەرگ قاچی سەوزە، ئەم ڕەنگ سەوزییە هێمای سروشتی ژیان یەکسان بە مـەرگ دەگـەیەنێ. مـەرگ لە سروشت لەدایک دەبێت، وەک چۆن ئادەمـیـزاد لە خـاک پەیدا بووە و دەگـەڕێتەوە، ئەویش ئەم بیرۆکـە بەرێکەوت تێکەڵی هەستی ئاگایە نائاگاییانەکەی شاعیر بووە، کە ئەمەش لە هزری مرۆی ئیسلامدا سەرچاوەی هەڵگرتووە.

بەکورتی ئەم هەستی بێزاری و پەشۆکاوی و کلۆڵیانەی سورخی شـاعیر نەخۆشییەکن، هەمـوو نەخۆشییـەکانی لێـهـەڵدەقوولێن. ڤالێری شـاعـیـری فەرەنسی واتەنی: «ئەمـە خۆی لە خۆیدا وەڕسیی تەواوی ژیانە، کە ئەمـەش تامی بوونە. مـرۆی شـاعـیـر دەبێ هەمـیـشـە هەسـتـی پێبکات و هەمیشەش تامی بکات.»

شاعیری کۆشیعری «ماسییەکان پێدەکەنن»، هەست دەکـات بەرانبـەر خـۆی تاوانبـارە. خـود سـێـبـەرێکی چرنووکاوییەو هەڵیدەپشێوێ. هەر ئەو خودەش لەبەرانبەر

خۆی دەڵێی چۆلەکەیەکی لە ئاو خلێتێنراوە. بەکورتی هەر دەڵێی خودی خۆی نییە، خودێکی ترە لەناو خوددا شەڕی لەگەڵ دەکات:

**«بەرەبەیانێک**
**هێلکەیەکی سپی بەریوۆوە**
**دڵی من و دوو ئێسک بوو**
**پێش ئەوەی «لیلیا» بما**
**پشیلە زەردەکەی زەوی**
**پڕی دامێ و بردمێ.»**

لەناو ئەم مرخێش مرخێشە نەزۆکەدا دەیەوێ بە ئەڤین، ئەڤینێکی بێگەرد و پاک (کە لە گۆڕێدا نییە) وەرسییەکانی پێ بخافڵێنێ. حەز دەکا لەگەڵ مانگ و درەخت و چۆلەکە و هەموو شتە پاک و بێ گوناهەکان دڵداری بکات، چونکە خۆی هەست بە گوناهی خۆی دەکات، بۆیە دەیەوێ بەو بێ گوناهانە، گوناهەکانی بسڕێتەوە. گەرای غەریزەی سێکسی، برسێتییە کەڵەکە بووەکانی کۆرپایەتی، کە هەموویان لە چەپاندنی سێکسیدا گرد دەبنەوە، ئەم برسێتییەش پڕ نابێتەوە، ئەڤین بە ڕۆح دەست پێدەکا، کەچی ماخولیای سێکس بەرزەفت نابێ.

شاعیرمان لە خەیاڵبازیی، وێنە و پێچوواندن لەزەت لە جووتبوون لەگەڵ ئافرەت وەردەگرێ. حەزدەکا وەکو هەموو هەست و خوستە ڕەمەکی و زگماکییەکان، ڕەگەزی مێینە و جەستەی ئافرەت پاکیزەیی و پاکانەیی بنوێنێ.

ئەم هەست و حەزانەی وەک خودێکی بوونەوەر، لەبەر ئەوە نییە کە خۆی نایەوێت ئەو ڕەگەزە مێینە و جەستە پاکیزەیەی ژن بشێوێنێ، بەڵکو چونکە خۆی لەبەرامبەر ئەم جەستەیە و ڕەفتاری سێکسی دەستەوەستان و لاوازە. لێرەدا ئاگایییە دەرەکییەکەی ئەم بەهانانەی بۆ قووت دەکەنەوە. بەلای شاعیری «ماسییەکان پێدەکەنن»، سێکس ئەڤین دەشێوێنێ و جوانیەکان لە دەست دەردەچن.

کاتی خۆی بۆدلێر گوتبووی: «وێکڕا تێکەڵاوبوون لەگەڵ یەکێکی تردا، مانای وایە تۆ حەزدەکەی بچیتە ناو یەکێکی ترەوە، پەرێشانیش هەرگیز لەناو خوددا دەرناچێ.»

هەروا بۆدلێر ئاوا فەزای خەیاڵبازییەکان شەونماوی دەکا و لەشیعری «مارده»دا دەڵێ:

**«حەزم دەکرد لە تەنیشت «مارده»ی عازەبدا بژیم**
**هەروەک پشیلەیەک لەتەک قاچەکانی شاژندا لەزەت دەکا.»**

بەهەمان شێوە حەزەکانی ئەو خودە دابڕاوەی شاعیرمان، بەدەست لەملانێی جەستەی شەبەنگێکی بۆن و بەرام ئاسا بە وێنەی جەستەیەکی سافی مێینە دادەمرکێتەوە، کە ئەو خودە ئاوێزانییەتی. هەر ئەم خودەشە، خودەکەی تری، ئارەزوو و جوانییە لاتەریک، شپرزە و شەرمنەکانی، لەناو حەشارگەی نووتەکی خۆیدا تەونچن دەکا. بەم جۆرە خودی ئاگا و پلیشاوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەت خۆی دەدزێتەوە، تاکو بەرەو ڕووی ناتەواوییەکانی نەبێتەوە.

ئەو خودە تارماییەکە هەموو کەڵکەڵەی فەنتازیا و شەهوەتە بۆنگر و چەورەکان دەورووژێنێت. بە ڕێگەی شتومەکی ئافرەت وەک، دەسماڵ، دەرپێ، نامە، ژێرکراس، ملپێچ، گۆرەوی، بۆنی هەوەسەکان ڕازی دەبن و لەزەتەکە تێر دەکەن. ئەمەش لە دەروونناسیدا بە «فیتیشیزم» ناودەبردرێت، واتا ئاوێزان بوون بەشمەکی ژن. با گوێ لەم شیعرە بگرین:

**«ئەو شەوەی لەماڵ نەبووی**
**لەناو جێگەکەت خەوتم، بەیانی کە لە خەو هەستام**
**سەرینەکەتم ماچ کرد.**
**ئەو شوێنەم وەکو پشیلەیەک بۆن کرد.»**

بۆنی نزیکی ئافرەت بۆ وی بێ لەزەتە، ئەو بۆنەی کە لە جێگە و شتومەکەکان نیشتووە، بۆنێکە، لەزەتێکە، هەوەسێکە، لووس و زوڵاڵ، کە تارمایی ئەم خودە تامەزرۆیەتی. ئەوەتا حەزەکان لەناو سەرابی کەڵکەڵەکان سەرەتاتکێ دەکەن و جەستەی ئەو بۆن و بەرامە پڕ لە شەهوەت دەکەن:

**«خۆشەویستەکەم،**
**لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا،**
**چۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە دەخۆنەوە.»**

حەز دەبێتە ئەفسانە و شێوەی چۆلەکە دەنوێنێ، بە هەڵلوشینی ئاوی زەمزەمی چۆڕاوی لەشی خۆشەویستەکەی نەبێت هەڵ ناکات. حەز تا چڵەپۆپەی کەڵکەڵەکان فڕیوە، تام سۆی تێنوێتی بەو ئاوە بۆنگرە نەبێ ناشکێ. سێکس دەخواتەوە، نەک دەیکات.

دەزانێ، یان تارمای هەوەسی خودە دەزانێ کە «عەشیقەکەی» خۆی دەشوا، رووتە، کە رووت بوو، هەوەسیش بەو ئاوەی کە لەو جەستەی ناو گەرماوەکەوە دەچۆڕێتەوە لەزەت وەردەگرێ. ئەمەش لە ڕەگی ئەو «فیتیشیزم»ەوە سەرچاوە گرتووە.

ئەگەر ئەو خودە کێوی و یاخی نەبێت لەو خودە ئاگایە قەوزەگرتووە، زاتی نەدەکرد پەی بەو هەستە پڕ لە شعرییەتە ببات.

تارمایی کەڵکەڵەکانی ئەم «خودە» دابڕاوە، «عەشیقە» دەخولقێنێ و بە هەوەسی خۆی یاری بە جەستەی ئەو «عەشیقە» نادیارە دەکات.

نا ئاگایی نووسەری ئەم شیعرانە شاعیرە؛ نائاگایەکی شاعیرە. جا ئەگەر شاعیرمان لەو ڕێککەوتە نائاگایە زگماک و ڕەمەکیە داماڵێ، بەلای کەمیەوە ڕاستگۆییە شیعرەکەی لی دادەماڵێت. ئەوە شیعرە کە هەتیمییەکەی وی ناسی، شیعر نەبووایە لەم دنیا و سەردەمە گومڕایەدا، چ پەناگرێک ئەم «بوونە» هەتیمە کڵۆڵ، نیگەران و نامۆیەی دەحەواندەوە.

ئاوا شەڕەنگێزەکانی «با»ی بوونی قەدەر داوی کۆلارەی ڕۆح ڕادەپسکێنێ، ئیجا خود دەبێتە ماسییەکی گێژ و سوورگومی نێوان شەپۆلە سرکەکانی ڕۆحی شپرزە و عاسێ و نیگەرانەکەی. درۆیە پێکەنیوەکانیش شەهوەتی مانەوەکەی فەرامۆش دەکەن.

ئیتر، ئەوەی کە دەبووایە بۆ جەستەی ئەم شیعرە منداڵ مارانگازبوونە بنووسم. ئەوە نییە کە نووسیومە. ئەوەی کە نووسیومە، سەفەرێکە لە شوێن تەیکردنی سەفەرێکی تری تەنیایی شیعر، بۆیە سۆراغ و پرسیارەکانی تر لە نادیاریی ئەم سەفەردا، بۆ خودی نادیارییە گومڕاکانی شیعر بەجێ دەمێنن.

هەروا وەکو لە یاسا و ڕێسای پێشەکی نووسی شیعری کوردیدا بە باو کراوە، ئەز لە شوێن مامۆستایەتی و دکتۆرایەتی پێش وەعزیم بە خۆم نەسپاردووە. چونکە بە نەخۆشیەکی تەشەنە و کوشندەی دەزانم و بڕواشم بەم «بەندوباوە بەباوکراوانە» نییە.

هەروەک لەلای هەندێکیش بۆتە «باووخولیا» بۆ پڕکردنەوەی هەستی بستەباڵا «قزم» یان، لەبەر خاتری ڕەسم گرتن لەگەڵ بەناو گەورە و ناوداران دیدار و ڕەخنەنووسی دەکەن. بۆیە من مەرامم نییە، خوانەخواستە ڕسقیان بێ هەرمێن بکەم.

وێرای ئەمانەش، من شێوازو ڕێچکە و پایەو ئاستی ئەم دیوانیلەیەم لە هیچ قوتابخانەیەک قەید نەکردووە، چونکو شوێنی بەتاڵ لەو قوتابخانانەی کوردیدا نەماوەتەوە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەو قوتابخانانەوە، «ڕوانگەیزم»ی و «شار- هاوڕێزم»م پێڕۆ نەکردووە. وابزانم شیعر، کە لەدایک بوو لە هیچ قوتابخانەیەک داناکاسێ. کە شیعر لە منداڵدانی دایکی شاعیر لەدایک بوو دەرچووی هەموو وانە و پۆلی قوتابخانەکانە.

ئەرێ شیعر کە مەرجی قبووڵکردنی هەبوو بۆ قوتابخانەیەکی دەستکرد، پێی دەڵێن شیعر؟!

ئەرێ جەستەی لاساری شیعر، چۆن ئەو هەموو ساڵانە لەناو ئەو قوتابخانە و لەگەڵ ئەو قوتابییە لێک جیاواز و تەمبەڵ و ئەو مامۆستا بۆینباخ ڕەسمیانە سندم دەکرێ؟!

کەواتە نیتشە واتەنی:

«هەر تەنیا خودی کارەکانی هونەرمەند، یان فەیلەسووفەکانە، کە دایان هێناوە ئەوان دەخولقێنێ.

چونکە دەبووایە دایان بهێنابایە. ئەو مەزنانە، وەک ئەو چامە لە شیعرە بوودەڵە و چاوشۆڕانە کامانەن، تا شکۆداریان بکەین، یان پیرۆزیان بکەین. ئەو مەزنانەش تەنیا شەهیدی ئەوانەن پەرستوویانن.»

**ستۆکهۆڵم ۱۹۹۳/۸**

**تێبینی:**

**ئەو نووسینە ڕەنگە بەرجەستەکردنەوەی خودی خۆم بێت، تا خودی شاعیری ناوبراو. هەروا ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ئەو ڕوانگەیەیە کە شوێنکاتی ئەو نووسینە بەرجەستەی دەکاتەوە.**

# کاریگەریی دەقی (وێرانە خاک) بەسەر دەقی (سترانی نێرگز)دا

سامان دزەیی
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، نیشتمانی کوردستان دابەش و پارچە پارچە کرا، ئەوسا قوتابخانە ئاینییەکان وەک تاکە سەرچاوەی زانست و فێربوون گرنگی خۆیان لە دەستدا، لەجێگەی ئەواندا قوتابخانەی فەرمی هاتنە کایەوە کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکردن، ئەمەش بووە هۆی کەم کردنەوەی کاریگەریی ئەدەبی فارسی و تورکی و عەرەبی لەسەر ئەدەبی کوردی، بەمەش ئەدەبی کوردی دەستی بە پەرەسەندن کرد. بەتایبەتی لەکوردستانی عێراقدا، کولتووری ڕۆژئاوایی و گەلانی جیهان ڕێگەیان دۆزییەوە بۆ هاتنە ناو ئەدەبی کوردی. ئەمەش لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

یەکێک لەو کولتوورانە کە کاریگەرییان بەرچاو دەکەوێت ئەدەبی ئینگلیزییە، بەتایبەتی لەسەرەتادا شیعری ڕۆمانتیکی ئینگلیزی خەیاڵی بزواندوون لەمانەش شاعیری گەورە گۆران (١٩٠٤- ١٩٦٢).

(گۆران) خۆی دەنووسێت: «لەسەرەتاوە بەهۆی ئینگلیزییەوە دوای نەزەرییەی هونەر بۆ هونەر دەڕۆیشتم و بەرهەمی ئەم تەرزە ئەدەبەم دەخوێندنەوە وەکو جۆن کیتس و ئۆسکار وایلد.»

گۆران بەهۆی کاریگەری ئەدەبی ئینگلیزی تەکانێکی بنەڕەتی بە ئەدەبی کوردی داو بوو بە دەروازەیەکیش کە شیعری کوردی بەرەو جیهانی نوێخوازی پێیدا تێپەڕێ. کەواتە گۆران زیرەکانە سوودی لە ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە، شیعرەکانی بەشێوەیەک دارشتووە کەشتێکی نوێی هێنایە کایەوە و پەرەی بە ئەدەبی کوردی دا.



ئیلیەت

## بەراورد و جیاوازی لەنێوان دوو دەقدا

لەگـەڵ هاتنی سـەرەتای حـەفـتـاکـانی سـەدەی بیسـتـەمـیـشـدا و لەدوای ڕێکەوتننامـەی ١١ی ئادار بەهۆی ئەو کەشوهەوا سیـاسییـەی ئەوسا خولْقا بوو، نووسەری کورد هەلی گەورەتری بۆ ڕەخسا تا بە نووسینی گەورە نووسەرانی جیهان ئاشنا بێت، ئەمەش پاڵنەرێک بوو بۆ کاریگەریی ئاشکرای ئەدەبی جیهانی لە بینادنانی ئەدەبی نوێخوازی کوردیدا.

یەکـێک لەو شـاعـیـرە ئینگلیـزانەی کـە ئامـادەبوونی بەرچاویان هەبوو لەشیـعـری نوێی کـوردیدا، شـاعـیـری بەناوبانگ تی. ئێس. ئیلیـەت (١٨٨٨- ١٩٦٥) بوو کـە لە ڕێگەی شـیـعـرە وەرگـێـڕدراوەکـانی لە نێـوەندی نووسـەرانی کـورددا ناسـرا، بەتایبـەتیش شـیـعـرە بەناوبانگەکەی (وێرانەخاک).

شـیـعـری وێرانە خـاک گـرنگیـیـەکی تایبـەتی لە هاتنەکـایەوەی نوێخـوازی لە ئەدەبی جـیـهـاندا هەیە و کـاریگەریی بەسـەر ئەدەبی سەرجـەم دنیـاوە هەیە، بۆیە ئاسایییە شاعیری کورد کاتێ ئاشنایی لەگەڵ نوێخوازیدا پەیدا کرد، وێرانە خاک وەک ڕێبەرێکی ئەم بزاڤە بکاتە سەرچاوەی داهێنانەکانی خۆی.

گـەلێ لە شاعـیـرانمان لەدوای حەفـتـاوە سـوودیان لە ئەزموونی نوێخوازی وێرانەخاک وەرگـرتووە، چ لە ڕووی شـێـوازو ناوەرۆکـەوە، یان لە ڕووی بیـرۆکـەو تەکنیـکی شیعرەوە.

لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە لەسەری بدوێین و گفتوگۆی لە بارەوە بکەین یەکێک لەو شاعیریانەیە کە بەکەش و هەوای ئیلیەت ئاشنایە ئەویش (دڵشاد عەبدوڵلا)یە.

(ئازاد مەولوود) لە گۆڤاری «الثقافە»دا دەنووسێت: «دڵشـاد بە ئاگـاییـەوە خـوێنەر پەلکێش دەکـات بۆ سەرچاوەکانی کـولتـوور، ئەفسانە، دەروونزانی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئیلیەت بەهۆی زۆرخوێندنەوەی ئەم شاعیرە.»

کەواتە با گـەشتـێک بەناو یەکێک لە شیـعـرەکانیـدا بکەین و لەگـەڵ وێرانەخـاک-دا بەراوردی بکەین، مەبەستیـشـمـان دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی شیـعری کـوردیمانە و خزمـەتکردنییـەتی بۆ ئەوەی ببینین کـە چۆن شاعیری ڕۆشنبیری کورد دەتوانێت سوود لەسەرچاوەکانی نوێخـوازی لەئەدەبی گـەلاندا وەربگرێت و بیسـەلمێنێ کـە کەسێکی گۆشەگیر نییە، بەڵکو بە هۆشیارییەوە مامڵەت لەگەڵ تەوژمە نوێگەرییەکانی جیهاندا دەکات، کولتووری کـوردیش کولتـوورێکی کراوەیەو دەتوانێت شان بەشانی کولتووری هەرە پێشکەوتووی دنیادا پەرەبسێنێ.

بێگومـان (وێرانەخـاک) بەناوبانگتـرین شـیـعـری ئیلیـەتە، کـە بۆ یەکـەم جـار لەسـاڵی ١٩٢٢-دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم شـیـعـرە ئەوەندە بەناوودەنگە کـە ناوەکـەی بۆتە نیشـانەیەک بۆ ئیلیـەت و گرووپێک شاعیر کە شوێنی کەوتوون، ئەم گرووپە بە گرووپی وێرانە خاک ناسراون.

وێرانە خاک شیـعرێکە سەبارەت بە وشک بوونی ڕۆح و بە جۆرێک لە بوون کە دووبارە خولْقاندنە هیچ گرنگی و بەهایەک بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ نابەخشێ، سێکس هیچ پیت و فـەڕێکی نییـەو مـەرگ هیچ بانگەشـەیەکی ژیانەوەی تێدا نییە.

سـتـرانی نێـرگـز (١٩٩٩) شـیـعـرێکی (دڵشـاد عـەبدوڵلا)یە لە کـۆشیـعـری (بەفـر نووس- ١٩٩٩)دا بڵاوکـراوەتەوە، ئەم شـیـعـرە وێنای کـێـشـەی مرۆڤـێک دەکـات کـە لە تێکۆشـان دایە بەرامـبـەر بەسـەخـتی و دژواریی بوون، هەوڵ دەدات کـە خـۆی لە کـاریگەریی قـورسی زەمـەن بەدوور بگرێت، هەروەها شـەپۆلێک لە وێنەی هەسـتـداری سـایکۆلۆژی دەبەخـشێ و سەرگەردانییەکانی وەک مرۆڤێکی سەردەم هونەرمەندانە



دلشاد عەبدوللا

لەشیعرەکەدا دادەڕێژێت.

چاسلی، یان (شازلی) بەم جۆرە دەربارەی ئەدەبی بەراورد کاری دەنووسێت: «با ئەو کاریگەرییانە بژمێرین کە بیر دەیکاتە سەر بیر، هەڵسوکەوت کە مرۆڤ بەهاوبەشیی ئاڵوگۆڕی دەکەن، کامیان چەندی پێشکەش کردووەو کامیان چەندی وەرگرتووە.»

لەم نووسینەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر وشەی [کاریگەری] بۆ ئەوەی شوێنەواری ئەو کاریگەرییە بخەینە ڕوو کە وێرانە خاکی تی. ئێس. ئیلیەت لە شیعری (سترانی نێرگز)دای دلشاد عەبدوڵڵا هەستی پێدەکرێت.

لە سترانی نێرگز-دا ڕاستەوخۆ نیشانی دەدات کەوا لە چەندین ڕووەوە لەژێر کاریگەریی وێرانەخاک-دا دەنووسێت. شاعیر دەستپێکی شیعرەکەی بەهاوشێوە لەگەڵ دەستپێکی وێرانەخاک-دا شیعرەکەی دەست پێدەکات:

**(ڕێبەندان مانگی تەنیایی و خۆکوشتنە)**

ئەمەش وێنەیەکی ڕاستەوخۆی دەستپێکی وێرانەخاکە کە بەم شێوەیە هاتووە:

**«نیسان دژوارترین مانگە»**

کەواتە هەر لەسەرەتاوە شاعیر دەیەوێت شیعرەکەی هاوشێوە لەسەر شێوازی ئیلیەت بنیاد بنێت، هەروەکو ئاشکراشە کە دێری سەرەتا لە شیعردا ئەو دێرەیە کە تەواوی شیعرەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت.

لەگەڵ بەردەوام بوونمان لە خوێندنەوەی شیعرەکە ئەو کاریگەرییەمان ڕوونتر بەرچاو دەکەوێت.

شاعیر (گوڵە زەنبەق)ی ئیلیەت دەکات بە (نێرگز) کە گوڵێکی خۆماڵییەو بەمەش هەست دەکەین کە دەیەوێت لەلایەک لە قورسیی کاریگەرییەکە کەم بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە [جیاوازی] خۆی نیشان بدات وەک شاعیرێک کە لە کولتوورێکی جیاوازدایەو تایبەتمەندیی خۆی دەپارێزێت.

سەرەتا مانگی نیسان دەکات بە ڕێبەندان و ئەمجارەش زەنبەق دەکاتە نێرگز، بەمەش خولیای ڕەسەنایەتی وتایبەتمەندیی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دووپات دەکاتەوە کە بۆ گەشەپێدانی کولتووری نەتەوەکەی سوود لەسەرچاوەکانی نوێخوازی ئەدەبی گەلان وەردەگرێ بێ ئەوەی ئەم کاریگەرییە لە ڕەسەنایەتی ئەو کەم بکاتەوە.

لە هەمانکاتدا هەردوو گوڵەکە لە هەردوو شیعردا هەمان کار ئەنجام دەدەن و هەردووکیان هێمان بۆ هیوا:

**«تۆ بڵێی لەم گەشتە**
**چەپکە نێرگزێک بچنم»**
(سترانی نێرگز د/١٠١، ١٠٢)

**«گوڵە زەنبەق**
**لە خاکی مردووەوە سەردەردێنێ»**
(وێرانە خاک د/٢)

هەروەها بەفر حاڵەتی بیرچوونەوەو جیابوونەوە لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەبەخشێ، دیسانەوە ئەم وێنەیە لێکچوونێکی هاوبەشە لەنێوان هەردوو شیعرەکەدا:

دڵشاد دەڵێ:

**«بەفر منی بەیەکجاری جیاکردەوە»**
(سترانی نێرگز د/٤)

بەراوردێ لەگەڵ ئەم دێرەی ئیلیەت بکە:

**«زستان گەرمی کردنیەوە، بە بەفری لەبیرچوونەوە»**
(وێرانەخاک د/٦،٥)

کەواتە ئەو بەفرەی شاعیری کوردی جیاکردەوە، هەمان بەفری بیرچوونەوەیە کە زەوی لەوێرانەخاک-دا پۆشی.

وێنەیەکی تر لە هەردوو شیعردا ئامادەبوونی هاوبەشی هەیە چیایە کە بۆتە هێما بۆ سەربەستی:

**«سەرکەوە**

**با لووتکە هەر زۆر بن»**

(سترانی نێرگز د/٢١،٢٢)

**«لەقەد چیاکان، لەوێ هەست بە ئازادی دەکەیت»**

(وێرانەخاک د/١٧)

لەهەردوو شیعرەکەدا چیا وەک هێمایەکی ئازادی پێشکەش کراون. کە بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی سترانی نێرگز گەلێ وێنەی هاوبەش دەبینین کە لەیەکچوون و نزیکبوونەوە لەگەڵ وێرانە خاک دەردەخەن. با سەرنجێکی ئەم دێرانە بدەین:

**«با منیش بەجوانی ببینم»**

(سترانی نێرگز د/٢٤)

**«پێویستە مرۆڤ لەم ڕۆژگارانەدا گەلێک وریا بێت»**

(وێرانە خاک د/٥٩)

**«ئاوی دەریا گەرمەو جوانەو فراوان»**

(سترانی نێرگز د/٢٨)

ئەمەش هەرهەمان دەربڕینە کە لەم دێرەدا هاتووە:

**«دەریاش خاڵی و فراوانە»**

(وێرانەخاک د/ ٤٢)

هەروەها **«لەبەردی خەواڵووی بنیشی بێنە لام»**

(سترانی نێرگز د/٥٢)

**«بەردی بێ گیان خوڕەی ئاوی لێ نایەت»**

(وێرانە خاک د/٢٤)

باسەیرێکی ئەم پرسیارەی سرانی نێرگز بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ پرسیارێکی وێرانە خاک و سەرنجی هاوشێوەیی و لێکچوونیان بدەین:

**«تۆ بڵێی لەم گەشتە چەپکێک نێرگز بچنم؟»**

(سترانی نێرگز د/١٠١)

کە ئەمەیان وێنەیەکی زۆر نزیکە لەم دێرەی خوارەوەی ئیلیەت:

**«داخۆ ئەمساڵ گوڵ دەگرێت؟»**

(وێرانە خاک د/٧٢)

کە ئەمەیان هەمان پرسیارو هەمان گومانە سەبارەت بەهیوا، بە کۆتایی کە بە هێمای گوڵ پێشکەش کراون.

لەمەی سەرەوە کە پێشکەشمان کردن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گەلێک وێنەی هاوبەش و بیرۆکەی هاوبەش و هێمای هاوبەش لەنێوان هەردوو شیعرەکەدا هەیە، ئەمەشیان کاریگەریی وێرانەخاک لەسەر سترانی نێرگزدا بەدەر دەخات، هەروەها دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە کاریگەریی وێرانە خاک لەسەر سترانی نێرگزدا لەڕووی شێوازو وشەوە ئامادەبوونی هەیە.

سترانی نێرگز کۆمەڵێک زاراوەی سادە لەخۆ دەگرێت وەکو: بەفر، زستان، بەرد، گوڵ، مردن، گەشت، بیرچوونەوە، دەریا.. تاد، کە ئەمانە هەموویان هەمان زاراوەن کە لەوێرانە خاک-دا بوونی سەرەکییان هەیە.

دیسانەوەش شێوازی گێڕانەوە بەهۆی بەکارهێنانی هێماو ئاماژەکردن بە ئەفسانە بۆ نموونە بانگ کردنی میداس لە سترانی نێرگزدا:

**«میداس، ئەی میداس»**

(سترانی نێرگز د/٤٩)

ئەمەش شێوازێکی ئیلیەتانەیە کە زنجیرەیەک وێنە پێشکەش دەکات، یان لە ژیانی هاوچەرخدا بەرامبەر بە یادکردنەوەی ئەفسانەکان نیشان دەدات.

هەروەک وێرانە خاک هەستی ئەوەمان پێدەبەخشێ کە کات (زەمەن) بەردەوامە، دڵشاد عەبدوڵلاش هەمان هەستمان پێدەبەخشێ و ئاشکرایە زەمەن لەم شیعرەدا بوونێکی قورسی هەیە و زیاتر لەمەش ئەو خولگەیەیە کە شیعری لەدەوردا دەسووڕێتەوە:

**«ئەو سترانەی ئەمڕۆ بۆم ناوترێ**

**سبەی**

**من و باڵندەی دەم کەلی مەرگ دەیچڕین»**

(سترانی نێرگز د/٧٨،٧٩،٨٠)

هەروەها بەکارهێنانی زمانی ئاسایی ڕۆژانە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شێوازی نووسینی ئیلیەت کە لە سترانی نێرگزدا کاریگەریی بەرچاوی هەیەو پراکتیزە کراوە:

**«کەس لەماڵ وەدەرناکەوێ**
**کەسیش لە ڕێیان نابیندرێ**
**هەر لەماڵ وەدەرکەوی**
**زریان توونډ بەرۆکت دەگری»**
(سترانی نێرگز د/٩، ١٠، ١١، ١٢)

هەروەک لە وێرانە خـاک-دا ئێـمـە لە جـووڵەداین لە پێوەندی نێوان ڕابردوو- ئێستا، دەستپێکی شیعرەکە لە زەمـەندا داندراوە، نیـسـان ئێـسـتـای شـیـعـرەکـەیە، ڕووداوەکـانی شـیـعـرەکە لە نیـساندا دێن. هەمـان شت لەگەڵ (سـترانی نێـرگز)دا هەیە و ڕێبـەندان دەستـپێکی شیعرەکەیەو شیعرەکە لە ڕێبەنداندا دەجووڵێتەوە، کە دەکەوێتە زستان لە کوردستـاندا و وێنەکان لەگەڵ بەفر و شتە بە بەفر داپۆشراوەکان تەبان.

وێڕای ئەمـەش هەردوو شیـعـرەکە هەمـان بیـرۆکـە لە هەست کردنی تەنیایی وشێوان هەڵدەگرن و هەردووکیش گومان لە بوونی هیوا دا پێشکەش دەکەن.

زەمەن وەک ئەزموونی ڕووداوەکـان خەسـڵەتی شـەپۆل هاویشتن و ڕژانی هەیە، ئەم خەسـڵەتەش بەردەوام بوونە لە جـووڵەی ڕێکی کـات وەک مـێـژوو (زنجـیـرەی ڕووداوەکان).

وێرانە خـاک هێـمـایەکی پڕ بەپێـسـتـە بۆ وەسـتـاندنی زەمەن. لێرەدا (دڵشاد عەبدوڵڵا) بەهەمـان شێوە هەوڵ دەدات کە لە شیـعـرەکـەیدا بیـرۆکـەی زەمـەن پێشکەش بکات بۆ دەربازبوون لە زەمـەنی مـێژوو. بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە لە زەمەنی سایکۆلۆژیادا بژیت، یان زەمەنی ناوەوەی خـود، لای دڵشاد بەفـرو ئاوی زەریا، هێـمـان بۆ شەپۆلدانی زەمەن:

**«بەفر و زەریان یەکیان سەرەتا**
**ئەوی تریان کۆتاییە»**
(سترانی نێرگز د/ ٧١، ٧٢)

ئەم ئەزموونەش جووڵەیەک بە شیعرەکە دەبەخشێ زۆر نزیک لە ئەزمـوونی (تەوژمی ئاگـایی) «ئەم تەکنیکەش هەوڵێکە بۆ گردکردنەوەی بیـرو هەستـەکان سـاتێ کە بە مێشکی مرۆڤدا گـوزەردەکەن» بە تەواوی لە سـەرتاپای شـیـعـرەکـەدا خـۆی دەسـەپێنێ. شـاعـیـر لە ڕێگەی بەدەستهێنان و گردکردنەوەی ئەم چرکەساتانە لە شیعری سـتـرانی نێـرگـزدا هەوڵ دەدات کـە چەندین وێنەی وەدەسـتـهـێنراوی لەم ئەزمـوونەدا پێـشکەش بکات، بەگـردکـردنەوەی ئەو هەمـوو وێنانە دەیەوێت لە ڕێڕەوی سـترانی نێـرگزدا بەشێک لەو دەسکەوتانەی بگەیەنێـتە سەرکاغەز. ئەمەشیان تەکنیکێکی ئیلیەتییە لە شیعردا، شـاعـیـری بەفـرنووس زیرەکـانە بۆ خـزمـەتگەیاندن بەدەربڕینەکـانی خۆی لەگەڵ ئەزموونی شیـعـری خۆیدا گونجاندوویەتی.

یەکـێک لە تایبـەتمەندییـەکـانی سـترانی نێـرگـز کـە [جیایە] لە وێرانە خاک ئەو کەشوهەوایەیە شیعرەکە هەناسـەی تێدا دەدات کـە بەتەواوەتی کەشـوهەوایەکی کـوردانەیە و بەئاسـانی لە کـەشـوهەوای ڕۆژئاوایی وێرانەخـاکدا جـیـا دەکرێتـەوە و ڕوخسـارێکی تایبـەتی دەداتێ. شیـعـرەکە دیمەنێک وێنا دەکات کـە چیاو گـوڵە نێرگزی کوردستـانن، ئێمە بە ئاسـانی دەتوانین بۆنی ئەو گوڵانە هەست پێبکەین، کـە هەر ئەمـەشە وای لێکردووە بە ئاسانی هۆگری بین.

## دوا ئاماژەی باس

لە کۆتاییدا دەڵێین، شیعری کوردی سوودی لەشیعری ئینگلیـزی وەرگـرتووەو ئەم کـێش بوونەش بۆ شـیـعـری ئینگلیزی لە (گۆران)ەوە دەستی پێکردووە کاتێ گۆران ئیحای لە کیتس و ئۆسکار وایلد و شیعری ڕۆمانتیکی ئینگلیـزی وەرگـرتووە، بەڵام شـاعـیـری نوێی کـورد ڕاستەوخۆ لەگەڵ تی. ئێس. ئیلیەت-دا شارەزایی پەیدا کـردووەو سـوودی لە ئەزمـوونی ئەم کـەڵە شـاعـیـرە وەرگرتووە.

کاریگەری تی. ئێس. ئیلیەت بەسەر شیعری هەمـوو جیـهـانەوە دیارەو بەتایبـەتی وێرانەخاک کە ئەزمـوون و شۆڕشـێکی نوێ بوو لە دنیـای شیـعـردا. ئاسـاییـە ئەم کاریگەرییەش لەشیعری کوردیدا خۆی ببینێتەوە دوای ئەوەی شاعیری کورد (ساتێ تەنیا بە ئەدەبی فـارس و تورک و عـەرەب ئاشنا بوو) بەسـەر هەمـوو ئەدەبی جیـهـاندا کرایەوە بۆ بەرەوپێش بردنی ڕەوتی شـیـعـری کوردی سوودی لە ئەزموونی ئەدەبی گەلان وەرگرتووە. بێ گومان وێرانەخاک یەکێکە لەو شیعرانەی کە ئامادەبوونی بەرچاوی لەم بوارەدا هەیە، چەندین شـاعیری نوێخوازی کـورد سوودیان لە ئەزمـوونی وێرانەخـاک وەرگرتووە، کـە ئەمەش کـەم کردنەوە نییـە لـە گرنگی شیعری کوردیمان، بەڵکو دیاردەیەکی تەواو دروسـتی شـیـعـری کـوردی

دەگەیەنێت. ئەم ئەزموونەی ساڵی حەفتاکان و دواتریش، ئەوە دەگەیەنێت کە دەتوانێت بازنەی تەسکی ناوچەیی ببەزێنێ و پێوەندی بەهەموو جیهانەوە بکات. ئەمە توانایی شاعیری کورد نیشان دەدات لە پەڕینەوە لە بازنەی تاک ئەزموونی، بۆ بازنەی فرە ئەزموونی. مایەوە بڵێین (دڵشاد عەبدوڵلا) وەک ئەزموونێکی شیعری نوێی کوردی یەکێکە لەو دەنگانەی کە لەبازنەی تاک ئەزموونی دەرچووە و هوشیاری و زیرەکی بیرکردنەوەی تاکی کورد نیشان دەدات کاتێ لە زەمینەیەکی تەواو کوردانەوە سوود لە مەزنترین شاکارەکانی دنیا وەردەگرێت بۆ خزمەتکردنی ڕەوشی شیعری نەتەوەکەی.

**تێبینی:**

**لە بنەڕەتدا ئەم بابەتە وەک باسێکی ئەکادیمی بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە لە قۆناغی خوێندنی ماستەر لە بەشی ئەدەبی ئینگلیزی لە بابەتی ئەدەبی بەراوردکاریدا پێشکەش کراوە.**

**سەرچاوەکان:**

**١- دڵشاد عەبدوڵلا، بەفرنووس، سلێمانی، ١٩٩٩.**

**٢- عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، هەولێر، ١٩٨٧.**

**٣- کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ١٩٨٢.**

**٤- ئیلیەت، وێرانەخاک، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، سەردەم ژمارە ٧، ٢٠٠٠.**

**٥- عومەر مارف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، ڕۆژی کوردستان ژمارە ٤٢، ١٩٧٦.**

**٦- د. عزالدین مصطفی رسول، الواقعیه في الأدب الكوردي، منشورات المكتبه العصریه- صیدا- لبنان بدون تأریخ.**

**٧- أزاد مولود، هذه بعض الآجراس وهذا هو بعض رنینها، مجلة الثقافة، بغداد، العدد ٦ ص ٢١٠- ٢٣٨.**

**8- Eliot, T. S. the complete poems and Plays London, 1969.**

**9- Abrams, M.H, The Norton Anthology of English Literature, Sixth Edition,**

**10- Cuddon, J. A Adictionary of Literary Terms, Penguin books, 1984.**

**11- Cecil, David, Modern Verse in English; 1900- 1950, New York, 1958.**

**12- Evans, I For, A Short History of English Literature, Middlessex, 1976.**

**13- Ford, Boris, Pelican Guide to English Literature. Vol.7.**

**14- Hussain, Dr. Suzan K, Comparatiue Literature Today, Siminar, University of Salahadin, college of languages 2006.**

# بەراوردێک لەنێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا

د. کەمال مەعرووف
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

(١ - ٢)

پێوەندی لەنێوان ئەم دووئەدەبەدا پێوەندییەکی مێژوویی کۆنە، ئەم پێوەندییە ئەدەبیانە بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئەدەبی ئێرانی کۆن یەکەم ئەدەب بووە کە ئەدەبی عەرەبی پێوەندی پێوە کردووە، بەتایبەتی ناوچەی (الحیرة) کە بوارێکی باش بووە بۆ تێکەلاوبوونی ئەم دوو ئەدەبە.

ئەوکات پێوەندییەکە پێوەندییەکی دیاری کراوبووە، بەلام بارەکە بە تەواوی گۆڕا پاش هاتنی ئیسلام بۆ ئێران، چونکە کەناڵی پێوەندی لەنێوان عەرەبی و فارسی یەکجار زۆر بوو.

**١- پێوەندییەکانی نێوان زمانی عەرەبی و فارسی:** لە ئاکامی هاوسێیەتی نێوان گەلی عەرەبی و فارسی، هەندێ پێوەندی لەنێوان عەرەب و فارس ڕووی دا، لە ئەنجامی هاریکاری گونجاو پاش هاتنی ئیسلام، پێوەندی نێوان ئەم دوو زمانە ڕووی لە زیادبوون کرد، بلاوبوونەوەی زمانی عەرەبی لە ئێراندا وەکو زمانی ئەدەب و ئاخاوتن زیاتر لە دوو سەدە بەکارهات، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ئایینی ئیسلام جێگای ئایینی زەردەشتی گرتەوە، هەستیان کرد کەپێویستیان زیاتر بە زمانی عەرەبییە، تاکو بتوانن قورئانی پیرۆز بخوێننەوە،

بە جۆرێ کە زمانی عەرەبی چووە ناو مێشکیانەوە کە زمانی ئیسلامە، بۆیە هەوڵیان دا خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن و زمانی پەهلەویش پشت گوێ بخەن، کە زمانی ساسانیەکان و زمانی ئایینی زەردەشتی بوو لەپێش ئیسلامدا، هەروەها زۆر لەسەربازانی عەرەب کە

له ئێران جێگیر بوون، بۆ ئەوەی تێگەیشتن لەنێوان ئێرانییەکان و عەرەبەکان ڕوویدات، ناچاربوون خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن، بەشێوەیەک زمانی عەرەبی بوو بە زمانی فەرمی لە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا، پاشان ئێرانییەکان بەهۆی کاریگەری بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی دەستیان کرد بەبووژاندنەوەی زمانەکەیان، بەڵام کارەکە ئاسان نەبوو، چونکە زۆر لە واتا و زاراوەکانی زمانەکەیان ون بوو، هەروەها زمانی پەهلەویشیان لەبیر کرد، بەناچاری خەتی عەرەبیان لە نووسیندا بەکارهێنا، لە جیاتی وشەکانی فارسی پەرشوبڵاو وشەکانی عەرەبییان بەکارهێنا، بەم شێوەیە فەرهەنگی عەرەبی چووە ناو فەرهەنگی فارسییەوە، تەنانەت هەندێ دەڵێن ٧٠٪ واتاکانی عەرەبی خۆی خزاندۆتە نێو فەرهەنگی فارسییەوە، هەرچەندە فارسەکان زمانەکەیان زیندوو کردەوە، بەڵام زمانی عەرەبی زمانی یەکەم بوو لە ئێراندا،ئەدیبانی ئێرانی بەرهەمەکانیان بە زمانی عەرەبی دەنووسی پاش ئەوەی کە فارسیش بووە زمانی ئەدەب و زانست، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (بارتۆلد) لە کتێبەکەیدا (مێژووی شارستانی ئیسلامی) دەڵێ: دەتوانین ڕاڤەی برەوی زمانی عەرەبی بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە عەرەبەکان بەتەنیا پشتیان بەهێزی چەک نەبەست، وەکو ئەڵمانەکان و مەغۆل و ئێرانییەکانی کۆن، بەڵکو لە سەدەی حەوتی زاینیدا زمانێکی ئەدەبی پێشکەوتوویان لە مەیدانی بیردا دامەزراند. کە شیعر و ڕەوانبێژی شوێنێکی مەزنی هەبوو لەلایان، شێوازی ئەدەبییان داهێنا و زۆر جۆرە کێشیان خستەڕوو، بە تەنیا هەر واتاکان و وشەی عەرەبی نەچوونە ناو زمانی فارسییەوە، بەڵکو زاراوەیەکی زۆری عەرەبی بەتایبەتی زاراوەکانی پێوەندیدارن بە زانستی ئایینی و سۆفیزم و زانستی شیعر و کێشەکانی شیعر و زانستی سەرواکان و نووسین لە زمانی فارسیدا بەکاردەهاتن، بەم جۆرە فارسەکان کێشی شیعر و سەرواکانیان لە عەرەبەکان وەرگرت و داهێنانیشیان تێدا کرد. هونەری چوارخشتەکیان وە بەرهەم هێنا کە پێویست نەبوو بە یەک سەروای یەکگرتوو دەربەست بن، بەڵکو جووت سەروایان بەکارهێنا، پاش ئەوەی عەرەبەکان بەسەر شارستانێتی فارسەکاندا کرانەوەبە دەیان وشەی ئێرانی کەوتنە ناو زمان و ئەدەبیاتی عەرەبییەوە کە

لێرەدا هەندێ لەو وشانە دەخەینە پێش چاوان:

| وشەی عەرەبی | بنەچەی فارس |
|---|---|
| إبريق | أب ريز |
| إستبرق | استبره |
| طست | طشت |
| ارجوان | ارغوان |
| درفس | درفش |
| زرجون | زرگون |
| صولجان | چوگان |
| قنديد | قند |
| جلسان | گلشن |
| بنفسج | بنفشه |
| تاج | تاژ |
| نرجس | نرگس |
| ياسمين | ياسمن |
| طازج | تازه |
| ديباج | ديبا |
| جاموس | گاوميش |
| خشاف | خوشاب |
| لجام | لگام |
| خورنق | خورگاه |
| خندق | كنده |
| ديوان | ديوان |
| كنز | گنج |
| مرزجوش | مرزن گوش |
| سجيل | سنگ گل |
| جوهر | گوهر |
| كوز | كوزه |
| جادة | جاده |
| كاغذ | كاغد |

**٢- بەیەک گەیشتن لەنێوان ڕۆشنبیری عەرەبی و فارسیدا:**

بارودۆخی ژینگەی هاوبەش لەنێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبیدا، هەروەها هاوسێیەتی لەنێوانیاندا، لەلایەکی ترەوە کاروانی مێژووی هاوبەش لەنێوان هەردوو گەلداو باوەڕهێنانی هەردوو گەل بە ئایینی ئیسلام، لە

دیاردەکانی ئەم بەیەک گەیشتنەیە، بایەخدانی هاوبەشی بە بواری چاکە و هزری سۆفیزم، لە ئەنجامی ئەم بەیەک گەیشتنی ڕۆشنبیرییە لەنێوان فارس و عەرەبدا، زۆر لە زانایان کە بنەچەیەکی فارسیان هەیە زۆربەی بەرهەمەکانیان بە زمانی عارەبین لەوانە (ئەبوحامد غەزالی، ئیبن سینا)، هەروەها گرنگیدان بە بابەتی لەیل و مەجنوون لەژینگەی عەرەبی و فارسیدا، بایەخدان بەبابەتی ئەفسانە وەکو (کلیلە و دمنە و ئەلف لیلە و لیلە) هەردوو ڕۆشنبیری لەکاتی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عەباسیدا گەشەی کردو پەرەی سەند، پاشان بەرەو کزی و دواکەوتن چوون لە ئاکامی داگیرکردنی مەغۆلەکاندا، لە دواییدا ڕۆژهەڵات بەرەنگاری داگیرکردنی ڕۆژئاوا بۆوە و ڕەنگی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا بەرەو ڕۆشنبیری عەرەبی و فارسی ڕێگایان بڕی.

زۆر بابەت لە هەردوو ڕۆشنبیریدا بوونە بنچینەی ئەدەبی بەراوردکاری.

**٣- کەلەپووری عەرەبی لە ئێراندا:**

پاش هاتنی ئیسلام بۆ ئێران زمانی عەرەبی بوو بە زمانی فەرمی ئێران، ژمارەیەکی زۆر لەخوێندەوارانی ئێران هەستیان کرد کە پێویستیان بە ڕاڤە و تەفسیری قورئان و شیکردنەوەی نهێنییەکانی قورئان و ڕەوانبێژی و ئاسانکاری زانستی ئایینی و بە تایبەتی تەفسیرو حەدیث (وتەکانی محەمەد د.خ) هەیە کە ئەمەش لە توانای خەڵکی گشتی ئێراندا نییە، بۆیە ڕۆناکبیرانی فارس دەستیان کرد بە دانانی زۆر جۆرە کتێب لەبارەی زانیاری عەرەبی و ئیسلامی تاکو یارمەتی خەڵکانی ئێرانی بدات بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە زمانی عەرەبی بەلایانەوە نوێ بوو. جا زانایانی ئیسلامی گەنجینەیەکی بە نرخیان لە کتێب و سەرچاوەی عەرەبی بۆ بەجێ هێشتن کە سوودێکی زۆر دەبەخشێتە ئەوکەسانەی کە بیانەوێ لە بارەی بنەچەی ڕۆشنبیری عەرەبییەوە شت بزانن، ئەم هەموو گەنجینە بە نرخەی زانست و زانیاری بووە هۆی بەهێز کردنی پێوەندی لەنێوان ئێرانیەکان و عەرەبەکاندا.

جا ئەگەر چاوێک بە نووسراوەکانی زانستی زمانی عەرەبی لە (صرف و نەحو وفقە) بگێڕینەوە، دەبینین بەشێکی زۆری کەلەپووری عەرەبی لەبەرهەمی عەقڵی ئێرانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە وەکو (سیبویە و کسالی، ئیبن قتیبە و عەبدولقاهر الجرجاني و زمخشري و سکاکي..تاد). لەبواری ئەدەب و شیعر و پەخشانیشدا، زۆر ناوی ڕۆشندار دەبینرێن کە خزمەتی ئەدەبی عەرەبییان کردووە لە بنەچەدا ئێرانین بۆ نموونە (بشار بن برد، ئەبی نواس و ئبن ڕۆمی و بدیع زمان همذاني و عبدالحمید الکاتب.. تاد)

لە تەفسیردا ئەوانەی کە شوێنی ڕێزو تەقدیری موسڵمانەکانن، تەبەری و ڕازی. لە فەرموودەشدا، بوخاری و ئەبو داود سجستانی و نسائی دەبینرێن. لە مێژوودا «طبري، ابي الفداء، ابي بکر، الطبري (تاریخ الرسل و الملوك) ابي الفداء (المختصرفي اخبار البشر)، أبي بکر محمد بن جعفر الترشخي (تاریخ بخاري)، أبي عثمان عمر و بن بحرالجاحظ (التاج أو اخلاق الملوك)، أبي عبدالله حمزة بن الحسين الأصفهاني (تاریخ سني ملوك الأرض والانبیاء)، أبي منصور عبدالله بن محمد الثعالبي النیسابووري غرر أخبار ملوك الفرس و سیرهم) محمد بن جعفر الترشخي، أبي عثمان بن عمر بن الجاحظ بن محمد الثعالبي النیسابوري» و زۆر لە کتێبی تری مێژوو کە عەقڵی ئێرانییەکان بە زمانی عەرەبی نووسیویانە، لە بواری فەلسەفەشدا (ابن سینا و الفخر الرازي...تاد)

بەم شێوەیە ئێرانییەکان خزمەتی زۆریان پێشکەش بە ڕۆشنبیری عەرەب کرد لە هەموو بوارەکاندا لە زانستی جوگرافیا و ماتماتیک و پزیشکی و ئەستێرەناسیدا...تاد.

ئەم بەشداری کردنە بەهێزەی فارسەکان لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی عەرەبیدا، ئەم هاریکارە زۆرە وای لە مێژوونووس (ابن خلدون) کردووە کە بڵێ عەرەبەکان توانایان لەسەردانان نییە و زۆربەی کتێبی عەرەبی لەدانانی عەجەمە، بەڵام عەرەبەکانیش لەم بوارەدا بەشداری بەرچاویان کردووە کە لەوەی فارسەکان پێشکەشیان کردووە کەمتر نین بە هەرحاڵ بوونی کتێبی کەلەپووری عەرەبی لە ئێراندا یارمەتی زۆری دا لە گونجاندنی ڕۆشنبیری لەنێوان عەرەب و فارسەکاندا لەلایەک، لە لایەکی ترەوە تێڕوانینی هەردوو گەلی لێکتر نزیک کردوونەتەوە، کە زۆر دیاردەی لێک چوون لە نێوانیاندا بە دەربکەوێ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا یارمەتی زۆری تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری دەدات.

**٤- خاوەن دوو زمان لە تەک ئەوەی ئەدیبانی ئێرانی بەرهەمەکانیان بەزمانی عەرەبی دانان،** بەشێکی تر بەرهەمەکانیان بە هەردوو زمان نووسی، ئەمەش شتێکی سەیر نەبوو، چونکە ڕۆشنبیری عەرەبی تاکو سەرەتای سەدەی ئێستا پێویستییەک بوو بۆ ئەدیبان بە تایبەتی بۆ خوێندەواری ئێرانی، ئەمەش کارئاسانی بۆ ئێرانییەکان کرد کە بەرهەمەکانیان بە دوو زمان دابنێن بۆیە بەشێکی زۆری ئەدیبانی ئێرانی کە بە خاوەن دوو زمان ناسراون، توانیان بەزمانی عەرەبی و فارسی بەرهەمەکانیان بخەنە ڕوو، لەوانە (ئیبن سینا) کە لە ساڵی ٤٢٨ کۆچی دوایی کردووە لەکتێبە عەرەبییەکانی (کتاب الشفاء، و القانون، و الأشارات) لە کتێبە فارسییەکانی (دانشنامەعلائی، ثنتان و عشرون قطعة من الشعر الفارسي)، ئەبو حامد ئەلغەزالی کە لە ساڵی ٥٠٥ک. کۆچی دوایی کردووە زۆربەی دانەرەکانی بە زمانی عەرەبین وەکو (مقاصد الفلاسفة، تهافت الفلاسفة، الوسيط في الفقه والمنقذ من الضلال) دانەرەکانی فارسیشی (مکاتيب فارس و کيميای سعادت و نصيحت الملوک).

تەنانەت هەندێ لەو خاوەن دوو زمانانە بەرهەمەکانیان بە دوو دانە دەنووسی، دانەیەکی بە عارەبی، دانەکەی تری بە فارسی لەوانە (أبو الريحان البيروني) کتێبەکە بەناوی (التفهيم لأوائل التنجيم) هەروەها (ڕەشیدالدین فضل الله) کتێبەکەی (جامع التواريخ)، (سعدي شيرازي) کە لە ساڵی ٦٩٤ک، کۆچی دوایی کردووە، لە تەک کتێب و شیعرەکانی بەزمانی فارسی هەندێ قەسیدەی بەزمانی عەرەبی نووسیون. ئەو لاواندنەوەی کە لەسەر بەغدای داناوە، پاش ئەوەی کە بەدەستی مەغۆلەکان ساڵی ٦٥٦ کۆچی کاول کرا. لە شاعیرانی تری ئێرانی کە بەرهەمی شیعری بە عەرەبی و فارسی داناون (همام الدين التبريزي) کە ساڵی ٧١٤ ک، کۆچی دوایی کردووە، (ڕشیدالدین الوطواط) خاوەنی کتێبی (حدائق السحر في دقائق الشعر) کە لە تەک شیعری عەرەبیدا بەرامبەری بە فارسی دایناون.

**٥- بزووتنەوەی وەرگێڕان لەنێوان هەردوو زماندا:**

وەرگێڕان هۆکارێکی گرنگی پێوەندییە کە گەنجینە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەردەگیرێ، بەم جۆرە ئاسانکاری بۆ فارسەکان دەکات بە تایبەتی ئەوانەی کە زمانی عەرەبی نازانن، هەلێکیان بۆ دەرەخسێ کە ئاگاداری هزر و ڕۆشنبیری عەرەبی بن، هەروەها هەلێکی باشە بۆ عەرەبەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە زمانی فارسی نازانن بەهۆی وەرگێڕانەوە زانیاری لەسەر هزر و ڕۆشنبیری ئێرانییەکان لەلایان پەیدا دەبێ، (ابن نديم) باس لەپێرستێکی پازدە وەرگێڕی دەکات کە لە فارسییەوە بۆ عەرەبیان وەرگێڕاوە (ابن المقفع ، آل توبخت، موسى و يوسف ابناخالد، علي بن زياد التميمي، الحسن بن سهل،أحمد بن يحيى بن جابر البلاذري، جبلة بن سالم كاتب هشام، إسحق بن يزيد، محمد بن الجهم البرمكي، هشام بن قاسم، موسى بن عيسى الكردي، زادويه بن شاهويه الأصفهاني، محمد بن بهرام بن مطيار الأصفهاني، بهرام بن مروانشاه، عمر الفرخان)، ئەم بزووتنەوەی وەرگێڕانە بەردەوام بوو کە کتێبخانەی عەرەبی پڕ کرد لە گەنجینەی ئەدەبیاتی فارسی تاکو ئیمڕۆش بەردەوامە، بۆ نموونە شاهنامەی فیردەوسی سفرنامەی ناسرو خسرو، چوارینەکانی خەیام، گوڵستان و بوستانی سەعدی، غەزەلیاتی حافظ، مەثنەوی جەلال الدين الرومي و چهار مقاله نظامی ...تاد.

وەرگێڕانێکی زۆریش لە عەرەبییەوە بۆ فارسی کراون، بە تایبەتی ئەدیبانی عەرەب لە چەرخی نوێدا، هەروەها وەرگێڕانی دانەرەکانی (د. طه حسين و عباس العقاد...تاد) دیارە ئەم وەرگێڕانانە هەردوو ئەدەبی لێکتر نزیک کردنەوە، بوارێکی باشی ڕەخساند کە نەوەکانی هەردوولا ئاگاداری هزر ورۆشنبیری یەکتربن، ئەم وەرگێڕانەش تاکو ئیمڕۆ بەردەوامە،بەڵگەی تەکامڵ بوونی ئەم ڕۆشنبیرییە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دیاردەی کاریگەربوون و کارتێکردن لەنێوانیاندا بە دەردەکەوێ کە یارمەتی تۆژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری دەدات.

**٦- گەشتوگوزار لە ئەنجامی هاوسێیەتی جوگرافی لەنێوان وڵاتانی عەرەبی و ئێراندا:**

هەروەها پێوەندییەکانی مێژوویی بەهێز لەنێوان هەردووگەلدا، زۆرگەشت وگوزار لە ئێرانەوە بەرەو وڵاتانی عەرەبی کران، هەروەها زۆر لە ئەدیبانی عەرەب بەرەو ئێران چوون ئەم گەشتوگوزارانە هەلی باشی بۆ

ڕەخساندن کە ئاگاداری دابونەریت و ڕۆشنبیری یەکترین، تێڕوانینی هاوبەش لەگەڵێ بابەت لەنێوانیاندا چێ ببێ، بەتایبەتی گەشتی جاران زۆر بە ئارامی و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەنجام دەدران.

تێبینی و تۆژینەوەیان لەلای خۆیانەوە تۆمار دەکرد. بۆ نموونە (گەشتی ابن بطوطة) کە سەردانی ئێران و ئەفغانستان و هیندی کرد، پاشان بەرەو وڵاتەکەی (مەراکش) گەڕایەوە لەساڵی ٧٥٤کۆچی، تێبینی و تێڕوانینەکانی تۆمار کرد لە هەر وڵاتێ کە سەردانی کردوون. هەروەها (یاقوت الحموي) سەردانی خوراسان و ماوەیەک لە شاری (مەرو) پاشان سەردانی خوارزم و زۆر لە شارەکانی ئێرانی کرد، لە کتێبەکەیدا بەناوی (معجم البلدان) باس لە گەشتەکەی دەکات، (سەفەرنامە)ی ناصر و خسروی شاعیر کە گەشتێکی دوورو درێژ بۆ عێراق و شام و حیجاز و میصر دەکات، کە ماوەی حەوت ساڵ دەخایەنێ، هەروەها چاوی بە (أبو العلاء المعري) دەکەوێ، بەم جۆرە تێبینی و تێڕوانینەکانی تۆمار دەکات، (سەعدی شیرازی) گەشتی بەرەو شام و دوورگەی عەرەبی و میصر و مەراکش و زۆر وڵاتانی تری عەرەبی ئەنجام داوە. ئەم گەشتوگوزارە لە چەرخی نوێدا زیاتر بوو، زۆر لە ئەدیبانی ئێرانی بەرەو قاهیرە دەچوون و لە زانکۆکاندا سیمیناریان پێشکەش دەکرد. ئەدیب و شاعیران دیدەنی یەکتریان دەکرد، کە زیاتر هاریکاری و بەیەکتر گەیشتن لەنێوان دوو ڕۆشنبیری بەهێزتر دەکرد، بە تایبەتی لە بواری کاریگەری بوون و کارتێکردندا کە بواری تۆژینەوەی بەراوردکاری فراوانتر دەکرد.

## واتاکانی عەرەبی لە فارسیدا

بەختی فارسی لەواتاکانی عەرەبیدا زۆر و فرەیە، ئەم هەموو واتانە بەشێکی گەورەی وشەکانی زمانی فارسی پێک دەهێنن، ئەگەر سەیری فەرهەنگی زمانی فارسی بکەین، دەبینین کە وشەکانی هەندێ بەشی وەکو (الثاء والصاد، الضاد، الطاء، الظاء، العین) هەر هەمووی عەرەبین، ئەمەش بەڵگەیە کە وشەیەکی بێ ژماری عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، بوونی ئەم هەموو وشە زۆرانە، ئێرانییەکانی بەرەو دەمارگرژی بردووە، (فیردەوسی) هەوڵی دا کە (لە شاهنامەدا) واتاکانی عەرەبی نەهێڵێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بەلایانەوە بوونی ئەم وشە عەرەبیانە لەزمانەکەیاندا، دیاردەی زاڵ بوونی زمانی عەرەبی دەگەیەنێ، لەکاتی سامانیەکاتدا (٢٦١- ٣٨٩) کۆچی لە (٥٪ و ١٠٪) تێ نەدەپەڕی، بەڵام وردە وردە بەرەو زیادبوون چوو تاکو لەنیوەی دووەمی سەدەی پازدەیەمی کۆچی گەیشتە (٥٠٪) و لە سەدەکانی شەش و حەوت و هەشتدا ڕادەی (٨٠٪)ی تێ پەڕاند.

## لەنێوان فارسی و تورکیدا

تۆژینەوەکانی تورکەکان لە ڕووی مێژوویی و ئەدەبەوە تۆژینەوەیەکی ئاسان نییە، ئەمەش بۆ گەلێ هۆکار دەگەڕێتەوە، ئەم گەلە فرە هۆزو لقی جوداوازی لێ دەبێتەوە، لەسەر فراوانترین پارچە زەوی دەژین کە لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوە تاکو ئەوپەڕی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە. بەگوێرەی زۆربوونی ناوچە و هەرێم کەتێیدا نیشتەجێن، بۆیە بە زاراوەی جیاجیا قسە دەکەن، سەرەڕای ئەمانەش تێکەڵاوییان لەگەڵ گەلانی تر زۆرە وەکو گەلی چین و فارس و عەرەب و هیند. ئاوێتەبوونی گەلی تورکی لەگەڵ گەلانی تر، ئاوێتەبوونێکی مێژوویییە و ڕۆشنبیری و زمانەوانییە، ئەمەش کاری توێژەرەوە گران دەکات، توێژەرەوە دەبێ کەرەسەی تۆژینەوەی جوداوازی لەبن دەست بێ، تاکو بتوانێ بەرەنگاری مێژوو و ئەدەبی تورکی بێتەوە، پێشەکی دەبێ زمانی تورکی باش بزانێ هەروەها زمانانی تر وەکو عەرەبی و فارسی کە پێوەندییان بە زمانی تورکییەوە هەیە، پێوەندییەکی مێژوویی و شارستانێتی لەگەڵ زمانانی عەرەبی و فارسی کۆیان دەکاتەوە.

زانینی زمانی گەلێک، یارمەتی دەرە کە تۆژینەوە لە مێژووی ئەو گەلە بە ئەنجام بگەیەنرێ، بەڵام ئەمە بەگوێرەی گەلی تورکەوە جێبەجێ نابێ، زمانی چینی زۆر گرنگە بۆ زانینی مێژووی تورکەکان کە لە دوورترین ڕۆژهەڵاتی چین و مەنگۆلیا ژیاون، دەنگ و باسیان لە سەرچاوەکانی چینیدا بەدەردەکەون، ئەوانەی بەرەو ڕۆژئاوا چوون، تێکەڵاوی فارس و عەرەب بوون، بە شارستانێتی ئیسلامی کاریگەربوون، جا زانینی فارسی و عەرەبیش کارێکی بنچینەییە بۆ زانینی مێژووی تورکەکان، چونکە سەرچاوەی مێژووی تورکەکان تاکو ئەم دواییەش هەر بە زمانی فارسی دەنووسران (بارتۆلد)

دەڵێ هیچ دەوڵەتێکی تورکی ناتوانێ مێژووەکەی لەسەرچاوەی تورکییەوە وەربگرێ، تەنیا دەوڵەتی عوسمانلی نەبێ، چونکە ئەوسەرچاوانەی کە بە تورکی نووسراون، توێژەرەوە دەبێ زمانی فارسی و عەرەبیش بزانێ، ئینجا دەتوانێ تورکییەکە بخوێنێتەوە، چونکە زمانی تورکی تێکەڵاوە لەم زمانانە و باکووری زێدی بنچینەیی تورکەکان ناوچەکانی کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە لەم شوێنەوە کۆچێکی زۆریان کردووە، دەتوانین ئاماژە بەدوو کۆچی سەرەکی بکەین کەلەنێوانیاندا دوو سەدە هەیە، کۆچی یەکەم بەرەو ڕۆژئاوای ئاسیا و کۆچی دووەم بەرەو خوارووی ئاسیا، کۆچی یەکەم تورکە سەلجووقیەکان بەرەو ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاچوون، کە ئیمڕۆ بە تورکی ڕۆژئاوایی ناسراون، لەو تورکە ڕۆژئاواییانە، عوسمانیەکان هاتن کە بەسەر ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی زاڵ بوون، تورکە سەلجووقییەکان لەبەر ئەوەی شوانکارەبوون، بۆیە لە وڵاتی خۆیان ترکستان ناتوانن لەبەرکەمی لەوەڕگا بمێننەوە، لەبەر ئەوە بەرەو ڕۆژئاوا وڵاتی (ماوراء النهر) کشان، پاشان بەرەو خوراسان چوون، سوڵتان مەحموودی غەزنەوی ڕێگای نیشتەجێ بوونی پێدان پاش ئەوەی کە بەهێزبوون توانیان سوڵتانی غەزنەوی لەناوبەرن و دەوڵەتی سەلجووقی لەجێگای دامەزرێنن. پاش ئێران، سەلجووقییەکان بەرەو ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک ڕۆیشتن و دەوڵەتی سەلجووقی ڕۆمیان دامەزراند، شاری قوینەیان کردە پایتەختی خۆیان، لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی ئەم تورکە سەلجووقییانە بەسەر ئاسیای بچووکدا، ئەم وڵاتە بەژیانی تورکەکان کاریگەربوون.

کۆمەڵگا پێک هاتبوو لە ڕەگەزی تورکی دەسەڵاتدار و ڕەگەزی ئێرانی کە لەوێ بڵاوببوونەوە لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی یۆنانی، شارستانێتی ئیسلامی لە ئێرانی لە ئاسیای بچووک بڵاوبۆوە کە یەکەم شارستانیەت بوو تورکە سەلجوقییەکان ملاقاتیان لەگەڵدا کرد لە گەشتی ڕۆژهەڵاتیان بەرەو ڕۆژئاوادا، تورکەکان لە ڕووی زمان و ئەدەبەوە بە شارستانێتی فارسەکان کارتێکراوبوون، زمانی تورکەکانی ڕۆژهەڵات بەزمانی چغتای ناسراوە، ئەدەبی تورکی ڕۆژهەڵاتی لەسەر دەستی شاعیری گەورە (عەلی شیرنوائی ١٤٤٠- ١٥٠١) گەیشتە لووتکە. (عەلی شیر) وەکو شاعیرانی تری زمانی چغتای لاسایی شاعیرانی فارسی دەکردەوە، لە دانەرەکانی (دادگایی کردنی دووزمان)دا هاوکێشە لەنێوان زمان و ڕۆشنبیری تورک و زمان و ئەدەبی فارسی دەکات، لەهاوکێشەکەیدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە زمانی تورکیش زمانی نووسینە و هیچی لە زمانی فارسی کەمتر نییە، بەڵام زمانی تورکی ڕۆژئاوایی، یان عوسمانلی کە پەیوەست بوو بەو پێشکەوتنەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە بەخۆیەوە دەبینێ، لەژێر سایەی عوسمانلی زمانەکەیان پەرە دەستێنێ، بەڵام لەکاریگەری فارسی و عەرەبی ڕزگاری نابێ.

زمانی تورکی لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ فارسی و عەرەبیدا، بە دەیان واتای لێیان خواستووە و توانیویەتی زمانەکەی پێ دەوڵەمەند بکات بە جۆرێ واتاکانی فارسی و عەرەبی بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی زمانی تورکی، تاکو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بزووتنەوەی ڕێکخستن سەری هەڵدا کە لە ڕووی ئەدەب و سیاسەت و ئابووری و ئیدارەوە ئامانجیان نوێکاری بوو، لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە بەرەو ڕۆژئاوا و ڕۆشنبیرییەکەی چوون لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی بە تەواوی زمانەکەیان لەواتاکانی فارسی و عەرەبی پاک بکەنەوە، لەجیاتی واتاکانی عەرەبی و فارسی و واتاکانی ئەورووپییان بەکاردەهێنا، تورکە سەلجووقییەکان بەرلەوەی بۆ ئاسیای بچووک بگوێزنەوە، زمانی فارسی زمانی فەرمی بوو زمانی نووسین و کاروباری ئیداریان بوو. کاتێ دەسەڵاتی تورکەکان بەرەو ڕۆژئاوا وڵاتی ڕۆم چوو، هە لێستیان بەرامبەر زمانی فارسی هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهات. (جەلالەدین ڕۆمی) شاعیری تەسەوف بە توندی بە ئەدەبیاتی فارسی کارتێکراوبوو. بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای تورکی لە سەردەمی سەلجووقی ڕۆمدا (ئاسیای بچووک) لە دوو چین پێک هاتبوو، چینی باڵا و چینی گشتی گەل، زمانی فارسی زمانی چینی یەکەم بوو، بەڵام تورکی زمانی چینی دووەم بوو، هەردووچین ئەدیبی خۆیان هەبوو، ئەدیبی چینی باڵا تەنیا بەرهەمەکانیان بە زمانی فارسی دەنووسی، بەڵام ئەدیبەکانی چینی گەل بەرهەمەکانیان بە زمانی تورکی دەنووسی، کە دەوڵەتی سەلجووقی ڕۆم کۆتایی هات، دەوڵەتی تورکی عوسمانلی جێی گرتەوە، ئەدەبی تورکی عوسمانلی بەدەرکەوت ئەویش بە ئەدەبی فارسی تاکو

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم کاریگەربوو، هۆی بایەخدانیان بە زمانی تورکی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە پاشاکانی ئاسیای بچووک لە سەدەی چواردەیەمدا هیچ زانیارییەکیان لە بارەی عەرەبی و فارسییەوە نەبوو، بۆیە ئەدیبەکان بەرەو زمانی تورکی چوون و کتێبیان بە زمانی تورکی دادەناو لە زمانی فارسیشەوە وەرگێڕانیان بۆ دەکرد، بە جۆرێ عەرەبی بە تەنیا بۆ کاری ئایینی و فارسیش بۆ نووسینی تەسەوف بەکاردەهات. بزووتنەوەی وەرگێڕان گەلێ گەشەی کرد (شێخ ئەحمەد گلشهری) کە لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەم چەرخە بوو (مەنطق طەیری) عەطاری وەرگێڕاو هەروەها (کلیلە و دمنە) و بەرهەمەکانی فیردەوسی و نیزامی و سەعدی بۆ سەر زمانی تورکی وەرگێڕدران، زمانی تورکی، زانستی کێشی شیعری لە فارسەکان خواست کە ئەوانیش لە عەرەبەکانیان وەرگرتبوو، سەدەی پازدەیەم، کاریگەری فارسی لە ئەدەبی تورکیدا زیادی کرد، (سوڵتان محەمەدی دووەم) فەرمانی بە (شهری) شاعیر کرد کە شاهنامەی تورکی لەسەر شێوەی شاهنامەی فیردەوسی شاعیر بنووسێ.

دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی شازدەیەمدا بووژاندنەوەیەکی بە خۆوە بینی ئەم بووژاندنەوەیە لە ئەدەبی تورکیشیدا ڕەنگی دایەوە، ئەوەش بەهۆی چەند شاعیرێکەوە بوو وەکو (ڕەحمی، ذاتی، خیالی و فضولی) کە پەرەیان بە ئەدەبی تورکی دا، لەگەڵ ئەوەشدا فارسی پارێزگاری لە پلەوپایەی خۆی دەکرد، (سوڵتان سەلیمی یەکەم) شیعرەکانی بەفارسی دەنووسین، هەر لەو ماوەیەدا لەزمانی عەرەبی و فارسییەوە کتێبێکی زۆر بۆ سەر زمانی تورکی وەرگێڕدران. لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا، هەندێ لە شاعیرانی تورک وازیان لە لاسایی کردنەوە هێناو بەرەو نوێکاری هەنگاویان نا و لە گواستنەوە دوورکەوتنەوە بەرەو داهێنان چوون، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری فارسی هەرمابوو! بەم جۆرە ڕۆشنبیری ئەورووپی بە تایبەتی فەرەنسی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا خۆی خزاندە ناو عەقڵی تورکەوە. لە ئاکامی کاریگەری ڕۆژئاوا لە کۆمەڵگای تورکیدا سەردەمێکی نوێ پەیدابوو کە سەردەمی ڕێکخستنەکانیان پێ دەوت کە شوێن پەنجەی لە ئەدەبی تورکیدا دیارە، (Gibb) گیب سەرسامی خۆی بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی تورک کە بەرەو ڕۆژئاواچوون دەردەبڕێ و دەڵێ: پاش زنجیرەیەک لە هەوڵدان لەپێناو و تەتریکی زمان و ڕۆشنبیریدا، ڕۆشنبیرییەکی نوێیان بەسەر دەروەشایەوە، ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا، ژیانی نوێ و خوێنی تازەی بە ئەدەبی تورکی بەخشی، دوای ئەوەی لە گیانەڵابوو، ڕۆناکی و ئاواتی ئایندەی بۆ گەڕاندەوە، گیب لە لاپەڕە (٩)دا دەڵێ: تورکەکان کاتێ بەرەو ئەورووپا چوون، مامەڵەیان لەگەڵ واتاکانی فەرەنسی هەمان مامەڵە بوو کە لەگەڵ عەرەبی و فارسیدا دەیان کرد، پاشان (گیب) لە لاپەڕە (٧)دا دەڵێ هۆکاری ئەم گۆڕانە بەرەو ڕۆژئاوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تورکەکان کە پێوەندییان بە فارسەکانەوە کرد، پێیان سەرسام نەبوون، بەڵام درکیان بەوە کرد کە لەڕووی ڕۆشنبیری و زانستەوە لەوان باڵاترن بۆیە بە گوڕو تەوژمەوە بەرەو ئەدەب و ڕۆشنبیری فارسی چوون و لێیان وەرگرتن. تەنانەت بەچاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری ئەم ڕۆشنبیرییەیان نەکرد کە ئایا لەگەڵ عەقڵیەتیان دەگونجا یان نا، بە پێچەوانەوە هەوڵیان دا کە سروشت و دەروونی خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، خۆیان ناچار بکەن کە لەسەر هزری فارسی بیربکەنەوە، پاشان لە لاپەڕە (٣٠)دا گیب دەڵێ ئەدەبی فارسی لە بەستەڵەکدا بوو، خوێنی تێدا ڕاوەستابوو، هزر و مانای کۆنی تێدا باوبوو.

هەر لەبارەی ئەم گۆڕانکارییەوە (گیب) لەلاپەڕە (٢١٤)دا دەڵێ: لەنێوان سروشت و عەقڵییەتی فارسی و تورکی جیاوازی هەبوو، عەقڵییەتی فارسی خەیاڵی خەوبینانە بوو، عەقڵییەتی تورک ڕیالیستی بوو، شاعیرانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی شیعری فارسیان بە واتاکانی تورکی دەنووسی، لەبۆهۆکاری چوارەمدا لە لاپەڕە (٢٩) دەڵێ گیانی شیعری فارسی لەگەڵ عەقڵییەتی تورکدا نەدەگونجا، چونکە سروشتی تورک ساکاربوو، بەڵام فارسەکان فێڵبازبوون گۆڕانی تورکی شەعبی بابەتی بوون، بەڵام هی فارسەکان خودی بوون جا لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدا، ئایا عەقڵییەتی ئەورووپی، بەتایبەتی فەرەنسی لەگەڵ عەقڵییەتی تورک دەگونجێ، دیارە گیب دەڵێ کاتێ تورکەکان بەرەو ئەورووپا چوون مامەڵەیان لەگەڵ واتاکانی فەرەنسی دەکرد وەکو چۆن پێشتر هەمان مامەڵەیان لەگەڵ واتاکانی عەرەبی و فارسی دەکرد، کەواتە سروشت و کەسایەتی تورک

لەکوێندەرێیە؟ دیارە ڕزگاربوون لەواتاکانی عەرەبی و فارسی و بەکارهێنانی واتاکانی تورکی شوێنی سەرسامییە، بەڵام وەلانانی واتاکانی عەرەبی و فارسی لە جیاتیان واتاکانی ئەوروپی بەکاربهێنن ئەمەش کارێکی سەرسوڕهێنەرە بە هەرحاڵ لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا (ثروت فنون) ساڵی ١٨٩١ز پەیدا بوو، ئەم شەپۆلە بایەخێکی زۆریان بە ئەدەبی ئەوروپی دەدا، بە پێچەوانەوە شەپۆلێکی تری نەتەوەیی. سەری هەڵدا خاوەنی ئەم شەپۆلە داوای پاک کردنەوەی زمانی تورکی و ڕزگاربوونی لە واتاکانی بیانی دەکرد.

## کورد و ئیسلام

زاناو ڕۆشنبیرانی کورد هەر لە دێرزەمانەوە خزمەتی بێ پایانی ئیسلامیان کردووە، ئەوەندەی بە تەنگ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکییەوە بوون، ئەوەندە بایەخیان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان نەداوە، زیاتر مەبەستیان خزمەت کردنی شارستانێتی ئیسلام بووە، بەرامبەر بەم هەموو خزمەت و فیداکارییە گەلی کورد بۆ گەلانی عەرەبی و فارسی و تورکی پێشکەشیان کردوون پێشێل کردنی سادەترین مافەکانی مرۆڤایەتی و قەدەغە کردنی زمانی کوردی لێکەوتۆتەوە وەکو وەفایەک بەرامبەر کورد لەلایەن عەرەب و تورک و فارسەوە بە ئەنجام گەیاندراون. مێژوونووس و زانایانی کورد هەردەم وەکو مۆمێک بۆ پزاندنی هزرو شارستانێتی لە ڕۆژهەڵاتدا سووتاون، «ئایا هەن لە زانایانی موسڵمانان کە ناوی شاری (حەران) یان نەبیستبێت کە کەوتۆتە نزیک شاری (ئورفە) ئەو شارەی ببووە ڕووناکی بەخشینی هەمە جۆر لە زانستە وشارییەکان، هەر لەم مینبەرەوە هەموو فەلسەفە و زانستێکی یۆنانی گواستراوەتەوە بۆ ئێران و جیهانی ئیسلامی بەگشتی زۆربەی زاناکانی کەبەبلیمەت ناویان دەرکردبوو ماوەی سوختەیی و فەقێیەتیان لە شاری (حەران) تەواو کردووە وەک فارابی بۆ نموونە هەروەکو (ئیبن تەمیمە) ئەویش کوڕی پێگەیشتووی شاری (حەران) بووە، یۆنانییەکان (ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی)یەکان لەپێش داگیرکردنی ئیسلامی، چەند ناوچەیەکی کوردستانیان داگیرکردبوو، لەو ناوچانەدا زۆر لە زانست و هونەری خۆیان بڵاوکردەوە، بەردەوام تائێستا زۆر لە چیاو دۆڵ و کەلاوەی کوردستان بەناوی یۆنانییەوە ماوەتەوە، نەتەوەی کورد هەمیشە بازنەی پێوەندی و گەیاندن بووە بۆ گواستنەوەی زانستی ئیغریقی خۆرئاوا بۆ ناو گەلانی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی، سەرەڕای ئەو هەموو خزمەتە مەزنەی کە گەلی کورد پێشکەشی بە موسڵمانانی کردووە، بە تایبەتی بۆ برا عەرەبەکان و فارسەکان ئەویش هەمووی لەسەر حیسابی ئاواتەکانی دوارۆژی میللەتی کورد بووە، زاناکانی خزمەتی زمان و ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیان کردووە. لەوانە (ئیبن خەلەکان) خاوەنی کتێبی (وفيات الاعيان) کە لە ٦٨١ک، کۆچی دوایی کردووە، ئیبن مستەوفی کە لە ٦٣٧ک، کۆچی دوایی کردووە، (ابو الفداء الايوبي) کە لە ٧٣٢ک، کۆچی دوایی کردووە، (ابن الاثير الجزري) کە لە ٦٣٠ک، کۆچی دوایی کردووە، (ابن الحاجب) کە خاوەنی الكافية والشافية لە ڕێزماندا ئەبو حەنیفەی دینەوەری کورد ٨٩٥ ک، کۆچی دوایی کردووە. (ئەحمەد شەوقی، معروف الرصافي، جميل صدقي الزهاوي، محمود تيمور، عاشة تيمور، بلند الحيدري، محەمەد عەبدە، عەبدولڕەحمان کەواکبی، عباس العقاد، مصطفى جواد، خيرالدين الزرگلي، محمد كرد علي ...تاد) هەروەها (محمد قازي، محمد موکری، ڕەشید یاسمی) خزمەتی زمانی فارسییان کردووە، (ئیمام محەمەد غەزالی ١٠٥٨- ١١١١ز) فەرموویەتی ڕۆشنبیری ئیسلامەتی لەسەر چوار کۆڵەگە دامەزراوە، سێ کۆڵەگەیان بریتین لەم زانایانە (الشهرزوري، العمادي «ئامێدی» الدينوري) ئەمانیش هەموویان لە زاناکانی گەلی کوردن.

هەر لە کۆنەوە گەلێ وشەی زمانەکەمان بەهۆی هاتنی ئیسلام و داگیرکردنی کوردستانەوە، یان بەهۆی دراوسێیەتی و باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە بێ، یان لە ڕێگای گەشت وگوزارەوە بێ، بەدەیان وشە لەنێوان کوردی و عەرەبیدا تێکەڵاوی یەکتربوون جا لێرەدا هەندێ لەو وشە کوردیانە دەخەینە ڕوو کەلە عەرەبیدا بەکاردێت:

| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| هندسة | ئەندازە |
| اسطوانة | ستوون |
| جاموس | گامێش |
| جزر | گێزەر |

| | |
|---|---|
| جوز | گوێز |
| برکان | پڕوکان |
| بابوج | پاپوش |
| طاق | تاق |
| طاقم | تاقم |
| قطار | قەتار |
| کهرباء | کارەبا |
| جنحة | گوناه |
| الحملة | هەڵمەت |
| لولب | لاولاو |
| الخندق | کەند |
| بلوط | بەڕوو |
| نماذج | نموونە |
| الساذج | ساکار |
| برنامج | بەرنامە |
| دربند | دەربەند |
| خنجر | خەنجەر |
| جص | گەج |
| طازج | تازە |
| کاغد | کاغز |
| دستور | دەستوور |
| مسجد | مزگەوت |
| ارجوان | ئەرخەوان |
| دوشک | دۆشەگ |
| سادة | سادە |
| حقیبه | هەگبە |
| دسته | دەستە |
| چفچیر | کەوگیر |
| شکردان | شەکردان |
| هندام | ئەندام |
| شیشه | شووشە |
| اطناب | تەناف |
| کومة | کۆمە |
| لزج | لچق |
| تنک | تەنک |
| سرکال | سەرکار |
| سروال | شەرواڵ |
| سوسن | سەوسەن |

بەرامبەر بەمەش زۆر وشەی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانەکەمانەوە زەکات، عەبا، حەج، جمعە، فیکر، عیلاج، سەروەت، دەرس، حەیوان، ئەدەب، سیاسەت، قەدەر، عەقڵ، ئیمان، جنس، ڕەسم، زوڵم، قەرز، دەماغ، ئینسان، صنف، شاهد....تاد.

لەزمانی تورکیشدا بەدەیان وشەی کوردی دەبینرێن کە لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو، هەفتە، بازاڕ، پارچە، دەستە، سەرخۆس، مەراق، نموونە، پەنجەرە، پەردە، دەربەدەر، دەرد، خۆش، دیوار، دۆشەک، داستان، پەشیمان، شیرن، سۆز، پیاسە، پیادە، هیچ، کەس، دۆست.. بەدەیان وشەی تر.

دیارە لە بارەی وشەی عارەبییەوە، وشەیەکی عارەبی زۆر چۆتە ناو زمانی تورکییەوە، ئیدارە، ئەساس، کتاب، صباح، (مع الاسف) زیادە، کشف، ایضاح، ایجاب، حرکة، تکبر، خدمة، رجاء، حس، دقة، مصدر، رد، ضمیر، ظرف، جمهوریة، ادبیات، شکر، حمد، صفحة، محنة، حریة، دائرة، زقاق، محلة، عقل، فکر، دوام...

**سەرچاوەکان:**


**1- E.J.W. Cibb: A History ofottoman Poetry, Vol, 1,Page5, London, 1958.**

**٢- اسماعیل حبیب: تورک تجدد أدبیاتی تاریخی استانبول، ص١٣.**

**٣- د. طه ندا؛ الأدب المقارن، دارالنهضة العربیة بیروت، ١٩٧٥، ص٩٣.**

**٤- پرۆفیسۆر جەماڵ نەبەز: کوردانی سەرگەردان و براموسوڵمانەکانیان، ١٩٩٨.**

**٥- مەحموود زامدار (کوردی لە عەرەبی دا) ڕۆژی کوردستان، ژمارە پێنج، ١٩٧٣.**

# فەلسەفەی ئەڵمانی پاش هایدگەر

هزرمەندی ئەڵمانی (هێربەر شنادلباخ) دەڵێ: «فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمانی لە سێ کتێبەوە هەڵقوڵاوە: ( توێژینەوەی فەلسەفی-لۆژیکی)ی لۆدڤیگ ڤیتگنشتاین، (مێژوو و هۆشمەندیی چینەکان)ی جۆرج لۆکاش و (بوون و کات)ی مارتن هایدگەر کە یەکەمیان لە ١٩٢١ و دووەمیان لە ١٩٢٣ و سێیەمیان لە ١٩٢٧ دەرچووە. لە ڕاستیدا، هایدگەر لە ڕێگای کتێبی (بوون و کات)ەوە، بوو بە هزرمەندێکی ناودار و گرنگ نەک هەر لە ئەڵمانیادا، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا، تەنانەت (جۆرج میش)ی ڕکابەری دانیپێنا کە (خاوەن نەفەسێکی درێژە) پاش هایدگەر، فەلسەفەی ئەڵمانی نوێ توانی ڕەوت و قوتابخانەی هزری ڕکابەر لێک نزیک بکاتەوە، وەک دیاردەگەریی هزرمەند (دیلتی) و فینۆمینۆلۆژیای هۆسرل و پراگماتیزمی (ماکس شیلەر) بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەری کێشەی (فەلسەفەی خود) یان (فەلسەفەی ئیگۆ) بکات لە ڕووی مێژووییەوە. ئەم کۆششە هزرییە نوێیە لەڕووی مەعریفییەوە، دەرفەتێکی بۆ مۆتیڤە ترسناکەکانی (دیالێکتیکی بوون)ی کیرکگارد ڕەخساند تاکو بتوانێ پرسیارە کلاسیکییەکانی میتافیزیکای (ئەرستۆ، تالیس)، سەرقاڵ بکات. تاکو ئێستاش ئەم دەروازە نوێیە پاش هایدگەر، وەک دابڕانێک یان وەک خاڵی وەرچەرخانێک لە فەلسەفەی ئەڵمانی (پاش هیگڵ) لە قەڵەم دەدرێ. هایدگەر لە نێو کتێبی (بوون و کات)دا توانی بیرۆکەی ترانسندینتال (باڵابوو: متعالی) لە (ئیگۆ): من، دابڕێنێ. ئەمەش

ئازاد خدر

بووه هۆی ئەوەی کە ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ڕۆژئاوایی- کە لە نیتشەوە دەستی پێکردووە- ببێتە هاوسەنگێکی، یان هاوتایەکی ئایدیالی بۆ ڕەخنەی ماتریالیانە لە (عەقڵی ئامرازیی: العقل الاداتی) کە پەیوەستە بە فەلسەفەی (هیگڵ)ەوە لە لایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە، ببێتە شێوازێکی مەعریفی و پردێک لە نێوان کارل مارکس و ماکس ڤیبەر. سەرەڕای توێژینەوە ژیرەکانی هایدگەر لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە توانی پێشینە و دەسپێکەکانی (پێوەوی هزری ئەنتۆلۆژی-زانستی بوون-مۆدێرن) ئاشکرا بکات، بەڵام خاڵە لاوازەکەی ئەوە بوو کە مێژووی میتافیزیکای بۆ یەک ڕەهەند کورت کردەوە و لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕووتاندەوە، واتە دووری خستەوە لە کۆمەڵناسی، وێڕای ئەوەی کە ژیرانە ڕاڤەی کێشەی فەلسەفی (کات)ی کرد و مێژووی واقیعی لە پشت پەردەی (مێژووگەرایی History train)ەوە شاردەوە، بەڵام (کات)ی ئەڵمانی ساکارانە ڕاڤەکرد. ڕەخنەی هایدگەر لە بیرۆکەی (ترانسدینتال) و میتافیزیکای ئەڵمانی، کاریگەری بەردەوامی لەسەر زانکۆکانی ئەڵمانیدا هەبوو لە سییەکان و چلەکان، ئەم هەژموونە ئەکادیمییەی تا کۆتایی شەستەکانیش بەردەوام بوو، ئەم کاریگەرییە وەک بەڵگەنامەیەک لەنێو کتێبێکی (ئۆتۆ پولگەر)دا هاتووە کە بە بۆنەی یادی ٨٠ ساڵەی لەدایکبوونی هایدگەر نووسیویەتی. لەڕاستیدا گەڕانەوەی فەلسەفەی زمانەوانی-شیکاری (ڤیتگنشتاین) و فەلسەفەی ڕەخنەی مەعریفی (کارل پۆپەر) و (کارناپ) و مارکسیزمی ڕۆژئاوایی (هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ و ئیرنست بلوخ) بۆ زانکۆکانی ئەڵمانیا، ئاماژەیەک بوو بۆ ئاسایی کردنەوەیەکی ڕەوشی فەلسەفە لە کاتێکی درەنگدا. ئەو کاریگەرییەی هایدگەر یەکەمجار لەسەر فەلسەفەی بوونخوازی (سارتر) و فینۆمینۆلۆژیای (دیاردەگەرایی) میرلۆپۆنتی بەدیارکەوت و دواتریش لەسەر قوتابخانەی هێرمنۆتیکای فەلسەفی (هانس گادامێر) و (کارل ئۆتۆ ئاپیل) و (مایکل تونیسن) و (ئیرنست توگندات). هەروەها ڕەخنەی هایدگەر لە عەقڵی ڕۆژئاوایی، دەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبوو لە فەرەنسا و ئەمریکادا، بەتایبەتی لای (جاک دریدا) و (ریچارد ڕۆتی) و (هە. دریفوس). بێ گومان هەڵوێستی سیاسی هایدگەر لە سییەکاندا (بەتایبەتی پێوەندییەکەی لەگەڵ نازیەتی ئەڵمانیدا) ئاکامی سلبی هەبوو بۆ کاروتوێژینەوە هزرییەکانی، بەڵام هیچ فەیلەسووفێک و هزرمەندێک تاکو ئێستا حاشای لەوە نەکردووەکە کتێبی (بوون و کات) بە درێژایی سەدەی بیست، سەرجەم بوارەکانی هزری فەلسەفی سەرقاڵ کردووە . جگە لەوەش، هەڵوێستی هایدگەر (پاش ساڵی ١٩٤٥) بۆ ڕابردووەکەی، نموونەی هەڵوێستێکی هزرییە کە مێژووی سیاسی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی لە شەستەکاندا ڕەنگرێژ کردبوو. دواتر ڕەوتی ڕەخنەگرتن لە عەقڵ و هایدگەریزم بە گشتی، پتر لە فەرەنسادا بڵاو بووەوە، لەوبارەوە (مانفرێد فرانک) دەڵێ (پاش هایدگەر زۆربەی قوتابییە ئەڵمانییەکان، ڕوویان کردە تیۆرە نوێیەکانی فەلسەفەی فەرەنسی، دیارە لاوانی ئەڵمانیا زۆر بە پەرۆشەوە پێشوازی هەر هزرێکی فەرەنسی- جیهانی دەکەن کە لەگەڵ نەریتە ناعەقڵانییەکاندا بگونجێ، کە وەک میراتێک لە سەردەمی نازیەتەوە بۆیان ماوەتەوە و تاکو ئێستاش درێژەی هەیە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا پرسیارێک دێنێتە ئاراوە: ئاخۆ هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان فەلسەفەی هایدگەر و بیروبۆچوونە سیاسیەکانیدا هەیە لەبارەی ڕەوشی مێژوو و ئەنتۆلۆژیای (کات)ەوە؟. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، پاش مردنی هایدگەر، (ئۆتۆپۆگلەر)ی هاوڕێی لە کتێبی (ڕێڕەوی هزری مارتن هایدگەر)دا دەڵێ (گومان لەوەدا نییە کە خودی فەلسەفەی هایدگەر، بووە مایەی نزیک بوونەوەی ئەم هزرمەندە لە بزووتنەوەی نازی لە ئەڵمانیادا). واتە (پۆگلەر) دەیەوێ کارە فەلسەفییەکانی هایدگەر بە قەیرانەکانی ژیانی ببەستێتەوە. لەم ڕووەوە، پۆگلەر بەراوردێک دەکات لە نێوان (قەیرانە ئاینییەکەی هایدگەر لە ساڵی ١٩١٧) و قەیرانە ئابوورییەکەی جیهان لە ١٩٢٩دا، کە بووە مایەی وەرچەرخانە سیاسی و ئاینییەکەی هایدگەر کە لە ساڵی ١٩١٩ دا بە ویست و ئارەزووی خۆی وازی لە خوێندنەوەی فەلسەفە هێنا و دواتر وازی لە لاهووتی کاتۆلیکیش هێنا. (پۆگلەر) هۆی ئەم دابڕانەی هایدگەر لەم لاهووتە، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوە (کە هەندێ بیروبۆچوونی لەبارەی ئیپستمۆلۆژیا- تیۆری مەعریفە-وە، وای کرد سیستەم و ڕێتمی کاتۆلیک لای ببێتە ئاینێکی ئیشکالی کە نەیتوانی پەسەندی بکات و دواتریش خودی مەسیحیەت و میتافیزیک بە گشتی- بەمانا نوێیەکەی- لای بووە

کێشەیەکی مەعریفی گەورە). ئەم کێشەیە وای کرد هایدگەر بایەخ بە ڕیفۆرمی (چاکسازی) ئاینی (مارتن لۆتەر) و میتافیزیکی (کیرکگارد) بدات و (چاوی بە بولتمان بکەوێ لە ماربۆرگ). ئەمانە چەند هۆکارێک و (مۆتیڤێک) بوون بۆ هایدگەر کە لە نێویانەوە توانی کێشەی پێوەندی نێوان مێژوو و میتافیزیک بخاتە ڕوو. دوای ئەو بۆ فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمانی بەتایبەتی، هەڵوێستە (ئیلحادییە مەنهەجییەکەی هایدگەر). وەک پۆگلەر دەڵێ- (نەبووە مایەی داخرانی ئاسۆی مەعریفەی مەسیحی). پاش هایدگەر، فەلسەفەی ئەڵمانی دەستی کرد بە (ڕاوەدوونانی فینۆمینۆلۆژیای ژیان)- ئەوەی کە هایدگەر خەریکی بوو و کە پشت ئەستوور بوو بە مەعریفەی خودی. ئەمەش ڕەوشی فەلسەفەی بەتەواوی گۆڕی و سێ گۆڕانکاری گەورەی لێکەوتەوە، یەکەم: گۆڕانکاری لە میتۆدی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرل (لە ڕووی هێرمنۆتیکییەوە)، دووەم: گۆڕانکاری لە کێشەی ئەنتۆلۆژیای میتافیزیکایی- لە ڕێگای فەلسەفەی -کات-ەوە ئەوەی کە کرۆکی کتێبی (بوون و کات)ی هایدگەر بوو. سێیەم: گۆڕانکاری ڕادیکالیانە لە بیرۆکەی (خودی باڵابوو: الذاتية المتعالية: -Tran-sendetal-subject) کە دووبارە داڕێژراوە بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتر و تێرتر بکرێت لە ڕووی هزرییەوە و بگونجێ لەگەڵ پێشهاتەکانی فەلسەفە دوای هایدگەر و ببێتە (پێشنیارێک بۆ خودی ژیان بەگشتی) و شوێنێکی دیاریکراوی لە مێژوودا هەبێت و بەهۆیەوە بیرۆکەکەی هایدگەر (کەینونە لێرە: كينونة هنا: Dasein- بە زمانی ئەڵمانی)- وەک هەبوونێکی پێشینە-خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ. هەڵبەتە گۆڕانکاری دووەم و سێیەم -کە ئاماژەمان بۆ کرد ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی هایدگەر لە ژیانیدا سەرگەرمی (فەلسەفەی بوونی و ڕەوشی مرۆڤایەتی) بوو و بۆچی ئەم پابەند بوونە بەو ئەنتۆلۆژیایەی مرۆڤایەتیەوە پێویستی بە ئەنتۆلۆژیایەک بوو لەبارەی (شتە نەگۆڕەکانی بوون) بەتایبەتی لەنێو فەلسەفە بوونخوازییە مۆدێرن و کراوەکەی (کارل یاسپرس)دا بە مانایەکی دیکەی بیرۆکەی (کەینونە لێرە Dasein) کە کرۆکی کتێبەکەی هایدگەر (بوون و کات) بوو، وێڕای بوونخوازییە ڕادیکالیانەکەی، هەروەکو خۆی مایەوە پاش هایدگەر، واتە وەک تیۆرێک بۆ (بوون -لەنێو- جیهاندا) هەر مایەوە. لە ڕاستیدا، ئەم بیرۆکەیەی هایدگەر ئەو ناکۆکییە زەقە ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەی قوتابیانی و ڕاڤەکەرانی فەلسەفەی ئەو تێبینیان کردبوو: ناکۆکی ڕوون و ئاشکرای نێوان بانگهێشت بۆ هزرێکی مێژوویی توندڕەو لەلایەکەوە و ڕووتاندنەوەیەکی زۆرە ملێیانەی مێژووگەرایی لە خودی پرۆسە مێژووییەکان لەلایەکی دیکەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش، خودی کتێبی (بوون و کات)، دوای هایدگەر بۆ فەلسەفەی ئەڵمانی بەتایبەتی سوودێکی زۆری هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە توانی بە شێوەیەکی ئەرێیانەتر و مەعریفیانەتر مامەڵە لەگەڵ (فەلسەفەی هۆشمەندی)دا بکات و زاڵبێت بەسەریدا. بێ گومان کتێبی ناوبراو گوزارشت لە هەلومەرج و مۆرکی سەردەمێک دەکات کە هایدگەر تێیدا ژیاوە. ئەو سەردەمەی کە تێیدا چەمکی (نیهیلیزمی بوێرانە Protagonist Nihilism) مەیلێکی هاوبەش بوو بۆ هایدگەر و شۆڕشگێڕە موحافیزکارەکانی وەک (شپنگلەر) و (یۆنگلەر) و (کارل شمیت) و ئەو گرووپەی کە پێیان دەگوترا (گرووپی کار) بەڵام (پۆگلەر) ڕاست دەکات کە دەڵێ، ئەو مەیلە عەدەمیەتە پاش قەیرانە جیهانییە گەورەکەی١٩٢٩ و هەرەسی کۆماری (ڤایمار)ی ئەڵمانی، لەنێو فەلسەفەی هایدگەردا سەری هەڵدا. لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا، فەلسەفەی (پۆزەتیڤیزمی نوێ: الوضعية الجديدة) وەک کاردانەوەیەکی توند و زانستیانە بۆ هایدگەریزم لە جیهاندا هاتە ئاراوە، کە کاردانەوەیەک بوو دژی هەر جۆرە فەلسەفەیەکی نهیلیستی و ڕەشبین. ئەو پۆزەتیڤیزمە نوێیە دەڵێ، فەلسەفەی زانستی گەر بیەوێ وەک تاکە شێوەی بڕوای عەقڵانی داکۆکی لە خۆی بکات، ئەوا دەبێ خۆی پاک بکاتەوە لە سەرجەم تیۆر و بۆچوونەکان کە پێوەندییان بە زانستەوە نییە و ئەزموونی نین. واتە ئامانجی فەلسەفەی زانستی ئەوەیە، وەسف و پێشبینی بکات بۆ پێوەندییە تێبینیکراوەکانی دیاردەکان. بە مانایەکی دیکە ئەم فەلسەفەیە پێچەوانەی فەلسەفەی (خودگەرایی ترانسندینتاڵ)ە لەلایەکی دیکەوە، لە ئەمریکادا هەندێ فەیلەسووفی (پراگماتیزمی نوێ) وەک (چارلس پێرس) و (ولیام جێمس) و دواتر (جۆن دوی) هەمان کاردانەوەیان هەبوو بۆ هایدگەریزم و (فەلسەفەی دژی عەقڵ)ی ئەڵمانی بەگشتی (کە وەک میراتێک لە

نیتشەوە بۆ فەیلەسووفە ئەڵمانییەکان ماوەتەوە). ئەم پراگماتیزمە نوێیە دەڵێ (هەموو ئەرکی هزر ئەوەیە، نەریتەکانی کارکردن بەرهەم بهێنێ). بۆ نموونە (پێرس) دەڵێ: (مانای هەرشتیک، زۆر بەئاسانی ئەوەیە: چەند نەریتی بەخۆوە دەگرێ) واتە هەر شتێک مانای نامێنێت ئەگەر هەڵگری (نەریتی کار) نەبێت. بەم جۆرە پێوەری پراگماتی بۆ مانا، سەرجەم بیروبۆچوونە ئایدیالییەکان لەبارەی (شتی ڕەها) و (بوونی ڕەها)وە هەڵدەوەشێنێتەوە نەک لەبەر ئەوەی (درۆن) بەڵکو لەبەر ئەوەی بێ مانان، بەڵام ئایا جیاوازی نێوان هایدگەریزم و ماتریالییەکان بەگشتی چییە؟. لەڕاستیدا، جگە لە (ولیام جێمس)، زۆربەی پراگماتیستەکان وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ پرسیاری ناوبراو نییە، چونکە تەنانەت بڕوایان بەهیچ شتێکی، یان بیرۆکەیەکی میتافیزیکی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا نییە. کەچی هەر خۆیان قەرزداری مۆرکە شاراوەکانی (پراگماتیزم)ن کە لەنێو کتێب و توێژینەوەکانی (کانت) و (فیختە) و خودی (نیشتەی مامۆستای هایدگەر)دا بەدی دەکرێن. دواتر فەیلەسووفی ئینگلیزی (برتراند ڕاسڵ) هات و وتی: فەلسەفە تەنیا لە ڕێگای شیکردنەوەی تێروتەسەل بۆ (بیرۆکەی لاوەکییەکان) پێش دەکەوێت. ئەم بۆچوونە وەک میزاجێکی نوێ و کۆمەڵەیی (جەمعی) بوو دژی تیۆرە فەلسەفییە کۆنەکان، وەک فەلسەفەی هیگڵ و هیگڵیزم و هایدگەریزم و ئایدیالی ئەڵمانی بە گشتی. (برتراند ڕاسڵ) بەناوی (زانست)ەوە هێرشی بردە سەر کێشە و ناکۆکییە ئایدیالییەکان، بەڵام (ج.مۆر) ی هاوڕێی بەناوی (ڕای گشتی)یەوە ئایدیالیزمی ئەڵمانی ڕەت کردەوە. ئەم دوو هزرمەندە هەر جۆرە (تەفەلسوف)ێک و سەفسەتەیەکی ئایدیالیانە کە نەگونجێ لەگەڵ (کۆجیتۆی دیکارتی: من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم)دا ڕەت کردەوە. واتە بە پێچەوانەی میراتە ئایدیالیست و ناعەقڵانییەکەی فەلسەفەی ئەڵمانی بەگشتی و هایدگەریزم بەتایبەتی، گەڕانەوە سەر پرەنسیپ و دیسپلینەکانی عەقڵ وەک (هیوم) دووپاتییان کردەوە کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی سیحری یان ئایدیالی لە نێوان کێشەکانی واقیعدا نییە، بەڵام دڵنیا نەبوون لەوەی کە تا چەند ئەم هەڵوێستە واقیعبینەیان لەگەڵ (ڕەخنە لە عەقڵی تیۆری)دا– کە بەشێکە لە فەلسەفەی کانت و ئایدیالیزمی ئەڵمانی– دەگونجێ. هەر چۆنێک بێت، فەلسەفەی پراگماتی و فەلسەفەی ڕیالیزمی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستاش، بە توندی جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، یان هەوڵ دەدەن خودی فەلسەفە نزیک بکەنەوە لە زانستە ئەزموونگەرییەکان و ماتماتیکییەکان و لەم ڕوانگەیەوە (برتراند ڕاسڵ) پێی وابوو کە ئەخلاقیات و فەلسەفەی سیاسی بەشێک نین لە فەلسەفە، چونکە بەدوای (ڕاستی)دا ناگەڕێن، بەڵکو تەنیا گوزارشت لە چەند هەڵوێستێک دەکەن. پاش پتر لە پەنجا ساڵ لە هەژموونی پراکماتیزم لە ئەمریکا (فەلسەفەی ولیام جێمس و جۆن دیوی) و فەلسەفەی (ج مۆر و برتراند ڕاسڵ) لە ئینگلتەرا و فەلسەفەی (دژی عەقڵ)ی (نیتشە و هایدگەر) لە ئەڵمانیا، (یورگن هابرماس) هات و دووبارە مۆمی ڕووناکبیری Enlightent-ment هەڵگیرساندەوە و ڕێتمەکانی ڕەخنەی عەقڵانی و لیبرالی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)ی بووژاندەوە. ئەم هەوڵەی تەواوکەری هەوڵەکەی فەیلەسووفی (کۆمەڵگای کراوە): (کارل پۆپەر) بوو بۆ گەڕان بەدوای (ڕاستی) و (مانا)دا یاخود بۆ گەڕان بەدوای (لاهووتێکی لیبرالی و پۆزەتیڤ و وضعي) لەڕاستیدا، کارل پۆپەر– کە وێڕای ئەوەی بەزێد نەمسایییە، بەڵام هەر بە فەیلەسووفێکی ئەڵمانی لە قەڵەم دەدرێت – بە پێچەوانەی هایدگەر– کە دەیگوت: فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانی بەگشتی میراتگری فەلسەفەی گریکی کۆنە– وتی: ڕاستی لە پێشەوەمانە نەک لە دوامان. بە مانایەکی دیکە، ویستی ڕووناکبیرییەکی مۆدێرن و کراوە ببووژێنێتەوە دژی هەر جۆرە بیروبۆچوونێکی ئایدیۆلۆژیی و نازانستی.


**سەرچاوەکان:**

**١– الوجود والزمن: مارتن هایدغر–الطبعة الثالثة، ١٩٨٥.**

**٢– مسیرة فکر مارتن هایدغر: اوتوبوغلر، ١٩٨٠.**

**٣– الفلسفة الالمانیة: ه. شنادلباخ؛ الطبعة الاولی، ١٩٩٠.**

**٤– فلاسفة البراغماتیة: ب.کریبس الطبعة الثانیة، ١٩٨١.**

**٥– خطاب الحداثة: یورغن هابرماس.**

# دنیای نویَ و پرسیار له بایەخی ئەدەب

زیاد ڕەشاد قادر

له مـێـژووی دوور و نزیـکی دنیـادا، ئەدەب بە تەواوی ژانر و ڕەگـەزەکـانییـەوە، وەک نەقـشی ئێـجگار گـەورەی بووە لە پەیدابوون و نەشـونماکـردنی ڕەوتە فـەلسـەفی و قوتابخانە فیکرییەکاندا، هەروەها هەرمێن و دەسەڵاتی بەرفـراوانی بووە لە گۆڕین و ئاراستـەکـردنی جـەمـاوەری خـەڵک و هاندانیـان بۆ ڕابوون و هۆشـیـاربوونـەوە. ئەوە ئەدەبە زۆر کەرەت دەبێتە ژێدەر بۆ دەرهێنانی دەرەنجامە مـێـژووییـەکـان و وێنەی بار و ڕەوشی ژیانی ڕابردوو دەکـێـشـێت، وەک چۆن لە فـۆرم و کـلـێـشـە کـۆن و بەسـەرچووەکـان دەکەوێتە گومان و پرسیارکـردن. بەڵێ ئەدەب لەلایەکـەوە بووەتە چەکی بەرەنگاری و ئامـرازی پتەوی خەباتی گەلانی بندەست و هەقخوراوان، لەلایەکی دی ئەرکی پاراستن و پێـشـخـستنی زمـانی نەتەوەیی گرتۆتە ئەستۆ. هەر ئەدەبیش جارێک سەنگەری لە ستەم و کەموکورتییەکان گرتووە، جارێکی دی بووەتە دوانگەی ڕاستبێژی و کەڤاڵی جوانییەکانی ژیان و بوون. ئەمە بە چاوپۆشین لەوەی لەهەمـوو ئانو زەمـانێک لەپاڵ ئەدەبی ڕاستەقینە و بوێر و خاوێن، هەردەم ئەدەبێک هەبووە هی دەربار و دزێو، دژی هەموو ئەو بەها و مۆڕاڵ و جوانییانە جـەنگاوە کـە ئەدەبی ڕاسـتـەقـینە لە پێناویدا ڕەنج و قوربانی داوە... لەبەرئەوە لە هەر شوێنێکی ئەم باسە کە واژە و نێـوی ئەدەبمان هاورد مەبەست لێی جـوانیـخـواز و هەقـبـێـژ و قـوربـانیـدەرەکـەیە.. نەوەک ئەو مـشـەخـۆر و تاریک و بێ دەروەستەی لە گشت سەردەم و قۆناغـەکـان لە پەنا و بەرگی ئەدەب خۆی نیشان داوە.

ئەگەر (ئۆرێنتالیزم) وەک دەڵێن ئەو چاوە بێت ڕۆژئاوا

لێیەوە کولتوور و ژیان و ژیاری ڕۆژهەڵات بخوێنێتەوە و پێناسە بکات، تا ئێستا دەیان و سەدان کتێبی ڕۆژهەڵاتناسان چاپ کراون و ئەوەندەش کتێب لەسەر مەبەست و شێواز و پەیامی ئۆرێنتالیستەکان بڵاو کرابێتەوە، ئەوە نابێ هیچ بەلامانەوە سەیر بێت کە وەرگێڕانی کتێبێکی ئەدەبی یەکەم هاندەر و دەروازەی ڕۆژهەڵاتناسی بووبێ، چونکە وەک دەگێڕنەوە پاش ئەوەی (ئەنتۆن گالان ١٦٤٦- ١٧١٥) چیرۆکی (الف لیلة ولیلة)ی لە عەرەبییەوە گۆڕی بۆ فەڕەنسی، ئەم چیرۆکە فەڕەنسییەکانی کەمەندکێش کرد بە تاسەوە ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات، تا ئەو ئاستەی نووسەرێکی عەرەب بەناوی (سهيل عروسي) دەڵێ: هیچ زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین پاچڤە کردنی چیرۆکی (الف ليلة وليلة) یەکەم ڕێگە بوو بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی خۆرهەڵاتناسی لە خۆرئاوا.

(د. کەمال مەزهەر) لە (مێژوو)ەکەیدا باس لە بایەخی دەقە ئەدەبییەکانی شاعیری ئینگلیز (شکسپیر ١٥٦٤- ١٦١٦) دەکات لە دیرۆکی بەریتانیادا و پێی وایە کەی مێژوونووس هاتە سەر باسی ژیان و کرداری پاشایانی سەدە ناوەنجییەکانی ئینگلتەرای وەک هێنری پێنجەم و هێنری شەشەم و ڕیتشاردی دووەم و ڕیتشاردی سێیەم و هی تریان، بە ئاسانی دەتوانێ پەنا بەرێتە بەر بەرهەمەکانی شکسپیر، ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات کە شکسپیر زیاتر لە مێژوونووسەکان و کەسانی دی لە قووڵایی دەروون و دیوی نەبینراوی ناوەوەی قارەمانەکان تێگەیشتووە، بەلای (د. کەمال مەزهەر)ەوە بۆ زانینی مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەی فەڕەنساش دەکرێ سوودێکی زۆر لە چیرۆکەکانی (بەلزاک) وەربگیرێت، چونکە بەشێوەیەکی کەم وێنەی هونەرمەندانەوە وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوسای فەڕەنسای کێشاوە. هەر ناوبراو ئەوە دەخاتە ڕوو ڕۆمانێکی سێ بەرگی گەورەی (ئەلیکسی تۆڵستۆی) هەموو ڕووە گرنگەکانی ژیانی ڕووسیای کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەی تۆمار کردووە، ئەمانە و زۆرێک لە بەرهەمەکانی تری هونەرمەند و گەورە ئەدیبانی ئەورووپا لە وێنەی هۆمیرۆس و داڤنشی و ئەلیکساندەر دۆما و لیو تۆڵستۆی بەڕای (د. کەمال مەزهەر) بۆ خۆیان دەست دەدەن ببنە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی مێژوو کە هەریەکەیان بەشێواز و ئاوازێک سەرگورشتە و داستانی ڕابردوو بۆ نەوەی ئیمڕۆ و داهاتوو دەگێڕنەوە.

مامۆستا (مەسعوود محەمەد)یش لە شوێنێکدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە مێژوونووس چەندە سوود لە خەبەری ڕاستی پاتەوپات وەردەگرێ، دەشێ هێندەش سوود لە ئەفسانە و دەقە ئەدەبییە کۆنەکان وەربگرێ، وەک بۆ نموونە باسی ئەوە دەکات چۆن یەکێک لە زاناکان لە ڕێی ڕەمزە ئەفسانەییەکانی ئیلیازەوە توانی شوێنی شاری تەروادە بدۆزێتەوە.

ڕاستییەکی تر کە مەزنیی و کاریگەری ئەدەب نیشان دەدات ئەوەیە زۆربەی ئەو ڕێبازە فیکری و تێزە فەلسەفییانەی ئەمڕۆ ئێمە وەک قوتابخانەی هزری و فەلسەفی و مەعریفی ڕووت تێیان ڕادەمێنین هەر لە وجودیەت و بونیادگەرایی و قوتابخانەی فرانکفۆرت و مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم... لە پێشدا بیرۆکەی ئەدەبی بوون، تەنانەت (ڕێنیسانس) وەک ڕابوونێک کە پایەیەکی ئێجگار گەورەی لە مێژووی ژیانی دنیا بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی هەیە، لەگەڵ ئەوەش دەسپێکی ئەم شۆڕشە لە جموجووڵێکی ئەدەبییەوە دەستی پێکرد. هەروەها زۆرێک لە بیرمەند و فەلسەفەکارانی سەرانسەری گێتی پێوەندییەکی توند و تۆکمەیان بە تێکستە ئەدەبییە بەناوبانگەکان هەبووە و لە چەندین شوێن کاریگەری و سەرسام بوونی خۆیان بەشاعیر و ڕۆماننووسە ناودارەکان دەربڕیوە. ئەوەتا (کارل مارکس)ی گەورە فەیلەسووفی ئەڵمانی چ کاریگەرییەکی دەقە ئەدەبییەکان لە کارەکانیدا دیارە، وەک خۆیشی وتوویەتی ساڵانە جارێک (ئەسخیلۆس)ی بە زمانی یۆنانی خوێندۆتەوە و زۆر کاتیش پەنای بۆ موتاڵاکردنی شیعرەکانی (هۆمیرۆس) و شاعیرانی دی بردووە.

بیریاری فەڕەنسی (ژان فرانسوا لیوتار ١٩٢٤- ١٩٨٨) دەکرێ بە هەوەڵ کەس دابنرێ کە توانیویەتی چەمکی پۆست مۆدێرنیزم بێنێتە ناو بابەتی فەلسەفییەوە، لەگەڵ ئەوەش (لیوتار) سوودی زۆری لە هەوڵە ئەدەبییەکانی کەسێکی وەک نووسەری میسری- ئەمەریکی (ئیهاب حەسەن) لە بارەی ئەدەبی پۆست مۆدێرنەوە وەرگرتووە. (ئەنگلس)یش ئەوە ڕادەگەیەنێ هێندەی بۆ تێگەیشتن لە ئابووری فەڕەنسا کەڵکی لە تێکستە ئەدەبییەکانی (بەلزاک) بینیوە، بەقەد ئەوە سوودی لە ئابووریناس و فەیلەسووفەکان نەبینیوە. هەروەها (چیخۆف) یەکێک بوو لەو چیرۆکنووسانەی زۆربەی ڕووداو و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی ڕووسیای خستە نێو قاڵبێکی ئەدەبی

سەرنجڕاکێشەوە. (ئەنیشتاین)ی خاوەنی تیۆری ڕێژەیی یەکێکە لەو زانایانەی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی (دیستۆڤسکی) قوول دەبوویەوە، بەتایبەتی (براکانی کارمازۆف).... بەهەمان شێوە هەریەک لە (دیدرۆ و ڤۆڵتێر و مۆپاسان و مارسل پرۆست...) بەهۆی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانەکانییانەوە توانیبوویان بارێکی گەورەی پێشڤەبردنی وڵاتی خۆیان و سەرانسەری ئەورووپا بگرنە ئەستۆ، لەبەرئەوە بە خۆڕایی نییە دەبینین خەڵاتێکی جیهانی وەک نۆبڵ لە پاڵ بوارەکانی (پزیشکی، ئاشتی، کیمیا و فیزیا)ساڵانە بە کەسێکی بەهرەوەر و باڵادەستی بواری ئەدەبی دەبەخشرێت، یاخود زۆر جار پاداشتکردن یان مردن یان گۆڕینی باری ژیانی شاعیر و چیرۆکنووسە مەزنەکان وادەبێ وەک ڕووداوێکی گەورە و گرنگ تەماشا دەکرێ، بە چەشنێک (بەختیار عەلی) کارەساتی کوشتنی ئەدیبێک لەگەڵ ڕووداوێکی تراژیدی و ویژدان هەژێنی وەک کیمیا بارانکردنی هێرۆشیما هاوتا دەکات و دەڵێ قورسایی کوشتنی (لۆرکا) لەسەر ویژدان و خەیاڵی مرۆڤایەتی لە تاوانی هێرۆشیما کەمتر نییە، هەر بەختیار عەلی لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ لای من گرنگی ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی لە گرنگی شۆڕشی فەرەنسی کەمتر نییە. (کۆڵن ولسن)یش لە وتەیەکی پەیوەست بەم بابەتەوە دەبێژێ: (ئەوەی ڕۆمانی ئینگلیزی کردی مارکس و داروین و فرۆید بەسەریەکەوە نەیان کرد).

(دانتی ئەلجیری ١٢٦٥- ١٣٢١) لە ڕێگەی نووسراوە ئەدەبییەکانییەوە زمانی ئیتاڵی کردە زمانی نووسین و زمانی لاتینیشی- کە ئەوسا باو بوو- وەلانا، دانتی زمانی نەتەوەکەی بە نانی جۆ دەچوێنێ کە هەموو خەڵکی وڵاتەکەی تێر دەکات، بەڵام زمانی لاتینی بەو نانە دەچوێنێ کە تەنیا دەستەیەکی کەم لێی دەخۆن. هەروەها (جیوڤانی بوکاشیۆ ١٣١٣- ١٣٧٥) یەک لەو نووسەرە ئیتاڵیانە بوو لەسەردەمی خۆیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستن و بەرەسمی کردنی زمانی ئیتاڵیدا بینیوە. بەهەمان شێوە نووسەری ئیسپانی (سێرڤانتس ١٥٤٧- ١٦١٦) لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە توانی بەشدارییەکی کارا لە بناغە دانانی زمانی ئەدەبی ئیسپانی و بەرەو پێش بردنی ئەدەبی جیهانیدا بکات، بە جۆرێک لە هەندێ سەرچاوەدا ئاماژە بەوە دراوە کە (دۆنکیشۆت)ی سێرڤانتس دوای ئینجیل لە گشت کتێبێکی تر زیاتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان.

بەڵێ ئەوە لە گەورەیی و پڕ کارگەریی ئەدەبە، کۆنفۆشیۆس ئەو کەسانەی بەلاوە مەزن و گرنگن کە وشەکانی گۆرانی دادەڕێژن نەک ئەوانەی یاسا بۆ خەڵک دادەنێن، یا وەک مایکۆڤسکی ڕوو بە نەیارەکانی دەیوت: (من بە شیعر ئێوە لەناو دەبەم). یاخود وەک (گۆنتەر گراس) ئەدەبی بە لابەری دووریێتییەکان ناودەبرد، هەروەسا لەکن (شیللی) ئەدیبان دەبوونە یاسادانەرە دان پیانەنراوەکانی جیهان، (غەزالی)ش وەک فەیلەسووف و پیاوێکی ئایینیش ئەوەی نەشاردۆتەوە کە هەندێ کەرەت لای ئەو کاریگەری شیعر خەریکە دەگاتە کاریگەریی قورئانی پیرۆز. لە هەمان کاتدا پیاوانی ئیداری و سیاسەت نەیانتوانیوە سەرسام بوون و کەوتنە ژێر کارگەرییان بۆ شاکارە ئەدەبییەکان دەرنەخەن، وەک چۆن پێیان ناکرێ ئەو ترسەی لەو شاکارانەیان هەبووە بشارنەوە.

شاعیری ڕووس (یەڤگینی یەفتشینکۆ) لەم ڕووەوە دەڵێ: (هیچ سەرکردەیەکی ڕووسی لە کۆڕە شیعرییەکان ئامادە نەبوو، لەبەرئەوەی هێندە لەوە دەترسان و دەتۆقین شاعیران لە دەسەڵاتدا ببنە پشکداریان.. ئەمەو (گوردین شیما)ی سکرتێری پێشووی پارتی چەپی سوێدی دانی پێدادەنێ کە پێش نووسینی هەر وتارێکی سیاسی چەند کۆپلە شیعرێکی جوان و نازک دەخوێنێتەوە ئەوجا دەنووسێ.

لای ئێمەش لە کوردستان هیچ کاتێک ڕۆڵی ئەدەب (بەتایبەتی شیعر) لە گوللەی پێشمەرگە و دیبلۆماسیەتی سەرکردە و سیمبولە دیارەکان کەمتر نەبووە، هەر بۆ نموونە زۆرن ئەو نووسەر و لێکۆڵەرانەی سەرەتای بیری نەتەوەیی لە کوردستان دەگێڕنەوە بۆ شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی)، ئەگەرچی بەشێک لە نووسەر و توێژەران ئەمە بە هەڵەیەکی زەق دەزانن چەند دێرە شیعرێک لە ستایشی نەتەوەیەکدا بکرێتە سەرەتای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵام خاڵێکی دی کە زیندوویی و مەزنی دیوانەکەی خانی دەگەیەنێ ئەوەیە کە لەکاتی دادگایی کردنی سەرکردەی کورد (شێخ سەعیدی پیران)دا، یەکێک لە دادوەران دەڵێ تەنیا شێخ لە یاخیبوونی کوردەکانم بەرپرسیار نییە، بەڵکو (مەم و زین)ەکەی (ئەحمەدی خانی)ش لەم مەسەلەیەدا تاوانبارە. نموونەو گوتەزاو ڕووداو گەلی تری زۆرهەن جەخت لەو هەقیقەتە دەکەنەوە کە ئەدەب بەتێکڕای ڕەگەزەکانییەوە وەک بوارێکی کەیل بایەخ و دانەبڕاو لە ژیان دەشێ ئەو ئاوێنە ڕوون و گەورەیە بێت گشت گۆشە

و كونج و كەلەبەرەكانی كۆمەڵگەكانی سەر ڕووی زەوی تیا ڕەنگ بداتەوەو تۆمار بكرێت.

وەلێ ئەو پرسیارەی دەبێ بەدوای وەڵامەكەیدا سۆراخ بكەین ئەوەیە: ئایا ئەدەب هەروەك لە دوێنێی دوور و نزیكدا خاوەنی ئەو سەروەری و وەیسامە گەورەیە بووە، ئایا دەكرێ لەمڕۆی چاخی ئینتەرنێت و شۆڕشی تەكنۆلۆژیا و سەردەمی ئامرازە پێشكەوتووەكانی گەیاندن و ڕاگەیاندنی مۆدێرن و بوونی گۆی زەمین بەگوندێكی بچووك (نەك گەورە) ئەدەب هەر كاراكتەرە ناسراوەكەی جاران بێت چما ئەمڕۆ هیچ دووریتییەك ماوە تا ئەدەب لای بیات وەك گونتەرگراس دەیگوت؟ هیچ ڕێنیسانس و شۆڕشێكی فیكری و ڕۆشنبیری لەبەر ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی و ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێت و هۆیەكانی تری گەیاندن بە شیعر و ڕۆمان دەسپێردرێت؟ لە زەمانێك ڕوودەدات كاریكاتێرستێك سەرۆكی دەوڵەتێك ناچاری دەست لە كاركێشانەوە بكات و وتارێكی ڕۆژنامەوانی وەزیریك بە فەسڵ كردن بدات، هاوكات شیعر دەتوانێ نەیارەكانی لەناو ببات (لەناوبردنی مەعنەوی) وەك مایكۆڤسكی دەیگوت؟ ئەی لە سەردەمێك كە هەر وڵاتەو دەیان و سەدان دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەو نامەخانەی زل و زۆرو زەبەندی هەیە، پێویست دەكات نووسینەوەی دیرۆكی هیچ گەلێك بە ئەدەب بسپێردرێت؟ یا لەدەمی ئامادەیی و كاركردنی چەندین ئۆرگان و سەنتەری ڕۆشنبیری و سەندیكایی و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و یەكێتییەكانی نووسەران و ناوەندەكانی لێكۆڵینەوە و ئەكادیمیا. گەرەكمان دەبێ ئەدەب ببێتە مینبەری ئەركی پشكداری پێكردنی پێشخستن و ڕێكخستنی باری هزری و ڕۆشنبیری و ئیداری و سیاسی؟ ئەمەو پرسیارگەلێكی دیكە لەبارەی ئەرك و ڕۆڵ و پەیامی ئەدەب لەژیانی ئەمڕۆی مرۆڤدا لای زۆر كەس دەكرێت و هەریەكە و بە زمان و شێوە و شێوازێك وەڵامی دەداتەوە.

جا ڕەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر وەڵامەكان بە زمانێكی سادە بەم شێوەیە پۆلین بكەین: یەكەم وای دەبینێ پەیامی ئەدەب لەمڕۆوە بەجۆرێك لە جۆرەكان خەریكە بە كۆتا دێت و هیچ شتێك نەماوە نەیلێت، یا هەر شتێك بیەوێت بیگەیەنێت، ئەوە ئامراز و ڕەگەز و هۆكارەكانی تر بەر لەو و ڕوون و خێراتر دەیگەیەنن.

بۆچوونی دووەمیش تا ڕادەیەكی زۆر پێچەوانەی هی یەكەم پێی وایە ئەدەب هەرگیز لە كاریگەری خۆی ناكەوێت، وەك دەڵێن كەس ناتوانێت تا هەتایە نكوڵی لە گەورەیی ڕۆمان بكات یان دەڵێن تا دنیا مابێت شیعریش دەمێنێ و هەتا مرۆڤ بژیت چیرۆكی ژیانی بەردەوام دەبێت...

هەرچی بۆچوونی سێیەمە وای دەبینێ ئەدەب مومكین نییە لەناوبچێت و فەرامۆش بكرێت ئەگەر نوێكاری و ئەفراندنی تێدابێت، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەش پێی وایە لەم ڕۆژگارەدا ئەركی سەرشانی ئەدەب تا ئاستێكی زۆر سووكتر بووە لە جاران و ئەو ئەرك و كارەی لە پێشدا دەبوو بیخاتە ئەستۆی خۆی ئێستا لەكۆڵی كراوەتەوە.

بە بڕوای بەندەش بۆچوونی سێیەمیان پتر لەوانی دی لە ڕاستییەوە نزیكە و زۆرترین حەقیقەت دەپێكێت، بەواتا لەم سەردەمەشدا ئەدەب بە هەموو ژانرەكانییەوە دەتوانێ بچێتە بەرەی بەرگری لە بەهاو مۆراڵ و جوانییەكانی مرۆڤ و سەنگەر لە دزێوی و نایەكسانی و نابەرابەری ئەم دنیایە بگرێت، بە مەرجێك لە ئاستی خەم و خەون و خۆزگەكانی ئینسانی ئەم چەرخەدا بێت و لەگەڵ ئاڵۆزی و كێشە ڕاستەقینەكانی ئەمڕۆ قسە بكات، ڕوونتر بڵێین ئەگەر ئەدەب لە ڕابردوودا توانیبێتی ئەو شوێن و پایە بڵند و هەستیارانە لە ژیان تاك و كۆمەڵدا بگرێت و بەرگەی هەڵگرتنی ئەو هەموو ئەرك و بارقورسییە بگرێ، ئەوە ئەمڕۆ كە مرۆڤایەتی دووچاری گرفت و كێشەگەلی هاوچەرخ بۆتەوە، لە چەشنی: غوربەتی، بەئالیی بوونی ئینسان، ڕەشبینی و بێ ئومێدی، ئالوودەبوون بە ماددیاتی دنیایەكی جەنجاڵ و پڕ لە ژاوە ژاو، كاڵبوونەوەی مۆراڵ و مانا جوان و بەها ڕۆحییەكان، لێرەدا شاكارە ئەدەبییەكان دەتوانن ئامێز بۆ بەشێكی باش لەو گرێ و كەسەر و مەینەتییانە بكەنەوە و هەڵیان بگرن.

**سەرچاوەكان:**
**- مێژوو، د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغدا ١٩٨٣.**
**- ئازاد حەمە، بیری پۆست مۆدێرنیزم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.**
**- ئا: ئاراس فەتتاح، مرۆڤ بونەوەرێكی ورشەدارە، ڕەهەند ١٩٩٨/٥.**
**- سهيل العروسي، الصراع الحضاري بين الغرب و الشرق، گ (النهج)، ژ (٦٤) خريف ٢٠٠١.**
**- بەختیار عەلی، گەڕان بەدوای ماناكانی دیكەی شیعردا، ڕامان (٧١)، مایسی ٢٠٠٢.**
**- بەختیار عەلی (چاوپێكەوتن)، گ (نما)، ژ (١٧، ١٨)**
**- الاسلام بين الشرق و الغرب/ علی عزت بیجوڤیتش.**
**- النهضة/ د. كمال مظهر احمد.**

# بۆ دەنووسین؟

ڕەحیم لوقمانی
(سنە)

ئەوەی قەڵەمی بە دەستەو ڕێگەی ئەدەبیاتی گرتووە، داخۆ تائێستا لەخۆی پرسیوە بۆ دەنووسێ؟ بۆ کێ دەنووسێ؟ چ دەنووسێ؟ ئایا خۆ بە بەرپرسیاریی نووسین دەزانێ یان هەر بۆ ڕازی کردنی دڵی خۆیەتی و هیچی تر.

کاتێ شاعیرێک شیعرێ یان کتێبێ چاپ دەکا، بێگومان شتێکی بۆ وتن پێ بووە و ویستوویەتی لەگەڵ ئینسانان بدوێ. حەز دەکا خوێنەرو گوێگری زۆربن، کەوابوو شاعیر بۆ مرۆڤان دەنووسێ و ڕووی دەم و قەڵەمی لە کۆمەڵگای ئینسانییە.

ئەمڕۆ ژمارەی شاعیرمان لە پسپۆرو هۆزانان گەلێک زیاترن. لە هەفتەنامە و گۆڤارانی گشت کوردستان بڕوانن. هەر کۆپلەو چیرۆکە شیعری ڕەنگاوڕەنگەو هەر خەون و خولیای سەیروسەمەرەیە. لێرەدا چەند پرسیارێک سەرهەڵدێن: ئەو هەموو بەرهەمەی بڵاودەکرێنەوە ئایا بە قەدەر پێویست بەناو کۆمەڵدا تەنەوەیان کردووە؟ ئایا لە زەین و فیکری خوێندەوار و هۆگرانی شیعر بچووکترین شەقڵی خۆیان نواندووە؟ تا چ ڕادە کاریان کردووەتە سەر ڕێبازی شیعری و بەرەی تازەتر؟ ئایا خاوەن بەرهەمان بۆ جارێکیش تەنینەوەی دەنگی خۆیان بیستۆتەوە؟

زەمانێک کەرەستەی پێوەندیی وەک تەلەفۆن و تەلەفزیۆن و تەنانەت کارەباش نەبوو. ئەنجوومەن و ڕۆژنامەو گۆڤارو خەڵکی خوێندەوار لە کوردستاندا وەک ئەمڕۆ نەبوو، کەچی لە کوێرە دێیەکی دوورە دەست کە قانیع شیعرێکی دەنووسی، هەر خێرا دێ بەدێ، شار بەشار، دەست بە دەست دەگەڕاو خەڵک لەبەریان دەنووسییەوە و تێکەڵی بیرو خەیاڵ و خوێنیان دەبوو. خوێندەوار و نەخوێندە لەبەریان دەکردو، دەبووە ویردی

زمانان. دیسان دەیان ساڵی دیکەش بچینە دواوە دەبینین شیعری مەولەوی لە دۆڵ و چیای سەرکەشی هەورامانەوە گوند و شارو سنووری دەبڕی لەنێو ئەردەڵان و سۆرانی هەورامی نەزانیشدا بە چاکی تەنەوەی دەکردو دەنیشتە سەر دڵان. تا ئێستەش لە سینەی خەڵکدا دەژی و هەر دەشمێنێت. ئەگەر بێژن قانیع ڕاستەوخۆ قسەی ستەم و چەوساندنەوەی خەڵکی کردووە، بەڵام خۆ شیعری مەولەوی دنیایەکی جیاوازەو خەڵکی ئەو دەمەش نەخوێندەوارتر بوون.

ئەمڕۆ گەلێ شیعرو نووسراو بڵاودەکرێنەوە کتێبی جوان جوان! چاپ دەبن. شاعیر بە وشە و خولیای دوورە زەین و دەنگبێژ بە سازی ڕەنگاوڕەنگ و شیعرو ئاوازی خۆ کرد بازاڕی شاریان پڕ کردووە لە هات و هاوار. بۆ ئەوەی خەڵک ڕوو بکەنە بەرهەمیان، لە ڕێی گۆڤارو ڕۆژنامەوە بانگەشەو هات و هەڵڵایان بۆ دەکرێ. دۆست و ناسیاوان بۆیان لە سینگ دەدەن. (بەداخەوە پێوەندیی ئاشنایی و دۆستانەی ئیداری، کاری کردۆتە سەر هونەرمەندو ئەدیبانیش!) بەر شووشەی کتێب فرۆشان پڕ دەکەن لە ئاگاداری. لەم لاولاش ڕاسپاردەی دۆست و خزمان بۆ کڕینیان دەکرێ.

سەرەڕای ئەو هەموو هاوارو تەقەلایە، هێشتا بە جۆری پێویست ئەو بەرهەمانە ئامانجی خۆ نا پێکن و ناچنە ناو خەڵکەوە. تەنانەت پاش چەند ساڵیش هێشتا لە گۆشەی کتێبخانان کەوتوون و تۆزی فەرامۆشییان لەسەر نیشتووە. لەو تاک و تەرایش کە فرۆشراون، وێنەیەک و دێڕێک چییە، ناکەوێتە بیردانی خەڵکەوە! لە هەمان کاتیشدا کتێبی وا هەیە، بێ ئەوەی بچووکترین بانگەشەی ڕەسمیی بۆ کرابێ دەست بە دەست و ماڵ بە ماڵ دەگەڕێ و خەڵک زیراکسی لێ هەڵدەگرنەوە. بۆ پارسەنگی ئەو بێ بازاڕییانە، ئەوان ڕەنگە بێژن: «خەڵک نەخوێندەوارو کەم زەینن. هێشتا نەگەیشتوونەتە ڕادەی تێگەیشتنی شیعرو و شیعری من. تا سەد ساڵی دیکەش خەڵک لەم شیعرانەم ناگەن چون لە پۆست مۆدێرنیزمیش چووەتە دەرێ! و ..» بە بۆچوونی ئەمان ڕووناکبیرانیش نەزان و بێ ئاگان، چونکە نەیانتوانیوە ببنە پردی نێوان، بەرزە شیعری هونەرمەند! و کۆمەڵی کەمفام.

سەرم لەوە سووڕدەمێنێ، بەرهەمێ کە ئێستا هیچ تین و ڕۆحێکی تێدا نییە چۆن دەتوانێ تا سەد ساڵان بژی و بگاتە زەمان و مەکانی خۆی تا خەڵکی وشیاریی ئەو سەردەمە لێی تێبگەن! من دەڵێم ئەو نوشوستییانە نە تاوانی خوێندەوارە نە کۆمەڵ، خۆیشیان بێ تاوانن. هەڵەو تاوانی گەورە لە گەردوونە. دەبوو گەردوون ئەو زاتە گەورانەی لەم چەرخەدا نەهێنابا کە خەڵکی ساویلکەی ئەم دەورە لێیان تێ ناگەن. ئەوانە دیاریی سەد ساڵی داهاتوون، شاعیری شاکاری خەڵکی پێشکەوتووی ئەو زەمانەن!

هۆکاری ئەوان شتێکی ڕوون و لەبەرچاوانە، دەنا کۆمەڵی ئەمڕۆ بەبیرو شیاوترن. خوێندەواریشمان گەلێک زۆرن کە پلەی زانستی باڵایان تەواو کردووە، بەڵام شاعیرو نووسەری تازەکار و کەم باری ئێمە، ئەوەندە قەتیسی چوارچێوەی بیرۆکەی خۆیەتی، ئاگای لە دەوروبەر بڕاوە و خەڵک بەگێژو نەزان دەزانن. (مەبەستم لە خەڵک، خوێندەوارو هۆگرانی ئەدەبیاتە) زەمان زەمانی وشیاری و خوێندەواری و پێشکەوتنە. ئەوەتا لە زۆر شوێنی دنیادا گەلانی بندەست هەنگاوی ڕزگاری و سەربەستی و بەختەوەری دەنێن. هەر ئەوەندەی کە میللەتێک بە دەردو چاری خۆ ئاگادار بن نیشانەی زانیاری و وشیارییانە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەڵەو دەردان لە قەڵەم بەدەستانی خۆمانە.

بە داخەوە هەندێ شیعری ئەمڕۆمان وەک درەختی بێ ڕیشەن. لە مێژوو و فەرهەنگی کۆمەڵی خۆیان دابڕاون. ناتوانن لە هیچ خاکێک پەل باوێژن و ڕیشاژۆ بکەنەوە، چونکە دابڕان و لەخۆ دەرکەوتن گەلێک ئاسانە، بەڵام بەبێ خاک، ڕوانەوە و ژیانەوە مەحاڵە.

کە شیعر لە کۆمەڵگەی خۆی دابڕێ و هەناسەی گەرم و ئاشنا نەبێ ناتوانێ لەگەڵ مرۆڤایەتیش بێ. شاعیر تەنیاو تەریک دەکەوێ و دەنگی بە کەس ڕاناگا. شیعری تەریک و هەست مردوو کە خوێنی ئینسانی لە ڕەگدا نەمێنێ دەبێتە قسەی ساردو بێتین و تاقە وشەیەکی پێوەندو خۆشەویستی پێ نامێنێ. ئەگەر لاوازی و بێ تەمەنیی ئەو بەرهەمانە بەم جۆرە پاساو بدەنەوە کە «فۆرم و تازەگەریی جیهانیی تێدایە، سوننەتی شکاندووەو ڕچەی شیعری جیهانیی سەردەمی گرتووە و ... ئەمانە خۆ فریودانە و بەس. چۆن ئەگەر هەموو شتێک ببێتە جیهانی، شیعر ناتوانێ ببێ، چونکە شیعر هەست و خەیاڵ و عاتیفە و مۆسیقا ئینسانییە مۆسیقا ڕۆح و هەستی دەروونی هەر میللەتێک بە پێی باری مێژوو، جوگرافیا، ئاووهەوا، ڕەنگ، بندەست و سەربەخۆو... لەگەڵ میللەتانی تر بە تەواوی جیاوازە، ئەمە تەجرەبەیەکی زانستییە و کەس حاشای لێ ناکا. ئەگەر شیعرێک ڕۆحی مۆسیقا و سۆزو هەستی ئینسانیی تێدا نەبێ نە ئەدەبیاتی پێشکەوتووە، نە جیهانی وەری دەگرێ.

ڕاستی ئەوەیە کە هونەرمەند دەبێ بزانێ لە کوێ دەژی؟ لە کام گیرگەی مێژوو گیری کردووە؟ لەگەڵ

مـرۆڤی هاوچەرخ و دەڤـەری خـۆی چۆناوچۆن پێـوەندی بگرێ و گــوێگرو خــوێنەری خــۆی چۆن پەیدا بکات. شاعـیـرو نـووسـەرو هونەرمـەند تا هەست بەم مـەسـەلانە نەکــەن ناتوانن ببنە خــاوەن دەنگ و بەرهەمی نەمــر. کۆمەڵی خۆیشیـان وەریان ناگرن. {بەپێی ئەم ڕاستـییـە دەڵێم، بەرهەمـێک تا ڕیشەی لەناو فەرهەنگ و خەڵک و وڵاتی خـۆی دانەکـوتێ ناشـتـوانێ ببـێـتـە دەنگێکی جـیـهـانی. چون خـاکی خۆیشی بەشـێکە لە جـیـهـان، هەروەها ئـازادی خـوازێک تا مـیللەت و هەژارانی وڵاتی خۆی خۆش نەوێ، ئینسـانـانی دیکەشی خۆش ناوێ و بە قسەی زل و شیعاران کەس نابێتە ئەنتەرناسیونالٌ! ئەگەر لە کـۆمـەڵێکدا فـەرهەنگی مـیللی و زانسـتی ئەدەبی و هونەری لە ئاسـتی پێـویست بەرز نەبێ، لەوانەیە بۆ هەر چەشنە خــەوش و خــاڵێک بەناوی فــەرهەنـگ و بیــرو شـارسـتـانیـیـەتی نوێ، کـۆشی ئاوەڵابێ. ئەم زرەفـیـکرە مـێـشکی تاقـمـێک دەپێکێ و وەک پەیامی ئاسـمـانی پیــرۆزی ڕادەگــرن! لە وەها بارێکدا بەناوی فــەرهەنگ گەورەترین زیان لە فـەرهەنگی ڕەسـەن و مـیللی دەدرێ. هەروەها لە کـۆمـەڵی چاونەکـراوەی ئەوتۆیە کـە بەناوی ئازادیی خودی ئازادی سەرکوت دەکرێ.

یەکێک لە بەرنامەکانی ئیستیعمارگەران ئەوەیە کە لە هەمـوو ڕێگەیەکـەوە هەوڵ بدەن تا مـیللەتانی بندەست و هەژار وەسـەرفـەرهەنگ و مـێـژینەو چارەنووسی خـۆیان وەخـەبەر نەیەن، بەتایبـەت نـووکی ڕمی بەژاریان ڕوو لە مێشکی خوێندەوارو ڕۆشنبیرانە چون ئەوان دەتوانن کار بکەنە سەر ڕەوتی کۆمەڵ.

لە ئێرانی چل پەنجا ساڵ پێشدا شاعـیر بەشـتـێکی جیاواز لـە خەڵـک دەژمێـردرا بەپێی ئەو باوەڕە شاعـیـر کەسێکی تەریک و شپرزە و هەمیشە سەرخۆشی دوور لە جـەمـاوەر بوو. یان بە تەشکێکی نوێتـر خـاوەن دەق و فەقێکی تایبەت بەخۆ بوون. جەنابی شاعیری خانەگی دوور لە هەناســـەو ژانی ئینـســـانـان دەبوو بکۆشێ مۆدێرنترین شیعران بڵێ و هونەری تەنیا بۆ هونەر بێ و بەس. بەسەر تەرمی ئەوین و ئازادیدا هەنگاو بنێ و پەل لە ئەستێران بکوتێ.

ئەم خـێـڵـە گـەلێک بوون کـە بۆ ڕازاندنەوەی گـۆڤـارو میکرۆفۆنی دەوڵەتی شتیان دەنووسی، بەڵام کاتێ زەمان هەمـووی لە سـەنگی مـحـەکدا بەجارێ ڕەنگیـان نەمـاو پووچانەوە، کــەچی هەر ئەو دەمــە شــاعــیــرانی وەک شاملوو، ئەخەوان، فرووغ و ... لەناو هەناسەو خوێنی خەڵکیاندا ڕیشەیان داکوتا بوو. ئەوەتا ئێـستـەش هەر مــان و بوونە تاجی ســەری ئەدەبیـــات و شــانازیی میللەتیان. تەنانەت ناوی جیهانیشیان دەرکردووە. هەر لەسەر بیرو پەیام و شیعری ئینسانییە کە شاملوو خەڵاتی ئەدەبی وەردەگرێ.

پێـویسـتـە شاعـیـر و نووسەری کـورد ئەو تەجرەبانەیان لەپێش چاو بێ، لە کـاری فەرهەنگی و ئەدەبی و زمـانی خۆمـاندا وەک خـۆمـان بیـرکـەینەوەو لە چاوی خۆمـانەوە بڕوانینە فــەرهەنگ و زمــانی خــۆمــان کــە تا ئێـســتــا دەرووپەکی ئازادی بەخـــۆوە نەدیوە. ئەگـــەر لە چاوی بێگانەوە بڕوانینە هونەری شیعرو گۆرانی و کولتوورمان، تووشی هەڵەیەکی زیانبــار دەبین. هەندێک لایان وایە ئەگەر لە بۆچوونی ئەوانەوە بڕوانینە مەسەلەکەی خۆمان و بیــروبۆچوون و پێـوەرمـان ڕبە و گـەزی ئەوان بێ، ئیـتـر دەگەینە پێشکەوتن و شارستانیـەتی نوێ. ئەمە شتێکی گشتییە لە هەر میللەتێکدا ئەوانەی بیریان بێ بناغە و بێ ئەوینیی گەلی خۆیان بێ، هەمیشە چاو لە بێگانەن. خۆ بە هیچ دەزانن و ئەوان بە زانا. خـۆ بەدواکـەوتوو و ســـوننەتی دەزانن و ئەوان بە پێــشـــڕەوی کـــاروانی مرۆڤایەتی.

ڕوانگەی خـۆی بەناوچەیی و نـاسیـۆنالیـست دەزانن و بۆچوونی ئەوان لەسـەر خـۆشـمـان بە پێـشکەوتووانە و زانسـتی و جیـهـانی وەردەگرن. شیـعرو هونەری خۆیان لا ســووکــە و هەر قـســەیەکی بنبـۆشی ئەوان بە پەیامی موقەددەس و بەڵگەی نەگۆڕی ئەدەبی دەدەنە قەڵەم و...

دەجـا ئەی گــەلی شـاعــیــرو نووســەری هێــژا با بە هەڵوێســتی مــرۆڤــایەتی و ڕزگــاری بە ئەوینی گـەل و هونەرو قەڵەم ئاوڕێک لەسەرخۆ بدەینەوە. دنیا لە ئاڵ و گۆڕی بێ وچاندایە. با ڕۆح و گیـانێکی تازە بکەینە بەر هونەرو شیـعری کوردیمان. با نووسراومان ڕەگاژۆی هەست و ڕۆحی ئینسانی بینەوە. بە وتەی مـاباکۆفسکی «ئەوەی دەینووسین ڕاسپـاردەی کـۆمـەڵ بێ» تا بەرهەممان زیندوو بەگیانی مرۆڤایەتی بێ و بتوانێ ببێتە کۆشکی پۆڵایینی ئەدەبی و بەرەکـانی داهاتوو شـانازیمان پێـوە بکەن. دەنا ئەگـەر هەروا بمانەوێ بە هاتەران و قـسـەی بێ گـیـان، بە ناوی هۆزان و شـاعـیـر خۆ بەسـەر میللەتدا ڕادەین، هیچ خزمەتێکمان بە زمان و فەرهەنگی مرۆڤایەتی نەکردووەو ڕچەیەکی تازەی فــیـکریشـــمـــان بۆ بەرەی دوایی نەشکـاندووە. تا چاو بـکـەینەوە دەســـتی بێ بە زەو دادگـەری زەمـان، خـۆمـان و زرە بەرهەممان وەک زۆری تر دەخاتە بن خۆڵی فەرامۆشی و نەمان.

**سەرچاوەکان:**
**موسیقی شیعر: د. شفیعی کدکنی**
**جنگ سحر: مقالاتی ازنوسیندگان**
**مقدمه‌ء کوتاهی برشعر: شاملو**

# بینای ڕووداو له چیرۆکدا

محەمەد ئەحمەد حەسەن

ژانری چیـرۆک ژانرێکه ئەمـڕۆ له هەمـوو جـیـهـاندا بایەخـێکی یەکـجار گەوره و خوێنەرێکی یەکـجار زۆری هەیه، دەتـوانین بڵـــێین له دوای ڕۆمـــان دێت. ئەو نووسـەرانەی سـاڵانه خـەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ وەردەگـرن و زۆربەیان چیـرۆکنووس و ڕۆمـاننووسن. چیـرۆک ژانرێکه دەتوانرێ بەهۆیەوه دەیان کێشەی ژیان و بیروفـیکری پێ دەربڕێ.

بێگومـان چیـرۆکـیش هەر ڕیزکردنی وشـەو گێـڕانەوەی ڕووداوێکی سـاده نیـیـه، بەڵکو چەندین بنەمـاو بینای سەرەکی خۆی هەیه که پێویسته له بنیاتی چیرۆکەکەدا هەبێت. ئەو بینایانه دەورێکی سەرەکی له جیاکردنەوەی ڕووداوێکی ئاسایی و چیرۆکدا دەگێڕن، مەبەستم لێرەدا ئەوەیه ئەو بینـایانه بۆ به هونەریکردنی چیـــرۆکن وەک ژانرێکی ئەدەبی، چونکه چیـــرۆکی هونەری به هۆی ئەو بینایانه دەبێــتــه ژانرێکی بەرزی ئەدەبی ئەگـەرنا هەر گـێـڕانەوەی ڕووداوێکی واقـیـعی دەبێت. هەروەک وتمان چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی هەر گێڕانەوەی ڕووداوێکی ڕووت و قـووت نیـیـه. لێـرەدا ئەو چیـرۆکـه دەبێ چەند ڕەگەزێکی سەرەکی تێدا بێ بۆ ئەوەی شێوەیەکی هونەری بەرز وەربگرێ، ئەو ڕەگـــەزانەش بریتین له (زمـــان، کارەکتەر، ڕووداو، کات و شوێن..تاد) «ئاشکرایه که به تەنیـا بەردی بناغـەی بینای چیـرۆکـێک دروست نابێت، بەڵکو کــەرەســەی تری پێ دەوێ، بەکـــارهێنانی ئەو کــەرەســانەش وەســتــایی و شــارەزاییـــەکی زۆری پێویسته» (١) ئێمه لێرەدا تیشک دەخەینه سەر یەکێک

لەو بینایانە، یان ڕەگەزانە کە ئەویش ڕووداوە، هەرچەندە ڕووداو پێوەندی بە بیناکانی تریشەوە هەیە و بێ یەکتری ئەوی تر نایەت و یەکتری تەواو دەکەن. ڕووداو بەبڕبڕەی پشتی چیرۆک دادەنرێت، چیرۆک خۆی لە خۆیدا پیشاندان و باسکردنی ڕووداوێکە جا ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی واقیعی بێ، یان تێکەڵ کردنی خەیاڵ و واقیع بێت.

ڕووداو زۆر گرنگە،گرنگییەکەی لەوەدا بە دیار دەکەوێ کە هیچ چیرۆکێک بەبێ ڕووداو نابێ، واتە ئەگەر ڕووداو نەبێت چیرۆک دروست نابێت، چونکە کۆڵەکەی هەرە سەرەکی چیرۆکە. «چیرۆک کاتێک فۆرمی دەبێت کە وێنەی ڕووداوێکی تەواو دەگرێت ئەو ڕووداوە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی دەبێت پێوەندییەکی ئۆرگانی هەر سێ بەشەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە چەشنی ئەو پێوەندییەی ئەندامەکانی لەش بە یەکەوە دەبەستێتەوە» (٢) کەواتە «ڕووداو ڕۆڵێکی سەرەکی لە سازدانی بینای هونەری هەر چیرۆکێکدا دەگێڕێت ئەگەرچی بەشێوەی جیاوازیش بێت» (٣)

پێناسەی ڕووداو، یان باسکردنی ئەو بینا سەرەکییە بایەخێکی زۆری پێدراوە، تەنانەت هەندێک لەنووسەران خودی پێناسەی چیرۆک بە ڕووداو دادەنێن. هەروەک (حوسێن عارف) دەڵێت: «چیرۆک بریتییە لەو زنجیرە ڕووداو و کارەساتانە (بەدیوی ناوەوە و دەرەوەدا) کە بەسەر کەسانی چیرۆک دێن و تێدەپەڕن». (٤)

لە گەوهەردا چیرۆک گێڕانەوەی سیاقی ڕووداوە(٥)، بەڵام ئەم بینایەش بە تەنیا ناتوانێ چیرۆکێکی هونەری پیشان بدات، یان بیکاتبە بابەتێکی هونەری چونکە «هەموو ڕەگەزەکانی ناو هونەری چیرۆکنووسین یەکتری تەواو دەکەن، هیچ کام لەو ڕەگەزانە بە تەنها ناتوانێ چیرۆکێکی جوان بخوڵقێنێ بۆ نموونە بە تەنها زمانێک ناتوانێ چیرۆک دروست بکات، یان بە تەنها ڕووداوەکان» (٦)

## سەرچاوە و مەبەستی ڕووداوەکان

چیرۆکنووس بۆ نووسینی چیرۆکەکەی، یان پێکهێنانی بنیادی چیرۆکەکەی دەکرێ سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوە وەربگرێ، دەکرێ هەموو سەرچاوەیەک جا چ خەیاڵی بێ، یان واقیعی، یان هەر بیرو بابەتێکی تر بکرێتە ڕووداوی چیرۆک، چونکە چیرۆکنووسی بەتوانا دەتوانێ سوود لە هەموو سەرچاوەیەک وەربگرێ و لێکی بداتەوە و لە بێژنگی بدات و شێوەیەکی هونەری بەرزی لێ بەرهەم بهێنێت. بۆ نموونە جاری وا دەبێت چیرۆکنووس باسی ڕووداوێکی وامان بۆ دەکات ئەگەر بە واقیع بیبینین زەحمەتە باوەڕ بکەین و ئاوەزمان قبووڵی بکات، کەچی چیرۆکنووس بە لێهاتوویی خۆی وا بۆ ناو ڕووداوەکان کێشمان دەکات و تاموچێژێکی وامان پێدەبەخشێت وامان لێدەکات کە تێکەڵ بە ڕووداوەکە ببین و کاریگەریی لەسەرمان هەبێت.

یەکێک لەو سەرچاوانە ئەوەیە زۆرجار چیرۆکنووس بۆ چیرۆکەکەی سوود لە ڕووداوی واقیعی وەردەگرێت «ڕووداوی چیرۆک سەرچاوەکەی واقیعە و چیرۆکنووس ڕتووشی دەکات بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە پلەی چیرۆک لەشێوەیەکی ئەدەبیدا.» (٧) کەواتە ڕاستە سوود لە واقیع وەردەگیرێت، بەڵام هەر گێڕانەوەی ڕووداوێکی واقیعی، یان تاقیکردنەوەی گشتی کەسانی تر نابێتە چیرۆکێکی هونەری ئەگەر لە بێژنگ نەدرێت و چیرۆکنووس لەگەڵ ئەندێشە و خەون و خەیاڵی خۆی تێکەڵی نەکات. جا ئەو ڕووداوانە بەو شێوەیە دەردەبڕێ کە لەگەڵ ئاوات و ئارەزووی خۆی بگونجێ، چونکە هەر چیرۆکنووس و نووسەرێک شێوازی نووسین و ستایلی تایبەتی خۆی هەیە جیایە لەهی کەسانی تر. ئەمە ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی خۆیان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە. هەروەک وتمان سوود وەرگرتن لە واقیع گێڕانەوەی فۆتۆگرافیانەی ڕووداوێکی واقیعی نییە «چونکە نووسەرێکی ڕیالیستیش کاتێک جیهانی چیرۆکەکەی بنیات دەنێ بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ بەبێ ئەندێشەی کارەکەی ئەنجام بدات». (٨)

خەیاڵی چیرۆکنووس و خەیاڵ بەگشتی سەرچاوەیەکی تری چیرۆکە. لێردا دەتوانین بڵێین چیرۆک خۆی تێکەڵ کردنی خەیاڵ و واقیعە، خەیاڵیش ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە چیرۆک بۆ هێنانەدی، یان داهێنانی چیرۆکێکی هونەری. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی و چیرۆکی هونەری کوردی بکەین، بەتایبەتی چیرۆکەکانی ناو گۆڤاری گەلاوێژ (چیرۆکە خۆماڵییەکان) دەبینین چیرۆکنووسەکان سوودێکی زۆریان لە ڕووداو و مەینەتی ناو کۆمەڵ و

کۆمەڵگای کوردەواری وەرگرتووە. ئازار و چەوسانەوە و مەینەتی ناو کوردەوارییان وەک سەرچاوەیەک بۆ ناوەرۆکی چیرۆکەکانان بەکارهێناوە. چیرۆکنووسانی ئەوکاتە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگایان وەرگرتووە و بەرگێکی هونەریان کردووە بەبەردا و لە شێوەی چیرۆکێکی هونەری (بۆ ئەو سەردەم)دارشتۆتەوە، گەورەترین کێشەش لەو سەردەمەدا کێشەی دەرەبەگ و جووتیار بووە، ئەمە لەلادێ و لە شاریش کێشەی خاوەن سەرمایە و هەژار، یان کرێکار بووە.

سەرچاوەیەکی تری چیرۆک ڕووداوە مێژووییەکانە. مێژوو وەک کەرەسەیەک هەمیشە بۆ هەموو زانستێک و بابەتێکی ئەدەبی وەکو سەرچاوەیەک سوودی لێ وەرگیراوە. ئێمە هیچ کاتێک ناتوانین پێوەندی خۆمان لەگەڵ مێژوو بپچڕێنین و ئاوڕی لێ نەدەینەوە. میللەتی کورد گەلێک ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.. تاد بەسەرهاتووە، بێگومان ئەمەش بووەتە هۆی کەرەسەیەکی چاک و بە نرخی چیرۆکنووسەکانمان.

لەم بوارەدا دەتوانین بڵێین (پیرەمێرد)ی شاعیر و چیرۆکنووس یەکەمین کەسە کە لە چیرۆکەکانیدا ڕووداوی مێژوویی وەک کەرەسەیەک وەرگرتبێ، ئەگەر سەیری چیرۆک (دەماری کورد چیت لەبارایە؟)و (دوانزە سوارەی مەریوان) بکەین ئەم ڕاستییەمان بۆدەسەلمێت. هەروەک مامۆستا (حوسێن عارف) دەڵێت «بەرهەمەکانی پیرەمێرد لە کۆڕی چیرۆکنووسیدا بە ناوەرۆک دوو بابەتن یەکەمیان سێ چیرۆکە مێژووییەکەی و چەندانێک لە پەخشانەکانی کە ڕووداوێک، یان سەر گوزەشتەیەکی مێژوویی دەگێڕنەوە»(٩)

سەرچاوەیەکی تری ڕووداوی چیرۆک لای چیرۆکنووسان (چیرۆکنووسانی کورد وەکو نموونە) ئەو ڕووداوانەن کە بەشێوەی حیکایەت و چیرۆکی فۆلکلۆری و گوێی ئاگردانن. بەڕاستی میللەتی کورد لەم بوارەدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، کە بەداخەوە تا ئێستا چەند لایەنێکی کەمی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە گەلێک کەلێنی تری ماوە لێی بکۆڵدرێتەوە.

تەنانەت هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی کورد سەرچاوەی چیرۆکی کورد دەگەڕێننەوە بۆ حیکایەت و فۆلکلۆری کوردی ئەمانەی ئەم ڕایەیان هەیە و پشتگیریی لێ دەکەن (عەبدوڵڵا سەڕاج و عەلائەددین سەجادی)ن. «چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە چیرۆک لەناو کورددا تا سەردەمی دوایی و بەڵکو سەدەی بیستەم بریتی بوو لەو سەرگوروشتە و حەقایەتانە کە لە مێژوویەکی پێشینان ڕوویان داوە، پاشان بە شەوان لە گوێی ئاگردانەکاندا دانیشتوون یەکێک بۆی گێڕاونەتەوە و ئەوانیش بە سۆزێکەوە گوێیان لێ گرتووە.»(١٠) ڕایەکی تر هەیە دەڵێ سەرچاوەی چیرۆک لەناو کوردا لە ئەدەبی ئەوروپییەوە هاتووە (مەبەستیان هونەری چیرۆک و بینا هونەرییەکانە) کە ئەمە بیروڕای (د. مارف خەزنەدار)ە، بەڵام بە بڕوای ئێمە چیرۆکنووسەکانمان بە تایبەتی ئەوانەی دەوری گۆڤاری گەلاوێژ سوودیان لە هەردوو سەرچاوەکە وەرگرتووە. ئەم چیرۆکنووسانە شارەزاییەکی زۆر باشیان لە ئەدەبی فۆلکلۆری هەبووە و ڕووداوە فۆلکلۆرییەکان و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانیان وەک کەرەسە و وەرگرتووە و بە تەکنیکی ئەوروپی دایان ڕشتووە، چونکە زمانی بێگانەیان زانیوە گەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسییان نەزانیبێ عەرەبی و فارسی و تورکییان زانیوە. گومانی تێدا نییە زمانی ئینگلیزییان زانیوە (هەندێکیان) چونکە چیرۆکی وەرگێڕدراو لەناو گۆڤاری گەلاوێژ بە ڕێژەیەکی زۆر دەبینرێ کە زۆربەیان هی چیرۆکنووسانی ئینگلیزی و فەرەنسین ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زمانی بێگانەیان زانیوە و سوودیان لە تەکنیکی چیرۆکنووسانی ئەوروپی وەرگرتووە.

بێگومان هەر ڕووداوێک کە لەناو چیرۆکدا بەکاردێت مەبەستێکی هەیە. لێرەدا مەبەست (تیم- THEM)ە. ڕووداو و مەبەست دوو شتی تێک ئاڵاون و هەرگیز هیچیان بێ یەکتر نایەن. «تیم گرنگترین شتە لە بابەتەکانی چیرۆکدا، چونکە هەموو ماناو مەبەستی چیرۆکەکەی لەسەر وەستاوە»(١١) هەندێ جار بە مەبەست دەگوترێ ناوەرۆک. جۆرێکی تریش لە ناوەرۆک پێی دەگوترێ (مەغزا) ئەم مەغزایەش بریتییە لە پەندو ئامۆژگاری، یان قسەی پوخت، واتە ئێمە لە هەر چیرۆکێکدا چ مەبەستێکمان هەیە؟ دەمانەوێ چ پەیامێک بەهۆی ئەم چیرۆکەوە بە خوێنەر بگەیەنین؟ «مەغزا لە هونەری چیرۆکنووسیدا بریتییە لەو پوختە قسەیە، یان باڵا قسەیە، یان ئەو حیکمەتە کە چیرۆکنووس دەیەوێ وەک سەرەنجامێک بە خوێنەری ڕابگەیەنێ»(١٢) کەواتە مەبەست زۆر گرنگە چونکە


پەیامی چیرۆکنووسە.

### گرێچنی

ئێمە لە سەرەتاوە باسی ڕووداومان کرد کە بینایەکی هەرە سەرەکی چیرۆکە. بێگومان چیرۆکیش لە ڕووداوێک زێتر پێکدێت، بەڵام کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆک لە یەک ڕووداو پێکدێن، مادام چیرۆک لە یەک ڕووداو زیاتر پێکهاتبێ، ئەوە ئەو ڕووداوانەش پێویستیان بە ڕیزکردن و ڕێکخستن هەیە، بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە بەرە بەرە بەرەو لووتکەی هەڵکشان بڕۆن و دوایی بەرەو کۆتایی نزم ببنەوە.

بێگومان گرێچنی لە ئەنجامی جووڵانەوەی ڕووداوەکان و پێوەندی نێوان ڕووداوەکان پەیدادەبێت. کە ئەمەش بەهۆی ململانێی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە دروست دەبێت. بۆیە «گرێچنی لەمەغزای ڕەمزە درامییەکان و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەدوێ و لێیان دەکۆڵێتەوە» (١٣) کەسانی سەرەکی ناو چیرۆک، یان کارەکتەری سەرەکی لە هەموو چیرۆکێکدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، ئەو کارەکتەرەش لەگەڵ چەندین کارەکتەری لاوەکانی ناو چیرۆکەکە دەکەوێتە ململانێ. بێ گومان ئەو کارەکتەرە سەرەکییە مەبەستێکی هەیە، کە لە ئەنجامی هەوڵدانی کارەکتەرەکە بۆ مەبەستەکەی (ئامانجەکەی)گرێ درست دەبێت، هەروەها مەبەستی ئەو کەسەش نایەتە دی ئەگەر بەسەر ئەو گرێیەدا زاڵ نەبێ، بەڵام لێرەدا مەرج نییە بگاتە ئامانجەکەی، ئەو کارەکتەرە دەبێ لە ڕێگەی هەوڵدان و خەبات بەرەو ئامانجەکەی بڕوات بەبێ وازهێنان و پسانەوە، هەروەها کێشەش مەرجێکی تری دروست بوونی گرێیە، چونکە ئەو ڕێگەیەی کارەکتەر لە ڕێیەوە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی پڕیەتی لە کێشە، دەبێ گرفت و کێشەی بۆ دروست ببێ جا لە کۆتاییدا، یان دەبێ سەرکەوتوو بێ، یان شکست بهێنێت. جا کێشە لووتکەی گرێیە بەهۆی جووڵانەوەی ڕووداوەکان کە بەهۆی هۆیەک، یان چەند هۆیەک دروست بوونە و بەرەو ئەنجامەکە دەڕوات.

هەر لەزووەوە لەلای ئەرستۆ و شانۆنووسانی یۆنانی شانۆ، یان ڕووداوی شانۆ بەسەر چەند قۆناغێک دابەش کراوە، کە لەدواییدا بۆتە بناغە بۆ بنیاتی چیرۆکیش. هەموو شانۆیەک (کە ئەمە بۆ چیرۆکیش هەر وایە) لەکاتی خۆی لە سەرەتاوە دەستی پێدەکرد ململانێ و ڕووداوەکان بەرەو ئاڵۆزیی دەڕۆیشتن تا دەگەیشتە لووتکە کە ئەمە لەلای ئەرستۆ پێی دەگوترێ (گرێ) ئینجا ڕووداوەکان بەرەو خوارو کۆتایی دەڕۆن کە ئەم بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنە پڕیەتی لە ناخۆشی و هەڵدێر و ئازار. تراژیدیا (چیرۆکیش بە هەمان شێوە) لە سێ خاڵ پێکهاتووە لە سەرەتاوە دەست پێدەکات و دەگاتە ناوەڕاست و دوایی بەرە بەرە بەرەو کۆتایی دەڕوات ئەمەش دەتوانن لەم هێڵکارییەدا ڕوونی بکەینەوە:




بەڵام دەبینین ئەم ڕیزبەندییە واتە ڕووداوەکان، یان ئاراستەی ڕووداوەکان لای (هۆراس)ی شاعیری ڕۆمانی تێکدەشکێ و بە جۆرێکی تر دەست پێدەکات. هەرچەندە پێش ئەویش (هۆمیرۆس) لە ئەلیادە و ئۆردیسەدا ئەم ڕیزبەندییە شکاند و ڕووداوەکانی ئەم دوو داستانەی لەناوەڕاستەوە دەست پێکرد. ئەم بزووتنەوەیەش گۆڕانی تری بە خۆیەوە بینی و تا ئێستا شێوەی جیاوازی هەیە وەک:

١- ڕووداو (کردەوە) = سەرەتا ــــ ناوەڕاست ــــ کۆتایی.

٢- ڕووداو (کردەوە)= ناوەڕاست ــــ سەرەتا ــــ کۆتایی.

٣- ڕووداو (کردەوە)= کۆتایی ــــ ناوەڕاست ــــ سەرەتا (کۆتایی).

هەرچۆنێک بێت ئەم سێ بەشە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) بایەخێکی یەکجار گەورەیان هەیە و دەبێ گرنگییەکی زۆریان پێ بدرێت، چونکە هەریەک لە شوێنی خۆی بایەخێکی تایبەتی هەیە.

سەرەتا لە چیرۆکدا بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە دەست پێکردنی ڕووداوەکان لەوێوەیە. دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە. جا بۆیە دەبێ چیرۆکنووس بەشێوەیەکی وا سەرنج ڕاکێشانە دەست پێ بکات کە خوێنەر کێش بکات بۆ ناو چیرۆکەکە و وای لێ بکات نەتوانێ واز لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بهێنێت. بێگومان ئەگەر سەرەتا بەشێوەیەکی هونەری بەرز و سەرنج ڕاکێش نەنووسرێ، ئەوە هەر لە سەرەتاوە خوێنەر هەست بە بێزاری دەکات. دەبێ هەست و سۆزی خوێنەر بورووژێنێ و ڕووداوەکان بەشێوەیەک دابڕێژرێ کە کاریگەرییان هەبێت.

ناوەڕاست شێوەی دووەمە کە ڕووداوەکان لەناوەڕاستەوە دەست پێ دەکەن. واتە لەکاتی ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکان، کاتێک ڕووداوەکان گەیشتوونەتە لووتکە چیرۆکەکە دەست پێدەکات. بەمەش بەشێک لە ڕووداوەکان پێشتر بەیان کراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بەشەکەی تری ڕووداوەکە لەناو دەقەکەدا نەبێت، نا بەڵکو تەنیا دەست پێکردنی ڕووداوەکان لە ناوەڕاستەوەیە. هەر لە ناو تێکستەکە بەرە بەرە ڕووداوەکانی تر دێن و تەواو دەبن ئەمەش هەروەک باسمان کرد (هۆمیرۆس) دوو داستانەکەی لەناوەڕاستەوە دەست پێدەکات. لەسەر دەستی (هۆراس) ئەم یاسایە دەچەسپێ و یاسای کۆن ڕەت دەکرێتەوە.

کۆتاییش ئەوەیە کە چیرۆکەکە لێرەوە دەست پێ دەکات جا لێرەدا کارەکتەرەکە بەشێوەی فلاش باک دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، یان بە شێوەی تر، بەڵام زیاتر شێوەی فلاش باکە. لێرەشدا واتە کۆتایی بایەخی خۆی هەیە، چونکە هەموو شتەکان و ئەنجامەکان لێرەدایە و هەموو شتێ ڕوون دەبێتەوە. دەبێ بەشێوەیەکی هونەری وا بنووسرێ تاکو خوێنەر هەوڵ بدات زوو بگاتە کۆتایی تاکو بزانێ ئەنجامی ڕووداوەکان چی دەبێت. لێرەدایە خوێنەر هەست بەخۆشی، یان غەمباری و تامۆچێژ، یان بێزاری دەکات.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**(١) نهێنییەکانی چیرۆکنووسین، حوسێن عارف، گۆڤاری ڕۆڤار، ژ٢٧ تایبەت بە حوسێن عارف، ل٤٦-٤٧.**

**(٢) فن القصة القصيرة، د. رشاد رشدي، مكتبة أنجلو المصرية، ١٩٧٠، ص١١٥.**

**(٣) بینای هونەری چیرۆکی کوردی، د. پەرێز سابیر، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٨٣.**

**(٤) چیرۆکی هونەری کوردی، حوسێن عارف، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل١١١.**

**(٥) کورتەیەک لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، لین ئولینبرند- لیزلی لویس، و. سەڵاح عومەر، ل١٤٦.**

**(٦) چەند پەیڤێک دەربارەی چیرۆکی کوردی، شێرکۆ بێکەس، گۆڤاری ئاینده، ژ٤٩، ساڵی ٢٠٠٣، ل١١٩.**

**(٧) لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی ١٩٧٠-١٩٨٠، د. ئیبراهیم قادر محەمەد، نامەی دکتۆرا، ١٩٩٧، ل٢٤.**

**(٨) بینای هونەری چیرۆکی کوردی، د. پەرێز سابیر، ل٨٤.**

**(٩) چیرۆکی هونەری کوردی، حوسێن عارف، ل٤٣.**

**(١٠) بینای هونەری چیرۆکی کوردی، د. پەرێز سابیر، ل٣٩.**

**(١١) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.**

**(١٢) نهێنییەکانی چیرۆکنووسین، حوسێن عارف، گۆڤاری ڕۆڤار، ل٥٢.**

**(١٣) کورتەیەک لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، لیزلی لویس، و. سەڵاح عومەر، ل١٤٧.**

# جیهانگەرایی میدیا
## (چەمک و سروشتەکەی)

ویلیام هاچن
لە عەرەبییەوە: تاریق کارێزی

(١-٢)

**زاراوە**

- گەیاندنی ئاسمانی: مارکەیەکی بازرگانییە بۆ هەمەجۆر ئەو پێوەندییانەی بە مانگی دەسکرد دەکرێن بۆ پەخش کردنی شەپۆل، وەک نیشانەکانی تەلەفۆن و تەلەفزیۆن.
- دیجیتالیزە: گۆڕینی دەنگ، یان وێنە بۆ ژمارەی ئەلیکترۆنی و داکردنیان لە ئامێری موگناتیزە کراو، پاشان دووبارە بەرهەم هێنانەوەیان لە فۆرمی ڕەسەنی خۆیان.
- فاکس: گواستنەوەو بەرهەم هێنانی بابەتی دەسخەت و هێڵکاری بە ئامێری ئەلیکترۆنی و لەڕێی تەلەفۆنەوە.

شۆڕشی تازەی زانیاری، بەخێرایی ئاوێتە بوونی ئابووری جیهانی ئاسان کرد. ئەم شۆڕشی گەیاندنە لەلایەن تەکنەلۆژیای گەیاندنەوە بەڕێوە دەچێت کە لە یەک کاتدا لە هەموو شوێنێکی جیهاندا لەبەر دەستدایەو زانیاری بە کۆئەندامی دەماری سەردەمی ئێستا کە ناونراوە (جیهانگیری) دەگەیەنێت.

ئەم تەکنەلۆژیایە خۆی لە پێوەندی کردن لەڕێی مانگی دەسکرد و تەلەفزیۆنی جیهانی و کۆمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێتدا دەنوێنێ. هەروەها ئەو گەشەسەندنەی لە ڕۆژنامەگەری و هۆیەکانی کات بەسەربردن بەدی هات، بەو جۆرەی بەشدار بێت لە هەرچی زووتر ڕەنگدانەوەی هەواڵ بەسەر بواری سیاسی و کاروباری گشتی و یارمەتیدەر بوو بۆ دروست کردنی کەشی هاوبەش لەنێوان کولتووری میللی و شێوازی ژیان لەهەر هەموو شوێنێکی جیهاندا.

بە جیهانی بوونی میدیاو هۆیەکانی کات بەسەربردن کە بەزۆری لە ئاکامی دەستی ڕۆژئاواوە هاتە دی، زۆر

بەهێزەوە یەک بەیەکی کەسانی بەجیهانی بەرفراوان بەستەوە، هەرچەندە شارەزایانی دووپاتی دەکەنەوە کە جیهانگیری کارێک نییە لەدەستی کەسدا بێت، بەڵکو ڕاستیەکی واقیعییە. بەجیهانی بوونی میدیا بەدەر لەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێ، بۆی ناکرێ دەرکەوێت و بێتە گۆڕێ.

**بەرایی**

جیهانگیری زاراوەیەکی ورد نییە بۆ ئەو گۆڕانەی لە بواری سیاسی و میدیاو ئابووری و بازرگانی و کولتوورو شێوازی ژیاندا بەسەر جیهاندا هاتووە. بەپێی ئەو ڕەخنانەش بێت کە لە جیهانگیری دەگیرێ، ئەوە جیهانگیری ڕەوتێکی پڕ لە مشتومڕە. وەک دەڵێن جیهان (لە سایەی جیهانگیریدا) بووەتە کۆلۆنێکی بەکاربەران، بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە کۆک «ئەو ماددەیە لە خەڵووز دێتە بەرهەم» و کەناڵی (سی ئێن ئێن) (CNN) و ماکدۆناڵد (خواردنی خێرا) و ئەو فیلمانەی هۆلیوود دەیانهێنێتە بەرهەم و بە شێوەیەکی بەربڵاو دەبنە مایەی گفتوگۆ، وڵاتەکە بەڕێوە دەبەن.

بەڵام جیهانگیری لەمە فراوانترە، لەساڵی ٢٠٠٠دا، تۆماس فریدمان-ی ڕۆژنامەنووس گوتی: جیهانگیری مۆد، یان ڕەوتێک نییە، بەڵکو سیستەمێکی نێودەوڵەتییە و جێی سیستەمی شەڕی ساردی گرتەوە (کە لەساڵی ١٩٤٥ەوە تا ساڵی ١٩٨٩ درێژەی کێشا) جیهانگیری، جیهان بەرەو زیاتر ئاوێتە بوون و تێکەڵ بوون و یەکگرتوویی ئابووریيە جیهانییەکەی دەبات.

جیهانگیری یاسای لۆژیکییانەی خۆی هەیە، کە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار لە لایەنی سیاسی و کولتووری و ئابووری دەکات، هەروەها چۆنیەتی هەست کردنی خەڵک بەجیهان، کار لە ژیان و کارەکانیان دەکات. بەگەشت و سەیران بۆ هەر شوێنێکی جیهان بچیت، دەبینی کاڵاو خزمەت لە هەمەجۆر شوێنی جیهانەوە دێت و دەگات. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، زۆربەی ئابووری جیهانی بەرەو ئاوێتە بوونی زیاتر چوون. هەروەها وەبەرهێنانی بیانییش سێ هێندەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی کەوتە گەشەکردن. لەساڵی ١٩٨٠وە تا ساڵی ١٩٩٥، زۆر بەتیژی بەهای بازرگانی نێو دەوڵەتی زیادی کردو لەساڵی ١٩٩٥دا گەیشتە (١ر٥) ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی، لە بری (دوو) ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ساڵی ١٩٨٠دا.

وێڕای ئەوە جیهانگیری زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا کردەی کڕین و فرۆشتنی کاڵای بیانی بێت. هەندێک وای دەبینن کە پەیدا بوونی جیهانگیری هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی گەیاندن کە هەست کردنی ئێمەی خامۆش کرد لەبارەی هەبوونی سنوورو درک کردنمان بەجیهان. گەیاندنی نوێ و میدیا (چاپ کراوی لە نموونەی ڕۆژنامەو گۆڤار، بیستراوی لە نموونەی ڕادیۆ، بینراوی لە نموونەی تەلەفزیۆن) گرنگترین ئەو هۆکارانە بوون کە بەشداربوون لە هەرچی زووتر تێکەڵ بوون ئابووریيە جیهانییەکان، هەروەها ڕۆڵی کاریگەریشی هەبوو لە هێنانە ئارای سیستەمێکی تازەی جیهانی. هەر بەپێی ئەمە بە تەکنەلۆژیای گەیاندن و کۆمپیوتەر دەگوترێ (دایبایی جیهانگیری).

**تەکنەلۆژیا لە پێناوی گۆڕاندا**

بەپێی ئەوەی (ڕۆبێرت ستیڤنسۆن) لەساڵی ١٩٩٤دا نووسیویەتی، لەسەردەمی میدیای نوێدا، هۆکاری یارمەتیدەر بریتین لە کۆمپیوتەر و مانگی دەسکردو دیجیتالیزە، هەر سێکیان یەک دەگرن بۆ ئەوەی تۆڕی گەیاندنی نێودەوڵەتی دروست بکەن کە بە چەشنی توێژاڵی هەوا، بە تەواوی دەوڵەتان دەتەنێتەوە. ئەم تەکنەلۆژیایە جۆرێکی دیکەی گەیاندنی لێ کەوتەوە، کە میدیای چاپ کراوە (ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی)، هەروەها تەلەفزیۆنی جیهانی (کەناڵی ئاسمانی) و (ڕادیۆی دیجیتال)، کە سیفەتی زووبەزوو پەخش کردنی زانیاری هەیە، برەو سەندنی ئینتەرنێت کە بوار بێ پسانەوە هاتنی هەواڵ و زانیاری جێ متمانە دەدات، سەرباری هۆیەکانی خۆ خافڵاندن (یاری) و کولتوور کە ئەویش لەلای خۆیەوە کار لە هەرچی زووتر بەدی هاتنی گۆڕان لەبواری ژینگەی میدیا دەکات.

ڕەوتی ڕووداوەکانی بواری جیهانگیری و پێکهاتە بنچینەیەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەپڕ هەر لەپاش ڕووخانی کۆمۆنیزم (سیستەمی سۆسیالیزم) لە ساڵی ١٩٨٩ پەیدا نەبوون، بەڵکو لەساڵی ١٨٨٠وە تا کۆتایی ساڵی ١٩٢٠، شۆڕشێکی وەک ئەم شۆڕشەی ئەمڕۆی گەیاندن (٤) رووی دا، کە بەشدار لە پێکەوە گرێدانی جیهان تا ڕادەیەک. ئەو شۆڕشە(٥) خۆی لە داهێنانی تەلگراف و تەلەفۆن و ڕاکێشانی کێبڵ و پەیدابوونی ئاژانسی دەنگ و باس و ڕاکێشانی هێڵی ئاسن و دروست کردنی کەشتی کە بە وزەی هەڵم کاری دەکرد. هەروەها داهێنانی ڕادیۆ، بەتایبەتی ئەوەی

شەپۆلی کورتی وەردەگرت و داهێنانی تەلەفزیۆن. ئەم ئامێرو هۆکارانە بەشدار بوون لە برەو پێدانی بیرۆکەو زانیاری و بەهای کولتووری، هەروەها بازرگانیشی ئاسان کرد، کە ڕێی بۆ هاتنی کالاّ خۆش کرد بۆ هەموو سووچێکی جیهان.

بەلاّم ئیستا، کۆمپیوتەری تاکە کەسی و تەلەفزیۆنی جیهانی کە لە ڕێی مانگی دەسکردەوە بەرنامەکانی پەخش دەکات و مۆبایل و فڕۆکەی نوێباوو ئینتەرنێت و تەلەفزیۆنی کێبلّی، یان وەک پێی دەلّێن تەلەفزیۆنی کارلێکار (٦) سەرباری سینەماو مۆسیقاو شێوازی ژیانی تایبەت، شێوازی هاتنی زانیاری گەلێ خێراو ئالۆز کردووە. لە کاتێکدا نرخی کالاّو کرێی خزمەت پێ بەپێ زیادی دەکرد، دەبینین کرێی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندن ڕۆژ دوای ڕۆژ کەمتر دەبێت، لەسالّی ١٩٣٠دا کرێی سێ خولەک پێوەندی کردن لەنێوانی لەندەن و نیویۆرک (٣٠٠) دۆلار بوو، هەرچی ئەمڕۆیە، پێوەند کردن بە ئینتەرنێت لە چاو ڕابردوو هەر وەک بەلاش وایە.

خێرای ئەو گۆڕانەی لە بواری گەیاندندا بەدی دێت، لە ئامرازێکەوە بۆ ئامرازێکی دی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە تەلەفزیۆن (١٣) سالّی برد تا توانی (٥٠) ملیۆن بینەر زامن بکات، لە کاتێکدا ئێنتەرنێت تەنیا بە (٥) سالّ توانی (٥٠) ملیۆن هاوبەش دەستەبەر بکات. زۆر بەخێرایی و کتوپڕ گۆڕان ڕووی دا بەجۆرێ کە دەتوانین پێشبینی ئایندەی نزیک بکەین. بەکورتی هەوالّی هاوچەرخ و ئامرازی کات بەسەربردن (وەک پرۆگرامی گەمەی ئەلیکترۆنی) بوونەتە یەکێ لە شتە لە گۆڕان هاتووەکانی جیهانگیری، لە هەمان کاتدا ئامرازەکانی میدیا بەشێوەیەکی گرنگ لە گەشەکردنی جیهانگیریدا بەشدار بوون.

## ئامرازی میدیاو هەوالّی ناوخۆ

ڕۆلّی هەوالّ و ئامرازی کات بەسەر بردن لە جیهانگیریدا ڕەهەندی دروستی خۆی دەپارێزێ. هەوالّ، بە چەشنی سیاسەت، بۆ جیهان شتێکی گەوهەرییە.

خەلّکی لە هەموو شوێنێکی جیهان بایەخ بەو ڕووداوانە دەدەن کە لە دەوروبەریان ڕوو دەدەن، یان لەنێو دەرو دراوسێ و لەلای ئەو نەتەوانەی جێی بایەخی ئەوانن، ڕوو دەدەن. بۆ نموونە تێک شکانی فڕۆکەیەکی پاکستان لە نزیک کێلّگەیەکی شارێکی بچکۆلانەو تێداچوونی (٣٠٠) ڕێبوار لە ئاکامی ئەم ڕووداوە، هەوالّێکی گرنگە. هەوالّی گرنگ ڕۆژنامەو گۆڤارو ئیزگەو کەنالّەکانی تەلەفزیۆنی تەنیوەتەوە، هەروەها تۆڕی ئینتەرنێت، هەوالّی جیهانی و زانیاری بەسوود وەپێش دەکەوێت و تەنانەت هەوالّی پڕوپووچیش هەر بلاّودەکرێتەوە، جا چ باسی دەوروبەرو ناوخۆ بکات، یان ئەوانەی پێوەندیدارن بە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانەوە. ئەو ڕەخنەیەی ماوەیەکی دوورو درێژ ئاراستەی زۆربەی هەوالّەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کرا، بەتایبەتی کە ئاراستەی هەوالّەکانی تەلەفزیۆن کرا، هەوالّی دەرەوەشی دەگرتەوەو تا ئیستاش هەر بەردەوامە. توێژینەوە ڕوونی کردەوە کە زۆربەی ئەمریکییەکان بایەخ بە هەوالّی دەرەوە نادەن، ئەگەر ئەو هەوالّە لەبارەی سوپای ئەوان یان شتی دیکەی جێی بایەخی ئەوان نەبێت.

ئەو دیاردەیەی میدیا کە پەیوەستە بەگەیشتن بە دوورترین شوێنی جیهان، ڕۆلّێکی بالاّو ڕوو لە زیاد بوون دەبینێ لە ئابووری جیهان و سیاسەتی نێونەتەوەیی و کولتووری میللی لە هەر هەموو شوێنێکدا.

## تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

لە دووەمین جەنگی جیهانییەوە، تۆڕە ئالۆزەکانی گەیاندنی نێودەولّەتی گەشەیان سەند بەچەشنێ توانایەکی مەزنیان ڕەخساند بۆ شەپۆلی هاتنی زانیاری، ئیدی کار لە یەکدی کردن لەنێوان دوو زاراوەدا بووە شتێکی ئاسایی، کە دەکرێ بەم جۆرە شیتەلّ بکرێن: تاکایەتی(٧) و جیهانایەتی کۆمەلّ، هەروەها هەولّدان لە پێناو تەواوکردنی پێداویستەکانی پێنجەمین قۆناغی گەیاندن، کە بریتییە لە گەیاندنی ئەلیکترۆنی، کە پشت بە تەکنەلۆژیا گەیاندن دەبەستێت (بەتایبەتی مانگی دەسکردو کۆمپیوتەر). (هارۆلّد لاسویل) لەو بڕوایەدا کە ئەم شۆڕشی گەیاندنە ڕەزمی مێژووی گەرمتر کرد (ئەوەی لە ڕابردوو ڕووی داوە ڕەنگە ئیستاش ڕوو بداتەوە).

سێ ڕەهەند هەن و بریتین لە: خاکی فراوانی کیشوەری ئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای لاتین (باشوور) پالّنەرێک بوون بە ئاراستەی دامەزراندنی تۆڕی گەیاندنی نێودەولّەتی بۆ یەکەمین جار. سەرباری فراوان بوونی بازرگانی و نامەو پەیامی زۆر کە پێویستی بە فراوان خوازی دەکرد بە ئاراستەی فرە جوگرافی، هەروەها ئالۆزی تەکنەلۆژیای تەکنیک و شارەزایی و زانین کە وای پێویست کرد سیستەمێک دابهێندرێ کە مرۆڤ زیاترو زیاتر ئاگاداری کاروباری ژیان بێت.

**گەیاندنی ئاسمانی**

وتەی گەیاندنناسی کەنەدا (مارشاڵ ماکلوهان) کە دەڵێ: (جیهان گوندێکی ئەلیکترۆنییە) لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە هاتە دی. جۆن نایسبیت-ی ئایندەناسیش بەرسڤی بەوە دایەوە، «گەیاندنی ئاسمانی کۆمەڵگایەکی سەمەرەی دروست کرد کە حەز ناکات سەر بە هیچ ژینگەیەک بێت، کە لە ڕابردوودا هەر لەسەردەمی تاوەری بابلەوە هەر بە توخمی ئادەمیزاد ناسراوە».

لە (٣٥) ساڵی ڕابردوودا، شەپۆلە پەخش و گەیاندنی نێودەوڵەتی لە ڕێی مانگی دەسکردەوە، ئەنجامگەلێکی جێ بایەخی بەدەست هێنا، لە پێناو ملیۆنان پێوەندی تەلەفۆنی لەبارەی بازرگانی جیهانی و بازاڕی دراو و کولتوورو کات بەسەر بردن، ملیارد دۆلار خەرج کراو ئەم شتانە بوون بە بەشێک لە تەوژمی بەرفراوانی پێوەندی کردن کە بریتییە لە هەواڵی ڕۆژانەی نێونەتەوەیی کە بە دەنگ و ڕەنگ دەخرێنە ڕوو، هەروەها وێنەی تەلەفزیۆن و دەنگ و ئامار، ئەمیش وەک ئاکامی تەوژمی بڕێکی یەکجار زۆر لە هەواڵی جیهانی بە نرخێکی کەمتر لە جاران.

هەرچەندە ئەو تاوەرەی شەپۆلی ڕادیۆیی پێ دەنێردرێ پێشکەوتووە، بەڵام گەیاندنی ئاسمانی (Comssts) ڕووبەری فراوانتر دەگرێتەوەو لەو بوارەدا شازو دەگمەنە، بەهۆی ئەمەوە کەسان لە یەک کاتدا دەتوانن پێشوازی لە زانیاری شوێنی جیاجیا بکەن و پاشان بۆ شوێنانی جیاجیاشی بگوازنەوە. هەروەها ناردنی زانیاری هەمەجۆر بە شێوازی جۆربەجۆر؛ لەڕێی تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، فلکس، فاکس، کۆمپیوتەری فرە خێرا، ڕادیۆ... تاد.

لە ئایندەدا لە سایەی مانگی دەسکرددا، مەودا نابێتە لەمپەرێک لەبەردەم پێوەندی کردنی وڵاتان، چ دوور بێ یان نزیک، لەگەڵ یەکدیدا، هەروەها مانگی دەسکرد، بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری، وێستگەکانی سەر زەوی بە یەکدی دەبەستێتەوە.

مانگی دەسکرد بەشدار بوو لە فراوان کردنی پەخشی ئێزگەی دیجیتاڵ، کە لە پەخش کردنی پرۆگرامدا پشت بە مانگی دەسکرد دەبەستێ کە کاری کردە سەر تۆڕی کێبڵ. بۆ نموونە کەناڵی (سی ئێن ئێن) و گشت کەناڵەکانی دیکەی کێبڵ وەک کەناڵی (HBO) و، ئەو کەناڵانەش کە بینەر بەرامبەر بە تەماشاکردنی پرۆگرامەکانیان پارە دەدات، پەل و پۆبان هاویشت و گەیشتنە چەندین وڵاتی بیانی بەهۆی گرێدانیانەوە بە مانگی دەسکرد، سیستەمی سەتەلایتی کێبڵ دەتوانێ پەخشی بگەیەنێتە شوێنی دوورە دەست کەبەزۆری بێ بەشن لە ئێزگەو تەلەفزیۆنی ئاسایی سەر زەوی.

هەروەها گەیاندنی ئاسمانی (وەک ئاژانسی جۆربەجۆری هەواڵ) ڕێژەی بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامەو خزمەتگوزاری هەواڵیشی فراوانتر کرد، ئەویش بە گواستەوەی زانیاری نێونەتەوەیی لەشێوەی هەواڵی نووسراو، یان وێنە بۆ سەرانسەری جیهان.

ڕەنگە فراوانی مانگی دەسکرد بوار بە گواستەوەی نیشانەی ڕەنگاوڕەنگی تەلەفزیۆن (تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ)، بەجۆرێ ئیدی ئامرازەکە لە ئاستی جیهاندا، یان لە ئاستێکی جیهانیدا کاریگەری دەبێت. ئەمەش پێویستی بە تەکنەلۆژیا هەیە لە بواری گەیاندنی ئاسمانیدا.

**کۆکردنەوەی هەواڵ بە تەکنەلۆژیای تازە**

دۆزینەوەکانی بواری تەکنەلۆژیا شێوازی کۆکردنەوەی هەواڵی بیانی و پەخش کردنی ئەم جۆرە هەواڵەی گۆڕی، هەروەها شێوازی پێشوازی کردنی هەواڵیش لەلایەنی کەسانەوە گۆڕی. جاران پەیامنێر دەبوو لەو دەوڵەتە بیانییەدا بمێنێتەوە کە هەواڵەکانی ئەوێی بە پاپۆڕ یان بە پۆستە بۆ ئەو کەناڵی ڕاگەیاندنە بناردایە کە کاری تێدا دەکرد. ئەمڕۆش لەسایەی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەرو مانگی دەسکردەوە، زۆر بە فراوانی دەزگاکانی میدیا هەواڵ باران دەکرێن.

ئەمڕۆ پەیامنێر کۆمپیوتەری تایبەت (Laptop) بەکار دەهێنێ، کە بەهێڵێکی تەلەفۆن بە ئینتەرنێتەوە گرێ دراوە، جاری واش هەیە پێویستی بە تەلەفۆن نابێت، بەڵکو بە وایەرلێس هەواڵی تایبەت بە کەنداوو گرفتی دادگایی کردنەکەو شەڕی ناوخۆی بیانیانی دەست دەکەوێت. ئیدی پەیامنێر لە خەڵکانی دی دانەبڕاوە، بەڵکو ڕۆژانە پێوەندی بە نووسەرانەوە دەکات، هەواڵەکانیشی ڕۆژانە بە ئینتەرنێت، یان بە مۆبایل دەگەن، ئەم خەسڵەتە لە گەیشتندا دەمودەستییەکی داوەتە هەواڵی نێودەوڵەتی، کە پێشتر نەیبووە.

سەبارەت بە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆن، گرنگترین کەناڵە ئاسمانییەکان پشت بەسیستەمی مانگی دەسکرد دەبەستن، کە خێرایی و توانایەکی زۆر چاکی هەیە لە گواستنەوەی نیشانەکانی تەلەفزیۆن، شەپۆلی بەرەو هەمەجۆر کەس دەچێت و سەبارەت بە ڕاپۆرتی زیندوو لە ڕێی مانگی دەسکردەوە پێشوازی لە کاردانەوەکانیان

دەکات. ئەم جۆرە ناردنە دەکرێ ببێتە بەدیلی ناردنی ئاسایی کە نووسینگەکانی سی ئێن ئێن و کەناڵی (ئەی بی سی) پەیامنێران بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان پشتی پێ دەبەستن.

ڕۆژنامەگەریش لەلای خۆیەوە سوودی لەو پەرەسەندنە خێرایەی بواری مۆبایل وەرگرت، ئیدی هەموو نووسەرێک لە توانایدا دەبێت هەردەم لە پێوەندیدا بێت لەگەڵ نوێنەران و ڕۆژنامەنووساندا، باوەکو ماوەی نێوانیان هەرچەندە دووریش بێت، یان ئەگەر پێویستی کرد بە مۆبایل هەواڵ بەدەست بهێنێت.

لە دووەمین جەنگی کەنداودا، پیتەر ئارنێت تەنیا پەیامنێری ڕۆژئاوا بوو لە بەغدا، پەیامنێری (سی ئێن ئێن) بوو، هەواڵەکانی بە مۆبایل دەنارد کە ئەو کات خەرجییەکەی (٥٠) هەزار دۆلار بوو، ئەویش بە گرێدانی بە مانگی دەسکردەوە. هەروەها لە جەنگی ئاسمانی کۆسۆفۆ لە ١٩٩٩دا کە ئەم جۆرە تەلەفۆنە ئامرازی یەکلاکەرەوە بوو بۆ ناردنی هەواڵ بۆ دەزگاکانی میدیا. مۆبایل (کە لەرێی مانگی دەسکردەوە نیشانەکانی دەگوازرانەوە) ئامرازی پێوەندی بوو لەنێوان دەزگاکە لە نیویۆرک و پەیامنێرانی ڕۆژنامەوان لە ئەلبانیا، یان سربیا، یان بۆسنە. ئیدی ڕۆژنامەکان لە توانایاندا بوو پەیامنێر لە شوێنی جیاجیا دابنێن و ئەوانیش لە لایەنی خۆیانەوە بەپێی توانا هەواڵیان پێ دەگەیاندن. ئامێری دیجیتاڵیش ئامرازی گرنگە لە بەر دەستی ڕۆژنامەنووسدا بۆ ئەوەی ئەرکەکانی بەجێ بهێنێ، بە هەزاران لیستی زانیاریی دیجتاڵی بە بەتێکست(٨)، یان بەکۆمپیوتەر کۆ دەکرێنەوە، پێ بەپێ بایەخی کۆکردنەوەو ناردنی زانیاری بەم شێوازە ڕووی لە زیادبوون کرد. مەودا هیچ بایەخێکی نەمابۆ پەیامنێرێ کە بیەوێ زانیاری (چ ئەوەی لەسەر کاغەز چاپ کراوە یان لەسەر کۆمپیوتەر) بۆ ڕۆژنامەی (تایمز)ی لەندەنی یان ئاژانسی دەنگ وباسی ڕووسیا لە مۆسکۆی ڕەوانە بکات. بە هەمان شێوە ئەو ڕۆژنامەنووسەی دەیەوێ بابەت بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەفریقا بنێرێ، دەتوانێ زانیاری لەم بەر بۆ ئەو بەری ئەتڵەس ڕەوانە بکات.

جۆرێکی دیکەی بەکارهێنانی مانگی دەسکرد لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە یارمەتیدەرە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەری نێونەتەوەیی و ڕۆژنامەی نێودەوڵەتی.

هەموو ڕۆژێ لاپەڕەکانی هەر ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، یان هەفتانە وەک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ئاسیان وڵ ستریت)، یان (ئینترناشناڵ هیراڵد تریبون) بە مانگی دەسکرد دەگوازرێنەوەو ڕەوانەی چاپخانە دەکرێن، بۆ ئەوەی لە هەمەجۆر شوێنی جیهان چاپ بکرێن.

ئەو ڕۆژنامانەی لاپەڕەکانیان بە مانگی دەسکرد دەگوازرێنەوەو لە شوێنی جیاجیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ دەکرێن، بریتین لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) و (یو ئێس تودەی) و (وڵ سترین جورنال) ئیدی ئەو ڕۆژنامانە لە یەک کاتدا لە هەموو شارەکاندا دەست دەکەوێت.

### ڕاسپاردنی کەسان لێرەو لەشوێنی جیاجیای جیهان

دۆزراوە تازەکانی بواری ئامرازی میدیاو کۆمپیوتەری کەسی و ئینتەرنێت و ئامێری کۆپی و چاپخانەو فاکس و ڤیدیۆکاسێت و مۆبایل و گەیاندنی ئاسمانی، لەئاکامدا (بە کەسایەتی کردنی ئامرازەکانی میدیا)ی لێ کەوتەوە، بە قوولیش کاریگەر دەبێت بەسەر پێشوازیکەردا (خوێنەرو گوێگرو بینەر) کە پێشوازی لە هەواڵی نێودەوڵەتی دەکات.

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی میدیای نێودەوڵەتیدا، تاکە کەس هەر ئەوە نییە تەنیا پێشوازی لە هەواڵ و بابەتی کات بەسەربردن بکات، بەڵکو ڕۆڵی گۆڕاوەو ئێستا دەگەڕێن بە دوای ئەو شتەی هەڵیدەبژێرن، یان وێڵن بەدوای (خوێندنەوە، یان گوێگرتن، یان دیتن) لە ژێدەری جیاجیاوە. هەر بۆیە زۆر لە حکوومەتەکان لە توانایاندا نییە هاووڵاتیانیان کۆنترۆڵ بکەن. تاکە کەس ڕوو دەکاتە کۆمپیوتەری تایبەتی خۆی کە بە ئینتەرنێتەوە گرێ دراوە، ئیدی دەبێتە ژێدەری زانیاری. بۆ نموونە لەکاتی قەیرانی سیاسیدا، تاکەکان دەتوانن زانیاری بەدەست بهێنن، یان لە نێوانی خۆیان بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن لە نموونە (نامەی شۆڕشگێرانە)یان (دنەدەر) بۆ هەزاران کۆمپیوتەری تاکەکەسی دەنێرن کە تاکە تاکە کەسان لە وڵاتانی شڵەژاو لەڕووی سیاسییەوە هەیانە.

هێزی پەیڤی چاپ کراو پێگەی فاکسی (Fax)ی بەهێز کرد. ئەو تەکنەلۆژیایەی بە هۆی ئەوەوە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە پاریسەوە بۆ هۆنگ کۆنگ دەگوازرێتەوە، هاوکات بە ملیۆن بەڵگەنامەو نامەو پەیام لە سەرانسەری جیهاندا بلاو دەکاتەوە. کردەی گواستنەوەی ئەلیکترۆنیانەی دەنگ و ڕەنگ (بە گۆڕینیان بۆ هێمای ئەلیکترۆنی و پاشان دووبارە بەرهەم هێنانەوەیان) لەم ڕۆژەدا ڕۆڵی هەیە لە کێشەکانی سەردەم دژ بەو سیستەمانەی حوکمڕانی کە گەلیان لە پشتەوە نییە وەک ئیران و پەنەماو چینی و یەکێتی سۆڤیەتی (جاران).

ئەویش لەبەر ئەوە نا کە فاکسی دەماودەم دەتوانێ ئەزموونەکانی مرۆڤایەتی بگوازێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاسانکاری دەنوێنێ لەبارەی لێشاوی ئەو زانیارییەی ڕوو لەو کۆمەڵگایانە دەکات کە ڕژێمی سەرکوتکەریان هەیە. هەروەها ئامێری ڤیدیۆ کاسێت و تۆمارکەری دەنگ، بەشێوەیەکی فراوان توانای تاکە کەسانی لە زۆربەی شوێنانی جیهان زیاد کرد، بۆ ئەوەی دوور لە سانسۆر سەرپشک بن لە دیتن، یان گوێگرتن لەو شتانەی ئارەزوویان دەکەن.

کاریگەریشیان لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا لە کاتی گوێگرتن لە مۆسیقای پڕ لە ژاوەژاو دەرکەوت، کە لە سایەی ئەوانیشدا گوازرانەوە بۆ کۆمەڵگاکانی دی.

## ئینتەرنێت وەک ئامرازێکی نێودەوڵەتی هەواڵ و گەیاندندا

لەسایەی ئینتەرنێتدا، هەموو مرۆڤێک لە ڕێی کۆمپیوتەرێکی تێکەڵ بە تۆڕێکی نێونەتەوەیی دەتوانێ زانیاری لەهەر کەس و لە هەر شوێنێکەوە وەربگرێت و بۆشیان بنێرێت، بە مەرجێ ئەوەی بەرامبەریش لای خۆیەوە تێکەڵ بە تۆڕی نێونەتەوەیی بێت. ئینتەرنێت توانایەکی نێونەتەوەیی زەبەلاحی هەیە لە پرۆسەی کۆکردنەوەو دابەشکردنی هەواڵی نێودەوڵەتی، هەرچەندە کاریگەرییەکەی زۆر لەوەش زیاترە، لە ساڵی ١٩٩٤دا بیست ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی هەبوو، لە ساڵی ١٩٩٩دا ژمارەکە گەیشتە (٤٩٢٥) ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە (٢٧٠٠)یان هی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، هەروەها ژمارەی ڕۆژنامەو ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ڕۆژبە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە.

میدیا فرەڕەگەز و کێبڵ و ئیزگەی دیجیتاڵ و تۆڕی گەیاندن، لە کێبڕکێدان لەگەڵ میدیای چاپ کراو، دەشیانەوێ سوود لە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی نێودەوڵەتی وەرگرن. ئەرکی بەرچاوی ئینتەرنێت لە گەیاندنی داهێنراودا خۆی دەنوێنێ کە یارمەتیی کەسان دەدات لە بەشدار بوون بە بیروڕاو خەم و خولیا لەگەڵ کەسانی دی (کە بریتییە لە هەواڵ و زانیاری) لەڕێی تۆڕی نێونەتەوەییەوە (ئینتەرنێت). هەر بۆیە ئینتەرنێت سیمایەکی بەرچاوی ئەم سەردەمەیە کە پێی دەگوترێ سەردەمی گەیاندنی نێودەوڵەتی،

زۆربەی گۆڕانە کتوپڕەکان بەر لە ٢٥ساڵ لەگەڵ پەیدابوونی کۆمپیوتەر ڕوویان دا، بەجۆرێ کە کەسانی پسپۆڕی بواری میدیاو گرووپەکانی دی، لەهەمان کات و زوو بەزوو دەیانتوانی بگەنە هەواڵەکان کە هەر ئەوە نییە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بەڵکو لە ڕێی بەشداری کردنیان لەم زانیارییەدا لەهەر شوێنێکی جیهاندا، پێوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

ئەو پرسیارەی بەردەوام دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە؛ لە شۆڕشی میدیادا کێ بەشدار دەبێت و کێش لێی پاش دەکەوێت؟ تا ئەم کاتە، جیهانگەرایی میدیا دەرکەوتەکانی زۆر بە ڕوونی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ژاپۆن و ڕۆژئاوای ئەورووپاو وڵاتانی دیموکرات و پیشەسازیدا بەدی دەکرێن، چونکە کۆمەڵگای دەوڵەمەندو پیشەسازو پێشکەوتوویان هەیە، بەڕادەیەک، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، بۆشای میدیا لە نێوانیان زۆر کەم دەبێت و گەشەسەندنی یەک بەدوای یەک دەیانگرێتەوە. کەچی نەتەوە هەژارەکان هەرچەندە لە توانایاندا دەبێت هەواڵ و زانیاری بەدەست بهێنن و دەزگای میدیاش دابمەزرێنن، بەڵام لە ڕووی ئابووری و ژێرخانی ئابوورییەوە هەژار و دەست کورت دەبن و بۆیان ناکرێ پشتیوانی لە چالاکییەکانیان بکەن. لە کۆی (٩٤) دەوڵەتی ئەفریقا، لە ساڵی ١٩٩٩دا تەنیا گەلانی (١٢) دەوڵەتیان تۆڕی ئینتەرنێتییان بەکاردەهێنا. پسپۆڕانی سیاسەتی نێودەوڵەتی هۆشداری ئەوەیان دا ئەگەر دەوڵەتانی ئەفریقا هەر زوو تۆڕی ئینتەرنێت بەدەست نەهێنن، ئەوە هەر بە هەژاری دەمێننەوەو ڕووبەڕووی گرفتی ئابووری دەبنەوە کە لە ئاکامدا دەبنە پەراوێزە دەوڵەت، یان دەبنە وڵاتی پەراوێزگەری(٩).

لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو، تەنانەت بەوانەی لە ئەفریقاشدان، چاوگەکانی میدیای ئاسایی بریتین لە دەزگای وردو بچووک، وەک هەندێ ڕۆژنامەی ڕۆژانەو کەناڵی تەلەفزیۆن کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە بینەران پرۆگرامەکانی دەبینن. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتانە گوێ لە ئیزگە نێودەوڵەتییەکان دەگرن (کە بە زۆری ئاراستە کراون)، بەتایبەتی کە زۆربەی ئامرازەکانی میدیای ئەو وڵاتانە هی حکومەتن.

لەو دەوڵەتانەی کەوتوونەتە بەشی باشووری گۆی زەوی و لەبن باری کەڵەکە بووی قەرزدا دەناڵێنن، بە ملیۆن خەڵکی هەژار هەن و ناتوانن بگەنە ئەو ئاستەی سیستەمی گەیاندنی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنن، بەم جۆرە خەرەندێکی قووڵ کەوتە نێوان ئەو دەوڵەتانەی ئامرازی گەیاندنیان هەیەو ئەوانەی نیانە. لە وڵاتانی پیشەسازیدا، ئامرازیی میدیای نوێ، ئەرکی ئامرازی

دیکەی میدیای گۆڕی.

### پەیامی میدیای ڕۆژئاوا بۆ میدیای نێودەوڵەتی

جەماوەری میدیای نوێ، بەو فرەیی و هەمەڕەنگی و ئەو کولتوورەی تێیدا باوە لە هەمەجۆر شوێنێکی جیهاندا هەن. پەیڤی چاپ کراوی سەر کاغەز (کاغەزی ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕی ڕۆژنامەکان)، وێنەی چەسپاو، وێنەی بزواو، تۆماری دەنگ و ڕەنگ، هەموو ئەم تەکنیکانە کار لە بیرکردنەوەو کولتووری مرۆڤ دەکەن، نەک مرۆڤی ڕۆژئاوایی، بەڵکو مرۆڤ لەهەر شوێنێکدا بێت، دەکەوێتە بەر کاریگەریی ئەم تەکنیکی میدیایە. گەلێ ئامرازی دیکەش هەن کە بەهەمان ئەندازە کاریگەرن، وەک مۆسیقای کلاسیکی و مۆسیقای هەرادار (صاخب) و ئەو فیلمە سینەماییانەی هۆلیوود دەیانهێنێتە بەرهەم و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و شێوازەکانی ژیان. سەرباری بەهاکانی ئایدیۆلۆژیا وەک دادو مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سەربەخۆیی تاک و ئازادی کە لەیەک کاتدا شتی ئەرێنی و نەرێنیان هەیە.

گەیاندنی نێودەوڵەتی بەرەو هاندانی تاکایەتی دەچێت، ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتیش ئازادی تاک فراوانتر دەکات و لە کاراکردنی دیموکراتییەت لە نێو نەتەوەکاندا بەشدار دەبێت، هەروەها گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری بووە مایەی بەگوڕ کەوتنی بازاڕی ئابووری و کولتووری میلیی ڕۆژئاوا.

لە ساڵی ١٩٩٨٥دا (جەی ئێم ڕۆبێرتس) گوتی (بەهاکانی ڕۆژئاوا دەبنە بەهای جیهانی و کولتووری ڕۆژئاواش گرنگترین کولتوورە.

ڕۆژئاوا مێژووی گۆڕی و لەنێو جیهاندا جیهانێکی دیکەیان دروست کرد کە پێی دەڵێن ڕۆژئاواگەری، کە بووە مایەی (بە نموونە کردنی شێوازی ڕۆژئاوا)، مەبەستیش ئەوەیە نموونەی ڕۆژئاوا بە هەرمێن بکەن و لە جیهاندا بڵاوی بکەنەوە، بۆ ئەوەی وەربگیرێ و پەیڕەو بکرێت. گەلێ نەتەوەی ناڕۆژئاواییش لەم پرۆسەیەدا بەشدارن.

### بەجیانی کردنی میدیا

بەهێزکردنی تواناکانی ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوا (میدیای بەریتانیاو ئەو دەزگا هاوبەشانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەیڕەوی دیموکراتیەت دەکەن) لە کاتی قەیرانی نێودەوڵەتیدا زۆر بەخێرایی و بە تەواوی کار لە پێوەندی نێودەوڵەتی دەکەن کە سەرکردەکانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنانی بازرگانی و ڕێکخراوی حکوومی لە بەدەست هێنانی هەواڵ لە بارەی ڕووداوی جۆربەجۆر پشتی پێ دەبەستن. ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی لە ناسنیی قەیران و کردەی تیرۆریستی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و ئاراستەی ئابووری و قەیرانی بازرگانی و کارەساتی سیاسیدا، وەک ئەوانەی لە بەڵکان و ئیسرائیل و ئاسیا قەومان و لە ئەفریقا و کۆریای باکوور ڕوویان دا، دەتوانن یارمەتی جیهان بدەن. فرەبوونی چاپەمەنی ڕۆژئاواو ئامرازەکانی دیکەی میدیای بینراو (کە زۆربەیان بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسین)، نموونەیەکن بۆ ئەو شێوازانەی ئامرازی میدیا هەواڵ و زانیارییان پێ ڕادەگەیەنێت، ئامرازەکانی ئەمڕۆی نێودەوڵەتی بریتین لە ئاژانسی دەنگ و باس و ڕۆژنامەو گۆڤارو ئیزگەو سیستەمی کێبڵ و خزمەتگوزاری مانگی دەسکرد، کە تێکڕا بەجیهانی بوونی ئامرازەکانی میدیایان وەک ڕاستییەک خستەڕوو. دیارترینی ئەو ئامرازانە، ڕۆژنامەی (ئینترناشیونال هیراڵد تریبیون) و ڕۆژنامەی (فاینانشاڵ تایمز) و ڕۆژنامەی (ئیکۆنۆمیست) گۆڤاری (تایم) و گۆڤاری (نیوزویک) و گۆڤاری (ئاسیان وۆڵ ستریت ژۆرناڵ).

ئەو ئیزگەو کەناڵانەی تەلەفزیۆن کە گەیشتوونەتە ئاستی جیهانی ئەمانەن: (سی ئێن ئێن) و ئێزگەی (بی بی سی) و کەناڵی (بی بی سی) کە لە ساڵی ١٩٨٠دا پەخشی دەست پێ کرد. کەناڵی (سی ئێن ئێن) ڕەهەندێکی جیهانی بە خزمەتگوزاری هەواڵی نێودەوڵەتی بەخشی و بووە یەکەمین کەناڵی ئاسمانی نێودەوڵەتی کە لە ڕێی مانگی دەسکردەوە پەخشی خۆی دەگەیەنێتە جیهان، هەروەها بەپشت بەستن بە سیستەمی کێبڵ، بەم جۆرە ملیۆنان هاوبەشی لە سەرانسەری جیهاندا پەیدا کرد، کە بۆ دیتنی بەرنامەکانی چ لە ئەمریکاو چ لە دەرەوەی ئەمریکاش، لە سیستەمی کێبڵەکەیدا هاوبەشن. بەرنامەکانی کەناڵی (سی ئێن ئێن) لە پتر لە ١٤٠ دەوڵەتدا بینەریان هەیە. ئەم شتە پاڵی بەتۆڕە مەزنەکانی دیکەی تەلەفزیۆنی ئەمریکاوە نا، وەک (ئەی بی سی) و (ئێن بی سی)، (سی بی ئێس)، کە سەرباری پەخش لەڕێی مانگی دەسکردەوە، پشت بە سیستەمی کێبڵیش ببەستن.

ئەو دوو ئاژانسەی دەستیان بەسەر هەواڵدا گرتووە لە جیهاندا، (ئاسوشێتد پرێس)ی ئەمریکاو (ڕۆیتەرز)ی بەریتانیایە، هەر ئەوەش نییە تەنیا خزمەتی دەزگاکانی

میدیای ئەمریکاو بەریتانیابکەن، بەڵکو هەواڵ دەدەن گشت ئەو دەزگایانەی ئارەزوو دەکەن لە خزمەتی ئەواندا هاوبەش بێت. سەرباری ئاژانسی دەنگ و باسی فەرەنسا و ئاژانسی دەنگ و باسی رووسیا کە ئەرکی کۆکردنەوەی هەواڵ لە هەموو شوێنێکی جیهان دەگرنە ئەستۆ، پاشان بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو پێشکەش بە هاوبەشانیان دەکەن.

رۆژنامەی (واشنتن پۆست) و (نیویۆرک تایمز) و (لۆس ئەنجلس تایمز) پیشەگەرانە کار دەکەن بۆ بەدواداچوونی رووداوەکانی جیهان و پێشکەش کردنی بەخوێنەران، بەبێ گوێدانە سنووری سیاسی، یان کولتووری، یان ئابووری، هەروەها خوێنەران لە هەر کوێیەک بن ئاگاداریان دەکەنەوە.

## فراوان بوونی بازرگانی میدیای نێودەوڵەتی

زۆربەی ئەو فراوان بوونەی بەسەر دەزگاکانی راگەیاندندا هاتن لە ئاکامی ئەو بایەخە زۆرەوە هات کە بە هەواڵی ئابووری و دارایی دەدرا لە سایەی فراوان بوونی ئابووریی جیهان و زۆربوونی جموجۆڵی ئەو ئابوورییە. رۆژنامەی (وۆڵ ستریت ژورناڵ) پتر لە (١٠٠) نووسینگەی لە دەرەوەی سنووردا هەیە بۆ پێراگەیشتن بە هەواڵی ئابووری لە ئاسیاو ئەوروپا، هەروەها بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکانی دارایی و بازاڕەکانی دراو و سەهم و گەشەکردنی باری دارایی و ئابووریی دەوڵەتان. ئەم رۆژنامەیە پتر لە (٢٢٦) پەیامنێری لە (٦٢) دەوڵەتدا هەیە.

ئاژانسی دەنگ و باسی ئەمریکا هەواڵەکانی جیهان رادەگەیەنێت، ئاژانسێکی دەگمەنە لە بوارەکەی خۆیدا، بە ملیۆنان خوێنەر، یان گوێگر، یان بینەریان هەیە کە پێشوازی لە هەواڵەکانی دەکەن، کە کۆبەکۆ رۆژانە (٢٠) ملیۆن وشە بڵاودەکاتەوەو بریتین لە هەواڵ و شی کردنەوەو راپۆرت و راپرسی، هەروەها رۆژانە (١٠٠٠) وێنەشی بڵاودەکاتەوە، پتر لە (٩٥) نووسینگەی لە دەرەوە (دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)هەیە، پەیامنێرانی کە بە درێژایی (٢٤) کاتژمێر کار دەکەن، ژمارەیان دەگاتە (٤٠٠) پەیامنێر. بۆ راپەڕاندنی کارەکانی، سوود لە مانگی دەسکردو کێبڵ و ئیزگەو ئینتەرنێت وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بە درێژایی (٢٤) کاتژمێر هەواڵ بە هاوبەشانی بگەیەنێت.

ژمارەی ئەو هاوبەشانەی سوود لە خزمەتی ئاژانسی دەنگ و باسی (ئاسۆشێتد پرێس) وەردەگرن دەگاتە (٨٥٠٠) هاوبەش کە لە وێنەو هەواڵدا هاوبەشن، (٣٣٠) هاوبەش کەناڵی تەلەفزیۆنین.

(ئاسۆشێتدپرێس) پاش ئەوەی کادیران پێ دەگەیەنێت و لە کاری رۆژنامەوانیدا قاڵیان دەکاتەوە، رەوانەی دەزگاکانی میدیایان دەکات.

هەروەها بەرەو ئەوەش دەچێت پشت بە پەیامنێرانی بیانی ببەستێت، لە کۆی (٤٠٠) پەیامنێر تەنیا (١٠٠)یان ئەمریکین. بەهۆی گەشەکردنی پیشەی رۆژنامەوانی، ئیدی ئاژانسەکانی هەواڵ عەوداڵی رۆژنامەنووسانی خۆجێیی بوون کە لە وڵاتانی جۆربەجۆری جیهاندا پێگەیشتن، ئەوانە بە زۆری هەواڵ کۆ دەکەنەوەو بە چاکترین شێوە بەدوای رووداودا دەچن، چونکە ئەوان لەبارەی وڵاتی خۆیان و زمان و سیاسەت وباری کۆمەڵایەتی ئەوێ لە هەر کەسێکی دی شارەزاترن.

هەمەجۆر رۆژنامەی ئەورووپی و ئەمریکی پشت بە کادیرانی بیانی دەبەستن، بەڵام ئەو رۆژنامەیەی بەردەوام گەشە دەکات تا بووە ژێدەرێک بۆ راستگۆیی هەواڵ رۆژنامەی (ئینتەرناشیونال هیرالد تریبیون)ی فەرەنسییە، (جیمس گۆردن بینێت) لەساڵی ١٨٨٧دا دایمەزراند، وەک دانەیەک لە رۆژنامەی (نیویۆرک هیرالد) بۆ ئینگلیزی زمانانی فەرەنسا.

(ئینتەر ناشیونال هیرالد تریبیون) بەهۆی کاری پیشەگەرانەو شێوازی گونجاوی دابەش کردنەکەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. رۆژانە بە ١٦ لاپەڕە دەردەچێت و (٢٠٠) هەزار دانەی لە ١٨١ دەوڵەتدا لێ دەفرۆشرێ (تەنیا لە ئەورووپا ١٣٥ هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێ). رۆژنامەی (ئینتەرناشیونال هیرالد تریبون) لە (٨٥٠٠) کتێبخانەی ئەورووپا بۆ فرۆشتن نمایش دەکرێت، چاپی پاریس و هاگۆو مەرسیلیاو رۆماو زیوریخی هەیە، بە فاکس و مانگی دەسکردیش بۆ چاپخانەکانی هۆنگ کۆنگ و سەنگافوورە لە ئاسیاو بۆ میامی لە ئەمریکا دەگوازرێتەوە، هەروەها بۆ ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.

رۆژنامەی (ئینتەرناشیونال هیرالد تریبون) یەکەمین رۆژنامەیە لە مێژوودا کە لەیەک کاتدا لە چەندین شوێنی جیاجیا چاپ دەکرێت، ئەویش بە گواستنەوەی لاپەڕەکانی لە رێی مانگی دەسکردەوە بۆ چاپخانە. وێڕای ئەوەی تا ئێستا رۆژنامەی هەرە ئەزموونداری پڕ بایەخ و پڕ فرۆشە لەلای خوێنەرانی ئەمریکا، هاوکات لەلایەن دیپلۆماتکارو سیاسەتمەدارو کارگوزارو رۆژنامەنووسانیشدا دەخوێندرێتەوە.

لێکۆڵەران (مەبەست قوتابیانی ماجستێرو دکتۆرایە کە لەبارەی ڕۆژنامەی (ئینتەرناشیونال هیرالّد تربیون) لێکۆڵینەوە دەکەن) بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە ئاشنا بوون کە بریتین لە بەشێکی ئەو کەسانەی لە هەر شوێنێکدا بن، ڕۆژنامەکە خزمەتیان پێ دەگەیەنێت کە لە سایەی ئەم ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەدا، لە بیروڕاو شێوازی بیرکردنەوەو شێوازی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ گرفتە نێو دەوڵەتییەکاندا هاوبەشیی یەکدی دەکەن. وێکچوونیان بریتییە لە یەکبوونی ڕوانینیان بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و ئابووریی جیهان، بەپلەیەکی کەمتریش بایەخدانیان بە گرفتی کۆمەڵایەتی، سەرباری بایەخدانێکی کەم بە کولتووری میللی.

لێکۆڵەران لە جیهاندا دوو گرووپ بەدی دەکەن: یەکەمیان زانیاری سوودمەندی بەلاوە پەسندەو لە بواری سیاسی و ئابووریدا پشتی پێ دەبەستێ.

دووەمیان بە پێچەوانەوە، زانیاری کولتووری بە لاوە پەسندە، چونکە خاوەنی گۆشەنیگای نەتەوەیین بۆ ڕێ گرتن لەوەی بکەونە بەر کاریگەری کولتووری دی.

کۆمەڵە گۆڤارێکی ئەمریکی هەن کە بەدەم خواستی خوێنەرانەوە دێن. گۆڤاری (تایم) و گۆڤاری (نیوزویک) کە بابەتی شایستە بە تایبەتی دەخاتە بەردەمی خوێنەرانی دوڵەمەندی خۆی. گۆڤاری (تایم) لە کەنەداو ئەوروپاو ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاپی تایبەتی هەیە، هەروەها چاپی تایبەتی ئاسیاو ئەمریکای لاتینیشی هەیە. ئەم چاپانە بە خەسڵەتگەلێک دەرچوون کە بەدەم خواستی خوێنەرانەوە لە (٦٠) ناوچەی جیهاندا چوون. (نیوزویک) هەمان شت دەکات، لە هەر ژمارەیەکدا سەدان بابەت دەگۆڕێ، هەر هەمووشیان لەگەڵ دانە لۆکاڵییەکەدا جیاوازن.

ڕەنگە (ریدەرز دایگێست) گۆڤاری فرە خوێنەرو سەرکەوتوو ئەو بێت، کە (٧٤) چاپی نێودەوڵەتی بە (١٨) زمان دەردەکات، هەموو مانگێکیش (١٣) ملیۆن دانەی لێ دەردەچێت. زۆربەی خوێنەرانیش درک بەوە ناکەن کە (ریدەرز دایگێست) ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی سەربەخۆ نییە.

گۆڤارە نێودەوڵەتییەکان بە (٦٤) زمانی بیانی دەردەچن، کە بریتین لە هەشت گۆڤار، لەوانە: (کۆسمۆپۆلیتیان) و (ئیسکوایر) و (گود هاوسکیپینگ) و (پۆپیولەر میکانیکس).

## مەدیسۆن ئەڤینو بەرەو جیهانگەرایی

ڕیکلام و پێوەندیی گشتی، دوو فاکتەری قەناعەت پێ هێنەری میدیای ڕۆژئاوان. بۆ ئەوەی ئامرازەکانی لەگەڵ ڕۆژگاردا پتر جیهانی بن و بۆ هاندانی نموونەی ئەنگلۆ- ئەمریکی، زمانی ئینگلیزی بۆ سەوداو لەیەک گەیشتن لە ئاستێکی جیهانیدایە. وێڕای ئەو ڕەخنەیەی ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە، ریکلام و پێوەندی گشتی بایەخێکی لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ ئابووری بازاڕی و کرانەوەی کۆمەڵایەتی. سەرباری ئەوە، ئەو دووانە هەواڵ دروست دەکەن، یان - لە ڕاستیدا- ڕووکارێکی ڕووداوەکانن. ئەو ڕێکخراوە تازانەی لە پێکەوە کارکردنی ئاژانسەکانی هەواڵ و خزمەتگوزاریی بازاڕگەری دروست بوون، دیاردەی بەجیهانی بوونی دەزگای ڕیکلامی (مەدیسۆن ئەڤینو)یان چەسپاند، کە بووە بە هێمای ڕیکلامی نیشتمانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەبەر بایەخی گەورەی ڕیکلام، ڕێکخراوەکانی بەریتانیاش بەزۆری لە کێبڕکێدان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەمریکا. ڕیکلام چەشنی میکانیزمێکی جێبەجێکار بۆ تێگەیشتنێکی پیشەسازیانە لە پێداویستی بەکاربەر، جا چ کاڵا یان خزمەتگوزاریی جیهانی بێت، هەروەها پاڵپشتە بۆ کار کردنی ئەو دەزگایانە.

گەلێ شارەزای ریکلام دووپاتی دەکەنەوە، کە ئاژانسەکانی ریکلام پێویستیان بە کۆمەڵێکی زۆر لە چاوگی جیهانی هەیە. ڕەنگە ئەگەر ئەو چاوگانەی دەست نەکەوێت، ئیدی ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوەو لە بەدەست هێنانی مەیل و سەرنجی بەکاربەر نەشوست بهێنێ.

## کاریگەری کولتوورییانەی میدیای جیهانی

کولتووری ڕۆژئاوا کە خۆی لە فیلم و پرۆگرامی تەلەفزیۆن و سیدی مۆسیقاو ڤیدیۆو تۆماری دەنگ و کتێب و گۆڤار و کاڵای بەکاربردندا خۆی دەنوێنێ، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو جیهان شەپۆل دەدات. جا ئەگەر جیهان بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی هەنگاو دەنێ، ئیدی گفتوگۆیەک لەبارەی دەسپێکی بەشداری کردن لە کولتوورێکی میللی دێتە ئاراوە، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ڕۆژئاوا دەبەستێت، بەتایبەتی بە ئەمریکا و بەریتانیا، ڕەخنەگرانیش بەو شتە ڕازی نین کە لە کاتی بەیەک گەیشتنی کولتووری جیاجیا ڕوو دەدات، بەلای ئەوانەوە

ئەم شتە بریتییە لە شەڕو پێکهاتەیەکی ناگونجاو. لەساڵی ١٩٩٩دا فیریدریک تیپسۆن گوتی: (ئەو کولتوورەی دووررە لە دەمارگرژی کە ئامرازەکانی گەیاندن و دەزگاکانی میدیا پەخشی دەکەن، لەوە دەچێ قسەی سفت و لووس بن نەک ڕاستەقینە، وێڕای ئەوە چاکترە لە دەرخستنی ئەو جیاوازییەی لەنێوان کولتوورەکاندا هەیە).

کاتێ پێشوازی لە کولتوور دەکرێت، کاریگەریش دەخاتەوە، دەکرێ بڵێین کەسەکان بەشێکی بەهاکان فەرامۆش دەکەن و بەشێکی دیکەیان قبووڵ دەکەن.

هەندێ لە ئەکادیمستانی ڕۆژئاوا، کە بڕێکیان سیاسەتمەدارن، هەناردەی کولتوورییانەی ئەمریکا وەک ئامرازەکانی میدیای ئیمپریالی و شەپۆلی بێ پسانەوەی کولتوورەکەی، هەڕەشە لە کولتووری نەتەوەییانەی وڵاتانی دی دەکات. ئەوان ئەم شتە وەک سیاسەتێکی بە مەبەست دەبینن، کە وەک هەنگاوی یەکەم بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی کولتوورییانەو هەنگاوی دیکەش بە دوادا دێت لە پێناو کۆنترۆڵ کردنی بواری ئابووری و سیاسی، کە کولتووری ئەوانی دی ڕەش بکاتەوەو بیانکاتە پاشکۆی خۆی.

ئەم جۆرە بۆچوونە لە ڕۆژئاوادا، یان ڕەت دەکرێتەوە، یان فەرامۆش دەکرێت، کەچی لە وڵاتانی دی هەمیشە لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا دەنگ بەرز دەکرێتەوە. دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە لە مەسەلەکە بڕوانین کە بەڵگەی دەرکەوتەکانی زاڵ بوون لە فرۆشتنی فیلمی سینەمایی ئەمریکا بە ئەورووپا دەردەکەوێت، کە لە مادەی بیست ساڵی ڕابردوودا پێنج قات زیادی کردووە. ئا لەم کاتەشدا، لە کۆی (١٠٠) هۆڵی سینەمای جیهانی (٨٨)یان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. کەناڵەکانی تەلەفزیۆن زنجیرەی دالاس پیشان دەدات و خەڵکی لە ٩٨ دەوڵەتدا دەبینن، زنجیرەی (سیسام ستریتش)لە ١٨٤ دەوڵەت نمایش کراوە. سەرکەوتووترین یاری تەلەفزیۆنیش لە فەرەنسا وێل ئۆف فۆرتن-ە لە هیندستانیشدا بینەران بەهۆی گەمەی تەلەفزیۆنی (هو ویل بیکەم ئەتێن میلیونێرز)ەوە تووشی دڵەڕاوکێ هاتن، چونکە وەرگێڕانە هیندییەکەی ئەو یارییانە لە بەریتانیاوە هات، ئەم یارییانە لە ٣١ دەوڵەتدا دابەش کرا، لە نێویاندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ژاپۆن و ئیسرائیل و فنلەنداو ئەرژەنتین. ئەم یارییانە ١٠٠ملیۆن هیندی دیتییان. هەردوو کەناڵی مووردۆخ و (Stare Tv.) کە لە پەخشدا مانگی دەسکرد بەکاردەهێنن لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەی سیستەمی کێبڵ بەکاردەهێنن بوونە کەناڵی یەکەم، پێشتر بەپلەی سێیەم دەهاتن.

سەبارەت بە فیلمی کارتۆن و چالاکی وەرزشی کە بەشێوەیەکی فراوان لە تۆڕی جیهانی تەلەفزیۆندا پێشکەش دەکرێن، چونکە جێی گەنگەشە نین و بۆ لاوانیش تەفرەدەرنین، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی ڕیکلام دەکەن گرنگە کە بەدوای لادانی بەکاربەردا دەگەڕێن. یارییەکانی ئەمریکا لە چەشنی تۆپی پێ و تۆپی سەبەتە، بەشێوەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا پیشان دەدرێن.

ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی بینەران بەشێوازەکانی ژیانیش ئاشنا دەکات، وەک یەکسانی لەنێو ڕووسداو هەرزەکارانی چین کە پانتۆڵی جینز و کراسی تی شێرت و تۆپی سەبەتەو مۆسیقای ڕۆکیان بەلاوە پەسندە. لە ئەڵمانیادا لادان پەیڤی وەک (برێک دانس) و (ڕاپ میوزیک) و (بۆدی بێڵدینگ) و (ویندسارفینگ) و کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن، کەناڵی (ئێم تی ڤی)یش بووە کاریگەرترین کەناڵی لەسەر لاوان و ڕۆشنبیری ئەوان لەجیهاندا، ژمارەی بینەرانیشی لەم نزیکانە بووە بە (٢٥٠) ملیۆن کەس. کەناڵی (ئێم تی ڤی) وێڕای ئەو ڕەخنەیەی نەوەکانی ڕابردوو لێی دەگرن، هەر بەو ئاستە مایەوە کە باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوەو بەلای لاوانەوە پەسندە.

لە بارەی کاریگەری جیهانیانەی تەلەفزیۆن، نموونەیەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەو بایەخە فراوانەیە کە بە دابەش کردنی خەڵاتی ساڵانەی ئەکادیمیا دەدرێت لە هۆلیوود، ئەوانەی ئالوودەو سەرسامی دیتنی فیلمن لەسەد دەوڵەتدا دەردەکەون، هەروەها پێشبڕکێی نمایش کردنی گوڵ لەنیویۆرک کە ئەویش لە هەمان ژمارەی دەوڵەتدا بینەری هەیە.

# ئیگزیستێنتیالیزم پشت کردنە زانست و بێناز بوون لە فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(کۆلێژی ئاداب - بەشی مێژوو)

١- دوور نییە ناونیشانی ئەم نووسینە هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستێک نیشان بدات کە بریتی بێت لەوەی لە مێشک و ناخی دەروونی خوێنەردا ڕەنگی وێنەیەک لە چوارچێوەیەکدا بڕێژێ کە جۆرە سڵەمینەوەیەکی پێشەکییانەی لێبکەوێتەوە، چونکە نووسەر لەم بابەتەیدا پێشەکی و بە ڕاستەوخۆیەکی زەق و بەبێ هیچ پاساودانێک بڕیارێک بەسەر ئەم بابەتەدا دەدات کە دەکرێت بۆنی جۆرە بێ لایەنی و لایەنگیرییەکی لێوە دەردەکەوێ کە لە قەدەغە و پاوانی نووسین و بیروڕای بابەتیی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ڕێکوپێک دەچێتە دەرەوە، بەوەوە لەوەدا کە هەر لە سەرەتاوە وشەی لاتینی-ئەورووپایی Existenzialismus کە ڕێبازێکی گرنگی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەم بە تێکڕایی نیشان دەدات، بەجۆرێک دەخاتە بەرچاو گوایە بریتی بێ لەوەی پشت لە زانست دەکات و ڕاست و چەپێکی دوور لە بڕیاری ژیرانە بەسەر ئەو شۆڕشە سەرتاپاگیرانەیدا دەهێنێ کە لە ژیان و کۆمەڵدا بەرپای کردووە، ئینجا ماڵئاوایی لەو بەشەی فەلسەفە دەکات کە ئەڵقەیەکی پڕ بایەخ و گرنگی زنجیرەی مێژووی پرۆسەی پەرەسەندنی نەپساوە و بێ وچانی ئەو بابەتە بە پیت و پێز و بە بڕشتەی بیری مرۆڤی پێک هێناوە کە لە سەدەی شەشەمی بەر لە زایین لە یۆناندا بە «حەزکردن لە دانایی» ناوبراوە!

ئەوە نییە ئەم ڕێبازە هەر لە سەرەتای پەیدا بوونییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن سورێن ئابای کیرکیگاردی دانیمارکییەوە ڕووی گوفتاری کردۆتە

مرۆڤ و کەرەسەی بوون و چارەنووس و ژیانی ڕۆژانە و بنەماکانی ئاکار و ئایینی و... تاد، کردووە بە بابەتی سەرەکی ئەو بیروبۆچوونەیان کە بە فەلسەفە ناودەبرێت؟! ئەگەر ئەم بابەتانە پشتکردنە زانست و بێنازبوون بێت لە فەلسەفە، دەبێ زانست، بە تایبەتی لایە تیۆرییەکەی و بەمانا گشتییەکەی و، فەلسەفە لە خۆیاندا چی بێ؟!

ئایا دەکرێ بگوترێ ئەم بڕیاردانە پێشەکییە جۆرە تاکڕەویی و یەکڕەهەندیی ڕوانگەی نووسینەکە بەرامبەر بە زانست و فەلسەفە نیشان دەدات، چونکە ئەم ناونیشانە هەر لە سەرەتاوە، سەرەڕای ڕێبازەکەی بە ئیگزیستێنتیالیزم ناوبراوە سنوور و ڕادەیەکیش بۆ بابەت و قەوارە و ناوەرۆکی زانست و فەلسەفەش ڕەنگ دەڕێژێ؟! تۆ بڵێی لێرەدا مەبەست لە زانست و فەلسەفە بە مانا تایبەتییەکەی نەبێت؟! ئایا زانست لێرەدا پەیڕەو و ڕێباز دەگرێتەوە، یان ئەو ئەنجامانەیە کە لە داهێنان و کۆششە نەپساوەکەی زاناکانەوە کەوتۆتەوە؟! هەموو کەسێکی هۆشیار لەوە شارەزایە کە چەندین داهێنان و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانست و زاناکان بوونەتە مایەی بەدبەختی مرۆڤ و ڕۆژ نییە هەڕەشە لە چارەنووسی نەکەن، ئیتر ئایا دەکرێ ئەو لایەنە نالەبارەی ئەنجامی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی کە هەڕەشە لە بوونی مرۆڤ و دواڕۆژی دەکات بەرامبەر بەلایەنی لەبار (پۆزیتیڤ)ی زانست دابنرێت و هەردووکیشیان بەرامبەر بە یەکتری بخرێنە نێو دووتای یەک تەرازوو؟ ڕاستە و گومان هەڵناگرێت ئەم ڕێبازەی فەلسەفە زۆر شت لە زانست و ڕێبازی زانستی دەخوازێتەوە، بۆشی نالوێت لە سەردەمی شۆڕشی سەرتاپاگیری زانست و تەکنەلۆژیا کە خەریکە بەتەواوەتی پاشەکشە بە ئایدیۆلۆژی کلاسیکی دەکات و کۆنترۆڵی ڕشتنی ڕەنگی دواڕۆژی مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵ و شارستانییەت دەکات، کەمتەرخەم و دوورەپەرێز و خەمسارد بەرامبەر بەو ڕەوشە بوەستێ. لەلایەکی ترەوە، هەروەک لە بەرهەمە بە پێز و فرە ڕەنگ و هەمەکێشە و ناوەرۆکی ڕابەرانی ئەم ڕێبازە دەردەکەوێ، پتر لایەنی ئەدەبی و لقەکانی پەیڕەو کراوە و گیراوەتە بەر، بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ. ئیتر لێرەوە ئەگەر سوودیش لە زانست و بابەت و ڕێباز و چەمکەکانی وەرگیرابێ، ئەو وەرگرتن و خواستنەوەکە پتر لایەنێکی نالەباری هەبووە. لەو ڕوانگەیەوە، گومان لە ئەنجام و سوود و قازانجەکانی دەسکەوتە زانستییەکان کراوە، لەوەدا کە تا چەند سوود و قازانجی مرۆڤیان تێدایە، بەڵام ئەو مرۆڤەی ڕابەرانی ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزم تێگەیشتوون و پێناسەیان کردووە. بێگومان ئەم هەڵوێستە ئەنجامێکی مەنتیقی بۆچوون و تێگەیشتنی ئەو ڕێبازە لەبارەی زانست و مرۆڤ و کۆمەڵ و ژیان و مردن و کلتوور و بەختیاری و ئایین... تاد. ئەگەرچی نیتشێ سەر بەم ڕێبازە نەبووە، بەڵام لە شاکاری ئەوەهای گوتووە زەردەشت بەوپەڕی ڕێکوپێکی و ڕەوانی هەڵوێستی ئەم فەیلەسووفانەی بەرامبەر بە زانست و ئەنجام و دەسکەوتەکانی دەربڕیوە. نیتشێ گوتوویەتی:

**من لە دانایی خۆم بێزار بووم**
**وەک مێشهەنگێک کە هەنگوینی**
**لەڕادەبەدەر و فرەی کۆکردبێتەوە**
**پێویستیم بە چەند دەستێک هەیە کە**
**بۆ لام درێژ بکرێت (١)...**

ئەو قسەیەی نیتشێ ئەگەرچی دەخرێتە چوارچێوەی هەڵوێستێکی ناکردەنی زانستەوە، ئەوە لە خۆیدا چەند دانپێدانانێکی ڕاشکاوی تێدا دەبینرێ. دانانی زانست بە هەنگوین و زانایان بە مێشهەنگوین لەخۆیدا جۆرە ڕاستییەکی تێدایە، ئەگەرچی ئەو ئەمەی بە هیچ جۆرێک مەبەست نەبووە. ئینجا کەسێک نییە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانست و زاناکان کە هەنگوینە و نیتشێ دەیبەستێتەوە لاری لە وەرگرتن و پەسندکردنی هەبێت.

٢- دوو خاڵ لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا لەلای باسکاران ئەگەر و گومان هەڵدەگرن و لەهەمان کاتدا سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. لە هەردوو خاڵەکەشدا، کە جێگای ڕامانیشە ڕۆڵی گرنگی ئایین و بڕوا بە ئاشکرا لەبەردەمدا قووت دەبنەوە.

یەکەم: هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن کە فەیلەسووف و لاهووتیی و بیرمەندی دانیمارکی سورێن ئابای کیرکیگارد (١٨١٣-١٨٥٥) لەسەدەی نۆزدەیەمدا دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم ڕێبازەی فەلسەفەیە. لە بەرهەمەکانی ئەم بیرمەندەدا بە ئاشکرا ڕۆڵی ئایینی مەسیحی و لاهووت، ئیتر لەبار-نالەبار، بە پشتگیری کردن یان بە گژداچوون بێ، دەردەکەوێ و سەرنج ڕادەکێشێ. ڕاستە لەم بوار و کایەیەدا فەلسەفەی هیگڵ ئینجا داڕمان و هەرەسهێنانی فەلسەفەی

سەرتاپاگیر و ئەبستراکت، دوور لە مرۆڤی ئاسایی، کە بە ئایدیالیزمی ئەڵەمان دانراوە شان بە شانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بە هەردوو باڵی فەلسەفە و ئەدەبەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانە گەورە و گرانانەی دوای دیاردەی ڕمانی ئایدیالیزمی ئەڵەمان و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئابووری و سیاسی بەسەر ژیان و کۆمەڵدا هاتووە، لەو پرۆسەی پەیدا بوون و ڕێگا خۆشکردن بۆ ڕێبازی ناوبراو لەسەر شانۆ دوور و دوورە پەرێز نەبوون، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانەدا کە ناویان هێنرا و باس کران، وەک لە تێکڕای بەرهەمەکانی ئەم بیرمەندەی دانیمارک دەردەکەوێ ڕۆڵی ئایین، تا ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر لە هۆکارەکانی تر باڵا دەستتر و کاریگەرتر بووە. بۆیە بەبێ سڵ و پارێز دەکرێ بوترێ کە شان بە شانی بە گژداچوونەوەی فەلسەفەی هیگڵ و سوود وەرگرتن لەو ڕەوش و هەلومەرجانەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵمانییان لێ پەیدا بووە ئایینی مەسیحی، بەتایبەتی مەزهەبی پرۆتستانتی هۆکار و سەرچاوەیەکی بەپێز و لەبن نەهاتووی بیروبۆچوونەکانی کیرکیگارد بوون. بۆیە دەکرێ بوترێ «ئایین و بابەتەکانی هەمیشە لەبەر چاو کیرکیگارد حازر و ئامادە بوون» (٢). ئەمە پشت ڕاستکردنەوەی گرنگیانەی ڕۆڵی ئایینە لە بیروبۆچوونی دامەزرێنەر و شاسوارێکی گۆڕەپانی ئەم ڕێبازە بیر و ناخ و دەروون ورووژێنەی فەلسەفە. لەلایەکی ترەوە ئەو کارەی بەرهەمەکانی کیرکیگارد لە ڕابەرانی ڕێبازی لاهووتی دیالێکتێکی پرۆتستانت و کارل بارت و فەیلەسووفەکانی تری مەسیحی کردوویەتی، خەسڵەتی جۆرە ئایینییەک بە بۆچوونەکانی ئەم بیرمەندەی دانیمارک دەبەخشن، بۆیە دەکرێ مرۆڤ چەندین جار پێ لەسەر ئەو ڕاوبۆچوون و هەڵوێستە دابگرێت کە لە فەلسەفەی کیرکیگارد ئیتر وەک بابەتێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت، یان وەک دەروازەیەک کە بەرەو ئەو کۆشک و تەلارە مرۆڤ پێیدا دەچێتە ناوەوە کە بە فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیزم ناودەبرێت تەماشا بکات، فەلسەفەیەکە لە پوختە و جەوهەردا لە فەلسەفەی ئیگزیستی ئایینی بەولاوە نییە(٣).

دووەم: دیسانەوە هەموو سەرچاوەکان، بەدڵ و بەنابەدڵی، ئەم ڕێبازە بەپێی ڕابەرەکانی و هەڵوێستیان بەرامبەر بە ئایین دەکەن بە دوو بەشەوە:

– لایەنی مەسیحی یان ئەوانەی سڵ لەوە ناکەنەوە کە بە فەیلەسووفی ئیگزیستینتیالیستی مەسیحی ناو دەبرێن، لەمانە وەک کیرکیگارد، گابرییل مارسێل، کارل بارت و... تاد. جگە لەوەش لە بەرهەمەکانیدا بە ئاشکرا لایەنگیری مەزهەبێکی ئایینی مەسیحیان کردووە، ئیتر چ پرۆتستانت، یان کاتۆلیک بووبێ.

– لایەنەکانی تر بەئاشکرا و بگرە بە جۆرە شانازیی کردنێکەوە خۆی بە گومڕا و بێ ئیمان دادەنێ، وەک جان پۆل سارتر و ئەلبێرت کامو و مارتن هایدگەر... تاد..، سارتر تەنانەت لە هەندێک بەرهەمیدا بۆ پاساودانی ئازادی تاکەکەسی قسەی دیمتری کارامازۆفی پاڵەوانی ڕۆمانێکی دیستۆیڤسکی کردووە بە دروشمی خۆی و بگرە بە دروشمی فەلسەفەکەی کە بەم جۆرەیە:

**ئەگەر ڕەب نەبێ هەموو شتێک ڕێگا دەدرێت!**

ئەگەرچی سارتر ئەم قسەیەی زۆر بەگرنگ داناوە و کردوویەتی بەبەردی بناغەی ئەو ئازادییەی کە جەوهەری فەلسەفەکەی پێ نیشان دەدات، واتە بەباوەڕی سارتر بڕوا بوون بە ئایین، ئیمان لایەنگیری کردنی بۆچوون و دۆگم و دەزگاکانی کڵێسای مەسیحی، بڕوا هێنان بە بوونی جەوهەر و بوونەوەرێکی ترانسندێتی سەروو سروشت کە لەلای ئەرستۆی یۆنانی بە یەکەم بزوێنەر یان ئەو بزوێنەرەی کە خۆی نابزوێ ناوبراوە کۆسپ و بەرچێو و تەگەرە بێ لەبەردەم ئازادیدا و جۆرە سنوورێک بۆ سەربەستی دابنێن. ئەم بڕیارەی سارتر کە بووە بە خاڵێکی سەرەکی لە جیهاندیدەکەیدا، وەک من بۆی بچم دەکرێ لە دوو لاوە ڕەخنەی لێ بگیرێت و گازندە هەڵدەگرێ:

یەکەم: سارتر ئەگەرچی بە درێژایی ژیانی دەستبەرداری ئەو بنەما فەلسەفییەی نەبووە، ئەوە وایداناوە کە هاوکێشەیەکی ناتەبا هەیە و ناکردنەکەی تا بەو پۆزێتیڤ دەکەوێتەوە. بە شێوەیەکی ڕوونتر: «ئازادی و ئایین و بڕوا و ئیمان» ئەگەر بەدەستەواژەیەک دابنرێت و لە گۆشەیەکی مەنتیقییەوە سەرنج بدرێت و هەڵبسەنگێنرێت چ وەک چەمک و چ وەک ناوەرۆک ڕستەیەکی ناکۆکە و بە هیچ بنەمایەکی ژیرەکی بەند نییە، چونکە سارتر وتەنی، ئازادی لەگەڵ ئاییندا ناخرێتە ناو دوو تای تەرازووەکەوە، چونکە بەیەکەوە ناکۆک و ناتەبان، ئەوەندەی مرۆڤ وەک مەسیحییەک ئیماندار بێت، ئەوەندە پابەندی چەند ڕێوشوێن و

دۆگمێک دەبێ ناچاری دەکات دەست لە ئازادییەکەی هەڵگرێت، ئەوە نییە مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست خۆیان بەند و کۆیلەی ڕەب داناوە و داوایان کردووە کە لە ڕوومەتی چەپیان سرەواندی، ڕوومەتی ڕاستییان بۆ ڕابگرە. بۆیە ئیتر بەلای ئەو فەیلەسووفە بێ بڕوایە، ئەم دووتای یەک تەرازووە ئازادی و ئایین یان بڕوا بوون، ئیمان ئەگەر هەر لایە ئەوی تر بە تەواوەتی ڕەت نەکاتەوە سنوورداری دەکات، سنوورێک کە سەربەخۆییەکەی بەمانا تایبەتییەکەی لە دەست بدات و لە هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەردا سەرگەردان بێت. ئەوی لێرەدا وەک پرسیار بە بیردادێت ئەوەیە، ئەگەر پەکخستنی ئیمان، لابردنی ئایین لە گۆڕەپانی ژیانی کۆمەڵ و تاکەکەساندا ئازادی و سەربەخۆیی لێبکەوێتەوە بۆ دەبێ پێچەوانەکەی ڕاست نەبێت؟ ئایا ئەو قسەیەی سارتر گەڕانەوە نییە بۆ فەلسەفەی نیهلیستی نیتشێ کە ئایین و ئاکار و ئازادی تاکە کەسیی بەجۆرێکی نائاسایی بەرامبەر بەیەکتری دادەنێت؟ من وای بۆ دەچم کە هیچ پێوەندییەکی ناچاری- دەستیاویی لەنێوان ئازادی و بڕوا و ئاکاردا نییە. ئەوەی دەڵێ ئەگەر بڕوا و ئیمان هەبێت مرۆڤ پابەند و ملکەچ دەبێت ئەگەر ئەمانە بخرێنە لاوە یان هەر نەبێ نەتوانن کار لە مرۆڤ بکەن و پابەندی بکەن، ئازادی ڕێگای بۆ خۆش دەکرێت، بەکەم زانینی مرۆڤە و بە هەڵە تێگەیشتنی ڕێوشوێنەکانی ئاکار و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی باوەڕ و ئیمانی مەسیحیەتە. ئازادی لەخۆیدا و بۆخۆی نە ڕەوشێکی دەروونییە و نە چەمکێکی میتافیزیکییە بەهەبوون و نەبوونی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نە بوونەکەی و نە نابوونەکەی بڕیار و دەستنیشان ناکرێت. ئازادی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی کۆشش و چالاکی پشت ئەستوور بە چەندین فاکتەر و هۆکار و کارکردەی هەمەڕەنگ دێتەدی. خۆ ئەگەر گریمانەکەی هیگڵ کە وتوویەتی «نەبوونی ڕەب وەک گریمانەیەک دەکرێ بە بەڵگەی مەنتیقی ساخ و پشت ڕاست بکرێتەوە» لەم کایە و پاوانەدا لەبەر چاو بگیرێ، ئەوە هیچ خشت و کەرپووچێک ناخاتە سەر چینی دیواری ئەو کۆشکەی سارتر ویستوویەتی دایمەزرێنێ، کێشە و بابەتی بڕوا بوون و نەبوون کێشەیەکە پێوەندی توندوتۆڵی بە پێکهاتەی ناوەکی و ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤ خۆیەوە هەیە و بەهیچ جۆرێک بە مەنتیق و بەڵگەکانی، بە ژیر و سەلمێنەکانی نە بڕوا و ئیمان پەیدا دەبێ و نە لەناو دەچن، چونکە بڕوا و ئیمان لە هەست و سۆز و دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. ژیر لەخۆیدا بڕوا ناهێنێ و بێ بڕواش نابێت. ئەوەی ئەم کارە دەکات مرۆڤ خۆیەتی! بڕوا و ژیر، زانین و ئیمان دوو بابەتی سەر بە پێکهاتەی دوو جیهانی لەیەکتری جیاوازن. لەکاتێکدا خورپە و نیگەرانی و گومان هاندەر و وروژێنەری ئاکردن و ناکردنی بڕوان. ژیر خۆی بە هەر جۆر و شێوازێک دەیەوێ و کۆشش دەکات و تیاشیدا سەرکەوتووە، دیواری گومان بە هەموو جۆرەکانییەوە بڕمێنێ. چ هەست و سۆز و ناخ و دەروونێک دەتوانێ هیوای ژیانی جاویدانی و هەتاهەتایی و بەختەوەری بێ سنووری ئاسمانی وەک جادوو و تەلیسم نەیوروژێنێ و پەلبەستی نەکات!

دووەم: گازندەکەی تر کە سارتر و ئەو گریمانەیەی دەگرێتەوە ئەگەر دەیان جار دووبارە و سێ بارە بکرێتەوە، بایەخی فەلسەفەیی خۆی هەرگیزاوهەرگیز لەدەست نادات کە پوختەکەی بەم جۆرەیە:

ئەگەر کێشەیەک کرا بە بابەت و بە پەیڕەو و میتۆدە و ئامرازی ئاسایی بەلایەکدا نەخرا، ئەگەر بۆچوونێک لە پاساودان و پشت ڕاستکردنەوەیدا کەلەبەرێکی تێکەوت هیچ پێویست ناکات هۆکارێکی ترانسندێنتی سەروو سروشت دۆگم و بڕوا و ڕێوشوێنەکانی ئایین بهێنرێنە مەیدان. ئازادی بەمانای گشتی و تایبەتییەکەیەوە، ژیان، کاروباری کۆمەڵ بە تێکڕایی، کێشەکانی مرۆڤ بەگشتی، دوارۆژ تەنانەت جیهانیش دەکرێ و بگرە پێویستە بەڕێگای لێکدانەوە و بەهۆی هۆکار و فاکتەر و هۆی سروشتیانە کە لە ژیان و دەوروبەرەوە کەوتبنەوە پاساو بدرێن. هیچ پێویست ناکات ئۆباڵی ئەو نالەبارییانەی لە ژیان و جیهان و کۆمەڵدا دەقەومێ بخرێتە ئەستۆی سەروو سروشت و ئەو دیاردانەی کە لە لایەن لایەنی تایبەتی و دیارەوە سروشتی ترانسندێنتی سەروو سروشتیان پێدەبەخشرێ! دوور نییە سارتر ئەو بیرۆکەیەی ئازادیی لە هەڵوێستی کیرکیگاردەوە بەرامبەر بە بابەتی ئاکار خواستبێتەوە و پەرەی پێدابێت. لەلای کیرکیگارد لە کایەو بواری ئاکاردا خودی تاکە مرۆڤ، تاکەکەسی خودی خۆی هەڵدەبژێرێ و دایدەهێنێ سارتر ئەم بۆچوونەی بەسەر ئازادی تاکەکەسیدا پراکتیزە کردووە!

٣- ئەگەر هەندێک مێژوونووسی فەلسەفەی هاوچەرخ

بەلایانەوە دابەشکردنی ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزم بە پێی مەسیحی و نامەسیحی(٤)، ڕەوا و پەسەند نەبێت، ئەوە بەلای منەوە دابەشکردنی ئەو ڕێبازە بە باڵی ئەڵەمانی و باڵی فەرەنسایی لەوی پێشووتر زانستیانە و پەسند تر نییە. ڕاستە هایدگەر و یاسپەرز لەهەندێ بابەت و بیروبۆچووندا لە سارتر و مارسیل و کامو و میرلۆپۆنتی جیاوازن، بەڵام هیچ کامێک لەم فەیلەسووفانە لە بەرهەمەکانیاندا خەسڵەت و کەسایەتی و سروشتێکی تایبەتی نەتەوەیی نیشان نادەن کە ببێتە مایەی ئەوەی بە ئەڵەمانی یاخود فەرەنسایی تاد..، ناو ببردرێن. ئەوەی گومان و ئەگەر هەڵنەگرە، لە فەلسەفەدا، چ ڕێباز و چ تاکە فەیلەسووف بە دوو شت لەیەکتری جیا دەکرێنەوە و دەخرێنە خانەی تایبەتی سەر بە ڕێباز و قوتابخانە جۆربەجۆرەکان

یەکەم: یان بەهۆی ناوەرۆکی ئەو بیروبۆچوون و تیۆرییانەی کە ناوەرۆکی ڕێبازەکەی پێک دەهێنن کە دەکرێ بە بابەتی جەوهەری فەلسەفەکەی دابنرێت.

دووەم: یان بەپێی ئەو پەیڕەوەی (٥) کە لە چالاکی ڕشتنی ڕەنگی سیستەمە فەلسەفەییەکاندا گیراوەتە بەر.

ئەوی لێرەدا دەکرێ بەبێ سڵ و پارێز بە ڕاشکاویی بگوترێ ئەوەیە، ئەم ڕێبازەی فەلسەفە لە بابەت و کەرەسەکەیدا جۆرە نوێخوازی و داهێنانێک نیشان دەدات. هەروەک لەناوەکەوە دەردەکەوێ ئەم ڕێبازەی بوونی مرۆڤ کە لە وشەی Exist لاتینی و وشەی ئەڵمانی Dasein کەوتۆتەوە، کردووە بە سەرەتا و بنچینە و پوختەی فەلسەفەکەی. خۆ ئەگەر هەندێ فەیلەسوف نەیویستبێ وشەی Existenzialism واتە ڕێبازی بوونی مرۆڤ بەکاربهێنێ، ئەوە وشەیەکی تری بەکارهێناوە کە ڕێبازەکەی بە فەلسەفە گۆڕیوە و بوونی مرۆڤەکەی هەر تێدا ماوە، واتە وشەی (Existenzialphilosophie). سارتر لە باسێکیدا کە فەلسەفەکەی پوختە دەکات ئەم ڕێبازە و مرۆڤ پەروەریی بەرامبەر بە یەکتری داناوە. ئیتر لێرەوە دەکرێ بوترێ:

**«جەوهەری بوونی دیار و دەستنیشانکراو**
**لە بوونی مرۆیی خۆیدایە، وشەی**
**بوونی دیاریکراویش لە مرۆڤ بەولاوە نییە(٦)»**

لەم بڕیار و بۆچوونەوە دەردەکەوێ کە بوونی مرۆڤی تاک، مرۆڤی هەست پێکراو و بەرچاو و خوێن و گۆشت بابەتی سەرەکی ئەم ڕێبازەیە و دەکرێ وەک سەرەتایەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پشتی پێ ببەسترێ:

مرۆڤ چۆن و بە چی لە بوونی مرۆڤ و بوونەوەر تێدەگات؟!

بوونی مرۆڤ کە لێرەدا جۆرە خودی مرۆڤ بەرامبەر بە (ذاتیة)ی عەرەبییە لەگەڵ ئەو هەڵوێست و ڕەوش و دۆخ و بارانەی دەیگرنەوە و بەسەریدا دێن، بابەتی سەرەکی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەن: وەک بوونی مرۆڤ، جەوهەر و ماهیەتەکەی، ژیان، مردن، بەختەوەریی، کلۆڵی، بێزاری و نیگەرانیی و پەشێوی و ئازادی و هەڵوێست و خواست و کەسانی تر و نامۆیی تاد. تەنانەت هەندێ ڕابەری ئەم ڕێبازە چەمکی دیاریکراویان کردووە بە نیشانی هەندێک نووسین و ڕۆمان وەک سارتر و کامو..تاد. خودی مرۆڤ، وەنەبێ بۆ یەکەم جار لەلای ئەم ڕێبازە، بگرە لە سەردەمی کۆنی یۆنانەوە، سەدەی شەشەمی بەر لە زایین، سۆفستاییەکان بایەخیان بە مرۆڤی ئاسایی داوە و هیچی تر خۆیان بە دیاردەکانی سروشتەوە خەریک نەکردووە. سوکرات یەکەم فەیلەسووفە داوای کردووە «مرۆڤ خۆی بناسێ» و بایەخ بە بابەتەکانی ئاکار بدرێت. دیکارت «من بیردەکەمەوە-کۆگیتۆ»ی کردبوو بە بنەمای فەلسەفەکەی لەلای سانت ئۆگۆستین و هەندێک لاهووتی تری سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی ئەورووپا بابەت و چەمک و کەرەسەی لەم جۆرە لە نووسین و بەرهەمەکانیاندا دەردەکەون.

٤- لەلای ڕابەرانی ئەم ڕێبازە، بەتایبەتی لە نووسینەکانیاندا بەتەواوەتی پشت بە تاقیکردنەوەی خودی خۆ بەستراوە کە ئەوان بە «تاقیکردنەوە و ئەزموون بوون»ی ناودەبەن، هەر لەم لایەنەوە چەند چەمکێک پەنای براوەتە بەر و بەکارهێنراون کە دوورونزیک، کەم تا زۆر توندوتۆڵ بە خودی نووسەرەکەوە بەندن وەک:

بوون، بوونەوە، هیچ، نابوون، من، بوونەوەر بۆخۆی بوون لە خۆیدا و بۆخۆی، ئەوەی تر، تۆ، نامن... تاد. تێزەی بوونی مرۆڤ پێش ماهیەتەکەی دێت، دیسانەوە پێداگرتنە لەسەر خود و بوونی مرۆڤی دیاریکراو.

ئەو خودەی ئەم ڕێبازە بایەخی پێدەدات خودی (من)ە، خودی تاکە کەسییە و هیچ پێوەندی بە خودی بیرکەرەوەی دیکارت و خودی کۆمەڵایەتییەوە نییە، ئەو خودەیە کە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لە جیهانێکدا کە بڕوا و ئیمان لاواز بوون، مرۆڤ هەمیشە هەست بە نامۆیی و

بیـانیـەتی خـۆی دەكـات، ناچارە لە نێـوان چەندین سـەر پشك بووندا یەكـێكیـان هەڵـبژێرێ و سـەرپشـك بێت، بۆیە دووچاری دەستخەرۆیی و بێ ئومێدی و ڕەشبینی و نیگەرانی دەبێت. تاكـەكـەسـیـی لێـرەدا سـروشت و خەسـڵەتێكی خۆیی (خـودی-ذاتی) تاكیی هەیە. ئەم ڕێبـازە لە مـرۆڤـەوە دەست پێ دەكـات و سـروشت و دەوروبەر پشتگوێ دەخات، خۆی فەلسەفەی خودە نەك بابەت، چونكە خـود پێش هەمـوو شـتـێك هەبووە، ئەم خـودەش بۆ خـۆی لە خـۆیدا خـودێكی كـاریگـەرە نەك خودێكی بیركەرەوە(٧).

ئەوەی لەم تێكستـەوە دەكەوێتـەوە، چەند خاڵێكە كە دەكرێ بەم پێیە پوخت بكرێتەوە:

- ئەگەر خود، خودی كاریگەر بێت و فەلسەفەی لێوە دەست پێ بكات و بابەت پشـتـگوێ بخـات، دەبێ دەسبـەرداری خودەكەی مـرۆڤی خۆیشی ببێ، چونكە ئەم دەسـپـێكردنە بە خـود وەك سـەرەتایەكی فـەلسـەفـە خودەكەشی دەكات بە بابەت و كەرەسەی لێكۆڵینەوە و لێرەدا كاریگەرییەكەی جارانی لەدەست دەدات.

- خود لێرەدا وەك ڕابەرانی ئەم ڕێبازە باسیان كردووە و ویستوویانە پێناسەی بكەن، پتر تەمومژاوی كراوە تا ئەو ڕادەیەی بووە بە چەمكێكی تەمومژاویی میتافیزیكی هەڵهێنانی مەتەڵەكەی و كردنەوەی گرێ كوێرەكەی لە هی چەمكی میـتـافیـزیكی مادده و ئەتیر و ژیر و جەوهەر و ماهییەت و گیان ئەگەر گرانتر نەبێت ئاسانتر نییە.

- بایەخدان بە خـود و پشـتـگوێ خـسـتنی بابەت، بەو شـێـوازەی لەلای ڕابەرانی ئەم ڕێبـازەوە پێی لەسـەر داگیراوە جارێكی تر دوو ڕەنگییە كۆنەكەی سەدەكانی ناوەڕاست، بەڵام بە شـێـوە و ناوەڕۆكـێكی مـۆدێرن، دێنێتەوە یاد. ئەو دوو ڕەنگییەی لە دەریای تاریك و بێ بنی مـیـتـافـیـزیك نقـوم بـوو، بە تایبـەتی بەو جـۆر و شـێـوازەی كـە هەردووكـیـان لە یەكـتـری دادەبڕان یان یەكـێكیـان پتـر بایەخی پێدراوە و خـراوەتە سـەر ئەوی تریان.

- ڕاستی (هەقیقەتی) خۆیەتی.
- ڕاستی بابەتی.

لاسـەنگ كـردنی تای تەرازوو بەلای یەكـەمـیـاندا و پشـتـگوێ خـسـتنی ئەوی تریان، دووركـەوتنەوەیە لە ڕێبـازی زانست و مـەنتـیق و ژیر و بگرە پشت كـردنە زانستە.

- ئەم ڕێبـازە هەوڵی داوە چەمكە ئاسـاییـەكـانی فـەلسـەفـە و زانست دووربخـاتەوە و لە جێگایاندا چەند چەمكێكی تر دابنێ وەك: ترس و پەشێوی و نیگەرانی و مردن و كڵۆڵی و بێزاری و تاد. كە پتر لایەنی ناڵەبار و لاوازی و بێـدەسـەڵاتی و چارەی ناچاری مـرۆڤ دەردەخـەن. ئەگـەر ئەم ڕێبـازە لە هەڵبـژاردن و تـوێ توێ كردنی بابەتەكانی جۆرە داهێنان و سەركەوتنێك لە چاو ڕێبازەكـانی تر و بە پێی سەردەمی خـۆی نیـشـاندابێت، ئەوە لەو چارەسەرەیدا كە گوایە دەربارەی كێشـەكان و لەو وەڵامـانەدا دەربارەی پرسیارە فەلسـەفەییەكان پێشكەشی كردوون هیچ جۆرە ڕەسەنییەك بەرچاو ناكەوێت.

ئەو كـۆششـەی سـارتر بۆ بەلایەكداخـستنی دووڕەنگی ناخ و ڕوخسـار، هێزەكی و كردەكی، جەوهەر و ڕووكەش كـردوویەتی كـە ناوی تیـۆری فـینۆمـینی لێناوە(٨)، گریمانەی ئامانجەكی Intentionaltatslehre فرانتس برێنتـانۆ و ڕێبـازی فـینۆمـینۆلۆژی ئیـدمـۆند هۆسـەرل دێنێتەوە یاد.

بەلای برێنتـانۆوە دیارە هەمیشە سروشت خەسڵەتێكی ئامـانجەكی هەیە و ڕاسـتـەوخۆ بابـەتی هۆش و هەسـتـە، چونكە هۆش هیچ كاتێك بێ بابەت و ناوەڕۆك نابێت و هۆش هەمـیـشـە بریتـیـیـە لە هۆش بوون لە شـتـێك، لە بابەتێك و دەكرێ لێرەدا بابەتەكە خودی مـرۆڤ، بوونی دیاریكراوی مرۆڤی دیاریكراو خۆی بێت، بەڵام وەك بۆی بچم بە هیچ جۆرێك ئەو دوو ڕەنگیـیـە لانابات، بەڵكو پتر دووپاتی دەكاتەوە. ڕاستە هۆش، هەست هیچ كاتێك ئەبسـتـراكت و ڕووت و پەتی نابن و ناوەرۆكـیـان هەیە، بەڵام ئەو ناوەڕۆكە نە هەستە و نەهۆشە، بەڵكو بابەتێكە بەهۆی هەست و هۆشـە دەركی پێـبـردراوە و دەكـرێ بە هاوردە ناو ببرێت.

٥- سەرەڕای ئەو كەلەبەرانەی لە فەلسـەفەی ڕابەرانی ئەم ڕێبازەی سەدەی بیستەمدا هەیە و سەرەڕای ئەوەی كە هەندێك لەم فـەیلەسووفـانە ڕازی و قـایل نابن ناوی ئەو ڕێبـازەیان لێـبنرێت ئەوە دەكـرێ پەنجـە بۆ چەند خـاڵ و بابەتێكی ناوكۆیی فەلسەفەی ئەم ڕێبازە ڕابكێشرێ كە لە فەلسەفەی هەموویاندا بەدی دەكرێن و بەرچاون:

یەكـەم: مـرۆڤ كە باسی بوون Existenz دەكـات ڕاستەوخۆ و یەكسـەر مەبەست لە بوونی مرۆڤە، بۆیە ئەم ڕێبازە بە مرۆڤ پەروەر، بە مرۆڤ دۆست humanist-istish دادەنرێت(٩). بوونی مرۆڤی وەك لە فەلسەفەی

ئەم ڕێبازەدا پێی لەسەردادەگیرێ، مەبەست لە خود لە بوونی مرۆڤی تاکە، ئەو مرۆڤەی دیاری کرد و لەکات و شوێنێکی سنووردار و دەستنیشانکراودا هەبووە. مرۆڤ خۆی لە خۆیدا وەک بوون بابەتی سەرەکی ئەم فەلسەفەیەیە.

دووەم: لەلای زۆربەی زۆری ڕابەرانی ئەم فەلسەفەیە و بەتایبەتی لەلای سارتر «بوون لە پێش ماهییەتەوە دێت(١٠)» ماهییەت وشەیەکی عەرەبییە لەسەردەمی عەباسییەکاندا بەو جۆرە پێناسەکراوە «ما به الشيء هو هو» واتە ئەو خەسڵەتە سەرەکی و گشتی و جەوهەرییانەی بوونی شتەکە و بوونی بوونەوەرەکەیان لێ پێک دێت و لەکاتی لەدەستدانیدا ئەو شتە خۆی وەک خۆی نامێنێ و دەبێ بە شتێکی تر. لە مەنتیقی کلاسیکیدا بەتایبەتی هی سەدەکانی ناوەڕاست ماهییەت بە واتایەکی تایبەتی و بە واتایەکی گشتی هەمەکی سەرنج دراوە. ماهییەت بە مانا تایبەتییەکە دەکرێ بوترێ مەبەست لەو خەسڵەتانەیە کە مرۆڤ خۆی، بوونی مرۆڤ هەیەتی. گشتییەکەش ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی مرۆڤە. یان ئەو خەسڵەتانەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکەنەوە، ئەمە دەکرێ بە کەسایەتی مرۆڤ دابنرێت. بێگومان ئەم ڕێبازەی فەلسەفە کە ئەم وشەیەی خستۆتە ناو ئەو ڕستەدەستەواژەوە هیچ جۆرە مەبەستێکی مەنتقییانەی نەبووە، چونکە کێشەکە وەک بابەت و وەک مەبەست لەوی مەنتیق ئەوپەڕی دوور و جیاوازە. ئیگزیستینتیالیزم بەگشتی و سارتر بە تایبەتی بەو ڕستە تەمومژاوی و میتافیزیکییە ویستوویانە جۆرە ئازادییەکی مرۆڤی تاک و تەنیا پاساو بدەن، ئەو ئازادییەی کە لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە ئازادی خواستی مرۆڤ (ئیرادە) ناوبراوە. ئەگەر بوون لە پێش جەوهەر و ماهییەتەوە بێت، مرۆڤ خۆی ماهییەت و سروشت و چارەنووسی خۆی دیار و دەستنیشان دەکات و بەتەواوەتی ئۆباڵی هەڵوێست و بڕیارەکانی کە دەیاندات دەکەونە ئەستۆی، بۆیە وەک ئەم ڕێبازە دەڵێت، مرۆڤ بەناچاری ئازادی لە چارەنووسراوە. ئەو ئازادییەی لێرەدا قسەی لێدەکرێت پتر لە ئازادییەکی نیوەچڵی نێو شانۆ و ڕۆمان دەچێت، چونکە ئەوی پێوەندی بە ئازادییەوە هەیە، چ وەک هۆکاری ناوەکی، یان وەک فاکتەری دەرەکی و هەلومەرجی تایبەتی و گشتی نە باس کران و نە بایەخیان پێدراوە.

سێیەم: (هیچ) کە بەرامبەر بە چەمکی Nichts ئەڵمانی و (عدم)ی عەرەبییە ڕەگەزێکی ڕەسەن و جەوهەریبوونی مرۆڤە بە گشتی، ئەو هیچە کاتێک دەردەکەوێ و خۆی دەچەسپێنێ ئەگەر مرۆڤ دووچاری نیگەرانی بوو، نیگەرانی لێرەدا بەرامبەر بە وشەی Angst ئەڵمانی و (قلق)ی عەرەبی بەکار هاتووە. لە شاکارێکی هایدگەردا ئەم لایەنە ڕوون کراوەتەوە(١١).

چوارەم: بێهوودەیی لە هەموو شتێکدا، هەر لە دایک بوونەوە تاوەکو ماڵئاوایی کردن لە ژیان. بێهوودەیی لەم کایەیەدا بەرامبەر بە وشەی لاتینی Absurd وشەی عەرەبی (البعث) بەکارهێنراوە.

کاتێک باس لەو بابەت و چەمکە دەکرێت یەکسەر نموونە کلاسیکییە بەناوبانگەکەی ئەلبێرت کامو: داستانی سیزیف دێتە بەر چاو.

کامو داستانی کۆنی یۆنانی سیزیفی کردووە بەودەفرەی بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی بێهوودەی کردار و ژیانی تێدا داڕشتووە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بێهوودەیی لەوپەڕی توندوبەهێزییەکەدا، لە مردندا و تەنیا هەر بە مردن کۆتایی دێت(١٢). ئەلبێرت کامو لە سیزیفدا بێهوودەیی چارەنووس و ژیان و کردار و دواڕۆژی مرۆڤی دیتووە. سیزیف بڕیار(حوکم)ی بەسەردا دراوە بەردێک، کەڤرێک لە قەدپاڵی چیایەکەوە سەربخاتە سەر چیاکە، پێش ئەوەی بەردەکە سەرخاتە سەر چیاکە، بەردی تاینی لێ بەردەبێتەوە و خلۆر دەبێتەوە بۆ قەدپاڵی چیایەکە، سیزیف کۆڵ نادات و نابەزێ و بە نائومێدی و هۆش و هەستکردن بە بێهوودەیی جارێکی تر دێتەوە خوارێ و بەردەکە دەخاتەوە سەر شانی و هەوڵی سەرخستنەکەی دەدات، ئیتر بەم پێیە، بێ ئەنجام، بێهیوا و بێهوودە.. تاد. بەڵام کۆڵ نادات و لە بێهوودەیی و ناژیرەکییە (لا مەعقول)ە یاخی دەبێت و ڕووبەڕووی ئەنجامەکانی دەبێت کە ناچارەکی لێدەکەونەوە وەک: یاخی بوون (شۆڕش) ئازادی، بەرەنگاری بوونی نیگەرانی ژیان لەنێو بێهوودەییدا ئەگەرچی (بەباوەڕی من) هەر بەقسەی نێو نووسین و ڕۆمان و شانۆکانیش دابێت. هەرچۆنێک بێت بۆچوون و هەڵوێست، مردن، گوناهباری و ئۆباڵی گەردن، بێهوودەیی، پەشێوی، نیگەرانی، هیچ، یاخی بوون، دووبارەبوونەوە، من، خود، نامن، ئەوی تر، من لە خۆیدا بۆ خۆی، پێوەندی نێوان من و نامن، ئینجا ئازادی

ئەو چەمک و هەڵوێستانەن کە لە گوڵزاری باخی ئەم ڕێبازەدا پشکوتوون.

پێنجەم: لە پاوان و مەیدانی ئاکار و ڕێو شوێنەکانی ڕەوشتدا تیۆرییەکی ڕێکوپێک کە پڕ بە پێستی ئەو بابەتە بێت لەلای ڕابەری ئەم ڕێبازە بەدی ناکرێت.

لەسەردەمی یۆناندا بەتایبەتی لەلای سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ تیۆری ئاکاری بەختەوەری باوە و بریتی بووە لەوەی ئەگەر مرۆڤ بە شێوازێکی دیاریکراو بجووڵێتەوە و کاروکرداری تایبەتی و دیار بکات، دەبێتە هۆی بەختەوەری و بەختیار بوونی(١٣). لە سەردەمی نوێدا بەتایبەتی لە سەدەی هەژدەیەمی زایینیدا تیۆری فرمانی ڕەهای فەیلەسوفی ترانسندێنتالی ئەڵمان ئیمانوێیل کانت باو و بڵاو بووە. بەلای کانت-ەوە مرۆڤ کاری چاکە دەکات و خۆی لە بەدکاری دوور دەگرێ، چونکە ئەمە وەک مرۆڤ ئەرکی سەر شانیەتی(١٤).

لەنێوان ئەم دوو تیۆرییەی ڕێبازی ئاکاردا هەڵوێستێکی سەیر و سەرنج ڕاکێشی فرەدریک نیتشێ هەیە کە لە سۆفیستاییەکانی سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە سەرچاوەی گرتووە. بە باوەڕی نیتشێ چۆن ڕۆشنبیری کراوە بە دوو بەشەوە، ڕۆشنبیری توێژ و دەستە و لایەنە لاواز و بێدەسەڵات و لانەوازان و ڕۆشنبیری بەهێز و بە دەسەڵاتان (١٥)، ئەوە بەهەمان پێودانگ دوو جۆر قانوون و ڕێوشوێن و دابونەریت و ئاکار هەیە. بە تێکڕایی قانوونەکانی ئاکار لاواز و بێدەسەڵات و لانەوازان بۆ تەنگەتاوکردن و سنوور دانان بۆ دەسەڵات و توانا و دەستڕۆیشتوویی بەهێز و بەتواناکان قانوونەکانی ئاکاریان داناوە.

لەم بوارەوە دەکرێ -کیرکیگارد لەمە بەدەرە- بوترێ ئەم ڕێبازەی فەلسەفە سوودی لە سۆفستاییەکانی سەردەمی کۆنی یۆنان و بۆچوونە ناوازەکانی نیتشێ وەرگرتووە. بەتایبەتی لەوەدا کە وەک سۆفستاییەکان پێی لەسەر ڕۆڵ و هەڵوێستی مرۆڤی تاک، تاکەکەسی دادەگرن و مرۆڤ دەکەن بە سەرپشک و پێوەدانگی ئەوەی هەیەو نییە. ئەم ئاکاری تاکەکەسییە جۆرە ڕێژەیەکی ڕێو شوێن و قانوونەکانی ئاکار دەخاتەوە و وا پێدەچێ هەرکەسە خۆی جۆری ڕەوشت و بنەماکانی ئاکاری خۆی هەڵدەبژێرێ و ئیتر ئاکارەکە وەک هی نیتشێ خەسڵەت و سروشتێکی پابەند بوونی کات و شوێن گۆڕانی پێدەبڕێ، بۆیە ناکرێ لەلای ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزم باسی تیۆرییەکی سەربەخۆ و ڕێکوپێکی ئاکار بکرێت، چونکە بە هیچ جۆرێک لە توانادا نییە و ناشێ و ناکرێ تیۆری ئاکار لەسەر بنەمایەکی خودی تاکەکەسی دابمەزرێت وەک ڕابەرانی ئەم ڕێبازە سەرگەرمی جێگیرکردنی بوون.

شەشەم: مەنتیق و تیۆری زانین کە دوو بەشی سەرەکی فەلسەفەن لە ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزمدا نەک هەر پشتگوێ خراون، بەڵکو بەتەواوەتی پشتیان تێکراون. بە پێی بنەمای سەرەکی فەلسەفەکەیان بڕوایان بە دوو ڕەنگی خود و بابەت بنەو بار نییە، ئەمەش ئەنجامێکە لە بەرهەڵستی کردنی فەلسەفەی ژیرەکی کەوتۆتەوە. بەلای ڕابەرانی ئەم ڕێبازەوە «ژیر ئەو ئامرازە نییە کە زانینی ڕاست و ڕاستەقینە بەهۆیەوە بەدەست بێت» (١٦)، بەڵکو بە لایانەوە تاقیکردنەوە، ئەزموونی تاکەکەسیی ئەو ئەزموونەی لە پراکتیزەکردنی ئەزموونی ڕەوشی نیگەرانی دەستگیر دەبێت، دەستەبەری ئەو زانینە دەبێت کە ئیگزیستێنتیالییەکان مەبەستیانە. نیگەرانی ئەو هەڵوێستەیە کە تێیدا مرۆڤ، بوونەوەری تاک و تەرا، خود خۆی نەمانی جەوهەری مرۆیی خۆیی دەرک پێدەبات. لەو ڕۆژەوە مرۆڤ بە بێ پرس و ڕا و خواستی خۆی هاتۆتە نێو ئەم دنیایەوە هەنگاوی یەک لە دوای یەکی نەپساوە لە گەشتی بەرە و مردن دەهاوێژێ. بە ئاشکرا لەم ڕێبازەدا هەموو بەهاو ڕێو شوێنە بابەتییەکانی ئاکار و قانوونە پۆزیتیڤ و بابەتییەکانی زانست حاشایان لێدەکرێت و پێی لەسەر هیچیەتی و بێ مانایی ژیانی مرۆڤ دادەگرێ.

٦- ئەو میتۆدەی ڕێبازی فەلسەفەی ئیگزیستێنتالیزم لە ڕێبازەکانی تری فەلسەفەی پێش و سەردەم و دوای خۆی جیادەکاتەوە شتێک نییە خۆیان دایان هێنابێ و پەرەیان پێدابێت. وەک ڕوون و ئاشکرایە، لە سەدەی بیستەمدا دوو پەیڕەو (میتۆدی)ی فەلسەفە باو و دەستبەکار و بڵاوبوون

یەکەم: میتۆدی شی کردنەوەی مەنتیقییە کە لەلایەن گۆتلۆب فرێگە (١٨٤٦-١٩٢٥) لۆدڤیگ ڤتگنشتاین(١٧) (١٨٨٩-١٩٥١)، بیرتراند ڕەسل (١٨٧٢- ١٩٧٠) بەگشتی و لەلایەن ڕێبازی ئەزموونیی مەنتیقی کۆڕی ڤیەنا (کارناب١٨٩١- ١٩٧٠، مۆریتس شلیک (١٨٨٢-١٩٣٦) بەتایبەتی

بەکارهێنراوە، لە کاتێکدا لایەنگرانی ئەم ڕێبازە و پەیڕەوکارانی ئەم میتۆدەیە، لایەنگرانی زانست بوون و کۆششیان کردووە ساغی بکەنەوە کە بیرکاریی مەنتیقێکی پەرەسەندووە و دەبێ فەلسەفە دەست بە دامێنی زانستەوە بگرێت و زانست لەلای خۆیەوە بۆی نالوێ بەرامبەر بە فەلسەفە خەمسارد بێ و دەستبەرداری ڕێبازەکەی ببێ، لایەنگرانی ئیگزیستێنتیالیزم ئەم میتۆدەیان بە کوڵک و پێستەوە ڕەت کردۆتەوە.

دووەم: پەیڕەوەکەی تر کە لە مەیدانی فەلسەفەدا وەک میتۆد بەکارهێنراوە، میتۆدەی فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسرل (١٨٥٩-١٩٣٨) بووە، کە زۆربەی هەرە زۆری ڕابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستێنتیالیستی سوودیان لێوەرگرتووە و بەجۆرێک کە لەگەڵ فەلسەفەکەیان بگونجێ پەرەیان پێداوە و بەکاریان هێناوە.

هۆسرل، کە خۆی جوولەکەیەکی ئەڵمانە، دوای تەواوکردنی خوێندنی (دکتۆر) لە ڕشتەی بیرکاری، ڕووی کردۆتە فەلسەفە، لەسەرەتادا سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی پێوەندی نێوان مەنتیق و دەروونناسی (سایکۆلۆژی) بووە.

ئەو ڕێبازەی فەلسەفە کە دایناوە لە دنیادا بڵاوبۆتەوە و بە شێوەیەکی کاریگەر کاری لە ڕابەری ئیگزیستێنتیالیستی کردووە بە فینۆمینۆلۆژی ناسراوە. ناوەکە لە وشەیەکی لاتینی پێک هاتووە کە دوو بەشە؛ فینۆمێن، واتە دیاردە. لۆژی واتە زانست، ئەو زانستەی بایەخ بە دیاردە دەدات. بێگومان جۆرە جیاوازییەک لە نێوان فەلسەفە و ناوەکەیدا هەست پێدەکرێت. لە برێنتانۆوە، کە گوێی لە وانەکانی گرتووە، تیۆریی ئامانجەکی هۆشی پەسند کردووە. دیاردە و ڕوخسار و شت لە خۆیدای کانت سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، ئیتر لە دوو سەرچاوەی دیار (برێنتانۆ و کانت) هەڵهێنجاوە. لەو پەیڕەوەی هۆسرل دایهێناوە و لەلایەن ئیگزیستینتیالیستەکان سوودی لێوەرگیراوە و بەکارهێنراوە چەند خاڵێک سەرنجڕادەکێشن:

یەکەم: فەلسەفە پێویستە خۆی لە ئەبستراکت و ئەبستراکت کردن دووربخاتەوە و بگەڕێتەوە سەر شتەکان خۆیان لە خۆیاندا و نابێ فەلسەفە تەنیا هەر جیهاندیدییەکی ڕووت و پەتی بێت.

دووەم: شی کردنەوەی فینۆمینۆلۆژییانەی دیاردەکانی هۆش. ئەم دیاردانەی هۆش خۆیان لە تەوژمی تەزووی ئەزموونی خودی مرۆڤ بەولاوە نین(١٨). ئەزموون Erlebnis لێرەدا ڕووداوی تەجرەبەیی و ئەزموونی نییە کە لە جیهانێکی سروشتیدا دەقەومێ و دێنە پێشەوە و دەردەکەون، بەڵکو مەبەست لە پێکهاتەیەکی ئامانجەکییە کە دەبێ لێیان بپێچرێتەوە و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی Reflexion فینۆمینۆلۆژیدا ڕوون و شی بکرێتەوە. هەر لەم بوارەدا هۆسرل ناوەرۆکی هەست لە ناوەرۆکی بیری جیاکردۆتەوە، بەم پێیە دەکرێ بەهۆی پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژی ڕەگەز و کەرەسە و بابەتە جەوهەرییەکانی پێوەندی زانینیانەی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا پەردەی لەسەر لابدرێ و ڕوون بکرێتەوە. هەر لەم بوارەدا تیشک دەخرێتە سەر لایەنی هەلومەرجە بیروهزرییەکانی زانینی مرۆڤ و ڕوون دەکرێنەوە. هۆسرل بەو هەنگاوەی لەکایەی تیۆری زانیندا لە جیاتی ناوەرۆکی هەستەکان چەمکی ئەزموونی ئامانجەکی بەکارهێناوە. بە واتایەکی تر، دەلالەتی ئەو شتانەی مرۆڤ لەبارەی ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، دەریان دەبڕێ، بە واتا و مانای هەبوون و بوونی ناوەرۆکێکی دیار و دەستنیشانکراوی هەستەکان ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە فینۆمینۆلۆژیست ئەگەر بکرێ ئەم پەیڕەوە بەسەر وێنەیەکدا پراکتیزە بکات، وێنەکە بەهۆی ئەو ماددە و کەرەسەیەی لێوەی دروست بووە ڕوون دەکاتەوە، نەک بایەخ بەوە بدات بۆ ئەوەی تێبگات دەلالەت و واتای ئەم وێنەیە چییە(١٩)؟

سێیەم: گریمانەی خودداری کردن، یاخود خۆبواردن لە بڕیاردان کە هۆسرل وشەی یۆنانی-لاتینی (ئێپۆخی)ی Epoche بۆ بەکارهێناوە. بە پێی ئەم گریمانە-بنەمایە دەبێ مرۆڤ دەربارەی بڕیاردان (حوکم دان) بەسەر بوونی ناوەرۆکی شتەکان لەکات و جێگادا خۆی ببوێرێ و خودداری بکات (٢٠) و ئەم جۆرە بوونە بخاتە نێو دوو کەوانەوە. ئەوی لێرەدا دەکرێ بوترێ، هۆسرل بەم تێزە و گریمانەیەی ناچێتە ڕیزی گومانکارانەوە، بەڵکو بە ڕوونی هەڵوێستی سروشتی خۆی دەربارەی دیاردەکانی دەرەکی جیهان دەردەبڕێت، بێگومان ئەم گریمانەیە بە جۆرێکی ساکارتر لەلایەن دیکارتەوە هاتۆتە سەر خوانی باسکردن، بەتایبەتی لە شاکاری چەند وردبوونەوەیەک لە میتافیزیک (٢١). هەروەها دەکرێ بوترێ مەبەستی دیکارت و هۆسرل لە یەکتری جیاوازن، هۆسرل مەبەستی

لەوەیە کە مرۆڤ تێبگات چۆن مرۆڤ شت دەزانێ و چی دەزانێ و چۆن زانین دەربارەی جیهان بە تێکڕایی شیاوەکییەو لەکردن دێت. لەم پرۆسەیەدا کە هۆسرل سەرەڕای چەمک و گریمانەی ئیپۆخی بەکاردێنێ پەنای بردۆتە بەر چەمک و پەیڕەوی گێڕاندنەوە سەر Re-duktion کە بەپێی ئەم چەمکە و پەیڕەوەکەی مرۆڤ دەستبەرداری هەموو گریمانە و بڕیارە ڕاستەوخۆیە پێشیانەکان بێ دەربارەی بوونی شتی جیهان و تەنیا خۆی بە باسکردنی ناوەڕۆکی ڕووت و بێگەردی نێو هۆش خەریک بکات، ئەگەرچی ئەمە وەک ئەنجامێک جۆرە خۆکێشانەوە و دوورکەوتنەوەیەک لە جیهانی بابەتی واقیع و گیرخواردن لە چوارچێوەی هۆشی خودی تاکەکەسی دەگەیەنێ .. لێرەوە دەکرێ بوترێ جیهانی ڕێبازی ئیگزیستێنتیالیزم دەست پێدەکات و سەرچاوە دەگرێ، بەتایبەتی ڕۆکانتای پاڵەوانی چیرۆکە ڕۆمانەکەی سارتر «بێزاری» کە تێیدا بەوردی باسی ناوەڕۆکی هەست و هۆشی خۆی دەکات و نیشانی دەدات چەمکی بوون Exist دەدۆزێتەوە.

٧- ئەگەر ئەو چەمک و بابەتانەی ئەم ڕێبازە لە چەمک و بابەتەکانی فەلسەفەی پێشتر و سەردەمی خۆی بچن، یان جیاواز بن، ئەوە مەبەست و ئامراز لە یەکتربیان جیا دەکاتەوە. خۆ ئەگەر مەبەست یەک شت بێت، لەلای دوو ڕێبازی جیاواز، ئەوە شێواز و ڕێگای بەکارهێنراو دەبێتە مایەی جیاوازبوونیان بە واتایەکی تر جیاوازی شێواز و ئامراز و پەیڕەو دەبێتە مایەی جیاوازی هەڵوێست و خود بەرامبەر بە مەبەستەکە و بگرە ئەم جیاوازییەی لێدەکەوێتەوە و دەیکات بە خەسڵەتێکی تایبەتی و تایبەتمەندی ئەو ڕێبازەی پەنای بردۆتە بەر و بەکاری هێناوە. ئەم خەسڵەتە دەکرێ بدرێتە پاڵ ئیگزیستێنتیالیستەکان لەوەدا کە پەنایان بردۆتە بەر پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژی، بەڵام بە شێوازێکی ئەوتۆ کە گۆڕانی بەسەردا هێنرابێ و بەجۆرێک پەرەی پێدرابێ کە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی فەلسەفەکەیدا بگونجێ.

ئەگەرچی ئەمڕۆ لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژی و جیهانگیری و کۆمپیوتەردا، ئیگزیستینتیالیزم بووە بە پارچە و بەشێک لە مێژووی فەلسەفە، بەڵام لە سەردەمی خۆیدا وەک ئەو چەمکەی خۆی دایهێنابوو «ئامادە و دەسبەکار بوونی کردەکی لە جیهاندا» ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە و کاری لە زۆربەی هەرە زۆری ڕێبازە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفەی سەردەمی خۆی کردووە و بەکردەوە «ئامادەیی و دەسبەکار بوونی خۆی لە جیهانی سەردەمی خۆیدا» ساخ و پشت ڕاست کردۆتەوە. ئەو چوارچێوەیەش کە جیهاندیدەکەی خۆی تێدا ڕەنگ ڕشتووە، ئەگەرچی لە چوارچێوە و شێواز و ستایلی ئاسایی فەلسەفەدا جیاواز بووە.

- دروشمی ئازادی لەلای ئەو ڕێبازە بەهیچ جۆرێک نە پشت ڕاست و نە پاساو دراوە، بگرە لە ناوەڕۆکێکی بە پێزەوە کراوە بە توێکڵ و فۆرمێکی بێ گیان. ئەو قسەیەی ئیگزیستینتیالیستەکان کە گوایە: ئەو مرۆڤەی هەست دەکات ژیانی خۆی و مرۆڤی دەوروبەری و ژینگە و بوون بە هیچ جۆرێک پاساو نادرێن و پاکانەیان بۆ ناکرێت، ئەم ڕەوشە دەبێتە مایەی ئەوەی خۆی بۆ خۆی دەستپێشکەری بکات بۆ ئەوەی پاکانە و پاساو و مانا بەو پێیەی خۆی دەیخوازێ و بڕیاردەدات دابهێنێ، ئیتر لەلایەکەوە لە داهێنانی ئەم پاکانە و پاساودانەدا ئازادە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم ئازادییەی لە چارە نووسراوە، لە قسەی شاعیرێک دەچێت کە پشت ئەستوور بە هەست و سۆز و ئەندێشە و خواستی ناخی دەروونی ئەم قسەیەی دەربڕیبێت، هەروەها دەکرێ پێچەوانەی ئەم قسەیەش ڕاست بێت: واتە بێهوودەیی ژیان و پاکانە بۆ نەکرانی دەکرێ ببێتە مایەی بێهیوایی و ڕەشبینی و گۆشەگیری و لەبەرچاوکەوتنی ژیان خۆی!


**سەرچاوە:**

**1) Nietzsche, friedrich., Also Sprach zara thustra.**
**insel taschenbuch. 2676. Frankfurt am Mein 1976. s.11.**
**2) Hirsch beger, Johnnes., Geschichte der Philosophie.**
**Bd. II. Neuzeit und GegenWart.**
**Komet. Koeln. 11 .Auflage 1980. S.498.**

٣) میـخـائیل، دكـتـورة فـوزیـة.، سـورین كـیـركـجـورد، أبو الوجـودیة. مـكتـبـة الدراسـات الفلسـفـیـة، دار المعـارف بمصـر ١٩٦٢. ص ٨٤. وأماكن أخرى.

٤) مـاكوري، جون،: الوجـودیة. ت: د.امـام عـبدالفتـاح امـام. مـراجـعـة د.فـؤاد زكـریا سلسـلة عـالم المعـرفـة. الـكویت ١٩٨٢. ص١٨.

٥) بوخینسكي،: تأریخ الفلسفة المعـاصرة في أوروبا. ترجمة: محمد عبدالكریم الوافي. طرابلس- لیبیا-بلا-ص٦.

6) Stegmueller, wolfgang., Hauptstroemungen der Gegenwartsphilosophie. Bd.I.Stuttgart 1978.s.139.ff.

٧) الكحـلاني، د.حـسن،: الفـردانیـة في الفكر الفلسـفي المعاصر. مكتبة مدبولي القاهرة-٢٠٠٤. ط١. ص١٥ فما بعد.

8) Rod, Wolfgang., Jeom-Paul Sartre. In: Geschite der Philsophie Hrsg.von W. Roed. Munchen 2002. S. 279.ff.

9) Stoerig, Hams Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart. 1961 s.681.ff.

١٠) بدوي، د.عـبدالرحمن،: دراسات في الفلسـفة الوجـودیة. القاهرة-١٩٦١ ص١٦ فما بعد.

11) Heidegger, Martin. Was ist Metaphysik. 8.Auflage Frankfurt am Mein. 1960. S.118

ئەم شـاكـارەمـان كـردووە بە كـوردی لە ژمـارە (٩٦)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی گۆڤاری ڕامان-هەولێر ل-٩٢-١٠١ چاپ كراوە.

12) Thurnher, Rainer. Albert camus. In: Die Philosophie des □und 20. Jahrhundert. 3. (Geschichte der Philosophie. Bd. XII. Munchen 2002. S.304. ff.

١٣) الدكتـور هـ. سد جویك،: المجـمل في تأریخ علم الأخلاق. ترجمـة: د.توفیق الطویل و عـبدالحمـید حمـدي. ط ١ الاسكندریة ١٩٤٦ ص ١٣٥ فما بعد.

14) Kant, Immanuel., Grund Leguang zur Metaphysik der Sitten. Zweiter Abschnitt. P.421 S.215.

ئەم شـاكـارەمـان كـردووە بە كـوردی بە سێ بەش لە ژمـارە (٩٩-١٠١) گۆڤاری ڕامان-هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوكراوەتەوە و بڕیارە بەڕێوەبەرایەتی ڕامـان ئەم كـتـێـبـە پێكەوە چاپ و بڵاو بكاتەوە.

١٥) كـرم،یوسف: تأریخ الفلسـفة الحدیثة. مـكتبـة الدراسات الفلسفیة ط٥. دار المعارف بمصر ١٩٨٦. ص ٤٠٩ فما بعد.

١٦) بوخـینسكی، هەمـان سـەرچاوەی پێـشـتـر (بە زمـانی عەرەبی) ل-٢٤٧.

17) Hirschberger, Johannes., Geschichte der Philosophie Bd. II. Neuzeit und Gegenwart. Komet. ^980. s.653.

-دەربارەی ئەم میـتۆدە و ڕێبازی بە تـێروتەسەلی لەم كـتێبـەماندا دواوین و لایەنە جۆربەجۆرەكانیمان ڕوون كردۆتەوە.

-عـەزیز، دكـتـۆر حـەمـیـد،: بنەمـاكـانی فـەلسـەفـەی شـیكردنەوەی مـەنتـیـقی، هەولێـر- كـوردسـتـان ٢٠٠٥. (ئەم بەرهەمـە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی) چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

18) Pivcevic, Edo., vom Husserl zu Sartre List Verlag Munchen 1972.S. 87ff.

19) Ebenda. S91.ff

20) Pivcevic, Edo., Ebenda. S. 94.ff.

21) Descartes, Rene.,, Meditationen uberdie Grundlagen der Philosophie.

ئەم شـاكـارەمـان لە ئەڵـمـانیـیـەوە كردووە بە كـوردی لە خـانەی وەرگێڕانی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بڵاوكراوەتەوە:

ڕینێ دیكارت: چەند وردبوونەوەیەك لە میـتافیزیك -سلێـمانی ٢٠٠٥.

# تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لای تالکۆت پارسۆنز

ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف

ئەم نووسینە بایەخ بە تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی یان کردەی تاکە کەس دەدات، زۆربەی ئەوشتانە دەخاتە بەرباس کە دەشێ ناوبنرێ ڕەوتی سەرەکی تیۆری کومەڵایەتی ئەوەش بەکیشانی هێڵی گشتی و سەرەکی، بێ ئەوەی زۆر بچێتە نێو وردەکارییەکانەوە، بۆیە باس لە تیۆری فەرمانگەرایی بونیاد دەکەین وەک ئەوەی لەسەر دەستی (تالکۆت پارسۆنز) سەری هەڵداوە، دواتریش باسی هەندێ لەو ڕەخنانە دەکەین کە ئاراستەی کارەکانی کراوەو پێشڤەچوونە دواییەکانی هزری پارسۆنزیش دەخەینە بەرباس، کە کارەکانی پارسۆنز بۆ چەندین دەیە کۆنترۆڵی تیۆری کۆمەڵایەتی کردبوو.

بێ گومان پارسۆنز لەنێو ئەو ڕەوتەدا لە هەموو تیۆریستەکانی تر پێشکەوتوو و گشتگیرتر بوو، تیۆرەکەشی بەگشتی نموونەی هەوڵ و کۆششێکی جوانە بۆ بنیاتنانی تیۆرێکی گشتگیری کۆمەڵایەتی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو تیۆرە ئەوەیە ئەو خاڵانەی ڕەخنەی لێدەگیرێ، دەشێ تێکەڵاوی خودی تیۆرەکە بکرێ، ئەوەی پێویستە تەنیا گۆڕینی خاڵی تەرکیزکردن و ڕێڕەوی ڕەخنەکەیە، کە تیۆرەکەی پارسۆنز دابەش دەبێ کاتێ هەوڵدەدا سنووری جیاکەرەوەی نێوان کردەی مرۆڤ و سیستەمی کۆمەڵایەتی ببەزێنێ.

چوارچێوەی ئەو تیۆرانەی لێرەدا خراونەتەڕوو ڕووگەی پێشڤەبردنی تیۆرێک لەبارەی کۆمەڵگاو دەست پێوەگرتنی بەو مانا کۆنەی لای دۆرکایم و ماکس هەیە.

**پارسۆنز کێیە؟**

زانای ئەمریکی تالکۆت پارسۆنز (١٩٠٢- ١٩٧٩)

دوای تەواوکردنی خوێندن لە لەندەن و هایدلبێرگ بووە پرۆفیسۆری یاریدەری کۆمەڵناسی لە زانکۆی هارڤاردو لەساڵی ١٩٤٤ بووە پرۆفیسۆر لەو زانکۆیە. ناوبراو بۆ چەندین ساڵ هاوکاری (سۆرۆکین) بوو و ڕۆڵێکی سەرەکی لە هێنانەدی کۆمەڵناسیی سیستەماتیکدا هەبوو هەرچەندە لە ڕووی چوارچێوەی تیۆرییەوە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئەم دوو زانایەدا هەبوو، کەچی لەڕووی کۆمەڵناسییەوە لە دوو جەمسەری دژیەک وەستان.

پارسۆنز لە کۆلیژی «ئامهێرست» بەشی بایۆلۆژی خوێندوویەتی و کەوتە ژێر کارگەری بیروڕاکانی زانایانی ئەوروپی، کاتێک لە کۆلێژی ئابووری لەندەنیش خەریکی خوێندن بوو، لەژێر چاودێری ((هۆبهاوس) و (مۆریس گینسبێرگ) لێکۆڵینەوەو خوێندنی ئەنجام دەدا. دواتر لە هایدلبێرگ بە کۆمەڵناسانی ئەڵمانی ئاشنا بوو، پێشتریش لە هارڤارد چاوی بە کۆمەڵێک ئابووریناسی بەناوبانگ و نووسینەکانی (ماکس ڤێبەر، دورکایم، پاریتۆ) کەوتبوو زۆر کاریگەرییان لەسەر پارسۆنز هەبوو و ژێرخانە فکرییەکەی لەو ژێدەرانەوە بەرهەم هاتووە، ئەم کاریگەرییە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی (بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی)دا بەدی دەکەین. لە نزیکەی ساڵانی ١٩٣٧ بایەخی بە تیۆرەکانی دەروونشیکاری داو ئەم کەوتنە ژێر کاریگەرییە لەیەکەمین بەرهەمەکانیدا بەچاکی دەردەکەوێ، لە ماوەی چەند ساڵاندا «پارسۆنز» بەردەوام هەوڵی دەدا پێویستی سەرهەڵدان و گەشەکردنی (تیۆر کردەی مرۆیی) دەربخات و لەبەرهەمەکانی دواتری هەوڵی دەدا بیسەلمێنێ کە بواری سەرەکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی (کردەی کۆمەڵایەتی)یە.

پارسۆنز ٣٠ ساڵ دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەبیرمەندی سەرەکی دادەنرێ لە بواری تیۆری لە زانستی کۆمەڵناسی لەسەر ئاستی جیهان، پارسۆنز هەر لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوەی دا بیردۆزێکی گشتی و چڕوپڕ لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە دابڕێژێ بە سوود وەرگرتن لە بیروبۆچوونی گەورە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی. ناوبراو لە بواری ئابووریدا بەتایبەت ئابووری سیاسی لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی ئەنجام داوە، لە کتێبەکانیدا بەردەوام زاراوەی ئابووری بەرچاو دەکەون، بەڵام هەمیشە بایەخێکی تایبەت بە نموونە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان دەدات، کە لە چوارچێوەیدا چالاکییە ئابوورییەکان ئەنجام دەدرێن. لەبواری فکرییەوە پەیڕەوی (ماکس ڤیبەر) دەکات و لەو چەمکانەی کە لایەنی میتۆدۆلۆژییان هەیە، وشەی «بەها» و «دۆخی دەروونی» لای ئەو (وەک زۆربەی کۆمەڵناسانی ئەمریکی) گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. لە بەکارهێنانی زاراوەی «سیستەمی کۆمەڵایەتی»دا لەژێر کاریگەری (ئەمیل دورکایم)ی کۆمەڵناسی فەرەنسیدایە، دواجار بیروڕاکانی (فرۆید) لەبارەی مەسەلەی «ناهاوسەنگی»ییەوە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هەبووە.

پارسۆنز نووسەرێکە لە ئەمریکا لەو یەکەم کەسانە بووە کە لە بواری کۆمەڵناسی پزیشکی هەندێ توێژینەوەی لەبارەی پێوەندی پزیشک و نەخۆشەوە ئەنجام داوەو لەو بارەوە وەک چۆن شێوازەکەی وایە، زێتر بایەخی بە (کارلێکی کۆمەڵایەتی) دەدا. ئەو لە نووسەرانی تر زیاتر پشتی پێدەبەستری و نزیکەی هەموو کتێبەکانی بەشێوازێکی ئاڵۆز نووسراون، بەرهەمەکانی دەکەوێتە ناو کایەی کۆمەڵناسییەکی چەمکگەرییانەوەو ئەزموونگەریی (لازارسفیلد) ڕەت دەکاتەوە، بە بڕوای ئەو بابەتی کۆمەڵناسی ڕوونکردنەوەی کردە مرۆییەکانەو ئەوکاتە لەم کردانە تێ دەگەین کە پێوەندییەک لەنێوان ئەرکەکانیان و بونیادی کۆمەڵایەتیدا بێتە کایەوەو بەگوێرەی ئەمە تیۆری پارسۆنز بە «بونیادگەری- ئەرکگەرێتی» ناسراوە. ئەو دەیەوێ دەری بخات کە تاکە کۆمەڵایەتییەکان کارو کردەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئامانجدار ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەم کردەوانە دەکەونە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک بەهاوە کە بونیاد بە کۆمەڵگە دەبەخشن و ئەرکیان ڕاکێشانی تاکە بۆ ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

## کاری کۆمەڵایەتی

وشەی (کار) یا (ڕەفتار) لەو وشە گرنگانەیە کە بابەتی دەروونزانی بەکاری دێنێ، زانایانی دەروونزانی زۆر گرنگییان بە بابەتی (کار) داوە تەنانەت ئەو بابەتە بۆتە هۆی دابەشبوونیان بۆ چەندین قوتابخانەی دەروونزانی جیاواز وەک (قوتابخانەی ڕەفتاریی) کە سەرچاوەی چەندین بیردۆزی پێشکەوتوو لەبارەی (ڕەفتاری مرۆڤ)ە و زانا «واتسۆن» دایهێنا، دوای ئەوە زانایان گەیشتنە بەکارهێنانی زاراوەی (ڕەفتاری کۆمەڵایەتی) کە بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن زانایانی

دەروونزانی و کۆمەڵناسییەوە بەکارهات.

زانایان پێیانوایە کە (کار) ئەو کاتە دەبێتە (کاری کۆمەڵایەتی) کە تاک بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکات کاریگەری هەبێ لەسەر ڕەفتاری خەڵکی تر، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبێتە بنچینە بۆ کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەبێتە گەشەکردنی کەسێتی ئەو تاکانەی کە پێوەندی کۆمەڵایەتی دەبەستن.

زانا (ماکس ڤیبەر) یەکەم کەس بوو زاراوەی (کاری کۆمەڵایەتی) لەبواری کۆمەڵناسی بەکارهێنا، چەندین زانای بواری کۆمەڵناسی وەک (ماکس ڤیبەر) هەستان بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ کە بە (قوتابخانەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی) ناونراو، چەندین کەسایەتی کۆمەڵایەتی ناسراو بوونە ئەندام لەو قوتابخانەیە لەوانە (تالکۆت پارسۆنز)، زۆر زەحمەت بوو ئەم زانایانە لەیەک قوتابخانە کۆببنەوە لەبەر ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەبیروبۆچوونیان هەبوو لەبارەی پشتبەستن بە لێکدانەوەی ڕەفتاری دەرەکی مرۆڤ بەبێ ئاماژەکردن بۆ هۆکاری نواندنی ئەو ڕەفتارانە. جیاوازی ناوەرۆکی هەیە لەنێوان ڕەفتارو کردەدا، ڕەفتار هاوشێوەی پێوەرە بڕیار لەسەردراوەکانە، بەڵام کردەی کۆمەڵایەتی پێشوەختە بڕیار لەسەردراو نییە، بەڵکو کردەیەکی داهێنەرانەیە ناچێتە ژێر باری بنەماکانەوە، لە یەکەمیان میکانیزم و دووبارەبوونەوەیەو لە دووەم خوڵقاندن و داهێنان، لە یەکەمیان شێوازی هاوشێوە دەستەبەرە، لە دووەمیان نوێبوونەوە. تاکی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێ بە دەستنیشانکردنی چەند کردەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستێکی نوێ، بەو مانایەی تاکی کۆمەڵایەتی (خاوەنی هەڵوێست)ە و سەرچاوەی کردەی ئازادە کە ناچێتە ژێر باری پێویستییەوە، ئەو خوڵقێنەرو داهێنەرو هەڵبژێرە، نەک بەندەیەک لەژێر باری پێوەرە سایکۆلۆژییەکان، یان شێوازە ڕەفتارییە پێشووەکان.

## تیۆریی کردەی کۆمەڵایەتی

تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی پشت بە چەندین پرس و گریمانە دەبەستێ کە پەیوەستە بە شرۆڤەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی کە هەموو ڕەفتارەکان ئامانجدارن، تاکی کۆمەڵایەتی ژمارەیەک لە ئامرازو شێوازی ڕەفتاری گریمانکراوی کۆمەڵایەتی هەیە کە پێشوەختە دادەنرێ و دەسەپێنرێ، هەروەها لە فۆرمە ڕەفتارییە ئامادەکراوەکان دادەڕێژرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکان لە بوار، یان هەڵوێستێکدا. سەبارەت بە گریمانە تایبەتییەکانی (تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی) بریتییە لە کۆمەڵێک پرس کە تاکی کۆمەڵایەتی بە ئامانج و هەڵوێستەکە دەبەستێتەوە، کردەکە هەڵبژاردنی بکەر لەخۆ دەگرێ بۆ ژمارەیەک لە ئامرازەکان کە ئامانجەکانی وەدیدێنێ.

تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی لەسەر شرۆڤەکردنی ڕەفتاری ڕۆژانەی تاک وەستاوە، بە ئامانجی جێبەجێبوونی مەبەستە دیاریکراوەکان لە ڕەوشگەلی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کۆنترۆڵی دەکات لە پێناو ئاراستە و ڕێنوێنی وزەو تواناکانی تاک. ئەم تیۆرە توانی بگاتە هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاک بۆ ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی کە بریتین لە:

– ئامانج و مەبەستەکان نوێنەری کۆتاییەکانی هەر ڕەفتارێکی تاکییە.

– ئەو ئامانج و مەبەستانە لە بارێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی دەژی.

– لەنێو ئەم بارانەدا پێوەری کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەن ڕەنگدانەوەی سروشت و جۆرەکەین، وزەو تواناکانی تاک ڕێک دەخەن.

– پاڵنەرەکانی تاک تواناکان هان دەدەن بۆ ئەوەی بەرەو ئەو ئامانج و مەبەستانە ئاراستەی بکات کە خۆی لە بارەکانی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەبیننەوە.

هیچ کردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە بە بێ بوونی تاک، ئەو کردەیە دەچێتە ژێر باری سێ نەسەق کە (کۆمەڵایەتی، شەخسانی، ڕۆشنبیری)یە. لە نەسەقی یەکەمدا تاک لە میانەی کارلێککردنی لەگەڵ دەوروبەردا دەچێتە ناوی و لەنێو باری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کارلێککردووەکان دەجووڵێ لەپێناو گەیشتن بەو مەبەستانەی کە ئامانجییەتی و لەژێر بارودۆخی ئەم بارە کارلێککارییە تاک دەچێتە ژێر باری بەها هاوبەش و هەستە گشتییەکان کە نوێنەرایەتی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەو پێوەرانە ئامانجە گشتگیرەکانی لەخۆ گرتووە. بەڵام نەسەقی شەخسانی ئەم خەسڵەتانەی لەخۆ گرتووە: لەخۆگرتنی کردەکانی بکەری کۆمەڵایەتی، ئەو کردانە ڕێکخراو دەبن لەمیانەی پەیوەستبوونی پێویستییەکانی تاکەکان کە بەدوایدا

دەگەڕێن، بۆیە لە کۆتاییدا پێویستییەکان کامڵ دەبن. نەسەقی ڕۆشنبیریش ئەو بەهاو پێوەرو سیمبولانە لەخۆ دەگرێ کە ئاراستەو ڕێنوێنی تاکی کۆمەڵایەتی (ڕەفتاری تاک) دەکات بەرەو مەبەست و ئامانجەکانیان و کارەکەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو جێبەجێ دەکات.

### پارسۆنز و تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی

گرنگترین هەوڵەکانی پارسۆنز دۆزینەوەی پەیوەندییەکە لەنێوان هەردوو بیروڕای «نەزعەی تاکی» ڤیبەرو «نەزعەی گشتی»ی دورکایم لەیەک بیردۆزدا، بۆ ئەمەش ڕەچاوی بیرۆکەو بەهاو پێوەرەکان و کامڵبوونی کردەکانی تاکی دەکرد کە پابەندبێ بە پێوەرو بەهاکان لە چوارچێوەی گونجاندنە کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان. پارسۆنز هەوڵی دا کۆمەڵێک چەمکی گشتی جیاکراوە پێش بخات کە وەسفی «ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی» بکات، بە بۆچوونی ئەو پێوەری سەرەکی کە دەبێ پشتی پێ ببەستین لە حوکمدا بەسەر ئەو کۆمەڵە چەمکە بریتییە لە یەکپارچەیی لە بیرکردنەوە، دوای ئەوە دەتوانرێ بەکاربهێنرێ بۆ دروستکردنی تیز لەبارەی هەموو شتێک لە جیهان. ئەو زانایە لە یەکەمین کتێبی خۆی «پێکهاتنی کردەی کۆمەڵایەتی» لەساڵی ١٩٣٧ ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە بیرمەندە تیۆرییە کلاسیکییەکان لەبواری کۆمەڵناسی لە کارەکانیاندا بە ئاراستەی دارشتنی بیردۆزێک لەبارەی کردەی خۆبەخشی دەچوون.

بەپێی ئەم بیردۆزە مرۆڤەکان هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن لەنێوان هۆکارو ئامانجەکان ئەمەش لە چوارچێوەی ژینگەیەکی ماددی، یان کۆمەڵایەتی، فاکتەری سەرەکیش لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بریتیە لەو پێوەرانەی کە پشتیان پێدەبەستین لە هەڵبژردنەکانماندا، لەم ڕووەشەوە تاکەکان هەوڵدەدەن زیاترین دەسکەوت وەدەستبێنن، بەم پێیە شێوازی ڕەفتارکردن و جۆرەکانی پێوەندییەکان کە ئەو ئامانجە بە دەست دێنن، دەگۆڕێن و شێوەیەکی بونیاتنەرانە وەردەگرن لەسەر شێوەی (پێکهاتە) ئەوەش پێی دەڵێن (پێکهاتەی کۆمەڵایەتی) یان (ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی)، کەوا گریمان دەکرێ سێ جۆری تر هەبن ئەوانیش: پێکهاتەی بکەر (بکەر خۆی)، پێکهاتەی (ڕۆشنبیری)، ژینگەی ماددی کە دەبێ کۆمەڵگا خۆی لەگەڵ بگونجێنێ.

دوای ئەوە (پارسۆنز) دەستی کرد بەپێشکەشکردنی نموونەیەکی تۆکمە لەو پێکهاتانە، بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتە (ڕێکخستنە) بەردەوام بێ پێویستە لەسەری چوار خاڵ هەن دابینیان بکات ئەوانیش: (گونجان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی)، پێکانی ئامانج (وەک ڕێگەیەک بۆ ڕێکخستنی داهاتەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان و تێربوون)، کامڵبوون (تەواوکاری) شێوازی پێکهاتەی ناوەکی و ڕێگەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ جیاوازییەکان، شێوازی بەدەستهاتنی بەرقەراری بەراوردکراو. بەم شێوەیە هەر پێکهاتەیەک دابەشی پێکهاتەی سیاسی و ئابووری دەبن، هەروەها ئەم پێکهاتانەش دابەش دەبن.

دەتوانین کارو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پارسۆنز ناوی نا (گۆڕاوی جۆری) وا شی بکەینەوە بۆ نموونە ئێمە دەتوانین لەهەر پێوەندییەک بابەتەکەی وەک شتێک کە تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خۆی هەبێ وەرگرین وەک نموونەیەک بۆ (بابەتی گشتی) ئەمەش تێکەوتنە لە هەڵبژاردن نێوان (نەزعە)ی تایبەتی و نەزعەی گشتی کە دەتوانێ پشت ببەستێ بە پابەندبوونە سۆزیەکان یان خۆ لێ لادانی، یا ئەوەتا کەسێک، یان بابەتێک لەپێناو خودی خۆی، یان ئەو دەستکەوتەی کە دەتوانی بەدەستی بێنێ هەڵبسەنگێنێ، یان ئەوەتا بەهەموو پێکهێنەرەکانی بەشتێک، یان پێکهێنەرێکی ئەو شتەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. سیستەمی خێزانی هۆگرە بۆ تەرکیزکردن لەبارەی (جەمسەری دژەکانەوە). بۆ نموونە لەناو خێزان دەبینین سروشتی پێوەندییەکان (تایبەتین ویژدانین پشتبەستن بە جۆرێتی و گشتین) کەچی لە کارگە پێوەندییەکان (گشتین، بێلایەنە لە ڕووی ویژدانی و پشتبەستن بەکارکردن و تایبەتمەندین).

پارسۆنز لە کتێبی «بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی» بەهێزی و لاوازی ڕێبازە فکرییە سەرەکییەکان لە زانستی کۆمەڵایەتی ئەوانیش ڕێبازی سوودمەندی و ڕێبازی باری (وضعي) و نموونەیی خستۆتە ڕوو. چەمکە سەرەکییە هاوبەشەکانی ئەم سێ ڕێبازەی دەرهێنا بۆ ئەوەی بگاتە ئەوەی کرۆکی سەرەکی و جەوهەری بۆ تیۆرەکەی، لە کردەی کۆمەڵایەتی کە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە کە لەسەر زمانی زۆبەی بیرمەندان و توێژەران لەو سەردەمەدا بوو، ئەوویش ئەوەیە: ئایا مرۆڤ هەمیشە بەشێوەیەکی عەقڵانی مامەڵە دەکات؟ ئایا لەکوێ مرۆڤ دەتوانێ

ئازاد بێ لە ڕەفتارەکەی و لە چ ڕەوشێ و لەژێر بارێک نەبەسترابێتەوە بە کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی؟

پارسۆنز توانی وەڵامەکەی بەم شێوەیە چڕ بکاتەوە: ڕەفتاری تاک و بڕیارە کردەییەکانیان دەچێتە ژێر باری بەها کۆمەڵایەتییەکان لەمیانەی ئینتمابوونی بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، هەروەها لەژێر باری (الوضعیة)ی کۆمەڵایەتی کە تێیدا دەژی و ژێر باری ڕەفتارە ئەخلاقییەکان کە لەسەری پەروەردە دەبێ. لەم وەڵامەوە دەکرێ بڵێین تاک ناتوانێ ئازادبێ لە ڕەفتارو بڕیارە کردەییەکانی، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێوەیەکی ئەندامی پەیوەستە پێی. بەگوێرەی تیۆرەکانی پارسۆنز کردەی کۆمەڵایەتی ئەم توخمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: تاکە کەسێک کە کردەکە دەنوێنێ، هەلومەرجێک کە کردەکەی تێدا دێتە کایەوەو هەڵوێست و ئاراستەی تاکە کەسێک کە کردەکە دەنوێنێ (بەگوێرەی هەلومەرج). بەڕای پارسۆنز سیستەمی گشتی کردەی کۆمەڵایەتی بەچوار سیستەمی لاوەکی دابەش دەبێ کە بریتین لە: سیستەمی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سایکۆلۆژی، هەروەها بایۆلۆژی، کە دوو سیستەمەکەی دوایی بە سیستەمی کەسایەتی ناودەبات.

پارسۆنز لە تێڕوانینی ڕاستەقینەیەوە بۆ تیۆری سۆسیۆلۆژی لەو بڕوایەدایە کە کردەی کۆمەڵایەتی دەبێ بایەخی سەرەکی کۆمەڵناسی بێ، بەڕای پارسۆنز چوارچێوەی مەرجەعی (کردە) سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێ کە بریتین لە (بکەر، هەڵوێست، ئاراستەکردنی تاک بەرەو هەڵوێستەکە)، پارسۆنز ئاراستەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات:

١- ئاراستەی پاڵنەرانە، کە مانای ئەمانە دەگەیەنێ:

أ- درککردن بەرانبەر ئەوەی تاک درکی پێدەکات لە هەڵوێستێکی دیاریکراو.

ب- هەڵچوون و پرۆسەکە کە لەڕێگەیەوە بکەر گرنگی سۆزی و هەڵچوون دادەماڵێ لە شتێکی دیاریکراو.

ج- هەڵسەنگاندنی و لە ڕێگەیەوە تاک وزەکەی دابەش دەکاتە سەر بایەخە جیاوازەکان کە دەبێ لەنێویاندا هەڵیبژێرێ.

٢- ئاراستە بەهایی: واتای چاوپۆشیکردن دەگەیەنێ لە هەندێ پێوەر و ئاستە کۆمەڵایەتییەکان.

پارسۆنز تیۆرێکی زۆر ئاڵۆزمان سەبارەت بە کردەی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات کە پێیوایە ئەم کردەیە ڕەفتارێکی ویستراوە، شیکردنەوەشی پشت بە هێڵکاری ئامرازو مەبەستەکان دەبەستێ، بەڕای پارسۆنز چوارچێوەی مەرجەعی کردەی کۆمەڵایەتی (تاک و هەڵوێست و ئاراستەکردنی بکەر سەبارەت بە هەڵوێستەکە دەگرێتەوە) تەوەری تیۆرەکەش ئاراستەکردنی بکەرە، دەشکرێ جیاوازی لەنێوان دوو ڕەگەزی ئاراستەکار بکەین: ئاراستەکردنی پاڵنەرێتی، ئاراستەکردنی بەهاکان، ئاراستەی پاڵنەرێتی کە وزەمان پێدەبەخشێ بۆ کردەکان بەسێ لایەن وەسف دەکرێ:

١- پەیبردن: بەرانبەرە لەگەڵ ئەوەی بکەر لە هەڵوێستێکدا پەی پێ دەبات بەگوێرەی پێویستییەکانی خۆی.

٢- هەڵچوون: ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە کە تاک گرنگی سۆزایەتی و هەڵچوون لەشتێکدا دادەماڵێ.

٣- هەڵسەنگاندن (تقویم): تاک وزەی خۆی دابەش دەکات بەسەر ئەو شتانەی کە بایەخیان پێدەدات کە پێویستە لەسەر یەکێکیان هەڵبژێرێ، بەڵام ئاراستە بەهاییەکان ئاماژە بەهەندێ لەپێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، بەپێچەوانەی پێداویستییەکان کە کانگای ئاراستەکانی پاڵنەرێتییە، هەروەها سێ ڕێگە هەیە بۆ ئاراستەکردنی بەهاکان (پەیبردن، مەزندەیی، ئەخلاقی).

ئەم پلانکارییە سێ شێوەی شیکردنەوەیی دادەمەزرێنێ ئەویش نەسەقی ڕۆشنبیرییە، پارسۆنز دووپاتی دەکاتەوە کە سەرەڕای ئەوەی ئەو نەسەقانە دامالینە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەست پێکراو، ئەو مانایەی کە پارسۆنز زیادی کردووە بۆ نەسەقی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. وا نەسەق پێناسە دەکات «کۆمەڵێکە لە تاک کارلێک لەیەکتر دەکەن» لەشوێنێکی دیکەدا وا پێناسەی دەکات کەوا «تۆڕێکە لە پێوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان، یان تۆڕێکە لە پێوەندی کارلێککراو» ئەم جیاوازییە لە پێناسەدا گرفتێکی گرنگ دەوروژێنێ بە چەمکەکە: ئایا خاڵە (ماددییەکان) بۆ نەسەقی کۆمەڵایەتی خودی تاکەکانە یا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە؟

پارسۆنز نەسەقی کۆمەڵایەتی وا پێناسە دەکات کە «کۆمەڵێکە لە تاکەکان مەیلێک پاڵی پێوە ناون بۆ تێرکردنی باشتری پێداویستییەکانیان، بەڵام پێوەندییە باوەکانی نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بەگوێرەی شێوەیەک

له نەسەقی هاوبەش له ڕۆشنبیری دیاری دەکرێ، ئەم کێشەیه پێویستی بەشیکردنەوەی دوورودرێژ هەیه که بەنده بەهێمایەکی بەردەوامی شیکردنەوەی پێشووی کردەی کۆمەڵایەتی. تاکەکان به مەیلی تێرکردنی باشتری پێداویستییەکانیان هاندراون. لەسەرووی ئەوەشەوە پارسۆنز پێوەندی نێوان تاکەکان به هەڵوێستی کۆمەڵایەتییان پێناسه دەکات لەسەر ڕۆشنایی جۆری تایبەتی ڕۆشنبیری، لەوانه زاراوەی «پێوەندی» ئاماژه بەوه بدات که پێی دەوترێ «ئاراستەکردن». له دیدی ترەوه بیرۆکەکانی پارسۆنز ئاماژه به پێکهێنەره سەرەکییەکانی تر دەدات له ئاراستەکردنی تاک بەرانبەر هەڵوێست، ئەویش ئاراستەکردنی بەهاکانه، لێرەشەوه زاراوەی «بەها» به ئاشکرا دەرناکەوێ لەکاتی شیکردنەوەدا، بەڵکو دەکرێ ئەو ئەگەره له ئارادا بێ که شێوازەکان لەسەر بەهاکان بەندبن، ئەم شێوازانەش بەپێکهێنان و بەشداری ڕۆشنبیری جیادەکرێتەوه.

پارسۆنز کردەی کۆمەڵایەتی دابەش کردووه بۆ پێکهاته بنەڕەتییەکانی که بریتین له: تاک، ئامانج، ئامرازو ئاڵتەرناتیڤه بەکارهاتووەکان بۆ گەیشتن به ئامانج، ئەو بارودۆخ و مەرجانەی له دەوروبەری به باری کۆمەڵایەتی داوه، بەهاو پێوەرو فکره باوەکان لەو گرووپەی که تاک ئینتمای هەیه بۆی، بۆ ئەوەی ڕەفتارو بڕیارەکانی ئاراستەو ڕێنوێنی بکات، ڕەفتار، یان کردەکه ناوەرۆکی بڕیاری تاکه بەهەڵبژاردنی یەکێک له ئامرازەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکەی، یان ئامانجه مەبەستدارەکانی، ئەم هەڵبژاردنەش بەسروشتی دەچێته ژێر بارو مەرجه چواردەورەکانی باری کۆمەڵایەتی و ئەو فکرانەی که تاک هەڵیگرتووه. پارسۆنز لەساڵی ١٩٤٥ بینی پێویستی به شیکردنەوەی فەرمانگەرایی هەیه، بۆیه بیرۆکەی پێویستییەکانی خسته نێو شرۆڤەکردنەوه و ناوی لێنا (پێویستییه فەرمانگەراییەکان له تەواوکاری کۆمەڵایەتی). پارسۆنز له کتێبی «بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی» ئامانجی لێکۆڵینەوەی مێژووی فکرەکان بوو، هەروەها دەوڵەمەندکردنی تیۆری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی تیۆری، پارسۆنز پێی وایه کارەکانی (هۆبز) و (لۆک) و سوودمەندان هەریەکه بەجیا، کەموکورت بووه له تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی دیاردەی سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتی. لەنێوان زانستی سروشتی که بایەخ به لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری مرۆڤ دەداو زانستی ڕۆحی که ڕۆڵی فاکتەری مادی له ڕەفتاری مرۆیی بەبێ بایەخ له قەڵەم دەدەن، پارسۆنز بەرگری له ڕەوتی یەکەم دەکات.

## سروشت و شێوازەکانی کردەی کۆمەڵایەتی

پارسۆنز بۆ ئەوه چووه که بۆ ئەوەی سروشتی (کردەی کۆمەڵایەتی) شرۆڤه بکەین دەبێ ڕۆڵی تاک و بواری کردەکه دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی تیشک بخەینه سەر تەواوی هەڵوێستەکه، ئەم هەڵوێسته کۆمەڵایەتییه یارمەتیدەره بۆ دۆزینەوەی پاڵنەرەکانی تاک و سروشتی خودی کرده کۆمەڵایەتییەکه. بێگومان نموونەی کردەکان پێویست به وەدیهاتنیان و سەرهەڵدانیان دەکات بۆ ئەوەی بەپێی ئەو (مەرج) و (بارودۆخی هەڵوێستەکان) دەربچن که لەشێوازی فەرهەنگی و شێوەی پێوەندییه کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوه دەگرن.

ئامانجەکان لەو بارودۆخانه دەردەکەون که دەوروبەری هەڵوێسته کۆمەڵایەتییەکەی مرۆڤیان داوه، که تاک ناچێته ناویەوه تەنیا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستێ نەبێ، ئەمەش مانای وایه کرده مرۆییەکان بەپێی پێویست مەحکومه به بارودۆخی هەڵوێستەکان، که مەرجی دەرەکین، سەرەڕای ئەمەش هەندێ مەرجی خودی هەن که خۆیان لەسەر هەڵوێستەکه دەسەپێنن، لەو ڕەگەزه خودییانەش ئاراستەکردنی کردەی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەو هەستەکانێتی که هەموویان ڕەگەزی بنەڕەتین لەسروشتی ئەو کولتوورەوه دەردەچن که شێوازەکانی ڕەفتاری مرۆڤ ڕەنگڕێژ دەکات و شێوازی ژیانی و کارو بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانی دادەنێ. بەو مانایەی ڕۆشنبیری بەشێوازو نیشانەکانییەوه تیشکێک دەخەنه سەر ئەو توخمه خودیانەی که لایەنه ناوخۆییەکانی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی دەردەخات، وێڕای بارودۆخه کۆمەڵایەتییەکان که دەربڕی لایەنه دەرەکییەکانی هەڵوێستەکەن. درککردن و زانینی کردەی کۆمەڵایەتی بۆ سروشتی هەڵوێستەکەو تێگەیشتنی هەموو لایەنه ڕوونه دیارەکانی، به گرنگترین هۆکار دادەنرێ که کۆنترۆڵی دەکات لەو کاردانەوانەی که بکەر بەرانبەر هەڵوێستەکه دەینوێنێ. سەرەڕای فاکتەرەکانی ڕۆشنبیری و هەڵوێستەکه به هەردوو باره ناوخۆیی و دەرەکییەکەی، بوونی (بوونی کۆمەڵایەتی) به بەهاو پێوەرو تێڕوانینەکانی دەنگدانەوەی له دەستنیشانکردنی جۆری ڕەفتارو کاردانەوەو تیشک خستنه سەر سروشتی

هەڵوێستەکە.

بەهاکان لای پارسۆنز توخمی ئاراستەکراون بۆ ڕەفتاری ڕۆشنبیری و پێوەرەکانیش حوکمی کۆمەڵایەتی هاوبەشن لەنێـو خـەڵکدا، بۆ ڕێکخـسـتـنی بیـرکـردنەوەکـان و دیاریکردنی کـاردانەوەکـان و سـەپاندنی شـێـوازە ڕەفتـارییەکـان لەهەمـوو هەڵوێستـێکی کـۆمـەڵایەتی، پارسۆنز گرنگی بەهەندێ لایەن داوە کە (ڤیـبەر) پێش ئەو بەلایدا نەچووە وەک (ڕۆشنبـیـری و بەهاو پێوەرەکان)، هەروەها مەرجی دەرەکی و خودی سەپاندە سەر بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی، هەمـوویان فاکـتـەری جەوهەری و ڕەگەزی بنەڕەتین.

پارسۆنز هەوڵدەدا گرنگی ئەو هۆکارانە بخاتەڕوو کە دەوروبەری بونیـادی کـردەی کـۆمـەڵایەتی تەنیـوە، بیـنی هەمـوو کـردە مـەبەسـتـدارن و وا پێـویست دەکـا بۆ دەسـتکەوتنی ئارەزووەکـان، یان گـەیشـتنە ئامـانجـە دیاریکراوەکـان، بەو واتایەی کـە تیـۆری کـردەی کۆمەڵایەتی لای پارسۆنز پشت بە بیرۆکەی پاڵنەرەکان دەبەستێ. پارسۆنز چەند مەرجێکی داناوە سروشت و پاڵنەرەکانی پرۆسەی کردەی کۆمەڵایەتی دەستنیشـان دەکـات، لەو مـەرجـانەش زانین و هەڵسـەنگاندنە، بەو مـانایەی کـە تاکی کـۆمـەڵایەتی کـە هەوڵدەدا بگاتە ئامـانجـە دیاریکراوەکـان، دەبێ زانیـارییـەکی تەواو و پێشـبینەیەکی هەبێت لەبارەی هەڵوێسـتەکەو سروشتی پێویستی و هەستەکان، هەروەها دەبێ تاکی کۆمەڵایەتی هەڵسـەنگاندن و بەراورد بکات و هەڵبژێرێ، پاشان لە ڕوانگەی ئەو بەراوردکارییەوە ڕێڕەو بگرێ و لە ئەنجامی هەڵسـەنگاندن و هەڵبـژاردنەکـەی و بەپێی سـروشـتی هەڵوێستەکەو چەندێتی پێویستی و ڕوونی ئامانجەکە.

پرۆسەی هەڵسـەنگاندنەکە بریتییـە لەوەی: بکەر بە پرۆسەی تاقیکردنەوە هەستێ پاشان هەڵبژاردن بەپێی فـاکـتـەرە دەرەکی و ڕەوشـتـیـیـەکـان و بەپێی لایەنە سایکۆلۆژییەکان وەک ڕێزگرتن و سەرسامبوون لەم هەموو حاڵەتانەدا پرۆسەی ڕەفتارو پاڵنەرەکانی دەچنە ژێر باری ڕەگـەزە شیـتـەڵبـووەکـان لە هەڵوێسـتـە دروسـتکراوە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان لە ڕێگەی پرۆسـەی کـارلێککردن. کـارلێکی کـۆمـەڵایەتی ئەوکـاتە بەدەردەکـەوێ کـە خـود بەپێی ئاسـتی پێـویسـتی، یان ئارەزوو لە مـیـانەی بوارێکی تایبەت کە هەڵوێستی ئەوانی تر لەخۆدەگرێ، لێرەوە کارلێکەکە جێگیرو ڕێکخراوە ئەگەر ئامانجەکان ڕوون بوون و پێشـبینیـە چاوەڕوانکراوەکان لە ڕەفتـاری ئەوانی تر دیاری بکرێن.

تاکەکە کۆمەڵایەتی دەبێ ئەگەر پێشبینییـەکان ڕێک خراو و هاوبەش بوون لەنێوان هەردوو لایەنی کارلێکەکە، بەجۆرێ خود پێشـبینی کـارەکـانی ئەوانی تر بکاتەوە، لەکاتێکدا شێوازی پێشبینیە هاوبەشەکان دەردەکەوێ بەشێـوەیەکی پلە بە پلەو جێگیـر، پێوەرەکـان دەردەکەون بەو پێیەی هاوبەندی ڕێککەوتنی لەسەر کراوەو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەزامەندی وەرگیراوە، هەروەها ڕەگەزی ڕێک خراون بۆ بنەماکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی و مەرجە لەبەرچاو گیراوەکانی. ئیمتیازاتە جۆرییەکان و ئەرکەکان و مـاف و پابەندییـەکـان هەمـوویان دەچنە ژێر باری کـارلێکەوە، لەڕووی کـۆمـەڵایەتییەوە سەپێنراون بەپێی ڕێککەوتنی ئەو پێـوەرانەی کـە بنەمـاکـانی ڕەفتـار و پێوەندی خەڵک لەنێوان خۆیاندا دەستنیشـان و ڕێک دەخات.

## چەند درزک لە تیۆرەکە

پارسۆنز شێوەی گشتگیرترو وردتری بۆ تیـۆری کردە پێشبردو هەستێکی وا هەیە کە تیۆرەکانی تر تەنیا بەش بەشی سەمتی تیـۆرەکەی ئەون، تاکـو مردنی سێ هێـڵی سـەرەکی هەبوو بۆ ڕەخنەگـرتن لە تیـۆرەکـەی، زۆر لە ڕەخنەگـران کـێـشـەی تیـۆرەکـەیان لە ڕووی دارشـتـنی لۆژیکییەوە جیاکردەوە لەگەڵ ئەو کێشانەی تایبەتبوون بە ناوەرۆکی تیـۆرەکەی، کەچی لەوانەیە ئەو جیاکردنەوەیە بەسـوود نەبێ، چونکە بوونی کـێـشـەی لۆژیکی لە ڕاڤـەکـردنی تیـۆریدا، مـانای وایە هەڵەیەک هەیە لە تێگەیشتنی ئەو تیۆرە کاتێک ڕاڤە دەکرێ.

ڕەخنەی دیکەش هەن زۆر دووبارە دەکـرێنەوە، گـوایە تیۆرەکە ناتوانێ گریمانەی وا لەبارەی واقیعی کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێ توانای تاقـیـکردنەوەیان هەبێ، ئەوەش ڕەخنەیەکە دەشێ ڕاست بێ، لەگەڵ ئەوەشدا یەک تاکە پێوەر نییە بۆ حوکمدان لەسەر هیچ تیۆرێک، لەحاڵەتی سۆسیۆلۆژیستدا ئاڵۆزی دیاردەی کۆمەڵایەتی و لە توانای نەبوونی تاقـیـکردنەوە لەسـەری، وادەکـات دانانی گـریمانەیەک توانای ئەوەی هەبێ تاقی بکرێتـەوە، مەسەلەیەکی دوورە دەستە بێ.

هەندێ ڕەخنە هەن کـە زۆر لە خاڵە لاوازکـانی تیـۆری کردەی کۆمەڵایەتی دەردەخات، بەجۆرێک تیۆرەکە وەک

تیۆرێکی زانستی ناتوانێ لەسەر پێ بوەستێ، تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی ڕێچکەیەکی گرت بۆ شرۆڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی فۆرمە سایکۆلۆژییەکانەوە، لەگەڵ شیکردنەوەی شێوازەکانی ڕەفتار لە گۆشەنیگای پاڵنەرو ئامانجەکانەوە، بە پشتبەستن بەلێکۆڵینەوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشتنی ئەو هەڵوێستانەی کە لە دەوروبەری بوارەکانی ڕەفتارو مەبەستەکانیدایە.

بۆیە تیۆرەکە کەوتە نێو ڕۆڵێکی لۆژیکی داخراوەوە کە ڕەفتارەکەی بە هەڵوێستەکەوە شرۆڤە دەکرد، کاتێک ڕەفتارەکە دەگەڕایەوە بۆ هەڵوێستەکە، ئەمەش بۆچوونێکی بەتاڵە، لەنێوان ڕەفتارو بوارەکانی هەڵوێستەکاندا دەمانپەستێنێ، توێژەر لەنێوان دوو بەستەڵەک ڕادەمێنێ کە شرۆڤەی سوسیۆلۆژی تێیدا دەیبەستێ، جارێک هەڵوێست دەرەنجامی ڕەفتارەو جارێکی تر ڕەفتار دەرەنجامی هەڵوێستە، کاتێک ڕەگەزە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی هەڵێنجراوی بواری سایکۆلۆژی کۆنترۆڵی دەکەن. ئەم شرۆڤە کەموکورتە، هەوڵەکانی دوودڵی میتافیزیکیمان وەبیر دێنێتەوە کە پشت بە بەڵگەکانی ئەزموون، یان لۆژیکی زانست نابەستێ، ئەمەش کە وامان لێدەکات بەتەواوی لە دڵنیایی زانستی بابەتی پوختە دووربین، ئەمەش دووپاتی دەکاتەوە کە بنەمای تیۆری سەرچاوەکانی (کردەی کۆمەڵایەتی) جێی گومانەو ناتوانین پێی ڕازی بین.

(ئالان تۆرین و جۆرج جۆرفچ) دووپاتی دەکەنەوە کە ڕەفتاری هاوشێوەو گونجاو بەپێی پێوەرە بڕیار لەسەر دراوەکان مەرجی پێویستە لەتیۆری کردەی کۆمەڵایەتی، بۆیە تیۆرەکە ناتوانێ سروشتی (گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی) شرۆڤە بکات، ئەمەش خاڵی زۆر لاوازی ئەم تیۆرەیە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی بەتیۆرێکی کورت دادەنرێ چونکە تیۆرێکی شرۆڤەیی نییە.

٢- لە ڕوانگەی خودی سایکۆلۆژییەوە، ئەم تیۆرە بە نا زانستی دەژمێردرێ بەهۆی ئەوەی کە لەژێر کاریگەری ڕەوتی سایکۆلۆژییەوەیە و ناچێتە بواری دەروونناسی و پێوەرە بابەتییەکان.

٣- (ڕۆڵێکی لۆژیکی داخراو)ی ڕوون لەم تیۆرە بەدی دەکرێ، کە ناتەواوە.

ئەم ڕەخنانەش ئاراستەی پارسۆنز کراون:

١- تیۆرەکانی لەسەر گریمانەی خۆسەپێن چەق دەبەستێ، واتە هەڵە، کە دەڵێ: تیۆری سۆسیۆلۆژی لایەنێکی بچووکی تیۆری شتی ڕەفتاری مرۆیی دەنوێنێ.

٢- تیۆری پارسۆنز لە کۆمەڵناسی، جیا نابێتەوە لە دەروونناسی.

لەگەڵ ئەوەی ڕەخنە ئاراستەی پارسۆنز کراوە، ئەویش وەک زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیای فەرهەنگی پێیوایە ڕۆشنبیری نەسەقگەلێکی دارێژراوە لە سمبولەکان، ئەم سمبولانەش بابەتی ئاراستەکردنن لای تاکەکان.

هەروەها پارسۆنز بەڕای زۆر لە هزرمەندان تیۆرەکەی بەشێوازێکی قورس نووسیوە بەتایبەتی بۆ قوتابی کە لەبارەی بابەتەکانی ئەوەوە شارەزایی نییە، هەروەها چەمکی کۆنی بەکارهێناوە بەمانای تازە، لە کتێبەکەی دیکەی بەناوی (اوراق عمل)دا دەڵێ: ئێمە لەو باوەڕەداین نەخشەسازی بیرۆکەی تیۆری کردە شایەنی جێبەجێکردنە بۆماوەیەکی فراوان لەناو هەموو تیۆرەکاندا، لەسەر ئاستی مرۆییش لە پرۆسەی فێربوونی سەرەتایی لای منداڵ تا کۆمەڵگە زۆر ئاڵۆزەکان.

پارسۆنز شارەزاییەکی زۆری هەیە لە ڕێبازی زانستی، بەشێوەیەک کە ناکرێ هەڵە بکات، بەڵام گرفت لەوەدایە ئەو هەوڵانەی کە داویەتی بۆ جێبەجێکردنی تیۆرەکانی داهاتێکی کەم وەدەست دێنێ، چونکە شیکردنەوەکانی پارسۆنز بۆ دامەزراوە جیاوازەکان زانیاری کەم پێشکەش دەکات بە بەراورد لەگەڵ تیۆرەکانی تر، هەروەها تێگەیشتنی زیاترمان ناداتێ سەبارەت بە دامەزراوەکان وەک ئەو تێگەیشتنەی کە (ماکس ڤیبەر) دەمانداتێ، کەمی ئەو داهاتەش بۆ هیلاکبوونی بنەمای ئابووری لە داڕشتنی پێناسەکان و دانانی پۆلێنکردن دەگەڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش پارسۆنز تەنیا لەسەر لێکدانەوەی کۆمەڵگە تازەکان ناوەستێ، بەڵکو بە وردی باس لە دامەزراوە ئەمریکییەکان دەکات، زانکۆکانی ئینگلتەراو ئەڵمانیاو فەرەنسا جیاوازن لە زانکۆکانی ئەمریکا، هەروەها سیستەمی دامەزراوە پەروەردەییەکانیش جیاوازن، ئەمانیش هەمووی کەموکورتی هەوڵەکانی پارسۆنزە لەڕووی دانانی تیۆرێکی پشت ڕاستی لە کردەو نەسەقە کۆمەڵایەتییەکان، لە کەموکورتییەکانی دیکەش لە نووسینەکانی پارسۆنز، لێڵی لە چارەسەرکردنی

چەمکە بنەڕەتییەکان وەکو پێناسەی بەهای مرۆیی، یان پابەندبوون.

## دواجار

پارسۆنز لە دیارترین ئەستێرەکانی ئاراستەی بونیادگەرییە لە سەدەی بیستەمدا، کە پێی وایە کۆمەڵ چەشنێکە لەو چەشنانەی کە کۆمەڵناسی لێی دەکۆڵێتەوە سەبارەت بە نەسەقی کۆمەڵایەتی، ئەم نەسەقەش وا پێناسە دەکات کە بریتییە لە «کۆمەڵە تاکێک کە هەوڵدەدەن بگەنە ئەوپەڕی ڕازیبوون، پێوەندیشیان بەم هەڵوێستەوە دیاریکراوە لەسەر بناغەی ئەو نەسەقەی کە لەسەر چەند چەشنێکی هاوبەشی خاوەن بونیادی ڕۆشنبیری وەستاوە». بەڵام ئەم پێناسەیە ڕەخنەی لێگیرا گوایە زۆرێک لە خەڵکی کارلێک کردوو لەوانەیە نەسەقێکی کۆمەڵایەتی پێک نەهێنن بەو مانایەی سەرەوە، بەڵکو دەکرێ ناوی بنێین (نەسەقی کۆمەڵایەتی جێگیر)، لەبەرئەوە پێویستە نەسەقی کۆمەڵایەتی لای پارسۆنز ناوبنێین (نەسەقی کۆمەڵایەتی جێگیر). هەروەها پارسۆنز پێی وایە ڕۆشنبیری ئەنجامی نەسەقەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتییە. سێ جۆر ڕۆشنبیریش لێک جیادەکاتەوە: یەکەمیان لە نەسەقەکانی هزرو باوەڕ پێکدێ کە لە پێشوەختدا درکی پێدەکرێ و بایەخی ئیدراکی هەیە. دووەمیان: لە نەسەقی هێماکان پێکدێ وەکو وێنەکانی هونەر کە بە بایەخی ڕەزامەندی، یان ڕازیکردن جیادەکرێتەوە. سێیەمیان: لە نەسەقی ئاراستەی بەهاگەری پێکدێ.

بەڵام پارسۆنز متابەعەی شیکردنەوەکانی ناکات بۆ نەسەقەکانی ڕۆشنبیری، چونکە پێی وایە ئەمەیان لە چوارچێوەی پسپۆڕێتی ئەنترۆپۆلۆژیای ڕۆشنبیرییە، ئەویش (واتە پارسۆنز) تا ئەو ئاستە بایەخی پێدەدات کە کار لە نەسەقەکانی کۆمەڵایەتی و کەسێتی دەکات. پارسۆنز لەو باوەڕەدایە تاک ئامانجی گەیشتنە بۆ ئەوپەڕی ڕازیبوون، بەڵام لە واقیعدا تاک ناتوانێ ئارەزووی هەر شتێک بکات بۆی بێتەدی لەبەرئەوە دەبێ بێلایەن بەرامبەر هەندێ شت بوەستێ. تیۆری کردەی کۆمەڵایەتی کە دەکرێ ناوی بنێین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەچەند گریمانەیەک پێکدێ کە وەسفی چۆنێتی شیکردنەوەی کردەوەو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات لە ڕووی زەمەنەوە (واتە لە ڕووی کاتەوە) بۆ تاکەکان لەهەمان هەڵوێستیاندا کە دەکرێ ئاماژەیان پێ بدەین بەو ئیعتیبارەی کە بکەری کۆمەڵایەتین:

١- هەموو بکەرێکی کۆمەڵایەتی ئامانجی هەیە و بەدواوەیەتی.

٢- کردەی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانەش دەگرێتەوە کە دەیەوێ بگاتە ئامانج.

٣- بکەری کۆمەڵایەتی ئامانجی زۆرەو گەڕان بەدوای ئەو ئامانجانە لەسەر ڕەفتاری وەستاوە.

٤- بەدواداچوونی ئامانج و هەڵبژاردنی ئامرازەکان لە میانەی ئەو هەڵوێستانەدا دەبێ کە کار لە بەرنامەی کردەی کۆمەڵایەتی دەکات.

٥- زۆرجار کردەی کۆمەڵایەتی گریمانەکانی بەگوێرەی ئامانجەکانی دادەنێ.

٦- کردەی کۆمەڵایەتی تەنیا بە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی کاریگەر نابێ، بەڵام مەعریفەتی بکەریش بۆ ئەو هەڵوێستە کاریگەری خۆی هەیە.

٧- هەموو بکەرێکی کۆمەڵایەتی هزری خۆی هەیە کە کار لە ئیدراک و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی دەکات.

٨- هەموو بکەرێکی کۆمەڵایەتی هەستی دیاریکراوی خۆی هەیە، یان سۆزی میزاجیانەی خۆی هەیە کار لە ئیدراکی بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵبژاردنی ئامانجەکانی دەکات.

٩- هەموو بکەرێکی کۆمەڵایەتی پێوەرو بەهای خۆی هەیە کە کار لە هەڵبژردنی ئامانجەکان دەکات.

ئاراستەکردنی ئامانج لای پارسۆنز ئەوەیە کە هەموو کردە مرۆییەکان کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، ئامانجی خۆی هەیە، بەڵام ئایا پیاسەکردنێک یان جگەرە کێشانێک ئامانجی هەیە؟ ئەم جۆرە ئامانجە لای پارسۆنز ئامانجی نادیاریکراوە، بەڵام ئەو ئامانجانەی کە دیارن گفتوگۆی لەسەر نییە.

لەبارەی هەڵبژاردنی ئامرازەکانەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانج، پارسۆنز پێی وایە کردەی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی ئامرازیش دەگرێتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. سەبارەت بە پێوەندی نێوان ئامانجەکانیش بەشێوەیەکی گشتی تاکێک نییە تەنیا یەک ئامانجی هەبێ، هەندێ جاریش کۆمەڵە تاکێک بەدوای هەندێ ئامانجەوەن بەو ئیعتیبارەی ئامانجی لاوەکییە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی گشتی، هەندێ لەو ئامانجە لاوەکییانە وەکو ڕێز لەخود گرتن، بەڵام پارە کۆکردنەوە

گشتییه. زەحمەتە پێگەی تیۆرەکەی پارسۆنز لە جیهانی تیۆرە سۆسیۆلۆژییە هاوچەرخەکان دەستنیشان بکەین، چونکە نەسەر بە ڕێبازی سروشتییەو نە سەر بە ڕەفتارگەریشە، بەڵکو جەخت لەسەر فەرمانگەرایی دەکات بەو مانایەی کە فەرمان بەشداری کردەی کۆمەڵایەتی دەکات. پارسۆنز جەخت لەسەر لایەنی پێوەری ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات وادەڕوانێتە کردەی کۆمەڵایەتی کە ڕەفتارێکە بەندە بە بەهاکانەوە. بەو پێیەش کۆمەڵگە لای ئەو سیستەمێکی ئەخلاقییە لەناوەرۆکدا واتە بەپێوەری ئەخلاقییەوە بەستراوە.


**سەرچاوەکان:**

**١- ايان كريب، النظرية الأجتماعية من بارسونز الى هابرماس، ت. د. محمد حسين غلوم و آخرون، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٩.**

**٢- ارفنج زايلتن، النظرية المعاصرة في علم الأجتماع، ت: د. محمودة عودة، د. ابراهيم عثمان، كويت، ١٩٨٩.**

**٣- جوردن مارشال، موسوعة علم الأجتماع، ت. احمد عبدالله زايد و آخرون، مجلد الأول، الطبعة الأولى، القاهرة، ٢٠٠٠.**

**٤- ث. دينكن ميشيل، معجم علم الأجتماع، ت. د. احسان محمد الحسن.**

**٥- د. معن خليل عمر، انشطار المصطلح الاجتماعي، مطابع التعليم العالي، بغداد، ١٩٩٠.**

**٦- نيقولا تيماشيف، نظرية علم الأجتماع، طبيعتها و تطورها، ت. د. محمد عودة، د. محمد محمود الجوهري و آخرون، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٧٢.**

**٧- د. صلاح مصطفى الفوال، معالم الفكرالسيوسولوجي المعاصر، دار الفكر العربي، القاهرة. ١٩٨٢.**

**٨- د. قباري محمد اسماعيل، قضايا علم الأجتماع المعاصر، مطبعة الكاتب المصري للطباعة و النشر، القاهرة.**

**٩- مەنوچێهر موحسنی، کۆمەڵناسی گشتی، و. موسڵح ئیروانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.**

**١٠- گۆڤاری ڕامان ژ ١٠٣، کانوونی یەکەم ٢٠٠٥، هەولێر.**

# چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە نێوان فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوا و سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخدا

عومەر برنوسی
لە عەرەبییەوە: ڕەشید ئیبراهیم ئاغا

ئەوەی سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بنەڕەتییە تەنیا لایەنە دامەزرێنراوەییەکەی نییە، بەڵکو تایبەتە بە بەها و ڕەوشت و ڕۆشنبیری مەدەنی کە بەشداری لە بڵاوبوونەوەی دەکات لەناو جەستەی کۆمەڵایەتیدا بەجۆرێک کە دەگۆڕێت بۆ پێوەرەکان و ئەو بنەمایانەی حوکمی ڕەفتارییەکان دەکات و ئاراستەیان دەکات.

مێژووی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی، بە تێپەڕبوونی بە هەموو قۆناغ و وێستگە هزرییە بنەڕەتییەکاندا بەشداری لە ڕوونکردنەوە و پێکهێنانی نیشانەکان و سنووره دیاریکراوە سەرەکییەکانیدا کردووە. ئەوە بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان داوای ئەوە ناکات کە ئاگاداری تەواوی بە هەموو پێویستییەکانی مەعریفی و مێژوویی پێوەنددار بەو چەمکەوە هەبێت. ئەوەش مەبەستێکە کە توێژەرەوەیەک، یان گوتارێک بەو قەبارەوە ناتوانێ ئەنجامی بدات، لەبەرئەوە پابەندبوون بە پرۆگرامێکی توندوتیژ و پلانێکی توندوتۆڵ تاکە زامنە بۆ ئێمە بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵە لێکدراوەیەی نیازمان هەیە ئەنجامی بدەین، بەڵام توخمەکانی ئەو پلانە بە کورتی لەخوارەوە باس دەکەین:

١- چەقین لەسەر زەقترین بەڵگە و واتاکان کە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنییان پێ بەکارهاتووە، بێ گوێدانە پرسیارکردن لەبارەیانەوە، یان بەیەکەوە بەستنیان و لێکدانەوەیان بە شێوازە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە.

٢- تەسک کردنەوەی دەرفەتی توێژینەوە لە فەلسەفەی

سیاسی ڕۆژئاوادا کە خۆی دەبینێتەوە لە: یەکەم لە تیۆری گرێبەندا، لەپاشان لە هزری سیاسی هێگڵی و مارکسی و گرامشیدا، لەدواییدا لەگەڵ کرانەوە و وەگەڕخستنی چەمکەکە لەلایەن سۆسیۆلۆژیای سەردەمەوە.

٣- دوورکەوتنەوە لە هەموو هەوڵێک بۆ نزیک کردنەوەی ئەو چەمکە بە دەرچوونی لە سەرچاوەیەکی هزری عەرەبی ئیسلامییەوە، چونکە ئەو هەوڵە ئاڵۆزییەکان و مەسەلەکان دەورووژێنێ، کە پێمان وانییە ئەو گوتارە چوارچێوەیەکی گونجاو بێت بۆ چارەسەرکردنیان. هەروەها ئەو هەوڵە ئاوێتەییانەمان بریتی دەبێ لەکۆی تێکڕای گرنگترین بەڵگەکانی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی. ئاشکرایە لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوە زۆر بڵاوبووەوەکان، جا ئایا لە گۆڤارە زانستییە تایبەتەکاندا بێت، یان لە کارەکانی کۆڕگێڕیدا بێت، لەڕاستیدا هەوڵی داوە بۆ لێک نزیک کردنەوەی چەمکەکە، لە دیدوبۆچوونی مێژووییدا، بەڵام بەڕای ئێمە گرنگترین کەموکوڕیەکانی ئەوانەن:

١- نەبوونی تێڕوانینێکی گشتی و لێکدراوی لای خاوەنەکانی، ئەوان بەزۆری دەچەقنە سەر سەرچاوەیەک بەتەنیا.

٢- کورت کردنەوەی زۆری هەڵوێستەکان و تێزەکان، کە فەیلەسووفەکان و چاوەدێرانی هزری کۆمەڵگای مەدەنی تەعبیریان لێوەکردووە.

٣- چوونە ناو گێروگازی لقوپۆپێکی زۆرەوە، ئەو لێکۆڵینەوانە لە کۆتاییدا لەسەر ڕێک کردنی داوای ڕێکخەر توانایان نامێنێ کە حوکمی دروست بوون و بەرەوپێش چوونی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات لە ڕێڕەوی گشتیدا.

ئەو گوتارە ئەنجامی خۆی پێکاوە ئەگەر توانیبیەتی ئەو کەموکوڕیانەی بڕیبێ ئەگەر بەشێکی کەمیش بێت، بەتایبەت ئەو چەمکەی ئێمە مێژووی بۆ دەنووسینەوە لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگاکانماندا، ڕووبەڕووی بەگژداچوونەوە و گرەوەی زۆر، بەڵکو دژیش دەبێتەوە، هەندێکیان مەعریفی و هزری و هەندێکی دیکەیان سیاسی و مێژوویین.

## چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی
## لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا

هاوڕایی لەنێوان توێژەرەوە جیاجیاکاندا لە بواری هزری سیاسیدا هەیە، بەگوێرەی ئەو ئەزموونە مێژووییەی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا پێیدا تێپەڕیون لە دوو سەدەی ١٧، ١٨دا، بەتایبەت لە فەڕەنسا و ئینگلتەرە، هەروەها ئاسۆی ڕۆشنبیری و هزری تازە ئەوەی کە فەیلەسووفەکانی سەدەی ڕۆشنگەری لە وێنەکێشانی سیما بنچینەییەکانیدا بەشداریان کردووە، وەک چوارچێوەیەکی گشتی کە دەرکەوتنی گریمانەی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ یەکەم جار گرتۆتە باوەش، بەشێوازێکی ڕوون و دیار و ئاشکرایە گرنگترین ئەنجام کە ئەو ئەزموونە مێژووییەی لەسەر ئاستی هزری، لەسەر ئاستی فەلسەفەکانی حوکمی سیاسی لێ کەوتۆتەوە، ئەوەیە کە بە پەیمانی گرێبەست دەناسرێ، ئەوەش تیۆرێکە کە بیرمەندانی گەورە بۆی دانیشتوون، سەرەتاکانی یەکەمیان بۆ داناوە، لەوانە گرنگترینیان تۆماس هۆبز و جۆن لۆک لە ئینگلتەرە، جان جاک ڕۆسۆ لە فەرەنسا. گرنگترین شت کە ئەو تیۆرە هەوڵیداوە ئەنجامی بدا، ڕەخنە گرتن و ڕەتکردنی مافی خوایی بووە بۆ پادشایەکان کە ئەو مافە شەرعییەتی لە بەشی پیرۆز وەرگرتووە واتە (ئایینی مەسیحی و دامەزرێنراوە کەنیسەییەکان). ئەو تیۆرە تاکو دەرکەوتنی فەلسەفەی سەدەی ڕووناکی بنچینەی حوکم بووە لە دەوڵەتانی ئەورووپیدا، بەڵام تێزی بنەڕەتی کە تیۆری گرێبەند داکۆکی لەسەر دەکات، گواستنەوەی کۆمەڵگا شارستانییەکانە لە (حاڵەتی سروشتییەوە) و هەر چۆنێک ئەو گریمانە فەلسەفییانە وەسفیان کردبن، بۆ حاڵەتی کۆمەڵگا یان «کولتووری» یان «دەوڵەت» لەپاشان ئەوە بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی ئازاد و ویستی خەڵکی و لە گرنگترین ئەنجامەکانی وەستانی کارکردنە بە یاسای «مافی سروشتی» کە لەسەر بنەمای هێز و ئارەزوو بینا دەکرێت. چونکە هیچ شتێک لەسەر ئەو کەسە قەدەغە ناکات جگە لەو شتانەی کەخۆی ئارەزووی لێ نییە، یان لە توانایدا نییە بیکات، ئارەزووی ڕق لێ بوونەوە و تووڕەیی، فێڵ و دوو ڕوویی، هێز و زۆرداری کاری پاساو دراون بەگوێرەی ئەو یاسایانەی کە سروشتی هەموو تاکێکی تێدا ڕێک دەخرێت، بەڵکو یاسای سروشت بۆخۆی و بانگهێشت بۆ

مومارەسەکردنی حوکم لەسەر بنچینەی ویستی گشتی، یان ویستی هەمووان کە دەکرێ لەشێوەی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا بەرجەستە بکرێت، بەتایبەت لەو ڕوانگەوە کە جۆن لۆک بەرگری لێ کردووە. ئەوە بۆچوونی یەکەمی تیۆری گرێبەندە، نکۆڵی لەبوونی هەندێک جیاوازی لەنێوان سێ تیۆریستەکان ناکرێ، مەبەستی بنەڕەتی تۆماس هۆبز پەلەکردن بوو بۆ تێپەڕاندنی حاڵەتی سروشت بەهەر نرخێک بێت، بەتایبەتی ئەو شەڕانەی لە حاڵەتی سروشت دەکەونەوە، هەڕەشە لە ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی دەکەن، کە هەردووکیان پێکەوە پێویستن، بۆ هەموو چالاکییەکی ئابووری و ئاوەدانی مرۆڤی زیاتر لە گرنگیدانی تۆماس هۆبز بەمەسەلەی نموونەی ئەو گرێبەندەی پێویستە تاکەکان هەوڵی بۆ بدەن، لەبەر ئەوە وازهێنان لە ویستە تایبەتەکان و فرەییە لەمافی سروشتی خۆیان بۆ لایەنی سێیەم کە کەسێک، یان کۆمەڵێک نوێنەرایەتی دەکات، دەسەڵاتێکی ڕەهای تەواوی لێ دەکەوێتەوە کە بەهیچ جۆرێک لە جۆرەکان ناکرێ و نابێ ڕەخنەی لێ بگیرێت. ئەو جارێک ئەو دەسەڵاتە بە ئەژدەها دەچوێنێ، ئەو گیانلەبەرە ئەفسوونییە گەورەیە، جارێکی دیکە بە کاتژمێرێکی گەورە کە هەوڵ دەدات هەڵسوکەوتی تاکەکان کۆنترۆڵ و ڕێکوپێک بکات... تا دوایی. ئەوانە هەمووی خواستن کە مەبەست لێیان چەسپاندنی وێنەی تازەیە بۆ چەمکی دەوڵەت ئەوە لەکاتێکدا هەریەکە لە جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ بەتایبەت هەوڵیان داوە بچەقنە سەر مەبەست و ئامانجە دوورەکانی فەلسەفەی گرێبەند، ئەوەش ئاگاداری کردن و پاراستن و بەرگری کردنە لەمافە بنەڕەتییەکانی تاکی هاووڵاتی، بەتایبەت مافی ژیان و مافی ئازادی و مافی موڵکیەتی تاک، لەبەر ئەوە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتان و حکومەتەکان کە بەیاسای تیۆری گرێبەند پێک هاتوون، دەسەڵاتی ڕەها نین بە بۆچوونی دوو فەیلەسووفەکە، بەڵکو بەکەڵکن بەمەرجێکی بنەڕەتی ئەویش بەکارهێنانیانە لە پێناوی خێر و ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگای تازە، ئەو کۆمەڵگایەی کە تاکەکانی قایل نابن واز لە دەسەڵاتی سروشتی خۆیان بێنن، بۆ لایەنی سێیەمی بێلایەن. کەواتە لەو کەشە هزرییە گشتییەدا، لەناو ئەو لێک پرسینە فەلسەفییەی نموونەکان و ئەزموونە مێژووییەکان لە حوکمڕانیدا چەمکی کۆمەڵگی مەدەنی دەرکەوت، بەکارهێنانی بڵاوبۆوە تاکو بوو بە شتێکی بێگومان لە بێگومانییەکانی فەرهەنگی سیاسی، جۆن لۆک بەلایەنی کەمەوە لەو دوو بابەتەی خوارەوەدا بەکاری هێناوە لە کتێبەکەیدا بەناوی نامەیەک لە حوکمی مەدەنی: «کە چەند کەسێک کۆمەڵێک پێک دێنن، هەریەکە لەوان دەستبەرداری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی یاسای سروشت دەبێت کە پێوەندی پێوە هەیە، کۆمەڵگا وازی لێ دێنێ، تەنیا ئەو کات کۆمەڵگایەکی سیاسی یان مەدەنیمان لا دروست دەبێت. ئەوانەی یەک جەستە پێک دێنن، یاسایەکی گشتییان هەیە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆلای ئەو دادوەرانەی خاوەنی دەسەڵاتە پێویستەکانن بۆ لابردنی زۆرداری و سزادانی تاوانباران، ئەوانە کۆمەڵگای مەدەنی پێک دێنن.» جان جاک ڕۆسۆش لە کتێبەکەیدا بەکاری هێناوە کە بە ناوی گرێبەندی کۆمەڵایەتی بە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ چەمکی موڵکیەتی تاک کاتێک کە لەو گریمانە دەدوێت کە دێت: «لەو ڕۆژەدا مرۆڤێک بەخەیاڵیدا هاتووە زەویەک شوورە بکات و بڵێ ئەوە هی منە لەپاشان خەڵکێکی ئەوەندە نەزان و سادەی دەستکەوتووە کە باوەڕیان پێ کردووە، لەو ڕۆژەدا ئەو مرۆڤە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگای مەدەنی بووە.». بەڵام لەلایەنی هۆبزەوە ئەو ئاماژە دەبینین کە دێت دەشێ جەخت لە پێوەندی چەمکەکە و تێهەڵکێش بوونی لەگەڵ خودی تیۆری گرێبەند بکاتەوە. ئەو وای دادەنێ کە بنچینەی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بە دەرچوونە لەو ململانە بێ کۆتاییەی کە لەیاسای «حاڵەتی سروشت»دا دروست دەبێت یان مافی هەموو کەسێکە هەر شتێک کە بۆی دەردەکەوێ گونجاوە بۆ پاراستنی خۆی بیکات. بەو جۆرە دەردەکەوێ کە چوونی تاکەکان بۆ ناو ئەزموونی کۆمەڵگای مەدەنی، چوونە ناوێکی ئارەزوومەندانەیە ئامانجی بنچینەییشی پاراستنی مافە یەکسانەکانیانە کە لەژێر سایەی یاسای سروشتی هەیانبووە. بە مەرجێک دەسەڵاتێکی بەهێز ڕاسپێردرێ بە پاراستنی ئەو مافانە و مومارەسەکردنیان بەئاسانی و ئەو دەسەڵاتەش لەسەرووی هەموانەوە بێت. بەوەیان پابەندی تاکەکان بەگوێڕایەڵی بۆ ئەو دەسەڵاتە و ملکەچی بۆی دروست دەبێت لەجیێی بەرامبەرێکی

پێویست بۆ سەرکەوتنی دەسەڵات (دەوڵەت) و هەستانی بە فەرمانەکانی. ئەو وانە و پوختە بنەڕەتیانە کە لە بۆچوونی گرێبەندی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی ئامانجیان گرتووە چین، جا ئایا لەسەر ئاستی هزری بێت، یان سیاسی؟ یەکەمینی ئەو وانانە، پەلەکردنی زۆربەی فەیلەسووفەکانی سەدەی رۆشنگەری بۆ لەسەر بەیەکەوە بەستنی دیاردەی مەدەنییە بنەمای موڵکیەتی تاکە کەسی، کە نزیکەی هەمان ماوە مشتومڕکارانی ئابووری لیبرالی، بۆرژوازیەتی بەرزبووەوە، بەتایبەت ئادەم سمیث لە کتێبەکەیدا بەناوی هۆیەکانی سامانی نەتەوەکان بەرگریان لێ کردووە. ئەوەش واتای ئەوەیە کۆمەڵگای مەدەنی، وەکو مومارەسەکردنی رۆژانە، وەک هەڵبژاردنێکی کۆمەڵایەتی و گرەوی سیاسی، دژ بەدەوڵەتی گشتییە، دەوڵەتی سەرپەرشتیار و ئاراستەکەری چالاکییەکانی مرۆڤ. هەروەها ئەوە دەگەیەنێ رۆڵی کەرتی تایبەت رێکخەر و بەهێز، وەک پارێزەرێکی کردارییانە بۆ ئەو کۆمەڵگایە، رۆڵێکی یەکلاکەرەوە و بنەڕەتییە، دووەمینی ئەو دەرسانە، بینراوی نائاساییە ئەوەی کە هۆبز دەری بڕیوە بەشێوەیەک کە لە فەیلەسووفەکانی سەردەمی رۆشنگەری جیای کردۆتەوە لە دوایین شیکردنەوەی کە دایناوە، دەتوانین بڵێین لەکۆتاییدا نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی جووت کرد، بەجۆرێک کە هەرگیز نەدەکرا لێک جیابکرێتەوە ئەوە لە بەشداری کردنی کەم کردەوە لە روونکردنەوەی بەشی تایبەت بەو چەمکە، بەڵام وانەی سێیەم دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی سیاسییە، بە چەمکی تازەوە، کە تائێستا لە بەکارهێنانیدا گۆڕانێکی جەوهەری بەسەردا نەهاتووە، وەک چەمکی هاووڵاتی لە دارشتنی ئەسپینۆزیەت، چەمکی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و زاڵی و ویستی گشتی و مافی مەدەنی و کۆبوونەوەی مەدەنی.... تا دوایی. کەواتە دەکرێ بەشداری لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە دامەزراندنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی کورت بکەینەوە، لەوەیاندا چەقین لەسەر سێ سنوور، یان بەهای گەورە، لە رەگەوە ئاسۆیی بیرکردنەوەی لەمەسەلەی دەسەڵات و سیاسەت گۆڕیوە و لە رژێمەکانی حوکم کە دەوڵەتانی ئەوروپی دروستیان کردووە، ئەو بەهایانەش ئەوانەن:

- بەهای تاکی هاووڵاتی: ئەوەش بەهایەکی بەرزی رەهایە، لەبەر ئەوەی مافی تاکە کەس لەفەلسەفە و تێڕوانینی گرێبەست، مافێکی پیرۆزە بەتایبەتی مافی ژیان و رێزگرتنی جەستە و موڵکایەتی و ئازادی بیرکردنەوە.

- بەهای کۆمەڵگای دەستەبەرکراو: کە بە توانای تاکەکانی لەسەر پابەندبوون بە پێویستییەکانی رەوشتی و یاسایی پێویست بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی جیادەکرێتەوە.

- بەهای دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات: ئەوەش دەسەڵاتێکە نایگەینێ، بەدان پێدانانی کۆمەڵگا نەبێت و ئەو دەسەڵات و مافانە کە لەوەوە ئەنجام دەگرێ، بە مافی شەرعی و پەسەندکراوە دادەنرێ. سەرکەوتنی تیۆری گرێبەست لەگەڵ سێ فەیلەسووفە گەورەکە لە وێنە کێشانی سیما بنەڕەتییەکانی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیدا، لەدواییدا شوێنەوارێکی قووڵی هەبوو لەسەر گۆڕینی هەندێک لە بیرمەندەکان بۆ سەرقاڵ بوون بەتەواوی مەسەلەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ، چونکە لە ئەسکوتلەندە بۆ نموونە، ساڵی ١٧٦٧ نووسینی گوتارێک لە مێژووی کۆمەڵگای مەدەنی دەردەکەوێت هی ئادەم فریجسۆن تێرمی سەرەکی کورت دەکرێتەوە لە باوەڕی خاوەنەکەی کە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان بە رێڕەوێکی شارستانی سروشتیدا تێپەڕبوون، لەوەیاندا گواستنەوەی شێنەیی لە شێوەکانی رەق و توندی ژیانی درندەیی و بەربەری بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی مەدەنی. سیماکانی شارستانیەتی، بڵاو بوونەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، جێ بەجێ کردنی بنەمای دابەش کردنی کار، دەرکەوتنی کۆمەڵانی پیشەسازی و پیشەیی و دەستی... هەر وەکو لەهەمان شوێندا دەردەکەوێ، کتێبی تۆماس لەنێوان مافەکانی مرۆڤدا ساڵی ١٧٩١، هەڵگری بانگەشەی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەکرد بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگای مەدەنی، کە پێویستە بۆخۆی کارەکانی بەڕێوەبەرێت، لەهەمان کاتدا بەرگری لە بنەمای حکومەتێکی سادەی بێ بەرپرس بکات، باجی زۆر دانەنێی بەهۆی تەقینەوەی شۆڕش و جەنگی بێ کەڵک، بەڵام ئەوەی لە راستیدا هەست دەجووڵێنێ لەوبارەیەوە، ئەوەیە کە ئەو هەموو تێڕوانین و سەرنجدانە گەورەی کە فەیلەسووفەکانی

سەردەمی ڕۆشنگەری کردیان، دەنگدانەوەیەکی لە بیرکردنەوەی سیاسی هیگڵی و مارکسیدا نەدی بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەیە. لەکتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەی هەق، هیگڵ وای دادەنێ کە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە دارشتنی گرێبەندیدا لەسەر بەدەست هێنانی ئاسایشی تاکەکان و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەت بەندە، سەرەڕای بەرژەوەندی گشتی دەوڵەت، دەشێ هۆی ئەوەش بەپێی بۆچوونی هیگڵ بۆ ئەوەی کە پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایە جیا دەکاتەوە لە لێک پچڕانێکی زۆر توند جیاوازی لە بەرژەوەندییەکانی مادی و چینایەتیدا، ململانێ لە تێڕوانین و مەبەستەکاندا، چونکە گەیشتن بە سەقامگیری سیاسی پێویست بۆ هێنانە دی پێشکەوتن و گەشەکردنی شارستانی بە پشت بەستن بەو کۆمەڵگایە هەرگیز نابێت. لەبەرئەوە هیگڵ ئارەزوو دەکات لەوەی کە دەوڵەتی پێ چاکتر بێت لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵکو بۆ ئەوە دەچێت کە چەمکێکی تایبەتی بۆ بنیات بنرێ، بە گوێرەی ئەوە نوێنەرایەتی ئەو جەوهەر و ڕەسەنە، ئەو سەرچەشمە و سەرچاوە دەکات کە نزیکە لەوەی حوکم بکات، حوکمێکی گشتگیری لەسەر هەموو چالاکییەکانی مرۆڤایەتی، جا ئابووری بێت، یان کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، بەڵکو تەنانەت ڕۆشنبیریش بێت. هەندێک ئەو ئارەزووی هیگڵە بەبۆچوونی تایبەت بەو فەیلەسووفە لێک دەدەنەوە کە سەرقاڵ بوو بە لێکۆڵینەوە لەبارەی دەوڵەتێکی بەهێز کە توانای هەبێت ئەو دواکەوتنە مێژووییە ببڕێ و ئەو بۆشاییە نێوبڕە لەنێوان دەوڵەتی ئەڵمانی و هاوشێوەکانی لە دەوڵەتانی ئەورووپایی، کە شۆڕشەکانی یەکەم ئەو کردوویەتی، بەتایبەت لە فەڕەنسا و ئینگلتەرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕەخنە ڕێگر نییە لە تێبینی و تۆمارکردنی بۆچوونی نێگەتیڤی و تێڕوانینێکی لووتبەرزانە کە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەرەو پیری چووە لە فەلسەفەی سیاسی هیگڵدا. بەڵام ئەو تێڕوانینە واتای پەراوێزکردنی تەواو ڕەتکردنەوەی ڕەهانییە بۆ چەمکەکە . ئاشکرایە هیگڵ دامەزرێنراوە مەدەنییەکانی وا لێکردووە شوێنی ناوەند بگرن لە نێوان دامەزرێنراوی خێزانی لەلای یەکەمەوە، دامەزرێنراوی دەوڵەت لەلای دووەم فەرمانی سەرەکی دەچەقێتە بەرهەم هێنانی ئابووری و تێرکردنی پێویستییە مادییەکان و ئاڵوگۆڕی خێرو بێرو کەڵکەکان، بەمەرجێک ئەوە چینی بۆرژوازی باڵا چوو ئەو بارە بخاتە سەر شانی خۆی، پێویستە هان بدرێت بەردەوام هیگڵ تێبینی ئەو شوێنە نەرێییەی کردووە کە لەو ئاراستە لیبرالیە ئەنجام دەگرێ، وەک بەرهەم هێنانی ڕێکخستنەکانی چینایەتی، پەراوێزکردنی کۆمەڵایەتی و هەژاری. لەبەر ئەوە پێ دادەگرێ لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لە چاودێری کردن و ڕێککردنی سەرکێشی کۆمەڵگای مەدەنی، لەهەمان کاتدا پێویستە لەسەری یارمەتی دروست بوونی کۆمەڵان و یەکیەتییەکان و تایفەکان بدات و هەمیشە کار بکات لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئەنجامە نەرێیانە، ئەوەش بە پێشکەش کردنی ڕاژەکانی کۆمەڵایەتی لەبواری فێرکردن و تەندروستی و کار. چونکە بەو جۆرە دەگەڕێینەوە بۆ تێزی دەوڵەتی ڕەها، دەوڵەتی نموونەی بەرز، ئەو چەسپاوە گیانی و ژیرییە، پارێزەری یاسا و گونجان و ئاگاداری کردنی. بەڵام سەبارەت بە مارکس، ئەو چەمکەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٤٣ لە دانانی کتێبەکانی گەنجاندا بەکارهێناوە، ئەوەش بەواتایەکی نزیک لەو واتایەی هیگڵ بەکاری هێناوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا ئەو فەیلەسووفە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر مارکس هەبووە و دوامین شوێنی ئەو چەمکە لەڕوانگەی مارکس پێگەیشت و دیاری نەکرا تا دوای ئەوەی کە مارکس توانی تیۆرەکەی بە شێوەیەکی تەواو ڕێکوپێک بینا بکات لەگەڵ کتێبی سەرمایە. لەو کتێبەدا، لەو جیاکردنەوە کلاسیکییەدا لەنێوان بینای ژێرخان و بینای سەرخاندا، کۆمەڵگای مەدەنی بە پێکهاتەیەکی بنەڕەتی دادەنرێ لە پێکهاتەکانی بینای یەکەم، لەبەر ئەوەی بنکەی مادییە بۆ دەوڵەت، بە تایبەت لەسەر ئاستی ئابووری و بەرهەم هێنان. لە پاشان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لەدیاری کردنی سروشتی بینای دووەمدا لەوەی کە تێیدایە لە یاساکان و شارستانی و بیر و باوەڕەکان و ڕژێمەکانی حوکم، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە نوێنەرایەتی یەکێک لە گرنگترین ئاستەکان و دیاردەکانی ململانێی چینایەتی کە مارکس بە دوور و درێژی لەسەری دواوە، ئەوەش بەهۆی ئەو جیاوازیانەی بەرژەوەندی مادی پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی ئاسایی لێک جیا دەکاتەوە.

ئەوەی بەربلاوە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکان و توێژینەوەکانی هەوڵیان داوە بەشداری مارکس بنرخێنن لەبارەی گرنگیی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، چەقینە لەسەر لاوازی و کەموکوڕی ئەو بەشدارییە و خوازیاری ئەوەین تا ئەندازەیەک ئەو حوکمە ڕاست بێت، ئەگەر ئاسۆکانی هزری ئالۆزییەکانی فەلسەفی و سیاسیمان ئامادەکردبایە کە ئاراستەی بیرکردنەوەی مارکس دەکرێت. هزری کۆمەڵگای مەدەنی، لەکۆتاییدا، هزرێکە کە لە باوەشی فەلسەفەی لیبرالدا بەرەو پێش چووە. مارکس بۆخۆی بەکارهێنانی چەمکەکانی دیکەی لێک جیا کردۆتەوە، ڕای وابوو کە ئەوە بەتواناترە لە شی کردنەوەی کۆمەڵگا و تێگەیشتنی میکانیزم و ژێری کارپێکردنیان، بەڵام ئەو ئاراستەیە ڕێگر نەبوو بۆ ئەوەی بیرمەندانی دیکەش بینای شیکردنەوەی مارکس بکەن بەدوور و درێژی بۆ گێڕانەوەی ڕێز بۆ ئەو چەمکە، بەڵکو لە پێدانی ڕەهەندە تازەکان و نیشانە جیاکان. ئەوە بێ کەم و زیاد ئەوەیە کە فەیلەسووف و بیرمەندی ئیتالی ئەنتۆنیۆ گرامشی ئەنجامی دەدات لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٠)دا.

## چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لەبیری سیاسی گرامشیدا

گرنگیدانی ئەنتۆنیۆگرامشی بە چەمکی مەدەنی لە خۆیدا ئامانج نەبووە، بەڵکو لەناو چوارچێوەی ئالۆزییە بەر بلاوە گشتییەکاندا تێهەڵکێش دەبێت، پێوەندی هەیە بە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی هێنانەدی شۆڕشێکی سۆشیالیستی لەناو دەوڵەتێکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری ئەویش ئیتالیایە لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٢٠) دا. لەبەر ئەوە ئەو مارکسییە نوێخوازە لەسەر هێنانە قسەی ئەزموونی ڕووسی کاردەکات. لەلایەنی مێژوییەوە نزیک لەو، ئەوەش بەخستنەرووی ئەو پرسیارە سەرەکییەی دێت: ئەو مەرج و نیشانە و هۆیانە چین کەیارمەتی چینی کرێکاریان داوە لەو وڵاتە لەسەر دەستبەسەر داگرتنی دەسەڵات؟ ئایا جیاوازی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەروەها ڕێکخراوەی بەهای ڕۆشنبیری لە هاوشێوەکانی لە ئیتالیادا، بە مسۆگەری دەبێتە هۆی گۆڕان و ڕێکبوونی ستراتیژیەتی گشتی شۆڕش؟

لەمیانەی بیرکردنەوەی گرامشیدا لەو پرسیارانە و بێجگە لەوانەش، بۆیەکەم جار تەعبیری کۆمەڵگای مەدەنی دێت. گرامشی دەڵێ: هۆی سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕووسیا ساڵی ١٩١٧ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەت نوێنەرایەتی هەموو شتێکی دەکرد لەوێ. بەرامبەر بە لاوازی و فشۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی. لەپاشان زاڵبوون بەسەر دەوڵەتدا، پێویستی بەزاڵبوونە لەسەر کۆمەڵگای سیاسی و بەس (ئەوەی کە گرامشی پێی دەڵێ جەنگی جووڵانەوە Guerre de move-ment). لەکاتێکدایە دەبینین دەوڵەتی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا یەکیان گرتووە، کە کۆمەڵگای مەدەنی بە چاوەدێرکردنی و پاراستنی لەهەمان کاتدا. ئەوەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کە ستراتیژیەتی هێنانەدی شۆڕش و گەیشتن بە دەسەڵات، پێویستە پێش بخرێت و گۆڕانی بەشێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی تازەی دەوڵەتی ئەورووپی سەرمایەداریدا بگونجێ. چونکە ئەو ستراتیژیە دەبێ بەبنەمایەک لەسەر هەژموونی ئایدۆلۆژی بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگای مەدەنی بەهۆی بەکارهێنانی ڕۆشنبیری ئۆرگانی، یان کۆمەڵی بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەکی ڕەمزی دژ. لەوەیاندا پشت بەستوو بە دامەزرێنراوی سەندیکا و حیزب و قوتابخانە و کەنیسە ڕاگەیاندن.. (ئەوەی کە گرامشی پێی دەڵێ جەنگی شوێنەکان Guerre de position) ئەو هەژموونە، ئەگەر سەرکەوتنی بۆ نووسرابێ، زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگای سیاسی و دەوڵەتیشدا ئاسان دەکات. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لەو وەڵامەی گرامشیدا دەرچوونیەتی لە بیرمەندێکی مارکسی و دامەزرێنەری حزبێکی شیوعی. هەموو کەس لە ئێمە ئەو ڕۆڵە پەراوێز کراوە دەزانێ کە مارکس چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی پێ تایبەت کردبوو، بەڵام توانای هەڵسوکەوت کردنی گرامشی لەگەڵ ڕووداوە خۆجێیەکان و تایبەتمەندییە نیشتمانییەکانی کۆمەڵگای ئیتالی بە توانای کردووە بۆ پێش خستنی نموونەی تیۆری مارکس لە داڕشتنە کلاسیکیەکەی ئێستایدا. بەشێوەیەک کە زەقترین سیماکانی ئەو تازەبوونەوە ئەو فەرهەنگە سیاسیەیە کە گرامشی بەکاری هێناوە بۆ یەکەم جار، هەروەها تیۆرە گشتییەکەی لەبارەی دەسەڵات و دەوڵەت. سەبارەت بە فەرهەنگی سیاسی، بە باسکردنی ئەو چەمکانەدێت وازی لێ دێنین بۆ نموونە هێنانەوە نەک دیاری کردن: هەژموونی بەرامبەر کۆنترۆڵ، جەنگی جووڵانەوە بەرامبەر جەنگی شوێنەکان، ڕۆشنبیری ئەندامی بەرامبەر بە ڕۆشنبیری کلاسیکی. سەبارەت بە

تیۆرە گشتییەکەی گرامشی لەبارەی دەسەلات دەبینین گرامشی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئاماژەی بە دووفاقی ڕەفتاری دەوڵەت بەرامبەر کۆمەڵگا کردووە. ئەو دووفاقیەش بووە بە شتێکی کلاسیکیەت لە سەردەمی لێکۆڵینەوە گرنگەکانی لوی ئەلتوسیرەوە لە کتێبەکەیدا هەڵوێستەکان بە ناونیشانی (ئایدیۆلۆژیا و دەزگاکانی ئایدۆلۆژی دەوڵەت). لەو کتێبەدا ئەلتوسیر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەوڵەتان لەناو کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بە پشتبەستن بە توندوتیژی ماددی لەلایەک و توندوتیژی ڕەمزی لە لای دووەمەوە شەرعیەتی خۆی دەچەسپێنێ، لەئاستی دووەمدا ئایدۆلۆژیا بەهایەکی گەورەی دەبێت و ڕۆڵێکی هاندەر و پاڵنەری دەبێت سەبارەت بە هەموو گۆڕانکارییەکی سیاسی. لەبەرئەوە چەمکی ئایدۆلۆژیا بەلای گرامشیەوە واتایەکی ئەرێیی وەردەگرێ وەک لای مارکس نەرێیی نییە. ئەو «چەمکی بوونەوەرە، لەمیانەی هونەر و یاسا و چالاکی ئابووری و هەموو دیاردەکانی ژیانی تاک و کۆدا ڕوون دەبێتەوە» بەڵکو زیاد لەوەش، گرنگیدانی گرامشی پێک دێنێ بەمەسەلەی ئایدیۆلۆژیا، بەتایبەت دژ ئایدیۆلۆژیا (شۆڕشگێڕی) کە ڕۆشنبیری ئۆرگانی و کۆیی بە بەرهەمهێنانی هەڵدەستێ. هۆیەکە لە گرنگیدانی بەمەسەلەی هەژموونگەری وەک ستراتیژییەک کە دەبێ هەر ببێ بۆ هەموو پرۆژەیەک کە ئامانجی گۆڕینی سروشتی دەوڵەت و سروشتی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ئابووریە ئەو پێناسەی سەروەری دەکات کە شوێنی ململانێی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوەی لەناو نزیکەی هەموو کۆمەڵگاکان چینێک هەیە مومارەسەی دەسەلات دەکات لە ڕێگای کۆمەڵگای مەدەنییەوە، کۆنترۆڵیش لە ڕێگای کۆمەڵگا سیاسییەوە. هەروەها چینەکانی ژێر دەستەش پێشەنگە شۆڕشگێڕییەکەی هەوڵ دەدات دەسەلاتێکی تازەی دژ پێک بێنێ (contre- Hegemonie) بیری خۆی و ڕەوشتەکانی و کاری تازەی خۆی هەبوو، جا لەسەر ئاستی سیاسی لەبواری پەرلەمانی و حیزبیدا، یان لەسەر ئاستی ئابووری لەبواری سەندیکاو کارگە پیشەسازیەکاندا، یان لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی (بانگەوازی گرامشی بۆ هەڵسوکەوتێکی دروستکەرانە و ئەرێیی لەگەڵ ڕۆشنبیری میللی و فۆلکلۆر). پوختەی بنەڕەتی ئەو بۆچوونەی گرامشی بۆ چەمکی کۆمەڵگا مەدەنی پێوەندیەتی بە تێکرای ڕێکخراوە تایبەتییەکان بە فەرمانی دەسەلات و سەربەو بوونی یان بە لایەنی کەمەوە تێکهەڵکێش بوونی لەگەڵ بینای سەرخان، بەڕەچاوکردنی ئەوەی بوارێکی پێشبڕکێ و ململانێی ئایدیۆلۆژییە، نەک پێشبڕکێی ئابووری، هەروەکو لەو نموونە شیکراوەبیانەی کە هەریەک لە هیگڵ و مارکس بینایان کردووە هاتووە.

## چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لە سۆسیۆلۆژیای سەردەمدا

سۆسیۆلۆژیا بەشێوەیەکی ڕوون چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی نەخستە بەردەست لەو سێ سەدانەی دواییدا نەبێت، بەتایبەت لەگەڵ گرنگی پێدانی زیاتر لەلایەن زانایانی کۆمەڵناسی بەمەسەلەکانی دەسەلات و حیزبەکان و بژاردەی سیاسی... چونکە ئەو چەمکە توخمێکی بنەڕەتی پێک دێنێ لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی هەوڵیانداوە لۆژیک و میکانیزمی کار پێکردنی مەیدانی سیاسی بدۆزنەوە، لەدوای ئەوەش بیناکردنی تیۆرێکی گشتی دەسەلات گونجاو پابەند بە بارودۆخ و ئەزموونەکانی دیاریکراوی کۆمەلایەتی. ئەو گرنگی پێدانە زۆرە بە کۆمەڵگای مەدەنی لێکۆڵینەوە زۆرەکانی لەو بوارەدا بەکارهاتوون بەرجەستەی دەکەن. لەبەر ئەوە ئەگەر تەنانەت یەک کتێب نەبینین لەبارەی سۆسیۆلۆژیای سیاسییەوە ئاماژەی پێ نەکردبێ بەسەیری نازانین جا لەبەر ئەوە بێ کە چەمکی لێکدانەوەیە، یان خراوەتە سەر بواری چالاکی مرۆیی. بەڵام تێبینی بنەڕەتی لەسەر دەستاودەست کردنی ئەو چەمکە لەلایەن سۆسیۆلۆژیاوە زاڵبوونی داڕشتنی جێبەجێ کردنیەتی لەسەری. ئەوەش داڕشتنێکە ئامانجی تەسک کردنەوەی توندوتیژی بەربەرەکانێ و جیاوازییەکانە لەمەیدانی بەڵگەداری بۆ چەمکەکە. ئەوەش بە چەقین لەسەر بەشکەری. ناوکۆیی و ڕەگەزە چەسپاوەکان دەبێت، کە زۆربەی ئەوانەی بەشداریان لە دامەزراندن و ڕوون کردنەوەی ئەو چەمکە دا کردووە سووربوون لەسەری. بەتایبەت لە ڕەسەنایەتی دووری فەلسەفیدا بەمەرجێک پێوەندی داڕشتنی بەجێ هێنان بۆ چەمکەکانی سۆسیۆلۆژیا کارێکی زانراوە و بەردەستە لەو زانستەدا ئەوەش چند هۆیەکی هەیە لەوانە

هەندێکیان باس دەکەین:
– ئەو کەڵکە پرۆگرامیە گەورەی ئەو دارشتنە بۆ ئەو توێژەرەوانەی شیکردنەوەکانی کەرتی تایبەت بە بوارەکانی کۆمەڵایەتی سنووردا جێبەجێ دەکەن. لەبەر ئەوە هەر وەکو چەمکەکان لەناو تیۆرە گەورەکاندا دەژین بەزۆری پەرچ دروست دەکەن لە بەردەم نزیک بوونەوەی مەیدانی جێبەجێ کردندا کە مەرجی تایبەت بەسەر توێژەرەوەدا دەسەپێنێ لەگەڵ ئەو تفاقە بەرنامەییەی لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێ.
– کاریگەری تیۆری فەرمانی ئەمەریکی کە کردوویە سەر سۆسیۆلۆژیا، بەتایبەت ئێمە دەزانین بەجێهێنانی بەردەستی چەمکەکان بەزۆری داوای ئامادەبوونی ئەو فەرمانە دەکەن کە چەمکەکە یاری پێدەکات سەبارەت بەرێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی.
ئەو گرنگیەی کۆمەڵناسی بەمەسەلەی رێک کردنی چەمکەکانی دەدات زیاد لە توانا لە وردی و رۆشنی. شەرعیەتی زانستی گەورەترین گرەو بەرەنگار بوونەوەیە کە کۆمەڵناسی ئەمرۆ بەزۆری رووبەرووی دەبێتەوە.بەهەر حاڵ مەبەست لە ئاماژەکردن بۆ ئەو هۆیانە دەرخستنی لاوازی رەسەنایەتی تیۆری نییە بۆ چەمکەکانی سۆسیۆلۆژی، لەکاتێکدا بینای دارشتنی بەجێ هێنان دەکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەلماندنی چۆنیەتی دارشتنەکە دوو مەبەستی گرنگ دێنێتە دی یەکەمیان داواکردنی سرووش و وەبەرهەمهێنانی مێژووی دوور و درێژی چەمکەکە، بەتایبەت ئەگەر مێژوویەکی دەوڵەمەند بێت لە رووی بەڵگەدارییەوە، دووەمیان پەیداکردنی دەزگایەکی چەمکی بە گوێرەی بەرنامە بەکارهێنانی ئاسان بێت و قابیلی جێبەجێ کردن بێت بە شێوەیەکی کردەیی، بە جۆرێک کە لە کۆتاییدا بتوانین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تێ بگەین بە رۆشنی و قوڵییەکی زیاد لە توانا و چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی هەروەک سۆسیۆلۆژیای سەردەم خستوویەتە بەر دەست، بەتەواوی مەبەستی وەسفە نموونەییەکان قبووڵ دەکات هەروەک لێرە بەدواوە دەبینین.
لە کتێبی سۆسیۆلۆژیای سیاسیدا هاتووە کە کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لە تێکڕای ئەو دامەزرێنراوانەی رێگا بە تاکەکان دەدەن لە خێر و کەڵکە گشتییەکاندا بەشداربن بەبێ خۆتێهەڵقورتاندنی دەوڵەت. بەوەیان فەرمانی بنەڕەتی ئەو کۆمەڵگایە بینینی رۆڵی ناوبژیوانییە لە نێوان تاکی هاوڵاتی بێ چەک و دەوڵەتی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتی رەهادا، ئەگەر گەیشتن بە قۆناغی دامەزران و رێکخستنی بەهێز و کارا لەتوانادا هەبوو، بەو جۆرە ئەو پێناسە رێگای تێگەیشتنی هیگڵمان بیردەخاتەوە. لە دەرچوونی ئەو بۆچوونە گشتییەوە توێژەرەوەکان لەبواری کۆمەڵناسیدا کار دەکەن لەسەر رێککردنی چەندایەتی و چلۆنایەتی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی، جا لەبارەی بەها و رەوشتەکان بێت کە بانگەشەی بۆ دەکات، یان لەبارەی دامەزرێنراوەکان و رێکخراوەکان بێت کە ئامادەبوونی کردارییانەی بەرجەستە دەکات لەناو کۆمەڵگاکان و دەوڵەتاندا بەو جۆرە دەبینین توێژەرەوە حەسەنێن تۆفیق ئیبراهیم ئەو چەمکە دیاری دەکات بەوەی کە نوێنەری کۆمەڵێک بینای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و یاسایی کە لەو چوارچێوەدا تۆڕێکی ئاڵۆز لە پێوەندییەکان و کاروبارەکانی نێوان هێزەکان پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵدا، ئەوە بە شێوەیەکی دینامیکی و بەردەوام روودەدات لە میانەی کۆمەڵێک لە دامەزرێنراوەکانی خۆبەخش کە دروست دەبێت و کاردەکات بە سەربەخۆیی و جیا لە دەوڵەت. هەمان ئاراستە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بازنەکانی لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنەکانی هزری کە سەرقاڵ بوون بە توێژینەوەی ئاڵۆزییەکانی پێوەندندار بەبابەتی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بە شوێنیدا رۆیشتوون. ئەوەش لەمیانەی سووربوونی لەسەر دەرچوون لە پێناسەی بەجێ هێنان، لەسەر رۆشنایی ئەوە زەمینەیەکی هاوبەش پێک دێنێ بۆ گفتوگۆکردن لەسەرئەو بابەتە. بۆ نموونە ئەو کۆڕە گەورەی لە بەیرۆت رێک خرا ساڵی ١٩٩٢، کە ئەو پێناسەی پێشنیار کرد:
«کۆمەڵگای مەدەنی،کە لەو کۆڕەدا مەبەستە، کۆمەڵێک دامەزرێنراوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە کە لە مەیدانە جیاجیاکاندا کار دەکەن بە سەربەخۆیی و جیا لە دەسەڵاتی دەوڵەتان بۆ بەدی هێنانی مەبەستە جۆراوجۆرەکان، لەوانە مەبەستە سیاسییەکان وەک بەشداری کردن لە دروست کردنی بڕیار لەسەر ئاستی نەتەوەیی، نموونەی ئەوەش حیزبەسیاسییەکانن، لەوانەش مەبەستی سەندیکایی

وەک بەرگری کردن لەبەرژەوەندی ئابووری و بۆ ئەندامانی سەندیکا ، لەوانەش مەبەستە پیشەییەکان، وەک ئەو حاڵەی لەناو سەندیکاکاندا هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشە ، بەرگری کردن لە بەرژەوەندی ئەندامانی، لەوانەش مەبەستەکانی رۆشنبیری وەک لە یەکێتی نووسەران و رۆشنبیران و کۆمەڵە رۆشنبیرییەکان کە هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری رۆشنبیری بە گوێرەی راوبۆچوونی ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەک، لەوانە مەبەستەکانی کۆمەڵایەتی بۆ بەشدری کردن لەکاری کۆمەڵایەتی بۆ هێنانە دی گەشە پێدان، لەئاکامدا دەکرێ بگوترێ نموونە زەقەکانی دامەزرێنراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەوانەن:

حیزبە سیاسییەکان، سەندیکا پیشەییەکان، سەندیکاکانی کرێکاران، کۆمەڵەکانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.

بەهەر حاڵ پێناسەی بەجێ هێنانی پێشنیارکراو هەرچۆنێک بێت، لەو رەچاوکردنە گشتییانە دەرناچێت، ئەوەی بنەرەتییە سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بە تەنیا لایەنە دامەزرێنراوەییەکەی نییە ، بەڵکو بەتایبەتی بەهاکان و رەوشتەکان و رۆشنبیری مەدەنییە کە بەشداری دەکات لە بڵاوبوونەیدا لەناو جەستەی کۆمەڵایەتیدا بە جۆرێک کە دەگۆرێ بۆ پێوەرەکان و بنەماکان کە حوکم لەسەر رەوشتەکان دەکەن و ئاراستەیان دەکەن. لەو چوارچێوەیەدا دەکرێ بەلایەنی کەمەوە ئاماژە بۆ ئەو بەشانە بکەین کە رۆشنبیری کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بەندە هەروەک ئەمانی قەندیلی توێژەرەوە دیاری کردووە:

بەشی یەکەم: پێویستە ویستی کاری ئازاد و ئارەزوومەندانە هەبێت، لەبەر ئەوە کۆمەڵگای مەدەنی جیاوازە لە کۆمەڵانی خزم و کەسوکار وەک خێزان و عەشیرەت و خێڵ کە تاک پێوەندی بەسەر هەڵبژاردنی ئەندامییەوە نییە.

بەشی دووەم: ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکی رێکخراوە، بەشداری لە خوڵقاندنی رێکوپێکی لە دامەزرێنراوەکان و یەکێتییەکاندا دەکات کە بە شێوەیەکی بەرنامەیی کار دەکەن و ملکەچن بۆ پێوەرە لۆژیکەکان و بۆ یاساو مەرجەکان کە لەو بارەوە بە رەزامەندی واژۆ کراون.

بەشی سێیەم: بەشی رەوشتی و رەفتارییە ، قبوڵ کردنی جیاوازی و هەمە چەشنەییە لە نێوان خودی خۆوکەسانی دیکەدا لە خۆ دەگرێ، لەسەر پابەندی لە بەرێوەبردنی ناکۆکی لە ناوەوە و لەنێوان ئەوو دەوڵەتدا، بەهۆکارەکانی ئاشتی، لەبەر رۆشنایی بەهاو رێزەکاندا، لێبووردەیی و هاوکاری و پێشبرکێ، ململانێی ئاشتیخوازانە. ئەو بەها و بنەما گشتییانە، ئەگەر لەناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بچەسپێ، بێگومان رێگا واڵا دەبێتەوە بۆ زیندوو بوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز و کارا هاووڵاتی تاک لە گۆشەگیر رزگار دەکات، و بنەمای روون دادەنێ بۆ هەڵسوکەوت و کارکردن لەگەڵ دەوڵەتدا لەسەر بنکەی یاسایی و دەستووری کە کۆی دەنگی لەسەر بووە لەلایەن زۆربەی هێزەکان و رێرەوە سیاسییەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان.. رەنگە لەکۆتاییدا ئەو هەوڵە لێکدراوەییانە کەڵکی هەبێ کە ئاماژە بە هەندێک چەندایەتی و چلۆنایەتی دیاریکراوەکان بکەین کە دەتوانن کارایی کۆمەڵگا مەدەنییەکان ئەندازە بکات کە زۆربەی توێژەرەوەکانی بواری سۆسیۆلۆژیای سیاسی لەسەری رێککەوتوون.

**سەرچاوە:**

**مەڵبەندی لێکۆڵینەوەکان (مرکز دراسات آمان)**

**نووسەر: عمر برنوصی**

**http//www.amanjordan.org/aman - studies. لێکۆڵینەوەکان.**

# ليواى سلێمانى

ئازاد عەبدولواحيد
كردوويە بە كوردى و پەراوێزى بۆ نووسيوە

**خوێنەرى خۆشەويست..**

ئەو بابەتەى لێرەدا دەيخوێنيتەوە لە ساڵى ١٩١٣ لە گۆڤارى (لغة العرب) لەلايەن ئيبراهيم حيلمى-يەوە نووسراوە. لەوانەيە بابەتەكە بۆ خوێنەرێكى مێژووى كوردى ئەمڕۆكەمان زانياريى زۆر نوێى تێدا نەبێ، بەڵام وەك بارى سەرنج و زانياريى كەسێك كە لە ساڵى (١٩١٣)دا وتارەكەى لەبارەى شارى سلێمانى-يەوە نووسيوە، تۆماركردن و دوانى بە زمانى ژمارە و كۆكردنەوەى هەندێ زانيارى مەيدانيى لە سوودبەخشين بەدەر نييە، بەتايبەتيش لە شێوەى نووسين و وتنى ناوى قەزاو ناحييەكان لەو سەردەمەدا و نزيك خستنەوەى ژمارەى دانيشتوانەكەيان لە زيهنى خوێنەر و ڕێژەى موسڵمان و ديان و جوولەكە و كورد و نەتەوەى ديكە لەو شارەدا زۆر گرنگ و جێى بايەخە.

نووسەر باسى شێوەى ژيان و گوزەران و كار و پيشەى خەڵكەكەى و شێوەى بەڕێوەچوونى شارەكە لەلايەنى كارگێڕييەوە دەكا، هەروەها لايەنى سەربازيشى لەبير نەكردووە، ديارە ئەو سەردەمەش سلێمانى لە ژێر دەسەڵات و چەكمەى داگيركەرانى تورك بووە و دوو بلۆك، واتە دوو (سرية) جەندرمەى لێ بووە، وەك شارێكى بازرگانى گرنگيش لە كوردستانى عوسمانليدا باسى لێكردووە، ئەوە بێجگە لە باسى خوونەريت و زمان و ئاووهەواو بەروبووم و داهاتەكانى.

لە باسى زماندا باس لەوە دەكات كە بێجگە لە زمانى كوردى كە زمانى دانيشتوانەكەيە، بە زمانى عارەبى و توركيش دەدوێن، لە هەمووى گرنگتر كە جێى سەرنجە ئەوەيە كە نووسيويەتى بە زمانى (فەرەنسايى) قسان دەكەن، هەرچەندە ڕوونى نەكردووەتەوە ئەوان ئەو



**دیمەنێکی شاری سلێمانی، وێنەکە لە ساڵی ١٩١٣-دا گیراوە.**

فەرەنسییە چۆن فێربوون و کێن ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن. لەو سەردەمیشدا دەڵێی ئەمڕۆکەیە نووسەر گلەیی ئەوە دەکات خاوەن پیشەکانی ئەو شارە (تەنبەڵ و سستن) و دەڵێ (هی ئەوە نین باس بکرێن)، بەڵام دەڵێ وەک (شارەزوور) و (کەرکووک) ئارەزووی دروست کردنی (تفەنگ) دەکەن.

لەوەش گرنگتر باسێکی ورد و حەساسی وروژاندووە کە لێبووردەیی ئایینی کورد دەسەلمێنێ و دەڵێ هەرچەندە هەموویان موسڵمانن و سەر بە تەریقەتی (نەقشبەندی) و (قادری)ن، بەڵام وەک ئەوانەی پێڕەوی ئەو دوو تەریقەتەن لە میسر و ناوەڕاستی وڵاتی ئەفریقیا توندڕەوی و دەمارگیرییان نییە، بۆیە دەڵێ لە لای ئەوان مەسیحییەکان ژمارەیان کەمە و بە باشی جێیان نەبووەتەوە، بە پێچەوانەی کوردەوە کە موسڵمان بوونەکەیان، یان پێڕەوکردنی ئەو دوو تەریقەتە لەلایان نەبۆتە هۆی دەمارگیری و چەوسانەوەی غەیری ئایینی خۆیان. پاشان باس لە چۆنیەتی فراوانبوونی ئەم (سنجاقە - قەزایە) دەکات کە چۆن دوای فراوانبوونەکەی میری کردوویەتی بە (متەسەڕیفییەت).

دوا جار دەبێ بڵێم من ئەو وتارەم لە هەشتایەکاندا کە وەرگێڕا، بە هۆی خوالێخۆشبوو د. فازیل محەمەد قەفتان کە ئەو سەردەمە لە زانکۆ لایان دابوو و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری شاری سلێمانی کرا، لەبەر ئەوەی دراوسێ و هاوڕێیەکی نزیکم بوو توانیم هەندێ ئامار و سەرژمێری شاری سلێمانی بەهۆی ئەوەوە بەدەست بهێنم، واتە ئەوەی لەو سەردەمەدا لەبەردەستمدا بوون هەر ئەو سەرژمێرەی شاری سلێمانییە کە تا ساڵی ١٩٨٦ بووەو لە لایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە بە ڕەسمی کرابێت، بۆیە هی ساڵەکانی دواتر نازانین، چونکە دوای ساڵی ١٩٨٦ و دواتر ئیتر ڕاپەڕین بەرپا بوو و لەوساکەوەش تا ئەمڕۆ سەرژمێرێکی دیکە نەکراوە تا ئەو ژمارە نوێیەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بنووسین.

**«وەرگێڕ»**

### ١- سەرەتای باسەکە

بە ئەلهاو تاسووقەوە حەزم دەکرد لە شوێنەوارەکان و باری ژیان و گوزەرانی وڵاتەکەم بکۆڵمەوە، تا بزانم لە ڕۆژگاری ڕابردوودا لە ڕووی ئاست بەرزی و پێشکەوتن و ئاوەدانییەوە گەیشتووەتە کوێ، کە وای لە بێگانەکان کردووە ئەرک و زەحمەت و ماندوێتی بکێشن و هەزاران لیرە خەرج بکەن و لەڕێی دوور و ناوچەی سەختەوە بێن بۆ بینینی ئەو شوێنەوارانەی لە باوک و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، بۆ ئەوەی بەرانبەر پێشکەوتنی ماددی و وێژەیی ئەو وڵات و ناوچەیە هەڵوێستەیەک بکەن و بزانن چی بەدەست هێناوە. بۆیە وام بە چاک زانی لێرەدا هەموو ئەوەی دەربارەی لیوای سلێمانی دەیزانم بینووسم، کە پێشان ڕووگە و شوێن هەواری نەتەوە گەورەکان و مەڵبەندی ئەو نەتەوانە بووە کە دیواری زانستیان

هەڵچنیوە و پلەو پایەی ئەدەبیاتیان بەرز کردووەتەوە. ئەو شوێنەوارانەی ئەمرۆکە لەناویدا ماون و ئەو خانووبەرە جوان و نایابانەی کە بێجگە لە پاشماوەی شوێنەوارە کۆن و لەناوچووەکانی شتێکی ئەوتۆی تێدا نەماوەتەوە، ئەمانەش هەموویان دەسترەنگینی وەستا و دێرینیی شارستانیەتی دانیشتوانەکەی دەگێڕنەوە. بەڵکو دەمەوێ لە پاڵ ئەوەشدا لەو کانزاو کانەخەڵووزە سروشتییەی بکۆڵمەوە، کە ئەگەر بێتوو هەوڵ بدرێت لەژێر زەوی دەربهێنرێت، ئەوە بۆ ئەو میللەتەی کە خاکەکەی دەوڵەمەندترین خاکی خودایە و بەدەست هەژاری و نەدارییەوە دەناڵێنێ، دەبێتە مایەی دەستکەوت و سەرمایە و خێر و بێر و فەرێکی زۆر و زەبەند و ئاسوودەیی و بەختیاری لەگەڵ خۆی دەهێنێ.

ئەوانەی ئەمڕۆ جڵەوی حوکمڕانییان بەدەستە، با بزانن ئەم وڵاتە لە هیچ شتێکی کەم نییە تەنیا دەست پێشکەری و ئیش کردن و خۆڕاگرتن نەبێ، پاشان رێکەوتن و پێک هاتن لەگەڵ سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکانی وڵات بۆ ئەوەی کانەخەڵووزەکان بەرهەم بهێنن، هەروەها باج و پیتاک لەسەر ئەو کەسانە کەم بکرێتەوە کە شوێنی کارگە کانزاییەکان هەڵدەکەنن، یان بەکرێی دەگرن. بۆ نموونە (گەرماوی ئەلعەلیل یان گەرماوی عەلی)وەرگرە کە لە تەنیشت مووسڵەوەیە، ئەو گەرماوە کە پزیشکە شارەزاکانی بێگانە و ئەوانەی لای خۆمان، هەروەها گەڕۆک و شوێنەوارناسەکان لەسەر ئەوە یەکیان گرتووەتەوە کە لە هەموو جیهاندا وێنەی نییە، ئەمە زۆر لە گەرماوەکانی (مارینباد)ی نەمسا سەرکەوتووترە کە لە رێگای دوورو لە وڵاتی پاشاو قەیسەرو پیاوە گەورە و ماقووڵ و دەوڵەمەندەکانی هەموو نەتەوە و میللەتێک بۆ خۆشتن و بەسەربردنی پشووی هاوین رووی تێدەکەن. خۆ ئەگەر میری هۆیە پێویستەکانی بۆ دابین کرد و لەسەر ئەو شێوەیەی لە ئەورووپادا ڕەچاو کراوە بایەخی پێدراو رێکوپێک خرا، ئەوە خەزێنەکەی پڕ دەبێ لە لیرە و گەلیش سوودی زۆری دەست دەکەوێ، لەو سوودانەش ئەو ئاوەیە کە باشترین ئاوی لەو جۆرەیە و بەهۆیەوە نەخۆش و گوڕی و گەڕەکانی پێ چاک دەبنەوە. ئای کە چەندان گەرماوی لەو جۆرەمان لە سلێمانی و دەوروپشتەکەی و شوێنی دیکە هەن کە فەرامۆش کراون و دەستیان لێ هەڵگیراوە، هاواریانە و داوای بە پیرەوەچوونیان دەکەن، کەس نییە بەدەنگیانەوە بچێت.

**٢- سنوور و بەشە کارگێڕییەکانی**

سلێمانی دەکەوێتە ناو کوردستانی عوسمانییەوە، یەکێکە لەو پارێزگایانەی سەر بە ویلایەتی (مووسڵ)ی بەناوبانگە. لە رۆژهەڵاتەوە دەکەوێتە نێوان وڵاتی ئێران و سنجاقی شارەزوور لە رۆژئاواوە. (٧٣)میل لە رۆژهەڵاتی کەرکووکەوە دوورە. لە رووی بەڕێوەبردنەوە بەسەر پێنج قەزاو یازدە ناحییەو (٣٥٣) گوند دابەش کراوە کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە.

**قەزایەکان**

١- سلێمانی (مەڵبەندی قەزا).
٢- بازیان.
٣- گوڵ ئەنبار.(٧)
٤- شەهربازاڕ.
٥- مەرغا،(١١). یان (معمورة الحمید).(١٢)

**ناحییەکان**

سەر ئاشیزی رۆژهەڵات(١)، سەرئاشیزی رۆژئاوا(٢)، قەرەتاغ(٣)، بلّغ وادا(٤) سنکاس(٥)- کلک سیوکا(٦) قزڵجا(٨)- سروچیک(٩) موات(١٠) پشتەر(١٣)- سورتاش(١٤)

**دێیەکان**

١٠٤ گوند
٥٤ گوند
٩٥ گوند
٤٠ گوند
٦٠ گوند

وەک دەبینرێ باسەکەمان بە درێژی دێتە سەر هەر یەکێ لەو قەزایانە.

**٣- ژمارەی دانیشتوانەکەی و خوو و رەوشتیان**

ژمارەی دانیشتوانی لیوای سلێمانی دەگاتە (٥١,٦٠٠)(١٥) کەس و بەسەر هەر پێنج قەزاو (٣٥٣) دێیەکەدا دابەش بوون. دانیشتوانی سلێمانی بەوانەوە کە لەناحییەکان و دێیەکانن (٢٦,٠٠٠) کەسن و قەزای بازیان بە وانەی ناحییەکان و دێیەکانەوە (٥,٤٠٠)(١٦) کەس دەبن و گوڵ ئەنبار (٧,٠٠٠)(١٧) کەسن، شەهربازاڕ (٦,٦٠٠)و(١٨) مەرغا (٦,٦٠٠)(١٩)، سەرجەمیش (٥١,٦٠٠) تاکەکەسن، بەڵام لەلایەنی رەگەز و ئایین و خەڵکییەوە

ئەوە ژمارەکە (٥١,٦٠٠)، بەو شێوەیە دابەش کراوە (٤٨,٦٠٠) موسڵمان و (٩٠٠)دیان و (٢,١٠٠) جوولەکەیە. هەرچی خوو و ڕەوشتی دانیشتوانەکەیەتی، ئەوە بە چاکەو بەناسکی و دۆست مەشرەبی بەنێوبانگن و مرۆڤ حەز بە دواندن و شەوچەرەیان دەکات. زۆربەشیان لە کوردی جۆربەجۆر تێکەڵاون، عەرەب لەوێدا زۆر کەمن، ئەوانەش بۆ بازرگانی کردن و ئازووقە چوونەتە ئەوێ.

## ٤- قەزای سلێمانی و گوزەرانی

مەڵبەندی ئەو قەزایە (٤) ناحییە و (١٠٤) گوند دەگرێتەوە، شارۆچکەی سلێمانی کە مەڵبەندی موتەسەڕیفییەتەکەیە، وەکو هەر ویلایەتێک لە ویلایەتەکان ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردنی خۆی هەیە. لە شارۆچکەکەشدا موفتییەک و قازییەک و جابییەک و(٢٠) ژمێریارێک و بەڕێوەبەرێکی برووسکە و پۆستە هەیە. هەروەها یەکێکی دی بۆ قەرز و قۆڵی گشتی و بەڕێوەبەرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی تووتن و فەرمانبەرانی باج وەرگرتن، بەپێی جیاوازیی پلەوپایەی هەریەکێکیان. وێڕای پزیشکێکی (قورنتێنە)(٢١)، هەروەها دوو دادگای تێدایە و هەردووکیان لە سلێمانین، یەکەمینیان مەدەنی و ئەوەی دیکەیان جینائییە (تایبەتە بە تاوانەکان) و یاریدەدەری داواکاری گشتی یارمەتی دوو سەرۆکەکەیان دەدات، لەگەڵ یەکێکی دی کە پرسیار دەکات. دەزگای شارەوانیش شار بەڕێوە دەبات و لەسەر پەیڕەوی هەموو ویلایەت و لیوایەکانی دی ئەندامەکانی لە دانیشتوانەکەی پێکهاتوون کە بە هەڵبژاردن هاتووەتە کایەوە.

حامییەی سلێمانیش لە تابووری(٢٢) یەکەم و دووەمی ئالالای(٢٣) (٤٦)و ئەو جەندرمانەی(٢٤) (المبذرقة) لەوێن بریتین لە دوو بلوک،(٢٥) بلوکێکیان پیادەن و ئەوەکەی دیکەیان سوارەن. هەردووکیشیان بریتین لە (١٦) ئەفسەرو (٥٠) سوارەو (٨٠) پیادە، ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارەش (٢٦) هەزار کەسن، لەوانە (٢٤,٨٢٥)یان موسڵمانی کورد و (١٧٥)یان دیانی کلدانی و (١٠٠٠) جوولەکەن.

## ٥- گرنگی بازرگانی و ئاوەدانییەکەی

سلێمانی مەڵبەندێکی بازرگانی گرنگ و خەتەرناکە. لە سەرتاپای کوردستانی عوسمانیدا شارێ نییە لە زۆری حاسڵات و بەروبووم و فراوانی لە بازرگانی و گرنگی شوێنەکەیەوە بیگاتێ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە تاقە شوێنێکە بۆ زەوارەڕێ و کاروانسەرای کاروانە بازرگانییەکان، ئەو کاروانانەی لە عیراقەوە دێن و دەچنە تاران و کوردستان، درۆش ناکەم ئەگەر بڵێم جێی عەمبارێکی بازرگانی نێوان تورکیا و ئێرانی گرتووەتەوە. لەو بەرهەمە دەوڵەمەندانەی ڕەوانەی دەرەوەی دەکات (هەرمێیە)، لە ئێرانیشەوە کەلوپەلی بۆ دێ. ئەوە بێجگە لەو بازرگانییە بەرفراوانەی تووتن کە لێرە دەکرێت و تێیدا دەوڵەمەندە.

ئەم شارە نزیکەی (٥) هەزار ماڵ دەگرێتە خۆی، زیاتر لە (٥٠٠) دوکان و (٧) گەرماو و چەند جێگایەکی بۆ پێستە خۆشکردن تێدایە.. هەروەها زیاتر لە (٢٠)(٢٦) قوتابخانەی سەرەتایی هەیە، دوو قوتابخانەی ئامادەییشی لێیە، یەکێکیان موڵکییە و ئەوەکەی دیکەیان سەربازییە. لەو سەردەمەی دواییدا میری هەردووکیانی دروست کرد، لەوەشدا مەبەستێتی و سوورە لەسەر ئەوەی دانیشتوانەکەی خوێندەوار و پێشکەوتوو بن، بۆ ئەوانەش بێ کە تا ئێستاش لە دەوری نەخوێندەواری و نەزانین دان. دیان و جوولەکەکانیشی هیچ قوتابخانەیەکیان نییە. هەرچی خانووبەرە گشتییەکانیەتی ئەوە (٤٠) مزگەوت و کەنیسەیەکی بچووکی تێدایە، هەروەها کڵێسایەکی چکۆڵەی جوولەکەکانیشی لێیە. خانوویەکی گەورەی پتەو و بەهێزی میریشی لێیە کە لەتاش، یان لەبەردی ڕەق لەسەر شێوەی ئەو وڵاتانەی سەرماکەیان سەخت و تووشە دروست کراوە. سەربازگەیەکیشی لێیە کە سەرباز و ئەفسەرەکانی میریی تێدا دەژین و دەحەوێنەوە.

## ٦- زمان و پیشەسازی و ئاووهەوای سلێمانی

ئەو زمانەی تێیدا بەکاردێ، کوردییە. هەرچەندە ئەوە زمانی دانیشتوانەکەیە، بەڵام عارەبییش دەزانن، زۆربەشیان شارەزایی تەواویان لێی هەیە، تەنانەت زانایانی بەنێوبانگ و نووسەران و شاعیران و زمانەوان و مەلای زۆری تێدا هەڵکەوتووە، لەوانەش هەندێکیان لە خزمەتکردنی حکوومەتدا پێشکەوتن و پلەوپایەی بەرزیان وەگیر کەوتووە، هەندێکیشیان بەهرەی نووسین و ڕەوانبێژی و زمان پاراوییان بەدەست هێناوە و بە چەند زمانێکی وەک فەرەنسایی و فارسی و تورکی قسە دەکەن. زمانی تورکیش فەرمانبەرانی میری و هەموو خاوەن دیوەخانەکان قسەی پێدەکەن، بەڵام لەپاش زمانی تورکی زمانی عەرەبی لە هەموو زمانەکان باو و بڵاوترە.

خاوەن پیشەکان تەنبەڵ و سستن، هی ئەوە نین باس بکرێن، بەڵام لە سلێمانیدا هەندێ سەرکەوتنیان چنگ خستووە. بە تایبەتی ئەوانەی لە بواری جۆڵایی و پێستە خۆش کردن و زەڕەنگەریدا ئیش دەکەن.(٢٧) هەروەها لەو سنجاقەشدا وەک لە شارەزوور و کەرکوکدا بەدی دەکرێ، ئارەزووی دروست کردنی تفەنگ دەکەن.

ئاووهەواکەشی بۆ باری تەندروستی زۆر گونجاو و لەبارە. (با)یەکەی لە وەرزی زستاندا زۆر ساردە، لەهاوینانیشدا فێنک و خۆشە. لە وەرزی زستاندا بەفری زۆری لێدەبارێ. لەو کاتەدا دەبینی زۆربەی شاخەکان جلوبەرگێکی سپی و جوانیان پۆشیوە. بە ئاوی سازگار و ئاووهەوای خۆش و پیت و فەڕی خاکەکەی بەناوبانگە. هەموو خانووەکانی شار وەکو ماڵی زۆربەی گوندەکان لەقوڕ دروست کراون و شوێنەکەیان جوان و دڵگیرە. ئاوی خوری پێدا دەڕوات، بۆیە بە تەنیشت هەر ماڵێکەوە باخچەیەکی بچووک دەبینی، دارودرەختی بەرداری تێدا ڕواوە و لە ناوەڕاستەکەشیدا حەوزێک هەیە، ئاوەکەشی لە هەموو شەوێکدا تازە دەبێتەوە. ئەو ئاوەش کە لە سلێمانیدا هەیە بە ڕێگایەکی هونەریی دەستکردی سەیر و جوان دەست دەخرێت، کە تایبەتە بەو شارەو بە شاری (هەولێر) و (کەرکوک)ەوە، ئەم ڕێگایەش بەندە بەوەی چەند بیرێک لێبدەن و لە بنەوەیاندا تێک بکەنەوە و یەکیان بڕژێنە ناو ئەوەکەی دیکەیانەوە، ئینجا لەوێدا ئاوێکی زۆر کۆدەبێتەوە کە بە قەدەر ئاوی چەمێ دەبێت، ئەوەش لەلایان بە(کارێز) ناودەبرێ.

**٧- بەروبووم و داهاتی**

هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە حەزیان لە کشتوکاڵ و فەلاحەت و بەخێوکردن و ڕاگرتنی مەڕوماڵاتە، باغ و ڕەزەکانیان کە دەبینی نیشانەی ڕەنجدان و جموجووڵ و ئیش کردنیان پێوە دیارە. هەرچەندە کشتوکاڵیان تاکو ئێستاش هەر لەسەر شێوە کۆنەکەیە و زانست لە هیچ ڕوویەکەوە دەستی تێ نەخستووە. ئەو ئامێرانەش کە بۆ کێڵانی زەوییەکانیان بەکاری دەهێنن لە ئامێرە دواکەوتووەکانە و هێشتا لەسەر شێوە کۆنەکەی خۆی ماوەتەوە. خۆ ئەگەر بهاتبایە ئامێر و کەرەستەی کشتوکاڵی تازەیان هەبوایە لەپاڵ زانین و شارەزایی ئەو ڕێگایانەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەو دەکرێن، ئەوە دەبووە بە پیتترین و دەوڵەمەندترین زەوی و زاری دەوڵەتی عوسمانلی. لەگەڵ ئەوەشدا زۆریی بەروبوومی کشتوکاڵییان جێی خۆ هەڵکێشان و مایەی شانازی پێوەکردنە. لە بەروبوومە بەناوبانگەکانی دەشتەکانی گەنم و جۆ و برنجە، چاندنی توتنیش زۆر لەلایان پێشکەوتووە، ئەوەی لێی دەنێرنە دەرێ ئەوەندە زۆرە، نزیکەی بایی بیست هەزار لیرەیە. کە لەڕێی کەرکووک و هەولێرەوە نیوەی لێ دەنێرنە بەغدا. بەروبوومی شاخیشی ترێ و لیمۆ و هەنار و هەنجیر و بستەیە، شارەزایان دەڵێن ئەو بستەیەی دەنێردرێتە دەرێ بە دوو هەزار لیرە مەزندە دەکرێ، ئەمەش بۆ خۆی بەرهەمێکی زۆرە. ئەوە بێجگە لەوەی کە لەناو شارەکەدا لێی دەفرۆشن. بەربوومی دیکەشیان گوێزە، ئەم جۆرەیان بەناسکی توێکڵەکەی بەنێوبانگە، تەنانەت منداڵ دەتوانێ گوێزەکە بەدەستی خۆی بشکێنێ، بەبێ ئەوەی بۆ شکاندنی پێویستی بە بەرد هەبێ. گرنگترین بەروبوومی نێردراویان بۆ دەرەوە (هەنگوین)ە کە لە جیهاندا وێنەی نییە.

**٨- شاخ و دیمەنەکانی**

خاکی سلێمانی شاخاوییە، شاخ هەر چوار لای گرتووە، کە بریتییە لە زنجیرە شاخێکی بەیەکەوە نوساوی پاڵ یەکترو بڵندایییەکەی لەهەزار مەتر زیاتر نییە. بەردەوام و هەمیشە لە ڕۆژانی زستاندا بەفریان بەسەرەوەیە. لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای هاوینیشدا، لەسەر شاخەکانەوە بەفراو دێتە خوارێ و خانووبەرە دەڕووخێنێ و زەڕعات و شینایی لەناو دەبات، لە ئەنجامی ئەوەشدا زەرەرو زیان بە خەڵک و دێهات و باخەکان دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی میری ڕێگای سەرکەوتووی دەستەبەر نەکردووە، تاکو خەڵکی شارەکە لەو کارەساتانە بپارێزێ کە ناوبەناو لێیان دەقەومێتەوە، لەوانەش ئەوەی ساڵی (١٣٢٧ھ) ڕوویدا لەکاتی هاتنە خوارەوەی ئاوی بەرزایی شاخەکان کە زیاتر لە هەشتا ماڵی کاول کرد و چەند باغ و دێیەکی خاپوور کردو تێکدا. چەند خێزانێکی دەوڵەمەند و هەبوویش لەبرسان سکی خۆیان هەڵ دەگوشی و کەوتنە سەر ساجی عەلی و دەستیان پان دەکردەوە و داوایان دەکرد خێریان پێ بکەن. لەو زیانە بگەڕێ کە لە خەڵکی کەوت و لەنێوی بردن، ناوچەی سلێمانی بەجوانی و دڵگیری دیمەنە سروشتییەکەی بەناوبانگە، شوێنە شاخاوییە دڵڕفێنەکەی لەنێوان دوو زنجیرە شاخدا ڕاکشاوە. ئەگەر لە کەرکووکەوە بێیتە سلێمانی بۆت دەردەکەوێت لەناوەڕاستی دارودرەختی سەوز و مێرگی زۆردا وەکو

هێلکەیەکە لەناو باخچەیەکدا.

**٩- بیـروباوەڕی دانیـشـتـوانی سلێـمـانی و خـوو و نەریتیان**

دانیشتوانی سلێمانی موسڵمانن، هەموویان زۆر بە تووندوتۆڵی بە تەریقەتی نەقشبەندی (کە تەریقەتی شێخ خالیدی نەقشبەندی)یە، هەروەها بە تەریقەتی قادری (کە بۆ شێخ عەبدولقادری جیلی دەگەڕێتەوە)(٢٨) بەستراونەتەوە، ئەم تەریقەتەیان لە (کاک ئەحمەدی شێخ)ەوە بۆ ماوەتەوە. ئەم دوو تەریقەتەش لەلایان یاساو پەیڕەو و دابونەریتی خۆیان هەیە کە لێی لانادەن. سەرکردەکانیان پشاوپشت سەرکردایەتی کردنی ئەم دوو تەریقەتەیان بۆ دەمێنێتەوە و لەسەر ڕێوشوێنی پەیڕەوکراو سەروکاری تەکییە و خانەقاکانیان دەگرنە ئەستۆ، وەک چۆن کونجی ئەو تەریقەتانە لە میسر و ناوەڕاستی وڵاتی ئەفریقیادا بەڕێوەدەچن، بەڵام دابونەریتیان لەگەڵ دابونەریتی تێکڕای کورد، ئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. لای ئەوان نەختێ دەمارگیریی تێدایە کە حەزی پێناکرێت و خۆشەویست نییە. زۆر جار ڕێکەوتووە هاووڵاتییانی نێو خەڵکی غەیری خۆیان چەوساندووەتەوە، بۆیە دەبینی لەوێدا (دیان) ژمارەیان کەمن، ئەوانەی لای ئێمە قەشەیەکیان هەیە سەر بەو مەترانەیە کە لە (سنە)ی سەر بەوڵاتی ئێران دادەنیشێ و حەوت ڕۆژە ڕێ لە سلێمانییەوە دوورە. شتێکی وەهاشی بەدەست نییە تا ببێتە یەکێک لەو سەرۆکە ئایینییانەی لەو شارەدا ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، تا بتوانێ داکۆکی لەو مسکێنانە بکات کە لە ژێر دەستی ئەو دان. سەرەڕای ئەوە ئەو فرمانەی بەدەستییەوەیە لەلایەن شاوە پێی دراوە، نەک سوڵتان، لەبەر ئەوەشە لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتەوە ئەو ڕێز و پایە و بایەخەی پێ نادرێت.

**١٠- مێژووی سلێمانی و باسێکی هەمەلایی**

لە زەمانی زوودا خاکی سلێمانی سەر بە مەملەکەتی ئاشوور بوو، کەچی ئەمڕۆکە ئەو پێگەیەی نییە شایانی باس بێت.(٢٩) ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆر دەرد و بەڵای بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەو عیزەت و گەورەییەی نەماو ئەو ڕواڵەت و ڕووکارەی جارانی شاردرایەوە و ئەو نەتەوانەش لە بەین چوون و وەکو دوێنێی ئاوابووی لێهات، سلێمانی خۆشی ئەوەندە کۆن نییە، لەبەر هەندێ لە شارەکەدا خانووبەرەی دێرینی وا نابینی نیشانەی کۆنیی پێوە دیار بێت، دەڵێن سلێمان پاشای بابان لەساڵی (١٧٨٨ز)دا(٣٠) دروستی کردووە و دەکەوێتە نزیک پاشماوە کۆنەکانی (شارباژێڕ)، یان (شەهر بازاڕ)ی کۆن. لە سەرەتاوە بچووک و پەرپووت بوو، تاکو ئێستاش لەدروست بوون و پێشکەوتن و فراوان بوون دایە، تا گەیشتە ئاستێک میری بایەخی پێداو کردی بە موتەسەڕیفییەت.

**١١-قەزای بازیان**

لەو قەزایەدا دوو ناحییە هەیە، ژمارەی دانیشتوانی (٥٤٠٠) کەس دەبن و قایمقامێکی تێدایە، ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردن و قازی و جابی و ژمێریارێکی هەیە یارمەتی دەدەن. هەروەها قەزاکە دادگایەکی ئیستیئنافی (تێهەڵچوونەوە) و ئەفسەرێکی جەندرمە (مبذرقة)ی لێیە.

مەڵبەندی قەزای بازیان، چەمچەماڵە، کە لەلای کەرکووکەوە دەکەوێتە سەرسنوورەکەی. لەدەربەندیش(٣١) نزیکە. ئەم دەربەندەش شاخێکی بچووکە و کەلێنی تێکراوە کە بەدەستی ئینسان ئەو کەلێنە دروست نەبووە و قەتارچییەکان لێیەوە تێدەپەڕن. لەو دێیەدا خانوویەکی گەورەی میری و سەربازگە و مزگەوت و شوێنێکی برووسکە لێدانی لێیە.

هەمەوەندەکانیش لە قەزای بازیاندا(٣٢) دادەنیشن کە دەکەوێتە نێوان شارەزوور و سلێمانی، لە دەشتێکی بە پیت و فەڕی نەکێڵراودا. هەمەوەندەکان تیرەیەکن لە کورد، خەریکی تاڵان و بڕۆن، هەمیشە لە حکوومەت یاخین، بۆیە ئەویش سەربازی دوایان خستووە، ئەوان دەیان شکێنن و ئەوانیش ڕاویان دەنێن. زۆر ئازاو بەهێزن، ئازایەتییەکەیان لە سنوور بەدەرو نائاساییە.

**١٢- قەزای گوڵ ئەنبار**

لەسەرەتاوە گوڵ ئەنبار کۆشکێ بوو سوڵتانی ئال عوسمان سلێمانی گەورە، کاتێ هات بەغدا داگیر بکات دروستی کرد، تاکو ببێتە کۆشک و تەلاری پاشا تورکەکان. لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا شاعەبباس کە ئەو ناوەی داگیرکرد و بەسەر لەشکری دەوڵەتدا سەرکەوت؛ تێکوپێکیدا. بەڵام لەپاش ٢٠ ساڵ، واتە لە ساڵی (١٦٣٠ز)دا (صدر الاعظم)ی(٣٣) سوڵتان مورادی دووەم لە شارەزوور لەگەڵ چەند کەسێک پێکەوە لەوێ دادەنیشتن گوتی: ئەگەر ئەو کۆشکە لەڕووی سەربازییەوە بۆ دەوڵەت سوودبەخش نەبوایە، ئەوە

سوڵتان سلێمان دروستی نەدەکرد، خۆ ئەگەر زیانبەخش بوایە بۆ دوژمنان ئەوە شاعەبباس نەیدەڕووخاند، لەبەر ئەوە پێویستە سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە. لەپاش ئەوەی ئەو قسەیەی کرد بە حەوت حەفتە دروستی کردەوە، پاشان لەدەوروپشتیدا خانووبەرەی لێ دروست کراو لەماوەیەکی کورتدا ناوی دایەوە و بووە شارۆچکەیەکی ئاوەدانی قایم و بەهێز.

لەو قەزایەدا دوو ناحییەو (٩٥) دێ هەیە، هەموو ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە (٧٠٠٠) کەس. مەڵبەندی ئەو قەزایە (هلیچا)یە(٣٤) کە پاشای لێ دادەنیشێ و سەرەک هۆزێکی کوردی گەورەیە و ناوی (جاف)ە، ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە بچووکە (٣٠٠٠) کەسن، سێیەکیان جوولەکەن و دوو بەشەکەی دیکەیان موسڵمانن. ئەو قەزایە بەروبوومی گرنگی هەیە و خێروبێرێکی زۆرو زەبەندو بازرگانییەکی فراوانی تێدایە. زۆربەی دانیشتوانی بایەخ بە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی مەڕوماڵات دەدەن و بازرگانی بەخورییەکانیانەوە دەکەن.

### ١٣- قەزای شەهربازاڕ

لەو قەزایەدا یەک ناحییە و (٤٠) گوند هەیە، ژمارەی دانیشتوانی (٦٦٠٠) کەسن. شارۆچکە گرنگەکەی (شیوەکەڵ)ە کە بە بەروبوومی وەکو تووتن و برنج و ترێ و هەرمێ دەوڵەمەندە. ژمارەی دانیشتوانی (١٥٠٠)کەسن، هەموویان موسڵمانن و یەک مزگەوتیان هەیە، ئەو قەزایەش کەمتر ناوی دێ، خەڵکەکەی بەوە ناسراون کە بایەخ بەچاندنی ڕەز و برنج و تووتن و درەختی بەردار دەدەن.

### ١٤- قەزای مەرغا، یان مەرگا

مەرغا وشەیەکی ئارامییە مانای (مێرگ)ە. لە پێشتریشدا لەبەر نزیکییەکەی لە (حدباء) بە عارەبی ناوی (مرج الموصل) بوو، لەپێش هاتنی ئیسلام و پاشتریش بەپیاوە زاناو داناکانی نێوبانگی دەرکردبوو. لە (یاقووت)دا دەق نووسراوە: [(مرج الموصل) کە بەمێرگی (ابی عبیدة)ش دەناسرێ، لەبەری ڕۆژهەڵاتییەوە کەوتووەتە بەینی شاخان، لەخاکێکی لێژدایە لە چاڵ دەچێت. مێرگ و دێهاتی لێیە. ناوچەیەکی خۆش و جوانە، بەفراوانی بەسەر شاخ و قەڵایاندا دەڕوانێ. (ابو القاسم نصر کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەد ئەلخەلیلی مێرگی) بە خەڵکی ئێرە دەزانن. هەندێ لەباب و باپیرانی لە (مووسڵ) نیشتەجێ بوون. وەکو (ابو یعلی الموصلی)(٣٥) و کەسانی دی دەگێڕنەوە (ابو القاسم) لێرە لە دایک بووە. کۆمەڵە کەسانێک کە دوا کەسیان (ئەحمەدی کوڕی عەبدولباقی کوڕی طوق ئاهـ..) لە دیانەکانیشیان (عەبد یەشووع)ی قەشەیان هەیە.

لەو قەزایەدا دوو ناحییە و (٦٠) گوندی لێیە. دانیشتوانی نزیکەی (٦٦٠٠) کەس دەبن، هەموویان موسڵمانن. زۆربەی دانیشتوانی بایەخ بە پەروەردەکردنی هەنگ دەدەن بۆ هەنگوینەکەی. ئەوانە لەو پیشە دەگمەن و دانسقەیەدا شارەزا و دەست ڕەنگینن. زۆربەی بەربوومی شاخیشی لە جۆری خۆیاندا بە باشترین بەرهەم دادەنرێن. زەوی و زاری زۆر و بە فەڕ و بە بژوێنی هەیە کە بۆ چاندنی درەختی بەرداری جۆربەجۆر دەگونجێن. زۆربەی دانیشتوانی سەر بەتیرەی (هەماوەند)ن، هەر ئەوانیش بوونە هۆی دواکەوتن و نزمکردنەوەی ئاستی ئەم قەزایە، بۆیە دەبینی تاکو ئێستاش هەندێکیان ژیانی کشتیارەکان دەخەنە نارەحەتی و بەربووم و حاسڵاتەکانیان دەبەن.

### ١٥- شوێنەوارەکانی وڵاتی سلێمانی

وەکو لە سەرەتاوە گوتمان لە سلێمانی شوێنەواری زۆر هەن کە دەبنە نیشانە و بەڵگەی مەزنی و شکۆو بەرزی ڕابردووەکەی، لێرەدا بەشێکی کەمی ئەو شوێنەوارانە باس دەکەین کە پشکنین و لێکۆڵینەوەکەمانی پێ گەیشتووە و دەڵێین: لە نزیک سلێمانییەوە کەلاوەی (شارباژێر- یان شەهربازاڕ)ی کۆن هەیە کە لەلای مێژوونووسە ئەورووپاییەکان بەناوی (سیازورس- Sia-zures) ناسراوە، لە دێرزەمانەوە پایتەختی وڵاتی کورد بووە، وەکو مێژووی کۆن بۆمانی دەگێڕێتەوە، یەکەم جار بەناوی (شەهر فەیرووز)ەوە ناونراوە و (قوبادی کوڕی فەیرووز) کە سەر بەدەوڵەتی ساسانییە ئاوای کردووەتەوە. لەوپەڕی دەربەندەکەش کە (شەهر باژێڕ) ئێشکی دەگرێ، ئەشکەوتێکی کراوە هەبووە ماناکەی بەم جۆرەیە: (مغارة الحارة الزرقاء)(٣٦) واتە (ئەشکەوتی گەرەکەشین). لەبن دەستی ئەو ئەشکەوتەوەو لەسەر تاشەبەردێکی وەستاودا، قەڵایەکی سەخت و قایم هەبووە کە لەبەرد دروست کراوە و حەوت بورجی هەبووە لەگەڵ شتومەکی ئابڵووقەدانی کۆن کە بەناوی قەڵای (سەلیم عەلی)یەوە ناسراوە. ئەمڕۆکە بووەتە داروپەردوو و پاشماوەی ڕووخاو، بێجگە لە پاشماوەی شوێنەواری کۆن

هیچ شتێکی لێ نەماوەتەوە، کە هەر ئەمەشە بووەتە بەڵگەی هەبوونی. لەنزیک شاریش تاقێکی ڕووخاو دەبیندرا، دەڵێن لاشەی ئەسکەندەری گەورەی تێدا شێردراوەتەوە(٣٧)، پێش ئەوەی بۆ (ئەسکەندەریە) بگوێزرێتەوە، ئێستاکە بۆی ناچن و کەس نایگاتێ. بەر لەماوەیەک کۆمەڵێک گەڕۆکی ئەورووپایی بۆ بینین و پشکنینی ئەو پاشماوە و کەلاوە کۆنانە چوونە سلێمانی بۆ پشکنینی هەندێ لەو نووسین و لەوحە نووسراوانە، بەو نیازەی شتێک بدۆزنەوە، خزمەتی مێژووی پێ بکەن و پەردە لەسەر مێژووی نەزانراوی ئەو ولاتە هەڵبدەنەوە، کە زاناو شارەزایان تەنها شتێکی کەمی لێ دەزانن، ئەوەش کە دەیزانن ئامانج ناهێنێتە دی و تێنوێتی ناشکێنێ، لەوێشدا شوێنەواری کۆن و بەردیان دۆزییەوە کە هێما و نووسینی سەیریان بەسەرەوە بوو، مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە. کە ئەمانە دانیشتوانی کۆنی ئەم ولاتە بوون، هەروەها هەندێ وێنە و نیگاریان دۆزییەوە کە سوودێکی گەورە بە مێژوو دەگەیەنن، زۆر لەوانەشیان هەنارده مۆزەخانە گەورەکانی پایتەختە ئەورووپاییەکان.(٣٨) خۆزگە ئەو لیژنە زانستییە لە ئەورووپا لەو شوێنەوارانەیان دەکۆڵییەوە و ئەو ڕەمز و هێمایانەیان شی دەکردەوە و تاووتو دەکران، تاکو هەواڵی ڕاستیان دەبارەی مێژووی ئەو ولاتە دەداینێ.

**پەراوێزەکان:**

(١) و (٢) پێوەندیم بە زۆر کەسەوە کرد بۆمان ساغ نەبووەوە کوێیە، یەکێ لەوانە خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) بوو گوتی ئەو ناوەم نەبیستووە.

(٣) قەرەتاغ: قەرەداغ کە بە تووركی واتای (شاخی ڕەش) دەگەیەنێ بڕوانە جمال بابان أصول أسماء المدن و المواقع العراقية، جـ١، بغداد ١٩، ص٢٧١.

(٤) بلغ وادا: هەرچەندە لە سۆراخ و پرسیارکردن دەڵێن (بلخوان)ی نزیک (ئالان)ـە، بەڵام من نەگەیشتمە قەناعەت.

(٥) سنكاس: (سنگاو)ی ئێستایە.

(٦) كلك سيوكا: مەبەستی قەڵاسێوکەیە.

(٧) گوڵ ئەنبار: (خورماڵ)ی ئەمڕۆکەیە کە (گوڵ عەنبەر)ە، دەشڵێن (خورماڵ) هەر لە (گوڵ عەنبەر)ەوە وردە وردە گۆڕاوە بە (خورماڵ). لە پێش زایینەوە هەبووە تا سەردەمی ئاشووری و ئیسلامی.دەڵێن لەسەردەمی (پیک بەگ)ی باوکی (مەئموون بەگ)دا هەبووە کە دەسەڵاتی مەئموون بەگ لە (٨٦٢هـ- ١٤٥٧ز) تا (٩٠٠هـ- ١٤٩٤ز)ی خایاندووە.

(٨) قزلجا: مەبەستی (قزڵجە)یە.

(٩) سروچيک: مەبەستی (سرۆچک)ە.

(١٠) موات: مەبەستی (ماوەت)ە.

(١١) مەرغا: مەبەستی (مەرگە)یە.

(١٢) معمورة الحميد: لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بەو ناوەوە ناونراوە. پاشان لە سەردەمی دامەزراندنی حکوومەتی عیراق ساڵی (١٩٢٠) ئەو ناوە نەما.

(١٣)پشتەر: پشدەر، یان قەڵادزێ کە لە ئەسڵدا (پشت دەر)ە.

(١٤) سورتاش: مەبەستی (سورداش)ە.

(١٥)ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٥٧) بریتی بووە لە (٤٨٨١٢) کەس، لە ساڵی ١٩٧٧ (١٧٥٤١٣) کەس بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦ بریتییە لە (٢٩٦٢٤٣) کەس، بە هەموو قەزاو ناحییە و دێیەکانییەوە. (٤) ناحییەی هەیە.

(١٦) ئێستاکە ناحییەیە، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٩٥٧ (٢٤٧) کەس و لە ساڵی ١٩٧٧ (٣٨٢) کەس و لە ساڵی ١٩٨٦ (٥٢٠) کەس بووە.

(١٧) - ئێستاکە ناحییەیە و ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (٨٣٨) کەس و لەساڵی ١٩٧٧دا (٢٢٣٦) کەس و لە ساڵی ١٩٨٦دا (٣٣٣٥) کەس بوون.

(١٨) ئێستاش قەزایە و ئەوساکەش لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانلییەکاندا کرابوو بە قەزا. ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ (١٥٢١) کەس و لە ساڵی ١٩٧٧دا (٢٢١٦) کەس و لە ساڵی ١٩٨٦ (٢٥٥٨) کەس بوون. سێ ناحییەی هەیە.

(١٩) ئەو ساڵە مەرگە و ناحییە و دێیەکانی (٦٦٠٠) کەس بوون و شەهربازاڕیش بەناحییە و دێیەکانییەوە (٦٦٠٠) کەس بوون، بەڵام ئەمە ڕێی تێناچێ، دوو قەزا ژمارەی دانیشتوانیان وەکو یەک بێ. ئەوکاتە (پشدەر) دێیەک بووە سەر بە مەرگە، ئێستا (مەرگە) سەر بە (قەلادزێ)یە کە پێش (١٢٠) ساڵ (محەمەد بابەکری حەمەد ئاغای) ناسراو بە (قەمەند قیمن) لەوێ بووە، ئەمڕۆکە ژمارەی دانیشتوانی بە ناحییە و دێیەکانەوە بەپێی سەرژمێری ١٩٥٧ (٤٩٠٥) کەس و بەپێی سەرژمێری ١٩٧٧ (١٣٦٨٥) کەس و

بەپێی سەرژمێری ١٩٨٦ دەگاتە (٢٢٧٧٠) کەس.
(٢٠) جابی: ئەو فەرمانبەرە لێپرسراوی باج و پیتاک کۆکردنەوە بووە بۆ حکوومەت لەجیاتی دایەرەی (ضريبة الدخل)ی ئەمڕۆ کاری کردووە.
(٢١) قورنتێنە (مەحجەر)، یان پزیشکی قورنتێنە: ئەو شوێنەیە کە وەکو مەڵبەندێ بۆ قەڵاچۆ کردنی نەخۆشیی دانراوە تاکو بڵاونەبێتەوە و پێشی پێ بگیرێ.
(٢٢) تابوور: واتە (فوج)ی عەرەبی.
(٢٣) ئالالای: هەڵەیە، ڕاستەکەی (ئالای)ە، واتە (فەیلەق) بە عەرەبی.
(٢٤) جەندرمە: وشەیەکی تورکییە واتە سەرباز. عەسکەری تورک.
(٢٥) بلوک: واتە (سرية) بە عەرەبی.
(٢٦) ئەمڕۆکە (واتە ساڵی ١٩٨٦) مەڵبەندی سلێمانی (١٤٤) قوتابخانەی سەرەتایی و (٤٤) قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی و (٩) قوتابخانەی پیشەیی تێدایە.
(٢٧) ئێستاکە بێجگە لە بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و تووتن و ترێ و بەخێوکردنی مەڕومالات، کارگەی چیمەنتۆ و جگەرەو شەکر و عەلەف و جلوبەرگی ئامادەکراو و ڕستن و چنین و زۆری دی تێدایە.
(٢٨) مەبەستی لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی-یە (١٠٧٨- ١١٦٦ز) کە دامەزرێنەری تەریقەتی قادری)یە.
(٢٩) مەبەستی ئەو ساڵەیە کە وتارەکەی تێدا نووسیوە، واتە (١٩١٣).
(٣٠) ڕاستەکەی ساڵی (١١٩٩هـ- ١٧٨٤ز) ئاوا کراوە.
(٣١) مەبەستی لە دەربەندی (بازیان)ە کە شێخ مەحموودی نەمر لەو ناوە شەڕی لە دژی ئینگلیزە داگیرکەرەکان کردووە و هەر لەوێشدا بە دیلی گیراوە.
(٣٢) دەربارەی ناونانی (بازیان) زۆر بیروڕا هەن لەوانە دەڵێن: (زۆر ڕای جیاواز دەربارەی بنچینەو مانای ئەو ناوە هەیە، لەوانە ناونراوە بە (بازیان) لەبەر ئەوەی تیرەیەک کە (باسیان)ن تێیدا دانیشتوون و قڕیان تێکەوتووە، ئەو ناوەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (بازیان) عبدالرزاق الحسني- العراق قديما وحديثا ل٢٣١، یان دەڵێن: (هەندێ لە کوردەکان وای دەبینن کە ناوی بازیان بە کوردی مانای شوێنی بەزینە، بەڵام لەوانەیە مانای گردی بەرزیش بگرێتەوە) بڕوانە باقر، سفر، المرشد- الرحلة الرابعة ل١٦.

(٣٣) (الصدر الاعظم) لەجیاتی سەرەک وەزیرانی ئەمڕۆیە.
(٣٤) هلیچا: مەبەستی لە (هەڵەبجە)یە.
(٣٥) ابو یعلی الموصلي: (٣٠٧هـ- ٩١٩ز) ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەلموسەنای ئەلتمیمی ئەلموسلییە، ئەبوو یەعلی کوێرێکە لە زاناکانی حەدیسە، (الذهبي) بە قسەکەری مووسڵ ناوی دەبات، تەمەنی درێژ بوو، گەیاندبییە سەد ساڵ، تەنیا بوو خەڵک دەچوونە لای. لە مووسڵ کۆچی دوایی کرد. هەندێ کتێبی هەیە لەوانە: (المعجم-خ) دەربارەی حەدیسە، دوو «مسند»یشی هەیە یەکیان گەورە و ئەوی دیکەیان بچووک. الاعلام- للزركلي الجزء (١-٢) ل١٦٤.
(٣٦) مغارة الحارة الزرقاء: ساغ نەبووەوە ئێستاکە کوێ دەگرێتەوە.
(٣٧) هەندێکی دی دەڵێن لە بیتوێن و هەندێ دەڵێن لە شارەزوور، بەڵام ئەمانە هەر هەموویان ڕیوایاتن و هیچ بنچینەیان نییە، چونکە بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە گۆڕەکەی (ئەسکەندەر) لەکوێیە لە (الموسوعة العربية الميسرة)شدا چاپی ١٩٦٥ باس نەکراوە. ئەسکەندەریش مەبەستی لە ئەسکەندەری گەورەیە (٣٥٦پ.ز- ٣٢٤پ.ز) لای ئەرستۆ خوێندوویەتی، دوای مردنی (فیلیپ)ی باوکی کرا بە پاشای مەکدۆنیا، هەوڵی زۆری دا بۆ فراوان کردنی وڵاتەکەی بەوەی وڵاتانی تر داگیر بکات. توانی ئیمپراتۆریەتی فارس لە ئاسیای بچووک و لە سەربانەکانی فنیقیادا بشکێنێ، ئەوجا لە هەولێر بەسەر (داریۆش)دا سەرکەوێ و بەرەو ڕووباری هیندۆس بڕوات، خاوەنی گووتەیەکی گەورەیە کە دەڵێ: (توانیم دەست بەسەر زۆر شاراندا بگرم، تەنیا نەمتوانی شاری خۆشەویستی داگیر بکەم) المنجد ل٢١ گووتەکەش لە کتێبی (تجربتي الشعرية)ی عبدالوهاب البياتي دایە.
(٣٨) نووسەر لە باسی شوێنەوارەکانی لیوای سلێمانی ئەوساکەدا بە تێروتەسەلی نەینووسیوە، ڕایەکانی لەم بارەیەوە زیاتر سەرپێیانە بووە، ناهەقیشی نەبووە، چونکە ئەوکاتە واتە ساڵی ١٩١٣ هێشتا پشکنەرەکانی شوێنەوار ئەو شوێنەوارانەیان نەدۆزیبووەوە کە ئەمڕۆکە زانراون و لەسەریان نووسراوە.

**سەرچاوە:**

**ئەم وتارە (ئیبراهیم حیلمی) نووسیویەتی، لەگۆڤاری (لغة العرب)، جزمی چوارەم، ساڵی سێیەم- تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٣دا بڵاوکراوەتەوە.**

# پاڵەوان لە ئەفسانە و حیکایەتی میللیدا

محەمەد سلێمان عەباس

(١-٢)

**پاڵەوان کێیە؟**

مـێـژووی مـرۆڤـایەتی پڕاوپڕە لە نموونەی ئەوجـۆرە کەسـانەی کە بەعـیشـق و ئازادی و باوەڕەوە پاڵەوانانە ژیاون و کـوژراون و مـردوون و خـۆیان کـردۆتە قـوربانی ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانیان.

گەل و خێڵە بەرابییەکان سیماو سیفەتی پاڵەوان دەدەنە پاڵ هەندێک لە ئەندامـانی گـەلەکـەیان، ئەگـەر هاتو هەندێک سـیـفـەتی دیاریکراوی تێـدا هەبێت، یان بەرجەسـتـە بێت، واتە بتـوانێت کـاروکـردەوەی خـاریق و نائاسایی و گرنگ ئەنجام بدات.

گرنگترین ئەو سیفەتانەی کە مرۆڤێک دەکاتە پاڵەوان لەناو خـێڵ و مـیللەتاندا بریتـییـە لە ڕابەرایەتی کـردنی گـەلەکەی بەرەو ئەو شـوێنەی بە وڵات و نیـشـتـیمـانی خۆیانی دادەنێن، یان ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەر لەکات و حاڵەتی پڕ مەترسیدا، یان داهێنانی هونەرو پیشەیەک کە ژیانی کۆمەڵەکەی ئاسـان و خۆش بکات و سـوود بەخش بێت.

هۆزە بەرابییـەکـان بایەخـێکی زۆر بە پاڵەوانەکـانیـان دەدەن و زۆر ڕێزی لێـــدەگــرن و پایەکی بەرزی هەیە، تەنانەت هەندێک خـێڵ و هۆزی بەرابیی پاڵەوانەکـانیـان دەپەرستن.

پاڵـەوان ئەو مـرۆڤـەیە کـە خـۆی دەکـاتە خـزمـەتکاری مـیللەت و ئازادی وسـەربەخـۆیی، ئەو مـرۆڤـەیە کـە لە چوارچێـوەی کـەسایەتی و مـێـژوویی خـۆی داکـۆکی لەو شێوازە مرۆییانە دەکات کە خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهایە. پاڵەوان وەک مرۆڤێکی کامڵ و تەواو و گشـتگیر بایەخ بە (جــوزئیــات) پاژەکــان نادات، کــاتێک پاڵەوان

دامـــەزرێنەربێت، یان دانا، یان پەیامـــبـــەر، یان بەرجەستـەکردنی خواوەندبێت وەک مەسیح، ئەو کاتە هیچ سنوور و کۆسپ و ڕێگرێک لەبەردەم پەرجووەکانی نامێنێت.

پاڵەوان کەسایەتی سەرەکییە لە ئەفسانەو ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری گەل و کۆمەڵگەی کۆن و بەرایی و پەیوەست و بەندە بە سەرچاوەکانی توخمەکانی سروشت و دەزگای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، بۆیە زۆربەی ئەفسانەو حیکایەتە خورافییەکان بەندن بە کەسایەتی پاڵەوان.

لە کۆمەڵگەی بەراییدا تەنیا کەسایەتییەکی ئەفسانەیی ڕۆڵی پاڵەوان دەبینێت، چونکە ئەو دەتوانێت ئازاو ئازاد بێت و بەها مرۆییەکان لەودا بەرجەستە دەبن.

ژیان و جیهانی پاڵەوان بریتییە لە تابلۆیەکی کامڵ و تەواو کە تەعبیرو گوزارشت لە ژیانی میللەتەکەی و ساتێک لە ساتەکانی مێژووی پڕ لە سەروەری، یان تراژیدی گەل و میللەتەکەی دەکات و بەڵگەی سەلماندنی کولتوورێکە، کولتوورێک کە ئیرادەی لەمێژینەی میللەتێک بۆ ئازادی وسەربەخۆیی، یان ئامانج و هیواو ئومێدێکی دیکە دەردەخات.

هیواو خواستی مرۆڤ هەر لە سنووری هیواو نزا نەماوەتەوە، بەڵکو مرۆڤ هەوڵی بۆ داوەو لەنێو حیکایەت و ئەفسانەدا زۆرجار بەو ئامانجە گەیشتووە.

مرۆڤی کۆن و بەرایی هیوای زۆر شتی خواستووەو هەوڵی زۆر شتی داوە کەچی هەموویان بەدەست ناهێنی، بەڵام ئەو هیواو ئامانجانە بە ئاسانی لەنێو ئەفسانەو حیکایەتەکاندا بەدەست هاتوون.

پاڵەوان بەرجەستەبوونی کۆی حەزو ویستەکانی مرۆڤە لە مرۆڤێکی نائاساییدا بۆیاخیبوون کە مرۆڤ لە خەیاڵی خۆیدا ئافەریدەی کردووەو هەڵیبژاردووە، تا ببێتە بەرگریکەر لە مافەکانی، بەهۆی هەڵسوکەوتە نائاساییەکانی و شێوەی خەبات و تێکۆشانیەوە، سنوورێک بۆ چەوسانەوەکانی مرۆڤ دابنێ و لەبری هەمووان یاخی ببێت.

بەم پێیەش کەسایەتی پاڵەوان بەرجەستەبوونی یەکگرتووی خەیاڵ و خۆزگەکانی هەموو کۆمەڵگەیە بۆ بەرگریکردن و خەباتکردن و سنووردانان بۆ مەودای ئەو چەوساندنەوەو نایەکسانی ڕۆژانە ژیانی گەلەکەی وێران کردووە، پاڵەوان ئەو بەشەی ویست و توانا و خەونەکانی مرۆڤە بۆ ڕزگاربوون لەو ساتەی کە تێیدا هەست دەکات چەوساوەیەو ئازاد نییە.

خەیاڵی فراوانی مرۆڤی بەرایی هەردەم و لە هەموو ڕۆژگارێک و هەموو هەوارێکدا بۆ پاڵەوان و فریادرەسێک چووە و بیری لێکردۆتەوە.

ئەگەر هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی هیواو ئامانجەکان و ژیانێکی کامەران و ئاسوودە، بێ ئەنجام بووە، ئەوا لە ئەنجامی ئەم بیرکردنەوە و هەوڵدانە، خەیاڵی داهێنەرانەی هێندە ئەفسانەی پاڵەوانانی هێناوەتە بەرهەم، کە ئەمرۆ هیچ نەتەوەیەکی سەر زەوی نادۆزیتەوە، کە ئەدەبە فۆلکلۆرییەکەی چەندین دەقی ئەفسانەی پاڵەوانانی تێدا نەبێ کە ئەو دەقانە چ بۆ پاڵەوانان چ بۆ نەمری خۆی چ بۆ ئەو نەتەوەیە، دەقی نەمرو زیندوون.

جەوهەرو کرۆکی ڕۆحی پاڵەوانیەتی خۆی لە ئەنجامدانی ئەرکێکی پاڵەواندا وێنا دەکات، کە بەهۆی هێزو ئازایەتی پاڵەوان دێتەدی.

ئەفسانەکانی پاڵەوانیەتی یادەوەرێکی مێژوویی میللەتێک دەگێڕێتەوە و بەرگێکی ئایدیالی و کەماڵ و پاڵەوانیەتی وەبەر بابەت و ڕووداوەکان دەکات.

## خەسڵەتەکانی پاڵەوان

پێویستە باس لە خەسڵەت و وێنەی پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی شارستانیەکان بکەین، چونکە خاسیەت و سیفاتی یەزدانییەکانی پاڵەوان دەروازەیەکە بۆ ناساندن و پێناسەکردنی ئەو کەسایەتییە یەزدانییەی کە بەپاڵەوان بەخشراوە.

بە دیدو نیگای کۆمەڵگەی سەرەتایی و مرۆڤی کۆن، پاڵەوان ئەو هێزو توانستە لە ڕادەبەدەرەیە کە مرۆڤایەتی خەونی پێوە دەبینێت و پانتاییەکی گەورەی لە خەیاڵ و وێناندنەکانی مرۆڤ داگیرکردووە. پاڵەوان توانستێکی غەیبانی پیرۆزی هەیە و پێکهاتەیەکی سەیرە، تێکەڵە لە ئەفسانەو واقیع، لە هەیبەتێکی کۆمەڵایەتی و لە قودسیەتێکی ئاینی، لە ساکاری و لە شێلگیری، هەم بەسام و بەترسە هەم ئارام و دۆستانەیە، لەیەک ساتدا دوورە دەست و بێگانەیە، لە هەمان ساتیشدا نزیک و ئاشنایە، ڕزگارکەرو فریادرەسی بێ دەسەڵات و کەم دەرامەت و عاشقان و چەوساوەکانە.

پاڵەوان تا ئەو پەڕی جوانی جوانەو سەرنج ڕاکێشە، ئازادو سەرکەش و ئازایە، بەهەیبەت و میهرەبانە.

پاڵەوان دنیایەکی دڵفڕێن و پڕ سەرکێشی هەیە، جیهانی پاڵەوان جیهانی جەنگەڵ و یاخی بوون و کەیف و سەفاو عیشوەتە، فڕینە بە پانتایی ئاسماندا، فڕینە بەرەو عەرشی خواکان، سیفاتەکانی پاڵەوان لەگەڵ خەون و خەیاڵی یاخی بووندا یەک دەگرنەوە، مرۆڤیش بڕێکە لە واقیع و خەیاڵ و یاخیبوون، واتە پاڵەوان توانستێکی لە رادەبەدەری ئەفسانەییەو ڕەوایەتێکی پیرۆزو خەیاڵی بەشە نادیارەکەی مرۆڤە.

پاڵەوان لە سیمادا هەڵگری ساکاریبەکی چیایی و هەڵگری ڕۆحێکی سادەیە.

خەسڵەتێکی دیکەی پاڵەوان بریتییە لە کۆچەری و لەسەقامگیرنەبوونەکەی لە شوێندا و لە کۆچکردنی بەردەوام لەم جێگایە بۆ ئەوی تر، ئەو هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەبیدایەو بێ ئۆقرەیە.

بەکورتی پاڵەوانی ئەفسانەکان و حیکایەتەکان هەمیشە سیفەتی وەک:

هێزی جەستەیی، پاکژی، یاخیبوونی تێدایە، هەمیشە بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕەفتار دەکات و لەبەرچاومانداُ دەردەکەوێت کە بشێت ئێمەش بەشێک لە سیفەتەکانی خۆمان و هەڵسوکەوتەکانمان بۆ یاخیبوون و گۆڕان تێدا بناسینەوە، هەر ئەوەشە وا دەکات هەست بکەین ئەو لەیەک کاتدا واقیعییە، چونکە لە خۆمان دەچێت و ئەفسانەییشە، چونکە ئەوەی ئەو پێی دەکرێت لەدەست ئێمە نایەت و لە سەرووی تواناکانی ئێمەوەیە، ڕەنگە هەستیاری نائاگایی پاڵەوان خەسڵەتێکی پۆزەتیڤی کەسایەتی پاڵەوان بێت، چونکە ئەو بەوەی بەردەوام لە شوێن گۆڕکێ و سەفەردایە بەردەوامیش ئەزموونی نوێ و ڕوانگەی جیاواز بۆ پراکتیکەکانی دەدۆزێتەوە.

زۆربەی ئەفسانەکان بەپێشکەشکردنی کەسایەتی پاڵەوان دەست پێدەکات، پێشکەشکردنێکی ئاوەها لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕانەی کە لە خەیاڵ و مێشکی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا هەیە دەگونجێ، لە چوارچێوەی ئەو سیفەت و بارودۆخە پاڵەوان دەورەکەی خۆی دەگێڕێ.

پاڵەوان هەمیشە شتی ناوازەو دانسقە و تایبەتی و گران بەهاو دوورە دەستی بۆخۆی دەوێت کە مرۆڤی سادە هەرگیز لە واقیعدا دەستی پێی ناگات، هەروەک پاڵەوانی یۆنانی (تسیۆس) ڕووی کردە (با) و گوتی: بە لاوازو هەژاری ناتوانم بژیم، یان دەبێ ببمە پاڵەوان یان ناژیم.

لە ڕوانگەی مرۆڤی بەراییی، پاڵەوان کەسێکە لە سەرووی مرۆڤەو باڵاترە، کەسێکە ئامادەیە قوربانی بەهەموو شتێک بدات لە پێناو شەرەف و سەروەری.

هەندێک جار ئازایی و مێرخاسی و سەرکەشی و سەردانەنواندنی پاڵەوان وای لێدەکات بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕوو بەڕووی خواوەند ببێتەوە و لێی یاخی بێت، ئەمەش دانانە بە کەسایەتی مرۆیی و بە بەها باڵاکان، پرۆمسیۆس و گلگامش و ئەمیراتی و ئیرسکن،.... ئەمانەو چەندان پاڵەوانی دیکەی ئەفسانەکان تەحەدای خواوەندیان کردو یاخی بوون.

بۆ نموونە کاتێک گلگامش (سێیەکی مرۆڤ و سێیەکی خواوەندە) خۆشەویستی خواوەند (ئەشتار) ڕەت دەکاتەوەو بە چاوێکی کەم دەڕوانێتە ڕەفتارەکانی، یان کە دەیەوێت وەک خواوەندەکان (نەمری) بەدەست بێنێت، ئەمە جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاری.

لەلایەکی دیکەوە، پاڵەوان ڕەنگدانەوەی هیواو ئێش و ئازارو مەینەتەکانی گەلەکەیەتی و بەرجەستەکردنی ئومێدو سیفەتە باشەکانی مرۆڤە وەک: ڕاستگۆیی، زیرەکی، هێز، شۆڕشگێری.

مرۆڤی بەرایی پێویستی بە بەرجەستەکردنی وێنەی پاڵەوانێکی خاوەن تواناو هێزێکی خاریق و ئەفسووناوییە، کە مرۆڤی ئاسایی ئەو سیفەتانەی تێدا نییە، بۆیە مرۆڤی کۆن لە ڕێگەی ئەفسانەو حیکاتەکاندا ئەو پاڵەوانانەی داهێناوە.

پاڵەوان ئەو کەسایەتییەیە کە نوێنەر و تەمسیلی داواکارییەکانی ناهۆشیاری مرۆڤ دەکات و هۆشیارکەرەوەی ڕۆحی خۆیەتی.

پاڵەوان کاراو یاخی و بزێوە و دەتوانێت داستان و کردەوەی نائاسایی ئەنجام بدات.

لۆرد ڕاگلان بیست ودوو خەسڵەتی بۆ پاڵەوانی ئەفسانەکان داناوە کە (١٦) لەو خەسڵەتانە بەسەر مەسیحدا جێبەجێ دەبێت کە ئەمانەن:

١- دایکێکی عەزراوداوێن پاک.

٢- بەڕێگەیەکی ناسروشتی لە دایک دەبێ.

٣- کوڕی خواوەندە، یان بەشێکی خواوەندە.

٤- هەوڵی کوشتنی باوک.

٥- پاڵەوان بەشێوازێکی نهێنی گەشت دەکات.

٦- لەلایەن دایک و باوکێکی ناڕاستەقینە بەخێو و پەروەردە دەکرێت.

٧- زانیـاری تەواو لەبارەی منداڵیـەتی پاڵەوانەوە نییە.

٨- دەڕوات بۆ وڵاتێکی دوور، یان، ژێر زەوی.

٩- دەبێتە شاوەلیک.

١٠- یاسا دادەنێت.

١١- سـەردەمی فـەرمـانڕەوایی ئەو ئارامـەو سەقامگیرە.

١٢- یەک لە نزیک، یان هاوڕێیـەکـانی ناپاکی لەگەڵدا دەکات.

١٣- لەشـارەکـە دەردەکـرێ، یان لە فـەرمـانڕەوای لادەبرێت.

١٤- بە نهێنی دەمرێت یان ئاڵۆزی و ڕاز و نهێنییەک لە مردنیدا هەیە.

١٥- جەستەکەی نانێژرێت.

١٦- گۆڕەکەی دەبێتە مەزارگەیەکی پیرۆز.

لەو نموونەو وێنانەی کـە (لۆرد ڕاگـلان) بۆ پاڵـەوان دایناوەو کـێشاویەتی بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێک زانیـاری گـرنگمـان پێ دەبەخـشێ بۆ ئەوەی ڕوونتـرو ئاسانتر ژیانی پاڵەوان و پەیامبەرەکان تێبگەین و درکی پێبکەین.

## لە دایک بوونی پاڵەوان

یەکـێک لە بنەمـاکـانی حـیکایەت و ئەفـسـانەی پاڵەوانان لە دایکبـوونیـەتی، کـە بە بنچـینەی ئەم جـۆرە ئەفـسـانەیە دادەنرێ، ئەویش بەچەند پرسـیـارێک دەست پێدەکات وەک: بۆچی پاڵەوان لەکاتی بوون و بچووکیدا لە هەمـوو شـتێ بێ بەشـە؟. بۆچی لەلایەن هێـزی سروشتییەوە بەخێودەکرێ؟ لە دوای هەمـوو ناخۆشی و تەگەرەیەک هێزی چاکەی بۆ دەردەکەوێ؟.

لە زۆر لە داستانەکانی گەلاندا لە دایکبوونی پاڵەوان شێوەی ئەفسانەیی دەدرێتێ وەک: (بەکاری تیشکی ڕۆژ لە دایک دەبێ، بەهۆی ئەو سـێـوە لە دایک دەبێ کـە دایکی خـواردوویەتی، یان دایکی بۆنی گـوڵێک دەکـا، یان دایکی ئاوی کانییەکی سەیر دەخواتەوە....).

لە دایکبـوون خـۆی لە خـۆیدا کـارێکی پاڵەوانانەیە، لەبەر ئەوەی کـوشـتنە بۆ ژیان، کـوشـتنە لە پێناو ژیانی مرۆڤێکی دیکە.

لای (ڤـیـسـۆلۆفـسکی) ئەم چەشنە لە دایک بوونانە پەیوەست و بەستراون بەبیرکردنەوەی سەرەتایی مرۆڤەوە لەبارەی (بێ مێرد منداڵ بوون)، کە لەکاتی دەسەڵاتی، یان فەرمانڕەوایی دایکدا هاتۆتەکایەوە.

هزری ئەفـسـانەیی دەیەوێ پاڵەوانی داسـتـان و ئەفـسـانەکـان نموونەیی و ئایدیال بێ، بۆیە هەمـوو ڕێوشـوێنێکی ئەفسـانەیی دەخـاتەبەر لە بارەی ڕێی لە دایکبوونی.

لە سـەردەمـەکـانی دواتر ڕەگـەزی ئەفـسـانەیی کـەم دەبێـتـەوە، بەڵام پاڵەوان هەر بەشـێـوەیەکی سـەیرو لەبارێکی سەیردا لە دایک دەبێ، زۆتر هەر کوڕی دایک، باوکێکی بێ وەچەیە، کـە دەمێکە بەتەمـای کـوڕن وەک (ئیـبـراهیم)، هەروەها ئـەمـە لە ئەلیـامـیـشی ئۆزبەکی و بامسی- بایراکی ئوگوزی و ماناسی قەرغیزی دەبینرێ.

لای ڤـیـسـۆلۆفسکی وایە کە هەمـووی لەو چیـرۆکـە وەرگیـراوەکە لە کتێبە پیرۆزەکاندا لەبارەی ئیـبراهیم و سـارا دەگـێـڕدرێتـەوە، یان وەک دوو کـوڕە جـمکەکـەی (ڕۆمۆلۆس) و (ڕیمۆس)ی ڕۆمانی کە دەڵێن لە باوکێکی بەکـاروپیـرۆز بوون و بەشـیـری دەڵەگـورگـێکی دڕندەی ناودارستانە چڕەکانی ئیتالیای کۆن بەخێوکراون، پاشان لە پاشـەڕۆژدا (ڕۆمـۆلۆس) بوو بە پاڵەوانێکی ئازاو پیرۆز و بوو بە پشـتـیـوانی ڕەش و ڕووت و کـۆیلەکـانی گەلەکەی و شاری (ڕۆما)ی دامەزراند.

هەروەها لە ئەفـسـانەی تورکیـشـدا دایکی (ئوغـوز) پاڵـەوان گـورگ بووە، کـە باپیـرو دامـەزرێنەری دەوڵـەتی تورکەکان بووە و خاوەن هێزێکی بێ هاوتابوو.

لە ئەفـسـانەی چینیـشـدا، هوانگ تی (ئیـمـپـراتۆری زەرد) کــە دایکەکــەی دۆســتی مــیــری هەرێمی (تشــاوتین)بوو، ئەوشـەوەی هوانگ تی لە دایک بوو تیـشکێکی زێڕین لە دەوری کـۆمـەڵەی (ورچی گـەورە) پەیدابوو و حـەوت ڕۆژ دوای لە دایکبـوونی، توانی قـسـە بکات و لە تەمــەنی (١١) ســاڵی بووە حــاکم و فەرمانڕەوا و مـاوەی (١٠٠)ساڵ حوکم و فـەرمانڕەوایی چینی کرد.

فاینا موینین لە ئەفسانەی فینلەندیدا بەهۆی (با)وە لە دایک بووە و دەیتوانی دیاردەکانی سروشت بجووڵێنی و بوەستێنێ.

لە ئەفـسـانەی بابلیـشـدا (سـەرگـۆن ئەکـەدی) لە دایکێکی ئاسـایی لە دایک بووە و باوکی دیار نیـیـەو لەناو سـەبەتەیەکیـان داناوەو خسـتـیـانەتە ناو ڕووباری فوڕاتەوە.

هەروەها (شاندرا باغویتا) دامەزرێنەری بنەماڵەی ماوریای هیندۆسی لەناو کوپەیەک لە دایک بووەو لەبەردەرگای تەویلەی چێڵ داندرابوو، لە ئەنجامدا گاوانێک بەخێوی کرد.

ئەفلاتوونی فەیلەسووفیش بەشێوەیەکی نائاسایی و ناسروشتی بێ باوک لە دایک بووە، هەروەها ئەسکەندەری مەقدۆنیش بەشێوەیەکی نائاسایی لە دایک بووە، لەم بارەیەوە (بلۆتاریک) دەڵێ: دایکی ئەسکەندەر لەگەڵ یەکێک لە خواوەندەکان (کە خۆی خستبووە سەر شێوەی مار) جووت بوو، لە ئاکامدا ئەسکەندەر لە دایک بوو.

بەپێی ئەفسانەو ڕیوایاتی ئیسلامی، بەبۆنەی لە دایک بوونی محەمەد پەیامبەری ئیسلام (د. خ) هەیوانی مەدائین قەڵەشیوە و ئاگری فارس کوژاوەتەوە واقدی لەبارەی لە دایکبوونی محەمەدەوە دەڵێ: هەر کە لە دایک بوو وتی (الله اکبر کبیرا) لە مانگی یەکەمدا بەسکەخشکی دەڕۆیشت، لە مانگی دووەمدا توانی ڕابوەستێ، لە مانگی سێیەم دەڕۆیی،...

چیرۆکی لە دایک بوونی (زەردەشت)یش بە چەندین شێوە دەگێڕدرێتەوە ڕیوایەتی یەکەم دەڵێ: گایەکی گەورە لەنێو ئێرانییە کۆنەکاندا قسەی کردو پێشبینی کرد بە لەدایکبوونی فریادڕەسێک کە جیهان لە هێزی بەدو شەڕخواز ڕزگار دەکات. لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە: گایەکی مەزن بۆ ماوەیەکی کەم قسەی کرد و ڕایگەیاند، کاتی لە دایکبوونی ئەو پەیامبەرە نزیک بۆتەوەو لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو فریادڕەسە پەیدا دەبێت.

خودی لە دایکبوونی زەردەشت بەشێوەیەکی سەیرو خاریق باسی لێوە دەکرێت: گوایە فریشتەیەکی ئاسمان چۆتە ناو ڕووەکی (هۆما) و لە ڕێگەی ئەو ڕووەکەوە گواستراوەتەوە بۆناو جەستەی کەنیزەیەکی پاک لە هەمان کاتدا تیشکێک لە ئاسمانەوە چۆتە ناو کەنیزە (عزرا) کە، واتە لە یەکگرتنی فریشتە کە بەتیشکی خواوەندی لە جەستەی کەنیزە پاکەکە زەردەشت لە دایک بووە.

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا: دایکی زەردەشت هەر کە زەردەشتی بەسک دەکەوێ ئەو منداڵە لەنێو سکی دایکی وەک تۆپە ڕووناکیەک نێومالی زەردەشت ڕووناک دەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە پاڵەوانانی ئەفسانەی ئێرانی کۆن کە خاوەنی (فەڕی ئیزەدی) و تەمەنێکی ئەفسانەییە (فەرەیدوون)ە.

ئەو فەرەیدوونەی کە لەگەڵ کاوە کۆتایی بەزوڵم و زۆرداری زووحاک هێنا.

فەرەیدوون دایکی ناوی (فرانک) بوو باوکی ناوی (ئابتین) بوو لەنەوەی پاشایان بوو، کە فەرەیدوون هاتە دنیا دایکی بۆ ئەوەی لە پیاوانی زووحاک بیپارێزێ، بردییە لای کابرایەک کە بە مێگەڵ مەڕو بەگاران مانگای هەبوو، ئەو کابرایە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەشیری مانگا بەخێوی کرد.

فەرەیدوون لە ڕەنگ و ڕوو و قەدوباڵا پاڵەوان و نەوەی شاهان بوو.

چیرۆکی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی لەنێو کوردەواریدا چیرۆکێکی پڕ لە کاری سەیرو ئەفسانەییە، شێخ فەرخ هەر لە منداڵییەوە کە تازە لە دایک دەبێ، دەکەوێتە قسە، دەست بەقسان دەکات، هەر ئەو منداڵە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی لەدایک دەبێ و لەژیاندا دنیایەک کاری سەیرو ناتەبا دەکات.

لە داستانی (مەمی ئالان)یش، منداڵ بوون هۆیەکی ئەفسانەیی هەیە، پیرەمێرد، یان خدری زیندە (سێوێک) دەداتە دەست میر تا لەتی بکات، لەتێکی بۆخۆی بخوا، لەتێکی ژنی، ئینشاڵلا کوڕێکیان دەبێ برایم پاشا دەبێ ناوی مەم کاکە مەم بێ.

ئەم شێوە لە دایکبوونە، نرخی پاڵەوان بەرزدەکاتەوە، دەیکات بە کەسێک لەنێوان ئەفسانەو واقیعدا.

لەژیانی هەندێک پاڵەوانی حیکایەت و ئەفسانەکاندا پاڵەوان لە دایکی دەپرسێ (باوکم کێیە، یان شوێنی باوکم لە کوێیە) واتە پرسیارکردنە لەمەڕ پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ نادیاردا. ئەم شتە زۆر دووبارە دەبێتەوە کاتێک پاڵەوان لە دایک دەبێ و باوکی نەماوە (مردووە)، یان باوکی لەشوێنێکی دیکەیە، بۆیە پاڵەوان لە دوای باوکی دەگەڕێ.

## ئەرک و کردەوەکانی پاڵەوان چییە؟

ئەرک و کردەوەکانی پاڵەوان دووجۆرە: جۆری یەکەمیان، کردەوە جەستەییەکانە وەک: ئازایەتی و مێرخاسی و پاڵەوان لەکاتی جەنگ و شەڕدا، یان لە کاتی ڕزگارکردنی ژیانی کەسێک، جۆری دووەم: کردەوە ڕۆحییەکانە کە پاڵەوان مومارەسەی ژیانێکی ڕۆحی و مرۆڤێکی باڵا ئەنجامی دەدات.

زۆری پاڵەوانەکان لە هەرەتی ژیان و لاوێتیدا واز لە کەسوکارو وڵاتی خۆیان دێنن، هەندێکیان کە پاشاو بەدەسەڵاتن واز لە پاشایەتی وڵات و ژیانی خۆشی و کەسوکار دێنن و ڕێگای هات و نەهات و پڕ مەترسی و ئەنجام ون دەگرنەبەر. ئەرکی یەکەمی پاڵەوان بریتییە لەوەی بەشێوەیەکی هۆشیارانە قۆناغەکانی خولی گەردوونی ئەزموون بکات، واتە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمە بەراییەکان بۆ ئەوەی سەر لەنوێ بەفرەیی لە دایک ببێتەوەو نامەو پەیامێکی پیرۆزوو نوێ بێنێتە ئاراوەو ڕیگەیەنێت.

ئەرکی دووەمی پاڵەوان بریتییە لە گەڕانەوەی لەناو دۆزەخ و دنیای ژێرەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەو ئاسایی بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێک مومارەسەی ژیان بکات و دوای گەڕانەوەی وەک ئەوەیە کە تازە لەدایک بووبێت و دەبێتە خاوەن هێزو توانایەکی مەزن و داهێنەر.

کارەکانی پاڵەوان لە بەشی دووەمی خولەکەدا هاوشێوازە لەگەڵ قووڵی شۆڕبوونەوەکەی لە بەشی یەکەمدا.

جیهانی مرۆڤی و جیهانی یەزدانی نمایندەی دووجیهانی جیاوازن وەک: ژیان و مەرگ، شەووڕۆژ، پاڵەوان جەربەزەی دەنوێنێ و لە دنیایەکی ئاشنا بەرەو تاریکایی و نادیار دەڕوات لەوێ خۆی دەهاوێژێتە مەترسییەوە و دووچاری ترسناکی دەبێت و کاتێک لەم قۆناغ و دەروازەیەوە ڕەت دەدات و لە دنیای نادیار و ترسناک دەگەڕێتەوە بۆ دنیای ژیانی سەر زەوی ڕۆژانە و نیعمەت و بەرەکەت و ئاسوودەیی لەگەڵ خۆیدا دێنێت.

بەپێی حیکایەت و ئەفسانەکان دنیای نادیار و شاردراوە درێژەپێدانی جیهانی ڕاستی و واقیعیە، بۆیە پاڵەوان بە ئاسایی لە جیهانی واقیعی بەرەو جیهانی نادیارو شاراوە دەچێت و کۆچ دەکات.

گەڕانەوەو دانان بە پاڵەوان کۆتایی خولی منداڵییەو خاڵی بنەڕەتییە کە دوای قۆناغی تاریکی، جەوهەری ڕاستەقینەی پاڵەوان دیارو ئاشکرا دەبێت.

بابەت و مەسەلەی ئەنجامدانی ئەرکێکی ترسناک، مەرجێکی سەرەکی و پێویستە بۆ ڕەزامەندی دەزگیران، ئەم ئەرکەش لە ئەفسانەی زۆربەی پاڵەوانەکان لە هەموو سەردەم و زۆربەی میللەتان هەیە و لەزۆربەی ئەفسانەکانیشدا ئەرکەکە بریتییە لە کوشتنی دێوێک، هەر کاتێکیش توانی لایەنە خراپ و شەڕانگێزەکە (دێو، پاسەوان، پاشای زۆردارو دڕندە) لاببات و بەسەریدا سەرکەوێ، ئەو کاتە هێزو سەرچاوەی ژیان ئازاد دەکات.

بۆیە پاڵەوان لە ئەفسانەو حیکایەتەکاندا بەوەدەناسرێ کە خێرخوازەو و هەر داواکاریەک لێی بکرێت جێبەجێی دەکات، هەر باشیەکەیەتی هانی دەدات بۆ ڕزگاربوون لە هێزی بەدو خراپە و بۆ وەڵامدانەوەی ئەو داواکاریانەی کەپێی دەسپێردرێت خۆی سازدەدا و لە کۆتاییدا پاڵەوان ئەوە دەسەلمێنێ کە توانای بەجێهێنانی ئەو داواکاریانەی هەیە.

ئەنجامدانی ئەرکێک بە ئاسانی پاڵەوان وەک مرۆڤێکی جیاوازو نائاسایی پیشان دەدات و لەوانی دیکە جیای دەکاتەوەو لە هەندێک حاڵەتدا پاڵەوان لە مەیدانی ژیانی ئاسایی دووردەکەوێتەوەو ڕوودەکاتە شوێنە شاراوەو کاریگەرەکان کە شوێنی ئاستەنگی ڕاستەقینەیە.

گەورەترین و باڵاترین ئەرکی پاڵەوان ئەوەیە کە زانیاری بەدەست بێنێ و بگاتە مەعریفەی یەکێتی خۆی لەگەڵ خواوەند.

ڕووبەڕوو بوونەوەو ململانێی پاڵەوان لەگەڵ خواوەندو هێزە باڵاکان، ئەزموونێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ بلیمەتی پاڵەوان.

لە هەندێک حاڵەتدا پاڵەوان فێڵ و سیحر بەکاردێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی و گەیشتنە ئامانجەکەی، هەروەک پرۆمسیۆس ئەوشتەی پەیڕەوکرد بەرامبەر خواوەند «زیۆس».

تێهەڵچوون و سەرکێشی و جەربەزەیی پاڵەوان، پرشکۆترین ساتەکانی ژیانیەتی، چونکە بەهۆیەوە دەگاتە ڕووناکی و درەوشانەوە و ڕێگای ڕووناکی دەدۆزێتەوە و دادەمەزرێنێ و جەوهەر و کرۆکی مرۆڤایەت لەوانەدا بەرجەستە دەبێت. ئازایەتی پاڵەوان لەوەدایە کە دڵسۆزە بۆ هەڵوێست و باوەڕەکەی خۆی و داکۆکی و ململانێ دەکات لە پێناو ئەو باوەڕە، ئەو باوەڕەی پاڵەوانیش قووڵتر و بەهێزترە لە ترسی مردن، ئەمەش وای کردووە. ئێمە بەردەوام پاڵەوانمان خۆش بوێت.

پاڵەوان و دوژمنەکانی هەمیشەو بەردەوام پێچەوانەو دژی یەکن، پاڵەوان لە پێناو ڕاستی تێدەکۆشێ، کەچی ئەوان لە پێناو خراپەو شەڕ خوازی، پاڵەوان هیواخوازەو گۆڕان دروست بکات و شتێکی نوێ بێنێتە ئاراوە.

دوژمنەکانی دەیانەوێت شتەکان وەک خۆی بمێنێتەوە،

ڕەنگە پاڵەوان و دوژمنەکانی ڕەمزوهێماو نمایندەی لایەن و هێزەکانی کۆمەڵگە بن، واتە ململانێی نێوان پاڵەوان و دوژمنەکەی سیمایەکی کۆمەڵایەتی هەیەو ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان چین و هێزەکانی ناوکۆمەڵگەیە.

شەڕو ململانێی پاڵەوان لەگەڵ هێزی بەد و خراپ لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نییە، بەڵکو لە پێناو باوەڕی مەزن و پیرۆزو ئازادییە.

بایەخدان بە هزرە مرۆییەکان و بەرژەوەندی گشتی و ئازایەتی و مساوەمە نەکردن بەهێزی ویست و ئیرادەیەکی بەهێز گەوهەری ڕاستەقینەی ئەفسانەی پاڵەوانانە.

کەواتە گرنگترین ئەرکی پاڵەوان لە ئەفسانەکاندا بریتییە لە پاراستنی توخم و نەژادی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە بوونەوەرە بەدو شەڕخوازەکان، ئەو بوونەوەرانەی هەڕەشە لە جیهان دەکەن و دەیانەوێت لەناوی ببەن، بۆیە پاڵەوان لەوساتەدا دێت و سەرهەڵدەدات و جەربەزەیی دەنوێنێ و لەگەڵ ئەم بوونەوەرە دەجەنگێ و تێهەڵدەچێ و خۆی دەهاوێتە ناو مەترسییەوە و ئەو دەسکەوتانە بەدەست دێنێ کە مرۆڤایەتی بەهۆی ئەو دەسکەوتانە ماوەتەوە، دیارترین شێوازەکانی ئەم پاڵەوانەتییەش بریتین لە: گلگامش، هەرقەل، ڕاما،.... و لە میتۆلۆژیای جیهانی (چەندین لەم کردەوە پاڵەوانانەمان بەرچاو دەکەوێت وەک: خواوەندی میسری (ڕاع) کە لەگەڵ ئەژدیها (ئەبوب) دەجەنگی، لە ئەفسانەی سۆمەریدا ئەنکی دژی کورا دەجەنگێ و مەردۆک دژی تیامەت و لای حیسیەکان خواوەندی باوبۆران جەنگ لەگەڵ ئەژدیها (ئیللویانکا) دەکات.

ئەو ململانێ و جەنگانەش بەناوی ڕزگارکردنی جیهان ئەنجام دراون.

پاڵەوانی هەر خێڵ و گەلێک خۆی و کارەکەی بۆ گەلەکەی تەرخان کردووە.

لە ئەفسانەو مێژووی گەلی کوردیشدا ئەم جۆرە کەسایەتی و پاڵەوانانە بەرچاو دەکەوێت، کە باسی واقیعی مێژووی کورد دەکەن بەشێوەیەکی ئەفسانەیی وەک گێڕانەوەی دروست بوونی میللەتی کوردو مێژووی کاوەی ئاسنگەرو جەژنی نەورۆز، قەڵای دمدم، شۆڕشی شێخ مەحموودو.... تاد.

بۆیە کەسایەتی مێژوویی و ئایینیەکان کە دەکەونە نێو دەقی ئەفسانەیی، گۆڕانی زۆریان بەسەردا دێ.

# شانۆی بووکەشووشەی ئاو لە ڤێتنام

دانا ڕەووف
(سوێد)

لە ساڵی ١٩٧٥دا جەنگی ڤێتنام- ئەمەریکا و جەنگی ناوخۆیی ڤێتنامییەکان خۆشیان کۆتایی هات. ڕووداوەکانی ئەو جەنگە خوێناوییانە، نایەکسانییە هەموو جیهانی هەژاند بوو. خودی خۆم وەک خەونێکی دووروکاڵ، هەندێ وێنەی تەمومژاوی و دەنگ و باسەکانی ئەو جەنگەم لەیادە. لەو بڕوایەشدام کە لەو ڕۆژگارەدا ڕووداوەکانی ئەو جەنگە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و کەناڵەکانی میدیاو دەنگ و باسەکانی ئێمەی بەشێوەیەکی تەواوەتی نەگرتبێتەوە، بۆیە ڕووداوە وردەکانی ئەو جەنگە لە یادەوەری ئێمەدا نییە.

لە هەشتاکاندا و بە ڕێکەوت و لە شاری بەغدا فیلمی ئەپوکالیبس Apokalyps، واتە (دنیا سەرەو ژێربوون)م دی. لە بنەڕەتدا فیلمەکە نزیکەی پێنج کاتژمێرە و باسی لاپەڕەیەک لەلاپەڕە خوێناوییەکانی جەنگی ڤێتنام دەکات. بێگومان لە سینەماکانی بەغدای پایتەختی ئەوکاتە، ئەو فیلمە بەلەت و پەتی پیشان دراو هەمووی تەنیا کاژێر و نیوێک بوو، بەڵام کۆمەڵێ دیمەن و کارەکتەری فیلمەکە لە مێشک و یادەوەریمدا بە تایبەتیش دیمەنەکانی سەرەتا و کۆتایی فیلمەکە مایەوە: ڕووبار، دەریاچە، دارستان و جەنگەڵێکی گەورە، فڕۆکە هێلیکۆپتەرەکانیش وەک کوللە بە ئاسماندا دەخولانەوە، لە چرکەساتێکی خێرا و چاوەڕواننەکراودا هێلیکۆپتەرەکان دارستانێکی گەورە بۆردومان دەکەن، هەموو دارستانەکە گڕی گرت و یەک پارچە پەردە سپییە گەورەکەی سینەماکەش بووە دۆزەخ و ئاگرێکی گەورە. هەر لە چاو ترووکاندنێکی تردا، دیمەنەکە دەگوێزرێتەوە بۆ پانکەیەکی گەورەی بنمیچی ژووری میوانخانەیەک،



ژیان و گوزەرانی ڤێتنامییەکان

دەنگی هێلیکۆپتەرەکان تێکەڵاو و مۆنتاژ کرابوو لەگەڵ دەنگ و خولانەوەی پانکەی ژوورەکەدا. یان دیمەنەکانی کۆتایی فیلمەکە کە هەر لە خەونێکی دێوەزمە و ترسناک دەچوو.

لە نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردوودا و لە سوید بۆ چەند جارێک ئەم فلیمەم بە تەواوەتی دیبیەوە، بە هەمان شێوە کاری تێکردم و بیرم لەوە دەکردەوە سەردانێکی ڤێتنام بکەم، بەڵام لە بری ڤێتنام و لەو ساڵانەدا و بۆ ماوەی مانگێک سەردانی وڵاتی چینم کرد. زۆرم مەبەست بوولە نزیکەوە لە هونەری ئۆپێرای پەکین بکۆڵمەوە، ئۆپێرای پەکین لقێکی دەوڵەمەند و بە بەهای شانۆی ڕۆژهەڵاتە و زۆر لە شانۆکارانی جیهان، بەتایبەتیش شانۆکارانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سوودیان لێوەرگرتووە، بەڵام ڤێتنام وەک چین و ژاپۆن و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵات، وڵاتی شانۆ نییە و هێندەی من بزانم داب و نەریتێکی دێرینی شانۆییان نییە، لە بری ئەوە ڤێتنامییەکان شێوازێکی شانۆیی تریان هەیە کە زۆر تایبەتە بەخۆیان و لە هیچ وڵاتێکی تر لە دنیادا وێنەی نییە، ئەو شانۆیەش بە شانۆی بووکەشووشەی ئاو ئاماژەی بۆ دەکرێت(١)، بەڵام ڤێتنامییەکان لە بری شانۆ، ئەدەبێکی دێرین و دەوڵەمەندییان هەیە و ڕەگوریشەی ئەو ئەدەب و وێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر(٢).

**بەرایی گەشتێک**

لە مانگی دوازدەی ساڵی دووهەزار و پێنجدا دەرفەتی سەردانێکی ڤێتنامم بۆ ڕەخسا و بۆ ماوەی یەک مانگ لەم وڵاتەدا مامەوە(٣). مەبەستیش لەم گەشتە سەردانی شانۆی ئاو وگەڕانێکی ورد بوو بە سەراپای ئەم وڵاتەدا.

هەرچەندە ڤێتنام وڵاتێکی ئێستا گەورەی یەکگرتووە، بەڵام جیاوازییەکی لەبەرچاو لەنێوان باکوور و باشووری ئەم وڵاتەدا هەیە. باکوور سەد دەر سەد کۆمۆنیستە و لەژێر سێبەری یادەوەرییەکانی (هۆشیمین ١٨٩٠- ١٩٦٩ Ho Chi Minh)ی سەرکردەیاندا دەژین، باشووریش کۆمۆنیستە، بەڵام کۆمۆنیستێکی ناچارکراو زیاتر ئامێزیان بۆ ڕۆژئاوا و ئەمەریکا کردۆتەوە(٤).

تارماییەکانی ڕابردووی جەنگیش لەم بەشەو بەتایبەتی لە شاری سایگۆن، پایتەختی باشوور بە ئاشکرا دیارە(٥). هەر لەم شارەدا مۆزەخانەی تایبەت بە جەنگی ڤێتنام و ئەمەریکا، پاشماوەکانی چەکی ئاسایی و قورس، فڕۆکە، کۆشکی سەرۆکایەتی باشووری ڤێتنامی جاران، تونێلەکانی ژێر زەوی و جێگاکانی خۆشاردنەوە، بەندیخانەکان و تەنانەت ژووری ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان و مل پەڕاندنیش کراونەتە شوێنی گشتی و ڕۆژانە هەزاران گەشتیار لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێدەکەن، بەڵام ئێمە گەشتەکەمان لە سایگۆنەوە دەست

پێنەکرد و بۆ بینینی ئەم شوێنانەش نەهاتووینەتە ڤێتنام، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئێمە سەردانی شانۆکان و پێوەندی دروستکردن بوو بە جیهانی هونەری ئەم وڵاتەوە.

## باکووری ڤێتنام و شانۆی بووکەشووشەی ئاو

شانۆی بووکەشووشەی ئاو، وەک فۆرمێکی هونەری، ترادیشونێکی زۆر دێرینی ڤێتنامییەکانە و زیاترلە باکووری ڤێتنام سەری هەڵداوە. لە شەستەکانیشەوە بەنێو باشووری ڤێتنام و هەموو جیهانیشدا بڵاوبۆتەوە. نەژادی ئەم هونەرە دێرینەش دەگەڕێتەوە بۆ گەمەی جووتیارەکانی ناو کێڵگە فراوانەکانی برنج: ئەو جووتیارانە لە کێڵگە ئاوییەکانی برنجدا کاریان کردووە و ئاوەکە بۆتە شانۆیەکی دینامیکی بۆیان، یان لە ڕوانگەی زریان و لافاوە گەورەکانی ئەم ناوچانەوە، شانۆی بووکە شووشە دروست بووە.(٦). مێژووی ئەم شانۆیەش لە هەزار ساڵ زیاترە و خودی ناوەرۆک، ستایل و فۆرمەکەش گوندنشینەکان خۆیان ئامادەیان کردووە. بۆ نموونە چیرۆکی میللی، ئاژەڵ و باڵندە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا؛ هەندێک جار ئاژەڵ و باڵندەی ئەفسووناوی، یان ئەفسانەی خواستراو و چیرۆکی هەژدیهاکان، بابەتی سەرەکی نەمایشە ئاوییەکانیان بووە. هەمیشەش ئەم نەمایشانە لە ڕووبار، دەریاچە، کێڵگە بە ئاو داپۆشراوەکانیاندا نەمایش کراوە(٧)، بەڵام هونەرمەندەکانی ئەمڕۆ شانۆیەکی چوار گۆشەیی پڕ لە ئاو لە بری ڕووبار و کێڵگە بە ئاو داپۆشراوەکان بەکاردەهێنن. ئاوی شانۆکەش بە مەبەست لێڵە تا ئەومیکانیزمە بشارێتەوە کە بووکە شووشەکان هەڵدەسووڕێنێ. ئاژەڵ، باڵندە و کارەکتەرە لە تەختە دروستکراوەکان (بووکەشووشەکان) تا نزیکەی بیست سانیتمەتر لەئاوەکەوە دێنە دەرەوە، یان لە ئاوەکەوە نزیکەی بیست سانتیمەترێک بەرز دەبنەوە و کێشی هەریەکەشیان پازدە تابیست کیلۆیە. هەموو بووکەشووشەکانیش، کە هەریەکەی ڕۆڵ و کارەکتەری تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڕەنگی سەوز و زەردی بریقەدار ڕەنگ کراون، هەر یەکێک لەم بووکەشووشانەش تەنیا سێ تا چوار مانگ بەکاردەهێنرێت، دوای ئەوە دەبێت سەرلەنوێ بووکەشووشەیەکی تر لە بری ئەوە دروست بکرێت(٨)

یازدە ئەکتەر، یان هونەرمەندی بە سەلیقە کە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ لە قوتابخانەیەکی تایبەتیدا خوێندوویانە و خۆیان بۆ مەشقی تایبەتی ڕاهێنان و بەکارهێنانی ئەو بووکەشووشانە ئامادەکردووە، لە هەموو نەمایشێکدا بەشداری دەکەن. ئەکتەرەکان لەپشت چیخێکی لە قامیش دروستکراوی ڕەنگاو ڕەنگەوە خۆیان شاردۆتەوە، هەندێ لەبووکەشووشەکان بە داری زۆر درێژەوە قایم کراوە،هەندێکی تریان بەبنەمایەکی بزۆزەوە، ئەم بنەمایەش بە دارێکی درێژەوە



شانۆی بووکەشووشەی ئاو

بەستراوەتەوە.

زۆربەی بووکەشووشەکان سەر و جەستەیان بە ئاسانی دەجوولێتەوە و لە تاریکییەکەشدا بینەران وا هەست دەکەن کە بووکەشووشەکان بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆن. بێگومان بەکارهێنان و جوولانەوەی بووکەشووشەکانیش زانیاری و لێزانینێکی زۆری گەرەکە، بەپێی دابونەریتە کۆنەکانی ئەم هونەرەش، شانۆی بووکەشووشەی ئاو وەک پیشەیەکی گرنگ بەنهێنی پارێزراوە و زیاتر لە باوکەوە بۆ کوڕەکانیان بەجێ ماوە. بە هیچ شێوەیەک ئەم نهێنییە فێری کچەکانیان ناکەن، لە ترسی ئەوەی کچ شوو دەکات و لە خێزانەکانیان دەچێتە دەرەوە، بەم چەشنەش ئەو نهێنییەش لەگەڵ خۆیان دەبەنە دەرەوە.

مۆسیقاکە لەلایەن ئۆرکێسترایەکی تایبەتمەندەوە پێشکەش دەکرێت، هێندەی خودی نمایشەکە گرنگە. مۆسیقا ڕۆڵێکی گرنگ و ئامادەبییەکی هەمیشەیی و بەردەوامی لە ژیانی گەلی ڤێتنامدا هەیە(٩).

لە شانۆی بووکەشووشەی ئاودا، بە تەنیشت شانۆ ئاوەکەوە و لەلای دەستەچەپ و بە بەرزاییەکەوە خودی ئۆرکێسترا و گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکان دانیشتوون. ئامێرە مۆسیقا بەکارهێنراوەکانیش بریتین لە شمشاڵی لە دار دروستکراو، ئامێری تری هەوایی، تەپڵی بازنەیی، جۆرە سەکسیڤۆنێکی لە قامیش دروستکراوی تایبەتمەند و ڤیتارەیەکی میللی ڤێتنامی. نمایشەکان کۆمەڵێ کارەکتەر، کەسایەتی میتۆلۆژی، ئاژەڵ و باڵندە لەخۆ دەگرێت و بەشێوەیەکی گشتی باسی ژیانی گوندنشینەکان دەکات، هەروەها بەرجەستەکردنی هەندێ کارەکتەری پاڵەوان ئاساش نمایشەکان پێک دەهێنن. یەکێک لە دیمەنە دیارەکان باسی دەمەقاڵێ و شەڕی نێوان ماسیگرێک و ئەو ماسییانە دەکات کە ڕاوی کردوون. دیمەنەکە زۆر کۆمێدییە و لەهەمانکاتدا هێندە ڕازاوە و بە سەلیقە ئامادە کراوە، هەروەک ئەوە وایە ماسی ڕاستەقینەیان بەکارهێنابێ. هەروەها هەژدیهایەک دەردەکەوێت کە ئاگر لە دەمییەوە دێتە دەرەوە، یان کوڕێکی منداڵی شمشاڵ ژەن بە سواری کەرەکەیەوە غار غارێن بەناو ئاوەکەدا دەکات.

نمایشی بووکەشووشەی ئاو چەندە پڕ لە چێژە، هێندەش ڕازاوە و جوانە، ئاوەکەش لە بری تەختەی شانۆ، ئاستی دراماتیک و گەمە شانۆییەکە بەرز دەکاتەوە، بۆ نموونە کە بووکەشووشەکان لە بنی ئاوەکەوە دێنە دەرەوە، یان کە لەپڕ ون دەبن وەک پرۆسەیەکی



کارەکتەرە ناسراوەکانی شانۆی بووکەشووشەی ئاو

تەلیسماوی دێتە پێش چاو.(١٠)

ئەو نمایشەی من لە شاری هەنۆی بینیم هەڤدە تابلۆی دەگرتەخۆ، تابلۆکانیش وەکو زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو یەکتری تەواو دەکەن، تێکرای نمایشەکەش لەژێر ناوی پرۆژەیەکی مۆسیقیدا پێشکەش دەکرێت. تابلۆی یەکەم، لەدوو تویی گەمەیەکی هەڵپەرکێ، گۆرانی و مۆسیقاوە ئالای فیستیڤاڵەکە هەڵدەگرێت، لە تابلۆی دووەمیشدا حیکایەتخوان سەرەتای ڕووداوەکان ئاشکرا دەکات. یەکەم ڕووداوەکانی تابلۆی سێیەم کە ناوی (سەمای هەژدیها)یە، چوار هەژدیها پێکەوە لە ئاوەکەدا سەما دەکەن، هەژدیها وەک سمبول و وەک ئەفسانە، بەهاو ڕەنگە پیرۆز و جیاوازەکانی کولتووری گەلی ڤێتنامە و لەم نمایشەشدا سەماکەیان سەمای قوتار بوون و گەڕانەوەیە بۆ نەژاد و ڕەگە ڕەسەنەکانی خۆیان. تابلۆکانی تریش یەک لە دوای یەک بەم شێوەیە بوون: چیرۆکی بزنە کێوی و جووتیارەکان، گرتنی بۆقەکان، قاز و مراوی و ئاژەڵی ئاوی و هەروەها جۆرەکانی ماسی. ئاهەنگی دروێنەی دەغڵ و دان، گەڕانەوە بۆ شوێن نزرگە و شوێنی لە دایکبوون دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، سەمای شێر و سەمای باڵندە. گەشتی (لێ لۆ)ی پادشا بە بەلەم: لێرەوە چیرۆکی گەڕانەوەی شمشێر، وەک داستانێکی دێرین بەهایەکی گرنگ لە شانۆنامەکەدا لەخۆ دەگرێت، لەم دیمەنەدا چیرۆکی سەرکەوتنە مەزنەکانی (لێ لۆ)ی پادشا بەسەر داگیرکەرەکانیدا دەگێڕنەوە. لەبەرئەنجامەکانی ئەم بەسەرهاتەدا (مینگ)ی پاڵەوان شمشێرە ئەفسووناوییەکە دەبەخشێت بە کیسەڵە گەورە و زەبەلاحەکە، کیسەڵ لێرەدا هێمای ژیری و ژیانێکی ناکۆتا و هەتا هەتایی و خلوودە.

دوای ئەم دیمەنانە، نەمایشەکە وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا دێت و زیاتر ڕووبەڕووی واقیعی ژیانی ڕۆژانە دەبێتەوە، بۆ نموونە منداڵان لە دەریاکاندا گەمە دەکەن، پێشبڕکێی بەلەم، گەمەی تۆپ، سەمای جادووگەرەکان و لەبەرئەنجامیشدا ئاهەنگ و سەماکردن بۆ چوار ئاژەڵە پیرۆزەکە.

**ئۆپێرا لە هەنۆی**

گۆرانی ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڤێتنامدا دەگێڕێ، زۆرجار گۆرانی دەبێتە کۆدی قسەکردن و ئامرازێکی گرنگی پێوەندی و گوزارشت ئامێز. ئەم کولتوورەش زۆردێرینە و دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە. بێگومان شێوازەکانی گۆرانیش ئۆپێرا نییە، بە هەمان شێوە ئۆپێراش هەموو شێوازەکانی گۆرانی لە خۆناگرێت و لەم دە ساڵەی دواییشدا هونەری گۆرانی و ئۆپێرای ئەوروپیش، وەک کاردانەوەیەکی سیستەمی نوێی جیهان و گلۆبالیزم، لەناو گۆرانی و مۆسیقای ڤێتنامیدا بڵاوبۆتەوە و کاریشی تێکردووە.

لە شاری هەنۆی پایتەخت خانووبەرەیەکی گەورەی کۆشک ئاسا بۆ هونەری ئۆپێرا بنیات نراوە. ئەم کۆشکە لە ساڵی ١٩١١دا دروست کراوە و جێگای نۆ سەد کەسی تێدا دەبێتەوە. ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە لە یەکێک لە بانێژە گەورەکانی ئەم خانووبەرەیەدا، کە دەڕوانێ بەسەر ناوەندو شەقامە گەورە و سەرەکییەکەی شاری هەنۆیدا و لە ڕۆژی ١٦ی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٤٥دا بانگەشەی سەربەخۆیی و گەڕانەوەی شاری هەنۆی بۆ باوەشی ڤێتنام کراوە. ناوی ئەم کۆشکەی ئۆپێراو بە زمانی ڤێتنامی (نەهات لۆن)ە، Nha Hat Lon گەر ماناکەشی دەقاو دەق بکەینە کوردی دەبێتە (خانووی گۆرانی گەورە)«١١». ئێستە لەم خانووی گۆرانییەدا کۆنسێرتی مۆسیقای کلاسیکی ئەوروپی، مۆسیقای میللی و کلاسیکی ڤێتنامی، کۆنسێرتی مۆسیقای ڕۆک، شانۆنامە، شانۆی ئاهەنگ ئامێز و سەمای تیا پێشکەش دەکرێت. هەروەها گرووپە میوانەکانی دەرەوەی وڵاتی ڤێتنامیش هەر لەم شانۆیەدا بەرهەمەکانیان پێشکەش دەکەن.

**هەوویێ شاری سیزەرەکان**

هەوویێ شارێکی گەشت و گوزارە، شارێکی گەورەیە و ناوچەیەکی کولتووری دەوڵەمەندە. ئەم شارە لەنێوان ساڵانی ١٨٠٢ تا ١٩٤٥ پایتەختی سیاسی ڤێتنام بووە، لەم ماوەیەشدا سێزدە سیزەر لەبنەماڵەی -Mguy en حوکمڕانیان کردووە. هەروەها ئەم شارە لەمێژە سەنتەرێکی بە بەهای ڤێتنامییەکان بووە بۆ کولتوور، ئایین و خوێندن. (١٢)

ئەمڕۆ گۆڕی سیزەرەکان لەم شارەدا بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە و ساڵانە لە شارەکانی تری ڤێتنام و وڵاتانی دنیاوە هەزاران کەس ڕووی تێدەکەن. لە ساڵی ١٩٩٢وە ئەم شارە لەلایەن ئۆرگانی یونسکۆوە وەک شارێکی کولتووری جیهانی ناوزەد کراوە. لەم شارەدا ناوچەیەکی گەورە لە بەشی لای چەپی ڕووباری بۆ نخۆش بەناوی (سیتا دێلت)ەوە هەیە، ئەم ناوچەیە نزیکەی دە کیلۆ مەتر درێژە و لە ساڵی ١٨٠٤دا دروست کراوە. لەم ناوچەیەدا گەلێک پاشماوەی دێرینی بەنرخ لە کۆشک،



**ئەکتەرەکانی شانۆی بووکەشووشەی ئاو**



**ڕووکاری دەرەوەی شانۆی شاهانە لە شاری هەوویێ**

باخ و باخات، جۆگە و ڕووبار، بازاڕ و شانۆ پارێزراوە و دیوارێکی گـەورەی شـوورا ئاسـا بەچواردەوریدا دروست کراوە، هەروەها چەندین مۆزەخانەی جۆراوجۆریش لەخۆ دەگرێت. خودی شووراکە جۆرە شوورایەکی بەرگری بووە و تائێـسـتـاش هەندێ تاوەری سـەربازی و چاوەدێری وەک خۆیان ماونەتەوە.

لەم ناوچەیەدا چۆنیـــەتی بنیـــاتنان و ئەندازەی خـــانووبەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەکـــارهاتووە و زۆر بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشیش تێکەڵاو کراوە. ئەم شارە زۆر دەوڵەمەندە بە پاشماوە کۆنەکانی، من بەش بەحاڵی خـۆم گۆڕی قـەیسـەرەکـان بە تەواوەتی سـەرسامی کـردم. لەناوچەی جـۆراوجـۆردا پادشـا و قـەیسـەرەکـان بەخـاک سپێردراون، شوێنی گۆڕەکانیان کۆشکی باڵا و باخچەی ڕازاوە و ڕووباری سازگارە.

## گۆڕی سیزەرەکان

گۆڕە پادشایەتییەکانی خێزانی نیگیـوییێن Nguyen لە ناوچەیەکی حەوت کیلۆمەتریدا بڵاوبوونەتەوە و گۆڕی پادشـاکـان و بنەمـاڵەی پادشـایەتی نیگیـوێن لەنێـوانی ساڵەکانی ١٨٠٢- ١٩٤٥دا لەخۆ دەگرێت. ئەم ناوچە بەرفـراوانە لەکـاتی جـەنگەکـانی ناوخۆ، پەلامـارەکـانی فەرەنسییەکان و تەنانەت لەکاتی جەنگی ئەمەریکاشدا بەدوور بووە لە هەمـــوو جـــۆرە تاڵانی و بۆردومـــان و کـاولکارییـەکـەوە. گـۆڕی مین مـانگ Minh Mang یەکێکە لە بەرزترین هونەرەکانی خانووبەرەی ڤێتنامی و ئەفـســوونێکی گـەورە و جـادوو ئامـێـز لەخـۆ دەگـرێت، هەروەها گۆڕەکانی تو دێو و کایدین Tu Duc, Khai Dinh ئامـاژەیەکی ئاشکرای پووکـانەوە و لاوازبـوونی دەسەڵاتی پادشایەتی خێزانی نیگیوێنە. کۆمەڵێ توولە ڕێی باریک بەنێو کێڵگەی برنج، شەکر، باخ و باخات و هەندێ جـار دارسـتـــانی چڕ و ڕووباری گـەورەدا بەرەو دەروازەی گـۆڕەکـانت دەبات. (ئێـمـە بە ڕێنمـایی ڕێ پیشاندەرەکانمان بە بەلەم، ماتۆڕ و پێی خۆمان دەگەیاندە گۆڕەکان.)

گـــۆڕەکـــان وەک کـــۆشکی گـــەورە دروست کـــراون، پەرسـتگا، شـوورای بەربن، نەخش و نیگاری زۆر ورد و جوان و چەندین ژووری پاسەوان و سەرلەشکرەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها دارسـتـانی گەورە لە دۆڵەکانی نزیک ڕێگاکـانەوە بەرز بوونەتەوە و شـوورا و پەرژینێکی سەوز و ســرووشـتـــیـــان بەچوار دەوری ئەو ڕووبەرە بەرینەی گۆڕەکـاندا دروست کردووە. ڕووباری شینی ئاسمـانی لە هەمـوو لایەکەوە چوار دەوری گۆڕەکانی داوە، لە دوورەوە وا مـەزەندە دەکـرێت کە گـۆڕەکـان لەسـەر ڕووبەری ئاو و ترۆپکی دار سنووبەرەکان و بەرزایی ئاسمانێکی بەریندا دروست کراون. ئەوەی جێگای ئاماژە و سەرسوڕمانیشە، هەمـــوو گـــۆڕەکـــان و زۆر بە وردی لەلایەن بنەمـاڵەی ئەو پادشـایانە و لەکـاتی ترۆپکی دەسـەڵاتدا، کـە لە ژیـاندا بوون نەخشـەیان بۆ کـێـشـراوە و شـوێنی تایبـەتیـان بۆ تەرخـان کـردووە. لە دەروازەی زۆربەی گـۆڕەکـانیـشـدا پەیکەری لەشکر و ســەرباز و پاســەوان، بۆ پاراستن و پارێزگاری گۆڕەکان دروست کراون، ئەم پەیکەرانە هێمای دەسەڵات و گەورەیی و بەردەوامی ئەو خێزان و پادشایانە

بوون و له هەمانکاتدا ئاماژەیەک بوون بە نەمری هێزی دەسەڵاتی خواوەندی پادشاکان.

**شانۆی شاهانە**

ئەم پادشایانە گرنگییەکی زۆریشیان بە هونەر داوە و لە پاڵ دروستکردنی کۆشک و تەلاری گەورەکانیاندا، چەندین شانۆشیان دروست کردووە. یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین شانۆکانیش شانۆی شاهانەیە و لە هەزار و هەشت سەدەکاندا مەڵبەندێکی گرنگی کات بەسەربردن و چێژوەرگرتنی بنەماڵەی نیگیوێن بووە. ئەم شانۆیە و لە شاری هەوویێ دەکەوێتە ناوچەی سیتادێلت و شانۆیەکی زۆر کۆنە و سەرچاوەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٨٢٦دا دروست کراوە و زیاتر ئۆپێرای کلاسیکی تێدا پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر شانۆنامەی مۆسیقی و بووکەشووشە و سەمائامێزیشی تێدا نمایش کراوە.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە هەموو خانووبەرەی شانۆکە لە دار دروست کراوە و هیچ جۆرە بزمارێکی تێدا بەکارنەهاتووە. دواتر لەبەر گرنگی شانۆکە و بڵاوبوونەوەیەکی زیاتری هونەری مۆسیقا و بە بڕیارێکی شاهانە شانۆکە کراوەتە کۆنسۆرڤاتۆر و مەڵبەندی پەیمانگا و ئەکادیمیای مۆسیقی.

ئەم شانۆیە لەنێوان ساڵی ١٩٩٥ و ٢٠٠١دا تازە کراوەتەوە و دەرگاکانی بۆ بینەران و گەشت و گوزارەکان کراوەتەوە. زۆربەی ئێوارانیش نمایشی جۆراوجۆر: قەرەقۆز، خەیاڵی، سێبەر، شانۆی بووکەشووشە، شانۆی ئاهەنگ ئامێز، شانۆی ترادیشونی ڤێتنامی و کۆنسێرتی مۆسیقی تێدا پێشکەش دەکرێت.

بەرلەوەی ئەم شارە بەجێ بێڵین نمایشێکی سەما ئامێزی ڤێتنامیم لەسەر شانۆی شاهانە دی، نمایشەکە تێکەڵاوێک بوو لە گۆرانی، سەمای ئەکرۆبات، سەمای میللی و سیمایەکی کۆمێدی لەخۆدەگرت. لەم نمایشەدا هێندەی زمانی جەستە، هێما، بەکارهێنانی تەکنیکی شەڕ و پاڵەوانبازی، ئاماژە و بەکارهێنانی دەمامکی جۆراوجۆر، بایەخ و ڕۆڵی گەورە و دیاریکراوی هەبوو، هێندە وشە و دیالۆژ ئەو ڕۆڵەی نەبوو، بەڵکو زمان لە پەراوێزی هێما و ئاماژە وێنەییەکاندا بوون.

جلوبەرگی میللی ڤێتنامی بە ڕەنگە سوور و زەرد و سەوزە زەقەکانییەوە تووخمێکی گرنگی پێکهاتەی هەموو نمایشە شانۆییەکانی ئەم وڵاتە پێکدەهێنێ.

ڕۆژی دوایی بە شەمەندەفەر بەرەو شارۆچکەی (هۆی ئان) ڕۆیشتین، ئەم شارەش یەکێکە لەکۆنترین شارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و مەڵبەندێکی گرنگی کولتووری جیاواز و ناوەندێکی دێرینی ئایین و شارستانیەتی کۆنی گەلانی ڤێتنامە(١٣).

**سەما لە کولتووری شامەکاندا**

ڤێتنام ناوەندێکی گرنگ و بەناوبانگی شوێنەوارەکانی کولتووری شامەکانە Cham- Kulturen، شاری



**دیمەنێک لە نمایشێکی شانۆی شاهانە**

(می سـون)یش My Son له دێر زەمـانەوە بۆتە ناوەندێکی ڕۆشنبیری و ئایینی خەڵکی شامەکان. هەندێ لەبۆچوون و هەڵکۆڵینە ئەرکیۆلۆژییەکانیش ئاماژەی ئەوە دەکەن کە تەنانەت پادشاکانیشیان لە دەوروبەری شاری هۆن ئان، ناوچەکانی می سۆن و چیا بەرزەکانی ئەم ناوچانە نێژراون.

دەسەڵات و شارستانییەتی ئەم گەلە زۆر گەورە و بەربڵاو بووە، بۆ نموونە ئەمڕۆ پاشماوەکانیان لەولاتانی تریشدا زۆر بە ئاشکرا دەبینرێ، لەوانە کەمبۆدیا، میەمار،تایلاند، بۆرما و ناوچەکانی دەوروبەری یاڤە و یاکارتا لە ئەندۆنیسیا(١٤).

پاشماوەکانی ئەم شارستانییەتە لە شارۆچکەی هۆی ئانی ڤێتنامی دەکەوێتە نێوان کۆمەڵێ دۆڵ و گردی پشت زنجیرە چیایەکی بەرزەوە، ناوچەکە زۆر باراناوییە و هەر لەبەر ئەوەشە زنجیرە چیاکان، دۆڵ و دارستانە چڕەکانی چوار دەوری هەمیشە سەوزن و زەوی و زارەکەشی زۆر بەپیتە. پاشماوەی پەرستگاکانی ئەم گەلە لەپشت چیاکان و لەنێو کۆمەڵێ دۆڵی گەورەی یەک بەدوای یەکدا بەرزبوونەتەوە. ناوچەی می سۆن ناوەندێکی ئایینی و کولتووری گەورە بوو و لەکۆتایی ساڵەکانی سێ سەدەوە تا ساڵەکانی هەزار و دوو سەد مەڵبەندی دەسەڵاتی Bhadravarmanی پادشا بووە و یەکەم پەرستگاکانیشیان هەر بۆ ئەم پادشایە دروست کردووە.

گەلی شام چەندین پەرستگای گەورە و پیرۆزیان بۆ پادشاکانیان دروست کردووە، پادشاکان دەسەڵاتێکی خواوەندییان هەبووە و هەر بە تەنیا فەرمانڕەوا نەبوون، بەڵکو زۆر پیرۆز بوون و پلەو پایەیەکی مەزنیان هەبووە. ئەم گەلە لەو بڕوایەدا بوون کە پادشاکانیان پێوەندییەکی خواوەندییان هەبووە، ئەم پێوەندییەش لە کاریگەری (شیڤا)ی خواوەندا وەدەرکەوتووە، شامییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە شیڤای خواوەند پاراستوونی. ناوی پادشاکەشیان، وەک وشەیەکی لێکدراو ناوی شیڤای هەڵگرتووە: (Bhadr) ناوەکەی خۆی بووە و (esvara)ش مانای شیڤای خواوەند دەگەیەنێت.

پەرستگاکانیان زۆر گەورە، بەرز و بەربڵاوبووە و چەندین ڕیتواڵی ئایینی و کولتووریيان تێدا ئەنجام داوە، دیدەنی پادشاکانیان تێدا کردووەو میحرابێکی پیرۆزی خواوەندەکانیشیان بووە. زۆربەی ئەم پەرستگایانە هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نییە، بەشێوەی تاوەر بەرز بوونەتەوە و



یەکێک لە کارەکتەرە میللییەکانی شانۆی ڤێتنامی

جێگای تایبەتی ئاگر و قوتیلەیان بۆ دروست کراوە(١٥). من کەخۆم چوومە ناو یەکێک لەم پەرستگایانەوە، ترسێکی گەورە دایگرتم، تاریکییەکی ئەنگوستە چاوی سەد دەر سەد، بێدەنگییەکی ڕەها و تەنیاییەکی ناکۆتا و تەلیسماوی پەلکێشی کردم بۆ جیهانێکی زۆر دوور و جیاوازتر لەوەی کە لە دەرەوە هەیە.

پەرستگاکان لەخشت، یان لە گڵ دروست کراون، بەڵام لێکۆڵەرەوان تا ئێستا نازانن چۆن و بە چ کەرەستەیەک، گەر خشتە چ خشتێک، گەر لەگڵیش دروست کراون چ گڵێک و لەکوێوە هێنراون. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە تاکو ئێستا نازانرێ بەچ مادەیەکە ئەو گڵ و بەردانەیان پێکەوە قایم کردووە.(١٦)

یەکێک لە سیما و تووخمە گرنگەکانی ڕیتواڵ و کولتووری ئەم شارستانییەتە دێرینە سەمایە؛ سەما بنەما پیرۆز و ئاماژە دینی و دەروازە ڕۆحییەکانی ئەم گەلەی پێک هێناوە(١٧).

پێش نیوەڕۆیەکی باراناوی بەجێبێکی کۆنی ئەمەریکی و بە تووله ڕێگاکانی چیاو دۆڵەکانی ئەم ناوچە سەختەدارڕۆیشتین، تا ئەو ئاستەی چیتر ئۆتۆمۆبیل ڕێگای دەرنەدەکرد. دوای ئەوە بەناو دارستان و ڕێگا باریکەکاندا بەرز دەبووینەوە، خل دەبووینەوە بۆ خوارەوە و بەبێ وچان و بۆ ماوەیەک ڕۆیشتین، تا گەیشتینە چەقی ناوچەی پەرستگاکانەوە. دوای پشوویەکی کورت سێ سەمازانی شامی سەمایەکی بێ وێنەیان بۆ کردین.

خودی سەماکە دەگەڕێتەوە بۆجۆرە جوولەیەکی نهێنی: سەرەتا لە ڕووبەرێکی نەبینراودا جەستەی سەمازانەکان دەجوولانەوە، نهێنی ڕیتواڵێکی دینی، مۆسیقایەکی پڕ لە ڕیتم وئاوازێکی زیاتر نزیکە لە هندی و ڕۆژهەڵاتییەوە گەمەی لەگەڵ ئەتمۆسفیرە شاراوەکەدا دەکرد. چەندە گوێمان لە مۆسیقاکە ڕابگرتایە، هێندە زیاتر بە پەرۆشی ئاشکراکردنی نهێنییەکان و کردنەوەی کۆدەکان دەبووین. باران بەردەوام دەباری، دەنگی تکەی باران و مۆسیقاکە تێکەڵاوی جەستەی سەمازانەکان دەبوون، کە سەمازانەکانیشی دەرکەوتن، جوولەی دەست و پەنجە هێندەی تر تەلیسمی نهێنییەکانی ئاڵۆزتر دەکرد(١٨).

سەماکە باسی عەشقی پادشا و بەخشندەیی خواوەند و پیرۆزی بارانی دەکرد، باران هێمایەکی پیرۆزە و هەربۆیە سەمازانەکان ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و بۆ تاوێک پەنجە و مەچەکی سەمازانی خۆشیان خستە بەر بارانەکە و سەمای عەشق و جووتبوونیان لەژێر بارانەکەدا کرد. بەم شێوەیە ئێمەشیان ناچارکرد بچینە بە بارانەکە و بەشداری ڕیتواڵی خۆر و پەلکە زێرینە بکەین، لەگەڵ نەرمەی باران خۆرێکی بروسکە ئاسا لە دامێنی چیاکانەوە دەرکەوت و چێژێکی تایبەتمەندی پێبەخشین. سەماکە بە ڕیتواڵێکی نهێنی دەستی پێکرد، بە ڕیتواڵێکی نهێنیش کۆتایی هات، لە چاوترووکانێکدا سەمازانەکان بە هەمان شێوەی سەرەتا، لەنێو دەنگی مۆسیقا و ئاوازی باران و سیمای حەپەساوی ئێمەدا ون بوون. بە چەپڵە ڕێزانی ئێمەی بینەرانیش نەهاتنە دەرەوە، کۆتایی وەک سەرەتا سەفەرێکی نهێنییە و پێویستە هەر کەسێک بۆ خۆی پەند و فەلسەفەی تایبەتمەندی خۆی لەو گەشتە نهێنییەدا بدۆزێتەوە.

دوای تەواوبوونی سەماکەش باران بە تەواوەتی خۆشی کردووە و پەلکەزێڕینەیەکی جوان، کەوانە ئاسا و وەک دەمێکی پڕ لە خەندە ئاسمانی گرتەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- هونەری شانۆ لە وڵاتی ڤێتنام، بە چەشنی شانۆی ڕۆژهەڵاتی مۆسیقا، گۆرانی، سەما، هونەری پانتۆمیم و دیالۆژ لەخۆ دەگرێت، ئەم هونەرانەش پێکەوە و وەک فۆرمێکی تایبەتمەند کۆدەبێتەوە. شانۆی ڤێتنامیش لە بنەڕەتدا لەپێنج فۆرم و شێوازی جیاواز پێکهاتووە.



پاشماوەکانی کولتوور و شارستانی شامەکان



سەمازانەکانی سەمای شامی

* شانۆی کلاسیکی: ڕەگوڕیشەی شانۆی کلاسیکی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوپێش و بەشێوەیەکی گشتی لە دوو لقی جیاواز پێک هاتووە، یەکەمیان پێی دەوترێت (هات تیونگ) Hat Tuong و زیاتر لەباکووری ڤێتنام بڵاوە، بەڵام (هات بۆی) Hat Boi لە باشووری ڤێتنام بڵاوە. شانۆی کلاسیکی ڤێتنامی لەسەر بنەماکانی ئۆپێرای پەکین بنیات نراوە، هەندێ لەسەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ئەم فۆرمە کلاسیکییەی شانۆ، لەگەڵ پەلامار و داگیرکردنی مەنگۆلییەکانەوە هاتۆتە ڤێتنامەوە. شا[تران هونگ داو Tran Hung Dao لە ساڵەکانی ١٢٠٠کاندا سوپای مەنگۆلییەکان دەشکێنێ و دەتوانێت لە سنوورەکانی وڵاتی ڤێتنام بیانکاتە دەرەوە.] جوولانەوە، بەکارهێنانی زمانی جەستە، گۆرانی و مۆسیقای شانۆنامەکانی هات تیونگ زۆر نزیکە لە شێوازەکانی شانۆی چینی بەگشتی و ئۆپێرای پەکین بە تایبەتی. ئەم شانۆیە ئۆرکێسترایەکی شەش کەسی لەخۆ دەگرێت، ئامێری جۆراوجۆری تەپڵ، لایەنێکی گرنگ و ڕاستەوخۆی ئەم ئۆرکێسترایەیە.

زۆرجار بینەرانیش تەپڵێکیان هەیە و لەکاتی پێویستیدا بەشداری ڕووداوەکانی نمایشەکە دەکەن. بەکارهێنانی تەپڵەکانی بینەران ناچێتە دووتوێی گرووپی ئۆرکێستراکەوە، بەڵکو خۆبەخۆ، یان بە بەشداری و ڕێنمایی ئۆرکێستراکە، ڕۆڵە دیاریکراوەکانی خۆیان دەبینین. کارەکتەرەکانی ئەم ئۆپێرا کلاسیکییە لە شانۆی ڤێتنامیدا زۆر دیاریکراوە و بینەران زۆر بە ئاسانی ئەو کارەکتەرانە و سیمای ڕۆڵەکانیان دەناسێتەوە. بێگومان ئەو کەسایەتییانە دەمامک و جلوبەرگی تایبەت و نەگۆڕی خۆشیان هەیە، ئەم فۆرمەش دەروازەیەکی تری ڕاستەوخۆی ناسینەوەی ئەو کەسایەتییانەیە. بۆ نموونە دەموچاوێکی سوور ڕەنگکراو، یان لە هەندێ هەڵوێستەی جیاوازدا، بەکارهێنانی دەمامکێکی سوور، هێمای ئازایەتی، لایەنگیری و وەفایە، کارەکتەری توندوتیژ و خۆ فرۆشەکان زیاتر دەموچاویان دەمامکی سپی لەخۆ دەگرێت. خەڵکی گوندنشین و بیابانەکان دەمامکی سەوز بەکاردەهێنن، بە پێچەوانەی خەڵکی چیا نشینەکانەوە کە دەمامکی ڕەش دەپۆشن. برۆی ڕەش و ڕێک نیشانەی کەسایەتی ڕێک و ڕاستە، برۆی بەرز و کەوانەییش هێمای بە زەبرو زەنگەو برۆی نزمیش ئاماژەیە بۆ کەسایەتی ترسنۆک و بێ هێز. کارەکتەرێکی پیاو دەتوانێ گوزارشت لە زۆر هەست و سۆزی جۆراوجۆر بکات، بۆ نموونە بیرکردنەوەیەکی قووڵ، دڵەڕاوکێ، تووڕەیی، شپرزەبوون، بێ ئارامی، تەنیا بەهۆی چۆنیەتی بەکارهێنانی پەنجە و دەست هێنان بەڕیش و سمێڵدا.

* شانۆی میللی: ئەم شانۆیەش بە ڤێتنامی پێی دەوترێت (هەت شیو) Hat Cheo و بڵاوترین شێوازە



**گۆڕەپانی گۆڕە پادشاییەکانی شاری هەوویێ**

میللییەکانی شانۆیە و فۆرمێکی شانۆی مۆسیقی لەخۆ دەگرێت، ئەم شانۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە گوند و هەرێمە چڕو میللییەکاندا بڵاوە، زۆرجار لە بازاڕە گەورەکاندا نەمایشەکانیان پێشکەش دەکرێت. بابەتە سەرەکییەکانی ئەم شانۆیە لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخولێتەوە و بەشێوازێکی ساتیر و گاڵتەئامێز ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانیان دەخەنە ڕوو. گۆرانی لایەنێکی گرنگی ئەم شانۆیەیە و وەک تەکنیکێکی تایبەتمەند ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبات. زمانی خەڵکی سادە و ژیانی ڕۆژانەی مامەڵە و ناو بازاڕ و گوندەکان، گەمە، نوکتە و گاڵتەئامێزی تایبەت بەناوچە و هەرێمە جۆراوجۆرەکان فەرهەنگ و دەستەواژە و زمانی ئەم نەمایشانە پێک دەهێنن. ئاواز و میلۆدییەکانی ئەم نەمایشانە کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ناو ڕەگوڕیشە میللییە دێرینەکانی کولتووری ڤێتنامی و زۆر دەوڵەمەندە بە ڕیتم و تۆنی جۆراوجۆر.

* شانۆی مۆدێرن: (شای لیونگ) Cai Luong ڕەگوڕیشەی ئەم شانۆیەش زۆر دێرین نییە و لەناوچەکانی باشووری ڤێتنامدا بڵاوە و زیاتر لە ساڵەکانی ١٩٢٠دا سەری هەڵداوە. شانۆی مۆدێرنی ڤێتنامی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەرییەکانی شانۆ و ستایلی شانۆی ڕۆژئاوادا دروست بووە. لەم شانۆیەدا پیەسەکانی شانۆی ئەوروپی لەلایەک و شانۆی ڤێتنامی، چینی و هەندێ لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لەلایەکی ترەوە پێشکەش دەکەن.

شێوازێکی شانۆیی تریش هەیە و زیاتر بە شانۆی قسە، یان گفتوگۆ ناوزەد کراوە (کیس نۆی)، ڕەگوڕیشەی ئەم شانۆیەش دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی ڕۆژئاوا و شانبە شانی شانۆی مۆدێرنی ڤێتنامی لە بیستەکانی هەزارەی ڕابردوودا سەری هەڵداوە. ئەم شانۆیە ڕەواجێکی زۆری لەنێوان قوتابیان و ڕۆشنبیرەکاندا هەیە.

* شانۆی بووکەشووشە و شانۆی بووکەشووشەی ئاو شێوازێکی زۆر تایبەتمەند و دانسقەی ڤێتنامە و ئەم شانۆیە لە هیچ شوێنێکی تری جیهاندا وێنەی نییە. شانۆی بووکەشووشە ئاساییەکە بە (ڕۆی کان) Roi Can و شانۆی بووکەشووشەی ئاویش بە (ڕۆی نیکۆ) Roi Nuoc ناسراون. ڕەگوڕیشەکانی ئەم دوو شانۆیەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و فۆرمە ترادیشونییە کۆنەکانی کولتووری ڤێتنامی.

٢- سەرەتاکانی ئەدەبێکی نووسراوی ڤێتنامی، لە هەردوو ڕووی ستایل و ناوەڕۆکەوە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ئەدەبی چینی بەسەرەوەیە، ئەدەب و وێژەی ڤێتنامی، بە ئەلف و بێی چینی نووسراوە. ئەدەبی ڤێتنامی سەرچاوە ڕاستەوخۆکانی لە بوودیزمەوە وەرگرتووە و لەم ڕووەشەوە یاسا و بنەمایەکی توندوتیژی دینی، فۆرم و شێوازەکانی ئەو ئەدەبەی دروست کردووە. لە ساڵەکانی نۆسەدەکان بە دواوە، هێدی هێدی ئەدەبی ڤێتنامی زیاتر گەشە دەکات، لەژێر ڕکێف و کاریگەری ئەدەبی چینی دێتە دەرەوە و فۆرمێکی جیاوازی خۆی

دەستەبەر دەکات، بەڵام لە ساڵانی (١٧٠٠)ەکاندا دەگاتە ئاستە بەرز و دانپیانراوەکانی. گرنگترین شاکارە ئەدەبییەکانی ئەم قۆناخەش بریتییە لە هەردوو ڕۆمانە شیعری گلەییەکانی ژنی سەربازەکە وکیم و کێوی لەنووسینی (نیگیوان دیو) Nguyen Du. ئەم دوو شاکارەش هەردووکیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی سوێدی و چاپ و بڵاوکراونەتەوە. لەپاڵ ئەو ئەدەبە نووسراوە دێرینەدا، داب و نەریتێکی دەوڵەمەندی ئەدەبێکی سەرزارەکیش هەیە. ئەدەبە سەرزارەکییەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و شێوازە تایبەتمەندەکانی گێڕانەوە و نەوە لە دوای نەوە پارێزراوە. لەم ئەدەبە سەرزارەکییەشدا هونەرەکانی گێڕانەوە، گۆرانی، مۆسیقاو هەندێک جاریش سەما لەخۆ دەگرێت. هەمیشە ئەدەب و کولتوور بەهایەکی گەورە و ڕۆڵێکی لەبەرچاوی هەبووە لەلای گەلی ڤێتنام بەگشتی و ناسیونالیستەکان بە تایبەتی.

٣- ڤێتنام وڵاتێکی زۆر گەورەیە و ڕووبەرەکەی ٣,٢٩٠,٥٦٦ کیلۆمەتر دووجایە و بە درێژایی ٣,٢٦٠ کیلۆمەتریش ڕووبار و دەریاچەی تێدایە و سنوورەکانی ڤێتنام بە وڵاتی لاوسەوە ١٦٥٠ کیلۆمەتر، بە وڵاتی چین ١١٥٠ کیلۆمەتر و بە وڵاتی کەمبۆدییاشەوە ٩٥٠ کیلۆمەتر. سەرژمێری ئەم وڵاتەش هەشتاو چوار ملیۆنە و سێزدەیەمین گەلە لە ڕووی زۆری دانیشتووانەوە لەجیهاندا.

٤- لەکاتی شەڕی ڤێتنام و شەڕی ناوخۆیدا، ڤێتنام دوو وڵات بوو، باکوور و باشوور، باشووریش بە یارمەتی هێزەکانی ئەمەریکا دژی باکوور شەڕیان دەکرد تا بەر لە ڕەوتی کۆمۆنیستی باکوور بگرن.

٥- لەنێوان ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٧٥دا ڤێتنام دابەشکرابوو بەسەر دوو بەشدا: باکووری ڤێتنام و باشووری ڤێتنام، یەکەمیان کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی و شاری (هەنۆی) پایتەخت بووە، دووەمیشیان کۆماری ڤێتنام و شاری (سایگۆن) پیتەخت بووە. مێژووی ڤێتنام مێژوویەکی پڕ لە جەنگ، داگیرکردن، پەلامار و هێرشکردنە سەرە، بۆ نموونە لەماوەی هەزار ساڵدا، لەساڵی ١١١ی بەر لە دایکبوون تا ساڵی ٩٣٨ی دوای لە دایکبوون لەژێر دەسەڵاتی چیندا بووە. دوای ئەوە ڤێتنام بۆ ماوەی ٩٠٠ ساڵ سەربەخۆ بووە، تا لە ساڵی ١٨٥٩دا فەرەنسا شاری سایگۆن و باشووری ئەم وڵاتە داگیر دەکات. فەرەنسا بۆ ماوەی سەد ساڵ ڤێتنام داگیر دەکات و بۆ یەکەم جار دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩٤٥دا لەم وڵاتە دەکشێنەوە. دوای ئەوە کارەساتێکی تری سی ساڵی جەنگ و پێکدادان سەرانسەری وڵاتی ڤێتنام دەگرێتەوە، بۆ نموونە تا ساڵی ١٩٥٦ ڤێتنامییەکان دژی فەرەنسا دەجەنگن، دژی خۆیان (شەڕی ناوخۆ) و دژی ئەمەریکییەکان و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٥ەوە ئاشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم وڵاتە. لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٦یشەوە هەردوو بەشەکەی ڤێتنام باکوور و باشوور یەک دەگرێتەوە.

٦- هەندێ لە سەرچاوە و سەرگوشتە زۆر دێرینەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرەو پێشەوەچوونی ئەم فۆرمەی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ کەللە ڕەقی هەندێ لە ئەکتەرە ڤێتنامییەکان، ئەو ئەکتەرانەی تەنانەت لەکاتی لافاوە گەورەکانی ئەم وڵاتە باراناوییەدا شانۆنامەکانیان لەناو ڕووبارو دەریاچەکاندا پێشکەش کردووە. یەکەم تەقەلاکانی ئەم شانۆ بووکەشووشەی ناو ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١١٢١.

٧- لە سەرەتادا لەم شانۆیەدا بووکەشووشەی لە دار دروستکراو بەکاردەهێنرێ، بووکە شووشەکانیش بە دارێکی تری پێنج مەترییەوە داکوتراوە و لەناو ئاوەکەوە دێنە دەرەوە. لە گوند و هەرێمە جیاوازەکاندا لەنێو دەریاچەکەدا پانتاییەکی دیاریکراو دەکەنە سەکۆی شانۆکە و بینەرانیش لەنێو بەلەمە بچووکەکانییاندابە چوار دەوریدا کۆدەبنەوە. خودی ئەکتەرەکان لەناو ئاوەکەدا بە ژێرە مەلە کارەکتەرەکان (بووکە شووشە لە دار دروستکراوەکان) دەهێننە دەرەوە و گەمەی پێدەکەن.

٨- بووکە شووشە دروستکردن لە ڤێتنام بۆتە پیشە و پیشەسازییەکی گەورە و بازرگانییەکی بەربڵاو، چەندین گوند لە دەوروبەری شاری هەنۆی پایتەخت خەریکی دروستکردن و ئامادەکردنی ئەو بووکەشووشانەن بۆ شانۆی بووکەشووشەی ئاو. هەروەها باڵندە، ئاژەڵ و کارەکتەرەکانی تری ئەم نەمایشانە بوونەتە هێما و کەسایەتی ناسراو، خەڵکی و گەشت و گوزارەکان لە خودی شانۆکە و لەناو بازاڕەکانی باکووری ڤێتنامدا دەتوانن بیانکڕن.

٩- هەرچەندە مۆسیقای چینی، هندی و شامی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر مۆسیقای ڤێتنامییەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆسیقای ڤێتنامی مۆرک و شێوازێکی ڕەسەن و تایبەتمەندی خۆی هەیە. مۆسیقای ڤێتنامی دابەش دەکرێت بەسەر سێ خانەی جیاوازدا:

میللی و ئاوازی دڵداری، ئاوازی تایبەت بەکارکردن، ئاهەنگ و زەماوەند، لایلایەی منداڵ، گلەییکردن، پرسەنامە و لاواندنەوە بەدەم خەم و پەژارەوە. ئەم جۆرە گۆرانییانە بەبێ مۆسیقا دەوترێت.

مۆسیقای کلاسیکی، ئەم مۆسیقایەش ڕاهێنانێکی زۆر لەخۆ دەگرێت و تایبەت بووە بە دیوەخانەکانی پادشا و ئاغا و دەرەبەگەکان. ئۆرکێسترای ئەم مۆسیقا ترادیشونییە کلاسیکییە پێکهاتووە لە چل مۆسیقاژەن.

١٠- لە ساڵی ١٩٦٩ و لە گەرمەی شەڕی ڤێتنامدا، شانۆی بووکەشووشەی ئاو لە هەنۆی پایتەختی ڤێتنام و باکووری ئەم وڵاتەدا دروست دەکەن. شانۆکەش خانووبەرەیەکی گەورە لەخۆ دەگرێت و بنکەیەکی گرنگی بڵاوکردنەوە و نەمایشکردنی شانۆی بووکە شووشەی ئاوە. پانتایی شانۆکە حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاوە و لە قووڵایی ئەو شانۆ ئاوییەشدا فۆندییەکی ڕەنگاوڕەنگ بەرزبۆتەوە. شێوازەکانی تەکنیک و بەکارهێنان و نەمایشکردنی ئەم شانۆ ئاوییە نهێنییە و بووکەشووشە لەدار دروستکراوەکان، یان لە پشتی فۆندەکەوە، یاخود لەنێو خودی شانۆ لە ئاو دروستکراوەکەوە دێنە دەرەوە. ئاوەکەش بەشێکەلە ڕووداوەکان و گیان دەکات بە بەری ئەو بووکەشووشە لە دار دروستکراوانەدا. خودی ئەکتەرەکانیش، مرۆڤەکان، لە پشت فۆندەکەوە و لەسەر ئەژنۆ، یاخود بە ژێرە مەلە، بەبێ ئەوەی دیاربن لە بینەرانەوە بووکەشووشەکان دەجووڵێنن.

١١- لە شاری (سایگۆن)یش لە باشووری ڤێتنام بە هەمان شێوە خانووبەرەیەکی گەورەی هاوشێوەی شاری هەنۆی هەیە، ئەم شانۆیە لە ساڵەکانی ١٨٩٩دا فەرەنسییەکان دروستیان کردووە.

١٢- چوار بیری فەلسەفی و دینی، ژیانی ڕۆحی گەلی ڤێتنامی پێک هێناوە: کۆنفوسیانیزم، تاویزم، بوودیزم و مەسیحی.

١٣- چەندین کولتوور و کەمایەتی جۆراوجۆر لە وڵاتی ڤێتنامدا دەژین، ئەم کەمایەتییانە ڤێتنامی نین و نەژاد و ڕەگوریشەی جۆراوجۆریان هەیە و هەموو یەکێکیش لەم کەمایەتییانە زمان، داب و نەریت و سەمای میللی و مۆسیقای تایبەتمەندی خۆیان هەیە. لەم چەند ساڵانەی دواییدا ئۆرگانی یۆنسکۆ و بە یارمەتی دامودەزگا کولتوورییەکانی ڤێتنام چەندین لێتوژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییان لەسەر ڕەگوریشەی ئەم کولتوور و گەلە جیاوازانە کردووە، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوانەش ئەوە بووە کە هونەر وترادیشوونی کەمە نەتەوایەتییەکانی ناو ڤێتنام زیندوو بکەنەوە و بەرەو پێشەوەیان ببەن.

١٤- شمپا پێوەندییەکی چڕو توندوتۆڵی بە یاڤەوە هەبووە، بۆ نموونە خوێندکاریان ناردووە بۆ یاڤە و پێوەندی بازرگانی نێوانیان زۆر بەربڵاوبووە. هەروەها شاکاری سیرامیکی شمپا لەیاڤە دۆزراوەتەوە و لە دەوروبەری ساڵەکانی ١١٠٠یشدا، یەکێک لە پادشاکانی شام ئافرەتێکی یاڤەی خواستووە.

١٥- لە نزیک بنمیچەکانی ئەم پەرستگایانەوە و بە هەر چوار لادا تاقی بچووک بچووک دروست کراوە، لەم تاقانەدا، یان ئاگریان کردۆتەوە، یان چرای تایبەتمەندیان داناوە.

١٦- پاشماوەکانی ئەم پەرستگایانە بەسەر دە یەکەی جیاوازەوە دابەش کراوە، هەر یەکەیەک شوێنی جیاواز و مەڵبەندی هەمەچەشن و جێگای پادشاکانیان بووە. وەک لە باسەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە ئەم پەرستگایانە لە ساڵەکانی سێ سەدی زایندا دروست کراون و بە شێوەی تاوەر بەرز بوونەتەوە. پەرستگاکان کاری تایبەت، ناونیشانی جیاواز، بەهاو ڕۆڵی هەمەچەشنیان هەبووە: پەرستگایەکی تایبەت بۆ پاراستنی کتێبە پیرۆزەکان، پەرستگای کەرەستەی ڕیتواڵە دینییەکان، پەرستگایەکی تر کە تایبەتە بە نوێژکردن لە میحرابی شیڤای خواوەند، پەرستگای سەمای شیڤا و سەماکانی تریان.

١٧- سەمای کولتووری شامی و شارستانییەتی یاڤە لە سەمای هاوچەرخی جیهانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە بەشێکی زۆری سەمازان و کۆریۆگرافە جیهانییەکان ڕوویان کردۆتە ئەم ناوچانە و سەمای ئەم گەلەیان خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوە و سوود لێوەرگرتن. لەسوێد ڕیژبسۆر و کۆریۆگرافی گەورە ماتی ئێک بۆ چەندین جار هاتۆتە ئەم ناوچانە و لەنزیکەوە سوودی لە جووڵەی دەست و مەچەک، جەستە و زمانی ئاماژەی ئەم سەمازانانە وەرگرتووە.

١٨- تەکنیکی سەماکە نزیک بوو لە تەکنیکەکانی سەمای (کاتاکی) هندییەوە، من وای بۆ دەچم کە کولتوور و سەمای شارستانییەتی شامەکان کاریگەرییان بەسەرکولتوور و سەمای کۆنی هندییەوە هەبووبێت.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی کۆیە لە ڕوانگەی مامۆستا (تایەر ئەحمەد حەویزی)یەوە

وریا ئەحمەد

لە کـــۆیە دەنگخـــۆش زۆر بووە، بە زۆری خـــاوەن پیـشـەکـانی وەک: سـۆڵدروو، ئیـمـەنی درووی، خـەڕەک ڕێس، بەرگدروو.. هەبوو قـورئانی بەدەنگ دەخـوێندەوە، کـەسی واش هەبوو مـەقـام و بەسـتـەی کـوردی دەگـوت، کڵاوەکەی دەهێنا سەر لاتیلاکی سەری و قۆڵ و بازووی لێهەڵدەکرد و گۆرانی بە ئوسووڵ و وەستایانە دەگوت، بە تایبـەتی خـەلفـە جـاحێڵـەکـان، بەئاوازە خۆشـەکـانیـان، کـارکـەرانیـان دەهێنایە جـۆش و خـرۆش، نەیان دەزانی کاتەکەیان چۆن لێ دەڕوا و کەی بانگی نیوەڕۆ و عەسرێ دەدا، دەنگیـان لەناو بازاڕ و قەیسـەرییەکاندا هەڵدەکرد، بەبێ ئەوەی شەرم بکەن، یان لەلایان عەیب بێت.

لەزەمانی (ئەمین ئاغا) بە تایبەتی، لەکۆیە گوتن ببووە باو و نرخی درابوویە، دەتوانین بڵێین: «بەشێکی زۆری دارایی حاجی بەکر ئاغای باوکی، لە پێناوی ئاهەنگ و ئاواز و گوتن، دانا!)، پیاوە ئیختیارەکان دەڵێن: (ئاواز لە کەللەوە نەیەت، خۆش نییە!) گۆرانیبێژەکان کەمیان هەبووە، لەسـەر گـۆرانی گـوتن ژیانیـان دابین کـردبێت، بەڵکو ناچار بوونە، کارێک بکەن، تا بەهۆیەوە، خۆیان و ماڵ و منداڵیان بەڕێوەبەرن.

بەهاری کـۆیە بەدەشت و دەر و ڕەز و باغـەکـانی، زۆر کـاریگەر بووە، بۆ بزواندنی دەمـاری گـۆرانیـبـێـژەکـان، بەتایبـەتی لە وەرزی بەهاردا، لەکـاتی سـەیرانەکـاندا، هاژەی ڕووبار و چەهچەهەی بلبـلان، سۆزی تەواویان بە گۆیندەکان بەخشیوە.

### ئامێرەکانی مۆسیقا لەناوچەی کۆیە

(دۆڵ و زوڕنا) زۆر کـۆنن، (دەف)یش هەر لە بۆنەیەک

لێدراوه، كه پێوەندی به خۆشی و ناخۆشی ئایینییەوه هەبووه (بلوول) و (دووزەلە)دەشتییەکان بە کاریان هێناوه! مریدی شێخەکان و لەشکری سەردارەکانیش(تەپڵ) یان بەکارهێناوه. به دۆڵ لێدەرو زورنا نگێریان گوتووه: (چاوەش)، چونکه به شاباش و بەخشیش ژیاون، هەرچەندە ئەوانە شایی خۆشکار و ڕەشبەڵەک گێڕیش بوونه، بەڵام خاوەنەکانیان لەناو کۆمەڵدا بەچاوێکی سووک تەماشا دەکران و ڕێزی خۆیان نەداونەتێ ئەوانیش وەنەبێ دڵیان بەم کارەی خەڵکی گەچرا بێ، بگره گوێیان نەداوەتێ، لە کوێندەر شاییەک گەڕا بێ بانگ کراون و بە ڕوویەکی خۆشیشەوه بۆیان چوونه و موزیکی خۆیان لێداوه.

## ئامێری (زورنا) به زۆری له شاری مووسڵ دروست دەکرا

(حاجی عەلی بنجوو) بازرگانێکی کۆیی بوو، له ساڵی (١٨٩٠)دا، لەگەڵ کەسێکی کۆیی و سلێمانی، لەبەغدا لە چایخانەیەک دادەنیشن، پێیان دەڵێن: (کەسێکی خەڵکی سلێمانی تازه له شاری (بۆمبای) گەڕاوەتەوە، لەخانی (حاجی قەدوری)یە، شتێکی لەگەڵ خۆی هێناوه (گرامەفۆن)ی پێ دەڵێن! هەموویان هەڵدەستن و دەچنە لای بۆ خانێ و پێی دەڵێن: (فلان، دەڵێن شتێکی وات هێناوه؟) دەڵێ: (ڕاستە، بەڵام لەناو باردایە و لەناو سندووقە و مشەمای تێ ئاڵاوە) ئەوانیش تۆبزی لێدەکەن کە دەبێ هەر بچێ بیهێنێ و بیبینن! بۆیان دەهێنێت و بۆیان لێدەدات، لە پاشان یەکێک عەشەرە قورئانێکی لەسەر گرامەفۆنەکە دەخوێنێت و گرامەفۆنەکە وەری دەگرێ و دەیڵێتەوە حاجی عەلی کاتێک لەو سەفەرە گەڕابووەوە کۆیە، ئەگەر ئەو کەسانەی کە لەوێدا لەگەڵیدا بوون، شایەدیان بۆی نەدابایە، نەیدەوێرا باسی گرامەفۆنەکە بکات!

لەپێش (سەفەر بەرلگ)ی کاتێک قەوانیان هێناوەتە کۆیە، شەوێکی لەماڵی (مەلا ئەحمەد ئاغای مام سلێمانی) بووەتە ئاهەنگ و (حاجییە فەندی) دەنگی خۆش بووه و عەشەرە قورئانێکیان بۆ لەسەر تۆمار کردووه.

(عەبدوڵڵا فەندی)یەکی ڕەشتاڵە هەبووه، عارەب بووه، له زەمانی عوسمانی لەکۆیە «گرامەفۆن»ی هەبووه، عەسرێکی سندووقەکەی دەهێننە دیوەخانی (جەمیل ئاغا) و دەست بە لێدانی گرامەفۆن دەکەن، هەندێ (هەواوی- خەڵکی گەڕەکی هەواو) لەدوای نوێژی عەسرێ- له مزگەوتێ دەگەڕێنەوە ماڵ، لەبەر دەرکی دیوەخانێ، کەمێ ڕادەوەستن و گوێیی ڕادەگرن کە دەچنەوە ماڵ، باوەڕیان نەکردبوو، دەیان وت: (ئەوە، یان زەلامێکیان لەناو سندووقەکە داناوە، یان لە پشت سندووقەکە خۆیان شاردۆتەوە!).

(عەبەی چایچی) سندووقی لێدانی هەبوو (مەبەست لەگرامەفۆنە) چایخانەی له مەیدانی خوارێ بوو، سەماوەرێکی لە ئێرانەوە بۆ هاتبوو (سوار ئاغای پیران) پەنجا لیرەی دەداتێ، پێی نافرۆشێت، کە سەماوەر بە جۆش دەهات، عەبە بەرامبەری دادەنیشت و دەستی بە گوتنێ دەکرد.

(جەلال ئەفەندی حەوێز ئاغای) ساڵی(١٩٣١) کە بووه بە مامۆستا، ئامێرەکانی (عود) و (کەمانجە)ی هەبووه و ژەنیونی. (مەلا فەتحوڵڵای مەلا عەباس)یش گرامەفۆنی هەبووه.

(قادر ئاغای سلێمان ئاغای محەمەد ئاغا)ی ئامێری (قانون)ی هەبووه وژەندوویەتی و مەقاماتی باشیشی زانیوه.

(عەلی غالب) کە له کۆیه بەڕێوەبەری گومرگ بووه، خەڵکی بەغدایێ بووه و (حەمید ئەفەندی) مەئمووری بەریدیش ئامێرەکانی (قانون، کەمان، تەپڵ)ی هەبووه، تاقمێک بوون زۆر خۆش و تەواو بوون، موزیکیان دەژەند.

لەزەمانی ئینگلیزەکان (حەکیم)ی چایچیش زوو قەوانی هێنا، بۆ یەکەم جار (ڕادیۆ) له چایخانەی (بناوان) دانابوو، بە پاتری تەڕ ئیشی دەکرد و (محەمەد ئەفەندی مەلا واحید)ی، بۆی دادەمەزرێنیت.

(حاجی عەولای کەبابچی مام جومعە) و (حاجی محەمەدی کاڵەک دروو) و گەلێکی دی دەیان وت: (ئەوە درۆیە! ئەو کۆلکەداره چۆن قسە دەکا، وا دەچینە دیوی(تاتووکان) بانگ دەدەین، ئەگەر ئازایە با وەریگرێت! ئەگەر شەیتانی تێدا نییە؟!

زۆرجار (کێوەلی) هاتوون و له دەرەوەی شار هەڵیان داوه، جاحێڵ و هەرزەکار شەوان بەدزی چوونەتە لایان، (دمبک)یان لێداوه و ئافرەتەکانیان بە دەم گۆرانییەوه سەمایان کردووه، هەبووه نێرینه بووه، سەمای کردووه پێیان گوتووه: (شەکەره) و عارەبی حوشترەوان و چۆڵ

پەرست، ئامـــــێـــــری (ڕەبابە)یان پێ بووە، لە بۆ ڕەزەوانەکـانی کـۆیە (ڕەبابە)یان لێـداوە بە عــەرەبی، بەڵکو هەندێکیان بەکوردیش شتیان گوتووە، بەرامبەر بەوە، ڕەزەوانەکان پارە، یان ڕزقیان داونەتێ.

لەدوای (گرامەفۆن) داهاتن، ڕۆژێکیان لە (مووسڵ) (ناسر ساکۆ) کە بازرگانێکی حاڵ خۆش بووە، بە (سەید ئەحمەدی) دەنگخۆش دەڵێت: (جارێکی ٥٠٠ ڕۆپیەم) خەرج کرد ،هەتا گوێم لەدەنگت بوو، بەڵام ئێستا بە (١٠) فلس گوێم لە دەنگت دەبێ! کە وای پێ دەڵێت، سەید ئەحمەد دەست بە گریانی دەکات، مەبەستی ساکۆ ئەوە بووە: کاتێک دەنگی سەید ئەحمەد، خراوەتە سەر قــەوانێ و بڵاوبۆتەوە، خـەڵک بۆ چایخـانان چوونە، چایەکـیـان بە (دە) فلس خـواردووەتەوە و گـوێیـان لە دەنگی بووە، بە (گرامەفۆن) دەیانبیست.

بە پایزان و زستانان زۆر دەنگخۆشی لای (سەردەشت) و (سابڵاغ) پەیدا دەبوون، بەشێوەی موکریانی گۆرانییان دەگـوت، بە زۆری بەسـتـە و بەندی شـایـیـان دەگـۆتن، هەندێکیان هەتا سەرەتای بەهاریش لە کۆیە دەمانەوە، هەندێ لە وانە ئامێرەکانی (دووزەلە) و (تەپڵ)یشـیان پێ بوو، پیشەیان هەرگوتن بوو.

حەکیمی چایەچی لە چایخانەی مەیدانی سەرێ بوو، (سەید سەلمانی) بەجوقەوە دەهێنا و (عود کەمانجەو دەف و تەپڵ)یشیان پێ بوو. شەوێکی (عەبد جاسم) سەید سەلمانی دەباتە ماڵی (حاجی محەمەدی عەلی)، هەتا (سەید) گوتنێ دەڵێ حاجی محەمەد هەر فرمێسکێ دەبارێنێ. لە سـاڵی ١٩٢٦ چایەچییـەکـان لەکـۆیە، دەروێش (سمـایلی سەرمـا بردی)یان ناسی، ئەو پیاوە دەفژەن و ئاوازدانەرو دەنگخۆش بوو، لەڕەمەزانان دەیان هێنا، جارێکیان (میرزا محەمەد ئەمین) لێی تووڕە دەبێ و بە دەروێش دەڵێ: (من چیبکەم؟ گەنجەکان دەڵێن: (بزمارەمان بۆ بلێ!).

(شەهابەی)ی هەولێری لەساڵی ١٩٣٦ شەوێک (لە باغـان ئاهو ناڵێن دێ) بە حـەڵقـە حـەڵقـە و دەنگە خۆشەکەی، ڕوو لە گەرەکی هەواوان تێی هەڵدەکات.

(عەلی کاکەی) مامۆستا و خەڵکی سلێمانیش زۆر زەوقـانی بووە، لەکۆیە لەمەولوودان مەقام و تەنزیلەی باشی دەوت و بە شەوقی دەهێنان.

### ئاواز و دەنگ خۆشەکان

لە بابەت ئاواز و گۆرانی گوتوویانە: «ئاواز لە موکریان سەرهەڵدەدا (دادەنرا)، لەسلێمانی پێدەگات، لەکۆیەش دەمـــرێت، واتە تەواو کـــامڵ دەبێت؟» بەشی زۆری گـۆرانییـەکـان، لە دڵێکی کـوڵەوە، هەڵدەقـوڵان و بە گەروویەکی تەڕدا دەهاتنەدەر، زۆر لە گـۆرانییـەکـان، بۆ سـەردولکە و خـۆشـیـش دەست دەدەن، بە زۆری ئەو کەسانەی سینگیان پان و کونە لووتیان گەورەبوایە: لە گـوتنا بە پشـووتر و بەمنگ منگ و دەنگیـان پتـر ڕۆیشتووە. زۆر گۆرانیبێژی ئەملا و ئەولا- کە زانیویانە خـێـروبێـریکیـان پێ دەبڕێ- هاتوونەتە شـاری کـۆیە، هەندێکیشیان بە تاسووقی لە دوایان چوون، لە دیوەخان و چایخانەکاندا شتیان گوتووە، پارەیان بەسەردا ڕژاوە! وەک: (مەلا کەریم، کاویس ئاغای هەرکی، عزیز ئاغا و حەمەد مەندۆی دزەیی و دەروێش سمایل و شەڕۆ) لەگەڵ دەنگ خۆشەکانی کۆیە کەوتوونەتە، ڕقەبەری و بەرانبەر یەکتری یەک بەدوای یەک وەک گەرەلاوژە خوێندوویانە، زۆرجـار وابووە ڕۆژیان کـردۆتەوە و نانی بەیانیـان بۆ هاتۆتە چایخانەکەوە، چایەچییەکان، بۆ ئەوەی برەو بە چایخانەکانیان بدەن، خۆشیان گۆرانییان گوتووە، وەک: (عەبە)ی چایچی و (تۆفیقەدرێژ- باوکی گۆرانیبێژی ناوداری کـــورد/ تایەر تۆفـــیق)ە، هەروەها دەچوون گـۆرانیـبێـژی دەنگ خـۆشـیـان دەهێنا، ئەحـەی ناسـری سلێمانی، عەجەم ئۆغلۆی ئێرانی، لەکۆیە سەماوەری وەرشەویان دروست دەکرد، مەلا تەها و مەلا سابیر کەرکووکی، سەید ئەمین و سەید ئەحمەد، خەڵکی (مووسڵ) بوون، شێخ محەمەد و سەعید سەڕاجی برای، سابڵاغی بوون و لەکۆیە دادەنیشتن، هاتوونەتە کۆیە و لە دەنگ خۆشەکان بوون.

(جـەمـیـل ئاغـا) کـە قـایمقـامی کـۆیە بووە، زۆر لەمەقامەکانی دەناسی و تیایاندا شارەزا بوو.

(شـــەهابە هەولێـــری) باوکی (شـــەبەک) بوو، لە هەولێرەوە بۆ کۆیە هاتبوو، لە هەموو هەولێرێ، هێشتا وەستاو دەنگ خۆشێکی ئەوهای لێ پەیدا نەبووە (عەبد جاسم)یش کە وەستا و شارەزای مەقامەکان بوو، لەسەربانی حەوزی (ئاوی بەلووعە)وە هەندێ مەقام بە شەهاب دەڵێ و ڕووی پێ لە قۆنگری لای ماڵی جەمیل ئاغا دەکات، بۆ بەیانی (عەبد جاسم) کاتێک دەچێتە خزمەت ئاغای، جەمیل ئاغا دەفەرموێ: «عەبد هەی خوا بتگرێ، ئەمشەو هەتا مەلا بانگدانێ، ئەتۆ نەتهێشت

بنووم، لەناو جێدا هەر ئەم دیو و ئەو دیوم کردووە و دەوری لاوێنیم وەبیر هاتۆتەوە!).

عەبد جاسم (شەهابە هەولێری) و (مەلا محەمەدە کۆرە)ی خەڵکی (کفری) دەباتە دیوەخانی جەمیل ئاغا، تا محاکەمەیان (دیارە مەبەستی پێشبڕکێیە) بکات، لەو پێشبڕکێیەدا شەهابە زۆرباش دەرچوو، بە تایبەتی لە مەقامی (عوشەیران)دا، ئەو مەلا محەمەدەدەش لە: کەرکووک، هەولێر، مووسڵ، ئوستادی مەقام بووە، شەوێکی لە حەوشی ماڵی حەمە زیاد ئاغای قەرەوێڵەیەکی بۆ شەهابە دادەنێن تا بنوێت، عەبد جاسم دەچی قۆریاتی پێ دەڵێت، ڕووە و سەرای کۆیە (ئەحمەد ڕامز یەعقووبی) ئەو کات قایمقامی کۆیە دەبێت، لەسەربانی شارەوانی دەنووست، کاتێک شەهابە دەست بە گوتن دەکات، قایمقام بەزمانی تورکی گەلێ جوێن بە (شەهابە) دەدات و دەڵێ: (ئەوە بۆ لێناگەڕێی بنووم، خەوەکەت بردم!) (عەبد جاسم)یش بە شەهابە دەڵێت: گوێ مەدەیە، هەر بیلەرێنەوە!

حەمە مستەفا ئاغای حاجی تاهیر ئاغا لە (بەغدا) گەورە ببوو، شەوێک بە تایبەتی مەقامێکی (مەدمی) گوت، باوکی (گوبانچی)یش ناتوانێت ئاوای بڵێت!

جارێکی (ئەحەی ناسری) بۆ کۆیە دێت (حاجی محەمەدی عەلە)ی کە لەمەقامزانەکانی کۆیە بووە، لە ماڵی (حەمەدەمینی برای، بەبۆنەی هاتنی ئەحەی ناسرەوە، دەعوەتێک دەکات ژوورێکیان هەبوو پێیان دەگوت: (ژووری کەیفێ!). حاجی قادری پەرەکەر لێی کرینەوە- ڕەفیقی چار چاویان لە ژوورێک شاردبۆوە، ئەحە چی گوتبوو ڕەفیق هەمووی لەبەر کردبوو. کە ئەحە زانیبوویەوە گوتبووی: (کۆیینە ئەوەی من (٥٠) ساڵە بە خوێنی جگەر کۆی دەکەمەوە، ئێوە بە پلاوبرەنجەکی هەمووتان لێبەردامەوە!

مەقامەکانی بەغدا و مەقامەکانی تورکی و فارسی لەکۆیە لەگەڵ وتنەکانی ناوچەکە تێکەڵ دەبوون و گۆرانی زۆر خۆشیان لێ پەیدا دەبوو (فەقێ عەزیزە کۆرە برای عەلکەی ئامینەی قالە)ی دەنگخۆش بوو، لە کۆڕی ئاهەنگان دایان دەنا بەستەیان پێ دەگوت، دواجار ڕۆیشت و کەوتە لای سابلاغێ.

### گۆرانیبێژەکان

ئەو گۆرانیبێژانەی کە ناویان دەنووسین، هیچیان لە سالانی پێش (١٨٥٠) تێناپەڕن. بێگومان هی ڕابردووش یەکجار زۆر بوون، کە خۆیان و دەنگە خۆشەکانیان، لە ئێمە ون بوون و دەبێ تەنها ئاهی ساردیان بۆهەڵکێشین و دەستی حەسرەتیان بۆ لە دەست بدەین و ئەوەندەش کە دەیان نووسین، زۆرتربوون، بەڵام جارێ هەر هێندەمان دەستکەوتووە، شتی سەیر لە هەندێ لەم گۆرانیبێژانە دەگێڕنەوە، پیاوێکی وەک: (قادری ئۆمەری قالە)ی لەناو ڕەزانی کۆیە لە بەهارا، کاتێ گوڵەباغ پشکوتووە گۆرانی گوتووە، لەکاتی گوڵچنینا بلبل لەسەرشانی نیشتۆتەوە!

گۆرانیبێژی وامان هەبووە لەناو ڕەزەکان دەنگی بڵند کردووە لە (قشلە) گوێیان لە دەنگی بووە [عەولای قادرۆکی، ئۆمەری حەمەدی خالی، عەبدوڵڵای حەمەدی خالی، ئەحمەد لیلە، مستەفای ئۆمەری قالەی کەمەندێ، قادری ئۆمەری قالەی کەمەندێ، دەروێش حەمەی قالەی، حەمەد ئەمینی قادری مام تەهای، تەهای خەلیلی، حەمدی گارفێنی، نەشئەتی ڕەشید ئاغا، قادر حەمەد، قادری حەمەدی عەولای، حەمە عەربەی گەڕەکی هەواون، ئەو سیانە شتی کۆنیان دەگوت، مەلا ئەسعەد و مەلا سەعید و کوڕانی مەلا قادر مەقامەکانی: (چارگا) و (سێگا)یان دەگوت. (کەمال) خالی سەعید فەهیم، ئەحمەدی مەلا شەمسی غەفووری، مەلا ڕەسووڵ بێتووشی (غەزەل)یان دەخوێندەوە.

حەنیلە خڕەو سێوە، سەعیدی فەقێ ڕەسووڵی، ئەمینی فەقێ ڕەسووڵی، واحیدی موختار (باوکی خالید دلێر)ە ئەوانە بەستەی (ئەمین ئاغا)یان دەگوت، تۆفیقە درێژ (باوکی تایەر تۆفیق)ە سمایلە خڕە، تۆفیقی خاڵدی، عەلی عەبدوڵڵا، خالی فەقێ ڕەسووڵی، سەید ئەحمەد و شێخ نەجمەدینی کوڕانی شێخ عەبدولکەریم، شێخ نەجمەدین لەگەڵ تاقمە سوارێک دەچنە (بێتواتە)ی ژن بۆ (شێخ محێدین)ی کاکی بێنن، کە دەگەنە ئاقاری بێتواتە، شێخ نەجمەدین هەڵدەکاتە لاوکی (سوارۆ) خەڵکەکە لەبەر دەنگە خۆشەکەی هەر هەموو حەیران دەبن، لە (کەبار) کردن و بانگدانیشدا دەنگی زۆر خۆش بووە، عەولەی مووسا، شەریفی شازەمانی، سلێمانی شێخ محەمەدی، قادری حەمەدی، لە گەڕەکی بایزاغا، حوسێن- کە بە حوسەی حەبە بۆر دەناسرا، ڕەشیدی حەمە خالیدی، باپیرە کەڕ، حەمەدەمینی مەلا ڕەسووڵی لە گەڕەکی بەفریقەندی مشکی مۆر هەر لە خۆی

دەوەشایەوە، عەبدولڕەزاقی حەمە مەلای (مامی منە و بەجاحێڵی سەری ناوەتەوە- وریا).

لە پیاوانی ئاینی دەنگخۆش: حاجی مەلا عەبدوڵلا، حاجییە فەندی، مەلا عەبدوڵلای مەلا یاسینی شێخ عیزەتوڵلای تاڵەبانی، حاجی مەلا مەعسوومە فەندی.

(ڕەفیقی چارچاوی): کوڕێکی قۆز و لاو چاک و دەنگخۆش و شاعیر کاتبیش بوو، ماڵی باوکی لە جێگەی خانی (ئەسعەد)ی (کاکەلا)ی بوو، لە نزیک حەمامی ناوەندی، باوکی ناوی (ئەسلان ئاغا و خەڵکی سلانیک بوو) لە کۆیە هەر باوکی بە تەنیا عەینەکی لە چاو بوو، بۆیە پێیان دەگوت: (چارچاو) باوکی یوزباشی چەغماغچی عەسکەری بوو، کوڕەکانی شەوقی، شەوکەت، تۆفیق، ڕەفیق، ئەمەی دواییان لە کۆیە هاتۆتە دنیاوە، نازناوی شیعری (خادم) بوو، قورئانی خۆش دەخوێند.

ئەم جووتە شیعرەیش هەر هی ئەوە:

**ئەگەر یارم بکا نیمی نگاهی خادما شەرت بێ**
**بکەم تەرکی سەرو ماڵم وەکو مەجنوون لەبۆ لەیلا**

(ڕەفیقی چارچاو) سێ دەنگی هەبوو (مەبەستی سێ ئۆکتافی گوتووە- وریا) دەنگێکیان هەر مەجلیس گوێی لێ دەبوو، دەنگی دووەمی لە دووری کیلۆمەترێک گوێیان لێ دەبوو، دەنگی سێیەمی کیلۆمەترێک دوورتریش گوێیان لێ دەبوو، تورکی بگوتبا دەتگوت: (ئەستەمبۆڵییە) ئاوازی عەرەبی بگوتبا دەت گوت: (خەڵکی بەغدایە) فارسی، هەروەها زۆر چەشنە هەوای کوردستانیشی دەزانی. شەوێکیان لەماڵی (مەلا ئەحمەداغای مام سلێمانی) مەولوودێک کرا، شێخ محێدین مەولوودەکەی دەخوێندەوە، سەید ئەحمەد و شێخ نەجمەدینی برایشی (تنزیل)ەیان بۆ دەخوێندەوە، جا ڕەفیق بەوە ناوی دەرکردبوو، گوایە هیچی وا نازانێ، بۆیە کاتێک شێخ محیەدین دەڵێ: «ڕەفیق دە (لەبەر نازی چاو بازان)ێک بڵێ.)» کە ئەو وەختی لە مەولوودان بەستە و غەزەل یەعنی شتی غەڕامی و نەدەگوتران و کە مەولوود دەخوێندرایەوە، کەس نەدەبوو جغارەش بکێشی، ڕەفیقیش (ڕاست)ێک دەڵێ، کە پێکهاتبوو لە ١٢ مەقام و ٢٤ پارچە و ٤٨ شوعبە و (ئای ئای) یەکیشیان بۆ دەڵێت ئەو ماڵە هەموو سەرسام ببوون، حەمە ئاغای غەفووریش کە لە مەولوودەکە دەبێ دەڵێ: (هەرامە ئەوە کوڕی کێیە؟) ئیدی لەوە بەدوای هەر چەند جارێ ڕەفیق شتێکی بگوتبا، حەماغا سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقاند و بە شێخ محێدینی دەگوت: (هەرامە، جارێ ئەتوو کتێبەکە پێوە بدە!). ڕەفیق حەزی لە دەنگی (عەلی)یە خەڕەی پوورزای (حاجی قادری پەڕەکەر) کردبوو، لەناو ڕەزی لەبن دارهەنجیران، بەمنداڵی کاتێک (عەلی) گۆرانی دەگوت، ڕەفیق خۆی لە پەنایەک مات دەکرد، دوایی خۆی لێ ئاشکرا دەکرد و پێی دەگوت: (وەرە لامان) تۆ دەنگت زۆر خۆشە، فێری وەستاییت دەکەین) بەلام عەلی بۆ لایان نەدەچوو؟ باوکی (حاجی قادری پەڕەکار) ڕەفیق لە (مێردین)ی دەبینێتەوە، سەری سپی ببوو، زۆر گۆڕابوو، پێی دەڵێ: (ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟) دەڵێ: (مام حوسێن بڵێم چی؟ ئەوە وامان لێ هاتووە!). لەپاش سەفەر بەرلگیش، وەختێکی لە تورکیا ببووە قایمقام! دواجار لەجزیرێ ئەمری خوای کردووە، دەڵێن: (بولبول لەناو ڕەزان بە دەنگی ڕەفیقی چارچاوی لەهۆش خۆی چووە!).

لەناو دیانەکانی کۆیەشدا، دەنگخۆش زۆر بووە:
{پووتە- کە مامی سێوەی نەمر بووە، ئەمین ئاغا لێی عێدز دەبێ، دەنێری گۆرانیبێژێک لە سلێمانییەوە دەهێنێ، لەناو ڕەزان دادەنیشن، کابرا گۆرانی دەڵێ و پووتەش لەپەنا دارێک خۆی مات دەکات، لەناکاو تێ هەڵدەکاتە گۆرانییەک، لەگەڵ چریکەی دەنگ و سەدای پووتە، کابرای تر مات دەبێ، ئەوجا ئەمین ئاغا لە دوای دەنێریتەوە و لەگەڵیا ئاشت دەبیتەوە، پووتە برایەکی دەمرێ، زۆری خۆش دەویست، نزیکەی (٢٠٠) مووسوڵمانیش لە کۆیەوە، لەگەڵ جەنازەکەی بۆگوندی هەرمۆتە دەچن، پووتە دەڵێ: (گوێ بگرن، لەدوای برایەکەم، ئەوە ئاخر جارە، کە گۆرانی بڵێم) گۆرانییەک دەڵێ، ئەو عالەمە کەس خۆی پێ ڕاناگیرێ و لە قوڵپەی گریانێ دەدەن، ئیدی لەپاش کۆچی براکەیەوە، چیتر گۆرانی ناڵێت}.

حەنێلی کوڕی مەتی وجاغ کوێر بوو، مەرییێنیش کە خەڵقی سلێمانی بوو، ئەویش وجاغ کوێر بوو، لە کۆیە مردووە، دەشێ ئەمیش هەر دیانی لای کۆیە بووبێ، چونکە دیانەکانی سلێمانی- کە گاوریان پێ دەڵێن- لە ئەسڵدا، دیانی گوندی هەرمۆتەی بوونە بۆ سلێمانی چوونە.

(سێوە): زۆر کەس بە دەنگی سێوە خەوی لێکەوتووە،

هەتا جاحێڵ بوو، دەنگی لە کەللەی دەهاتەدەر، وەکو پۆڵا زرینگەی دەهات و دەلەرایەوە، زۆر وەستا بوو، وەختی خۆی (حەنیل)ە خرە، کە لە ساڵی ١٩٣٧ ئەمری خوای کردووە و دەنگی زۆر دەڕۆیشت، بەسێوی گوتووە: (ئەوە چییە گووت لە مقامەکان کردووە؟) سێوە دەی گوت: (حەنیل لە هەر کەلیمەیەک، شەقێکی تێ هەڵداوم، هەتا فێریان بووم، ئێستاش هەرچی ڕاست دەبێتەوە، دەم تێ دەداو دەڵێ: (گۆرانیبێژم!). سێوە دەنگی بە زمزمە بوو، خرار و تووڕەگەی دروست دەکرد، مجێور و خوێندەواری کەڵێسا بوو، ئەو مەقامانەی لە ئێستگەی بەغدا بەشی کوردی تۆمار کردووە بریتین لە: (گوڵێ، ئایشەگوڵ، مەحمەر، کراسی شەنگ میرەمێ، شەنگێ) ماوەیەکی مەلا حەویز ئاغا یارمەتی دەدا، شەوان لە دیوەخانەکەیا شتی دەگوت. (گۆمی چەلی) یا (گۆریەی چەلی) گوتووە و (پێش بارە، پێش بارە)ی گورج و خاویشی گوتووە، (شلە و خانان) و (زاڵم) و (نیوەشەو)یشی، لەگەڵ (مەلا ئەسعەد)دا زۆرجار گوتووە، وەختێکی سێوە لەکۆیە، کاتبی حەمە زیاد ئاغا و وەکیلی عەنباری گەنم و جۆ بووە.

لەئاهەنگی ئیجازەی فەقێ و مەلایان، لەمزگەوتان بەشداری کردووە، لە شەوارەی ماڵە دۆستان بانگ کراوە، سەعدی ئاغا، قالە کەچەڵ، مەلا ئەسعەد، (کەلی سەگرمە) و (لە کەپرانە) و (شەماڵ)یان بەیەکەوە زۆر دەگوت سمایلە خرەو حەمەدەمینە گۆجەش (باخچە مزە)ی لەمەڕ ئەمین ئاغایان دەگوت، عەوالەی قادرۆکی گەرەکی قەڵاتی، کە لەسەر ڕەزی حاجی فەتاح ئاغای غەفووری بوو، (نیوە شەو)ی دەگوت.

(مەربێن)ی قەشە زۆر دەنگخۆش بوو باپیرە کەری برای عەلی دوو پێی گەرەکی قەڵاتی، ڕێنجبەری دەکرد و وجاغ کوێر بوو، ژنێکی جاحێڵی هەبوو، پێوەی دانەدەنیشت، ماوەیەک لەماڵی (موفتی)ش ڕێنجبەر بوو، لەپاش بۆردومانێ، لە تەمەنی (٦٠) ساڵیدا ئەمری خوای کرد، ئەم بەندانە و ئیتریشی دەزانی: ناسر و مار مار، کاکەمەم و خاتوزین، ساڵح و کەژێ، (قەر) کە کوڕی ئەحمەد پاشای قاجار بوو، (مەمێ زەرد)...

ئەسعەدی فەقێ مستەفای گەرەکی بەفریقەندی، فەقێ عەلی باوکی کێخوا عومەر، کە بە عەلیە گۆج دەناسرا، مەلا کەریمی پۆلیس، کە گەرایەوە سابلاغی، سۆفی عەبدوڵڵا و مەحموود و مستەفا، کوڕانی حەمەشینی گەرەکی هەواوان، لە سەڵەوات و بانگدانا، فەقێ ڕەسووڵ موەزینی مزگەوتی گەورە، یەکێکی کورتیلەی خڕیلەی دەنگ قەبە و خۆش بوو، لەگرانییەکەدا، لەلای میر سەیدی لە برسان مرد، مەلا حەبیبی سوور و قاوشانی، ڕەشید وقادر کوڕانی مام حوسێنی لبادچی، عەبدولڕەحمانی مەلاشەمسی، وەستا حەسەنی لبادچی، تەهای کوڕی وسو، چەرچیەتی دەکرد، حەمدی کوڕی جانبازیەتی دەکرد، کەر ولاغی لەگەڵ تەهای خەلیلی دەکڕی و بۆ فرۆشتن دەیان بردە هەولێر، لەسەفەر بەرلگێ نەگەڕایەوە، تەهای باوکی لە تاوان وەزگی دا.

(حەمەد خۆشناو قاوەچی) قاوەچی ماڵی سادق ئاغای غەفووری بوو، لاوک و حەیرانی باشی دەزانی.

سەعیدی قادری مەلا وەیسی، لە سەفەر بەرلگێ، بەسەعید قانون دەناسرا، قەسابی گەرەکی قەڵاتێ بوو، دواتر کەوتە شەقلاوەی، دۆستی کاوێس ئاغا بوو، دەنگی خۆش بوو، لە قەوانێکا یەکێک دەڵێ: (ئافەرین کاوەیس) و (لە چاوی عەلی فلەیح) ئەمە دەنگی (سەعید قانون)ە.

وەستا قادر و وەستا مەجیدی برای کە سۆلدروو بوون، (حەمەد عەنیف) لەپێشدا پیاوی حاجی جەلیل ئاغا بوو، دوایی کەوتە گومرگ، لاوکی خۆشی دەگوت.

(سابیری عەدوولی ئەحمەشینی) لەسەفەر بەرلگێ، لەلای ئاشی حەمامۆکێ کوژرا، لاوکی دەگوت، مێرەمی دایکی هەر ئەو تاقە کوڕەی هەبوو، لاوکی (سەیدەوانە)ی باش دەگوت.

(قالە کەچەکەڵی ئەمین چاوشینی): غەزەلی دەخوێندەوە، عەلی وەسمانی شێخانی، (عەبدولواحێدی موختار- باوکی مامۆستا خالید دلێر)ە و حەمیدی برای، ئەحمەدی برازای حەمە خێڵی فەقێ ئۆمەری، لە حەیرانا وەستا بوون، وەستا غەفووری خەیات تەنزیلەی دەگوت، حوسێن حەمەد: کە بە وسەی حەبە تۆز دەناسرا، لەگەرەکی قەڵاتێ، دەنگی خۆش بوو، لە شایی و ئاهەنگ و بووک گواستنەوەدا، لەگەڵ مەلا ئەسعەد و هیتر بانگ دەکران، لەپێشان قایەچی بوو، لە سەفەر بەرلگێ، ئینگلیزەکان بە دیل دەیگرن و دەینێرنە هیندوستان، کە دەگەڕێتەوە، لەچایخانەی حەکیمی گۆرانی دەڵێت، وەختێکی دەستی زۆر کورت بوو، ساڵی ١٩٤٣ لە (پردێ) ئەمری خوای کرد، ژنێکی هەبوو

بەناوی (عـەیشێ) شـێـتـۆکـە بـوو، لەژیاندا ئەم چەند قـەوانەی دەرهێناوە: (لێـدەن دەری حـەلۆکێ) و (هە کـاروانە و کـاروانە) و (لێ لێ هەی وایە) و (ناچمـە دیانان، گـوندێ فـەلانە) و (چوومـە مـاڵی حاجی عەلی، تێـرم نەخـوارد نـان و قـەلی، خـاتوونێ لۆلکێ) (حـەبە) ناوی دایکی بوو، وەختـێکی پیـاوی حـاجی عـەولا بەگ بوو: (نەینۆک دانا سەرچۆکی، لێدەن بەزمێ حەلۆکی)، (مەمدەن بە تایەر خۆم دەخنکێنم، بمدەن بە عـەولا بەگ قـەندەک دەشکێنم)، قـەدەرێکیش لەلای مـەلا ڕەئووف ئاغـــای دەبێ، لە (پردێ) لەبن دار عـــامـــودێکی ڕادەوەستێ، عـەمـود ڕادەقـەنێ و بەسـەریدا دەکـەوێت و دەی کـوژێت، هەر لەوێش دەینێـژن، خـوشکێکی هەبوو ناوی (غـــوربەت) بـوو، لە گـــرانیـــدا مـــێـــردی بە (شیلانەی)یان کردبوو.

باپیـرە کـەڕ بەیتی (سـاڵح و کـەژاڵ)ی باش دەزانی و (وسو)ی باوکی (عـەزیز)ی حەمباڵ، بەیتی (مێروفای) باش دەزانی (مێر) ناوی (مێرەم) و (وفـای) عاشقەکەی بوو.

(مـەلای حـاجی یەمـینی) کـە ئێـسـتـا مـاڵی لە (قـەڵادزێ)یە، سلێمـان کـوڕی ئەوڕەحـمـانی ئەحـمـە سەلکی، شێخ ئەنوەر، شێخ جەلال، شێخ جەمال، کوڕانی سـەید ئەحـمـەد بەرزنجی، حـەمـەدەمین عـەباس، باقی ساڵح، باکووری، خالیـد دلێر، ڕەشیـد حەیران، ڕەسووڵ ئەفەندی خدر، تاقمێک بوون لە پاش عەسران دەچوونە دەم ڕووبارەکـان و لەناو ڕەزەکـانی کـۆیە، تا درەنگ بە گـۆرانی و مـەقـام و بەسـتـە گوتن ڕایان دەبوارد، (شلە و خـانان) و لە (باغـان ئاهو ناڵێن)یان دەگـوت و زۆر غـەزەلی: (ئەمین ئاغـا و سافی و تاهر بەگ و وەفایی و مەیلی و عـەونی) ئیـتریان دەگوت، هەروەها کۆڕێکیـان پێکەوە نابوو وەک (سێوە، مەلا ئەسعەد، (ئەحـمەدی حەمە مەلای- باوکی نووسەری ئەم زنجیرە نووسینەیە) عومەری مام عەولای، تاهیر تۆفیق، مەلا ئەحمەدەکۆر، ئەحـمـەد مـەعـرووفی و کرۆسکی خـمـخـانەچی و حـەمـە ڕەشیـدی کـوڕی ئەمـینی ڕەمـۆکـان (بەحـەمـە ڕەشیـدی شێرزاد)ی دەناسرا، زۆر زەوقانی و دەنگخۆش بوون.

هەر لە کـۆیە زۆر ئافـرەتی دەنـگ خۆشیـش هەبووە، کە لە مـەولوودان تەنزیلە و غـەزەلیـان خـوێندۆتەوە وەک: (ئامـەی فـاتمێ) و (گـوڵێ) کـچی وسووی کـەمـەندی، جـەمـیلەی حـاجی ڕەسـووڵی، ئامـینەی ژنی خـەڵەف چاوەشی) بەهۆی سـروودەکـانی قـوتابخـانەیشـەوە زۆر قـوتابی دەنگخـۆش پەیدابوون، ئێسـتـاش بەهۆی تیـپـە هونەرییەکان، گەلێ مۆسیقاژەن و دەنگخۆش لەکوڕ و کچ پەیدابوونە، بە تایبەتی (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە).

حـاجی قـادری پەڕەکـەر و عـەلی سـەمـەنی ئامـۆزای و ڕەشیـدی برای، ئاوازەکـانی ئەمین ئاغـایان لە ئیـجـازەی فەقێیان دەخوێندەوە، مەلای گەورە دەیفەرموو: (مێزبان لەبۆ دانێن، با جـێـیـان بڵند بێت، کـە ئەو ئاوازانەیان دەگوت، مەلای گەورە لە خۆشیان دەڕۆیشت!).


ڕۆژێکی مـەلا ئەسعـەد دەچێتـە دوکانی حاجی قادری پەڕەکـار و پێی دەڵێ: (فـلانە کـەس ئەتوو چابوو خـۆت نەجـات دا)، حـاجی قـادریش لە وەرامـدا دەڵێ: (ڕاسـتـە ئەمن کـاسـبـیـیـەکی دەزانم و حـاڵم خـۆشە، بەڵام ئەتوو ناچاری، چونکە چ ئیـشـت پێناکرێ) دەڵێ: (مـردەنیـە) دەبینی من لای خـۆم، ئاوا مـەقـامـێکی بۆ هەسـتـاوم، یەکـێک لەناو مـەجلیسـەکـەدا، دەنگ بڵند دەکـاو دەڵێ: ئەمـە ببـڕەوە، کـراس زەردێیـەکی بڵێ!) یا جـارێکی دی ئاوا خۆم کوشتـووە، مەقامێک دەڵێم، کاتێ گـەیشـتـمە نیـوەی مـەقـامـەکـە، تف لە دەمما وشک بووە، ئاگـری لە قـوڕگی بەرداوم، کـەچی کـچـێک لە پەنجـەرەیەکـا سـەری دەربیناو گوتی: وس، وس: ئەمەیان بڵێ:

**خوام بە قوربانی ئەو حەوز و ئاوە**
**کە تۆ لێی دەشۆی ئەو دەم و چاوە**

وتم: (کـــچم بەخـــوای ئەمن خـــۆم بە قـــوربـانی ئەو چڵکاوەی ناکەم، کە لە دەموچاوی تۆ دەڕژێتە خوارێ!).

**تێبینی:**

**ئەم زانیـاریـانەی سـەرەوەم لە کـتـێـبی (مـێـژووی کـۆیە بەرگی دووەم، بەشی یەکـەمی مـامـۆسـتـای نەمر تایەر ئەحـمـەد حـەوێزی وەرگرتووە.**



# چەند ڕێگایەک بۆ پێشخستنی وێنەی دیمەنە ڕەش و سپییەکانت

لەم چەند خـــاڵانەی خـــوارەوە بۆت بەدەردەکـــەوێ کـاریگەریی وێنەی ڕەش و ســپی، کــە لە دیمەنەکـاندا حـاڵەتی درامـاتیکی و کـەشوهەوایەکی تایبـەتیت پێ دەبەخشن و وات لێدەکەن هەرگـیز نەگەڕێیـتەوە سەر ئەوەی بچیت ئەم جارە بەرەنگاورەنگ و بیانگریتەوە.

**(١) دیمەنی شاخ و داخ**

کــە وێنەی شـــاخ و داخ بەڕەش و ســپی دەگـــری، قەراغەکانی هێندە تیژ و خشت دەردەچن، جوانییەکی پتر دەبەخشن، ئەو جیاوازییەی نێوان بەشە سپـییـەکانی و بەشە تۆخەکانی سێبەرێکی قووڵ دەبەخشن. ئەو سێبەرە، یـان ئـەوەتـا لـە دواوە بـەرەو ڕووت دێـن، یـان بـەلای تەنیـشـتـێک دێن، وا دەکـەن شاخـەکـە وەک نیـمـچـە سیللوبیـتێـک بەدەربکەوێ بەرامبەر ئاسمـانێکی ڕوون و بێگەرد لەم جـۆرە وێنەگـرتنەدا دەبێ وابکەی قـوولـی مـەیدانت فـراوان بێت، واتە فـۆرگـراوند و باکگراوند هەمان نێتیان هەبێت.

لەبەر ئەوە کـونی هاوێنەی f/16 و بچـووکـتـر دەبێ بەکاربێن، بۆیە ناچار دەبی خێرایی شەتەر کەم بکەیتەوە. ئەمەش وات لێدەکات هەردەم پێویستیت بە سێپا، یان ترای پۆد هەبێت.

**٢- گرێنی لە چەشنی یاری گۆڵف بۆڵ**

بەگشتی هەر فیلمێک هەستیـارییەکەی زۆر بێت، ئەوە گرێن لەسـەر وێنەکە پەیدا دەکـات، هەندێ جـار وێنەگر خۆی مەبەستیـەتی وێنەکەی گرێناوی بێت و جۆرە هەواو کـەشێکی تایبـەتی دەبەخشێ، لەو فیـلمـانەی بەکـاردێن فـیلمی کـۆداک (T-Max3200) یان فـیلمی ئیلفۆرد دێلتـا (3200)ە، خۆ ئەگەر ئەمـانەت بەرزکـردنەوە بۆ (6400) لە هەمـان کـات ئۆڤـەر دیڤلۆپت کـردن کـە بە (Push Processing) ناودەبرێ، ئەم کـردارە خـۆت

**فارس سەعدی**



دەتوانی بیکەی، یانیش لە خاوەن تاقیگەکە بگەیەنە کە وات بۆ بکات. گرێن بەهۆی ئۆڤەر ئێکسپۆزینگ زیاد دەکرێ، هەروەها بە ئۆڤەر دیڤلۆپینگ زیاد دەکرێ. لەم حاڵەتەدا نێگەتیڤەکەت زۆر تۆخ و چڕوپڕ دەبێت، بۆیە ئەگەر دەتەوێ سەرکەوتوو بیت تێیدا یەکەم جار تاقی کردنەوە لەسەر فیلم و دیڤلۆپەر بکە.

**٣- قووڵی مەیدان زۆر فراوان بکە**

قووڵی مەیدان شتێکە کە هەردەم وێنەگری دیمەنی سروشتی بیری لێ دەکاتەوە. کاتێک وێنەیەک دەگری، پێویستە فۆرگراوندەکە وەک بەشەکانی تری ناوەوە نێت دەربچێت ئەگینا لەگرتنی وێنەکە سەرکەوتوونابی، چونکە وردەکاری فۆرگراوند کلیلی سەرکەوتنی گرتنەکەتە.

کونی بچووکی هاوێنە f/16 یا f/22 ئەمانە کاری خۆیان دەکەن، ئەمە وا دەکات کە خێرایی شەتەر هێندە کەم بێتەوە کە دووچاری لەرزینی کامیرا ببێتەوە. بۆیە وێنەگرە پرۆفیشناڵەکان هەردەم سێپا لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن بۆ وێنەگرتنی دیمەنی سروشتی بۆ ئەوەی قووڵی مەیدان زیاد بکەی، فۆکەس کردن لەسەر 1/3ی دیمەنی بەردەمت ئەنجام بدە، لەجیاتی لەسەر (٥٥) بێ کۆتایی بێت، خۆ ئەگەر لەسەر (٥٥) بێ کۆتایی فۆکەس کردنەکەت ئەنجامدا ئەوە نیوەی دیمەنەکە لێڵ دەرچێت و بێ کەڵک دەبێت. ئەگەر هاتوو هاوێنەی کامیراکەت سکێڵی قووڵی مەیدانی تێدابوو، ئەوە دەتوانی شێوازی هایپەر فۆکاڵ فۆکەسینگ لەجیاتی شێوازی سەرەوە بەکاربێنی.

**٤- بەکارهێنانی فیلتەر**

بۆ وێنەی ڕەش و سپی، هەندێ فیلتەر بەکاردێت لەوانە فیلتەری سوور و سەوز و زەرد، بەتایبەتی بۆ دیمەنی سروشتی.

گرفتی وێنەی ڕەش و سپی دیمەنی سروشتی ئەوەیە ئاسمانەکانیان لەگەڵ هەورەکان پەڵە پەڵە و خۆڵەمێشی دەردەچن، لەگەڵ بەکارهێنانی فیلتەر ئاسمانێکی دراماتیکی دەدەن بەدەستەوە. لەگەڵ بەکارهێنانی فلتەرەکانی سەرەوە بڕێکی دیاری کراو لە ڕەنگی شینی ئاسمان دەمژن، بۆیە ئاسمانەکە هەندێک ڕەش، یان خۆڵەمێشییەکی تۆخ دەردەچێت، بەڵام هەورەکان وەک خۆیان دەمێننەوە و کاریگەرێتی فیلتەری نارنجی زۆر زۆر باشترە لە فلتەرەکانی تر وەک سەوز و سوور و زەرد، بەڵام بەگشتی لەوێنەی ڕەش و سپیدا بەشێوەیەکی هەمیشەیی فیلتەری زەرد بەسەر لێنزەکەوە وەک فلتەری (UV) لەوێنەی ڕەنگاوڕەنگدا دەبەستن.

**٥- دیمەنی بەسکێڵ**

لەکاتی وێنەگرتندا وابکە مرۆڤ لەنێو دیمەنەکەتدا بێت، بەڵام بەشێوەیەکی وابێت زۆر سەرنجی چاوان ڕانەکێشێ، بەڵام بەڕوونیش دیاربن، ئەو مرۆڤانە سکێڵ بە دیمەنەکە دەبەخشن، تا پێت دەکرێ قەبارەی مرۆڤەکان لەنێو دیمەنەکەدا بچووک دیاربن، ئەگەر فیگەرەکەت وەک تارمایی بوو (سیلویت) بوو، ئەوە جوانی زیاتر بە دیمەنەکەت دەبەخشن، ئەگەر وات بکەوێتە بەشە گرنگەکانی کادری گرتەکە، واتە لە سێیەکی گرتەکەدابێت، ئەوە کۆمپۆزشنێکی باشت دەست دەکەوێ، بۆ ئەوەی کەمێک لە گرنگی فیگەرەکانت کەم بکەیتەوە،کارێکی وابکە بکەوێتە سەرەوەی هێڵی سێیەکی وێنەکە، یان لە خوارەوەی هێڵی سێیەکدا بێت. پاشان وابکە فیگەرەکانت لەنێو دیمەنەکەدا بڕۆن، یان هاتوچۆ بکەن ولە ڕاوەستاندا نەبن، ئەگینا وێنەیەکی لاوازت بەدەست دەکەوێ.


**٦- بەکارهێنانی ڕفلێکشن (تیشکدانەوە)**

ئەگەر وات کرد دیمەنەکەت کرد بە دوو لەتەوە، بەشێکیان تیشکدانەوەی بەشی سەرەوە بێت، بەشی خوارەوە وەک ئاوێنەیەکی لێ دێت.

زۆربەی دیمەنی تیشکدەرەوە لەوەی دەستمان دەکەوێ، دیمەنێک و ئاسمان لەدەم ئاوێکی وەستاو، یان نیمچە وەستاوبن، ئاوەکە گۆمێک بێت، یان دەریاچەیەک بێت، ڕفلێکشتی ئاسمان و دار و بارەکان لەنێو ئاوەکەدا دەبنە فۆرگراوندی گرتەکە، ئەگەر ئاوەکە بڕوات تۆ خێرایی شەتەر زۆر کەمکەرەوە، لە ئاکامدا تیشکدانەوەیەکی سوفتت دەست دەکەوێ. ئێکسپۆزەر بۆ هەردوو بەشەکە وەردەگرێ، واتە بەشی ڕاستەقینە و بەشی ڕفلێکشن. بەگشتی بەشی ڕفلێکشن تاریک و تۆختر دەردەکەوێ، چونکە بەشێک لە ڕووناکی دیمەنەکە لەنێو ئاوەکەدا ون دەبێت، یان دەمژرێت، بۆ ئەوەی هەردوو بەشەکە لە ڕووناکیدا یەکسان بن، ئەوە دەتوانی فیلتەری (ND) گرێد بەکاربێنی و بەشی سەرەوە تاریکتر بکەی لەخوارەوە ئەوکاتە وێنەکە بە یەکسانی دەردەچێت.

# کچەی پرتەقاڵ و چاوی گەردوون

هاشم سەڕاج




(ئەگەر هەر لەگەڵ چرکەکانی باب و باپیرانمان بژین ناتوانین ژیانی تایبەتی خۆمان بژین، باشتر نییە گەر ئەو باوکە واز لە کوڕەکەی خۆی بهێنێت و بۆ خۆی بژی)

«وابزانم {یۆرگن} لە قووڵایی ناوەوەیدا، پێی خۆش بوو کە باوکم مردووە، ئەگەر نا ئەوا دایکمی نەدەهێنا ..ئەگەر وا نەبوایە، ئەوا مەریەمی نە دەبوو... دەتوانم بڵێم ئەگەر وا نەبوایە، ئەو کاتە منیشی نەدەناسی، ئەمەیە کە دەڵێت یەکێک دەمرێت و یەکێکی تر سوودی لێدەبینێت».. «ڕۆمانی کچەی پرتەقاڵ » لە ڕێگەی حەسرەت و هۆگری و یادەوەری و تێڕانینێکی «ئەنیمیسیتیک»ییەوە شوێن و شتگەلەکان بەلەنجە و کەرنەڤاڵ و پێوەندی جیاواز جیاوازی و شەو دایساندنی ڕەونەقی ڕەنگەکان، بەرەو دیمەنی شێوەکاری و وێنەی تژی لە شیعرییەت ڕادەماڵێت.. بۆ نموونە قەنەفەیەکی چەرمی زەرد، جۆلانە سەوزەکە، هەریەکەمان لەتێک پرتەقاڵمان بەدەستەوەیە، ئەلبوومێکی پڕ لە وێنەی باوکمم پاراستووە، بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە هەر بیرم لەو کچە دەکردەوە کە قەمسەڵە نارنجییە کڵاو دارەکەی لەبەر دابوو، لەبەردەم کچەی قەمسەڵە نارنجی لەبەرەکەدا وەستام، کتێبێکی پڕ ڕەنگی بە دەستەوە بوو، هەر سەیری ناوچاوی یەکتریمان دەکرد و وتم تۆ سمۆرەیت، زەرفە کاغەزە قاوەییەکە، بەڵام من چاوم بڕیبووە تەوقە زیوینە ئەفسووناویەکەی پشتی ملی کچەی پرتەقاڵ، منیش ڕێک بەقسەی کچەی پرتەقاڵم کرد، ئەو یاساکانی دارِشت، ماچەکەی تامی «ڤانیلا»ی دەدا، قژیشی بۆنی «لیمۆ»یەکی تەڕوبڕی لێدەهات، یان جوانی وشەی «ئامۆراک» واتە قەمسەڵە نارنجییەکە کە وشەیەکی «ئاسکیمۆییە و واتای قەمسەڵە دەگەیەنێت، تێکست تادێ لە ڕێگەی جیاوازییەکانەوە ڕووداو گەلێک دەخاتە ڕوو، {فیرۆنیکا} پێیوایە لەم جیهانەدا هیچ پرتەقاڵێک لەوی تر ناچێت، پرتەقاڵەکان لە چەندین ڕووی ڕەنگ و قەوارە و شێوەوە جیاوازن و ئیتر هێدی هێدی توخمی جیاوازی بە شێوەیەکی شاراوە سەراپای بابەت و ڕووداوەکانان دەورووژێنێت و دەق لە ڕێگەی تەکنیکی نامە و خەیاڵبردنەوەی خوێنەر و سازاندنی جۆرێک دیالۆگی شاراوەوە وا لە «جۆرج» دەکات پەیتا پەیتا هزر و بۆچوونەکانی خۆی بنووسێتەوە.

نامەیەکی دووورودرێژی سەربهوورد و عیشقئامێز لە نێو ماشینێکی سووری کێبەرکێدا بۆ ماوەی دەورانێک بشاردرێتەوە و سەرلەبەری رووداو و چرکەی ئەڤین و ژوانەکانی «یان ئۆلاو» و «فیرۆنیکا» چوون پوختەی چیرۆکێکی دڵداری بگێڕێتەوە، نامەیەک دوای مەرگ و دەسبەرداری «باوک» لەسەراپای شتگەل و کەل و پەلە پڕ هۆگری و ئولفەتییەکانی نێو ماڵ بخوێنرێتەوە، نامەیەک مەزنە و پێشبینی هەڵس و کەوت و ڕەفتاری کەسانی دوای خۆی دەکا و گۆشە نیگای تایبەتی خۆی سەبارەت بە بوون و گەردوون دەردەبڕێت.. «یان ئۆلاو» وەک پزیشکێک و هەوادارێکی جیهانی فەلەک شوناسی هەڵگری پرسیارگەلێکی «هایدگەر»ییە و هێند بەقووڵی لە بوون و مەرگ و چارەنووسی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، مرۆڤێک تا ڕادەی ئێسقان نوقمی نیگەرانییەکی ئۆنتۆلۆژی «یان ئولاو» لە ڕێگەی چاوی گەردوونەوە لە نهێنییەکانی بوون و گەردوون دەگەڕێت واتە لە ڕێگەی «تەلیسکۆبی هۆبڵ»ەوە.. «ئەو تەلیسکۆبە لەسەر ناوی «ئێدوین پاوڵ»ی ئەستێرە ناسەوە ناونراوە، ئەوە بوو کە سەلماندی گەردوون لە حاڵەتێکی بڵاوبوونەوەدایە، لەسەرەتادا هێندەی دۆزیەوە کە «تەمی ئاندۆمیدا» تەنیا هەورێکی پڕ لە گاز و گەردی گەلە هەسارەکەی خۆمان نییە، بەڵکو گەلە هەسارەیەکی سەربەخۆیە و لەدەرەوەی گەلە هەسارەی کاکێشاندایە».. بەڵام خەتەرناکترین پرسیاری «یان ئۆلاو».. کە لە نامەکەدا هاتووە و ئاراستەی «جۆرج ڕیوەد»ی کوڕی کراوە ئەمەیە «دیسانەوە دەپرسمەوە، ئەگەر بەدەستی خۆت بوایە کامیانت هەڵدەبژارد؟ دەتویست بۆ ماوەیەکی کەم لەسەر ئەم زەوییە بژیت و پاش چەند ساڵێک هەموو شتێکت لێ بسێنن و هەتاهەتایە نەیەیتەوە؟یان بە سوپاسەوە پێشنیارەکەت ڕەتدەکردەوە».. دەقی «کچەی پرتەقاڵ» کارکردنی «منی نووسینە» لەنێو کتێبی ئەڤینێکدا کە بەهۆی جوانی ڕوخسار و پۆشاک و زەرفێک پرتەقاڵ لەدڵدا بەرجەستە کراوە. عیشقی پزیشکێکی ئەستێرەناس بۆ کچە شێوەکارێکی دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، دوور نییە پابەندی چرکە ساتێکی ڕێکەوت و یادەوەری دەورانی دووری سەردەمی منداڵی بێت، بەڵام لەژێر بونیادی قووڵی ئەم تێکستەدا کۆمەڵێک کێشە و ململانێگەلی شاراوە هەس بە چرپە چرپ و سرتە سرت و پەنهانی لەدید و بۆچوون و گیروگرفتی نەوەکان و گۆشە نیگا جیاوازەکانی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە سەبارەت بە بوون و گەردوون و جیهان دەدوێت- بۆ نموونە مەرج نییە «جۆرج» هەڵگری هەمان دید و گۆشەنیگا بوونگەراییەکەی «یان ئۆلاو» ی باوکی بێت و بە هەستێکی لێوانلێو لە نیگەرانی و سەرسامی لە ڕاز و نهێنییەکانی بوون و گەردوون بڕوانێت «جۆرج» وەک ژەنیارێک چێژ لە گۆرانیبێژی نوێی «پۆپ» و کتێبەکانی «هاری پۆتەر»وەردەگرێت و هەڵوەدای چرکە خۆشەکانی ژیانە. کەچی، یان ئۆلاو بەهۆی ئاگری عیشقی کچەی پرتەقاڵەوە ئەوەندە پەیوەستە بە بوون و کەینوونەی ژیان دەیەوێ جۆرێک لە نەمری و جاویدانی بە عیشق و هۆگری و یادەوەرییەکان ببەخشێت، یان بە شێوەیەکی تر گەرەکیەتی سەراپای زەمەن لە بوونێکی بەردەوامدا ڕووەو سەیرورەیەکی ئەبەدیانە ڕابماڵێت و ڕابردووی زەمەن و یادەوەری بوونی نەبێت. کەچی لەوانەیە «جۆرج» نەشئەو خۆشییەکانی ژیان لە فیکە لێدانێکدا بدۆزێتەوە، یان لە جووڵەیەکی سیحر ئامێزی سەمایەکی «ساندرێلا»دا دەکرێ لەودیو ڕوانگەی «یان ئۆلاو»وەوە لە بوون و چارەنووسی هەریەک لە ئینسان و ئەستێرە بدوێین. واتە بوون و چارەنووسی ئەستێرە و ئینسان بە تێپەڕبوونی زەمەن چوون یەکن.. ستێر هێدی هێدی مانەندی جەستەی مرۆڤ تادێ تیشک و جریوە و ڕووناکییەکانی لە دەست دەدات، یان ئەوەتا دەکشێ، یان لەلایەن چاڵە ڕەشەکانەوە بە قیژەو نەعرەتەوە هەڵدەلووشێت.. ئەمەیش دەنگ و بۆچوون و گۆشەنیگا ترسناکەکەی «منی نووسین»ەوە کە لە تێکستی پرتەقاڵدا بەهەستێکی نەهلستی و فەلسەفەی هایدگەری و لەڕێگەی نامەیەکی یادەوەری ئامێزەوە گوزارشتی لێ دەکرێت.. واتە دواجار جەستەی مرۆڤ مانەندی «سوپەر نۆڤا» دەتەقێت و هەپروون بە هەپروون دەبێت..{«ئیتاکارینا» یەکێکە لە ئەستێرە هەرە چڕەکانی گەلە هەسارەی ڕێگای کاکێشان،

هێندە نابات کە بتەقێتەوە و ببێتە «سوپەر نۆڤا» دواتریش بەتەواوەتی لەتوپەت دەبێت و دەبێتە ئەستێرەیەکی نیوترۆنی، یان دەبێتە بۆشاییەکی ڕەشی گەردوون.. یەکێک لەو وێنانەی تریش کە من زۆرم بەدڵە وێنەی ئەو پایەی گاز و گەردە گەردوونیەیە کە پێی دەوترێت M١٦ لەوێدا ئەستێرەی نوێ لەدایک دەبن!}.. ئەگەر چی «یان ئۆلاو» نامە دووروودرێژەکەی لە چرکە ساتێکی دیاریکراوی ژیانـدا نووسیوە و ئاراستەی «جۆرج»ی کوڕە تاقانەکەی کردووە و تیایدا لە سۆز و میهرەبانی باوکایەتی و چرکە خۆشەکانی یادەوەری دەدوێت و ئاماژە بە قەڵای تریڤان و شەمەندەفەرە گەورەکەی برێو و پاسکیلە سێ تایە سەوزەکە و جۆلانە زەردەکەی نێو باغەکەیان و پیاسەکانی {سۆ گنسڤان} و {فێلستیۆلن} و ماشێنە سوورەکەی کوڕە دەدات، بەڵام دەتوانم بڵێم نامەکەی «یان ئۆلاو» خۆی لە خۆیدا پەیامێکە و لە جیهانی خامۆشانەوە ئاراستەی کچەی پرتەقاڵ دەکرێت و لە نێو سەربەهووردی عیشقە ئاگراوییەکەشدا ئاماژە بە کابرای نێو تیۆتا سپییەکە دەدات. واتە «یۆرگن».. {من ناوم {جۆرج ڕیودە}یە لەگەڵ دایکم و یۆرگن و مەریەم-دا دەژیم.. یۆرگن زڕ باوکمە، مەریەم خوشکە بچکۆلەکەمە.. هەروەها «یان ئۆلاو» لەرێگەی چاوی گەردوون و قوڵبوونەوەی لە چەمک و چارەنووسی بوون گەیشتۆتە ئەو حەقیقەتە کە سروشت لە پەرجوویەک زیاتر نییە و جیهانیش ئەفسانەیەکە و بەس.. بەڵام جۆرج بە ڕێز و سۆز و حەسرەتەوە نامەکەی باوکی دەخوێنێتەوە و دەسەپاچە و سەرسووڕماو لە ڕستە و دەستەواژەکان ورد دەبێتەوە.. {لە ڕاستیدا نامەکەم لە باوکی خۆمەوە بۆ هاتبوو و یانزە ساڵ بوو بە جێی هێشتبووین، لەبەر ئەوە پێویستیم بە ئارامی و هێمنی هەبوو} {خۆ ئێمە تەنیا شوێنێکی دیاریکراومان لەناو بووندا نییە، بەڵکو کاتێکی دیاریکراویشمان هەیە}.. بەڵام عیشق و ئەڤینی کچەی پرتەقاڵ و سۆز و هۆگری و میهرەبانی «یان ئۆلاو» بۆ «جۆرج»ی کوڕی وای لێدەکەن بە ڕادەیەکی وا ژیان دۆست بێت کە هەرگیزاو هەرگیز دەسبەرداری چرکە خۆشەکانی بوون و زیندەگی نەبێت، لە ڕوویەکی تر هەمان هێزی ئەڤیندۆستی و ژیانپەروەرییە دووچاری هەستێکی ئۆنتۆلۆژی و نەهلیستی دەکات، چونکە دەزانێت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو ئەفسانەخانەی زیندەگییە جێ دەهێڵێت. چونکە جوانی و ڕێکەوت کچەی پرتەقاڵی پێ ئاشنا دەکەن، پاشان یادەوەرییەکانی دەورانی منداڵی شاری «هوملەفای» و ئادگارەکانی «فیرۆنیکا»ی بەبیردا دێتەوە، {بەڵام لە یادمە کە ترامێکی «فرۆگنەر» بوو ڕەنگەکەی شینێکی بریقەدار بوو، کەمێک پاش وەستانی سوار بووم و پڕ بوو لە خەڵک یەکەمین شت کە سەرنجم چووە سەری کچێکی سەیر بوو کە لە ناوەڕاستی فارگۆنەکەدا وەستا بوو، زەرفێکی کاغەزی پڕ لە پرتەقاڵی تەڕوبڕی بەدەستەوە بوو، قەمسەڵەیەکی نارنجی کڵاوداری کۆنی لەبەردابوو، بیرم دێت یەکسەر لە دڵی خۆمدا وتم ئەو زەرفەی دەستی یەکجار گەورە و قورسە، هاکا تەقی!، بەڵام ئەو شتەی کە زیاتر سەرنجی ڕاکێشام زەرفی پرتەقاڵەکەی نەبوو، بەڵکو ئەو ئافرەتە گەنجە بوو کە زەرفەکەی پێبوو، زۆر کەسێکی تایبەت بوو، هەر یەکسەر لە خۆمەوە شتێکی سەیر و ئەفسووناویم لەو ئافرەتەدا بینی} بەڵام «یان ئۆلاو» بەر لە دیدەنی و دیداری کچەی پرتەقاڵیش هەڵگری هەستێکی ئێستەتیکی ئاوێزان بە جۆرێک لە شێتییەو هاوکات لە ڕێگەی «تەلیسکۆبی هۆبڵ» و تێڕامان لە چەمکی زەمەن و بوون گۆشەنیگایەکی تایبەتی لەلا بەرجەستە کراوە. هەر بۆیەش لەم نامە درێژەدا سەراپای چرکە و مۆنادەکانی گیان و زەین و دڵی خۆی دەنووسێتەوە. {زۆر بە ئاگایانەوە هەردوو دەستم درێژ کرد و زۆر بەپەلە دەستێکم خستە ژێر زەرفە قاوەییەکەوە و بە دەستەکەی تریشم توند ناوقەدی کچە گەنجەکەم گرت، بە بڕوای تۆ چی ڕوویدا بێت باشە؟ بێگومان ئەو کچەی کە قەمسەڵە نارنجییەکەی لەبەردابوو زەرفە پرتەقاڵەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە، دەتوانم بڵێم من پاڵم پێوەنا و لە باوەشیم دەرهێنا، هەروەک ئەوەی ئیرەییم بە زەرفەکە برد بێت و ویستبێتم لەسەر ڕێگامی لابەرم. لە ئەنجامیشدا بەداخەوە سێ چڵ پرتەقاڵ کەوتنە باوەشی خەڵکەوە و بەسەر عەردی ترامەکەدا

بلاوبوونەوە.... لەو کاتەشدا کە لە بەردەم کچەی قەمسەڵە نارنجی لەبەرەکەدا وەستام بۆماوەیەک تەماشای ناوچاوی کردم و دواتر وتی؛ بێ ئەقڵ!}

کچەی پرتەقاڵ لە قوتابخانەی وێنەکێشان وەردەگیرێ و مۆرک و خەسڵەتگەلێکی کەرنەڤاڵی پێوە دیارە. دانە دانە پرتەقاڵەکانی دادەنا و شێوەی دەکێشان و لە قاقای پێکەنینی دەدا و حەزی لە جوانی و شیکی و سەفەر و هاورێتی و ڕەنگە، «مۆگنس» کورێکی خەڵکی وڵاتانی ئەسکەندەنافییە و هاورێی کچەی پرتەقاڵە و ئەشێ «فیرۆنیکا» لەگەڵ هەر ژەمێکدا قاژ قاژ قاژ قاژ پرتەقاڵ بخوات تا خۆی لە نەخۆشی {ئەسکەربوت} بپارێزێت ئەمە خەیاڵی «یان ئۆلاو»ە.. چونکە کاراکتەرێکی «کانت»ییە و لە ڕێگای نیگاکانیەوە هەست بە ڕۆحی جوانی دەکات. ئەو دەمەی لە «چاپخانەی کارڵ یۆهان»دا کچەی پرتەقاڵ دەدۆزێتەوە. {بە ئەسپایی چوومە ناو قاوەخانەکەوە لە دووری چوار پێنج مەتر لە کورسی کچەکەوە بۆی دانیشتم و چێژ لە بینینی ئەو دیمەنە پڕ نهێنییە وەرگرم}

لە قاوەخانەی کارڵ یۆهاندا من دەستی چەپم خستبووە سەر مێزەکە، لە پڕێکدا ئەویش دەستی ڕاستی خستە سەر دەستم، کتێبەکەشی خستبووە سەر زەرفی پرتەقاڵەکەی، هێشتا بە دەستی چەپیشی توند توند زەرفە گەورەکەی گرتبوو، وا دەهاتە بەر چاوم لەوە بترسێت کە لێی بسەنم، یان پاڵی پێوەنێم و بکەوێتە سەر زەویەکە.... بەڵام بە هەر حاڵ هێشتا بەردەوام هەر سەیری ناوچاوی یەکتریمان دەکرد و دواتر وتم «تۆ سمۆرەیت»} کەواتە «یان ئۆلاو» هێدی هێدی بە هۆی چاوی گەردوون و عیشق و جوانی کچەی پرتەقاڵەوە ڕووەو ورێنە و جۆرێک لە شێتی ڕێدەکات.. چونکە ئەفسوونی کەڤاڵەکانی ڕوخساری جوانی نەخش و بەخشیشی کردگارە و دڵی ئەڤینداریش کە کەیلی ئاگرەکانی شەیداییە دوور نییە گەمەکانی هۆش و زەین بەرەو جۆرێک لە ئاڵۆزی و شێوانی بەرێت.. لێرەدا «جۆرج» وەک ژەنیارێک، یان وەک پیانۆژەنێک هەڵوەدای «سۆناتەی تریفە»ی «بیتهۆڤن»ە و دەچێتە قوتابخانەیەکی مۆسیقی و وانەی پیانۆ دەخوێنێت لە هەمان کاتدا هەر لەوێ کچێکی خۆشدەوێت کە وانەی کەمان دەخوێنێت. «جۆرج» بە شێوەیەکی بەردەوام بیر لەو کچە و لە تراژیدیای عیشقی باوانی دەکاتەوە و لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەشدا خەیاڵ و خولیا دەبیاتەوە و دیالۆگێکی شاراوە و نهێنی لەگەڵ هزر و بۆچوونە جیاجیاکان دەسازێنێت. چونکە ئەمێستا لەگەڵ {یۆرگن} ی زرباب و مەریەمی خوشکی و «فیرۆنیکا» کچەی پرتەقاڵی دایکیدا دەژی و بەردەوام بیر لە قەمسەڵە نارنجییەکەی دایکی و تابلۆکانی دەکاتەوە. ئەی ئەو باوکە بەدبەختەی کە پڕشنگی تیشکەکانی جوانی و پووچێتی بوون بەرەو خەرەندەکانی شێتی و مەرگی ڕامالی «جۆرج» لە گەمەی وێناکردنەکان دەدوێت.. یۆرگن پۆلیسە لە بەشی تاوانکاری کاردەکات و جوانترین وشە لای ئەو ئەمەیە {گرنگترین شت شێوەی تێڕوانینمانە}... کەرەتێکیان چوومە سەرەوە بۆ ئەوەی شەو شادیان لێبکەم، بەڵام بینیم لە ژێر لێفەکەدا خەریکی دەستبازیبوون.... بەڵام داپیرە وا تەمەنی نەنکم دەگاتە حەفتا و زۆربەی ژیانی وەک مامۆستایەکی گۆرانی وتن بردۆتە سەر، هەموو جۆرە مۆسیقایەکی پێخۆشە، لە لایەکی تریشەوە نەنکم ئاشقی سروشتە، بەتایبەتی شێتی بولبولە.. باپیرەم بەر لەوەی خانەنشین بکرێت وەک کەشناسێک کاری دەکرد، بەڕاستی زۆر قۆشمەیە، قەتیش لەوە ناترسێت کە ڕای خۆی بەڕاشکاوی بڵێت.. نیوەی هاوین بە بەلەمە ماتۆڕدارەکەیەوە دەباتە سەر و نیوەکەی تریشی بە ڕۆژنامە خوێندنەوە دەکوژێت. وتە هەرە بەناوبانگەکەشی «ئێمەی دەوڵەمەند خۆش دەیگوزەرێنین».. جوانترین قسەی مامم کەناوی «ئاینە»یە .. بەلایەوە ئەوەیە {خۆ تۆ تا ئێستا نەچوویتەتە ناو دەریاوە} لایەنی هەر بەهێزی یۆرگن ڕەنگە لەوەدابێت کە ئامادەیە هەموو کاتێکی بەتاڵی بۆ ئەوە تەرخان بکات کە من بکاتە وەرزشوانێک، ئەمە وەک دیاریکردنی وێنا و تێڕوانینی چەند کەسایەتییەک سەبارەت بە ژیان و چۆنیەتی گوزەران و حەز و هیوا و ئارەزووەکان، هاوکات کچەی پرتەقاڵ، یان «فیرۆنیکا» وەک کەسایەتییەکی ئەم تێکستە هەڵگری هەندێ خەسڵەت و سیفاتی ئینسانیانەی «تریزا بانێستا»یە

وەک ئافرەتێکی بوێر لەپەتاو نەخۆشی ترسناک بێباکە، وەک لە نامەکەدا هاتووە {زۆر بە نهێنی سەفەری دەکرد بۆ ئەفریقا و بە قاچاخ خواردن و دەرمانی دەبرد بۆ خەڵکە هەرە هەژارەکەی ئەو کیشوەرە ڕەشە، بە تایبەتیش دەیبردە ئەو شوێنانەی کە مەلاریا و نەخۆشییە کوشندەکانی تری تێدا بڵاوە} بەڵام دایکم.. ئا بەو شێوەیە «جۆرج».. لە کچەی پرتەقاڵ دەدوێت.. «کەرەتێکیان لەگەڵ «مارتین»ی برادەرمدا لە ژووری دانیشتنەکەمان یاری شەترەنجمان دەکرد، دایکم بە خۆی و شانەیەکەوە هاتە لای قەنەفەکە و دەستی کرد بە قژ داهێنانم! لەوێدا بەڕاستی ڕای خۆمم پێ وت، من پێم خۆش نییە لە دایکم تووڕە ببم.. ئەو کەرەتە نەک هەر تووڕە بووم، بەڵکو گڕم لێدەبووەوە.. بەڵام ناچاربووم حسابێک بۆ مارتن بکەم.. دایکم حەزێکی زۆر دیاری هەیە، شێتی نوقڵی «بەڵەکە».. جوانترین قسە بەلای دایکمەوە ئەمەیە «بەر لەوەی بخەویت با یارییەکی کاغەز بکەین».. پێموت «باوکم نامەیەکی دڵداری بۆ تۆ نووسیوە... بۆ کچەی پرتەقاڵ، هەروەها وتم: من ئازیزترین برادەری باوکم بووم، بەڵام تۆ دەستگیران و خۆشەویستی ئەو بوویت، برادەری ئازیز و دەستگیران دوو شتی جیاوازن دەستم کردە ملی کچەی پرتەقاڵ و وتم «باوکم بەجێی هێشتین، دایکم منی نووساند بە سنگیەوە و ئەویش دەستی کرد بە گریان.. داوام لە دایکم کرد هەموو ئەو تابلۆیانە بدۆزێتەوە کە کاتی خۆی لە ئیشبیلیادا کێشابووی. خۆشبەختانە هیچ دانەیەکی فڕێ نەدابوو، .. وتم ئەی ئەو پیاوەی ناو تیۆتا سپییەکە کێ بوو؟ بەڵام پرسیارەکەم حەپەساندی، لە پێشدا ئاوڕێکی لێدامەوە و وەک دەڵێن «ڕەنگی پەڕیبوو» ئەوجا لەسەر کورسییەکی تەنیشت مێزەکەوە بۆی دانیشت هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی «کەواتە باسی ئەوەشی بۆ کردوویت!» هەر زۆر بەدەنگێکی کزەوە وتی «یۆرگن بوو» کیسەی گوێزە هەندیەکەم هەڵگرت و بەسەر زەویەکەدا پەرشوبڵاوم کردەوە.. وتی: بۆ واتکرد؟ هاوارم کرد و وتم «چونکە شێت بوویت! دوو دەستگیرانت لە یەک کاتدا هەبووە! من لە ڕێگەی ئەو نامەیەوە لە مەبەستی باوکم تێدەگەم ، ژیان بەلای ئەو کەسانەوە کورتە کە بە ڕاستی هێندە تێدەگەن کە ئەم جیهانە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە تەواوەتی کۆتایی پێدێت هەموو کەسێک لەو هەقیقەتە تێناگات، هەموو کەسێک لە ڕاستیدا نازانێت مانای بەجێهێشتن و ماڵئاوایی هەتا هەتایی چییە، گەلێک شت هەن دەبنە ڕێگرمان و ناهێڵن ئەو هەقیقەتە ببینین، هەر سەعاتێک، هەموو دەقەیەک شتێک دەبێتە «ڕێگر» ئیتر دەکرێ بڵێم ڕۆمانی «کچەی پرتەقاڵ»ی {یۆستاین گاردەر} مانەندی تێکستێکی ئاوەڵا هەڵگری زۆر جۆرە مانا و دەلالەی نەگوتراوە، هاوکات کەشوهەوایەکی کراوە و نەشئەئامێزی ئێستەتیکی بۆ زەین و دڵ و گیانی خوێنەر ڕەخساندووە، تا بەو پەڕی ئازادی خۆی بەشداری تێدا بکات و بە حەز و ئارەزوو و هەوەس و گۆشە نیگای تایبەت تایبەت گیانی تێکست بدوێنێت و دەلالەکان ڕووەو ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاواز جیاواز ڕابماڵێت. تێکستی «پرتەقاڵ» بەهۆی تەکنیکی نامەنووسین و کردەی نوستالیژی بابەتگەلێکی جیاواز جیاواز دەورووژێنێت و چەندین پرسیاریش بەبێ وەڵام جێ دەهێڵێت، بەتایبەتی پرسیارە وجودییەکان کە حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرن و قبووڵی وەڵامی ڕووکەش و سادە و ساکار ناکەن.. هەروەها دەقی «پرتەقاڵ» مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵێک بواری جیا جیای زانستی کردووە لەوانە، «داروین» و گەشەی بایۆلۆژی، «نیوتن» و هێزی ڕاکێشانی گەردوونی، «ئەنشتاین» و پێوەندی نێوان «مادە و وزە» و «خێرایی و تیشک».. «کریک و واتسۆن» و مولکیولی DNA واتە مادەی بۆماوەی ڕووەک و گیانەوەر، ئەستێرەناسی و تەلیسکۆبی هۆبڵ و گەڕان بەدوای ژیان لەنێو هەسارەکانی تردا، جوانی و درەوشاوەیی «ڤینۆس» شوبهاندنی بە جوانییەکانی «فیرۆنیکا» یان بە پێچەوانەوە، بەکاربردنی جۆرەکانی گوڵ و ڕووەک، لەوانە گوڵە لەیلاق، گوڵە موعینی، هایدرانجیا، ئەنیمۆن، شەوبۆ، گێلاس و تەمشک و توترک و ڕێواس و دەوەنی ترێ و گوڵە یاسەمین و گوڵە تۆرنە و زۆر جۆرە گوڵ و ڕووەکی تر، کارکردن لەسەر ڕەنگە گەرمەکان وەک سوور و زەرد وێرای ڕەشی هەیولایی هەروەها.. کێشەی مانا و

چارەنووسی ڕۆح و تیۆری تەقینەوەی گەورە و ئەوکاتەی کە شوێن و کات ئافەریدە کران.. گەڕان بە دوای ئەسڵ و ڕەچەڵەکی ڕووەکی پرتەقاڵ.. هەروەها جوانی و شیرینی پرتەقاڵ وەک میوەیەک و شوبهاندنی بەتاکە پێڵاوێکی بەجێماوی «سەندرێلا».. چونکە بەسەرهاتی عیشقی سەندرێلا لە ڕێگەی کچەی پرتەقاڵەوە دەگێڕدرێتەوە، یان بە شێوەیەکی تر {یان ئۆلاو} لە ڕوانگەی عیشقی ساندرێلا و کوڕە پاشاوە لە جوانییەکانی «فیرۆنیکا» دەڕوانێت.. ئیتر مەرج نییە «جۆرج» بەهەمان شێوە و شێوازی باوکی لە ژیان و مەرگ و گەردوون بڕوانێت، جۆرج توانی کۆدی کۆمپیوتەرە کۆنەکەی باوکی بشکێنێت و بەهۆی حەوت پیتی سیحرین... «پ ر ت ە ق ا ڵ» سەراپای فایلەکان بخوێنێتەوە، بەڵام ئەمێستا هۆگری کچێکی جوانی کەمانچەژەنە و حەزی لە سەدای {پۆپ} و چێژ و خۆشییەکانی ژیانە، جۆرج دەڵێ {من ئامادەم هەموو شتێکم وەک گرەوێک لەسەر بەشی دووهەمی ئەو شانۆگەرییە دابنێم! شتێک هەیە پێی دەڵێن «ئیشتیهای ژیان» من دوای ئەوە دەکەوم و واز لەو دوو لایەنە دژبەیەکە دەهێنم و نامەوێت بیانبینم، بوونیان نییە، بەلای منەوە بوونیان نییە، تەنیا شتێک کە بوونی هەیە ئاوازێکی دڵڕفێنی خێرایە {ئەلیگریتۆ} بەڵام «جۆرج» لەخۆوە و بە پەلە ئەم بڕیارە نادات، بەڵکو دوای خوێندنەوەی نامەکە و وردبوونەوەی لە سەراپای هزر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی و بەتایبەتی ئەو دێڕە شیعرەی «پییت هاین»ی شاعیری بیر دەکەوێتەوە کە لە نامەکەدا هاتووە و دەڵێ «ئەو کەسەی لە ئێستادا نەژی، قەت ناژی» ئەی تۆ چی دەکەیت؟} جۆرج دەزانێت «یان ئۆلاو»ی باوکی سەرتاپای ژیانی لە شاری «ئۆسلۆ»دا بەسەربردووە و لە پێناو عیشقی «فیرۆنیکا»ی کچەی پرتەقاڵیش ڕووی لە ئیسپانیا و شاری ئیشبیلیا کردووە و لە چەندین شوێنی نامەکەشدا لەبارەی نەخۆشی «شیزۆفرینا» و مادەی «ئیندۆرفین» دواوە و کە مێشک بەرهەمی دێنێت.. جۆرج تێکڕای ئەم خەسڵەتگەلە تژی لە شێتێتیانە لە جیهانە ئاڵۆسکاوەکەی باوکیدا دەدۆزێتەوە ئیتر هێدی هێدی تێڕوانینەکانی لەبارەی ژیان و گەردوونەوە دەگۆڕێن و لە ئاکامدا بەهۆی قووڵبوونەوەی لە یادەوەرییەکانی نامەکە و هەمیشە خەیاڵبردنەوەیدا بەم شێوەیە لە {بوون} دەڕوانێت:

بە بڕوای من بیرکردنەوە لە گەردوون شتێکە تا ڕادەیەک ناچێتە ئەقڵەوە..

**ناوی کتێب: کچەی پرتەقاڵ.**

**بابەت: ڕۆمان.**

**نووسەر: یۆستاین گاردەر.**

**وەرگێڕان لە دانیمارکییەوە: بەهرۆز حەسەن.**

**چاپ و بڵاو کردنەوە: چاپخانەی ڕەنج سلێمانی-٢٠٠٦.**

# خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆ ڕۆمانی لەگەڵ «با»دا ڕۆیشت

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)




شـتـێکی ئاشکرایە پێـوەندی ناونیشان بەناوەرۆکەوە پێوەندییەکی لێک دانەبڕاوە، ناونیـشـانی جـوان وشـیـاو، وەکـو ئەو نـاونیـشـانەی مـارگـرێتی خـانمە نووسـەری ئەمـەریکی، دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەو هەمـوو ڕووداوانەی،کـە هەڵقـوولاوی زەینی ئافرەتێکی ڕۆشەنبیر و خاوەن بیـرەوەرییـەکی قـووڵ و زەینێکی ڕۆشنە، زۆرن ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ڕەشەبای نارەوای جەنگ و قوربانی دەستی زلهێـزەکانن و گەردەلوولی نەگبەتی ڕاپێچیان دەکات، زۆرن ئەو کـەسـایەتیـیانەی کـە فـەنابوون.. مەبەست ئەوانەیە، کە بە دەم گوللە و چەکی جۆراوجۆرەوە لەناوچوون، بە هەمـان شـێـوە ئەوانەی، کـە بەدەم نەخـۆشی و دەردەوە زۆریان ناڵاند ئەوجـا ڕۆیین، ئەوانەی کـە لە ئەنجامی ناسەقامگیری و نائارامی پەنایان بۆ خۆکـوشتن برد، ئەوانەی وڵاتیـان بەجێ هێشت. هەمـوو ئەو کـەسـانە بەشـێـوەیەکی دیار تێـدا چوون، بەڵام دەبێ مـەبەستی مێشل چی بێت، لەم ناونیـشـانە شـتـە جوانەکان زۆرن ئەوانەی لەگەڵ بادا ڕۆیشتن، مـەرگی بەها جوانەکان لە ڕۆحی مـرۆڤـە جـوانەکـان، ئەوانەی خەمی وڵات و عەشق و خاک زۆری لێکردن برۆن، لەگـەڵ بادا ڕۆیین، مـەرگی خـەیاڵە باڵاکـان لە زەینی مـرۆڤی ناوجەنگ، هەمـوو ئەوانە بە دەم شەڕەوە دەڕۆن، شتێکی دیکەش جـەنگ دەیبـات زەمـەنە چرکـەساتە مـاقـووڵەکـان دەکـات بە نامـاقـووڵ سـاتە ئارامـەکـان دەکـوژێ و تەرمی شـەو و باخـچـەکـانی پێش جـەنگ لەئامـێـزی وڵات دەبات، خـەوبوو لەگەڵ بادا ڕۆیشت، یان مرۆڤەکان، هەمـیـشـە حاڵەتە ئینسانییـەکـان لە جـەسـتـەی مـرۆڤ دەکـوژن، پاشـان هەموو شتێک لەگەڵ بادا دەڕوات.

**پێشەکی**

ڕۆمـانی (لەگـەڵ بادا ڕۆیشت) شاکاری دەست و پەنجە و بەرهەمی خـانمە نووسـەری ئەمـەریکی« مـارگـریێت مـێـشـل»ە، ئەم ڕۆمـانە زادەی بیری ئافرەتێکی بەسەلیقە و بەتوانایە لەوانەیە ئەگـەر بەقـەڵەمی پیـاوێک بنووسـرایە، ئەوەندە شـارەزایی کـەسـایەتی و باری سـایکۆلۆژی ئافـرەت نەبووایە، بەو شـێـوەیەی کـە مـارگـرێت مـێـشـل توانیویەتی هەمـوو سیفەتە نێگەتیڤ و پۆزەتیـڤـەکـانی ئافـرەت ئاشکرا بکات. نووسـەر لە سـاڵی ١٩٤٩ بەکـارەسـاتی ئۆتۆمـبـێل گـیـانی لەدەست داوە، بەمەش ئەستێرەیەکی گـەش لە ئاسـمـانی ئەدەبی ئەمەریکیدا کوژایەوە، بەڵام هەمیشە شاکـارەکـەی نەمـرە و یادی لە دڵی

هەمـووانـدا زیندووە جێگای ئامـاژە پێکردنە کـە نـووسـەر پاش دابڕانی لەکـاری ڕۆژنـامـەوانی و لەکـاتی نەخۆشیدا، ئەم ڕۆمانەی نووسیوە.

ئەوەی شایەنی سەرنجە نووسەر ڕووداوەکـانی شـەڕی ناوخـۆی ئەمەریکی هەڵبژاردووە و کردوویە بە ڕۆمـان، شـەڕی نێـوان ویلایەتی باشـوور و ویلایەتی باکـووری ئەمەریکا، توانا و سەلیقەی نووسەر لەوەدایە کـە ڕووداوێکی مـێـژوویی کردووە بەناوەرۆکی ڕۆمانەکەی.

ئەگـەر سـەرنجی مـێـژووی دەسپێکردنی شەڕەکە بدەین، دەبینین بـۆ سـالـّی ١٨٦١ بـەدواوە دەگەڕێتەوە، بەڵام مێژووی ڕۆمانەکە بۆ سـالانێکی زۆری پاش جـەنـگ دەگەڕێتەوە.

تەمەنی ڕۆمانەکە دەکاتە دە ساڵ، هەروەها جەنگیش نزیکەی دەیەیەکی خـایاندووە، ئەمـەش یەکـێکە لە دەرئەنجامـەکانی جەنگ ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکـات. کـە چەندە زەمـەن بەسـەر بچێت هەر کـاریگەری شەڕ بەسـەر هـەست و دڵ و دەروونـی خـەڵکییـەوە بەجێ دێڵێ. نووسـەر توانیویەتی لێهاتووانە ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەتە نائاساییە لە کەسایەتی پاڵەوانەکـانی نـاو چیـرۆکـەکـەی بەرجەستە بکات، ئەوانەی کە جێ پەنجـەی جـەنگ بە ئاشکرا بەسـەر هەست و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیانەوە دیارە و کـاریگەری سـتـەم و زوڵم و زۆر چۆن بەها مرۆڤایەتییـەکـانیـان دەشێوێنێ و چۆن مرۆڤ تووشی نامۆ بوون دەکـات، مـارگریتی بەتوانا و خـاوەن بیـرەوەری و زەینی ڕۆشن لەم ڕۆمانەدا بە هەموو شێوەیەک جەنگ ڕەت دەکـاتەوە. نەک تەنیـا لەبەر ئەوەی ئافـرەتێکی دووربینە، بەڵکو قـەڵـەمـەکەی پەی بە وشەی شیـاو و زمـانێکی سادە و ڕەوان دەبات، کـە دەبـنـە هـۆی پـاراوی دەربـڕیـنـی حیوارەکان لە ڕۆمانەکەدا، ئەمە جگە لـە تـوانـای لـە ڕادەبـەدەری بـۆ خـوڵقـاندنی ڕووداو لە بابەتێکی مـێـژوویی و لەکـات و زەمـەنی شـیـاودا، ئەوەی مـێـشـل لە ڕۆمـانەکەیدا بەرجەستەی کـردووە، ڕەنگدانەوەی هەسـتی مـرۆڤـانەیە، چـونـکـە زۆربـەی لایـەنـە ئینسـانیـیـەکـانی وەرگـرتووە، کاریگەری جەنگی لەسەر ڕەفـتاری کەسایەتییەکان شیکردووەتەوە، بۆیە مارگرێت مێشل دەیەوێ بڵێت، نا بۆ شەڕ.

لە خـوێندنەوەم بۆ ئەو ڕۆمـانە، ئەم چەند دەرئەنجـامـەم لەلا گـەڵاڵە بوو، کە لە جەنگ دەکەوێتەوە.

١- وێران بوونی لایەنی ئابووری وڵات و لە ئەنجـامی ئەم وێرانبـوونە برسێتی و قاتوقڕی و قەیرانی گەورە دەکـەوێتـەوە، ئەم حـاڵەتەش بە ئاشکرا لە عیـراقی لای خۆمـاندا لە ئەنجامی جەنگە یەک لە دوایەکەکان هاتووەتە کایەوە.

٢- کوشتـار و لێکدابڕان و کۆڕەو و هەڵاتنی گـەنجـەکـان و هەتیـو کـەوتنی چەندین ڕۆڵەی دواڕۆژ، ئەمـەش دەبێـتـە هۆی تێکچـوونی شـیـرازەی خـێـزان و جـۆرێک لە ناشیـاوی لە پەروەردەکـردنی منداڵ ڕەنـگ دەداتـەوە و زەمـیـنـە بـۆ دروسـتـبـوونی مـرۆڤی لادەر لە کۆمەڵگە خۆش دەبێ.

٣- بڵاوبوونەوەی نەخـۆشـیـیـە درمێکان، کە لە ئەنجامی بەدخۆراکی و پیس بوونی ژینگە و بەکارهێنانی چەک و تەقـەمـەنی و گـازی ژەهراوی کـاری خـۆیان دەکـەنە سـەر لایەنی تەندروستی مرۆڤ شاری هەڵەبجەی لای خۆمـان بەڵگەیەکی مێـژوویی و ئاسەواری ئەو حاڵەتەیە.

٤- قـەیرانی سـووتەمەنی و شت و مەک و کارەبا و پێداویستییـەکانی تەندروسـتی و دەرمـان، کـە دەبێـتـە مـایەی لەناوچوونی هـەندێک و دروستبوونی کێشە لەلای هەندێکی تر، هەروەکـو لە وڵاتی خـۆمـان ئەو قەیرانە بەرچاوە.

٥- لێکەوتنەوەی مـرۆڤی کـەم ئەندام و شێواوی پاش جەنگ.

٦- دروسـتـبـوونی نائارامی و ناتەبایی و بڵاوبـوونەوەی ترس و بێ مـتـمـانەیی لەنێـوان تاکـەکـانی کۆمەڵگە، تەنانەت لەناو خێزانیش.

٧- گـەمارۆی هاتوچۆ کـە دەبێـتـە هۆی گرانی و کەم دەستی.

٨- لەناوچوونی کـارگـە و شـوێنە خـزمـەتگوزارییـەکـانی و کـارگـە بەرهەمـهـێنەرەکـان و سـووتاندن و تالان کـردنی سـەروەت و سـامـانی خـەڵکی بێدەسەڵات هەر وەکـو پاش هـەر ڕاپەڕینێک کـــە پاش هـەر کودەتایەک ڕوودەدات.

٩- زۆربوونی دیاردەی چەتەیی و کـوشت و بڕ و دەست درێژی کـردن بەسەر ماڵی خەڵکی.

١٠- دروسـت بـوونـی دوو ڕای جیاواز لەنێوان تاکەکانی خێزان، بە تایبـەتی ئەو جیـاوازییـەی، کـە لە شەڕە ناوخۆییەکاندا دەکەوێتەوە.

١١- تووشـبـوونی خـەڵکی بە دوژمنکاری و تێکچـوونی ژیانی ئاسایی، ئەمـە جگە لەبێـوەژن بوونی ژمـارەیەکی زۆر لە ئافـرەتان و زۆربوونی قەیرە کچ.

هەروەها نووسەر مەسەلەی سادەیی و نا هوشیـاری میللەت دەورووژێنێ و ڕۆڵـیـان لـە دروست بـوونـی

جەنگەکان دەردەخات، کە چۆن دەبن بە داردەستی لایەنی بالا دەست و دژی خەڵکانێک دەوەستنەوە کە لەگەڵیاندا ژیان بەسەر دەبەن، ئا لێرەدا نووسەر ئەم حاڵەتەی لە ڕەش پێستەکاندا بەرجەستە کردووە، ئەوانەی، کە لەماڵی باشوورییەکان کاردەکەن و وەکو یەکێک لە ئەندامانی خێزانی ئەو ماڵانەن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ململانێیەکی چینایەتی دێتەکایەوە ئەویش لە نەستی ڕەش پێستەکاندا بەرجەستە دەبێت، ئەوکاتەی هەلیان بۆ دەڕەخسێت و هەست دەکەن بەوەی، کە پاڵپشتێکیان هەیە کۆمەڵێ ڕق و کینە بەرانبەر بە خاوەنەکانیان دەردەبڕن... جگە لەو خالانەی سەرەوە مارگرێن دیاردەیەکی دی دەورووژێنێ ئەویش ئەوەیە، کە هەمیشە دەسەڵات هەست بە بەرپرسێتی ناکات بەرانبەر بە میللەت، هەمیشە کەسانی خاوەن کورسی و پلە بە خوێن و خەباتی میللەت دەگەنە پلەوپایە و هەمیشە میللەت دکتاتۆر دروست دەکات و پاشان هەر خۆشیان دەبنە قوربانی دەسەڵاتدار. زۆرجاریش لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان خەڵکی بێ دەسەڵات دەکەنە داردەست و پلەوپایەی خۆیانیان پێدەپارێزن، بەشێوەیەک، کە هیچ یەکسانی و هاوسەنگییەک لەنێوان خەڵکی بە هەڵوێست و خەڵکانێکی بێ هەڵوێست نابینرێت. ئالێرەوە شەڕی سەنگەر دەگوێزرێتەوە بۆ سەر شەقام و ناو ماڵەکان و ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە ڕووداوەکان لەسەرەتای ساڵی (١٨٦١)ەوە کە شەڕی ناوخۆی ویلایەتەکانی ئەمریکا دەست پێدەکات، لەوێوە و لە چوارچێوەی شەڕو کوشتار و فەنابوون، وێنەی کەسایەتی جۆراوجۆر و هەڵسوکەوتی مرۆڤی ناو شەڕ بەرجەستە دەکات.

پاشان پەنجە دەخاتە سەر چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی، هەمیشە جەنگ بکوژی بەها جوانەکانە، لەناوبەری ڕەوشتی مرۆڤانە و شێوێنەری سیمای مەدەنییەت و هەڵسوکەوتی مرۆڤانەیە، وەکو لەگەڵ بادا ڕۆیشت، زۆرن ئەوانەی کە بەدەم گەردەلوولی جەنگەکانەوە دەڕۆن و ناگەڕێنەوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەو شتانەیە کە دەستنیشان ناکرێن، شتی ڕۆحی و نامەلمووس شەڕ بکوژی سۆزو عاتیفە و ڕۆحیانەتی پاکە، نووسەر ئەم حاڵەتەش لە (سکارلت)دا بەرجەستە دەکات، کچێکی (١٦) ساڵە کە تەنیا عەشق پەسەند دەکات و هەمیشە شوێنکەوتەی ئەوینێکی بێگەردی یەک لایەنەیە، ئەو مرۆڤەی کە لە پاش دروست بوونی جەنگ هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی هانی دەدات، کە لە نەخۆشخانەکاندا بە گیانێکی لەخۆبووردوانە کاربکات.

ئەوئافرەتەی خۆبەخشانە هەموو کۆت و پێوەندەکان تێک دەشکێنێ و بەبێ ئەوەی ساڵێک بەسەر مەرگی هاوسەرەکەی تێپەڕیبێت. کە لە دابونەریتی ئەواندا شتێکی ئاسایی نییە، ڕازی دەبێت لەگەڵ کەسێک. سەما بکات، کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکییەوە ڕەت کراوەیە کە ئەویش (ریت بتلەر)ە، ئەوەش بۆ پەیداکردنی پارە و پوولێک بۆخەرجێکانی بریندارانی شەڕ و دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە ئا ئەمەیە کەسایەتی سکارلتی سەرەتای جەنگ، لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی شەڕ و کارەساتەکانی ئەو مرۆڤە ناچار دەبێت ببێت بە بکوژ، بکوژی مرۆڤێک کەدەیەوێت دەست درێژی بکاتە سەر خێزانێک و تالانی بکات، گرنگ ئەوەیە ئەودەستە پیسانە کرداری کوشتن ئەنجام دەدەن.

نووسەر پاساوی بۆ سکارلت هێناوەتەوە بۆ کرداری کوشتن کە لە پێناوی ژیانی دەوروبەر و ئەو خێزانەی کە لە ئەستۆیدایە بە پلەی یەکەم، پاشان لەپێناوی خۆی، کەواتە جەنگ مرۆڤێکی عاشق و ئاشتیخواز دەکات بە بکوژ، بەڵام هەر بە کرداری کوشتنەکەوە ناوەستێ، بەڵکو دەست دەبات بۆ گیرفانی کوژراوەکە و سوود لە پارە و پوولی کابرای کوژراو (هێرشکەر) وەردەگرێت، ئەم کردارەش لە ئەنجامی کارلێکی برسێتی دەکەوێتەوە، یان لە ئەنجامی ئەو قەیرانانەی، کە لە شەڕەکاندا دەکەوێتەوە و مرۆڤ دەیەوێت خۆی لەو مەترسییانە بپارێزێت.

کەواتە جەنگ مرۆڤی دروست دەکات بە مرۆڤی نا دروست، مرۆڤێک حەز بە تۆڵە سەندنەوە بکات و لە هەموو دەوروبەری خۆی بە گومان بێت.

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوەکان

دەسپێکی ڕووداوەکان لە تارا، لە ماڵی ئەلەن ئۆهارای دایکی سکارلێتەوە دەست پێدەکات. ئەلەن ئۆهارای بە ڕەگەز فەرەنسی کە سەر بە چینە ئەرستۆکراتییەکانە و باوکێکی بە ڕەگەز ئێرلەندی ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆ کردنە نووسەر

خەسڵەی حەق و ڕەقی داوە بە ئێرلەندییەکان، کە لە هەندێ کردەوەیاندا لە ڕەقی و ڕووبەڕوو تووڕبوونی خۆیان دەردەبڕن بۆ بەرانبەرەکەیان، ئەویش لە کاتی تووڕەیی و هەڵچوونی سکارلت لە ئاشلی بەدەردەکەوێ، کاتێ نووسەر دەڵێت:

خوێنی ئێرلەندی تیایدا هاتە ئاخافتن ئەوکاتەی کە چەندین وشەی نەشیاو بە ئاشلی دەڵێت و زللەکەی لێ دەدا.

مێشل سەرەتای ڕووداوەکانی بەو لوغزە دەست پێدەکات کە دوو براکە (ستیورات و برانت) دەیورووژێنن. زۆر لێهاتووانە وەسفی پاڵەوانەکانی دەکات، تەنانەت وەسفی کراسەکەی سکارلت دەکات، پاشان سەرنجی دەگوازێتەوە بۆ ژێر کراسەکەی و باسی ناو قەدی باریک و سینگی دەکات. وەنەبێ تەنیا لە وەسفی کەسایەتییەکان باڵا بێت، بەڵکو وەسفی سروشت و ئەسپەکانی ستیورات و برانتیش دەگرێتەوە و باس لە بەهێزی و چاپووکییان دەکات، بەڵام گرنگترین وەسفی لەوەدایە، کە ڕەنگی ئەسپەکان بە ڕەنگی پرچی دووبرا جمکەکە دەشوبهێنێ، نووسەر لە وەسفکردنی سکارلت و هەردوو میوانەکەی دەڵێت:

– هەرچەندە سکارلت و هەردوو میوانەکەی ژیانێکی خۆشیان دەگوزەراند و بەردەستچی و خزمەتکاریان هەبوو، بەڵام ڕوخساریان عەزمی خەڵکی لادێی تێدابوو، بەوەی زۆربەی کاتەکانیان لەبای خاوێن و بێگەرد بەسەر دەبرد و مێشکیان بەشتی بێکەڵکەوە خەریک نەدەکرد، لە کتێبەکان باس دەکرێت.

دیارە مێشل مەبەستێتی، کەسکارلتی کردووە بەو پاڵەوانەی کە لە مرۆڤێکی پاک و خامەوە بیکات بە مرۆڤێکی مادی و تەنیا بیر لە پارە و پول بکاتەوە، چۆن زۆر ئەستەمە مرۆڤی بە هەڵوێست بە ئاسانی بگۆڕێت، کەواتا بەرزترین کەسایەتی بارودۆخی شەڕ بۆی هەیە بیکاتە مرۆڤێکی لادەر لە بەها ئینسانییەکان ئەو ئەزموونەشی لە کەسایەتی سکارلت بەرجەستە کردووە، ئەو ئافرەتەی کە خواستەکانی وای لێدەکەن لە زۆربەی پیاوەکانیش بوێرتر بێت و سەرکێشی بە ژیانی خۆیەوە بکات، ئەو پاڵەوانەی کە هەمیشە پارێزەری ژیانی (میلانی)یە، لایەنە مرۆڤانەکەی لەوەدایە کە چەندە بەرامبەر بە میلانی میهرەبان و خۆبەخشە لەکاتێکدا، ئەگەر میلانی نەبوایە و نەبوایە بە هاوسەری ئاشلی لەوانەیە ئاستەنگ نەبوایە لەبەردەم مێردکردنی سکارلت بە ئاشلی، ئەو خانمەی لە ڕۆژانی جەنگ و چرکەساتە سەختەکاندا ناوچەی تارای بەڕێوە دەبرد، کۆمەڵێک خەڵکی بێدەسەڵاتی لە برسێتی و قەیران ڕزگارکرد، بەڵام لادانی ئەو لەشتە ماقوولەکان لەوە بەدەردەکەوێ، کە هەوڵدانی زۆری بۆ وەدەست هێنانی دەوڵەمەندی و پاشەکەوت کردنی مادی ناچاری دەکات پەنا بباتەبەر زەوت کردنی، یان ڕاکێشانی کەسایەتی فرانک کنیدی و مێردی پێی بکات، لەکاتێکدا کنیدی و سۆلین-ی خوشکی سکارلت بە تەمای یەکترن، بۆ ئەوەش دەبێ قوربانی بە پرەنسیپ و بۆچوونەکانی خۆی بدات، تاقە ئامرازیش بۆ گەیشتن بەو پیاوە کە پەنای بۆ دەبات درۆ کردنە کەواتە لادان چییە، سامناکترین کردارە کە لە جەنگ پووڵپەرستی مرۆڤ دەکەوێتەوە، هەرگیز مرۆڤی ئاسایی بەو خێراییە دەوڵەمەندی بەخۆیەوە نابینێ بە ڕێگای ڕەوا، بۆیە دەڵێم جەنگ بکوژی بەها جوانەکانە، بەڵام لێرەدا لایەنە سایکۆلۆژی و دەروونییەکە دەبێتە تەوەر و لە هەمووی گرنگتر جەنگی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆیدا، کە چۆن بتوانێت ڕووبەڕووی حەز و ئارەزووەکانی بوەستێت نەهێڵێت ڕووکەش و پێشکەوتنی بە پەلەی سەردەم کاربکاتە سەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتی لەناو کۆمەڵگە، ئەو حاڵەتەی کە مرۆڤ تووشی ڕاڕایی و دوو دڵی دەکات و دەکەوێتە پێشبڕکێ لەگەڵ زەمەن ئەگەریش پێش نەکەوت، ئەوە تووشی جۆرە لادانێک دەبێت و پەنا دەباتە بەر هەندێ ڕەفتاری ڕێگا پێنەدراو و نامەنتیقی، هەندێ جاریش کە مرۆڤ نەیتوانی زوو پێبگات پەنا دەبات بۆ خۆ کوشتن.

چونکە هەست بە بەجێمان دەکات لە ڕەوڕەوەی مێژووی ئەو سەردەمە و پاشان لە زۆربەی ڕووەکانەوە جێدەمێنێ و بەمەش جیاوازی چینایەتی بەشێوەیەکی دیار دەردەکەوێت. ئەو دەمەش خەڵکانێک پێدەگەن. کە بە مافی خۆیان نییە ئەوەش بە ئاشکرا لە خەڵکانێکی ناو ڕۆمانەکە بەدەردەکەوێ ئەوەی کە کاریگەرییەکانی جەنگ دەسەلمێنێ مێژووی ئەم ڕۆمانەیە و هەتاکو ئەمڕۆش هەر لە کوردستانی لای خۆمانیش خەڵکانێکی زۆر هەن و

جیاوازییەکی بەرچاوی پاش شەڕی ناوخـــۆی لێکەوتووەتەوە، ئەویش لەلایەنی ڕووکـــەش و پلەوپایەوە بە ئاشکرا دیارە، کەواتە سلبیـاتەکانی جەنگ هەمان ئەو سلبیـاتانەن کە مێشل نووسیویەتییەوە ئیدی لە هەر جێگاو کاتێک بێت، گرنگ ئەوەیە سکارلت نەیتـــوانی خـــۆڕاگـــربێت بەرانبـــەر بەمـــاددەییـــەت تا ئەو ڕادەیەی لەکـــۆتاییـــدا بە تەنیـــا دەمێنێتەوە. خاڵێکی گرنگی دیش هەیە کە مێـشل ئامـاژەی پێـداوە، دەرئەنجـامـێکی دیکەی شـــەڕە، ئـەویـش گـــــــۆڕانـی بـارودۆخـی خـــەڵکانێکی هەڵپـــەرست و دروستبوونی جۆرە ناهاوسەنگییەکی کۆمـەڵایەتی، ئەمەش بەشێـوەیەکی دیار بەبێ زیادەڕۆیی لە کـەسایـەتی ڕەشپیـستەکـاندا بەرجەستـەیە، کە لەماڵی باشوورییەکاندا تەمەنێکیان بەسەر بردووە لەکارکردن لەلایاندا، بەشێوەیەک شیرازەکان تێک دەچێت و خـــەڵکی بە جـــۆرێک تووشی بەدگـــۆڕان دەبن خـاوەن مـاڵەکـان هەست بە نامـــۆبوون دەکـــەن، کـــە یەکێک لە خزمەتکارەکان دەیەوێت دەست بەسەر ماڵی جیراندا بگرێت، کەواتە جەنگ دەست وەردەداتە ناو خـێـزانەکـانیش و تەنیـا لایەنی ئابوورییە دەبێتە هۆی ڕوودانی شتە نامـاقـوڵەکان کە لە خـودی جەنگ ترسناکـتـرە، چونکە دەبێـتـە هۆی گۆڕانی خەڵکانێک بەوەش شیرازەی کۆمەڵگەتێک دەچێت.

### هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ

مـێـشل چۆن دەرئەنجـامـەکـانی جـــەنـگ بـەدەردەخـــات و بـاسی نەهامـەتـیـیـەکـانی دەکـات، کـە لە جـــەنـگ دەکـــەونەوە، هـەروەها لێـهـاتووانە پەی بەو فـاکـتــەرانە دەبات، دەبنە زەمـینـە خـۆشکەر بۆ لایەنە باڵا دەســـتــەکـــان کـــە ئەو جەنگانە بگێڕن.

ئاشکرایە، کـە هەمــوو کـردارێک ئەنجـامــدەرێکی دەوێت، لێـــرەدا کـردارەکـە «جـەنگێن»ە کـەواتە بەبێ ئامراز نادرێت، مێـشل چەندین جۆر خەڵکی کردووە بە ئامـرازی ئەو دوو لایەنە باڵا دەسـتــە، کـە دەسـەڵاتی ویلایەتی باکـوور و باشـووره ئەو لە وەسفی خەڵکی جۆرجیای باکووردا دەڵێت:

خـــەڵکی ئـەوێنـدەر بـەلایـانـەوە شـتـێکی ئاسـایی بوو کـە گـەنج و لاوەکـــــانیـــــان هـیـچ زانـسـت و بڕوانامــەیەک بە دەســتــــە نەهێنن بەمـەرجـێک لە شـتـە گـرنگەکـاندا لێـــهـــاتوو و زیرەک بن، شـــتـــە گـرنگەکانی لای ئەوانیش ئەمـانەن: لۆکە چاندن و سـوارچاکی، نیـشـانە پێکان و سەمـاکـردن بەلێـهـاتوویی، هەروەها هەڵسـوکـەوت کـردن لەگـەڵ ئافـرەت بە سـەلیـقـەوەو خـواردنەوە بەشێوەیەکی دروست.

ئەم نـاجـددی بوونە و فـەرامـۆش کـــردنەی لایەنی زانســتی مــرۆڤی نابەرپرس و هەڵەشـــە بەرانبــــەر ڕۆشنبیرکردنی خودی خۆی ئەمەش دەقاودەق ئەو خەسڵەتانەیە کە ئەو جـۆرە مـرۆڤـانە دەکـەن بە پاشکۆی حزب و دەسەڵات کەواتە لێرەدا دوو جەمسەر دروست دەبێت:

١- لایەنی دەســەڵاتدار ـــ کـــە خاوەنی هێزو دەسەڵاتە.

٢- لایەنی بێ دەسەڵات ـــ کە بۆ ســــەلماندنی خـــودی خـــۆیان و ڕزگـاربوونیـان لە برسێـتی و هەندێ جاریش بۆ وەدەست هێنانی پلەوپایە پەنا دەبەنە بەر ئەو حـــزب و ئەو گرووپانە و شوێنیان دەکەون، ئەمەش لە هەمــوو ئان و سـاتێکدا هۆیەکی سەرەکییە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەلای خـەڵکانێک کـە هەست بە توانای خـــۆیان ناکـــەن و بڕوایان بەخوێندن و وەرگرتنی زانست نییە. هەمـیـشـە پاشکۆ دەبن و تێـدادەچن، کەواتا چەندێک دەسەڵات دەستی لە هەڵگـیـرسـانـدنی جـەنـگ و وێران کردندا هەیە و چەندە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و جیـاوازی مـەزهەبی کاردەکـاتە سەر چارەنووسی مـیللەت و وڵات، ئەوەندەش مرۆڤی ناهوشیار و نەهەسـتـیـار دەبنە پاڵپـشـتی ئەم بـزووتـنـەوەی وێـرانـکـردنـە و وڵات بەرەو نەمان و فەنابوون دەبەن.

ئا لێـرەدایە خـەڵکی باکـوور ئەم خەسڵەتانەیان تێدایە، بۆیە زیاتر بە پیـــری ڕیکلامـــەوە دەچن و دەبنە داردەســــتی دەســــەڵات و شـــــەڕ هەڵگیـرسـاندن و بەتواناترن، ئەمـە جگە لە هۆکـــاری ســیـــاسی و بەرژەوەندی وڵاتان کـــە هۆکـــاری هەڵگیرساندنی جەنگە.

### خوێندنەوەیەک بۆ هەندێک لەکەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە

جـگـە لـەو دەرئـەنجـــــــــــام و نەهامــەتیــانەی، کـــە لە جـــەنگ دەکـــەوێتـــــەوە، مــــێـــشـل باری ســـایکۆلۆژی خـەڵکانێکمـان بۆ ئاشکرا دەکـات کـە کـۆیلەی دەسـتی نـاهـوشـیـــــاری و خــــودو زۆرداری دەســـەڵاتن، تایبـــەتمەندی هەردوو ڕەگەزمان بۆ شی دەکاتەوە.

بـۆ نمـوونـە: مــــــەرگی بـاوکی سکارلت، کـە لەسـەر دەسـتی خـۆی دەبێت بۆ چییە و لە پێناوی چیدایە؟ ئەو حاڵەتە مرۆڤێکی خاوەن ڕێباز و ڕەسـەن و نیـشـتـیـمـانپـەروەرمـان بۆ

دەردەخات. ئەویش جیرالد-ی باوکی سکارلت-ە،کە لەپێناوی مەسەلەیەکی پیرۆزدا گیانی خۆی بەخت دەکات، ئەمەش بۆ ئەو هەستە دەگەڕێتەوەکە لەو دیوی نەستییەوە خۆی حەشارداوە، کەواتە هەر مرۆڤە و جۆرێک مەیلی هەیە کە لەکاتی خۆیدا بەدەردەکەوێت، باوکی سکارلت تاکو زۆری بۆ نەهات و لەژێر گوشاری کچەکەیدا، کە بەرێگەی سەرخۆشکردنی ویستی ئیمزای بۆ باکوورییەکان پێی بکات بەرانبەر بە پارەو پوولێک وەکو خەڵکانێکی دی ژیانیان بگۆڕێت، ئەمە و کاتێکیش جیرالد دێتەوە سەر بارودۆخ و ئاگایی خۆی و سەر مەسەلەکە، دەزانێت تووشی حاڵەتێکی سەیر دەبێت و سواری پشتی ئەسپەکەی دەبێت و خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و بەوجۆرە خۆی دەکوژێت.

بەڕای خۆی بەسەربەرزی دەمرێت و خیانەت لە هەڵوێستی خۆی و نیشتمانەکەی ناکات. ئەمەش جۆرێکە لە مرۆڤ کە شوێنکەوتەی بەها و ڕێبازەکە دەستکردی خانمە نووسەری ئەمریکییە، ئەو کرداری خۆ فرۆشی و نۆکەری ڕەت دەکاتەوە و مێژوویەکی پاک بۆ خۆی تۆمار دەکات. یەکێکی دی لە کەسایەتییەکانی مێشل، کە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ گوایە مرۆڤ هەمیشە قابیلی گۆڕانە، ئەویش «دیت بتلەر»ە ئەوەی ئاشکرایە ڕیت بتلەر پیاوێکی بازرگانە و بازرگانی بە هەلومەرجی جەنگەوە دەکات و شتومەک بۆ باشوورییەکان دەهێنێ لە ڕێگەی بەندەری باکوورییەکانەوە، ئەو هەمیشە بە مرۆڤێکی پڕ لوغزو تەم و مژاوی ناسراوە و تەنیا بازرگانیکردنی بەلاوە مەبەست بووە، ئەمە ئەو سیفەت و خەسڵەتانەیە کە لەبەرچاون، یان لەکاتی ئاساییدا بەم جۆرەیە، بەڵام ئەوەی ئەم پاڵەوانە ئاشکرا دەکات دروستبوونی بارودۆخێکی نائاسایی و هەڵگیرسانی جەنگە، کەواتا پاڵەوانەکانی مێشل لەژێر ئەزموونێکی قورسی واقیعیانەی تاڵدا تاقی دەکرێنەوە، ئەویش بارودۆخی تێکچوو و شوێنیش ناوچەیەکە پڕە لە ڕاڕایی و ناسەقامگیری نیشتەجێبوون و ڕاونان و تاڵانکردن. زەمەن پڕە لە ڕووداوی لەناکاو و کۆچکردن و ماڵ خاپوور بوون و مەرگ و وێرانبوون، ئا ئەمە ئەو زەمینەیەیە، کە ڕیت بتلەرمان پێدەناسێنێ و کەسایەتی تەمومژاوی ئەومان بۆ دەردەخات، بەڵام نووسەر زۆر زیرەکانە کاتی یەکەم یەکترناسینی ڕیت بتلەر و سکارلتا-مان بۆ دیاری دەکات، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە ماڵی ئال وایلکز ئاهەنگ دەگێڕن و سکارلت بە پەلە خۆی دەکاتە ژووری کتێبخانەکەیانەوە و چاوەڕوانی ئاشلی دەکات، تاکو دوا میوانی بەڕێ بخات و بێتە کتێبخانەکەوە بۆ ئەوەی دروستی ئەو هەواڵەی لێ بزانێت، ئایا ڕاستە ئاشکی و میلانی دەبنە هاوسەری یەکتر، یان درۆیە، ئەمە لەلایەک لە هەمان ئەو ئاهەنگەدا، کە پێش چەند ساتێک بتلەر لەگەڵ پیاوانی دی ناو ئاهەنگەکە دەبێتە مشت و مڕیان لەسەر مەسەلەی هەڵگیرسانی جەنگ، ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ڕایانەی کە ڕیت بتلەر لە ئاهەنگەکەدا دەری دەبڕێت کاتێ دەڵێت:

ویلایەتی باشوور وەکو ویلایەتی باکوور نییە، ئەوەی ئاشکرایە باکوورییەکان خاوەن کارگەی چەک و تەقەمەنین، کە لەلای باشوورییەکاندا بوونی نییە ئەمە جگە لە نەبوونی کاریگەری شێکردنەوەی پەمۆ لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگ توانای فرۆشتنی پەمۆ-مان نامێنێ.

ئەم ڕاوبۆچوونەی بیتلەر جۆرێک لەواقیعیەتی تێدایە، کە دەڵێت خەڵکی باشوور کەم ئەزموون و بەرگەی ئەو شەڕە گەورەیە ناگرن، بەڵام هەمیشە خەڵکە دڵسۆز و شۆڕشگێڕ و سادەکە بە هەڵوێستن بۆیە لەم ڕایەی بێزار دەبن و بەناپاک لەقەڵەمی دەدەن و ئەو مشت و مڕە دەخولقێ، لەو کاتەدا ستیورات لێی دەپرسێت:

- مەبەستت چییە؟

بتلەر بەگاڵتەپێکردنێکی بە ئەدەبەوە وەڵامی دەداتەوە:

- مەبەستم قسەیەکی ناپلیۆنە، لەوانەیە ناوت بیستبێت، کە دەڵێت خوا لەگەڵ لەشکری بەهێزە...

ئەم ڕستەیەی،کە لەم شاکارەدا تەوزیف کراوە زۆر جێگای خۆیەتی و لێزانی و شارەزایی مێشلمان بۆ ئاشکرا دەکات، چونکە ئەگەر بە زانستییانەش لە مەسەلەکە بڕوانین هەمیشە بەهێز لە کۆمەڵێکی بێ هێزی دەباتەوە و زاڵ دەبێت بەسەریا مەبەستمە توانای مێشلە لە دروستکردنی ڕووداو کە چۆن لەو ئاهەنگە و لەو باخچەیەوە، کاتی سکارلت و بتلەر یەک دەخات، کە بتلەر تووڕە دەبێت بە وایلکز دەڵێت: لەکتێبخانەکەت چاوەڕوانت دەبم، چونکە پێش وەخت وایلکز پێی دەڵێت: دوایی تەماشای

کتێبخانەکەم بکە، وەکو دەزانین سکارلت-یش بڕیاری خۆی داوە لە هەمان شوێن، کە (کتێبخانەکە)یە چاوەڕوانی ئاشلی بکات، کەواتە کە ئاشلی سکارلت لەتاریکی ژوورەکەدا دەبینێ تووشی سەرسوڕمان دەبێت و پێی دەڵێت خۆت لەکێ شاردووەتەوە لێرە. سکارلت ئەم پرسیارە ئاراستەی ئاشلی دەکات:

- ئایا خوازبێنی دەکات، یان نا...؟

کاتێک ئاشلی ڕاستییەکەی بۆ دەدرکێنێ:

گوایە ئەو میلانی دەکات بە هاوسەری خۆی، سکارلت زللەیەکی پیا دەکێشێ و تاکو ئەو ڕووداوەی کە توحفەکە دەکێشێتە سەر قەنەفەکە و لە تاریکیدا کەسێک ڕاست دەبێتەوە ئەویش (ڕیت بتلەر)ە.

ئا ئەمە بەتوانایی میشلە لە دروستکردنی لوغز و پێشهات بۆ زنجیرەی ڕووداوی ڕۆمانەکە، کە بتلەر ئاگاداری تەواوی گفتوگۆی نێوان ئاشلی و سکارلت دەبێت تاکو دوا ڕستەی، کەسکارلت پێی دەڵێت:

- تاکو مردن ڕقم لێت دەبێتەوە.

لێرەدا سکارلت دەبێتە کەسایەتییەکی لاواز لەبەردەستی بیتلەر و هەمیشە لەوە دەترسێت، کە نهێنییەکەی بۆ میلانی ئاشکرا بکات، پێوەندی ئەو دوو ڕەگەزە جیاوازە و دەرنەخستنی نهێنی سکارلت لەلایەن بتلەرەوە دەبێت بۆچی هۆیەک بگەڕێتەوە؟ ئەمەش مایەی پرسیارە، ئەو پرسیارەی کە نووسەر لە زەینی خوێنەردا دروستی دەکات.

بەردەوامبوونی پێوەندی نێوان سکارلت و بتلەر و ئەو هەموو ماوە نا هەموارەی کە لەنێوانیاندا درێژە دەکێشێ بەبێ ئەوەی بتلەر دان بە خۆشەویستییەکەی خۆیدا بنێت بۆ سکارلت و مێردکردنی بە تشارلز و پاشان بە فرانک کنیدی و بڕوا نەهێنانی بتلەر بە پێوەندی هاوسەرگیری.

ئەم هەموو ئاستەنگ و کۆسپانەی کە زەمەنی پێوەندییەکەیان درێژ دەکاتەوە، سیفەتێکی دیکە دەخاتە سەر کەسایەتی خۆڕاگر و بە ئیرادەیی بتلەر، کە چەندە پیاوێکی بەسەبرە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵوێستی مرۆڤانەی لەکاتی تەنگانەدا بۆ خەڵکی بەدەردەکەوێت. میشل بوێری و جورئەتی سکارلت لەو زللەیە بەدەردەخا، کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا، لە ئاشلی دەدا ئەمەش جۆرێکە لە پێشبینی کردنی میشل بۆ کەسایەتی کۆڵنەدەر و بوێرانەی سکارلت. ئەوەش لەبەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەرەو مادییەتتر دەچێت، کۆتایی ڕۆمانەکەش بەڵگەی بە ئیرادەیی و سەرسەختی سکارلت-ئیدی نەهامەتی بارودۆخ و کارەساتەکانی جەنگ لەمرۆڤێکی عاشق و ناسک ئەم مرۆڤە بەرگریکارە دەخوڵقێنێ هەمیشە بەردەوامی ژیان لەپێناوی عیشقدایە.

کەواتا ئەگەر لوغزی خۆشەویستی و غەریزەی عەشق نەبوایە، بەردەوامبوون، نەدەبوو و کرداری زاوزێ و خستنەوەی وەچەو نەوەکان پەرەی نەدەسەند ژیان بەم شێوەیە نەدەڕۆیشت، کە سکارلت لە یەکەمین عەشقی شکستی هێنا، خۆشەویستی ڕاستەقینەی بۆ ئاشلی و دوورەپەرێزی ئاشلی و گوێنەدانی بە سۆز و هەڵچوونەکانی سکارلت، ئەم جۆرە مرۆڤەی لەو خانمە دروست کرد، ئەوەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

هەروەکو دەڵێن: (خۆشەویستی تەنیا بۆ دڵخوازی یەکەمینە) کە مرۆڤێک ئەوەندە تینووی شتێک بوو و دەستی پێی نەگەیشت مرۆڤێکی قایم و بە ئیرادەی لێ دروست دەبێ، بۆیە هەمیشە مرۆڤێک کە تووشی چەندین نسکۆ بووبێت لە کرداری خۆشەویستی، مرۆڤێکی بە ئەزموون و بە ئیرادەی لێ دەخولقێ، لەم گۆڕانەی کە بەسەر سکارلت هات، ئەگەر لایەنە مادییەکەی بەسەریدا زاڵ نەبوایە، چۆن دەیتوانی بۆ دوو سێ جار مێرد بکات لەکاتێکدا بەردەوام لە خزمەتی ئاشلی-دا بوو، بگرە لە ڕۆژانی تەنگانەی جەنگیشدا هەر پاڵپشتێکی قایم بوو بۆ میلانیش ئەو کەسایەتییەی، کە هۆی لێکترازانی هەردووکیان بوو.

لە مەسەلەی خۆشەویستی میشل دوو ڕەگەزی جیاوازی خولقاندووە هەریەکە و تایبەتمەندی خۆی داوەتێ، بەڵام هاوکێشەکە بەم جۆرەیە.

خۆشەویستی و عیشقی یەک لایەنەی سکارلت بۆ ئاشلی لەکاتێکدا ئەو میلانی هەڵدەبژێرێت تا بیکات بە هاوسەری خۆی ئەوەی ئاشکرایە تا کۆتایی ڕۆمانەکە لەگەڵ ئەو هەموو هاوکاریکردنەی سکارلت بۆ ئاشلی هیچ کردارێک لە ئاشلی دەرناکەوێت، کە دان بەو خۆشەویستییە یەک لایەنەیە بنێت. تەنیا جارێک نەبێت ئەویش لەو کاتەدایە، کە سکارلت پەنای بۆ دەبات و لێی دەپاڕێتەوە، کە

لەوێندەر بمێنێتەوە لەوە دەچێت لەژێر کاریگەری و هەڵچوونی سکارلتدا بێت کە دەڵێت بەڵێ خۆشم دەوێی.

مێشل زۆر شارەزایانە مەسەلەی عیشقی لەناخی سکارلتدا سەقامگیر کردووە ئەو عەشقەی، کە هەمیشە قوربانیدان و خۆبەخت کردنی دەوێ، بەڵام ئەم هەموو کۆڵنەدان و جورئەت و بوێرییەی، کە لە کەسایەتی سکارلتدا بەرجەستە بووە لەئاشلیدا نابینرێت، عیشق مانای هاوبیری و هاوخەمی و هاودەردی و هاوسانی بەو مانایەی کە هەر نەبێ دەبێ لە چەند شتێکدا یەک بگرنەوە و هاوبەش بن، بەڵام ئەوەی لەم ڕۆمانەدا لە ئاشلی دەبیسترێ ئەوەیە: ئافرەتێکی دەوێت کە هەموو شتێکی لێی نەوێت، کە دەڵێت: خۆشەویستی هەموو شتێک نییە لەپێناوهاوسەرگیری ئارام و تەبا بە تایبەتی لەکاتێکدا دوو کەسەکە پێکەوە نەگونجێن وەکو من و تۆ، تۆ هەموو شتێکت دەوێ کە لە پیاودا هەبێت، جەستە و دڵ و ڕۆح و بیرکردنەوەکانیش دەوێت، ئەگەریش ئەو شتانەت بەدەست نەهێنا نائومێد دەبیت، منیش لە توانامدا نییە هەموو شتێکت پێ ببەخشم.

ئەم بۆچوون و دانپێنانەی ئاشلی، لێرەدا کەسایەتی مەعشوقمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە، کە ئاشلی مرۆڤێکی واقیعی و ڕاستگۆ و دوور بینە بۆیە ناتوانێت تەسلیمی گریان و پاڕانەوەی سکارلت بێت و ڕاستییەکەی بۆ ئاشکرا دەکات.

لە هەمان کاتدا ئەو وەسف کردنەی ئاشلی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جۆرێک لە خۆشەویستی دەخاتە پاڵ سکارلت، کە هەرگیز خۆشەویستی بەخۆویستی سەرناگرێت، چونکە هەمیشە عاشقی ڕاستەقینە لە قوربانیدانە بۆ مەعشوق و هەرگیز عیشق دەستەمۆ ناگرێت وەنەبێ مێشل ئەوەی لەبیر کردبێت، کە کەسێکی گونجاو بۆ ئاشلی بخوڵقێنێت ئەو هەموو ئەو خەسڵەتانەی لە میلانیدا کۆکردووەتەوە.

دیسانەوە نووسەر ڕۆڵی زانستی لەبیر نەکردووە، کە بۆ فاکتەری بۆ ماوەیی و جینی دەگەڕێتەوە لەوانەیە ئەو بوێرییەی سکارلت بگەڕێتەوە بۆ سیفاتی بۆ ماوەیی، چونکە نووسەر لە هەڵوێستی بوێرانەی سکارلت-دا دەڵێت: خوێنی ئێرلەندی تێدا هاتە جۆش.

بە تایبەتی ئەوکاتەی ئاشلی عەشقەکەی ڕەت دەکاتەوە ئەو هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە هەموو هێزی لە دەستی کۆدەکاتەوە و زللەیەک دەکێشێتە ڕوومەتی ئاشلی لەو هەڵوێستەوە کەسایەتی سکارلت دەبێتە پاڵەوانێکی دیارو بە ئاسانی لە زەینی خوێنەردا بەرجەستە دەبێت بۆیە سکارلت کەسایەتییەکی ئافرەتانەی جیاوازە لە ئافرەتانی تری ناو ڕۆمانەکە، یاخی و بوێرلە ژیاندا، بەشێوەیەک شانازی بەخۆیەوە دەکات هەرگیز لەبەردەم ئاستەنگ و بەربەستەکانی ژیاندا شکست ناهێنێ و نائومێدی لەکاری ناخات، ئەمەش ڕاستی قسەکانی ئاشلی بەدەردەخات، چونکە هەموو پیاوێک توانای ئەوەی نییە لەگەڵ ئافرەتێکدا ژیان بباتە سەر، هەرگیز ژیان لەگەڵ ئافرەتی یاخی، یاخی لە داب و نەریت و کۆمەڵگە و شوێنکەوتەی وەرگرتنەوەی مافەکانی بێت ئەو لەزەتەی تێدا نییە بۆ پیاو.

ئیدی لە هەر کۆمەڵگەیەک بێت پێکهاتەی پیاو هەریەکە، هەمیشە حەز بە ئافرەتێک دەکەن بە شوێن سەلماندنی خودی خۆی بکەوێت و ڕاست و چەوتەکان لە یەکتر جیابکاتەوە و هەوڵی یەکسانی بدات، دەبێ بتوانێت هەموو حەزەکانی پیاو جێبەجێ بکات. هەردەم بیرکردنەوەی ئەو جۆرە ئافرەتانە جیاوازە لەبیرکردنەوەی ئافرەتی سادە ئەوانەی کە تەنیا بۆ ڕازیکردنی پیاوان خولقاون و لەپێناویاندا خودی خۆیان فەرامۆش دەکەن.

هەر بۆیەشکە ئاشلی ئەو قسانە بە سکارلت دەڵێت هیچ جۆرە تەنازولێک لەلایەن سکارلتەوە بەدی ناکەین نووسەر کەسایەتی ژنی کۆڵنەدەر لە سکارلتدا بەرجەستە دەکات ئەگەر نا بە ئەشلی دەگوت من قوربانی بە هەموو شتێک دەدەم لە پێناوی تۆدا، لە هەمان کاتدا سکارلت زۆر ڕاستگۆیانە ئاشلی خۆش دەوێت بەڵگەی ئەو ڕایەش پاش ئەوەی زللەکەی لێدەدا و پێی دەڵێت:

- هەتاکو مردن ڕقم لێدەبێتەوە

کەچی بە درێژایی ژیانی هەر پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ ئاشلی و چاوەڕوانی وشەیەکە کە گوزارشت لە خۆشەویستی ئەو بکات، هەموو ئەو هاوسەرانەی لەگەڵیدا دەژین هەموو یەک جۆرە هاوسەرگیرییە کە لە پێناو بەرژەوەندی و بەردەوامبوونە و هیچی تر.


تەوەرێکی تر کە مێشل لە ڕۆمانەکەیدا فەرامۆشی نەکردووە دروستبوونی جیاوازی بیروڕا و لایەنگیری هەر گرووپ و حزب و لایەنێک چۆن دەبێتە ئاستەنگ لە

ڕێگای ژیانی تایبەتی خەڵکی و لەدواییدا ناو خێزانەکانیشی دەگرێتەوە، بەمەش ڕای تاک ڕۆڵی نامێنێ و دەبێتە کۆڕای ناو بازاڕ. ئا لەوێدا تاک هیچ کاریگەرییەکی نامێنێ تەنانەت لەوەرگرتنی بڕیاری تایبەتیش ئەو حاڵەتەش بە ئاشکرا لەشووکردنی سکارلت بەریت بتلەر ئاشکرای کردووە کە چۆن سکارلت دەکەوێتە بەر سەرزەنشتی خەڵکانێک و لەو کردەوەیەی لە ڕێگای دەوەستن و گرفتی بۆ دروست دەکەن، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ دروست بوونی پارت و لایەن لەناو میللەتی نا هوشیار چەندە مرۆڤ تووشی نەگبەتی و ژێردەستەیی دەکات. تا کار دەکاتە سەر ژیانی تایبەتی و خێزانی و شتی چارەنووساز، کە ئەمەش دەستەمۆیی و بێدەسەلاتی لە کەسایەتی مرۆڤ بەرجەستە دەکات و کولتووری میللەتان لاواز دەکات، بەداخەوە کە ئەو مرۆڤەش دەبێتە دایک، یان باوک ئەو هەڵسوکەوتانەش دەبنە بەشێک لە کەسایەتی ئەو کەسە و کاریگەریی بەسەر نەوەکانیترا بەجێدێڵێ.

تەوەرێکی تر کە مێشل شارەزایانە کەسایەتییەکی پڕ لوغز و تەم و مژاویمان پێدەناسێنێ ئەویش ربت بتلەری سەرکێش و ڕەتکراوەیە لەلایەن کۆمەڵگەی باشوورییەکانەوە و هەمیشە بە چاوێکی کەم تەماشا دەکرێت و بە مادییەت ناسراوە و خەڵکی بەگومانەوە تێی دەڕوانن و دووری لێدەگرن، بەڵام لە دروستبوونی ڕووداوەکان بەردەوامی ڕێڕەوی ڕۆمانەکە دەبینین ئینقلابێک لەو کەسایەتییە ڕوودەدات، بە تایبەتی ئەو کەسێکە هەرگیز بڕوای بەوە نییە ئافرەتێک بکات بە هاوسەری خۆی، بەڵام لەدواییدا، کە داو لە سکارلت دەکات ببێ بە هاوسەری ئەمە بۆخۆی گۆڕانکارییەکی دیارە، کە بەسەر ئەو کەسایەتییە دێت ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەو کەسایەتییە لە زانینی نهێنییەکەی سکارلت و ئاشلییەوە، دەیتوانی چەندین جار ڕاستی مەسەلەکەی سکارلت ئاشکرا بکات و ژیانی خێزانی لێ تێک بدات. لە زۆر کەس دووری بخاتەوە، کەواتا بتلەر بەدرێژایی ئەوکاتەی کە بەگاڵتە پێکردنەوە لەگەڵ سکارلت دەدوا و دانی بە خۆشەویستی خۆی نەدەنا بۆی، ئەو مرۆڤە تەمومژاوییە ئەو مرۆڤە تەمومژاوییە بووە کە مێشل بەو دەمامکە داپۆشیوە. خۆشەویستی بتلەر لەو کاتەدا بەدەردەکەوێت کە دەمانچەیەک دەدات بە سکارلت تاکو لە ڕێگەی هات و چۆی کارگەی تەختەدارەکان بوونی خۆی پێ بپارێزێت، ئەمە هێمایەکە بۆ مایل بوونی بتلەر بۆ ئەو ئافرەتە، بەڵام، کاتێک داوا لە سکارلت دەکات ببێت بە هاوسەری، ئەوە مێشل ئەو گومانە ناهێڵێت و دروستی هەست و سۆزی بتلەرمان بۆ ئاشکرا دەکات ڕێڕەوی ڕووداوەکان بە ئاراستەی ئەو گۆڕانکارییە دەبات کە بەسەر بتلەر دێت و چۆن مامەڵەی ئەو کچە زەحمەتکێشە دەکات تاکو عیشقە ڕاستەقینەکەی خۆی لەبیر بکات کە ئاشلییە پاشان ئەوەندەی هەستی داگیرساو و بەتینی باوکایەتیی لەلای بتلەر دروست کردووە، ئەوەندە هەستی دایکایەتیی لەلای سکارلت زاڵ نەکردووە، ئیدی مرۆڤبوون لەمە زیاتر مانای چی ئەو خۆشەویستییە باوکانەیەی بتلەر بۆ (بۆنی) کچی زۆر جار دەبێتە هۆی بەدحاڵی بوونێک لەنێوان سکارلت و بتلەردا...

ترۆپکی توانای داهێنەرانەی مێشل لەوەدا بەدەردەکەوێت، کە تاکو کۆتایی ڕۆمانەکە بتلەر نهێنی خۆشەویستی «بۆنی» بەو ڕادە شێتانەیە ئاشکرا ناکات کە خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر ئەوکاتەی بۆنی بچکۆلە گیانی لەدەست دەداو بتلەر تووشی جۆرێک لە شێتبوون دەبێت پاش مەرگی (میلانی) بڕیاری جیابوونەوە دەدات لە سکارلت، ئەوجا بە سکارلت دەڵێت کە چەندی خۆشویستووە و چەند هەوڵی داوە تاکو ئاشلی لەبیر بباتەوە و نەیتوانیوە، کەسایەتی بەرزی بتلەر ئەوکاتە بەدەردەکەوێ کە دان بەوەدا دەنێت، بۆیە بۆنی خۆشویستووە چونکە، لە جوانی و کەللە ڕەقیدا لە سکارلت دەچێت ئیدی ئەوە ئەوپەڕی پاکی و عیشقی ڕاستەقینەی بتلەرمان نیشان دەدات.

دوا بڕیاریش ئەوەیە شوێن ئەو بایە دەکەوێت و نیشتیمان و عەشق و گۆڕی بۆنیش بەجێ دێڵێ.






# بەهرەو مەعریفە و عیشق

زانا خەلیل

ژینگە بە هەمـوو وردەکـارییـەکـانی ناوەوەی کـاریگەرییـەکی بەرچاوی هەیە لە پێکهـێنانی پێکهـاتەی هەیکەلی ناوەوەی کـەسێ کـە دەیەوێ لە ڕێگای زمـاندا گوزارشت لە ناواخن و دنیابینی و ئەندێشە و خۆشی و جوانی و خەمەکانی خۆی بکا.. بە درێژایی وجودی شیعر ناونانی جیاجیا بۆ ئەو جۆرە کاریگەریانە دانراون کە ژینگە بەسەر کەسێکەوە هەیەتی و دواتر بە شاعیر ناوزەند دەکرێ.. دەکرێ ناوی ئەو کاریگەرییە بنێین: بەهرە.. ئەگەر بەهرە بریتی بێ لە چاوتیژی و هەست بەرزی کەسێ کە زوو شتەکان دەبینێ و لە تواناشی دابێ بەشێوەیێ لە شێوەکان لە ڕێگای زمانەوە گوزارشتی لێ بکا، ئەوە بۆ ئەوەی ئەو شێوە گوزارشت کردنە بگاتە ئاستی ئەدەب و شیعر و بە فۆرم و جلوبەرگ و ڕۆحێکی ئێستێتیکئامێز خۆی نمایش بکا، شان بە شانی بەهرە مرۆڤی شاعیر پێویستییبە جۆرێک لە شارەزایی بوون دەبێ لە بوارێکدا کە پێی دەڵێن: سنعەتسازی شیعری... سنعەتسازی شیعری واتا: کۆمکردنی مەعریفەی بەردەوام و بەردەوام .. شاعیری بێ مەعریفە ناتوانێ ئێستێتیک بەرهەم بهێنێ، شاعیری بێ مەعریفە ناتوانێ هەموو ئەو گەمەو کارە هەندەسی و پرۆسەی تواندنەوەی ڕۆح لەنێو تێکستێکدا ئەنجام بدا کە پێویستە لەنێو تێکستێکدا ئەنجام بدرێ.. بۆیە بەهرەداری ناسنعەتساز وەکو ئاڤژەنێ وایە کە بتوانێ بە تەنیا لەناو یەک حەوزدا مەلە بکا، بە پێچەوانەوە کەسی بەهرەدار بە مەعریفەی شیعرییەوە ئەگەر لەسەر ڕووبارێکی زستانیدا پردێکیش ببینێ ئەو بە مەلە ئەو ڕووبارە دەبڕێ.. کەوابێ ڕۆیشتنی بەهرە و مەعریفە بەیەکەوە شان بە شانی یەکتری گەیشتنە بە متمانەی شیعری، شاعیر لەوێوە سەرەڕۆ دەبێ و دەچێتە نێو هەموو ئەو فەزایانەیش کە پڕن لە موجازەفە، لەوێوە شاعیر دەتوانێ متمانە بەخۆی بکا و دەست بداتە چەکوشێک و لەنێو مەعبەدێکدا سەرجەم بتەکانی شیعر سەرەوژێر بکا.. بۆیە بەهرەی بێ مەعریفە و مەعریفەی بێ بەهرە لە شیعردا وەکو جەستەیەکی بێ ڕۆح و ڕۆحێکی بێ جەستە وایە..

بێ گومان ئەگەر شاعیرێ خاوەنی بەهرەی شیعر بوو لەگەڵ ئەوەشدا بووە خاوەنی مەعریفەی شیعری لە ڕێگای هەموو ئەو سەفەرانەی کە لە ڕێگای کتێبەکانەوە بەنێو دنیادا دەیکا و هەروەها لە ڕێگای هەموو ئەو سەفەرانەیش کە ژیان پێی دەبەخشێ، هێشتا ئێمە شان بە شانی بەهرەو مەعریفە پێویستیمان بە حاڵەتێکی تر دەبێ کە ڕەنگە هەندێ جارپێش بەهرەو مەعریفە بکەوێ و هەندێ جاریش لەناوەڕاست دابێ و هەندێ جاریش لە کۆتاییدا کە ئەویش عەشقە..عیشق واتا: خەون بینین بە تێکستی ئێستێتیکی کە لە هەموو زەمەنەکاندا هەر خاوەنی حزوری خۆی بێ.. کەسێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لە کۆکردنەوەی مەعریفە دەبێ عەشقی هەبێ بۆ شیعر.. کەسێکە دەیەوێ بەهرەی خۆی بە زیندوویەتی بهێڵێتەوە و لە ڕێگای مەعریفەوە گەشەی پێبدا و چرۆی پێبکاو گەورە و جوانی بکا دەبێ عەشقی هەبێ بۆ شیعر.. دەبێ کاتێ کە لە جووڵانەوەی ئاو دەڕوانێ بیر لە شیعر بکاتەوە، کاتێکە لە بێ دەنگیی بەرد دەڕوانێ بیر لە شیعر بکاتەوە، کاتێ کە لە ئاسمان و ڕۆحی جیهان ڕادەمێنێ بیر لە شیعر بکاتەوە.. دەبێ شیعر سەراپای ڕۆحی ئەوی داگیرکردبێ. درەوشاوەیە ئەو کردارەیش تەنیا بە عاشقبوون دەکرێ..

کەواتە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین تێکستی ئێستێتیکی بەرهەم بهێنین دەبێ خاوەنی عەشق و بەهرە و مەعریفە بین، چونکە (عەشق) بێ بەهرە و مەعریفە و (مەعریفە) بێ عەشق و بەهرە و (بەهرە)ش بێ مەعریفە و عەشق، هاوکێشەیەکی ناتەواوە بۆ بەرهەم هێنانی تێکستی لەزەتبەخش و ئێستێتیکی و هەروەها بەردەوامی بوونیش لە بەخشینی ئەوتێکستانە.

**٢٠٠٥/٩/١٩ هەولێر**